زانكۆی سلێمانی
فاكەڵتی زمان وزانستە مرۆڤایەتییەكان
سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان
بەشی راگەیاندن/رۆژنامە

# رۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی كوردستاندا

## ( گۆڤاری سیخورمە وەك نمونە )

ماستەرنامە

شاخەوان محەمەد سلێمان

پێشكەشی ئەنجومەنی سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی دەكات كە بەشێكە لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە راگەیاندندا

بە سەرپەرشتی

د. فوئاد عەلی ئەحمەد

٢٧١٣ كوردی

٢٠١٣ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴾

صدق الله العظيم

**(البقرة/ ٣٢)**

## دانپێدانانی سەرپەرشتیار

نامەی ماستەری خوێندکاری خوێندنی باڵای بەشی راگەیاندن (**شاخەوان محەمەد سلێمان**) بەناوی (**رۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا**)، لەلایەن منەوە سەرپەرشتیکراوەو هەموو پێداویستییەکانی تەواوکراوەو بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە راگەیاندندا.

واژوو:

**سەرپەرشتیار: د. فوئاد عەلی احمد**

رۆژ: / / ٢٠١٣

لەسەر بناغەی ئەو راسپاردەیە ئەم نامەی ماستەرە بۆ گفتوگۆکردن دەپاڵێوم:

واژوو:

**پ.ی.د. صابر بکر مستەفا**

سەرۆکی بەشی راگەیاندن

رۆژ: / / ٢٠١٣

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی نامەی ماستەری خوێندکار (**شاخەوان محەمەد سلێمان**) **بەناونیشانی** (**ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا**)، گفتوگۆمان کرد دەربارەی ناوەرۆکی نامەکەو ئەوەی کە پەیوەندی پێوە هەیە، ئێمە بڕوامان وایە کە شایەنی وەرگرتنە بە پلەی (                    ) بۆ بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ڕاگەیاندندا.

واژوو:

ناو: د.صابر بکر مصطفی

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕۆژ: / / ٢٠١٣

سەرۆك

واژوو:

**ناو:** د. رضوان خضر علی

پلەی زانستی: مامۆستا

ڕۆژ: /٦/ ٢٠١٣

ئەندام

واژوو:

ناو: د.عمر أحمد رمضان

پلەی زانستی: مامۆستا

ڕۆژ: / / ٢٠١٣

ئەندام

واژوو:

ناو: د. فوأد علی أحمد

پلەی زانستی: مامۆستا

ڕۆژ: / / ٢٠١٣

ئەندامو سەرپەرشتیار

ئەنجومەنی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردنی پەسەند کرد.

د. کاوان عثمان عارف

سەرپەرشتیاری سکوڵ

ڕۆژ: / / ٢٠١٣

## بڕیاری شارەزای زمانەوان

ئـەم نامـەی ماسـتەرە بـە نـاوی (**ڕۆژنـامەگـەریی تــەنز لــە هــەرێمی کوردســتاندا** )ی خوێنـدکار (**شاخەوان محەمەد سلێمان**)، لەلایەن منەوە پێداچوونەوە و وردبینیی زمانەوانیی بۆ کـراوە، کـە شێوازێکی زانستیی زمانەوانیی تێدایەو هەڵە زمانەوانییەکانی چاککراوەتەوە.

|

**واژوو:**

**ناو:**

**ڕۆژ:** / / ٢٠١٣

پێشکەشە بە:

- ڕۆحی باوکم (مەلا محەمەد ئاوماری) ڕای هێنام (خاک)م خۆش بوێت.
- ڕۆحی دایکم (خونچە عەبدولآ)، پەروەردەی کردم.
- هاوسەرەکەم (سورمێ عزیز)، هاوکاری زۆرم بووە.
- جگەرگۆشەکانم (فەرامۆش، فەرهەنگ، باهۆز شکۆفە).

شاخەوان

# سوپاس وپێزانین

سوپاس بۆ خوای مەزن کە هێزی ئەوەی پێدام بتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم، پاش تەواوبوونی ئەم ئەرکە زانستییە، هیچ نەماوە تەنها ئەوە نەبێت کە سوپاس وڕێز وپێزانینم بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی وراگرایەتیی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان وسەرۆکایەتی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی ومامۆستایانی کۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی بەغدا پێشکەش بکەم کە بواری ئەوەیان پێدام وهاوکارم بوون کە بتوانم خوێندنی باڵا وماستەر تەواوبکەم.

سوپاسی د.فوئاد عەلی دەکەم بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەم کە کاتی خۆی لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیە تاکو کۆتایی بۆ تەرخانکردم وماندووبوو لە گەڵمدا.

سوپاسی د.موفق دەرگەڵەیی دەکەم کە وەك بنیاتنەری بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی هانیدام ئەم توێژینەوەیە بکەم.

سوپاسی هەریەکە لە د. مەغدید سەپان، د.ئەرسەلان بایز، د.صابر بکر بۆکانی، د.هەڤاڵ ئەبو بەکر، د.شۆرش حەسەن، د.عەباس مستەفا، د.عادل رەشید، د.سەروەر عبدورحمان، د.محەمەدحوسێن شوانی، د.حبیب مالەڵلا کەرکوکی، د.سامان جەلال، هەریەکە لە مامۆستایانی بەشی راگەیاندن لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی راگەیاندن د.هێمن مجید، د.ئەمیر نامق، د.سەلام نەسرەدین، د.ابتسام ئیسماعیل، د.ابراهیم سعید، کە هاوکارییان کردم بە پێدانی سەرچاوە ورێنمایی.

سوپاسی هەریەکە لە مامۆستایانی کۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی بەغدا پ. د.ویسام فاضل الراضي، پ. ی. د.عدنان ابو السعد، پ. ی. د.حمدان خضر السالم، پ. ی. د.هاشم حسن، پ. ی. د.سعد المطشر ئەکەم کە هاوکارم بوونە لە پێدانی سەرچاوەو رێنمایی.

سوپاسی هەریەکە لەم بەرێزانە ئەکەم: د.شێرکۆ عبدوڵا سەرنوسەری گۆڤاری سیخورمە، مامۆستا عبدولخالق، مامۆستای یاریدەرلەپەیمانگای تەکنیکی مامۆستا ممتاز حیدری، پارێزەر تاریق جامباز، مامۆستا محمد فاتیح نوسەرورناکبیرو وەرگێر مامۆستا سەروەر، وەرگێرلەزمانی عەرەبی ، ڕۆژنامەنووس عبدوالرحمان پاشا سەرنوسەری پێشووی گۆڤاری تەنزی مەلا مەشهور، کاریکاتێریست محمد قادر سەرنوسەری گۆڤاری گەپ، هاوکار عزیز، کە هاوکاری جۆراوجۆریان کردووم لە پێدانی سەرچاوە وپێدانی زانیاری لەسەر توێژینەوەکە وچاپکردن وکاری وەرگێران وزمانەوانی بەتایبەتی زمانەکانی فارسی وئینگلیزی وفەرەنسی وعەرەبی.

هەروەها سوپاسی دکتۆر ئامانج عبدلله لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وئسماعیل یابە عەمیدی پۆلیس لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەم بۆ هاوکاریکردنم.

سوپاس وپێزانینم بۆهاوخوێندکارانم لە خوێندنی باڵای ماستەر/راگەیاندن (کامل عومەر، پاڤێ جمیل، چرۆشەهاب، سازگارخان) کە هاوکارمبوون لە پێدانی سەرچاوەدا، هەروەها سوپاسی ژیان فاضل –خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی – بەشی ئینگلیزی ئەکەم کە هاوکارم بوو.

سوپاسم بۆ کارمەند وفەرمانبەرانی هەردوو کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی وسەلاحەدین، کتێبخانەی گشتی هەولێر، کتێبخانە وئەرشیفی دەزگای راگەیاندنی خاك، کە هاوکارمبوون لە پێدانی سەرچاوەدا.

لە کۆتایدا رێز وسوپاسی خۆم بۆ هەموو ئەو بەرێزانە هەیە هەر زانیارییەکیان پێبەخشیبم کە ئەم توێژینەوەیەی پێ دەوڵەمەند کردووە ولێرەدا ناویان نەهاتووە.

**توێژەر**

# پێرستی توێژینەوەکە


| بابەت | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|
| ئایەتی قورئانی پیرۆز | أ |
| دانپێنانی سەرپەرشتیار | ب |
| بریاری لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| بریاری شارەزای زمانەوانیی | ث |
| پێشکەشە | ج |
| سوپاس وپێزانین | ح-خ |
| پێرستی توێژینەوەکە | د-ذ |
| پێرستی خشتەکان | ر-ز |
| پێرستی پاشکۆکان | س |
| پێشەکی | ١-٣ |
| چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە | ٤-١٧٣ |
| بەشی یەکەم<br>چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە | ٥-١٩ |
| یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە | ٥-١١ |
| دوەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە | ١١-١٣ |
| سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەکە | ١٣- ١٩ |
| بەشی دوەم<br>پێناسە وچەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنز | ٢٠-٧٥ |
| پاری یەکەم: پێناسە وچەمك وئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی | ٢٠- ٣٤ |
| پاری دووەم: پێناسە وچەمکی ڕۆژنامەی تایبەتمەند | ٣٤- ٤١ |
| پاری سێیەم: پێناسە وچەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنز | ٤١- ٥٧ |
| پاری چوارەم: خەسڵەت وشێواز وئامراز وئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز | ٥٧- ٧٥ |
| بەشی سێیەم<br>مێژووی ڕۆژنامەگەریی تە نز | ٧٥- ١٧٣ |

| | |
|---|---|
| **پاری یەکەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە جیهاندا** | ٧٦-٩٧ |
| **پاری دووەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراقدا** | ٩٨-١٢٢ |
| **پاری سێیەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١** | ١٢٤- ١٤٦ |
| **پاری چوارەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١** | ١٤٧- ١٧٢ |
| **چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە**<br>**بەشی چوارەم** | ١٧٣- ٢٤٤ |
| **پاری یەکەم: خاسیەتە پیشەییەکانی گۆڤاری سیخورمە وئەنجامەکانی** | ١٧٣- ١٩٢ |
| **پاری دوەم: شیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤاری سیخورمە وئەنجامەکانی** | ١٩٣- ٢٣٩ |
| **دەرئەنجام وپێشنیار وراسپاردەکانی توێژینەوەکە** | ٢٤٠- ٢٤٤ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٤٥- ٢٥٨ |
| **پاشکۆکان** | ٢٥٩-٣١٢ |
| **پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی** | i-v |
| **پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی** | A-D |

## پێرستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتەکە | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| ١ | پێوانەی راستگۆیی پاش بیرو بۆچونەکانی پسپۆران | ١٦ |
| ٢ | رۆژنامەوگۆڤاری تایبەت بە تەنز لە عێراق١٩٠٩- ١٩٧٣ | ٩٩-١٠٠ |
| ٣ | رۆژنامەوگۆڤاری تایبەت بە تەنز لە عێراق دوای ٢٠٠٣ | ١٢٠ |
| ٤ | رۆژنامەو گۆڤاری کوردی پێش راپەرین گرینگیان داوە بە (گۆشە وستونی تەنز و کاریکاتێر) پێش راپەرینی ١٩٩١ | ١٢٦ |
| ٥ | کتێب ونامیلکەی تەنز پێش راپەرینی ١٩٩١ | ١٣٨ |
| ٦ | ئەورۆژنامەو گۆڤارانەی گرینگیان داوە بە تەنز دوای راپەرینی ١٩٩١ | ١٤٧ |
| ٧ | کتێب و نامیلکەی تایبەت بەتەنز دوای راپەرینی ١٩٩١ | ١٥٤ |
| ٨ | رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەتمەند بەتەنز | ١٥٧ |
| ٩ | رۆژنامەوگۆڤاروبڵاوکراوەی تەنزی خوێندکاران | ١٦٧ |
| ١٠ | رەگەزی رۆژنامە نوسانی گۆڤاری سیخورمە | ١٨١ |
| ١١ | تەمەنی رۆژنامەنووسانی گۆڤاری سیخورمە | ١٨٢ |
| ١٢ | ئاستی خوێندەواری | ١٨٣ |
| ١٣ | رۆژنامەنووسانی گۆڤاری سیخورمە بێجگە لە کوردی شارزایان لە چ زمانێکی دیکە هەیە: | ١٨٣ |
| ١٤ | کارکردن لە کەناڵیکی دیکە | ١٨٤ |
| ١٥ | ماوەی کارکردن لە گۆڤاری سیخورمەدا | ١٨٤ |
| ١٦ | بەشداریکردن لە خول دەربارەی رۆژنامەگەری | ١٨٥ |
| ١٧ | زانیاری خول | ١٨٥ |
| ١٨ | ئاستەنگ لە بەردەم گۆڤاری سیخورمە | ١٨٦ |
| ١٩ | بابەتە تەنزەکان | ١٨٧ |
| ٢٠ | رەچاوکردنی فاکتەرەکان | ١٨٨ |
| ٢١ | سیاسەتی دەرهێنانی گۆڤارەکە | ١٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | سیاسەتی تەحریری گۆڤارەکە | ١٨٩ |
| ٢٣ | سیاسەتی گۆڤارەکە | ١٩٠ |
| ٢٤ | سەرچاوەی زانیاری | ١٩١ |
| ٢٥ | وێنە کاریکاتێرییەکان | ١٩١ |
| ٢٦ | رای جەماوەر | ١٩٢ |
| ٢٧ | شێوە هونەرییەکانی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا | ١٩٩ |
| ٢٨ | شێوە نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا | ٢٠١ |
| ٢٩ | جۆری نوسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا | ٢٠٤ |
| ٣٠ | تەنزە سیاسییەکان بە گوێرەی ناوچەکان | ٢٠٦ |
| ٣١ | تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان | ٢٠٧ |
| ٣٢ | تەنز دەربارەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا | ٢٠٧ |
| ٣٣ | تەنز دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم | ٢٠٩ |
| ٣٤ | تەنز دەربارەی عێراق | ٢١١ |
| ٣٥ | تەنزی ئابوری | ٢١٢ |
| ٣٦ | تەنزی بەرهەمهێنان | ٢١٣ |
| ٣٧ | تەنزی دابەشکردن | ٢١٤ |
| ٣٨ | تەنزی بەکاربردن | ٢١٥ |
| ٣٩ | تەنزی هاوردەکردن | ٢١٦ |
| ٤٠ | تەنزە کۆمەڵایەتییەکان | ٢١٧ |
| ٤١ | تەنزی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان | ٢١٩ |
| ٤٢ | تەنزی گرفتە خێزانییەکان | ٢٢١ |
| ٤٣ | تەنزی گرفتی کۆچکردنی لاوان | ٢٢٢ |
| ٤٤ | تەنزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | ٢٢٤ |
| ٤٥ | تەنز دەربارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی | ٢٢٦ |
| ٤٦ | تەنزی کلتوری ماددی ومەعنەوەی | ٢٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٧ | **تەنزی کلتوری ماددی** | ٢٢٨ |
| ٤٨ | **تەنزی کلتوری مەعنەوی** | ٢٢٩ |
| ٤٩ | **تەنزی تەندروستی** | ٢٣١ |
| ٥٠ | **تەنزی پەروردە وفێرکردن** | ٢٣٢ |
| ٥١ | **تەنزی خزمەتگوزاری** | ٢٣٤ |
| ٥٢ | **تەنزی ئاسایش** | ٢٣٥ |
| ٥٣ | **تەنزی ژینگە** | ٢٣٧ |
| ٥٤ | **روونکردنەوەی جۆرەکانی نووسینە سەرەکییە تەنزییەکان وپلەکانیان لە گۆڤاری سیخورمەدا** | ٢٣٩ |

## پێرستی پاشكۆكان


| ژمارە | ناونیشانی پاشكۆ | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | (فۆڕمی شیكردنەوەی ناوەرۆك بۆ شارەزایان)-پێش تێبینی شارەزایان وپسپۆران | ٢٨١-٢٥٩ |
| ٢ | (فۆڕمی شیكردنەوەی ناوەرۆك بۆ شارەزایان)- دوای تێبینی شارەزایان وپسپۆران | ٣٠٥-٢٨٢ |
| ٣ | گاڵتە وگەپ | ٣٠٦ |
| ٤ | سیخورمە | ٣٠٧ |
| ٥ | مەلا مەشهور | ٣٠٨ |
| ٦ | دەهۆڵ تایمز | ٣٠٩ |
| ٧ | گەپ | ٣١٠ |
| ٨ | كاریكاتێر | ٣١١ |
| ٩ | تەنزوێنە | ٣١٢ |

**پێشەکی:**

ڕۆژنامەگەریی پێگەیەکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا، هەم لە رووی رۆڵ وکاریگەری لەسەر تاك وکۆمەڵگەکان، ئامادەبوونی لە رووداوەکان وپێشکەشکردنی زانیاری وهەواڵ بۆیان، ئەمە جگە لە رەخساندن وفراوانکردنی گفتوگۆو دێباتە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگادا، بەم شێوەیە راگەیاندن بە گشتی ورۆژنامە بەتایبەتی کارئاسانی بۆ تاکەکان دەکات کە رۆژانە پشکیان لە ئاست گفتوگۆ جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا هەبێت، بە تایبەتی کرانەوە وشۆرشی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن رۆڵ وکاریگەری رۆژنامەگەریی زیاترکردووە.

رۆژنامەگەریی لە عێراقدا بەگشتی ولە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە تایبەتی بە چەند تایبەتمەندییەکی دیار دەناسرێتەوە کە هەڵقوڵاوی سروشتی کۆمەڵگاکە وژینگە سیاسی وکۆمەلأیەتی وئابوری وجوگرافی ودیموگرافییەکانیەتی، بە تایبەتی رۆژنامەگەریی کوردی کە سەرەتا وقۆناغەکانی گەشەکردنی وروخسارەکانی وتایبەتمەندییەکانی وئەرکەکانی زۆر جیاوازترە لە رۆژنامەگەریی جیهانی وهەرێمی وعێراق، ئەمەش بەهۆی ئەرکە سیاسی ونیشتیمانی ونەتەوەییەکانی رەوشی رۆژنامەگەریی کوردی.

بەم شێوەیە سیستەمی رۆژنامەگەریی کوردی رەنگدانەوەی سیستم وبارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بووە، لە ئێستاشدا کە کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی گواستنەوەدایە بەرە وکۆمەڵگایەکی مۆدێرن ونوێخواز، ئەوا رۆڵ وئەرکی رەوتی رۆژنامەگەریی کوردی زیاتر بووە.

سیستمی رۆژنامەگەریی کوردی سەرەرای تێکۆشانی لە گەیاندنی هەواڵ ورۆڵی لە گواستنەوەی زانیاری ورۆشنبیری وئەدەبیاتی جۆراوجۆر بۆ هاووڵاتیانی کورد، ئەوا بەردەوامبووە لە پێناو دەرکەوتنی رۆڵی لە بوارەکانی فێرکردن ورۆشنبیرکردن وهۆشیارکردنەوە وپێگەیاندنی کۆمەلأیەتی وسیاسی تاکەکانی کورد، بەمشێوەیە لە قۆناغێکی دیاری دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی کوردی تاکو راپەرینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەمان ئامانجی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی وپەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکانی وپارتە سیاسییە کوردییەکان وبژاردەی رۆشنبیری کوردی بووە.

ڕۆژنامەگەریی تەنز مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی کاریکاتێرو دوایش گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لە ناو ڕۆژنامەگەری تایبەتمەندیش، ڕۆژنامەگەریی تەنز ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتیدا، قۆناغ بە قۆناغ پەرەی سەندوەو بۆتە ئامرازێکی ئیجابی لە ڕێگای ڕەخنەی تەنزەوە بە ئاڕاستەی چاکردنی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی لەجیهاندا.

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە کوردستاندا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوری دەوڵەمەندی کوردی لە بواری تەنز لە (شیعر وچیرۆك و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و نوکتە ... تاد)، لە دوای ڕاپەڕین بە هۆی بوونی ئازادی ڕۆژنامەگەریی، دەرگا لە بەردەم تەنز نووسەکان زیاتر ئاوەڵە بووە، بە نووسینی گۆشەو ستون وتەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بە بواری تەنز لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ،ژمارەیەکیش لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بەتەنز دەرچوون، ڕۆژ بە ڕۆژ تەنزنووس وکاریکاتێریستی کارامەترو بە ئەزموون دەردەکەون، لە ڕێگای ڕەخنە تەنزئامێزەکانییەوە کاریگەریان هەبووە لە سەر سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی چاکسازی سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتی وباشترکردنی ژیان وگوزەرانی خەڵك بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی.

بەم شێوەیە رۆژنامەنووس ورۆشنبیر وشاعیر وهونەرمەند وئەدیبانی کورد کە بەشێکی زۆریان سەرەرای بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان، ئەوا جارجارەش بە پێی ژانرە جۆراوجۆرەکانی تەنز لە قسەی نەستەق وکاریکارتێرو برگەو شعری تەنز لە رۆژنامەگەریی کوردیدا کاریان کردووە، تا بتوانن لە رێگای رۆژنامەوە کەمێك لە قورسایی وناخۆشییەکانی هاوولاَتیانی کورد کەمبکەنەوە، کە ئەرکی تەنز سەرەرای ئەرکەکانی تری رۆژنامەگەریی کوردی جێگای خۆی هەبووە وەك ژانرێکی رۆژنامەوانی، بە تایبەتی لە دوای راپەرینی ١٩٩١ ەوە گۆشە وشوێنی تایبەت بۆ ژانری تەنز لە رۆژنامەکاندا دەبینرا، چەندین گۆڤاری تایبەتمەند وخولەکی لە بواری تەنزدا دەردەکەوێت، لەوانە: گۆڤاری (سیخورمە، مەلامەشهور، دەهۆڵ تایمز، گەپ .... تاد).

دەرکەوتنی رۆژنامەی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا کەمێك لە ئازار وقورسایی سایکۆلۆژی هاوولاَتیانی کوردی کەمکردۆتەوە، سەرەرای کەمی وپچرپچری وهەندێکجاریش بەردەوامی تاکو وئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە ئەو جۆرە رۆژنامەوانییە تایبەتمەندییە تەنزە بەردەوامە.لەم روانگەیەوە توێژەر گرنگی ئەم بابەتەی زانییووە لە ڕۆژنامەگەریی تەنزدا وگرنگی لە ژیانی گەلاندا ورۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەلگا بە شێوازی رەخنەئامێزی سادە وگاڵتەجاریی ودەرخستنی دیاردەکانی کۆمەلگا ودەسەلاَتی سیاسی بە شێوازی گاڵتەئامێز.

یەك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردیی وسیستەمی راگەیاندنەکەی لە گەشەکردن وگۆرانکارییەکی گەورەدایە شانبەشانی ئەو مێژووەی کە رۆژنامەگەریی کوردی هەیبووە ولە ئێستادا هەیەتی کە چەندین کەناڵی جۆراوجۆر وژانری جۆراوجۆر وکەناڵی راگەیاندنی تایبەتمەندی جۆراوجۆر هەن بە تایبەتی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەم توێژینەوەیە (رۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا)، ئەوە دەردەخات کە جەماوەری کوردستان کە رۆژانە ولەکاتی جیاوازدا خوێنەرو بینەرو گوێگری کەناڵەکانی

ڕاگەیاندنن لە تەلەفزیۆنە ئاسمانی ولۆکاڵییەکان ورادیۆ ورۆژنامە وگۆڤارەکان وپێگە ئەلکترۆنییە میدیاییەکان کە چەندین ناوەرۆکی جیاوازیان هەیە، بەم شێوەیە توێژەر هەوڵی داوە تەنها لە لایەنی پەیوەست بە سنور وئامانجی توێژینەوەکە کاربکات کە تایبەتە بە ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی، بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە پشکی هەبێت لە پێشکەشکردنی وێنەیەکی روونی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا، کە پێکهاتەکەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەیە:

بەشی یەکەم:چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە

یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە.

دوەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەکە.

بەشی دووەم:

پێناسە وچەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

پاری یەکەم: پێناسە وچەمکی ڕۆژنامە .

پاری دووەم: پێناسە وچەمکی ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند.

پاری سێیەم: چەمك وپێناسەی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

پاری چوارەم: خەسڵەت وئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

بە شی سێیەم:

مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

پاری یەکەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە جیهاندا.

پاری دووەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێرقدا.

پاری سێیەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە کوردستان پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١

پاری چوارەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١

بەشی چوارەم: بواری مەیدانی توێژینەوەکە

یەکەم: خاسیەتە پیشەییەکانی گۆڤاری سیخورمە

دوەم: شیکردنەوەی ناوەڕوکی بابەتەکانی گۆڤاری تەنزی سیخورمە.

سێیەم: دەرئەنجام وپێشنیار وراسپاردەی توێژینەوەکە

لە کۆتایدا توێژەر لیستی سەرچاوەکان وپاشکۆ وپوختەی زمانی عەرەبی وئینگلیزی پێشکەشکردووە، لەگەڵ کۆمەڵێك لە بەڵگەنامە وفۆرمی تایبەت بە توێژینەوەکە کە لە کۆتای توێژینەوەکەدا هاوپێچکراون.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە

**یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**دوەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەکە**

## یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**توێژەر لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە دەردەخات کە لەم رەگەزانە پێکهاتووە:**

**١- ١ کێشەی توێژینەوەکە**

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە واتە دەستنیشانکردنی دید ومەبەست وئامانجی توێژەرە لە پرۆژەی توێژینەوەکەیدا، دیاریکردنی بابەتی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا بریتییە لە گرنگی رۆژنامە بە گشتی وڕۆژنامەگەریی تەنز بە تایبەتی لە ژیانی هاوولاّتیانی کورددا، کە تێیدا گەلی کورد بە درێژایی مێژوو چەندین شەر وکوشتار ومالّوێرانی وناخۆشی ونەهامەتی بینیووە، بەم شێوەیە دەرکەوتنی رۆژنامەی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا کەمێك لە ئازار وقورسایی سایکۆلۆژی هاوولاّتیانی کوردی کەمکردۆتەوە و رەخنە لە دیاردە نەشیاوەکان دەگرێت سەرەرای کەمی وپچرپچری وهەندێکجاریش بەردەوامی تاکو ئێستا وئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە ئەو جۆرە رۆژنامەوانییە تایبەتمەندییە تەنزە بەردەوامە.

لەم گۆشەنیگایەوە کێشەی توێژینەوەکە لە لای توێژەر گەلاّلە بوو کە بریتییە لە ناساندنی رەوتی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش بە دەستنیشانکردنی ئەم لایەنانەی توێژینەوەکە بە وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە:

١-مێژوو وچەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنز چییە؟

٢- رۆژنامەگەریی تایبەتمەندی تەنز چییە؟

٣-ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز چین؟

٤- مێژوو وچەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی چییە؟

٥-گۆڤاری سیخورمە چ ناوەرۆکێکی پێشکەشکردووە؟

**٢-١ بابەتی توێژینەوەکە**

دیارە هەنگاوی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە هەنگاوی زانستی یەکەمە وقورسە بۆ توێژەر پاش درككردنی بە کێشەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم بابەتەش (ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا) لە لایەن توێژەرەوە بابەتێك بوو کە بە پێی ئارەزوو وئاگایی وشارەزایی وخوێندنەوەی بابەتی تەنز بووە لە رۆژنامەگەریی کوردیدا.

### ١-٣ گرنگی توێژینەوەکە

دیارە گرنگی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت ئەمەش بە پێی فاکتی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری ومیدیایی هەر کۆمەڵگایەك، دیارە کۆمەڵگای کوردیش لەو روانگەیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بەم شێوەیە گرنگی توێژینەوەی زانستی لەوەدایە کە کێشەکانی هەر کۆمەڵگایەك دیاریبکات وچارەسەریان بۆببینێتەوە وزیادەیەك بخاتەسەر زانست وزانیاری، لەم روانگەیەوە توێژەر گرنگی ئەم بابەتەی زانییووە لە ڕۆژنامەگەریی تەنزدا وگرنگی لە ژیانی گەلاندا ورۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە بە ودەرخستنی دیاردە خراپەکانی کۆمەڵگە ودەسەڵاتی سیاسی بە شێوازی گاڵتەئامێز.

بەم شێوەیە توێژەر بۆ یەکەم جار لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا گرنگی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی ومێژووەکەی وەرگرتووە، گۆڤاری سیخورمەی وەك نمونەیەکی رۆژنامەوانی تەنزی کوردی وەرگرتووە وشیکردنەوەی ناوەرۆکی بۆ کردووە.

بەم شێوەیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گۆمەڵگای کوردیدا لەم خاڵانەیدا دەردەکەوێت:

١- بابەتی ڕۆژنامەگەریی تەنز بەگشتی وڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی بە تایبەتی گرنگی خۆی هەیە لە کۆمەڵگاکاندا.

٢- گرنگی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی وەك بەشێکی دانەبراوە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

٣- کەمی توێژینەوە ولێکۆڵینەوەکان لە بواری ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی.

٤- گرنگی وپەیوەندی ئەم توێژینەوەیە بە فاکت وبارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستە.

٥- توانای ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ رۆڵی زیاتری ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.

٦- دەرخستنی مێژوو وناوەرۆکی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی بە گشتی وگۆڤاری سیخورمە بە تایبەتی.

### ١-٤ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوە دەرخستنی دیاردەکان وپێشکەشکردنی شرۆڤە ولێکدانەوەیە بۆیان، هەروەها هەڵهێنجراوی کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە (ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا) بریتییە لە دەرخستنی رۆژنامەی تەنز بە گشتی وڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی بە تایبەتی وشرۆڤەکردنی مێژوو وناوەرۆکیەتی کە توێژەر ئامانجی توێژینەوەکەی بەم خاڵانە دەستنیشانکردووە:

١- ناساندنی ڕۆژنامەگەریی تەنز بەگشتی وڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی بە تایبەتی لە کۆمەڵگاکاندا.

٢- زانینی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

٣- زانین ودەرخستنی مێژوو وناوەرۆکی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی.

٤- زانین ودەرخستنی  مێژووی گۆڤاری سیخورمە.

٥- زانین ودەرخستنی مێژوو و ناوەرۆکی گۆڤاری سیخورمە.

**١-٥  توێژینەوەکانی رابردوو**

چەندین توێژینەوە هەیە کە پەیوەندی بە ڕۆژنامەگەریی تەنزەوە هەیە بەشێوازی گشتی ونزیکی، توێژەر بەشێکیانی وەك سەرچاوەیەك لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە بەکارهێناوە وبەشێکی تریانی لە بواری مەیدانی بەکارهێناوە کە پەیوەندی بە بابەتی ڕۆژنامەگەریی تەنزەوە هەیە، لێرەدا توێژەر گرنگترین ئەو توێژینەوانەی رابردوو دەردەخات کە لەبەردەستیدان لە رووی ئامانج وئەنجامیانەوە، ئەمەش بە ئاستی کاتی بەرزترین بۆ نزمترین کات دەریان دەخات:

**یەکەم: توێژینەوەی محمەد ساهی عواد المیاحی(٢٠١٠)** [١].: نامەیەکی ماستەرە، پێشکەش کراوە بە ئەنجومەونی کۆلیژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا لە ژێر ناوی (ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراق) لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩، لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئامانجەکەی هاتووە :

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە زانینی تەواوە لە سەر ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراقدا لە ماوەی دوای ساڵی (٢٠٠٣)یە لەگەڵ زانینی ئاڕاستە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریەکانی هەروەها جۆرو شێوەکانی ڕۆژنامە وبڵاوکراوەکان کە بە کارهێنراون بۆ جێبە جێ کردنیئەو مەبەست و سیاسەتانەی هەر ڕۆژنامەیەکی تەنز پەیڕەوی  کردووە هەروەها پاڵپشتی کردنی هەڵوێستەکان لە ئاست کێشەو ئەو ڕووداوانەی لە عێراقدا تێپەڕ بووە لە سەر هەموو ئاستەکان.

ئەنجامی توێژینەوەکە بە م شێوەیە هاتووە:

١-  ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراق بە پلەی یەکەم گرنگی داوە بە مەسەلە سیاسیەکان، لە سیاسەتی ناو خۆو سیاسەتی دەرەوەو فەسادی ئیداری و کارو باری وەزارەتەکان.

٢-  دەرخستنی هەموو ئەو تاوان و کردەوە ڤێزەونانەی  ڕژێمی پێشتر دەرحەق بە گەلی عێراق ئەنجامی داوە.

---

١ - محمد ساهی عواد المیاحی، الصحافة الساخرة في العراق بعد ٢٠٠٣/٤/١٩، رسالة ماجستر غیر منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ص٨.

٣- گرنگیدان بە داگیرکاری ئەمریکا لە عێراقدا.

٤- گرنگیدان بە ئابوری عێراق، بوژانەوەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و مەسەلەی کارەبا و قەیرانی نیشتەجێبون.

٥-گرنگیدان بە لایەنی کۆمەلایەتی (بێکاری، هاتووچۆ، پەروەردە).

٦-ئاراستەی رۆشنبیری : رەوشی رۆشنبیری و پەروەردەو فێرکردن .

٧-کاریکاتێر وەك بەشێك لە دەرخەری کەم وکورتیەکان رۆڵی گێراوە.

**دووەم: توێژینەوەی توێژەر شیماء رشید عبدالحمیداوی(٢٠٠٨)**[١].: نامەیەکی ماستەرە پێشکەش پێشکەش کراوە بە کۆلیژی راگەیاندن لە زانکۆی بەغدا بە ناوی بواری بەکارهێنانی کاریکاتێر لە رۆژنامەگەری عێراقی، توێژینەوەیەکی شیکاری وێنە کاریکاتێریەکانە لە رۆژنامەکانی (الصباح، الزمان، التأخی) لە ماوەی١/١/٢٠٠٦بۆ ٢٠٠٦/٦/٣١ لە ساڵی ٢٠٠٨، بەم شێوەی خوارەوە

**ئامانجی توێژینەوەکەی** خستۆتە روو:

١-زانینی بەرچاوترین بوارەکانی هونەری کاریکاتێر لە رۆژنامەگەری عێراقدا.

٢-توێژینەوە لە شێوازو ناوەرۆك وزمانە بەکارهێنراوەکانی ئەو بیرو رایانە کە وێنە کاریکاتێرییەکانی لە خۆیانی گرتووە.

٣-زانینی ئەو ماوەیەی کە بایەخی پێ دراوە لە لایەن هونەری کاریکاتێرەوە لە رۆژنامەی عێراق لە بەر رۆشنایی بە دواداچوون و ئەو رووپێوەی لە سەر لاپەرەی رۆژنامەکە داگیری کردووە.

٤-زانینی توانای وێنە کاریکاتێریەکان لە سەر داپۆشین و تێگەیشتنی رووداوو گۆرانکارییەکان لە سەر گۆرەپانی عێراقی لە ماوەی توێژینەوەکەدا.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

وا دەردەکەوێت کەمتەرخەمیەکی زۆر هەیە لە لایەن نیگارکێشەکانی کاریکاتێر دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە هێزیان هەیە بە خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی رۆژانە.

١- لە رۆژنامەی (الصباح) کەمتەرخەمیەکە بە روونی دەرکەووتووە لە باس کردنی ئەم کێشانە:

أ- دابەزینی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتی.

---

[1] - شیماء رشید عبدالحمیداوی، مجالات أستخدام الکاریکاتیر فی الصحافة العراقیة، دراسة تحلیلیة للرسوم الکاریکاتیریة في جرائد الصباح والزمان والتاخی، رسالة ماجستیر غیرمنشورة، کلیة الاعلام فی جامعة بغداد، ٢٠٠٨.

ب- قەیرانی بێ ئیشی وەك بۆمبێکی کاتیە لە ژیانی گەلی عێرقدا، زۆر کێشەو بابەتی تری لەگەڵ بەستراوەتەوە .

ج- کۆچ کردنی (زاناکان) سەرەڕای مەترسی ئەم بابەتە لەگەڵ تیرۆرکردن و هەڕەشە کردن و لە ناو بردنی خاوەن توانەکان کە ژمارەیان گەیشتە هەزاران بەڵام هیچ شتێك نەکراوە وەك بەرەنگار بوونەوە.

د- پشت گوێ خستنی کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢- لە ڕۆژنامەی (الزمان) کەمترخەمیەکان لەو بوارانە دا دەردەکەوێت.

أ- گەندەڵی دارایی و کارگێری .

ب- قەیرانی دامەزراندن.

٣- لە ڕۆژنامەی (التاخی) کەمتەرخەمیەکان لەم بوارانە باسیان هاتووە :

أ- قەیرانی بێ کاری و بێ ئیشی کە بە مەترسی ترین قەیران دادەندرێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گوزەرانی هاوڵاتیانەوە هەیە.

ب- دابەزینی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان.

**سێیەم: توێژینەوەی حمدان خضر سالم(١٩٩٠):**[١]. نامەی ماستەرە پێشکەش کراوە بە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا لە ژێر ناوی (ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراق) لە ١٩٠٩ – ١٩٣٩لە ساڵی ١٩٩٠.

ئامانجی توێژینەوەکە بەم جۆرە هاتووە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانیارییە لە سەر ئەو ڕۆژنامە تەنزانەی لە عێراق دەرچووە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکە، هەروەها زانینی ئاڕاستەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، لەگەڵ تێگەیشتنی جۆرو ڕەنگاو ڕەنگەکانی ڕۆژنامەکان کە پشتیان پێ بە ستووە و بە کاریان هێناوە بۆ جێ بە جێکردنی مەبەست و سیاسەتەکانیان لەگەڵ پاڵپشتی کردنی هەڵوێستەکانیان.

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١- ڕۆژنامەگەریی تەنز هەواڵی نەبووە، بەڵکو هەواڵ لە پلەی دووەمدا هاتووە، بۆیە دەکرێت بە ڕۆژنامەگەری بیروڕای دابنێین، لە بەر ئەوەی ووتار پێگەی یەکەم و گرنگی تێدا هەبوو.

٢-ونبونی هەندێك لە ژانرە ڕۆژنامەگەرییە ناسراوەکانی وەك چاوپێکەوتن، لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری.

---

[١] - د.حمدان خضرسالم، الصحافة السخرية والفكاهة فی العراق، (بغداد: دار الشؤون الثقافة، ٢٠١٠)، ص٥.

٣-كاريكاتێر لەو ڕۆژنامە گەریە دا سەرەتایی و سادە بووە، زیاتر پشتی بە بیرۆکە بە ستووە بەبێ چاودێری کردنی لایەنە هونەریەکانی، بە زۆری لەلایەن یەك لە نیگارکێشە سەرەتایەکانیەوە کێشراوە.

٤-دەرکەوتنی زمانی گشتی لە زۆربەی ڕۆژنامەکان.

٥-بەیاخ نەدان بە دەرهێنانی هونەری بۆ ڕۆژنامە تەنزەکان، زۆربەیان لە یەك چوو و سادەو سەرەتایی بووە.

٦-ڕۆژنامەگەری بە ئازایەتی و تووند دەناسرێتەوە لە ڕەخنەگرتندا زۆر بایەخی بە ئاراستەکردنی ڕەخنەکان و چارەسەر کردنی بابەتەکان نەداوە.

٧-هەندێك خەڵکی بێ تواناو کەم شارەزا کاریان لەو بوارە کردوە (بواری ڕۆژنامەگەریی تەنز)، بەڵکو زۆربەیان خوێندەواری باشیان نەبووە ئەمەش بۆتە هۆی داخستنی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە.

٨-هەندێك لەو ڕۆژنامانە هیچ بەرنامەو سیاسەتێکی ڕوونیان نەبووە، هەر ڕۆژەو خەریکی کارێك بوونە بە زۆری ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خاوەن ڕۆژنامەکەو بەرێوەبەرەکەی دەربارەی هەڵوێستی ڕۆژنامەکە لە کێشەیەك یان لە دیاردەیەکدا.

٩-بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە بە ئاسانی پێویستی بە داهاتێکی بەردەوام بووە، بۆیە هەندێکیان توانای دەرکردنی یەك ژمارەیان هەبووە.

١٠-نەبوونی ستافێکی کارگێری بۆ ڕۆژنامەکە، خاوەنەکەی هەر بە خۆی بەڕێوەبەرو سەرنوسەرو ژمێریارو دابەشکەریش بووە، هەندێك جاریش وێنە کاریکاتێریەکانیش بە خۆی کێشاونی.

١١-ڕۆژنامەکان ڕۆژنامەی میللی بوون تاك دەریکردووە، ڕۆژنامەی حیزب ودامەزراوەکان نەبوونە.

١٢الێکچونی بابەتی هەمیشەیی وگۆشە بەردەوامەکان لە نێوان ڕۆژنامەکاندا، ئەگەرچی ناونیشانەکانیان ڕەنگە جیاواز بووبێ، بەڵام هەمان بیرۆکەیان هەڵگرتووە، هەروەها جۆری چاپکردنیان بە شێوەیەکی گشتی باش نەبووە.

**٦-١ جۆری توێژینەوەکە**

بۆ دیاریکردنی جۆری توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، کە کۆمەڵێك ڕێگاو تەکنیکە بۆ گەیشتن بە ڕاستی ئەنجامی زانستی وبابەتی، هەروەها بۆ گەیشتن بە زانینی قۆناغە مێژووییەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی وگەشەکردنەکانی،

توێژەر میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوە کە کارێکی تەواوکاری میتۆدی وەسفییە بۆ گەیشتن بە دەستکەوتنی زانیاری ودیاردە وچەمکەکان، هەروەها توێژەر رێگای شیکردنەوەی ناوەرۆکی بەکارهێناوە ئەمەش بەمەبەستی شیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤاری سیخورمە، بەم شێوەیە لەرێگای ئەو میتۆدەوە توێژەر بە ئامانجەکانی دەگات وئەنجام ودەرئەنجامەکان دەردەکەون.

**٧-١ بوارەکانی توێژینەوەکە**

١-بواری بابەتی: (ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستان وگۆڤاری سیخورمە وەك نموونە) لە لایەن توێژەرەوە هەڵبژێردراوە.

٢-بواری کات: لە ( دەرچوونی ژمارەی (١) گۆڤاری سیخورمە لە لە مانگی (٢)ی ١٩٩٧ تاکو دوا ژمارەی سیخورمە(توێژەر گەیشتە ژمارە ٢١٨) لە کانونی یەکەمی ٢٠١١ دەرچووە .

٣-بواری شوێن: شاری سلێمانی کە گۆڤاری سیخورمەی لێ دەردەچێت ، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە.

## دوەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

توێژەر وایدەبینێت کە شرۆڤەکردن وخستنەرووی چەمکە بنەرەتییەکانی کە پەیوەستن بە توێژینەوەکە بخاتەروو ئەمەش بەمەبەستی هێشتنەوەی پەیوەستی نێوان توێژەر وخوێنەر، ئەو چەمکانەش ئەمانەن:

٢-١ رۆژنامە: چاپەمەنیەکی چەند لاپەڕەیە، ناوێکی دیاری کراوی هەیە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بە هەمان ناوەوە دەردەچێت، ڕۆژانە بەیانیان یان ئێواران دەردەچێت و وتارو لێدوان و دیدارو لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی بڵاودەکاتەوەو ئامانجی، ڕاگەیاندن وئاڕاستەکردن ورێنمایی وپشوودانە ودەشێ جاڕنامەی هەمەجۆر بەکرێ بڵاوبکاتەوە[1].

٢-٢گۆڤار: چاپەمەنیەکە ناو بەناو دەردەچێت، لە قەبارەو شێوەو ناوەرۆکدا لە رۆژنامە ناچێت، ژمارەی لاپەرەکانی لە هی رۆژنامە زۆرترەو ژمارەی لاپەرەکانی لە نێوان ١٦و١٠٠لاپەرە یان زۆرتردایە بە پێی بابەت وجۆری گۆڤارەکە )[2].

٢-٣ رۆژنامەی کوردی **لە** هەرێمی کوردستان: هەمووئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە دەگرێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا دەردەچن بە شێوەی ڕۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە یان

---

[1] - جەمال عەبدول، فەرهەنگی راگەیاندن، ئینگلیزی- عەرەبی – کوردی، (سلێمانی: چاپ و پەخشی سەرئەم، ٢٠٠٤،) ل٣٥٧.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٣٩٦.

وەرزی، مۆڵەتی ڕێپێدراویان هەیە لە لایەن وەزەرەتی ناوخۆو وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانەوە و ناویان لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان تۆمار کراوە.

٢-٤ تەنز: دارشتنی پێناسەیەکی پڕ بە پێست بۆ تەنز کارێکی ئەستەمە، مەیدانەکە هێندە بەرینە پەرژین و پاوان هەڵناگرێ، تەنز تەنیا قالبێکی خالیس و تەنیا نیە، هەر ئەدەبێکی هونەری یان ئەدەبی بە گاڵتە ڕاستەقینە یەکی تاڵ بدرکێنێ، دەکرێت تەنز بێت) [١].

٢-٥ ڕۆژنامەی تەنز: نامەیەکی ئامانج داری ڕەخنەیی تەنزو کۆمیدیە، بابەتێکی نوێ پێوانە دەکرێت و خۆی ئارایشت دەکات بە وێنەی کاریکاتێری، هەندێك جار زمانی گشتی (خەلك) ڕەنگدەداتەوە لە وتارە ڕەخنە گاڵتەجارییەکان و نوکتە تاڵەکان بە شێوەی تەنز دەردەبڕدرێن، ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەگرێتەوە کە هەفتانە یان مانگانە دەردەچن هەروەها هەڵگری ناوی تەنز و گاڵتە جارینە)[٢].

٢-٦ڕۆژنامەی تەنزی کوردی لە هەرێمی کوردستان: هەمووئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوانە دەگرێتەوە بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەردەچن، ناویان لە سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان تۆمارکراوە ومۆڵەتی ڕێپێدانیان هەیە لە لایەن وەزارەتە پەیوەندی دارەکانەوە، لە ناوەرۆکدا کەمو کوڕی وگەندەڵی دەردەخەن، دامودەزگاکانی حکومەت ودیاردە نەرێیەکان کۆمەلایەتیەکان و کەسایەتیە بەرپرسەکان دەکەنە ئامانجی ڕەخنە تەنزەکانیان وبە قسەی گوڵ لە خەوی قوڵ ڕایان دەچڵەکێنن، ڕەخنەکان دە چنە چوارچێوەی ڕەخنەی ئیجابی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی.

٢-٧ هەرێمی کوردستانی عێراق: ئەو ناوچە جوگرافیەیە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە دەسەلاتێکی فیدرالییە لە چوارچێوەی کۆماری عێراق ودانیپێدانراوە بە گوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراق.[٣]

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان دوو بازنەی پلە ٣٢٠٧ و ٣٧٢٢ باکورو نێوان هێڵە درێژەکانی ٤١٠٨، پلە و ٤٦١٨، پلەی ڕۆژهەلات. [4]

---

[١] - گۆڤاری مهاباد، مانگانەیەکی کۆمەلایەتی فەرهەنگی ئەدەبی یە ساڵی یەکەم ژمارە(١) خاکە لێوە، ١٣٨٠، ل٣٤.

[2] - www.odabasham.net سەردان، ٢٠١٢/١/٧

[٣] -فواد علي احمد، دور وسائل الاعلام في تفعيل المشاركة السياسية في اقليم كوردستان العراق، اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم الاعلام، ٢٠١١م، ص.٢٩.

٤ د.جەزا توفیق تالیب، دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق، (سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٥)، ص41.

هەرێمی کوردستان پێك دێت لە سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆك وە بەشێك لە ناوچە کوردستانی یەکان دەرەوەی هەرێم وەك کەرکوك، خانەقین، مەنەلی، مەخمور، شەنگال، لە چوار چێوەی مادەی ١٤٠ چارە سەر نەکراوە و یەکلایی نەبۆتەوە.

## سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١ میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

توێژەر لە بەشی یەکەم ولە سەرەتای توێژینەوەکە ومیتۆدنامەی توێژینەوەکە باسی لە تەواوی میتۆدنامەی توێژینەوەکە کردووە.

### ٣-٢ کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری تەنزی مانگانەی سیخورمە لە هەرێمی کوردستاندا کە ژمارەیان ٢١٨ دانەیە.

### ٣-٣ -سامپڵی توێژینەوەکە:

لە پێناوی ئەوەی سامپلی توێژینەوەکە نوێنەرایەتی راستەقینەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات کە سەرجەم گۆڤاری تەنزی سیخورمەیە، لەبەر زۆری ژمارەکەی نەتوانراوە بە گشتی شیکردنەوەی ناوەرۆکی بۆبکرێت، بۆیە توێژەر سالی دەستکردی بەکارهێنا واتە چوار وەرز وبۆ هەرسالێك ١٢ ژمارەی وەرگرت، بە شێوەی (هەرەمەکی بازنەی) بەم شێوەیە نوێنەرایەتییەکە زانستی وراست وبابەتی دەبێت بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆکی تەنزی سیخورمە.

### ٣-٤ ئامرازوشێوازەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر چەندین رێگاو شێوازی زانستی بەکارهێناوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، بەم شێوەیە:

١-فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆك: کە لە ٢٨ خشتە پێکهاتووە کە هەر خشتەیەك بە پێی تایبەتمەندییەکەی چەندین پرسیاری لەخۆگرتووە کە تایبەتن بە شیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤاری تەنزی سیخورمە.

٢-شیکردنەوەی ناوەرۆکی ٢١٨ گۆڤاری تەنزی سیخورمە کە لە رێگای سالی دەستکردەوە هەڵبژێردراوون لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا کە ژمارەیان ٣٦ گۆڤارە.

٣-دروستکردنی فۆرمی تایبەت بە خاسیەتە پیشەییەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا.

٤- چاوپێکەوتن: توێژەر شێوازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەلایەن ئەو کەسانەی کە کاری ڕۆژنامەگەریی تەنز دەکەن یان زانیارییان لە لایە.

٥- كۆڕو سیمینار: توێژەر جگە لە دەستكەوتنی سەرچاوە زانستییەكانی لە كتێب وتوێژینەوەكان دەربارەی تەنز وڕۆژنامەگەریی تەنز، لە چەندین كۆڕی رۆشنبیری وزانستی بەشدار بووە لەگەڵ شارەزایان ومێژوونوسان ورۆژنامەوانانیدا كە شارەزاییان لە تەنز وڕۆژنامەگەریی تەنزدا هەبووە.

**٣-٥ دروستكردنی فۆرمی خاسیەتە پیشەییەكانی گۆڤاری سیخورمە:**

بۆ زیاتر دەرخستنی كاری رۆژنامەوانی لە گۆڤاری سیخورمە توێژەر فورمێكی راپرسی بۆئەو رۆژنامە نوسانە ئامادەكرد كە ئەركی دەركردنی گۆڤاری سیخورمەیان لە ئەستۆدایە، واتە توێژەر لە رێگای ئەو فۆرمەوە بۆ نێرەرانی پەیامی تەنزی سیخورمە فۆرمەكە ئاراستەیانكراوە، فۆرمەكە پێكدێت لە (١٧)* خشتە وزانیاری تەواو لە سەر پیشە وتەمەن وئاستی خوێندەواری وئەزموونی كاركردن وئاستەنگەكان .....هتد، كە تایبەتە بە (خاسیەتە پیشییەكان لە گۆڤاری سیخورمەدا)**

**٣-٦ فۆرمی شیكردنەوەی ناوەرۆكی گۆڤاری سیخورمە:**

مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی كە گۆڤاری سیخورمە بە چ شێوازێك بابەتە تەنز ئامێزەكانی خستۆتە ڕوو، ئەمەی توێژەر ئەنجامیداوە ئەو شێوازە نوسینە تەنزانەن كە بە شێوازی شیكردنەوەی پاشینە(تحليل بعدى) ئەنجامدراون كە شێوازێكی باوی شیكردنەوەی ناوەرۆكی توێژینەوەكانی راگەیاندنە، ئەو شێواز وژانرە راگەیاندن وهونەریانەی گۆڤاری سیخورمە لەلایەن توێژەرەوە دەستنیشانكراون وشیكردنەوەیان بۆ كراوە، لە فۆرمی شیكردنەوەی ناوەرۆكدا برگەكانی تایبەت بە شیكردنەوەی برگەكانی شێوە نووسینی تەنز وشێوە هونەرییەكان بە گشتی لە سامپڵی توێژینەوەكە لە كۆمەڵگای گۆڤاری سیخورمە رونكراوەتەوە، برگەكانی شیكردنەوەكە بەسەر ٢٨ بیست وهەشت برگە وخشتە وپۆلێنی جیاواز دابەشكراون.[1]

**٣- ٧ راستیی (الصدق):**

راستیی لە شیكردنەوەدا بریتییە لە گەیشتن بە ئاستی متمانەیی لە بەدەستهێنانی ئەنجامدا كە توێژەر پێی دەگات، بە شێوازێك كە توێژەر دەتوانێت ئەو ئەنجامانە بگشتێنێت[2]. هەنگاوەكانی بەم شێوەیە ئەنجامدراوە:

*- بروانە بەشی چوارەم-لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە-پاری یەكەم- خاسیەتە پیشەییەكانی گۆڤاری سیخورمە.

* *- ئەم فۆرمە بە هاوكاری مامۆستایان سەرپەرشتیار(د.فواد علی) ود.ابراهيم سعيد، لە بەشی راگەیاندن- سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان زانكۆی سلێمانی ئامادەكراوە.

[1] - بروانە: بەشی چوارەم- پاری دووەم- نیشاندانی ئەنجامی شیكردنەوەی ناوەرۆكی گۆڤاری سیخورمە.

[2] - شكرى سيد أحمد، عبدللة الحمادى، منهجية أسلوب تحليل المضمون، جامعة قطر، الدوحة،١٩٨٧، ص٣٨٠، بروانە: شیماً رشيد عبدالحمداوى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

**١-ئەم شیکردنەوەی ناوەرۆك بۆ (٣٦) ژمارەی گۆڤاری سیخورمە کراوە کە لە ژمارە (٧٠)، لە ١ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠وە دەست پێ دەکات تا ژمارە (٢١٨)ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ دەگرێتەوە، بە شێوەی(هەرەمەکی بازنەی) وەرزی دەستکردی ڕێکخراو(بەگوێرەی مانگانە کە هەروەرزێك ٣ ژمارە وەرگیراوە)* و شیکردنەوەو پێناسەی بۆ کراوە، هەر یەك لەو بابەتانە نمونەی شیاوی بۆ دانراوە.**

**٢- گەیشتن بەم راستگۆییە شیکردنەوەی ناوەرۆك بوو، بۆ نوسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە لە ئەنجامی ئەوەدا (٢٣) خشتە خرا یە بەردەستی نۆ(٩) پسپۆر، (٨) پسپۆر لە بواری راگەیاندن و(١) پسپۆر لە بواری (سایکۆلۆژیای راگەیاندن)،[١] بروانە پاشکۆی ژمارە (١) پاش بریاردانیان وگونجاوی لەگەڵ گۆمەلگەی توێژینەوەکەدا، توێژەر رێژەی ٨٦٪ ی لە بیرو بۆچونەکانی شارەزایان بە دەست هێنا، لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتە روو.**

**٣- پاش لە بەرچاو گرتنی تێبینییەکانی شارەزایان و سەرپەرشتکار، لادانی برگە نەگونجاوەکان، دانانی برگەی تازە وگونجاو لە لایەن توێژەرەوە، کۆی خشتەکان گە یشتە (٢٨)بیست وهەشت خشتە. بروانە پاشکۆی ژمارە (٢).**

---

*** ئەمە لە میتۆدی لێکۆڵینەوەدا جۆرێکە لە وەرگرتنی سامپڵ کە توێژەر بۆ وەرگرتنی سامپل لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کە سەرجەم گۆڤاری سیخورمەیە،ئەوا توێژەر لە ساڵی یەکەم سێ مانگی یەکەم، لە ساڵی دوەم سێ مانگی دوەم، لە ساڵی سێیەم سێ مانگی سێیەم، لە ساڵی چوارەم سێ مانگی چوارەم، .........هتد، ئەمە تا وەرگرتنی هەر (٣٦) ژمارەکە بەو وەرزییە دەستکردە رێکخراوە ئەنجامدراوە تاکو سامپڵەکە بابەتی بێت، ئەم جۆرە بە ساڵی دەستکرد ناو دەبرێت.**

**[١] - ناوی مامۆستایانی شارەزا وپسپۆر بۆ راستگۆیی، بە پێی ریزبەندی پیتی ئەبجەدییان:**

١- د. ابتسام أسماعیل، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، راکەیاندن-تەلەفیزبۆن، پسپۆری راگەیاندن.

٢- د. امیر نامق عبدالله، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان، راگەیاندن-تەلەفیزبۆن، پسپۆری راگەیاندن.

٣- د. ئیبراهیم سعید، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، راگەیاندن- تەلەفیزبۆن، پسپۆری راگەیاندن.

٤- د. هێمن مجید، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، راگەیاندن- تەلەفیزبۆن، پسپۆری راگەیاندن.

٥- د. سامان جەلال، زانکۆی صلاحەدین، کۆلیژی ئاداب، راگەیاندن -رۆژنامە، پسپۆری راگەیاندن.

٦- د. سلام نصرالدین، زانکۆی سلێمانی، سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان، راگەیاندن- تەلەفیزبۆن، پسپۆری راگەیاندن.

٧- د.حبیب مالەڵلا، زانکۆی صلاحەدین، کۆلیژی ئاداب، راگەیاندن -رۆژنامە، پسپۆری راگەیاندن.

٨- د. مغدید سەپان، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلیژی ئادب، راگەیاندن -ڕۆژنامە، پسپۆری راگەیاندن.

٩- د. صابیر بۆکانی، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، سەرۆکی بە شی راگەیاندن، پسپۆری لە سایکۆلۆژیا راگەیاندن.

**خشتەی ژمارە (١)**

**پێوانەی راستیی پاش بیرو بۆچونەکانی پسپۆران**

| [illegible] | برگــــــــە گونجاوەکان | برگـــە نەگونجا وەکان | کـــۆی برگەکان | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| خ١ | ١, ٢, ٣, | ٤ | ٩٣ | ٪٨٦* |
| خ٢ | ١, ٢, ٣, ٤, ٥ | ٦ | | |
| خ٣ | ١, ٢, ٣, ٤, ٥ | ٦ | | |
| خ٤ | ١، ٢, ٣، ٤, ٥ | | | |
| خ٥ | ١, ٢, ٣ | ٤ | | |
| خ٦ | ١، ٢ | ٣ | | |
| خ٧ | ١, ٢, ٣ | ٤ | | |
| خ٨ | ١, ٢, ٣ | | | |
| خ٩ | ١، ٢, ٣ | ٤ | | |
| خ١٠ | ١، ٢، ٣، ٤ | ٥ | | |
| خ١١ | ١, ٢، ٣، ٤ | ٥ | | |
| خ١٢ | ١, ٢، ٣ | | | |
| خ١٣ | ١، ٢، ٣ | | | |
| خ١٤ | ١، ٢، ٣ | | | |
| خ١٥ | ١، ٢، ٣، ٤ | | | |
| خ١٦ | ١، ٢، ٣ | ٤ | | |
| خ١٧ | ١، ٢، ٣، ٤ | | | |
| خ١٨ | ١، ٢، ٣، ٤ | | | |
| خ١٩ | ١، ٢، ٣، ٤ | | | |
| خ٢٠ | ١، ٢، ٣ | | | |
| خ٢١ | ١، ٢، ٤، ٥ | ٣ | | |
| خ٢٢ | ١، ٢ | ٣ | | |
| خ٢٣ | ١، ٢، ٣ | ٤ | | |
| **کۆی** | ٨٠ | ١٣ | ٩٣ | ٪٨٦ |

* راستیی = برگەی گونجاو × ١٠٠ / کۆی برگەکان

کەواتە راستیی = ٨٠ × ١٠٠ / ٩٣ = ٪٨٦

**٨- جێگیری(الثبات):**

**جـێگیری لـه بنــەما سـەرەکییەکانی توێژینــەوە تایبەتـەکانی شـیکردنەوەی نـاوەرۆك هـەژمار دەکرێت، ئەگەر توێژەر ویستی شیکردنەوەی ناوەرۆکەکە بـە شـێوەیەکی بابەتیانـە بێـت، ئـەو کـات پێویستە هەنگاو وهاوکێشەکانی جـێگیر بێت بۆئـەوەی توێژینەوەکـە هـیچ کـەم و کورتیـەکی تێنـە کەوێت[1].**

**مەبەست لە جێگیری شیکردنەوە: هەسـتانە بـە دووبـارە کردنـەوەی شـیکاریەکە بۆئـەوەی هـەمان ئەنجامی هەبێت[٢].**

**هاوکێشەی جێگیری شیکارییەکان هەمیشە بە دوو شێوەوە دەبێت[٣]:**

**١-پەیوەنـدی لـە نێـوان ئـەو توێژەرانـەی کـە هەڵدەسـتن بـە شـیکارییەکە: پێویسـتە کۆمـەڵێك لـە توێژەرەکان بگەنە هـەمان دەرئـەنجام لـە رێگـای شـیکردنەوەی برگـەکان (الفئـات) لـە سـەر هـەمان ناوەرۆك.**

**٢-پەیوەندی لە رێگای کاتەوە (الاتساق عبر الزمن) دووبـارەی تاقیکردنەوەکـە (اعـادة الاختبـار) بـە واتای گەیشتنی توێژەرەکەیە بەو دەرئەنجامە بە جێبەجێکردنی شیکاری برگـەکان لـە سـەرهەمان ناوەرۆك ئەگەر توێژینەوەکە لە دوو کاتی جیاواز دابوو.**

**توێـژەر پشـت بـەو رێگایـە بەسـتووە کـە بریتیـە لـە (جـێگیر کـردن لـە کاتـدا) واتـە رێگـای دووەم، شیکارییەکە دووجـار دەکرێـت وجیـاوازی جیاکردنـەوە لـە نێـوان هـەردوو شـکاریەکەدا یـەك مـانگ دەبێت، پاش جێبەجێکردنی ئەو هاوکێشەیەی (هۆلستی) بۆ پێوانەی جێگیرکردنەکـە کـە بریتییـە لەم هاوکێشەیەی خوارەوە:[٤]**

$$R = \frac{2(C1, C2)}{C1 + C2}$$

[١] - روجر ويمر وجوزيف دومنيك، مقدمة في اسس البحث العلمى مناهج البحث الأعلامى، ترجمة وتقدم د. صالح خليل أبو اصبع، ط٢، (عمان: دار ارام للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨) ص ٢٢٥ .

[٢] – ابراهيم سعيد فتح الله، (الوظيفة الأخبارية للقنوات التلفزيونية الفضائية في اقليم كوردستان)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية بجامعة السلمانية، ٢٠٠٧، ص٣٢، بروانه: د.عزيزة عبدة، الأعلام السياسى والرأي العام دراسة في ترتيب الأولويات، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع،٢٠٠٤)، ص١٩٥.

[٣] - محمد عبد الحميد، البحث العلمى في الدراسات الأعلامية،(القاهرة: عالم الكتب، ٢٠٠٠)، ص٤١٨.

[٤] - د. رشدى طعيمة، تحليل المحتوى فى علوم الأنسانية مفهومه واسسه وأستخداماته، (القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٨٧)، ص١٨٧.

R= پرۆسەی جێگیری (معامل الثبات ).

C1 = کۆمەلەی برگەکان کەلە شیکاری یەکەم جار شیکراوەتەوە.

C2 = کۆمەڵەی برگەکان کە لە شیکاری دووەم جار شیکراوەتەوە.

پرۆسەی جێگیرکردنەکە (معامل الثبات) لەو توێژینەوەیەدا =

$$\frac{81 \times 2}{81 + 88} = \frac{162}{169}$$

ئەنجامەکە وا دەردەکەوێت هاوکێشەی جێگیرکردنەکە گەیشتە (0,95)ئەو رێژەیە زۆرباشە لە رووی زانستیەوە.

# بەشی دووەم

## چەمك پێناسەی ڕۆژنامەگەریی تەنز

**پاری یەکەم: پێناسە وچەمك وئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی**

**پاری دووەم: پێناسە وچەمکی ڕۆژنامەی تایبەتمەند**

**پاری سێیەم: چەمك و پێناسەو ڕوژنامەگەریی تەنز**

**پاری چوارەم: خەسڵەتەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز**

# پاری یەکەم: پێناسە وچەمك وئەرکەکانی ڕۆژنامە

## یەکەم: پێناسە وچەمکی ڕۆژنامە

(ڕۆژنامەگەری لە زمانی ئینگلیزی بە (journalism) هاتووە کە لە بنەرەتدا لەوشەی (journal) وەرگیراوە کە لە وشەی (jour) ی فەرەنسیەوە داتاشراوە، واتا رۆژ، وشەی (journal) لە زمانی فەرەنسی دا لە بنەرەتدا واتا رۆژانە لە رۆژەوە هاتووە، بەڵام رۆژنامەی رۆژانە (الجریدة) بە فەرەنسی (journal) واتا رۆژانە، بە زمانی ئینگلیزی زاراوەی (News Paper) بەکارهاتووە، ئەویش وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (News) واتا هەواڵ (أخبار) و Paper) واتا کاغەز، وشەی (Press) ی ئینگلیزیش واتای رۆژنامەگەری دەگەیەنێت، بە مانای شتێکی ڕێکخراو بە چاپ وبڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیارییەکان، هەروەها (journalism) بە واتای رۆژنامەگەری، (journalist) واتای رۆژنامەنووس دێت)[1].

ئەو پێناسانەی بۆ رۆژنامەگەری کراون ژمارەیان زۆرە، تویژەر لێرە ئاماژە بە هەندێکیان دەدات: لە کتێبی (مدخل الی الصحافة) دا هاتووە رۆژنامەگەری بریتییە:

(لە کۆکردنەوەی هەواڵ ودەنگوباسەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە، لە چاپەمەنیەکانی وەك: رۆژنامە، گۆڤار، هەواڵنامەکان، کتێب، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەو شێواز ورونکردنەوانەی سوودیان لێ وەردەگیرێت لە کاروباری کومپیوتەری ئەلیکترۆنی، بەڵام بەکارهێنانی باو بۆ رۆژنامەنووسی بریتیە لە ئامادەکردنی رۆژنامە وگۆڤار، ئەگەرچی دەکرێت ئەم بوارە فراوان بکرێت بۆ بڵاوکراوەکانی دیکەش)[2].

رۆژنامەگەری نوسراوێکی خولەکی (دەوری)یە رۆژانە یان هەفتانە یان دوو هەفتە جارێك یان مانگانە یان وەرزانە یان ساڵانە دەردەچێت، مەبەستی گەیاندنی هەواڵ وزانیاری ورۆشنبیری بە شێوەیەك کە گونجاو بێت بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی لە لایەن خوێنەرەکانیەوە)[3].

(رۆژنامەگەری بریتیە لە ژمارەیەك رۆژنامەی رۆژانە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دەردەچێت، هەواڵی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری لە خۆی دەگرێت)[4].

---

[1] - د. محمد فريد محمود عزت، القاموس الموسوعي للمصطلحات الآعلامية، (القاهيرة: دار العرب للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢)، ص ٣١٢.

٢ - د. محمد منير حجاب، مدخل الى الصحافة،( قاهرة، دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠١٠)، ص ١٤.

[3] - د. فارس منصور، حول الآعلام، قسم الآعلام مركز تنظيم الآتحاد الوطني الكوردستاني في السليمانية، ١٩٩٧، ص١٥.

[4] - د. محمد علم الدين، اساسيات الصحافة في القرن الحادي والعشرين، ط ٢،(القاهرة: دون ناشر، ٢٠٠٩)، ص١٢.

**لێره دا چەند پێناسەیەکی دیکە بۆ ڕۆژنامە گەری هەیە، هەندێك پێناسەی دەکەن کە بە هەمووئەو هەواڵ و لێدوانانەی دەگەنە جەماوەر، لەگەڵ هەموو ڕووداوەکانی جیهان، جێگای بایەخ پێدانی جەماوەری بێت، هەروەها بیر وبۆچون وخوێندنەوەی ڕۆمانێك کە ڕووداوەکان ئەوروژێنێت ودەبێتە بابەتێکی بنچینەیی بۆ ڕۆژنامەنووسی. کەواتە بەم تێگەیشتنە بێت ڕۆژنامەگەری بریتیە لە تۆمار لەگەڵ بە دەنگەوە هاتن، بۆ بەرجەستەکردنی رای گشتی وئاراستەکردنی وبایەخدان، بە کۆمەلانی خەلك وگواستنەوەی دەنگ وباسەکانیان وباسکردنی چالاکیەکانیان و چۆنیەتی بەسەر بردنی کاتی بێ ئیشی، بەم شێوەیە ڕۆژنامە وەك ئاوێنە وایە وێنەکانی کۆمەڵ دەداتەوەو ڕەنگدانەوەی کۆمەلگایە)[1].**

**هەروەها (دەدولف-س-أوکس)ی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی نیورك تایمز دەڵێت:[2] (ڕۆژنامەگەری پیشەیەکە بە خێر پێکردن ملکەچ ناکات، بێباکە بەرامبەر نەیارەکانی ودەست پان ناکاتەوە وچاوەرێی سوپاسی کەس نیە، ڕۆژنامە دوورە لە سۆز ولایەنگری ودەمارگیری توونـد، ڕۆژنامەگەری ئەرکی بەرژەوەندی گشتی یە کاری ئاشکرا کردن ولادانی کارە چەوتەکانە، بە گیانێکی ڕاست و دادپەروەرانە کار دەکات لەگەڵ بیر و ڕای بەرهەڵستکارانن، ڕۆژنامەگەری پیشەیەکە دروشمی (لێرەدا با روناکی هەبێت) وە لە (المنجد في اللغة) دا هاتووە ڕۆژنامەگەری بریتییە لە (نووسینی ڕۆژنامەوانی، جیهانی ڕۆژنامەگەری، نووسەرانی بواری ڕۆژنامەگەری دەگرێتەوە)[3].**

**وە لە قاموسی ئۆکسفۆردی ساڵی ١٩٨٠ دا ڕۆژنامەگەری بە (Journalism) دەناسێنێت[4] و لە (معجم الوسیط) یشدا هاتووە: (ڕۆژنامەگەری پیشەی ئەو کەسەیە، کە هەواڵ کۆدەکاتەوە،بلاوی دەکاتەوە، لە ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك، ئەو کەسەی کە دەچێتە چوارچێوەی پیشەکەی پێی دەگوترێت ڕۆژنامەنووس)[5].**

**لە (الموسوعة السیاسیة) دا هاتووە: (ڕۆژنامەگەری کۆی ئەو بلاوکراوە چاپکراوانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی دەوری دەردەچن، ڕۆژانە یان هەفتانە یان نیومانگ جارێك یان مانگانە، هەروەها ڕۆژنامەگەری ڕاوبۆچوون یان ڕۆژنامەگەری راگەیاندن یان ڕۆژنامەگەری**

---

[1] - د. محمد منیر حجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤.

[2] - د.محمد منیرحجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥.

٣ - لویس معلوف، المنجد في اللغة، ط ٣٥، ( انتشارات فرحان تهران، ١٩٩٦)، ص٤١٧.

٤ -اکسفورد، قاموس انکلیزی – عربی،( کویت: دارجامعة اکسفورد للطباعة والنشر، ١٩٨٠)، ص٣٦٨.

٥ -د،صلاح الدین الهواری، المعجم الوسیط، المدرسی القاموسی، دارالمکتبة الهلال،ط٢، (لبنان: بیروت للطباعة وللنشر،عربی_عربی،٢٠٠٧)، ص٩٣١.

**تایبەتمەند یان سەرجەم ئەو بوارانە دەگرێتەوە، لەگەڵ سوربوونی بە ئامانجە سەرەکیەکانەوە)[1].**

**ڕۆژنامەگەری لەگەڵ دۆزینەوەی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، لە سایەی ئەو تەکنیکە نوێیەدا بوو بە ڕۆژنامەگەری میللی، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، کە کۆمەڵێك ئەرك جێبەجێ دەکات، هەندێکیان ڕامیارین وهەندێکیان کۆمەڵایەتی وژمارەیەکیشیان رۆشنبیری ودەروونی وراگەیاندنن، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاو بە هەنگاو گرنگی مەزنیان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیداکرد، تاوای لێ هات ناوی لێنرا (دەسەڵاتی چوارەم) لە دوای دەسەڵاتەکانی یاسادانان وجێبەجێکردن و دادوەری)[2].**

**(ادیب خضور) لەکتێبی (دەروازەیەك بۆ رۆژنامەگەری) دوو پێناسەی جیاوازی کردووە بۆ رۆژنامەگەری. (Journalism) و چاپەمەنی (The press) پێناسەی رۆژنامەگەری (Journalism)ی بەم شێوەیە کردووە کەئەو زیاتر ماناکەی رۆژنامەگەری دەگەیەنێت وەك زانست ولێکۆڵینەوە ونووسینی رۆژنامەوانی وەك تیورەیەك. چاپەمەنی (The Press)یشی زیاتر لەو مانایە نزیکە کە پیشەی رۆژنامەگەری ودامەزراوە رۆژنامەوانییەکان بەرجەستە دەکات)[3].**

**ڕۆژنامەگەری بە ڕۆڵی خۆی هەڵدەستێت بەگواستنەوەی هەواڵ وزانیاری لەجەماوەر وگەلەوە بۆدەسەلات، لەهەمان کاتیش هەڵدەستێت بەگواستنەوەی زانیاری ودانی بیروڕاکان بۆ ڕای گشتی لەسەر دەزگاکانی دەسەڵات ئەمەش لەڕێگای دواندن ولێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکانەوە)[4].**

**لە فەرهەنگی گۆڤەند دا هاتووە (رۆژنامە، نامەیەکە کە رۆژانە یان هەفتانە چاپ وبلاّو بکرێتەوە وهەواڵ ورووداوێن ڕۆژانە بلاّو بکاتەوە)[5].لە فەرهەنگی (شیرین)ی نوێ رۆژنامەگەری بە (دەسەڵاتی چوارەم) دادەنێت)[6].**

**لە فەرهەنگی (الموسوعة للمصطلحات الأعلامية) پێناسەی رۆژنامەگەری وا هاتووە: (رۆژنامەگەری لە زمانی ئینگلیزی بریتیە لە (journalism - press) واتە پیشەسازی دەرکردنی رۆژنامە وگۆڤارەکان، ئەمەش بەهۆی هەڵێنجانی هەواڵەکان ونووسینی بابەتی**

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٩٣١.

[2] - د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، ط ٢ الجزء الثالث، (د.م، دون ناشر، ١٩٩٣)، ص٥٥٢.

[3] -هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

٤ -د. فارووق عمر العمر، صناعة القرار والراى العام، ط٢، (القاهرة: ميرت للنشر والمعلومات،٢٠٠١)، ص٢٥.

[5] - حمە کریم عارف، فەرهەنگی گۆڤەند وزنار (فارسی- کوردی)، چ ١،(هەولێر: دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦)، ل٥٦٨.

[6] - فازیل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ، (عربی- کوردی)، چ ١،( سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨)، ل٧٧٢.

رۆژنامەیی وەك لێکۆڵینەوەکان و وتار وباسەکان وستوونی رۆژنامەکان بە کۆکردنەوەی وێنە وئاگاداریەکان وبلاوکردنەوەیان لە لایەن ستاف بەرێوەبردن، وشەی رۆژنامەگەری بەکاردێت بۆ گەیاندن ودەربرینی دوو مانا، مانایەك بەرامبەر وشەی (journalism) پیشەی رۆژنامەگەری، مانای دووەم (press) واتە ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەکە بلاو دەکرێنەوە)[1].

(هەندێکی دیکە بەوە پێناسەی دەکەن (کە هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە بە هۆیەوە هەواڵەکان دەگاتە جەماوەر، نەبێت وشەی رۆژنامەگەری تەنها ئەو کاغەزە چاپکراوانە بگرێتەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەردەچن کە هەواڵ وبۆچوون وکۆمەڵێك بابەتی رێنمایی وئاراستەکردن و کاتبەسەربردن لە خۆ دەگرێت)[2].

وە لە کتێبی ڕای گشتی وڕاگەیاندن وبانگەشەکردندا هاتووە:[3] هەروەك دەبینین رۆژنامەی نوسراو کۆنترین هۆکاری راگەیاندنی جەماوەرییە کە بوونی خۆی پاراستووە، تا ئێستاش بەردەوامە، بە شێوەی سادە وساکاری دەستپێکردووە، لە سەردەمی شارستانیەتی کۆنی (چینی و رۆما)وە، بەمشێوەیە رۆژنامەگەری هەر لە سەرەتاوە هۆکارێك بووە بۆ گواستنەوەی هەواڵ وزانیاری، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە ئەوپەری بوژانەوە، تا وایلێهات نازناوی (دەسەلاتی چوارەم)ی لە ناو دەوڵەتدا پێدرا.

بۆیە دەبینین رۆژنامەگەریی ڕۆڵی گەورەی گێراوە لە ناو ژیانی گشتی لە رووی سیاسی وکۆمەلایەتی وهەروەها بایەخی راگەیاندنی ئابووری وبازرگانی هەبووە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە رۆژنامە بە تەنیا گۆرەپانی راگەیاندنی بۆ خۆی پاوان کردبوو، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکیتر بتوانێت ململانێ بکات[4].

خەسڵەتی رۆژنامەگەری بریتییە لە وردەکاری وبابەتی وراستگۆیی[5]. رۆژنامەگەری بۆتە بەشێك لە شارستانیەتی نوێ، هەر بۆیە ناتوانین ژیانی رۆژنە وشارستانیەتی نوێ بەبێ رۆژنامەگەری بێنینە بەرچاو، بۆیە ئەو شارەی کە رۆژنامەی تێدا بوەستێت ئەوە ئەو رۆژە بە رۆژی ونبوون ئەژمار دەکرێت، چونکە پەیوەندی لە نێوان کۆمەلگە ورۆژنامەگەریدا زۆر بەهێزە، چونکە دواکەوتنی هەر گەلێك لە کەمی ژمارەی بلاوکراوە وچاپەمەنیەکانیدا بە

---

١ - د. محمد فريد محمود عزت، هە مان سە رجاوە ص ٣١٢.

٢ - هەمان سەرچاوە، ص٣١٢.

٣ - د. هانی دەارەزا، د. رامز عەممار، ڕای گشتی وڕاگەیاندن وبانگەشەکردن، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ئەحمەد سەلام،(سلێمانی: چاپخانەی ئەلەند، ١٩٩٨)، ل٢١٢، ل٢١٣.

٤ - هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

٥ - هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

دیاردەکەوێت)[1]. وشەی (Journalism) وەك چەمکێکی نزیك لە واتای ڕۆژنامەگەری وەك زانست وتوێژینەوە، لە نوسینی ڕۆژنامەنووسی وتیۆری، لە بەرئەوە تێبینی دەکرێت کە بە واتای جۆراو جۆر بەکاربێت بەمشێوەیە:[2]

١-چالاکی کاری تیۆری (فیکری) وئەدەبی ڕۆژنامەنووسان.

٢-ژمارەی ڕۆژنامە خولەکییەکان (دەوری).

٣-سەرجەم ڕۆژنامەکان، ئاژانسەکانی هەواڵ، بەشی هەواڵسازی لە ڕادیۆ وتەلەفزیۆنەکان.

لە دیدی (فاروق أبوزید)ەوە ڕۆژنامەگەری وشەیەکە بۆ چوار مانا بەکار دەهێنرێت:[3]

یەکەم: ڕۆژنامەگەری بە مانای پیشە، ئەوەش دوو رووی هەیە ڕوویەکی پەیوەستە بە پیشەسازی وبازرگانی لە ڕێگای کاروباری چاپ ودابەشکردن وناردنە بازار وکارگێری و ڕاگەیاندن، ڕووەکەی دیکەی پابەندە بەو کەسەی دەنگوباسەکان دەگاتە دەستی، گفتوگۆکان هەڵدەسورێنێت، ڕێپۆرتاژو وتار، لێدوان بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسێت، لەگەڵ سەرجەم هونەرەکانی تری ڕۆژنامەوانی.

دووەم: ڕۆژنامەگەری بە واتای ماددە (بابەت) دێت کە ڕۆژنامەکە بڵاویدەکاتەوە وەك هەواڵ، گفتوگۆ وقسە وباس ولێکۆڵینەوە وهونەری وتارنووسین لە ستونێکدا، هەروەها هونەرەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری پابەندە بە هونەر و زانستەوە، هەروەها هونەری نووسینی ڕۆژنامەگەری کەئەویش جۆراوجۆرە.

سێیەم: ڕۆژنامەگەری پابەندە بە شێوە (فۆرم)، ئەو شێوەیەی ڕۆژنامەکەی لە سەر دەردەچێت، ڕۆژنامە وچاپەمەنییەکان کە بە نۆرە دەردەچێت، لە چەندین لاپەرە وبە تیراژی جیاواز وبە شێوەیەکی ڕێکوپێك ولە کاتی دیاریکراوی نزیك یان دوور دەردەچن.

چوارەم: ڕۆژنامەگەری بە مانای ئەرك، ئەو ئەرکەی لە کۆمەڵگەی نوێدا جێ بەجێیان دەکات، پەیامێك ئامانجی خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ئەو مرۆڤەی تیایدا دەژی، بەو مانایە ڕۆژنامەگەری پابەند دەبێت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابووری کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیەی ڕۆژنامەی لێدەردەچێت، هەروەها بە گوێرەی جۆری سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دواتر بەو ئایدۆلۆژیایەی کە کۆمەڵگا باوەری پێ هەیە، ئەم کارەش بووە هۆی دەرکەوتنی قوتابخانە ڕێبازە جیاوازەکانی ڕۆژنامەگەری.

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

[٢] - د. أديب خضور، مدخل الى الصحافة النظرية والممارسة، ط٢، (دمشق: المكتبة الاعلامية، ٢٠٠٠)، ص٩.

[٣] - د.فاروق أبو زيد، مدخل الى علم الصحافة، ط٤،( القاهرة: عالم الكتب،٢٠٠٧)، ص٤٦-٤٧.

## دوەم: ئەرکەکانی رۆژنامەگەری

ڕای جیاواز هەیە لە سەر ئەرکەکانی رۆژنامەگەری، تویژەر لەمبارەیەوە چەند رایەك دەخاتە ڕوو:

زاراوەی ئەرك دوو مانای بنچینەیی هەیە[1]:

یەکەم: راستەوخۆ وئاشکرا ئەرکی رەوشت وئاکار بریتیە لە دانانی پێوەرێك بۆ هەڵسوکەوتی تاکەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا، بە مەبەستی هاوسەنگی پەیوەندیەکان و پارێزگاری لێکردنیان وبەردەوام بوونیان.

دووەم: ناراستەوخۆ وشاراوەیە، کە جێگای مەبەست نییە، ئەرك لای کۆمەڵناسەکان بریتییە لەو ئەنجامەی بەدوای چالاکیەکی کۆمەلایەتی یان رەفتارێکی کۆمەلایەتیدا دێت، بەزۆری رەفتار لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا پابەند دەبێت بە جۆرەکانی رۆشنبیری وپێکهاتە کۆمەلایەتییەکان وئاراستە وبۆچونەکان، تێروانین بۆئەو ئەنجامە لەبەر رۆشنایی کارتێکردن دەبێت لەسەر بونیادنانی هەڵوێست یان کارلێکردنی نێوان کەسەکان.

ئەرکەکانی رۆژنامەگەری هەوڵدەدات پێداچونەوە لە ئالوگۆرەکانی نێوان رەگەزە بچووك وگەورەکانی رۆشنبیریدا بکات، ئامانجیشی بریتییە لە گوزارشتکردن ویەکبوونی رۆشنبیری لە رێگای بەدواداچوونی ئەو تێکەڵبوونەوەی لە نێوان تایبەتمەندێتی وجۆرەکانی رۆشنبیریدا هەیە، هەروەها رۆژنامەگەریی بەشداریکردنی چالاکانە پێشکەشدەکات کە لە ئاست چالاکی گشتیدا بێت [2].

( ئەرکی رۆژنامەگەری لە ناو کۆمەڵدا بریتییە لە دروستکردنی هۆشیاری رامیاری وکۆمەلایەتی وئابوریی، هەروەها رۆڵی گەورەی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤایەتی ونەتەوایەتیدا). [3]

(هارولد لاسویل)ەوە دەڵێت[4]: سێ ئەرکی بۆ رۆژنامەگەری دیاریکردووە کە رۆڵی بەهێزی هەبوو لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو لە جیهاندا، کە بریتین لە: یەکەم هەستان بە چاودێریکردنی ژینگەی دەوروبەر، دوەم: کارکردن لەسەر یەکخستنی توانای کۆمەڵگا لە رووبەرو بوونەوەی ژینگەیی، سێیەم: گرنگیدان بە گوستنەوەی کەلەپوری رۆشنبیری لە رێگای نەوە یەك لە دوای یەکەکانەوە.

---

1 - د. محمد منير حجاب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٤٩.

٢ - هەمان سەرچاوە، ص٤٩.

٣ - د.محمود علم الدين، اساسيات الصحافة فى القرن الحادي والعشرين. ط٢، (القاهرة: دون ناشر، ٢٠٠٩ )، ص٦٩.

٤ - هەمان سەرچاوە، ص٧٠.

بەمشێوەیە لە سەردەمی ئەمرۆدا رۆژنامەگەری رۆڵی کاریگەر دەگێرێت لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت، لەوکاتەی هەڵدەستێت بە ئەرکی پەروەردە وفێرکردن وهەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازی رۆشنبیری لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

بەهۆی بلاْوکردنەوەی هۆشیاری وزانیاری هەواڵەکان ئەوا رۆژنامەگەری رۆڵ دەبینێ لە نزیك خستنەوەی بیر و ڕا کۆمەڵایەتیەکان بۆ نەهێشتنی زیادەڕۆیی گروپێك بەسەر گروپەکانی ترەوە[1].

لە (موسوعة السياسية)دا هاتووە: [2] رۆژنامەگەری رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە ژیانی تاك وکۆمەڵەکان وگەلان، لە هەمان کاتدا رۆڵێکی ئاڵۆز ونادیاری هەیە، ئەرکەکانی لەسەر ئاستی رامیاری وکۆمەڵایەتی وسایکۆلۆژی وکلتوری (فەرهەنگی) ورۆشنبیریدا، فرە لق وپۆپ وتێکهەڵکێشراوە، هەروەها کاریگەری رۆژنامەگەری لە رووی چۆنایەتیەوە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، تێبینی کراوە کە رۆژنامەگەری لە جیهانی سێیەمدا بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری لاوازی هەیە، لە کاتێکدا کاریگەری رۆژنامەگەری لە وڵاتێکی پیشەسازی سەرمایەداری پێشکەوتوو بەرز رادەگیرێت.

بە کورتی ڕۆژنامەگەری چەند ئەرکێك لەخۆ دەگرێت:

**١- ئەرکی ڕاگەیاندن:**

ئەرکی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری (واتا ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی بەو رووداوانەی روو دەدەن و پەیوەستن بە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی،

ئەو ڕاگەیاندنەی کە ڕۆژنامە دەیخاتە ڕوو پەیوەستە بە چەند ئاستێك: کۆکردنەوە وهەڵگرتن وچارەسەرکردن وبلاْوکردنەوەی هەواڵ وداتاکان و وێنەکان وڕاو بۆچونەکان وپێشکەشکردنی بەڵگەنامە پێوستەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش لە پێناو تێگەیشتنی بارودۆخی کەسایەتی وژینگەیی ونەتەوەیی ونێونەتەوەیی بەمەبەستی گەیشتن بە دۆخێك بۆئەوەی بتوانرێت بڕیاری پێویستی لە بارەیەوە بدرێت[3].

لە لایەکی دیکەوە بەدەستهێنانی زانیاری بۆ تاك لە کۆمەڵگەدا بەسوودە، چونکە ژیانی رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، وا لە تاك دەکات کە پێویستی بە بەدەستهێنانی زانیاری وزانینی شتی

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٧٠.

[2] - د. عبدالوهاب الكيالي، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٥٢.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص ٥٨٠.

زۆر بێت كە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوەی هەیە، زانیاری دەربارەی سینەما وتەلەفزیۆن شانۆكان وكۆر وسیمینارەكان وئەركە فەرمیەكان وپڕوپاگەندەكانەوە[1].

گرنگترین ئەركەكانی كە هۆیەكانی راگەیاندن ورۆژنامەگەری هەیانە بریتییە لە ئەركی دەنگ وباس یان پەی پێبردن یاخود چاودێریكردنی ژینگەی دەوروبەر كە دابەش دەكرێن بۆ دوو بەشی سەرەكی:[2]

یەكەم: پەی پێبردن وئاگاداركردنەوە: هۆیەكانی راگەیاندن ورۆژنامەگەری هەڵدەستن بە ئاگاداركردنەوەی كۆمەلانی خەڵك لەو هەڕەشە ومەترسیانەی بەرەو روو دەبنەوە، هێرشی سەربازی، خراپی باری ئابوری و بێ بازاری و قەببوونی وزۆر بوونی هەڵئاوسانی ئابوری.

دووەم: پەی پێبردنی خزمەتگوزاری: بە مانای گواستنەوەیئەو زانیاریانەی كە خەڵكی لە ژیانی رۆژانەیاندا سوودی لێ دەبینن.

چەندین ئەركی راگەیاندنی تر كە ئەركی هەواڵ گەیاندن لەخۆ دەگرێت كە لەم سێ خاڵەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:[3]

أ- تەواوكاری (التكامل)

دەبێت بەدواداچون بۆ هەواڵەكان بكرێت لە دەست پێكردنیەوە تا كۆتایی هەروەها گەڕان بە دوای بەشە تەواوكەرەكانی ئەگەر لە رێگای سەرچاوە رەسەنەكان بێت یان بەشەكانی دیكەی زانیاری.

ب-بابەتی بوون:

یەكێك لە بنەما هەرە گرنگەكانی نووسینی هەواڵ لە كۆمەڵگەی دیموكراسی دا بابەتیبوونە، هەرچەندە جێبەجێ كردنی دژوارە، چونكە رۆژنامەنووس هەرچەند هەوڵبدات ئەوا چەند ڕەگەز وئاراستەیەكی تاكڕەوانەی هەر تێدەكەوێت، بەڵام سەرەڕای ئەوانە پابەندبوون بە بابەتیبوون بە كۆڵەكەیەكی بنچینەیی بۆ رۆژنامەگەری دادەنرێت.

ج- ئاشكرایی:

شێوازی خستنەڕووی هەواڵەكانە كە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی ناوەڕۆك لە لایەن تاكەكانی جەماوەرەوە، لەگەڵ دووركەوتنەوە لە سادەكاری لە میانەی سادەكردنی هەواڵەكە زیادەڕۆیی بەكار نەهێنین، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەگەری كۆمەڵێك ئەرك جێبەجێدەكات بەلام دەبێت

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص ٥٨٠.

[2] - د. محمد منیر حجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٥.

[3] - د. محمد منیر حجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٥.

زیادەڕۆیی نەکات لە خستنە ڕووی بابەتی بێ تام و ڤێزەون، تاکو لە ڕۆڵی هۆشمەندانەی خۆی دەرنەچێت[1].

٢- **ئەرکی رۆشنبیری:**

ڕۆژنامەگەری دەتوانێت ئامرازێکی رۆشنبیری بەردەوام پێکبهێنێت، کە گومان لەوەدا نییە ڕۆژنامەی ڕۆژانە یان هەفتانەییەکان وبەتایبەتی گۆڤارە تایبەتمەندەکان، ڕۆڵ دەبینن لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری بەشێوەیەك کە بوار بۆ رۆشنبیری دەخولقێنێت کە لە دواجاردا رۆڵ دەگێرێت لە پێکهێنانی کەسایەتی تاکەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کەڵەکەبوونی رۆشنبیری لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پڕۆژە رۆشنبیریی وهونەرییەکان، ئەمەش بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە کەلتور وگەشەپێدانی رۆشنبیری[2].

بەم شێوەیە توێژەر پێیوایە کە ڕۆژنامەگەری بەشدارە لە بنیادنانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری ڕۆشنبیری وبابەتە جۆراوجۆرەکانی رۆژانە، بەشدارە لە پێکهێنانی ئاکار ورەوشت ورۆشنبیری بەرز لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمەش بەهۆی بە ئاگابوون لە ڕووداوەکانی دەوروبەریاندا، هەر لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت ئاستی رۆشنبیری جەماوەر لەسەر جۆری خوێندنەوەی رۆژنامەکان ڕادەوەستێت،ئەو رۆژنامانەی هەواڵی راست وزانیاری بەسوود وشیکردنەوەی بابەتەکانی تێدایە، چارەسەری تەواوی کەم وکورتییەکانی کۆمەڵگەی تێدایە.

٣- **ئەرکی رامیاری:**

ئەو رۆڵەی ڕۆژنامەگەری لە بواری ڕەخنەگرتن لە بڕیارە سیاسیەکاندا هەیەتی لە ڕێگای چاودێریکردنی ناوەندە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی دەولەت، لەلایەکیترەوە رۆژنامەگەری هۆکارێکە بۆ هەڵگرتنی داخوازی ونارەزاییەکانی گروپە جۆراوجۆرەکانی جەماوەر، هەروەها هۆکارێکی فشاریشە لەسەر دەسەڵات، بەمشێوەیە بواری بەشداری سیاسی تاکەکان زیاددەکات[3].

هەروەها رۆژنامەگەری مینبەرێکە بۆ گەیاندنی بۆچوونە جیاوازەکان وەك ئامرازێك بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری گشتی وسەکۆیەکە یۆ گوزارشتکردن وچاودێریکردن، هۆکارێکیشە بۆ گفتوگۆی نێوان دەسەڵات وجەماوەر.

---

[1] - شێرکۆ میرزا مەنگوڕی، ئاستەنگەکانی یەکەم لاپەڕە لە ڕۆژنامەدا، (کەرکوك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧)، ل٤٥.

[2] - د. عبدالوهاب الکیالی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٧٩.

[3] -هەمان سەرچاوە، ص٥٧٨.

**٤-ئەركی ڕای گشتی :**[1]

ڕای گشتی بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان تاكەكان دروست دەبێت لەبەرامبەر هەر هەڵوێستێك، یان ڕووداوێك، یان كێشەیەك، كە پەیوەندی بە بابەت وكێشە گشتییەكانەوە هەیە، كە جێگای گرنگی جەماوەر بێت وبەرژەوەندی گشتی تێدا بێت.

ڕۆژنامەگەری لەم چەرخەدا دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەدروستكردنی ڕای گشتی ودیاری كردنی ئاراستە وبۆچوونەكانی تاك، بۆیە لە سیستەمە دیموكراتیەكاندا ڕۆژنامە ئاوێنەی گەلە بە هۆی گەیاندنی ڕاو بۆچونەكانیان وپاراستنی بەرژەوەندیەكانی گەل وچاودێریكردنی دەسەڵات ودام ودەزگاكانی وڵات.

بۆ ئەم مەبەستە (د.مختار التهامی) پێیوایە ڕۆژنامە بە پێی ژانرە جیاوازەكانی ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی ڕای گشتیدا بەم شێوەیە:[2]

یەكەم: سەروتار، كاریكاتێر، ستوونەكان، تارە كۆمەڵایەتی وڕامیاری وئابوری ورەخنەی ئەدەبی وهونەری وریكلامییەكان، بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاریگەریان هەیە لەسەر دروستبوونی رای گشتیدا.

دووەم: ژانرەكانی دیكەی وەك چیرۆكە كورتەكان، بابەتە تەنز ئامێز وكومیدییەكان، بابەتی وروژێنەری وەك :خورافیات وبابەتە سێكسییەكان وتاوانەكان نابنە هۆكاری ڕاستەوخۆ بۆ دروستبوونی رای گشتی.

.سێیەم: بابەتەكانی تری ڕۆژنامە وەك كەش وهەوا، بابەتە زانیارییە كانیتر كە ئاستی رۆشنبیری بەرز نین ئەوا كاریگەریان كەمە لە دروستبوونی رای گشتیدا[3].

**٥- ئەركی ئابوری:**

ڕۆژنامە دەتوانێت ریكلام بكات بۆئەو كەرەستە خزمەتگوزاریانەی كەپێویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵكن، ئەمەش بۆ ڕوونكردنەوەی لایەنی باشی وخراپی كاڵا وكەرەستەكان، بەم شێوەیە كارئاسانی بۆ خوێنەران دەكات، هەروەها سوود بە خاوەن كاڵا وكەرەستە بازرگانییەگان دەگەینێت وڕۆژنامەكەش بەرانبەر بەو نرخەی ریكلام بڵاودەكاتەوە سوودمەند دەبێت[4].

---

[١] - د.محمود علم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٧.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ص٧٧.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ص٧٨.

[٤] - د.محمد منیر حجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٥.

**٦- ئەركی كۆمەلأيەتی:**

**ڕۆژنامە پێویستییەكی ژیانی هاوچەرخی ڕۆژانەیەی خەلكە، هاوەڵی نزیكی هەموو ڕووناكبیرو هۆشمەندێكە، ڕێگایەكە بۆنزیكبوونەوە وگەیشتن بە جەماوەر، سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراوە بۆدەنگ وباس وهەواڵ وەرگرتن[1].**

**سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامە پاڵپشتی هەردوو چەمكی هەرەوەزی وهۆشیاری كۆمەلأيەتی دەكات وژیانی گشتی چالاك دەكات، هەروەها ڕۆژنامە ڕۆڵ دەگێڕێت لە پاڵپشتیكردنی ئامانجە راستەوخۆ تایبەتییەكانی كۆمەڵگە لە ڕێگای هاوكاریكردنی تاك بۆ دابینكردنی پێداویستییە كۆمەلأيەتییەكانی تاك، ڕۆژنامە ڕۆڵ دەگێڕێت لە ڕێكخستن وئاسانكردنی دیالۆگ لە نێوان گروپە جیاوازەكان لەسەر ئاستی لۆكاڵی ونەتەوەیی ونێونەتەوەیدا[2].**

**٧- ئەركی ڕاڤەكردن وڕوونكردنەوە وشیكردنەوە:**

**ئەم ئەركە بۆ ڕاڤەكردن وئاشكراكردنی ڕووداوە جۆرا وجۆرەكانە، لەگەڵ بابەتە وروژێنەرەكانی كێشە وڕووداوەكانی ناوكۆمەڵگە ،ئەو ڕووداو وهەوالأنەی چەندین ئاماژەی جیاواز هەڵدەگرن ویارمەتی خوێنەر دەدەن لە تێگەیشتن وپێكهێنانی بیروڕای تایبەت دەربارەیان وشیكردنەوەی هۆیەكانی گەیشتن بەراستی ڕووداوەكە، چونكە ئەركی ڕۆژنامە وڕۆژنامەنووس تەنها بە خستنەڕووی هەواڵەكە یان بابەتەكە كۆتایی نایەت، بەڵكو دەبێت شیكردنەوەی ڕووداوەكان بكرێت[3]، بۆیە دەبێت بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان بەزمانێكی سادە وڕوون بنوسرێت كە تێگەیشتنی بابەتەكە بۆ هەمووان ئاسان بێت[4].**

**ڕۆژنامەنووس پەنا بۆ ڕێگای جۆراوجۆر دەبات بۆ بەجێگەیاندنی، ئەركی شیكردنەوە وڕوونكردنەوەی ڕووداوەكان[5].**

**هەروەها شیكردنەوە وڕاڤەكردنی هەواڵەكان ئەركێكی گرنگی ڕۆژنامەیە، بۆیە بایەخی ڕاپۆرتە هەواڵییەكان گرنگیان لەوەدایە شیكردنەوەی لەگەڵدایە[6].**

---

١ - -حمە صالح فەرهادی، چەندلایەنێكی ڕۆژنامەنووسی كوردی، (بغداد: چاپخانەی الحوادث، ١٩٨٨)ل١٢.

٢- عبدالوهاب الكتیالی، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٧٩.

٣ - د.محمود عالم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٥.

٤ -ڕۆژنامەنووس، گۆڤار،،سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٨، ژ١٣، ل١٦٣.

٥ - د.محمود عالم الدین، سەرچاوەی پێشوو. ص٧٦.

٦-د.محمود عالم الدین،،سەرچاوەی پێشوو، ص٧٦ .

**٨- ئەركی دبلۆماسیەتی نا فەرمی:**

ڕۆژنامە بەتایبەتی وهۆكارەكانی تری ڕاگەیاندن بەگشتی ئەركی دبلۆماسیەتی نافەرمی وئاشكرا دەگێرن، لە نێوان دوو دەوڵەت یان لە نێوان دوو دامەزراوەی جیاوازی یەك دەوڵەتدا، بە تایبەتی لەكاتی دروستبوونی قەیرانەكاندا، ئەمەش بەهۆی دواندنی سەركردەكان و وروژاندنی پرسیار دەربارەی قەیرانەكان و وەڵامدانەوەیان لە ڕێگای لێدوانە ڕۆژنامەوانییەكانەوە[1].

وە هەندێك لەڕۆژنامەكان لە ڕێگای وەرگرتنی زانیاری لەسەر كەلتور وبابەتەكانی ولأتانیتر پرۆسەی پەیوەندیكردنیان لەڕێگای هەواڵ وزانیاری لەسەر یەكتر ئەوا دواتر كاریگەری نافەرمی لە نێوان كەلتورە جیاوازەكاندا دروست دەكات بەبێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ پەیوەندییە دبلۆماسییە فەرمییەكانی نێوان دەوڵەتەكانیان[2].

**٩- ئەركی كات بەسەربردن وخوشی وخاوبوونەوە:**

وشەی كات بەسەربردن چالاكیەكە تاك پێ ی هەڵدەستێت لەپێناو وەرگرتنی خۆشی وهەستكردن بە ئارامی،[3] یەكێك لە ئەركەكانی ڕۆژنامە ئەوەیە كە ماندوویی وهیلاكی وگرژی وناخۆشی لەسەر خوێنەرەكانی كەمبكاتەوە[4].

بەمشێوەیە رۆژنامە بە هۆی وشە یەكتربڕ ویاری و وێنەی كاریكاتێری وكۆمیدی وگاڵتە جارییەكان و وێنە كێشراوە تەنز ئامێزەكانەوە هەڵدەستێت بە پڕكردنەوەی ئەو كاتانەی كە خوێنەران لە پشوودان ئەمەش بە مەبەستی هێوركردنەوەی ئارامی دەروونی تاكەكاتە[5].

ئەم ئەركە بە جۆرێك خوێنەران بەكاری دەهێنن كاتێك كە دەستبەتاڵ بن یان لە گەشتكردنی درێژبن بە ئوتۆمبێل وفرۆكە وكاتی حەوانەوە ولەپشوەكاندا سوودی لێوەردەگیرێت [6].

بەمشێوەیە گۆڤار ورۆژنامەكان بە پێی ئەركی كات بەسەربردنیان دابەش دەبن بۆ[7]:

---

١ - هەمان سەرچاوەی، ص٨٨.

٢-ا.د. فاروق ابوزید، ا.د.لیلی عبدالمجید، الصحافة المتخصصة، (دون مكان، دون ناشر ٢٠٠٢)، ص٤٣.

٣ -د.محمد فرید محمود عزت، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٨١.

٤ - د. محمد منیر حجاب، ،سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢-٦٣.

٥ - د. محمود علم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ص٩١.

٦- د.حسینی قەندی، ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، (سلێمانی: چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨)، وەرگێرانی لە فارسیەوە: كارزان محمد، ل ١٥٦-١٥٧.

٧ - عمار طاهر، برامج الترفیهیة فی تلفزیون، دراسة تحلیلیة للبرامج الترفیهیة فی تلفزیون العراق، اطروحة دكتورا غیر منشورة، بغداد، ٢٠٠٠، ص٢٦.

ا- بلأوكراوەى زانيارييە گشتييەكان:

ئەمە بەسەرهاتە مێژووييەكان وگەشتنامەكانى پەيوەست بە شێوازەكانى ژيان وداب ونەريتى خەلكى ولاتە جۆراوجۆرەكان وزانياييە پەيوەنديدارەكانى پەيوەست بە بوارى مێژوو وجوگرافياى ولاتان دەگرێتە خۆى.

ب- بلأوكراوە چيرۆكييەكان:

كورتە چيرۆكەكان بەگشتى وچيرۆكى زنجيرەيى وچاوپێكەوتن وژيانى نوسەرە مەزنەكانى رابردوو ونووسەرە بەناوبانگ وهاوچەرخەكان دەگرێتە خۆى.

ج- بلأوكراوە تەنز وگالتە وگەپ وكاريكاتێرييەكان:

ئەمە بريتييە لە وێنەى كاريكاتيرى ونوكتە وقسەى نەستەق ورەخنە ئاميز.

د- بلأوكراوە هەمەجۆرەكان:

ئەم بلأوكراوانە بۆكات بەسەربردن و وشەى يەكتر بڕ وفالنامە وچيرۆكە وێنەدار وسرياليييەكان، گۆڤارە بێ پەردەو وروژێنەرەكانيش لەم جۆرە بلأوكراوانەن، بە گشتى ئەركەكانى ڕۆژنامەگەرى بۆكات بەسەربردن بريتين لە(خۆدورخستنەوە لە هوكارەكانى دلە ڕاوكى كۆمەلأيەتيەكان وبەتالّ كردنەوەيان، بەدەستهێنانى زياتر ئارامى، دورخستنەوەى گيروگرفتەكانى ڕۆژانە وبەڕێكردنى كاتى بێكارى ووەرگرتنى جوانى ورۆشنبيرى ووروژاندن وهەناسەدان) [1].

ئەركى كات بەسەربردن يەكێكە لە ئەركە گرنگەكانى ڕۆژنامە وە ڕۆلى كەمترنيە لە ئەركەكانى ديكەى رۆژنامە، بەلأم يەكێكە لەئەركە پێشەنگەكان، مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسوودەيى بژيت وپەرە بەژيانى ڕۆژانەى بدات بەبێ كەمكردنەوەى ماندوبوونى، لە بەرئەوە گۆرانى، سەما، نوكتە وقسەى نەستەق، ياريكردن، هەموويان شێوەى كات بە سەربردنى بنەرتين بۆمرۆڤ.

كات بەسەربردن ئەركێكى ديكەيە بۆ مرۆڤ بە مەبەستى بەدەستهێنانى هەندێك لە پێداويستييە دەروونى وكۆمەلأييەتييەكان، بۆيە دەبينين ئەركى كات بەسەربردن هەولى داوە بە دروستكردنى هاوسەنگى لە نێوان ئەركەكانى ديكەى راگەياندندا، ئەركى كات بەسەربردن لەڕۆلى ئەركەكانى ديكەى رۆژنامەوانى كەم نەكردۆتەوە [2].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٢٦.

[2] -صالح خليل ابواصبع، الاتصال الجماهيرى، ط٢،(عمان: دارالشرق للنشروالتوزيع، ١٩٩٩)، ص١٦٥.

له راستیدا دیدێكی رەخنەگرانە لەسەر بڵاوكراوە تەنزەكان هەیە كە هیچ جۆرە رۆشنبیرییەك بۆ تاك زیادناكەن، لەگەڵئەوەی كە گۆڤار وبڵاوكراوەی تایبەتمەند بۆ بواری بابەتی گاڵتەوگەپ وتەنز وكات بەسەربردن هەیە وجەماوەرێكی فراوانیش بەركەوتنیان بۆ پەیامەكانیان هەیە، سەرەتاش هەندێك لەو بابەتە تەنزانە لەگەڵ ژانرەكانیتری رۆژنامەدا بڵاودەكرانەوە، بەڵام لەدوای تایبەتمەندبوونی جەماوەر ئەوا گۆڤار وبڵاوكراوەی تەنزی تایبەتمەند لەدایكبوون[1].

بابەتە كات بەسەربەرەكان چەندین ژانریان هەیە وەك چیرۆكە خەیاڵییەكان، هونراوە سەرنجڕاكێشەكانی ناو پەرتووك وگۆڤارەكان، فلیمەكان، گوێگرتن لە مۆسیقا لە ڕێگای ئیستگەكانەوە، دراما تەلەفزیۆنییەكان، وێنە فۆتۆگرافییەكان، بەمشێوەیە چێژوەرگرتن ورابواردن بەهۆی راگەیاندنەوە بە ئاگابوونەوەی تاكە تاكو كەناڵێك بدۆزێتەوە كە خەم وماندووبونەكانی بەتاڵبكاتەوە[2].

بەمشێوەیە ئامرازەكانی پەیوەندیكردن وراگەیاندن بەگشتی ورۆژنامە بە تایبەتی ڕۆڵیان هەیە لە ڕەواندنەوەی خەم وپەژارەی تاكەكانی كۆمەڵگە وكەمكردنەوەی ماندووبوونی ڕۆژانەیان، ئەمەش لە ڕێگای ژانر وبەرنامە هونەرییە جۆراوجۆرەكانی كات بەسەربردنەوە دەبێت[3].

**١٠-ئەركی تۆماركردنی مێژوو:**

ڕووداو وبەسەرهاتەكان لە ڕێگای ڕۆژنامەكانەوە تۆماری مێژووییان بۆ دەكرێت ودواتر وەك بەڵگەنامەیەكی مێژوویی و وەك سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگیرێت، بۆیە یەكێك لە ئەركەكانی ڕۆژنامە بریتییە لە تۆماركردنی ژیانی كۆمەڵایەتی وسیاسی وجەنگ وئابوری ورۆشنبیری كۆمەڵگاكان[4].

---

1 -ادوین امری، فیلیب ه.اولت، ت: ابراهیم سلامة ابراهیم، الاتصال الجماهیری، (القاهرة: الشركة الدولیة للطباعة، ٢٠٠٠)، ص٢٠٠.

٢ -د.مهند علی تهامی، اسود فواد الالوسي، النظام الاعلامی العربی،( الاردن: داراسامةللنشروالتوزیع، ٢٠١٢)، ص٨٧.

[٣]- ا.دكتورعبدالرزاق محمدالدلیمی، مدخل الی وسائل الاعلام الجدیدة، (عمان: دارالمسیرة للنشروالتوزیع وطباعة، ٢٠١٢)، ص٨٦.

[٤] -د. محمد منیر حجاب، ،سەرچاوەی پێشوو، ص٦١.

# پــــــاری دووەم: پێناســـــە وچـــــەمکی ڕۆژنامەگـــــەریی تایبەتمەند:

**یەکەم: وپێناسە وچەمك و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند:**

ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، ڕاگەیاندنێکە دەکەوێتە بوارێکی دیاریکراو لە بوارەکانی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری، زانستی، ئاسایشی، وەرزشی،... هتد ناوەرۆکیان تایبەتمەندە وهەمیش جەماوەری وەرگر.[١]

لە قاموسی (للمصطلحات الاعلامية) بەمشێوەیە پێناسەی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەندی کردووە:[٢] بەپێی ئەو جەماوەرە دەبێت کە لە ڕێگای بابەت وناوەرۆکی تایبەتمەندەوە دیاریدەکرێت.

لەبەرئەوەی گۆڤاریش وەك شێوازێکی ڕۆژنامەگەرییە، بۆیە ئاراستەی ئەو بابەتە تایبەتمەندانە کە پەیوەندی بەو جەماوەرە دیاریکراوەوە هەیە ئەوا جۆری ئەو گۆڤارە تایبەتمەندانە بە پێی گۆڤاری هەفتەیی تایبەتمەند، یان گۆڤاری مانگانەی تایبەتمەند، یانیش گۆڤاری وەرزی تایبەتمەند بێت دیاریدەکرێت[٣].

گۆڤارە تایبەتمەندەکانی دەروونی، کشتوکاڵی، بازرگانی، گۆڤارە زانستییە جۆراوجۆرەکان کە تایبەتن بە کاروباری ژنان ومنداڵان وپەروەردە وفێرکردن وسەندیکاکان[٤].

ڕۆژنامەی تایبەتمەند (Specialized Paper - جريدة متخصصة)ئەو ڕۆژنامانە دەگرێتەوە کە گرنگی بە گروپە کۆمەڵاتییە جۆراوجۆرەکان دەدەن، کە زمانی دەربڕینی ئەوانن، یان گروپە جۆراوجۆرە پیشەییەکان دەگرێتەوە[٥].

لە کتێبی (الصحافة المتخصصة) دا هاتووە: ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند وەك ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك، یان خولەکی تایبەتمەند، پەیامەکانی ئاراستەی توێژێکی دیاریکراو لە خوێنەران دەکەن[٦].

---

[١] -د.اديب خضور، الاعلام الامنى، (ديمشق: دون ناشر، ٢٠٠١)، ص١١.

[٢] - د. محمد فريد عزت، القاموس الموسوعي للمصطلحات الآعلامية، أنجليزي-عربي،(القاهرة: مصر،العربى للنشروالتوزيع، ٢٠٠٢)، ص٣٨٦.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ص٣٨٦.

4 - اديب مروه، الصحافة العربية: نشاتها تطورها،( القاهرة: دون ناشر، دون سنة)، ص٢٦.

[٥] - هەمان سەرچاوە، ص٥٢٨.

[٦] -د. عبدالرزاق علي الهيتي، الصحافة المتخصصة، ط٢، (الاردن: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١)، ص١٤.

رۆژنامەگەری تایبەتمەند دوو پۆلێنی هەیە:[1]

یەکەم رۆژنامەگەری تایبەتمەندە دەوڵەتییەکان (فەرمی)، ئەو رۆژنامە وگۆڤارە تایبەتمەندانەی دامودەزگادەوڵەتییەکان دەگرێتەوە لە ژێر ناونیشانی تایبەتمەندی جۆراو جۆر بڵاودەکرێنەوە، : بڵاوکراوەی وەزارەتەکان، یان رێکخراوەکانی سەر بەئەوان.

دووەم رۆژنامەگەری تایبەتمەندە نادەوڵەتییەکان(نافەرمی) ئەم جۆرەیان لەسەر بنەمای پێداویستی هەمە جۆری چین وتوێژە جۆراو جۆرەکان وەستاوە[2].

لە لایەکیترەوە رۆژنامەگەری تایبەتمەند ئەرکەکەی بریتییە لە چارەسەرکردنی هەندێك بواری تایبەت لە ژیانی کۆمەڵگەدا، کە تایبەتمەندن بۆ بواری ئابوری، وەك رۆژنامەی ئەمریکی (ووڵ ستریت جۆرناڵ- WallStreet journal)، ئینگلیزی (Financial Times) و فەرەنسی (لی یکو- les Echos)[3].

تایبەتمەندی لە رۆژنامەگەریدا ڕوویەکی تری هەیە، لەو ساڵانەی دوایی رۆژنامەگەری پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە رۆژنامەی رۆژانە و هەفتانە، خستنەڕووی هەندێك لە رۆژنامە وگۆڤارەکان بە کردنەوەی لاپەرەی تایبەتمەند، وەك: لاپەرەکانی ژنان وهونەری و وێژەیی وئابوری، وەرزشی وپیشەسازی وکشتوکاڵ وسینەما وشانۆ..... هتد، لاپەرە تایبەتمەندەکان رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندان[4].

دکتۆر فاروق أبو زید وای دەبینێت، کە رۆژنامەگەری تایبەتمەند لە سەر دوو کۆڵەکەی بنچینەیی دامەرزاوە:[5] یەکەم: بابەتی رۆژنامەنووسی تایبەتمەند، دووەم: جەماوەری تایبەتمەند لە خوێنەران، لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونە، توێژەر دوو جۆری رۆژنامەی تایبەتمەند دەخاتە ڕوو: جۆری یەکەم: ئەو رۆژنامانەی بابەتی تایبەتمەند بڵاودەکەنەوە، بۆ خوێنەری تایبەتمەند لە ناو کۆمەڵگە. وەك: رۆژنامەی ژنان وپزیشکی وئەندازیاری وکارگێری وئابوری، ئەو رۆژنامانە بابەتی تایبەتمەند دەخەنە روو بۆ خوێنەرە تایبەتمەندەکانیان، ئەوەش ئاراستەی توێژێکی تایبەت دەکرێت.

جۆری دووەم ئەو رۆژنامە گشتییانەی کە بابەتی تایبەتمەند بڵاودەکەنەوە، بۆ خوێنەرانیان وەك رۆژنامەی وەرزشی، رۆژنامەی هونەری، بابەتی تایبەتمەند دەخەنەڕوو.

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل١١٢، ل١.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل١١٢، ل١١٣.

[3] - د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، الجزء الثالث،(القاهرة: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دون سنة)، ص ٥٥٧.

٤- د.فاروق ابو زيد، د. ليلى عبدالمجيد، الصحافة المتخصصة، (القاهرة: دون ناشر، ٢٠٠٣)، ص ١٦.

[5] - هەمان سەرچاوە، ص١٦.

سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لە بوارە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەگەری تایبەتمەندی وەك: ئەدەب، منداڵان، ژنان، زانستی،.... هتد دەستیپێکردووە، لێرەدا توێژەر مێژووی چەند رۆژنامە وگۆڤارێکی تایبەتمەند دەخاتە ڕوو کە سەرەتای بڵاوکراونەوە ودەرچوونیانە بەمشێوەیە:

لە ساڵی ١٦٤١ز رۆژنامەیەکی تایبەتمەندی رۆژانەی دوو لاپەرەی تایبەت بە (هەواڵ) بە ناوی (ریڤیۆ) لە بەریتانیا دەردەچوو، لاپەرەی یەکەمی بۆ هەواڵەکانی پەرلەمان ولاپەرەی دووەمی بۆ هەواڵەکانی رۆژ تەرخان کرابوو[1].

رۆژنامەی جۆرناڵ دیس ساڤانتس (journal Des savants) بە یەکەم رۆژنامەی ئەدەبی تایبەتمەند لە مێژووی فەرەنسا دادەنرێت، کە لە ساڵی ١٦٦٥ز دەرچووە[2].

یەکەم گۆڤاری منداڵانی تایبەتمەند لە ساڵی ١٨٣٠ز لە فەرەنسا دەرچوو بە ناوی (journal Desjeanes prsnnes) لە دوایئەویش رۆژنامەی (Le Semaindas Enfnts) بڵاوبۆوە. بەڵام لەو رۆژگارەی ئەوکاتی نرخی ئەم رۆژنامانە گران بوو، تەنها منداڵی سەرمایەدارەکان دەیانتوانی بیانکرن[3].

یەکەم رۆژنامەی وەرزشی تایبەتمەندی جیهانی لە بەریتانیا بە ناوی (زەنگەکانی ژیان) (Bells Life) کە لە ساڵی ١٨٣٨ز دەرچووە، ئەمە بە یەکەم رۆژنامەی وەرزشی جیهانی تایبەتمەند دەژمێردرێت پاشان ناوەکەی گۆراوە بۆ ژیانی وەرزش (Sporting Life)[4].

یەکەم گۆڤاری زانستی تایبەتمەند لە ساڵی ١٨٧٢ز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لایەن مامۆستایەکی کیمیا لە زانکۆی (هارفارد) دەرچووە بە ناوی (زانستە سەرەتاییەکان) (Popular Sciences) بە شێوەی مانگانە بڵاوبۆوە[5].

یەکەم رۆژنامەی تایبەتمەندی (جل و بەرگ) لە ساڵی ١٨٧٩ز لە پاریس بە ناوی نووسینگەی جل وبەرگ دەرچووە، کە پڕ بوو لە وێنەی جوان وسەرنجراکێش[6]

---

[1] - محمد كريم أحمد، رۆژنامەنووسی کوردی تایبەتمەند، رۆژنامەنووسی خوێندکاران لە باشوری کوردستان دا وەك نمونە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە،،زانکۆی سلێمانی، بەشی راگەیاندن، ٢٠١٠، ل ١٤.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

[3] –هەمان سەرچاوە، ل١٥.

[4] - د. حسين قەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٠-٧٢).

[5] - هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

[6] -. كمال مظهر، تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەی کوردیدا، (بەغدا: چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٧٨)، ل٢١.

له ساڵی ١٨٩٢ز له میسر یەکەم گۆڤاری مانگانەی تایبەتەندی ژنانی لێدەرچووە به ناوی گۆڤاری کچ (مجلة الفتاة)، ئەمەش له لایەن ژنێکی لوبنانی دەردەچوو به ناوی (هند نوفل)، ناوەرۆکی بابەتی ژنانەی تابەت به زانست، مێژوو، ئەدەب، بابەتی تەنز بوو، پاشان گۆڤاری (فیردۆس) دەرچوو که خاوەنەکەی (لویزا حبالین) بوو، له ساڵی ١٨٩٦ز له قاهیرە دەرچووە که گۆڤارێکی مانگانەی خێزانی بوو، دوور بوو له هەموو بابەتێکی زانستی[1].

## دووەم: ئاستەکانی رۆژنامەگەری تایبەتمەند:

گۆڤار ورۆژنامە تایبەتمەندەکان دەکرێن به چەند ئاستێکەوە:[2]

ئاستی یەکەم: رۆژنامەی تایبەتمەندی رۆژانەی گشتی وگۆڤاری هەفتانەی گشتی که ئاراستەی خوێنەری ئاسایی دەکرێن، لەسەر بوارە جۆراو جۆرەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، وێژەیی وزانست وفکری وئاینی.

ئاستی دووەم: رۆژنامەی تایبەتمەندی هەفتانە ومانگانەکان، بابەتەکانی ئاراستەی چینی رۆشنبیری مامناوەندی دەکرێت، که رۆژنامەی رۆژانە وهەفتانە ومانگانە پێداویستییەکانیان تێر ناکەن.

ئاستی سێیەم: [3] بریتین له رۆژنامەی زانستی تایبەتمەند، لەو گۆڤارانەی مانگانە یان وەرزانە، یان ساڵانە دەردەچن که هەڵدەستن به بلاوکردنەوەی توێژینەوە ودیراساتی نوێ ئەو گۆڤارانە بابەتی تایبەتمەند ئاراستەی هەڵبژاردەی تایبەت دەکرێت که ئاستی رۆشنبیریان بەرزە، وەك: گۆڤاری پزیشکی، ئەندازیاری، یاسایی، کشتوکاڵی وبیر وهونەر و وێژەیی وراگەیاندن.

له کتێبی (الصحافة المتخصصة) دا هاتووە:[4] ئێمە له چەرخی رۆژنامەگەری تایبەتمەنددا دەژین، گەواهی زۆرە بۆ سەلماندنی ئەو راستیە، بۆ نمونە له ئێستا له فەرەنسا نزیکەی (٤٠) گۆڤاری تایبەت به کاروباری ژنان دەردەچێت که دەچنە خانەی رۆژنامەنووسی تایبەتمەندەوە، ئەوەش له کاتێکدایە که ئاستی رۆژنامە گشتییەکان له پاشەکشەدان به رێژەی (٣.٣٪) دابەزیوە له بەرامبەر ئاستی رۆژنامە تایبەتمەندەکان بۆ (١٠.٢٪) بەرز بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ریکلامەکانیش بۆ رۆژنامە وگۆڤارە تایبەتمەندەکان دەچن، به رێژەی (٣١.٢٪) له بەرامبەریشدا رێژەی ریکلام له رۆژنامە گشتییەکان ئاستی له خوار رۆژنامە

---

[1] - د. محمد منیر حجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٠.

[2] - د. فاروق أبو زید، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٨.

[3] - راز کەمال عەلی، گۆڤاری رۆژنامەنووسان، ژمارە٢، ساڵی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧٢.

[4] - د.فاروق ابو زید، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥

تایبەتمەندەکانەوەیە بە ڕێژەی (٢٢.٨٪). وە لە وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمریکاشدا نزیکەی (١٠٠٠٠) دە هەزار گۆڤار دەردەچێت لە نێوانیاندا (٨٠٠٠) هەشت هەزار گۆڤاری تایبەتمەندن. ساڵانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٢٠٠) دوو سەد گۆڤاری تایبەت دەردەچێت کە (١٦٠) سەد و شەست دانەیان لە بوارە جۆراو جۆرەکانی تایبەتمەندن.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامە وگۆڤارە تایبەتمەندەکان دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە: ڕۆژنامەگەری سیاسی تایبەتمەند[١]: کە ڕۆژنامە وگۆڤاری سیاسی تایبەتمەندی ناوخۆ ودەرەوە وڕۆژنامە وگۆڤاری سیاسی تایبەتمەندی یاسایی نێودەوڵەتی ومافی مرۆڤ وڕۆژنامە وگۆڤاری سیاسی تایبەتمەندی ئاینی وفەلسەفی وپەرلەمانی دەگرێتەوە[٢]، ڕۆژنامەگەری ژنانی تایبەتمەند:[٣] ڕۆژنامەگەری ژنان لە سەرەتای دەستپێکردنیدا کارێکی تاکە کەسی بوو، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەرییەوە لاپەرە تایبەتەکان لە گۆڤار وڕۆژنامە گشتییەکان دەربارەی گرفتەکانی ژنان هەبوون [4]. ڕۆژنامەگەری خوێندکاری تایبەتمەند:[٥]ڕۆژنامەنووسی خوێندکاری یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە بۆ خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن بە گشت قۆناغەکانییەوە دەردەچێت وهەر خۆشیان هەڵدەستن بە نووسین وچاپکردن ودەرهێنانی هونەری، تەنانەت دابەشکردنیشی بەسەر خوێندکاران وماموٚستایان، گرنگی دەدات بە کێشە وگرفتەکانیان وئامانجی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندکارانە[٦]، چەندین جۆری ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەندی خوێندکاران هەیە

وەك: [٧] ڕۆژنامەنووسی دیواری، وڕۆژنامەنووسی وێنەدار (هەڵفڕ)، وڕۆژنامەی چاپکراو، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی.

---

[١] - د. عبدالرزاق علی الهیتی، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

[2] - د. محمد منیر حجاب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١.

[٣] -د.عبدالرزاق علی الهیتی، سەرچاوەی پێشوو، ص٨١-٨٢.

[٤] -د. سید احمد مصطفى عمر، الاعلام المتخصص،(لیبیا: منشورات جامعة قار یونس بنغازي، ١٩٩٧)، ص٢٢٢.

[٥] -محمد کریم احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[6] - سمیرمحمود، الصحافة المدرسیة الآسس والمبادي و التطبیقات، ط٢، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزیع، ٢٠٠٠)، ص٢٥.

[٧] - نەژاد عزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لە بارەی تەکنیك وهونەرەکانی، چاپی یەکەم، (هەولێر: بێ دەزگای چاپ. ١٩٩٩)، ل٩٥.

## سێیەم: ئەرکەکانی رۆژنامەگەری تایبەتمەند:

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند جگە لەوەی کە ئەرکی رۆژنامەنووسی گشتیشی هەیە لە هەمان کاتدا چەند ئەرکێکی دیکەی تایبەتی لە ئەستۆدایە لەوانە:[1] ناساندنی زانا وداهێنەرە دیار وناودارەکان، گەیاندنی هەواڵی پێشهاتە زانستییەکان، گڕوتین دان بە پرۆسەی گەشەکردن، و وەبیرهێنانەوەی کەلتوری زانستی، دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ وچارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژانە، بلاوکردنەوەی بیر وتێروانینی زانستی، بلاوکردنەوەی وشیاری وپێدانی مەعریفە بۆ جەماوەر.

یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی رۆژنامەگەری تایبەتمەند کات بەسەربردنە[2]، کە توێژەر لە پار وبەشەکانی دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکات.

دکتۆر عبدالرزاق علي الهيتي، ئاماژەی بە چەند ئەرکێکی رۆژنامەگەری تایبەتمەند کردووە کە بریتین لە ئەرکی[3]: ڕۆشنبیری، گاڵتەوگەپ، خستنە ڕووی هەواڵ وزانیاری ڕاست وڕەوان، سوودی زانستی، پەروەردەیی وڕۆشنبیری، گەشەپێدانی توانا زهنییەکان، بیرۆکەی نوێگەری وفراوانکردنی ئاسۆی زانیارییەکان، بوار ڕەخساندن لەبەردەم پسپۆران وتایبەتمەندان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خوێنەران، گەشەپێدانی تایبەتمەندی تاکەکان، گەشەپێدانی شێوازەکانی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە.

## چوارەم: ڕۆژنامەگەری تایبەتمەندی تەنز:

ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەنددابەشدەبێت بۆدوو بەش:[4]

یەکەم: ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند: کە پەیامەکەی ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات وەك: ژنان، مندڵان، لاوان،خویندکاران، ....هتد.

دووەم: ڕۆژنامەگەری گشتی تایبەتمەند: کە پەیامەکانیان تایبەتمەندن بەلآم جەماوەری وەرگریان گشتییە، وەك گۆڤاری تایبەتمەندی وەرزشی، هونەری کاریکاتێری، ئەدەبی، سیاسی، تەندروستی.

ڕۆژنامەگەری تەنز هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە زیاتر سیاسی بوو، ئەمەش بەمەبەستی رەخنەگرتن لە کارە سلبیەکان، زۆرجار لە ململانێ نێودەوڵەتییەکانیشدا

---

[1] - راز كمال علی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

[2] - د.سعاد جبر سعيد، سيكولوجية الآتصال الحجاهيري، (الاردن: عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨)، ص٧٣.

[3] -د.عبدالرزاق علی الهيتی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧-١٨.

[4] - د.السيد احمد مصطفى عمر، الاعلام المتخصص، (ليبيا: منشورات جامعة قار يونس، ١٩٩٧)، ص٢٧-٢٨.

**بەکارهاتووە، بۆنموونە ڕوسیا بەناو بانگ بوو لە دروستکردنی نوکتەی سیاسی بەرامبەر ئەمریکییەکان[١].**

**تەنز وگاڵتە وگەپ تەنانەت رەخنەکانیشیان جۆرێکە لە ئارامی بەخشین بە خوینەران، کاریکاتێرە تەنزییەکان دەربارەی کەسایەتییە سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتییە بەناو بانگەکان جگە لە کاتبەسەربردن ئەوا کاریگەری رۆشنبیری وسۆزداری ورەفتاری لای وەرگر دروست دەکات، بویە گوڤارە تەنزییەکان بەشێکن لەگوڤارە پرخوێنەرەکان لەجیهاندا [٢].**

**ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراقیشدا بە رەخنەی تەنز ئامێز و وتار وکۆمێنت و وێنە کاریکاتێرەکانی هەمیشە چەکێك بووە بەردەوام رووبەرووی دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵ کراوەتەوە، هەروەها ڕۆژنامەگەریی تەنز لە پاڵ رۆژنامەگەری سیاسی وئەدەبی وڕۆژنامەکانی دیکە لەعێراق بۆتە بەربە ستێك لە بەردەم گەندەڵی بە شێوازی ڕەخنەگرتنی تەنزی بوێرانە[٣].**

**لە کوردستان تاپێش ڕاپەڕین شتێکی وانەبووە وەك ڕۆژنامەگەریی تەنز، ئەمەش بەهۆی گەشەی کۆمەڵگای کوردی لەو قۆناغە وداگیرکردنی کوردستانەوە بووە، بەڵام لێرەولەوێ کەسی تەنزنووس هەبووە وەك پیرەمیرد، بەڵام لە پاش راپەرینی ١٩٩١ ڕۆژنامەگەریی تەنز دەرکەوتووە، ڕەخنە تەنزەکانی ئاراستەی گەندەڵی وباری سیاسی کردووە بۆیە، کارکردن لە ڕۆژنامەی تەنز سەرئێشەی زۆری تێدایە وپێویستی بە پشوو دریژی زۆر هەیە[٤].**

**توێژەر لە بەش وپارەکانی تری توێژینەوەکەدا بەدرێژی باس لە چەمك وپێناسە وئەرك وسەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی تەنز دەکات.**

---

[١] - مومتاز حیدەری، نوسەر ورۆژنامەنووس، چاوپێکەوتنی توێژەر، هەولێر، کات (١١)ی پێشنیوەڕۆ، لە ٢٠١٢\٣\٧.

[2] - د.حسینی قەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

[٣] - د.حمدان خضرسالم، الصحافة السخرية والفكاهة فی العراق، (بغداد: دار الشؤون الثقافة، ٢٠١٠)، ص٥.

[٤] - د.شێرکۆ عبدللە،،سەرنووسەری گوڤاری (سیخورمە)، چاوپێکەوتنی توێژەر، سلێمانی،(٤)ی پاش نیوە ڕۆ، لە ٢٠١٢\٥\٦.

# پاری سێیەم: چەمك وپێناسەی تەنز

## یەکەم: زاراوەی تەنز

سارتەر دەڵێت: تەنز بزە وپێکەنینێکی توانجی گاڵتەجاڕانەیە کەشێکی شاراوە وئاڵۆز وپێکەنیناوییە[١].

دیفو دەڵێت: تەنز ئامرازێکە بۆ پاککردنەوە وچارەسەرکردنی کەسەکان لە نارەحەتی[٢].

لە فەرهەنگی گۆڤەند وزناردا دەربارەی تەنز هاتووە کە بە چەندین واتا هاتووە: **طنزکردن**، تەوسکردن، گاڵتەپێکردن، نازکردن، خۆ نواندن)[٣]. لە فەرهەنگی (شیرین)دا هاتووە[٤]: فکاهە واتە هزل، مزاح، گاڵتە، شۆخی.

لە قاموسی (**للمصطلحات الاعلامية**) تەنز بە (**فكاهة**)، بە Humor یان Humour هاتووە[٥].

ڕۆژنامەگەری تەنز ئامێز بە (**الصحافة الساخرة**) وە (News Paper cartoon) هاتووە[٦].

لە فەرهەنگی (**الهدية الحميدية في اللغة الكردية**) (ترانە) و (حەنەك) بەرانبەر (**الطنز**) و (**الطرافة**) نووسراوەتەوە[٧].

لە فەرهەنگی فارسی-کوردیدا وشەی تەنزکردن بۆتە (تەعن لێدان، تڕانەکەر)[٨].

لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەرانبەر تەوەز وحەنەك قسەی گاڵتە وبەرانبەر تەوس وقسەی تێکوڵ وتیز وتانە (**الطعنة**) دانراوە[٩].

وشەی تەنز لە ڕووی زمانەوانییەوە لە بنچینەدا وشەیەکی عەرەبییە (طنز)، بەڵام زیاتر ئێرانییەکان بەکاری دەهێنن، عەرەب لە بری ئەوە ئەدەبی گاڵتەجاڕ (ساخر) بەکاردێنێت

---

١ - ڕۆیا صدر، سەرچاوەی پێشوو، ص٦.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ص٧.

[٣] - حمە کریم عارف، فەرهەنگی گۆڤەند وزنار، فارسی-کوردی، ( هەولێر: دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦)، ٢٠٠٦)، ل٨٨.

[٤] - فازیل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ (عەرەبی-کوردی)، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەرئەم، ٢٠٠٧)، ل٨٦٠.

٥ - د. محمد محمود فريد عزت، القاموس للمصطلحات الأعلامية، انجليزي-عربي، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢)، ص١٣٢.

٦ - هەمان سەرچاوە، ل١٣٣.

[٧] - ئەحمد محمد مام عوسمان، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری کوردیدا، ١٠٢٥-١٩٧٠، نامەی دکتۆرای بلاونەکراوە، پێشکەشکراوە بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی صلاح الدين، هەولێر، ٢٠١٠، ل٨ -٩.

[٨] - مسعود گولی، فەرهەنگی گولی (فارسی-کوردی)، (هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢)، ل٢٧٤.

[٩] - هەژار، هەنبانە بۆرینە- فرهنگ كردی- فارسی (ی تا س)، (تهران: انتشارات صداو سيمای جمهوری اسلامی ايران، ١٣٦٨)، ل٦٧٠.

کەئەورووپیەکان پێی دەڵێن ساتیر یان سەتایەر یان ساتیرە، کە جادە وکۆلانی زۆر لێدەبێتەوە کە مرۆڤ تێیدا بزر دەبێت[1].

تەنز بەواتای گەپ، تەشقەڵە، پلار وتوانج، لقوز، نقورچك، قورنجك، لە سلێمانی بە لاقرتی و لەخانەقینیش بە تیز بەکاردەهێنرێت[2].

ئەوانەی کە بابەتی (ئایرونی سوکراتی)یان نوسیووە هەر بە (تەنزی سوقراتی)* یان ناوبردووە[3].

**دووەم: چەمکی تەنز:**

شێوازی تەنز زیاتر ئەو بابەتانە دەگرێتە خۆی کە دەسەلات یان داب ونەریت دەرفەتی دەربڕینی ڕاستەوخۆیان پێ نادات، تەنزنووس لە پەردەدا ناڕاستەوخۆ دەیاندرکێنێت ولە تەنگژەدا دەربازبوون بۆخۆی دێڵێتەوە، هەر بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی لەبارەی داب ونەریتەوە داخراوترن، بەو مانایەی کە عەیب و عار وڕووبینی لەواندا پترە، مەیدانی تەنزنووسان ئاوالاترە (وەك ولاتانی خاوەن فەرهەنگی ڕۆژهەلاتی) هەروەها لەو ولاتانەی ئازادی بیروڕا وڕادەربڕین کەمە، تەنزنووس دەتوانێت بەشێك لەو بابەتانەی سنووری سوریان لەدەوردا کێشراوە وەك هەوێنی تەنزەکان بەکاریان بێنێت ولە پەردەدا بیانخاتە بەر ڕەخنە وتەنزی بەتامیان لێبخولخقێنێت[4].

گاڵتە وگەپ یەك لە خەسڵەتەکانی تەنزە، گاڵتە وگەپ بەشێکی زۆری دەچێتە خانەی ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە، بەلام کاتێك دێتە ناو ڕۆژنامەوە وەك جۆرێکی خۆشی بەخشین تێکەڵ بە هونەرەکانی سەرگەرمکردن دەبێت[5].

---

[1] - د. شێرکۆ عبداللە، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆیەکی هەفتانەی ڕەخنەیی دەدەبی ڕوناکبیری یە، ژمارە (٣٠٢)، چاوپێکەتن هەرێم عوسمان. ٢٠١٢/٣/٢٧، ل٤.

[2] - د. ابراهیم قادر جاف، سەرۆکی بەشی کوردی لە زانکۆی صلاح الدین، کۆلێژی بنەڕەتی، چاوپێکەوتنی توێژەر لە ٢٠١٢/١/٢٦.

* - سوکرات لە گفتوگۆکانی پەنای دەبردە بەر تەنز، شیکاری شێوازەکانی دیالۆگی سوکراتیدائەو شێوە دیالیکتیە سوکراتیە بەباشترین وکاریگەرترین شێواز زانراوە بۆ هەژاندنی بەرامبەری پێوەندداني بە ڕاستیەوە، بۆیە تەنزی (شوێن کاتی) داهێنا کە بەهۆی گفتوگۆوە پەردەی هەڵئەماڵی لە سەرئەوانەی درۆیان دەکرد، دوایئەویش تەنزی دیالیکتیکی داهێنا کە دەچووە چوارچێوەی (خۆگێلکردنی زانا)، ئەمە بە تەنزی گفتوگۆی سوکراتی ناسرا، کە لەگفتوگۆکاندا سەرەتا سوکرات وای نیشان دەدا کە هیچ نازانێت.

[3] - ڕۆیا صدر، تەنزی سوقراتی، رگێڕان ج. قەقنەس، - هەولێر، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٨٠، ئاداری ٢٠٠٤، ل٧٣.

[4] - سمایل قاسمی، (هەولێر: دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧)، ل٧.

[5] - هە ڤاڵ ابو بکر حسەین، چەشنە ئەدەبی ورۆژنامە نوسییەکان ورەنگدانەوەی لە ژیان وژیندا، (١٩٣٢-١٩٥٠)،( سلێمانی: سلێمانی: بنکەی ژین،٢٠٠٧)، ل٢٨٦.

جیاوازی تەنز لەگەڵ گاڵتە ئەوەیە گاڵتە تەنها بۆ بزەی لێوە وئامانجی تری نیە، جیاوازی تەنز لەگەڵ (فڕ)یش لەوەدایە (فڕ) هاوێشتن بە پێچەوانەی تەنز قسەی سووك وناو وناتۆرە بۆ دروستکردن وسوکایەتی پێکردنە[1].

جێگای ئاماژەیە کە تەنز وگاڵتە وتەوس، هەندێکجار ئەوەندە لێك نزیك دەبنەوە وتێکەڵ دەبن کە کێشانی سنوورێك لە نێوانیاندا کارێکی دژوارە وجیاکردنەوەیان ئەستەمە[2].

وە هونەری تەنزی وێنەی کاریکاتێری لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا، تەعبیر لە خۆی دەکات بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە ونووسینێك، ئەو شێوە وێنانە کەمتر بڵاودەبنەوە، بۆیە زیاتر پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت هەیە لەسەر وێنە کاریکاتێرییەکان[3].

هەروەکو دەوترێت لە لوتکەی تراژیدیادا کۆمیدیا لە دایکدەبێت، لە دنیای ئەمڕۆدا کە هیچ سیستەمێك ناتوانێت تەواوی دەرگاکانی ئازادی وئازادی ڕادەربڕین دابخات، هێشتا ڕەخنە وکاریکاتێر وتەنز لە بەرەو پێشچووندان، ئەمەش بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤە بەرانبەر ناعەدالەتی ودیاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەڵگە[4].

وە هونەری کاریکاتێر یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی رۆژنامەگەری تەنز، کاریکاتێر کە لەبنەڕەتدا لە وشەی (Caricatura)ی ئیتاڵیەوە هاتووە لە زارەوەی (Caricare) مانای زیادەڕۆیی دەگەینێت[5].

## سێیەم: پێناسەی تەنز ورۆژنامەگەری تەنز

تەنز بەو بەرهەمە ئەدەبییە ئەوترێت کە لە هەڵە وکەم وکوڕی دیاردە گەندەڵ وناپەسندەکانی کۆمەڵگە لەڕووی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوری وکەلتوری وژینگە وبوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی پێکەنیناوی باس دەکات[6].

تەنز پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە وخوێنەر ناچار دەکات بهێنێتە پێکەنین، بەڵکو ئامانجێکی بەرزتری هەیە ومەبەستێتی مرۆڤ لە قوڵایی ناتەواوی وگەندەڵی وخراپەکارییەکان ئاگادار بکاتەوە، کەواتە ئەو پێکەنینەی کە نووسینی تەنز بەرهەمی دەهێنێت پێکەنینێکی تاڵ ونائاساییە[7]

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٦.

[3] - د. شێرکۆ عبدالله، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٠٢ لە ٢٠١٢/٢/٢٧ چاوپێکەوتن: هەرێم عوسمان، ل٤.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٤.

[5] - هەڤاڵ ابو بکر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

[6] - د. شێرکۆ عبدالله، سە رچاوەی پێشوو، ل٤.

[7] - هەمان سەرچاوە، ل٤.

هەندێك نوسەر دەڵێن تەنز قاقای گریان وزیرۆهۆڕی پێکەنینە[1]، هونەرێکە دێتە ئاراوە بەناوی "تەوس و توانج و تەشەر" لەژێر حوکمە زۆردارەکاندا، بۆ روناککردنەوەی چرای زانست وبەدەستهێنانی ئاوات وهیوای گەلان[2].

تەنز سامانێکی نەتەوەیی وفۆلکلۆری ئەدەبی ونەتەوایەتی هەموو گەلانە، لە ئەنجامی چەوسانەوەی چینایەتی وسیاسی وکۆمەڵایەتی وخێزانی دەردەکەوێت[3].

بەمشێوەیە تەنز بەمانای تانە وتەشەرە وبە یەکێك لە شێوازەکانی دەربڕینی مەبەست دەگوترێت، کە قسەکەر بە زمانێکی شیرن وبزاوی وبە مەبەستی چاکسازی دەیدرکێنێت.

تەنز لە پەردەدا بابەتێك دەخاتە بەر ڕەخنە ئەگەرچی زۆرجار پێکەنینی تەنز بزەیەکی تاڵە وبە واتایەکیتر کوڵپی گریانە ونووسەر یان قسەکەر بەرگی پێکەنینی لەبەردەکات[4].

تەنز بەزمانێکی شیرین وبزاوی ڕەخنە دەگرێت وگەندەڵییەکان لە پەردەدا دەستنیشاندەکات کە ئامانجی چاکسازییە نەك شکاندنی لایەنی بەر ڕەخنە کەوتوو[5].

تەنز وەك دیاردەکانی دیکەی وێژە، هەڵقوڵاوی بیر و هزری ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا سەر هەڵدەدات، بە واتایەکیتر ڕیشەی تەنز لە فەرهەنگ وداب ونەریتی کۆمەڵدایە، هەر بۆیەشە تەنزی دوو کۆمەڵگەی جیاواز ودوور لەیەکتر لەبارەی فەرهەنگییەوە ئەوا بێگومان جیاوازی بنەڕەتیان دەبێت لەرووی فەرهەنگی بابەتە تەنز وگاڵەجاری ونوکتە وقسەی نەستەق، تام وچێژیشیان جیاوازن[6].

تەنز گوزارشتە لە توانایی وئامادەیی کەسایەتی وشت وشوێن وهەلۆیست بۆ وروژاندنی هەستەکان وسەرگەرمی وپێکەنین وشادی لە لای مرۆڤەکاندا، بەمشێوەیە هەستی گاڵتەجاڕی دەبێتە هۆی دروستبوونی کەشێکی زەریف وگاڵتەجاری، ئەمەش بە پلەی یەکەم

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٤.

[2] - م ڕۆستەم زادە (نامۆ)، ئێستای مرۆڤ، کاریکاتۆر، (هەولێر: لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری تاو، چاپخانەی موکریانی، ٢٠٠٩)، ل٦.

[3] - ممتاز حەیدەری، چاوپێکەوتنی توێژەر، هەولێر، کات ١١ی بەیانی، ٢٠١٢/٣/٧.

[4] - سمایل قاسمی، سیخورمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[5] - هەمان سەرچاوە، ل٥.

[6] - هەمان سەرچاوە، ل٥.

دەگەڕێتەوە بۆ ناسین وگوزارشتکردن لە تایبەتییە نامۆ ونائاساییی وشازەکان لە هەڵوێستێك یان کارێك یان کەسایەتیەکدا[1].

تەنز ڕێگەیەکە مرۆڤ دەتوانێت بەر هەڵستی ئازارە دەرەکییەکانی پێ بکات لەناو خودی خۆیدا، ئەویش بریتییە لە لەرەیەکی هەستەوەری بەشێوازێکی نارێك وڕاڕا، بەردەوام بۆ ڕابواردن وپێکەنین نییە، ئەوەندە ڕەشبینانە وئازار دەرە، تەنانەت جوانترین گۆرانییەکانیان زۆرترین ئێش وئازاری پێوەیە[2].

تەنز ئەوە دەرەخسێنێت لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە سەیری جیهان بکەین، گۆشە نیگایەك کە تێیدا پەیوەندییە ئاساییەکان دەپچڕێت، چونکە لە گەوهەردا ڕەخنەیەکی خەملێنراوی سەرتاپاگیرییە وسەرچاوەکەیشی عەقڵە[3].

وە لە ڕۆژنامەگەری تەنزدا پەند وقسەی نەستەقی کۆمیدی ئامێز وحکایەتی کۆمیدی ئامێز تەنها بۆئەوە نەوتراوە کە خەڵکی بخاتە پێکەنینەوە، بەڵکو زۆرجار مرۆڤی ئاسایی ئەم پەند وقسە نەستەق وحکایەتانە بۆئەوە دروستدەکات تاکو بتوانێت لە ڕێگەیەوە ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی سیاسەتمەداران بگرێت وئیحراجیان بکات و وێنەی راستەقینەیان بۆ کۆمەڵگا دەربخات[4].

دەتوانرێت بوترێت تەنز بۆ دوو مەبەست وتراوە: هەندێکیان تەنها بۆ پێکەنین وبزەبەخشین، هەندێکیتریشیان ڕێنیشاندەرە وڕاستکەرەوەی کەم و کوڕییەکانە[5].

ئامانجی ڕۆژنامەگەری تەنز ئامێز بریتییە لە ئاڕاستەکردن وکارکردن وڕۆڵگێڕانی وەك چاودێرێکی میللی کە هەڵەکان هەڵدەداتەوە وکاری هەڵە وگەندەڵکاران شەرمەزاردەکات[6].

ڕۆژنامەگەری تەنز کە بە درێژایی مێژوو ئاوێتەی کۆمەڵگەکان بووە، ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابورییان بووە، لە ئەنجامی ئاستەنگەکانی دەسەڵات

---

[1] - جبار احمد حسین، بنیای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، کوردستان -عێراق ١٩٧٠-١٩٩٠، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٢.

[2] - سەروەر حسن محمد، ملامح سریالیة في شعر أدونیس وصبا ح رەنجدەر، رسالة ماجستیر غیرمنشورة، کلیة اللغات ،جامعة سلیمانیة، ٢٠١٠، ص١٦٤.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص١٦٤.

[4] - هاوژین صلێوە، کاریکاتێر لە شیعرەکانی موحسین ئاوارە، گۆڤاری گەلاویژ، بنکەی روناکبیری گەلاویژ، هەولێر، ژمارە(٢)، ٢٠١١، ل٢٧٣.

[5] - هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣.

[6] - د. حمدان خضر السالم، صحافة السخریة والفکاهة في العراق ١٩٠٩-١٩٣٩، العراق، ٢٠١٠، ص١٥.

لەبەرانبەر ئازادییەکانی تاکدا نەشونما وگەشەی کردووە[1].

کاریگەری وشوێنەواری تەنز وگاڵتەجاڕی لە جنێودان ولێدان وزۆرانبازی بەهێزترە، چونکەئەوانە ئامراز وڕێگای مرۆڤی لاوازن یان مرۆڤی نەزانن کە توڕەیی لە هەستەوە دەگوازێتەوە بۆ دەمارەکانی، بەڵام پێکەنینێکی تەنز ئامێز کاریگەرییەکەی ئەوەندە بەهێزە کە وادەکات بەرامبەرەکەی هەست بە ئازارێکی قوڵ بکات[2]. ئامانج لە ئەدەبی گاڵتەجاڕی تەنها پێکەنین نییە)[3].

مەبەستی گاڵتەکار لە تەنزدا ڕەخنەگرتنە ودواتر پێکەنینە، چونکە نووسەری گاڵتەجار هەوڵدەدات وێنای مرۆڤ بەشێوەیەکی پێکەنیناوی بگرێت لە پێناو بەدیهێنانی مەبەست وئامانجێکی دیاریکراو لە گاڵتە کردنەکە، ئەمەش لە ڕێگای شێواندنی کەسایەتی مرۆڤێکەوە دەبێت[4].

تەنز لە قسەکردندا بە مانای تانە لێدان، سەرزەنشتکردن، پێکەنین، ناولێنان، ڕەمزدانان لەسەر شتێك، نازکردن بەسەر کەسانێکدا دێت، لە ناو جۆرەکانی ئەدەبیشدا شێوازی ڕەخنەگرتنە لە کەم وکورتییەکان ، لە (هجو) نزیکترە بەڵام لە شێوازێکیتردا مانای (هجو) نادات، بە شێوەیەکی باشتر کاری لەسەر دەکات، تەنز بریتییە لە شێوازی تایبەت لە نووسیندا[5].

تەنزی ڕۆژنامەش تەنها ئامانجی پێکەنین وخۆشی بەخشین نییە، بەڵکو ئامانجەکە قووڵتر وگەورەترە، ئەو جۆرە ڕۆژنامەیە ڕەخنەگرە و ئازاردەرە وبریندارکەر و واقعییە بەڵام بەشێوەی تەنز ئامێز [6].

هەر لە بارەی تەنزەوە دەوترێت:[7] لەوانەیە ئەو شتە پوخت وجوانانە وەك شتە پوختەکانی دیکە بێت، کە هەر بەر ڕوناکی کەوت هەڵبوەشێتەوە ونەمینێت.

---

[1] - رند زهير السلامي، الصحافة الساخرة في العراق (جريدة الكاروك انموذجا)، جامعة بغداد، كلية الاعلام، دراسة غير منشورة، ٢٠١٠، ص١.

[2] - سالم صباح محمود، الصورة السياسية الساخرة في الشعر احمد مطر، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة الصلاح الدين، كلية الاداب، اربيل،٢٠٠٧، ص٨.

٣ - يوسف سدان، الأدب العرب الهازل ونواد والثقلا، (،بغداد: منشورات الجمل،٢٠٠٧)، ص١٢.

٤ - محمد ساهی عواد المياحی، الصحافة الساخرة في العراق بعد ٢٠٠٣/٤/١٩، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة بغداد، كلية كلية الاعلام، ص٨.

٥ - رؤيا صدر، بيست سال باطنز، ايران، انشارات هرمس، ، ١٣٨١، ص١-٦.

[6]- سایتی www.aliraqnews.com ڕۆژی سەردان ٢٠١٢/١/١٥ .

7 - سمايل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

بۆ تەنز دەوترێت: بریتییە لە ئاگاداربوون لە گاڵتەجاڕییەکان وسوکایەتیکردن یان بە کەم سەیرکردنی سەرجەم زاراوەکان بەشێوەیەك کە ناتوانرێت لێیان لابدرێت، ئەوا بریتییە لە یاخیبوون لە سیستمی باوی کۆمەڵگا، هەر بۆیە گاڵتەجاڕی لەسەردەمی (فرۆید)دا بریتیبوو لە گۆڕینی خەمۆکی کەسەکان، چونکە ویستی (من) ئاڕاستە دەکات بۆ ئازاد بوون لە واقیع[1].

## چوارەم: تەنزی وێنەیی(کاریکاتێری)

داهێنانی کاریکاتێر بە مانا سنوردارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خیزانی (کاراتشی)ئیتالی بە تایبەتی دەنیبالّ کراتشی لە(١٥٦٠-١٦٠٩ ز)دا، ناوبراو دژی ڕەوتی ئایدیای کلاسیك بوو[٢].

هونەری (تەوس وێنە) یان کاریکاتێر ڕۆڵێکی گرنگی لە سەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوەی ولاّتاندا بینیوە[٣].

### جۆرەکانی تەنزی وێنەیی(کاریکاتێری)

تەنزی وێنەیی چەندین جۆری هەیە لەوانە:

١-کاریکاتیری سیاسی: گرنگترین جۆرەکانی کاریکاتێرە کە چارەسەری بابەتێکی راستەوخۆی سیاسی دەکات یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ بابەتێك دەکات کەپەیوەندی بە سیاسەتەوە بێت[٤].

ئەوەی زانراوە دەرکی کاریکاتیری سیاسی گوزارشتەکردنە لە هەڵوێستی سیاسی لە ڕێگای تابلۆ سادەکانیەوە وکاریگەری دروستکردنە لە سەر خوێنەر لە ڕێگای وێنە کۆمیدییەکانەوە[٥].

٢-کاریکاتیری کۆمەڵایەتی: ئەم وینە ونیگارە تەنزانەیە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەردەکات، وەك کێشەکانی تەڵاقدان وژنهێنان وفێربوونی خواردنەوە وبارودۆخی فەرمانبەران ...هتد[٦].

٣- تەوس وێنەی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە: باس لە گیروگرفتەکانی ڕۆژانەی خەڵك دەکات[٧].

---

1 - سەروەر حسن محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٥.

٢ - د.ابراهیم فواد الخصاونة، الصحافة المتخصصة، (عمان: دارالمسيرة للنشروالتوزيع والطباعة، ٢٠١٢)، ص٢٢٣.

٣ - م. روستەم زادە (نامۆ)، کاریکاتۆرەکان، ئێستا مرۆڤ، (هەولێر: لە بلاّوکراوەکانی گۆڤاری تاو، چاپخانەی موکریانی، ٢٠٠٩)، ل١٠.

٤ -د.ابراهیم فواد الخصاونة، ،سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٤.

٥ - عبدالقادر ياسين، الصحافة سيف ودرع، (القاهيرة: مكتبة جزيرة الورد، ٢٠١٠)، ص٥٦.

٦ - د.ابراهیم فواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٤.

٧ - م. روستەم زادە (نامۆ)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

**٤-تەوس وێنەی فەلسەفی:[١] هەڵوێستی هونەرمەندە سەبارەت بە بۆچوونی گرفتە فەلسەفیەکانی پێشوو وئێستا وداهاتوو، ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیاکانی دەسەڵاتداری هەنوکە دەگرێت، ئەم جۆرە کاریکاتیرە بابەتە فەلسەفییەکان دەگرێتە خۆی یاخود چارەسەری حاڵەتێکی دەروونی ناوخۆی مرۆڤ دەکات[٢].**

**٥-کاریکاتیری گاڵتەوگەپ:[٣] ئەو جۆرە وێنە کۆمیدییە کە دوورە لە ڕەخنەگرتن، ئامانجەکەی تەنها وروژاندن وپێکەنینە، هیچ مەبەستێکی دیکەی نییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی وسیاسییەوە.**

**٦-کاریکاتیری ڕووخساریی-(پۆرترێتی)[٤]: ئەوجۆرە وێنەیە ڕووی مرۆڤ دەخاتە ڕوو بە شێوازی کاریکاتیری کە زیادەڕۆیی تێدایە، ئەمەش بەدەرخستنی وێنە وشێوە وسیما دیارەکانی ڕویان[٥].**

**فەیلەسوفی ناسراو (برتراند راسل) دەڵێت کاریکاتێر بەزۆری لە بواری وێنەکێشان بەکاردێت، شتێکە ئاماژە بە شێوازێکی پێکەنیناوی دەکات، لەکاتی دەرخستنی سیمایەك یان چەند سیمایەکی دیاریکراو لە کەسایەتییەك یان بیرێکدا، لە زۆر کاتدا شێوانەکە گەورە کراوە، بە جۆرێك ئامانجەکە دەبێتە مایەی سوکایەتی پێکردن نەوەك گاڵتە کردن[٦].**

**هونەری وێنەی کاریکاتێری لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا بە تەنها تەعبیر دەکات بەبێ پێویستی ڕوونکردنەوە ونووسینی وەك کۆمێنتی بۆ بنووسرێت، هەندێکیتر لە وێنە تەنزییە کاریکاتێرییەکان پێویستی بە ڕوونکردنەوە نوسینێکی کورت هەیە لەسەر وێنە کاریکاتێریەکاندا[٧].**

## پێنجەم: چەمکی پێکەنین وەك دەرخەرێکی تەنز

**ئەرستۆ دەڵێت: لە نێوان هەموو گیانلەبەراندا تەنها مرۆڤە کە دەتوانێت پێبکەنێت[٨].**

**هەر دەربارەی پێکەنینە گاڵتەجاڕییەکان (برگسۆن) دەڵێت: پێکەنین دەبێتە هۆکارێك تاوەکو کۆمەڵ بەهۆیەوە بتوانێت لە دژی زۆردارەکان تۆڵە بسەنێتەوە، (ئەفلاتون)یش**

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ل١١.

[٢] - د.ابراهیم فواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٤.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ص٢٢٤.

[٤] -هەمان سەرچاوە، ص٢٢٤.

[٥] - هەڤاڵ ابو بەکر حسەین، ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

[٦] - جبار احمد حسین، سەرچتوەی پێشوو، ل٣١ .

[٧] - د. شێرکۆ عبداللە، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٠٢ لە ٢٠١٢/٢/٢٧ چاوپێکەوتن: هەرێم عوسمان، ل٤.

[٨] - رۆیا صدر، سەرچاوەی پێشوو، ص١.

پێیوایە پێکەنین دەربڕینێکی ئاوێتەیە لە خۆشی وناخۆشیدا، چونکە جاری وا هەیە مرۆڤ لەناو خودی خۆیدا نارەحەتە، بۆیە پێدەکەنێت[١].

(فولتێر)دەربارەی پێکەنین دەڵێت[٢]:لە پێکەنیندا بەردەوام چێژ دەدۆزیتەوە.

مۆلیر پێیوایە [٣]: ئەهلی پێکەنین بەرز ودڵ پاکن.

ئارەزووی وروژاندنی پێکەنین ڕەگ وڕیشەی قوڵی لە سروشتی مرۆڤایەتیدا هەیە، ئەم خاسیەتەی مرۆڤ بەهرەیەکی زگماکە، دواتر لە ڕێگای ناوەرۆکی ئەدەب وهونەری تەنزەوە توانرا خەڵك بە پێکەنین بهێنرێت[٤].

دەربارەی گاڵتەکردنی پێکەنیناوی لە پێغمەری خودا (د.خ)دەگێرنەوە[٥]: جارێك پیرێژنێك لە (انصار) وتی: ئەی پێغمبەری خوا دوعای باشم بۆ بکە خوا لێم خۆش دەبێت، پێغمبەر (د.خ) پێی وت: بۆ تۆ نەتزانیوە کە پیرەکان ناچنە ناو بەهشت! پیرێژن قیژاندی، پێغەمبەر(د.خ) زەردەخەنەی گرت و وتی: ئایا تۆ قورئانت نەخوێندۆتەوە؟ کە خوای گەورە فەرموویەتی:

"إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاءً فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا، عُرُبًا أَتْرَابًا "

ماناکەی: ئەو حوریانەمان بەتایبەت بۆ دروست کردون، کردوومانن بە هەمیشە کچ، هاوسەرەکانیان زۆر خۆش دەوێت هەموویان هاوتەمەنن.*

## شەشەم: جیاوازی لەنێوان تەنز وگاڵتەوگەپدا(فکاهة):

زۆرجار خوێنەران تەنز وگاڵتە وگەپ لە گەڵ یەکتر تێکەڵ دەکەن، ڕەنگە توانای جیاوازی پێکردنیان ئەستەم بێت کاتێك کە لە بارودۆخێکی پڕ لە خۆشی وپێکەنین بن ولەسەر زمانیان جۆرەها نوکتە دێتە دەر کە ڕەنگە هەر بۆ مەبەستی پێکەنین بێت، ڕەنگەئەوەش گاڵتەو گەپ بێت، یان مەبەستی بریندارکردن وداغکردن بێت ئەوەش گاڵتەکردنە، لێرەدا تەنز هەردوو مەبەستەکە کۆ دەکاتەوە[٦].

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ص٢ .

٢ - سمير شيخانى، موسوعة الضحك العالمية، (بيروت: مؤسسةعزالدين للطباعة والنشر، ١٩٨)، ص٧.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ص٧.

[٤] - محمد ساهى عواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٨.

٥ - أبى الحسين على بن حمد بن حبيب الماوردى البصرى، أدب الدونيا والدين، (دمشق: شركة دار الأرقام بن ابى الأرقام للطباعة والنشروالتوزيع،د.ت)، ص٤٥٠.

* - سورەتی (الواقعه) ئایەتی (٣٥، ٣٦، ٣٧) بروانە بورهان محدامین، تەفسیری ئاسان، چ٢( هەولێر: دەزگای رۆشنبیر،٢٠٠١)، ل٥٣٥.

٦ - محمد ساص عواد المياحي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠.

**لەو جۆرە نوکتانەش کە بۆ خۆشی بڵاوبۆتەوە، لەسەر زمانی یەك لەوانەی زۆر (مەی) دەخواتەوە دەگێرنەوە: ڕۆژێك کەسێك بە یەکێکی مەی خۆری وت:[1] مەی خۆکوشتنێکی لەسەرخۆیە، مەیخۆرەکە وەڵامی دایەوە و وتی: بۆ دەتەوێ بەپەلە خۆم بکوژم؟!، هەر لە نوکتە گاڵتەجاڕییەکان کە لەسەر زمانی یەك لە میرەکان وتراوە: ڕۆژێك دەگاتە کابرایەکی غەریب کە زۆر لە میرەکە دەچێت، میرەکە لێی دەپرسێت ودەڵێت: ئایا دایکت پێشتر لە کۆشکی پاشایەتی بووە؟ کابرای غەریب بە لێهاتووی خۆی وەڵامی دەداتەوە ودەڵێت: نەخێر میرم باوکم ماوەیەك لە کۆشك بووە! ئەم نوکتەیە ئەگەر لە یەکێك لە دانیشتنەکان گێڕدرایەوە بەمەبەستی پێکەنین ئەوە بە گاڵتەوگەپ دادەنرێت (الفکاهة)، بەڵام ئەگەر بەڕاستی ڕوویدابێت لە دانیشتنێکدا، ئەوە ئەو کەسە بە گاڵتەجاڕ ناو دەبرێت، بۆیە پێی دەوترێت تەوس، یان تەنز (سخریە)[2].**

**هەروەها لەسەر زمانی ئەکتەری گاڵتەجاڕ (شارلی شابلن) دەگێڕنەوە کە پرسیاریان لێکردووە دەربارەی ژنی باش لە جیهاندا، لە وەڵامدا دەڵێت: دوو ژنی باش لە جیهاندا هەیە، یەکیان مردووە، دووەمیان ونبووە، بەمجۆرە دەبینین هەر کاتێك دەبێتە هۆی پێکەنین ئەوە گاڵتە وپێڕابواردنە، بەڵام لێرەدا دەبێتە دوو بەش[3]:**

**یەکەمیان: هیچ ئامانجێکی نییە تەنها بۆ پێکەنین نەبێت ئەوە پێیئەوترێت گاڵتە وگەپ (فکاهة).**

**دووەمیان: ئامانج دارە و ڕوونە، ئامانجەکە دیاریکراو دەبێت یان لە کاتی وتنی نوکتە کەئەویش تەنز(تەوس) ولێدانە.**

## حەوتەم: زاراوە هاوشێوەکانی تەنز

**١- ساتیرا- Satire:**

**ساتیرا زاراوەیەکە بە هەر کارێکی ئەدەبی یان هونەریئەوترێت کە ئامانجی گاڵتە پێکردن بێت[4].**

**بنچینەی زاراوەکە لە وشەی satira و satura ی زمانی لاتینییەوە هاتووە، کە سەبەتەیەکی پڕ لە میوەی هەمە جۆر بووە پێشکەش بە یەکێك لە خواوەندەکانی کشتوکاڵ دەکرا[5].**

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص١٠.
[2] - هەمان سەرچاوە، ص١١.
[3] - هەمان سەرچاوە، ص١٠.
[4] - جبار احمد حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.
[5] - هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

ساتیرا ڕەخنەگرتنە لە کەم وکورتییەکانی تایبەت بە مرۆڤ لە پێناوی ڕاست کردنەوەیاندا، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەم ڕەخنەگرتنەش ئەوەیە هونەری تێدا بێت[1]، ئەم هونەرە شێوەیەکە لەشێوەکانی هونەری داشۆرین وگاڵتەجاری، بەڵام لێرەدا نوسەر بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕەخنە وپلارەکانی پێشکەش دەکات [2].

نوسەر لە ساتیرادا هەوڵدەدات هەموو ئەو ئازار ومەینەتیانەی کە لە ناو دەروونیدا پەنگی خواردووە بە کەسی بەرامبەری بگەیەنێت، مەسەلەکە گەورە دەکات وکۆمەڵێك وشە وڕستەی پڕ لە جنێوکاری بەکاردێنێت، ساتیر پەیوەندی بە هەست وسۆزەوە هەیە ولە ئەنجامی گرێیەکی دەروونی سەر هەڵدەدات، ساتیر سەرەنجامی ڕق و کینەی کەڵەکە بووە لە کاتی دەمارگرژیدا دەگاتە حاڵەتی کامڵبوونی بۆیە خاوەنەکەی دەگاتە ئەوەی زیادەڕۆیی لە دەربڕینەکانیدا بکات[3].

شاعیری کورد گۆران دەڵێت:[4]

ئەم عیراقە
دورگەی واق واقە
سەری ساباقە
بنی وڕاقە
هەم جێی نیفاقە
هەم بێ تفاقە
پایەی وەك فاقە
بۆ واقە واقە
کام گەورەی تاقە
کەری دوو لاقە!

بەم شێوەیە ساتیر بەشێوەیەکی هونەری تەواوی ناشرینی وخراپییەکان نیشان دەدات، ئەگەر لە ناوەوەی مەسەلەکەشدا چاکە وجوانیش هەبێت ناهێڵێت دەربکەون وبە وێنە

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

[2] - هەڤاڵ ابوبکر،،سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

[3] - ئەحمد محمد مام عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[4] - دیوانی گۆران، لەبلاۆوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد لە عێراق، ب١، کۆکردنەوە وئامادەکردن وپێشەکی: محمدی ملاعبدالکریم، (بغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠)، ل٣٦٩.

ناشرینەکانی ڕووپۆشیان دەکات[1]. ساتیر زیاتر لە بارەی خەوش وهەڵە وکەم کورتییەکانی کەسێك یان گروپێك دەدوێت[2].

٢- ئایرۆنی:

وشەی ئایرۆنی یان(ئیرۆنی) لە بنچینەدا لە وشەی (Eronia)ی یۆنانی وەرگیراوە کە بۆ وەسفکردنی شێوازی ئاخاوتن کارەکتەرێکی کۆمیدی دێرینی یۆنانی بەکار هات، کە ناوی (Eiron) بووە وخاوەن کەسایەتیەکی لاواز وبێتوانا وپیسکە وفێڵباز بووە[3].

ئایرۆنی هونەرێکە بۆ دەربڕینی وشە وڕستەکانی کە دوو واتا دەبەخشێت یەکیان ئاشکرا وڕووکەشە، دووەمیان ونە وشاراوەیە بەڵام مەبەستەکەی ڕاستەقینەیە، لە زۆربەی دەقەکاندا ئەم دوو واتایە پێچەوانەی یەکترن، هەندێکجاریش ئایرۆنی واتە گوزارشتکردن لە دیاردەیەك بە پێچەوانەی خواستی دیاردەکە، بۆ نمونە کەسێك کارێکی نەشیاو دەکات پێی ئەوترێت ئافەرین، یان دەستخۆشی لێدەکرێت، یاخود ئایرۆنی لە ڕوودانی ڕووداوێکی چاوەروان نەکراو سەرهەڵدەدات، وەك ئەوەی ژنێك بە پارە کاری خراپ بکات وپاشانیش پارەکەی بکاتە خێر[4].

٣- هۆمۆر:

زاراوەکە لە وشەی یۆنانی (Humour) وەرگیراوە[5]، گاڵتە وگەپ (Humour – فکاهة – مزاح) لێرەدا لە ڕێگای وروژاندنی پێکەنیناوی لە لای وەرگر بەرهەمەکەی پێشکەش دەکرێت[6].

ئەگەر هەزەل دوور لە قسە و وتەی ناشرین بوترێت تەنها ئامانجی بە پێکەنینهێنانی بەرامبەرەکەی بێت، کەواتە لێرە دا هەزەل (کۆمیدی) دەگۆڕێت بۆ گاڵتە وگەپ (فکاهة)، بەمشێوەیە مۆرکێکی گشتی وەرگرتووە[7].

---

[1] - د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی برا، (هەلێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٠)، ل١٧٦.

٢ - د. محمد محمد حسين، الهجاء والهجاءون في الجاهلية، (الأسكندرية: مطبعة أحمد نجم، ١٩٤٧)، ص٢٧.

[3] - ئەحمەد محمد مام عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

[4] - جبار احمد حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[5] - هەمان سەرچاوە، ل٥.

[6] - هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

[7] - ئەحمەد محمد مام عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

٤- هەجو:

مەبەست لەم هونەرە پەلاماردان وسووکایەتی وتوند وتیژی وگاڵتە جارییە بەشێوەی شیعر یان پەخشان کە ئاڕاستەی کەسێك یان گروپێك دەکرێت، بەڵام زۆرجار لە ئاستێکی ڕەوشتی نزمدا بەکاردەهێنرێت[١] .

هجو لە دژی پێدا هەڵدانە (مدح) وهەزەلیش لە دژی جدیەتە ولە بنەڕەتدا (هەزەل) بە مانای وتەی بێسوودە[٢].

فرۆید هجوی وەك نوکتەیەکی هێرشبەرانە ناو دەنێت، چونکە هێرشکردن وبەرگریکردن لەهەمانکاتدا بێ شەرمی وحەیا بەرەیە[٣].

بۆ نمونە شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێت[٤]:

لەبەگ وا بوو کە من ماتم کشی کرد
کە من هەستام وئەو داماو فشی کرد
گەهی سەیرانی گون بوو گەهێ کێر
حەقیقەت مستەفا بەگ گەرکشی کرد
دەبوو باوکی سەگی ناو نایە ئەمما
بەگی ناو ناوقوڕ مساغ یاغنیشی کرد

٥- بزلە، لەتیفە، چیرۆکەکان:

واتە چیرۆکە کورتەکان لە پەراوێزی ڕووداوە مێژووییەکاندا[٥]، لەتیفە ڕەواترین وگشتیترین جۆری سوعبەتە لەگەڵ ئەوەی سادەیە وکورتە وهەمە لایەنە، بەڵام پڕە لە ڕەمز ونهێنی وپێشوازی ئەندێشە وفەرهەنگی نەتەوەکان ودروستکەرەکانی دیارنین وبێخاوەنن، لەجێگای لەتیفە (ئنیکوت) بەکاردێت کە لە وشەی ئەنیکدۆتۆس-ی یۆنانییەوە وەرگیراوە کەمانای شتی بڵاونەکراوە دەگەیەنێت، بەچیروکی کورت دەڵێن کە ڕووداوێکی سەیر وخۆش وباسێکی پڕلە پێکەنین بگرێتەوە[٦].

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ل٣٨.

[٢] - رۆیا صدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٥.

[٤] - دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە: شوکور مستەفا، چ٢، (هەولێر: دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠)، ل٥٣.

[٥] - د.حسین قەندی، ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند، وەرگێرانی لە فارسییەوە: کارزان محمد، (سلێمانی: چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨)، ل١٥٩.

[٦] - مەلامستەفا سەفوەت، شانۆی ناومالْ، پێشەکی وبڵاوکردنەوەی دکتۆرعزالدین مستەفا ڕەسولْ، (بغداد: چاپخانەی سلمان الاعظمیة،١٩٧١)، ل٣.

بۆیەکەمجار پیرەمێردی نەمر کۆمەڵێکی لەم قسە خۆشانە بەناوی (گالتەوگەپ[1]) بلاّوکردەوە، بۆ نمونە لە ڕشتەی مرواری دا هاتووە:

لەو وڵاتی بلباسیەتیە کابرایەك هەبوو ناوی (مام باپیر) بوو، ڕۆژێك مەلای ئاواییەکەیان بانگ دەکات و پێی دەڵێ: "مامۆستا من مووچەت دەدەمێ و من بەخێوت دەکەم، کەچی تۆ ڕۆژی جومعە دوعا بۆ سوڵتان عبدولحەمیدی پادشای عوسمانی دەکەیت، ئەگەر دوعا بۆ منیش بکەی باشە وساڵی سی سەر حەیوانیشت دەدەمێ، خۆ ئەگەر نایکەی هەر لە ئێستاوە جێگایەك بۆ خۆت بدۆزەرەوە! مەلا وتی: زۆر باشە، تۆ ئەوەندە شتم بدەیتێ من چۆن دەبێ دوعات بۆ نەکەم، ڕۆژی هەینی هات ومەلا خوتبەی خوێندەوە ولە پاش دوعا بۆ پادشای عوسمانی وتی "**یا ایها المام** باپیر! **انك لدب كبير، فمكانك بئس المصير، لله على كل شيئ قدير**" کابرایەکی خوێندەوار بەڕێکەوت لەوێ بوو، سەری هەڵبڕی کە بڵێ مەلا چیت وت، مەلا وتی: "اسكت اسكت اسكتون. هذا قوم حمارون اعطى غنم ثلاثون، عشر لك ولي عشرون" کابرا ئیتر هیچ دەنگی نەکرد، لەپاشان مام باپیر زۆر زۆر مەلای خۆشدەویست وخزمەتی دەکرد[2].

٦- کۆمیدیا:

لە قاموسی (**للمصطلحات الآعلامية**) دا هاتووە: (**هزلية**) لە بەرامبەر (Comedic) کۆمیدیا هاتووە[3].

نوسەری سەدەی نۆیەم (**واعض**) لە پێناسەی هەزەل دەڵێت: شاعیر لە وشە دروستکراوەکانی خۆی چەند ڕەخنەیەك بگرێت وبەتەواوی لە جێگای خۆی نەبێت کە ئەمە دەبێتە هۆی ڕابواردن[4].

(ئەرستۆ) لەو باوەڕەدایە: تراژیدیا لاسایکردنەوەی پیاوچاکانە وکۆمیدیا لاسایی پیاو خراپانە، بەلاّم (ابن سينا) دەڵێت: مەبەست لە تراژیدیا دەربڕینی لایەنە باشەکانی مرۆڤ لەبەر چاو دەگرێت[5].

کۆمیدیا لە هەموو جۆرەکانی تری گاڵتەجاڕی زیاتر پشتی بە ئەقڵ بەستووە ئەم جۆرە لۆژیکێکی تایبەتی هەیە کە ئەقڵ لە سۆز و ویژدان زیاتر دەدوێنێت[6].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٤.
[2] - م. عەلائەدینی سوجادی، ڕشتەی مرواری، بەرگی١، ٨، زستانی ٢٠١٠، ل٣.
[3] - د. محمد محمود فريد عزت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.
[4] - رؤيا صدر، سەرچاوەی پێشوو، ص٦.
[5] - هەمان سەرچاوە، ص٣.
[6] - جبار احمد حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

سیسرۆ یان شیشرۆن Cicero وتاربێژی ڕۆمانی، کۆمیدیای بە ئاوێنەی ڕەفتار وەسفکردووە[١].

جۆن دنیس دەڵێت: کۆمیدیا وێنەیەکی ژیانی ڕۆژانەیە ڕەفتار ومیزاج بەرجەستە دەکات[٢].

کۆمیدیاش چەندین جۆری هەیە:[٣]

ا-کۆمیدیای ساتیرایی- Satiric comedy: ئەوانەی لادەرن لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، دەکەونە بەر ڕەخنەی گاڵتەجاڕیانەی نووسەر وهونەرمەندەکان وە دەیانەوێت بە پلان ورەخنەی گاڵتەجاڕی ئاگاداریان بکەنەوە.

ب-کۆمیدیای ڕەفتاری- Manners comedy: لێرە ڕەفتاری کەسەکان دەبێتە ئامانج وەك کێشەکانی عەشق ودڵ پیسی.

ج- کۆمیدیای فارس- Farce comedy*: قۆناغێکە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمیدیا، ئامانجی تەنها پێکەنینە.

د-کۆمیدیای فۆرفیل: ئەم جۆرە بابەتی کۆمیدی فۆرفیل دەگەرێتەوە بۆ ناوی هەرێمێك لە فەرەنسا شانۆیەکی گاڵتە ئامێزە ئامانجی دیاریکراوی هەیە.

ه-کۆمیدی تێڕامان: بوارەکانی کلتور وڕۆشنبیری وئایدیۆلۆژی دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی هونەرێکی کۆمیدی پێکەنیناوی دەبێت.

و- کۆمیدیای بوونگەری:ئەو جۆرە کۆمیدیایە لە بوونی ژیانی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆتایی مرۆڤەکان مردنە ولێکدابڕانە، کە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی کۆمیدیا دەیخاتە ڕوو.

٧- پارۆدی (Parody).:[٤] ئەم هونەرەش شێوازێکی گالتە جاڕییانەی ڕەخنەگرانەی هەیە، بەڵام لەسەر بنەمای "هەڵوەشانەوە دەنوسرێت" وە زیاتر بەلای داشۆریندا دەڕوات، واتە بابەتێك یان ڕوداوێك دەهێنێت ودەیخاتە ژێر پلارەکانیەوە وبیرە سەرەکییەکە هەڵدەوەشێنتەوە وبیریکی دیکەی نوێ پێکیدەهێنێتەوە، وەك نموونەی ئەم شیعرەی موفتی پێنجوێنی:[٥]

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٣.

* فارس(farce) وشەیەکی فەرنسییە، مەبەست لێئەو شانۆ هەزەلییەیە کە جگە لە پێکەنین هیچ مەبەستێکی دیکەی نییە ئەمەش بەهۆی جوڵەی پاڵەوانەکانیەوەیە.

[٤] - هە ڤاڵ ابو بەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨.

[٥] - هەمان سەرچاوە، ل٢٦٩، بڕوانە ژیان ژمارە(٥٤١).

به ئەمری سوبحان ڕۆژێ لە ڕۆژان
دەروێشێکم دی مل هوڕو گوێ پان
خوی وتن دروست ئەعزای بێ نوقسان
دەگەڕا بۆ سوالٚ دوکان بە دوکان..

٨- فیولیتۆن:[1]

یەکێکە لە هونەرە ڕۆژنامەنوسییە ڕەخنەگرییە گاڵتەجارییەکان ومەبەست لێ ی "پێکەنینە بە شتی خراپ" ونوسینێکی پێکەنیناوییە لە سەر کێشەیەکی دیاریکراو دەنوسرێت وپشت بە فاکتە بنەڕەتییەکانی کێشەکە ودیکۆمێنت ونمونەکان دەبەستێت، وەك لە لاپەڕە یەکی ژمارە(٣٤٣)ی ژیاندا هاتووە:[2]

"ساڵەهای ساڵە ئەم میللەتە بۆ موئەسەساتی خەیرییە لە ئەندازەی قووەتی خۆیان زیاد پارە دەدەن، خوا هیچی بەنسیبی ئیشێکی خێر ناکات، لەزەکاو وشیعرو ئەدەبا سلێمانی سەد مەزامیری هەیە، هێشتا مەتبەعەیەکی بۆ نەلوا ئەو ئاسارە نایابانەی پێشوو دانراوە چاپ بکا،...ئەم ساڵ هاتین بۆ حروفات یەك دوو یاریمان بۆ تیاترۆ چیەکان تەرتیب کرد، مایەوە سەر جاریکی تر کەپێشمان تەواو بێ، جارێ تیاترۆ مەنع کرا بێ ئەوەی روخسەتیان بۆ وەربگیرێ، هەوڵ وتەلامان دا لەلای موتەعەسیبەکان ڕسوابووین کە حاجی تەرویجی تیاترۆ دەکا".

رای توێژەر ئەوەیە رەخنە بەزمانی گوڵ بێت و راستیەکان بخرێتە روو بە شیوازی هونەری تەنزی وا کە دوور بێت لە شکاندن و لەکدارکردن.

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل١٥٣.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٣١٣.

# پـــاری چـــوارەم: خەســـڵەت وشـــێواز وئـــامراز وئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز

# یەکەم: خەسڵەتە گشتییەکانی تەنز

خوێنەر ونووسەری ڕۆژنامەگەری تەنز بەبەراود بە رابردوو گەشە وگۆرانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیووە هەم بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی خوێنەرەکانیەوەیە وهەمیش بەهۆی دەرکەوتنی ڕۆژنامە وگۆڤاری تایبەت بە تەنز، لە ناوچەکانی کوردستان ولە رابردوودا تەنزی زارەکی لە دایکدەبوون وە لە کاتی خۆیدا چێژ وکاریگەری خۆی هەبووە، بەڵام بەهۆی بڵاونەبوونەوەیان،ئەوا لە شوێنی خۆیان دەمردن وزەمەنیان بەسەر دەچوو[1].

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هەرێمی کوردستان دەرگا واڵا بووە بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی وپێشکەوتنی گەورەی لەرووی ناوەڕۆك وخاوەنداریەتی وکەرەستەکانی دەرهێنان وتەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن وستافەوە بە خۆیەوە بینی، ئەم پێشکەوتنەش ڕۆژنامەگەری تەنزیشی گرتەوە هەرچەندە تا ئێستاش نەگەیشتۆتە ڕادەی کامڵبوون[2].

تەنز چەندین خەسڵەتی هەیە بەمشێوەیە:

١- مانەوەی لای وەرگر:

لەبەرئەوەی تەنز بە زمانێکی شیرین وپاراو دەنووسرێت، بۆ ماوەیەکی درێژ لە زەیندا ئەمینێتەوە،ئەو شیرینی وهونەرییە لە شێوازی ئاساییدا نییە[3]، شارەزایی لە کلتور وفۆلکلۆر وزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك لە بواری تەنز مەرجی گرنگن بۆ مانەوەی لە زەینی خوێنەردا[4].

وە بەکارهێنانی زێدەڕۆیی وگاڵتەجاڕی وبەکارهێنانی زۆری وشە وجێگۆڕکێ وياريکردن پێیان وپەیوەندی نێوان هەڵوێست وبیروڕا و هەندێك هێنانەوەی نمونەی میللی[5]، ئەوا بابەتەکان تەمەن درێژ دەکات.

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[2] - ممتاز حەیدەری، چاوپێکەوتنی توێژەر، هەولێر، کات ١١ی بەیانی، ٢٠١٣/٣/٧.

[3] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[4] - د. شێرکۆ عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٥ - د. فاروق ابو زید، د. لیلی عبدالمجید: الصحافة المتخصصة، (د.م، د. ن، ٢٠٠٢)، ص٢٥٩.

٢- كورتی له دەربڕیندا:

خەسڵەتێكیتری تەنز بریتییه له كورتبێژی وبەكارهێنانی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك وساده نووسین[١]، زۆربەی چوارچێوەكانی تەنز كورت دادەڕێژرێن وپێویستیان به پێشەكی درێژ دادڕ نییه وزۆرجار تەنزنووس به ڕستەیەك یان به كۆپله شیعرێك مەبەستی خۆی دەپێكێت[٢].

٣- ئارام بەخشین:

شێوەی تەنز پێكەنینەو وەك شێوازی ئاسایی وشك نییه، خوێنەر له خوێندنەوەی ماندوو نابێت بەڵكو خوێنەر دەحەسێتەوه وهەست به ئارامی دەكات) [٣].

٤- كاریگەری:

خەسڵەتی دەربڕینی ڕەخنه بەشێوازی تەنز وگاڵته وگەپ ونوكته وپێكەنینەوه كەمتر بەرامبەرەكەت دەوروژێنی له چاوئەوەی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ ڕەخنەكەت ئاڕاستەی بكەیت[٤]، ڕۆژنامەگەری تەنز كاریگەری زۆری هەیه له قۆناغی دیاری كراو بۆ وروژاندن ودروستكردنی ڕای گشتی[٥].

٥- دەربڕینی تایبەت:

زۆرجار هەندێك بابەتی سیاسی وكەلتوری هەن كه له دەربڕینی ئاسایی ئەستەمه كاریگەری دروست بكات، بەڵام دەكرێت به زمانی تەوس وتانه هەمان پەیام وەك ڕەخنه بخرێته ڕوو[٦].

## دووەم: شێواز وئامرازەكانی ڕۆژنامەگەریی تەنز

شێوازی تەنز بەگشتی خۆی دەبینێتەوه له گۆڕینی داب ونەریت وكەلتووری باو، هاوشانی ئەمه پێویستی به چەندین شێوه وكەرەستەی جۆراو جۆری هەیه، كه له كورته تەنزەكاندا تەنها كەرەستەیەك بەسە، بەڵام له تەنزه درێژەكانی وەك ڕۆمان وچیرۆك كەرەستەی زیاتری پێویسته بۆئەوەی بابەتێكی تەنزی بەرزی هونەری بنووسرێت، وه

---

[١] - د. شێركۆ عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[٢] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل١٠.

[٤] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٥ - رند زهير السلامي، الصحافة الساخرة في العراق، (جريدة كاروك انموذجا) بحث غير منشورة، جامعة بغداد، ٢٠١٠، ص٣٢.

[٦] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

جۆری زمانەکە لە نووسین وئەدەب وفۆلکلۆری پەیوەندیەکی ڕاستەخۆیان هەیە بە بابەتی تەنزەوە، زۆر جار لە کاتی وەرگێڕانیدا تایبەتمەندی تەنز لەدەست دەدات، بۆیە تەنزنووس دەبێت زۆر شارەزا وئاگادار بێت لە ئەدەب وفۆلکلۆر وزمانەکەی خۆی، بۆئەوەی ببێت بە تەنز نووسێکی کارامە وسەرکەوتوو.

**بۆ ئەم مەبەستە توێژەر چەند ئامرازێك دەخاتە ڕوو کە بریتین لە چەند کەرەستەیەك کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی هونەری زمان وئەدەبەوە هەیە:**

**یەکەم: لاسایکردنەوە:**

ئەم شێوە تەنز نووسینە خۆی لە شیعر وپەخشان وبەیت وگۆرانی وبابەتە وێژەیی وفۆلکلۆرییە ناسراوەکان دەبینێتەوە، هەروەها بابەتی تر دەگۆڕێن بۆ تەنز وله لاسایکردنەوەدا کێش وقافیە وئاوازی شیعرەکە وەك خۆی ئەمێنێت[1] بەچەند شێوەیەك:

ا- شیعر وەك:[2]

عاشقی بێ دڵ دەناڵێ مەیلی گریانی هەیە
مشکی زۆرە ڕادیۆی هەرێم پێویستی بە تەڵە هەیە
غەزەلی گورفەتی من قەط نیە بە ناز کییە
لە هیچ شوێنێك ئیش ناڕوات پێت نەبێ تەزکیە
بێرە مەیدانی فەصاحەت ئەسپی خۆت لنگە حەریق
ئیتر ئێمە ناخەڵەتێین بە شیعاری باق و بریق.

ب- بەیت: ژنێکی کورد مناڵێکی کۆرپەی هەبوو هەڵی دەپەڕاند وئەم بەیتانەی بەسەر هەڵدەدا:[3]

| | |
|---|---|
| خودا بیدا نیازم | حەوت ژنە ڕات بخوازم |
| یەکێ تورکی تەماشا | یەکێکی داود پاشا |
| یەکێ ئەڕا سەرسینە | یەکێ ڕای پەڕۆو پینە |
| یەکێ ڕا دەرکۆڵین | یەکێ پەی تیکەگلین |

یەکیش ڕا چڵم هەڵقۆڕین

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

[2] - مەلا مەشهور، گۆڤارێکی تایبەتە بە کاریکاتێر ورەخنە وپێکەنین، لە گۆشەی شیعر ومیعر، نووسینی شەفە ژەقنەبووت، هەولێر چاپخانەی زانکۆ، ساڵی دووەم، ١٩٩٨/١، ژمارە (٧)، ل٦

[3] - علاء الدين سجادی، ڕشتەی مرواری، بەرگی (١ تا ٨)، زستانی ٢٠١٠، ل٥٧٦.

**ج- گۆرانی: ئەو گۆرانیانەی لە بەرنامەكانی ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن پێشكەش دەكرێن، هەندێكجار یان بە بەبەردەوامی بڕگەیەكیان هەیە كە گۆرانییە، بە گۆڕینی وشە ومانا ومەبەستی گۆرانیەكەئەوا تەنزنووس دەتوانێت ئامانجی خۆی بپێكێت بە مەرجێك ئاوازەكەی دەستكاری نەكرێت[1]. وەك بەرنامەی (زووم زووم) لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان كەناڵی هەولێر[*]، بەرنامەی (بەرنامە) لە تەلەفزیۆنی خاك[**].**

**د- پەند ومەسەل وشیعر:**

**پەند ومەسەل وشیعر ئامرازی گرنگن لە بەردەستی تەنزنووس بۆ پێكانی ئامانجەكانیان، ئەمەش بە گۆڕینی زاراوەیەك یان بە زیادكردنی وشەیەك یان جێگۆڕكێ بە وشەكان دەكرێت[2]، بەمشێوەیە:**

**١- شیعر (وەك خۆی): بۆ كەسێك كە زوڵم بكات وحەقی خەڵكی بخوات ولە خۆبایی بێت، ئەوا تەنزنووس شیعری تەنزی لەسەر دەنووسێت[4] .**

**وەك لەم شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی هاتووە:[5]**

**شیخ ڕەزا بێت ولە سەر تۆ هەجوی قازی كۆی بكا**
**سەیری كە چیی پێ بكا،دۆم بێ و كلاش بۆ خۆی بكا**
**چونكە غەدری كرد لە(لامیع) شەرتە قازی وا بگێم**
**هەر گەن و گوویێ لە زگیایە بە جارێ ڕۆی بكا**

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[*] بەرنامەی زووم زووم: بەرنامەیەكی تەنز ئامێزی ڕەخنەیی بوو كۆمەڵێك هونەرمەندی شاری هەولێر لە ڕێگای تەلەفیزیۆنی (گەلی كوردستان)ەوە لەساڵی١٩٩٢تا سەرەتای ساڵی١٩٩٤ هەموو شەوانی دووشەمە پێشكەشیان دەكرد، لەئامادە وپێشكەشكردنی هونەرمەند(زاهیرعبدوللە) وهونەرمەندان(نەوزاد ڕەمەزان، شیرزاد پۆلیس، ئەیام اكرم، تەها اغاجان، عبدالرزاق شمسەدین) وشیعری گۆرانییەكان لەلایەن (بورهان شیروان) و چەند نوسەرێكی دیكەوە دەنوسران، سەرچاوە: چاوپێكەوتنی تویژەرلەگەڵ(زاهیرعبدلله)، هەولێر، لە٢٩\٤\٢٠١٢.

[**] بەرنامەی بەرنامە: بەرنامەیەكی ڕەخنەیی تەنز ئامێزە لە تەلەفیزیۆنی خاك لە سلێمانی پێشكەش دەكرا، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٧ تاكو ئێستا بەردەوامە، لە نوسین وئامادەكردنی (د.شیركۆ عبدلله) یە، لە نواندندنی هونەرمەندانی شاری سلێمانییە.

[2] - محمد ساهی عواد المیاحی، الصحافة الساخرة بعد ٢٠٠٣/٤/١٩، رسالة ماجستر غیرمنشورة، جامعة بغداد،٢٠١١م، ص ٢٢ .

[2] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[2] - دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ساغكردنەوە وشەرحی: شوكور مستەفا، ٢٠١٠، ل٣٣.

٢-گۆڕینی شیعرەکان:

لێرەدا شاعیر ڕۆڵ ودەرکی کەسایەتییەکانی ناو شیعرەکە ئاڵوگۆڕ پێ دەکات وله ڕێچکەی ئاسایی خۆی دەردەچێت وجێگۆڕکێ بە ئەرکەکان دەکات بۆئەوەی مانایەکی نوێ ببەخشێت وخوێنەریش لە دۆزینەوەی بێزار نابێت[١].

وەك لەم شیعرەی گۆران دا هاتووە:[٢]

ئیتر چەقەڵ

تاك یان کۆمەڵ

شۆرکەنەوە کلك بۆ ناو گەڵ

بکشێنەوە بەرەو شەخەڵ،

بڕۆن، خوای شەیتانتان لەگەڵ!

٣- پەند ومەسەل: بۆ نمونە کابرایەك لە ناو بازاڕدا توتەلە سەگێك ودێڵە سەگێکی لەبەرئەم خۆیا دانا بوو دەیفرۆشتن، کابرایەکی تر چوو لێی بکرێت، کابرا ی خاوەن سەگ وتی: توتەڵەکە بە چوار قڕان ودێڵەکە بە دوو قڕان، کابرای کریاڕ وتی: چۆن دەبێت گەورەکە بە دوو قڕان بێت کەچی بچوکەکەیان بە چوار؟ کابرای خاوەن سەگ وتی: "ئاخر باوکم !ئەوەیان هەر سەگە، بەڵام ئەوەیان سەگی کوڕی سەگە"[٣].

**دووەم-: دوو مانایی لە قسە:**

تەنزنووس زۆرجار هەوڵدەدات قسەیەك بەکاربهێنێت دووسەر بێت، یەکیان ڕووت وئاسایی ودووەمیان ون بێت، هەڵگری ڕەخنەیەکی تەنز ئامێز بێت، ئامرازەکانیش بریتین لە شێوەی ئیلهام[٤].

**سێیەم: شێوەی کینایە:**

ئەو ئامرازەی بۆ تەنز بەکاردێت دوو بەشە چ لە مەسەل یان پەند یان شیعرێکی بەناوبانگ، کە هەموو خەڵك بیستویانە ئەگەر پەند بوو[٥]، بۆنموونە ئەم پەندەباوە:[٦](سەگی زۆر وەڕ کەم وایە بگەزێ).

---

[١] - ئەحمەد محەمەد مام عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

[٢] - دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، (بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠)، ل٣٩٠.

[٣] - علاءالدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

[٤] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[٥] - هەمان سەرچاوە، ل١٤.

[٦] - کریم شارەزا، پەندی بەراوردکاری لەنێوان ئینگلیزی وعارەبی وکوردی، (بغداد: چاپخانەی سمیر امیس،١٩٨٣)، ل٥٦.

**چوارەم: شێوەی ئاخاوتنی تایبەت:**

أ- قسەی پیرێژنانە: بۆ نمونە (کچەکێ بابانم وێران نەبوو، ئەو کوڕەیان بە چ دەردێ برد، ڕەببی گوللەی گەرمیان بۆ نازل بێ، ڕەببی بە تیری نەدیوەوە بن، ئەیەڕۆ لەو کافرستانییە)[1].

ب- بەکارهێنانی وشەی عەرەبی: نمونە: مەلایەك دەیەوێت کوڕەکەی فێری خوێندەواری بکات بەڵام کوڕەکەی لاسار دەبێت وبە گوێی ناکات، وایان لێهاتبوو دەمیان لە یەك سپی ببۆوە، ڕۆژێك لە کۆڵانێك کوڕەکەی بە گیر دێنێ وئەم گفت ولفتەی لەگەڵ دەفەرموێ:

"بە خۆم وبە عەصای یەدم ومەخمەرەی سەرم، لەبەر من نەبوایە عه رض فوتیك ئەکلی دەکردی، کەچی ئێستاکەش پشتت داوەتە جیدارەکەوە ودەڵێی وەڵڵا لا ئەقرە"[2].

ج- بەکارهێنانی وشەی بێگانە.

**پێنجەم: نووسینی وشە بە هەڵە:**

هەندێك لە نووسەرانی تەنز شێوازی (بەهەڵەبردن) بەکار دەهێنن و وشەیەك بە هەڵە دەردەبڕن و وانیشان دەدەن کە پێچەوانەکەی ئەوێت، بۆ نمونە: ڕۆژنامەنووسێکی تەنزنووس کە لە ژێر وێنەی سەرکردەیەك بە هەڵە دەنووسێت ئەوە وێنەی ئەو سەگەیە کە لە قەفەسەکەی هەڵاتووە، لە کاتێکدا ئەو سەرکردەیە سەفەری وڵاتێکی دیکەی کردووە، دواتر لە ژێر وێنەی سەگێك دەنووسێت: ئەمە وێنەی سەرکردەی مەزن (فلان)ە خۆی ئامادە کردووە بۆ سەفەر[3].

**شەشەم: بەسەرهات وچیرۆك:**

سوودوەرگرتن لە بەسەر هات وچیرۆك، ئەوا تەنزەکان بەهێزتردەکات، نمونە: گریانی تەیمور لەنگ وگریانی مەلای مەشهور، شاعیری مەزنی ئەلەمان (گۆتە) لە کتێبەکەی (دیوانی ڕۆژهەڵاتی شاعیرێکی ڕۆژئاوایی)دا ئەم هەڵوێستەی مەلای مەشهوری بەرامبەر بە تەیموری لەنگ دەربڕیوە ودەڵێت:[4]

کاتێك لەشکری مەغۆل گەیشتە وڵاتی ئەنادۆڵ وزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی داگیرکرد، ڕۆژێکیان تەیمور لەناو دار ودەستەکەی خۆی دانیشتبوو لەو کۆڕی دانیشتنەدا مەلای

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[2] - علاءالدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦.

[3] - محمد ساهی عواد المیاحی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[4] - گۆڤاری مەلای مەشهور، سەرچاوەی پێشوو، ژ٣، ل١٤.

مەشهوریش ئامادە بوو، سەرتاشێکی زیرەك سەری تەیموری چاك دەکرد، پاش ئەوەی سەری تاشی ئاوێنەیەکی هێنا و وتی:

فەرموو گەورەم تەماشای خۆت بکە، کاتێك تەیمور لەنگ خۆی بینی زۆر گریا، گوتیان گەورەم بۆ دەگریت؟ ئەوە یەکەم جار بوو تەیمور لەنگ خۆی لە ئاوێنە ببینێت، لە وەڵامدا وتی: بۆ ناشیرینی خۆم دەگریم ئای خودایە ئەو هەموو هێز وتوانایەت داوە بە من، بۆئەوها ناشرین دروستت کردووم، مەلای مەشهوریش دەستیکرد بە گریان، بەڵام ئەوانەی دەوروبەری تەیمور لەنگ وتیان گەورەم ئەتۆ خاوەنی هێز وتوانا و قارەمانێتی کە ئەمانە هەموو جوانین بۆ تۆ، پاش ئەم قسانە تەیمور لەنگ فرمێسکەکانی سڕیەوە و وازی هێنا لە گریان، بەڵام مەلای مەشهور هەر بەردەوام بوو لە گریانەکەی، تەیموری لەنگ ڕووی لە مەلای مەشهور کرد و وتی: باشە من بۆ بەختی خۆم دەگریم تۆ بۆچی دەگریت؟ مەلای مەشهور وتی: گەورەم تۆ یەك جار بچمی خۆت بینیوە دەگری ئێمە ساڵ دوانزەی مانگ ئەم سەرو سوکتەی تۆ لەبەر چاومانە گریان هەر بۆ ئێمە باشە.

**حەوتەم: جێگۆڕکێ بە وشە وڕستە:**

یاریکردن بە وشە وڕستە، کەرەسەیەکی تری تەنزە، کە تەنزنووس بە گۆڕینی وشە وڕستەکان دەتوانێت بزە بخاتە سەر لێوی خوێنەرەکانی[1].

لە ڕاستیدا مەبەستی فێڵکردن پەیوەندی بە ژیری تەنز نووسەکەش دێت لە یاریکردن بە وشەکان وگۆڕینیان، مەبەستیش تێیدا بەشێك لە قسەکان بکەیت وهەندێکی دوا بخەیت وقسەکان هەمووی بە یەکەوە دەرنەبڕێت[2]، نمونە: پێکەنین سەرەتایەکی خراپ نییە بۆ هاوڕێیەتی، بەڵام کۆتاییەکی باشە.

**هەشتەم: شێوەی خوازەی شاراوە:**

نمونە: ئەم شیعرەی( شێخ نوری شێخ صالح)دەڵێت:[3]

وەکو قەولت لەگەڵ خوا کردووە، هەرگیز دەسێ نەگری
ئەویشت خۆ لە دەس دێ وەك سەگ لاقی کەسێ نەگری

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

٢ - عباس محمود العقاد، جحا الضاحك المضحك، (مصر: دار الهلال، ١٩٥٦)، ص١٦.

[3] - دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، کۆکردۆنەوە وساغکرنەوەی: ئازاد عەبدولواحید، ب ١،( هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨)، ل٦٠١. بڕوانە ئەحمەد محمەد مام وەسمان سەرچاوەی پێشوو.

**نۆیەم: بەدحاڵیبوون:**[1]

ئەو شێوەیە لە چیرۆك وچەلەحانێدا بەکاردێت کە کەسی تەنز هاوێژ قسەیەك دەکات بەرامبەرەکەی بە شێوەیەکی دیکە حاڵی دەبێت، قسەکەر ئەو وەڵامەی ناوێت ولە نێوانیاندا حالەتی پێکەنین دروست دەبێت کە زۆر جار تەنزێکی شیرین لە دایك دەبێت.

**ئەو شێوازو کەرستانەی پەیوەندی ناراستەو خۆیان لەگەڵ زمان وویژدا هەیە:**

**کەرەستانەش ئەمانەن:**

**یەکەم: گەورەکردن:**

گەورە کردن (زەفکردنەوە) یەکێکە لە ئامرازەکانی تەنز، کە تێیدا تەنزنووس ئەو لایەنەی ڕەخنەی لێ دەگرێت زیاد لە خۆی فووی تێدەکات وگەورەی دەکات[2]، وەك ئەم شێوە تەنز ئامێزەی (سالار هەڵەبجەیی):[3]

ئەمجارەش مەتەڵ وەك شێر وخەتە
وەزارەتێکی پڕ بەرەکەتە
ناوێکی گەورە وخاکەکەی زڕە
گەنم وجۆی تەحنیت سایلۆکان پڕە
میوەی بێگانە دنیای تەنیوە
ئەوانەی خۆیشی هەمووی گەنیوە
جووتیارەکانی بێ ئیش و کارن
خەریکی ڕاوی دوو پشك و مارن ...

**دووەم: درێژکردنەوەی باسەکە:**[4]

درێژدادڕی وخۆلادان لە باسە سەرەکیەکە، بە هێنانەوەی حیکایەت ودرێژکردنەوەی بە بابەتێك هیچ پەیوەندیەکی بە مەبەستی دیاریکراوەوە نییە.

**سێیەم: جێگۆڕکێ:**[5]

بە گۆڕینی جێی بەهایەك، عورفێك یان بابەتێك پێکدێت، ئەم جێگۆڕینە دەبێتە هەوێنی تەنز وپێکەنین[6].

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل١٩.

[3] - گۆڤاری گەپ، مانگانەیەکی کاریکاتێریە، ساڵی شەشەم، ژمارە ١١٤ لە ٢٠١٠/٧/٢٥، هەولێر، چاپخانەی موکریان، ل٢٨.

[4] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[5] - هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

[6] - هەمان سەرچاوە، ل٢١.

**چوارەم: پەسەندکردنی بەرەواژ:**

نمونە: باسی مودیر ناحیەیەك دەکرا کە بکرێ بە قائیمقام، یەکێك لە کۆڕەکەدا بوو لێیان پرسی ئەو پیاوە چۆنە؟ گوتی (وەڵڵا پیاوی چاکە بەڵام درەنگ تێ دەگا و زوو لە بیری دەچێتەوە[1]).

**پێنجەم: خۆ گێلکردن (خۆهەتڵەکردن):**

لەو شێوەی تەنزنووس، وەك ئەوەی چارەسەری لایەنێکی کەم وکورتی ریسواکراو دەکات، زەمکردنێك بە شێوازی پێداهەڵدان، لەم بوارەدا زانین وزانیاری پشتگوێ دەخرێت، هەموو ئەو کارانە ڕێکوپێك دەخرێت لە ڕستەیەکی دوور ودرێژدا، نمونە: کەسێکی زانا بە گاڵتە پێکردنەوە بە کەسێکی نەزان دەڵێت: پێم بڵێ مامۆستای گەورەم، یان تێم بگەێنە زانای بەڕێز، یاخود بە کەسێکی ناشیرین بڵێیت مانگ غیرەت لێدەکات[2].

**شەشەم: کەڵك وەرگرتن لە نەزیلە:**

گێڕانەوەی نەزیلە لە کات و ساتی خۆیدا، ئامرازێکی دیکەی تەنزنووسە، دەتوانێت بۆ دەربڕینی ڕەخنە بە کاربهێنرێت[3].

نمونە: ئەم شیعرەی مامۆستا هەژار:[4]

کەریان بانگ دەکرد بێتە سەرشایی
کەر هاواری کرد ماڵی وێرانم
وا هەڵناپەڕم سەرچۆپیم دەنێ
گۆرانی خۆشیش کەمتر دەزانم
بەخوا دەترسم بمکەن بە ئاوکێش
یان باراشی باش بێتە سەر شانم!

**حەوتەم: کەڵك وەرگرتن لە باسە ئاساییەکان:**

وەرگرتنی بەشیك لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەی محەمەد مەولود (مەم):

دوو ژن باسی خەسوویان دەکەن لە ناوپاس، ژنی یەکەمیان: زۆر لە دەست خەسووم بە ئازارم، چۆن ژیانی لە خۆی ومنداڵەکانی تاڵ کردووە، لە دواییشدا لە خوا دەپاڕایەوە کە

---

[1] - علاءالدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٢.

٢ - د. نعمان محمدامین طه، کتاب السخریة في الأدب العربي حتى نهایة القرن الرابع الهجري، (القاهرة: دار التوفیقیة للطباعة بالازهر، ١٩٧٨)، ص٥٣،بروانە: الصحافة الساخرة فی العراق، محمد ساهی عواد، ص٢١.

[3] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

**یان چاکی بکات یانیش لە کۆڵی بکاتەوە، ژنی دووەم: بە کڕی گوێی گرتبوو، هەرکە ئەو لە سکاڵاکەی بووەوە سەری بردە بنا گوێی وبە دەنگ پێی وت:**

**خوشکە بە تکا ونزا چی دەکرێت، خەسووەکەی منیش وەکو ئەوەی تۆ بوو هەر گەیاندمە خەستەخانە، بە ئاسانی وبە یەکجاری کپ بوو! دەزانی چۆن؟ خەستەخانە هەر سروشتی وایە ئەگەر بچیتە ئەویّ لەبەر بیّ عیلاجی وبیّ ئاگایی ویان لەبەر پیسی ودژوینی لەناو دەچێت، لە برسانا حەیاتی لەبەر دەبڕیّ، جا ئامۆژگاریم ئەوەیە بە قسەی خوشکی خۆت بکەی وخەسووەکەت زوو بگەیەنە خەستەخانە[1].**

**هەشتەم: ناوی نائاسایی:**

**تەنزنووس سوودیان لێوەردەگیرێت ئەویش بە دەستپێکردنی ناوێکی ئاسایی پاشان ناوی (ئاسن وپۆڵا وبزمار یان هەر جۆرە کانزا وبێگیانێکی تر تێکهەڵکێش دەکرێت[2] وەك: لەبەرئەوەی سمێل هاوشێوەی برغوە، زۆر بەیان ئیحتیمالی سلاك بوون دەکریّ.**

**نۆیەم: ڕستەی نائاسایی:**

**دروستکردنی ڕستەی نامۆ ونەگونجاوە، وشەکانی بە ئاشکرا کار لە چاو دەکەن، کە نارێکن ولە جێگەی خۆیاندا نین[3].**

**دەیەم: تانەی شاراوە:**

**نمونە: ئیزرائیل وەنەوشەیەکی فول مواصەفاتی کڕی، مەلائیکەتەکانیتر لێی کۆبوونەوە وتیان ئەمە بەچی؟ وتی مودەتێکە دوای دەوام لە ڕێی دوکان-کۆیە ئیش دەکەم[4].**

**یازدەیەم: وشەی زیادە:**

**نمونە: مەلا: دەی کوا؟ زاواکە کوا؟**

**جەماعەت: چیت عەرز کەین مامۆستا، بیّ ئەدەبی نەبیّ سەرخۆشە[5].**

**دوازدەیەم: خوازەی شاراوە:**

**وەك نمونەی ئەم شیعرە تەنز ئامێزە:[6]**

---

[1] - د. هیمداد حوسێنی، ڕۆژنامەوانی کوردی، گۆڤاری هەولێر، ١٩٧٠، ١٩٧٢، لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی ی.ن.ك، (سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، ٢٠١٠)، ل٣٢.

[2] - سمایل قاسمی، هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

[4] - گۆڤاری سیخورمە، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کاریکاتێری، گۆڤارێکی مانگانەیە، سلێمانی چاپخانەی حمدی، ژمارە ٢١١، مایس ٢٠١١، ل٢.

[5] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ساڵی ٢٠١١، ل٢٧.

[6] - هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢١١، ساڵی ٢٠١١، ل٩.

ئەم عیشقەی تۆ باری نی یە

وەکو هەڵمات

هەڵماتەکەش کە من دەیگرمە دەسەڵات

شووشەیی یە

وەکو جەستە و قەد و باڵات

**سیازدەیەم: بە یەکچواندن:**

أ- بە یەکچواندن: وەکو ئەم دوو دێرە شیعرە فۆلکلۆریەی خوارەوە:[١]

بە قوربانی ئەو خاڵەی بە ڕوومەت یارەوە    ئێژی مێوژە بە دیوارەوە

بەژن و باڵاکەت بۆ من دەوایە    ئێژی دار عەسای (دەستی) مەلایە

ب- خوازەی بەرچاو: وەك حسن قزڵچی، لە باسکردنی شاری بەغدا دەگێریتەوە:

"وەکو پیوازی توێ توێ وایە، ئەوەی بەر چاوەوەیە توێی سەرەوەیە وشارەزا بوون ئاسانە، جادەیە وئەمبەر وئەوبەری مەغازەیە، ناوەڕۆکی ئەم پیوازەش ڕواڵەتێکی هەیە کە ناوی بازاڕە..."[٢]

ت: نیو دێرکردن بە دژ: وەك ئەم دوو دێڕە شیعرە تەنز ئامێزە:[٣]

ئەو باڵا بەرزە ئەو نەو نەمامە

بێ شەهادەیە و وا لە ئیعلامە

**چواردەیەم:** لێکدانەوەی دڵخواز:

لەو شێوەیەدا تەنزنووس مانای شیعرێك یان پەندێك یان بەیتێك بە ئارەزووی خۆی لێکدەداتەوە ئەوەی خۆی مەبەستێتی وا دایدەڕێژێت[٤].

وەك لەم شیعرەی گۆران دا هاتووە:[٥]

من فرمێسکم، تۆ بارانت

من هەناسەم، تۆ بای ساردت

من خەم، تۆ هەوری گریانت

---

[١] - علاءالدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.

[٢] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

[٤] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

[٥] - دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

دوایی نایە دادم، دادت

هەرگیز، هەرگیز

پایز، پایز

**پازدەیەم: هۆکاری نابەجێ:**

ئامرازێکی دیکەی تەنزە لە ئەنجامی پرسیارێك کەسی بەرامبەر بەشێوەیەکی تر وەڵام دەداتەوە، لە ئەنجامدا تەنزێکی جوانی لێدەردەچێت[1]، وەك: لە سوعبەت لەگەڵ بڵاوکراوەکانی سیخورمەدا هاتووە:[2]

چەتر: بۆ ژنان ناتوانن ڕاگەیاندنکارێکی سەرکەوتوو بن؟

سیخورمە: چونکێکم لە حەیای خۆیان دەترسن.

**شازدەیەم: وەڵامێکی بێ وەڵام:**

وەك لە ڕشتەی مرواری دا هاتووە: جارێك سەید ئەحمەدی خانەقا، عەولقادری کوڕی لەبەر دەستیا دانابوو دەیدوان، ( شێخ ساڵحی مامە) هەبوو ڕووی کردە سەید وتی: لام وایە دایکی عەولقادرت زۆر خۆش دەوێ؟ سەیدیش کوت و پڕ دەڵێ: "یا شێخ ئەوەی دایکی عەولقادر دەیدا بە من ئەگەر تۆ بتدامایە تۆیشم ئەوەندە خۆشدەویست"[3].

**هەڤدەیەم: ناولێنان:**

ناولێنان کۆنترین شێوە ساکارەکانی گاڵتەکردنە، بە تایبەتی لەو بوارەدا ناوی ئاژەڵ بەکار دەهێنرێت، وەك: بانگی کەسێکی قەڵەو بکەیت بە (فیل) دواتر ئەم ناوەی بەسەر دەبڕێت، هەروەها بەکارهێنانی ناوەکە بە پێچەوانەی خەسڵەت وئاکاری کەسەکە بێت ودواتر ئەو ناوە بۆی دەبێتە نازناو ولە بۆنەی جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێت وئەو کەسەی پێ دەناسرێتەوە[4].

**نۆزدەیەم: چارەسەرکردنی شتێکی گرنگ:**

دەکرێت ئەو ڕێگایە وەك ئامرازێکی تەنز وگاڵتە پێکردن بەکار بهێنرێت، وەك: باوکێك پرسیار لە کوڕەکەی دەکات دەربارەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی، ئایا سەرکەوتووە یا نا، لە کاتێکدا باوکەکە دەزانێت کە کوڕەکەی دەرنەچووە[5].

---

[1] - سمایل قاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ٢١١، ل٤.

[3] - علاءالدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

[4] - د. نعمان محمدامین **طه**، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧.

[5] - هەمان سەرچاوە، ص٣٩.

**بیستەم: پەندی پیران:**

لە قسەی کوردانەیە دەڵێت: ڕێویەکی کوێستان تووشی ڕێویەکی گەرمیان بوو، لێی پرسی ئەوە تۆ لەو گەرمیانە چی دەخۆی؟ وتی مۆز دەخۆم، پرتەقاڵ دەخۆم، خورما دەخۆم، نارنج دەخۆم، هەر شتێك خۆش بێ ئەوە دەخۆم، ئەمجارە ڕێوی گەرمیان لە هی کوێستانی پرسی، ئەی تۆ لە وڵاتی خۆتان چی دەخۆی؟ وتی: ئاگات لێ نییە من شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە بەڕوو دەخۆم، دواتر ڕێوی گەرمیان ئاوزاییە دەمی ولە تاوانا سوێی بۆوە مردار بۆوە[1].

**بیست ویەکەم: لاسایی شێوە:**

کۆنترین شێوەکانی گاڵتەکردنە کە زۆر بڵاوە، لاسایکردنە بە دەنگ، جوانکردنی بەشێوەی هونەری وبەشێوەی بەرزکردنەوە ونزمکردنەوەی دەنگەکان دەبێت، ئەوەی گوێی لێدەبێت تێدەگات ومەبەستەکە دەزانێت کە ئەم شێوەی لاسایکردنەوەیە بە نووسین ناکرێت، بەڵکولاسایکردنەوەکە لە ڕێگای چرچ ولۆچی دەم وچاو وسەر لەقاندن وشان هەڵتەکاندن ونوقاندن وداخستنەوە وزەقکردنەوەی چاو دەبێت[2].

سمایل قاسمی چەند ئامرازێکی دیکەی دەستنیشان کردووە وەك (بەراورد، درکاندنی مەبەست لە پەراوێزدا، بە هەڵەبردنی خوێنەر، تانەی شاراوە، لاسایکردنەوەی تەوساوی، هەڵەی سەر زارەکی، گۆڕینی باسەکان، ڕەمز، عوزر لە قەباعەت خراپتر، کۆی ناڕێك، تیز تێگرتن، ئاکامی بەراوەژوو )[3].

**بیست و دووەم: التوریه:**[4] ڕێبازێکە لە گاڵتەوگەپ بە بەکارهێنانی وشەیەك یان کارێك یاخود جولەیەك کە چەند مانایەکی جیاواز دەگەیەنێت.

---

[1] - علاءالدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٩.

[2] - محمد ساهی عواد المیاحی، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠.

[3] - سمایل قاسمی،،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

[4] - عبدالكريم سعدون، الجذور التاريخية للكاريكاتير ومراحل وتطوره، (الدانيمارك: الاكاديمية العربية المفتوحة، ٢٠٠٨)، ص١١.

## سێیەم: ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەری تەنز

لـە چوارچـێوەی ئەرکـە گشـتییەکانی رۆژنامەگەریـدا، ئـەوا ڕۆژنامەگـەریی تـەنز چەندین ئەرك لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە توێژەر دەستنیشانیان دەکات:

### یەکەم: ئەرکی سیاسی:

چەند توێژەرێك لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری تەنز، جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە ڕۆژنامەگەری تەنز کۆمەڵە ئەرکێکی هەیە لەوانە: ئەرکی سیاسی کە یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەری تەنز، د. حمدان پێی وایە[1]: بایەخپێدانی ڕۆژنامەگەری تەنز بە ئاڕاستەی سیاسی جیاواز بووە لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هەندێکیان بایەخیان بە بابەتی سیاسی داوە وکێشە سیاسییەکانیان خستووەتە ڕوو، هەندێکی تریان بایەخیان بە لایەنە کۆمەڵایەتی وئەدەبییەکان داوە ودوورکەوتوونەوە لە بوارە سیاسییەکان، بوون بە ڕۆژنامەیەکی کۆمەڵایەتی وئەدەبی تەوس لێدەر.

ئەرکی ڕۆژنامەگەری تەنز تەنها بۆ پێکەنین وخەم ڕەوانەوە نییە، بەڵکو ئامانجی ڕاستکردنەوە ورەخنەگرتنن، کە ڕۆڵی کاریگەر وبریندارکەریان هەیە بەشێوەی تەنز، بۆیە لێرەدا تەوس لێدان چەکێکی کاریگەرە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە ولادانە سیاسییەکانی دەسەلآت[2].

هەر لەڕێگای گاڵتەجاڕیەوە، ڕەخنە لە هەندێك دامەزراوەی سیاسی ورەفتاری هەندێك لە کەسایەتی سیاسی دەگیرێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی گرژی وڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان، بۆیە هونەری نووسینی تەنز بەگشتی یەك لە نیشانەکانی ئاگادارکردنەوەیە یان شێوەیەکی بەرگریکردنە.[3]

ڕۆژنامەگەری تەنز لە بواری سیاسیدا، گوزارشت لە هەست ونەستی خەڵکی دەکات، دەرکەوتنێکە لە ئاستی کەم وکورتی سیاسییەکان بۆ دروستبوونی ڕای گشتی[4].

---

١ - د. حمدان خضر السالم، صحافة السخرية والفكاهة في العراق ١٩٠٩-١٩٣٩، (بغداد : دون ناشر.٢٠١٠)، ص.١٢٧.

[2] - سەرچاوە: ئینتەرنێت، www.aliraqnews.comڕۆژی سەردان ١٥\\١\\٢٠١٢.

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] هەمان سەرچاوە.

ڕۆژنامەگەری تەنز ئامرازێکە بۆ ڕەخنەگرتنی سیاسی توند وزۆرجار گاڵتەجاڕی بەکار دەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی سیاسی، ئەمەش هەناسەدانێکە لە ئاست ئەو بێزاری وبێ ئومێدییەی خەڵك هەستی پێدەکەن بەرامبەر کەسایەتییە سیاسییەکان[1].

بە بۆچوونی فرۆید[2]: نوکتە ڕێگامان پێدەدات کە سوود لە دیاردەکان وەربگرین ولە ڕێگای نوکتەوە ئەو دیاردە دەربڕین چونکە بەڕاستی ناتوانین بە ئاشکرا دەریان ببڕین لە ترسی سزادانمان[3].

دووەم: ئەرکی کۆمەڵایەتی:

یەکێك لە توانا شاراوەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەتوانێت وشە وڕستە بۆ واتایەکی جیاواز لەو واتا ومەبەستە ڕاستەقینەی خۆی بەکاربهێنێت، ئەم شێوازە ڕەخنە تەنز ئامێزە کۆمەڵایەتیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، تەنانەت (ئەرستۆ) لە کتێبی (پیوتیکا) ئاماژەی پێکردووە ولەسەردەمی یۆنانی ورۆمانییەکاندا سەرنجیڕاکێشاون، لە پاش ئەم مێژووە کۆنەوە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی بیری مرۆڤ هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ دەربڕینی مەبەستی شاراوە وڕێگایەك بوو بۆ دەربڕینی خەم وناخۆشییەکانی ناو دڵ وپەردە هەڵماڵین لەسەر کەم وکورتییەکانی ناو کۆمەڵگە ورەوشت وئاکاری مرۆڤ وناهەمواریەکانی کاربەدەستان ودیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە، بەشێوەی ئەوتۆ کە هەموو ئەو ساتە بێنێتە پێکەنین ورەخنەی تەنز ئامێزیان ئاڕاستە بکەن، بۆئەوەی بەخۆداچوونەوە ڕوو بدات یان هەندێك جاریش ڕق و قینەیان بوروژێنێت[4].

قسەی نەستەق وپەندی پێشینان لەسەردەمی زووەوە دەوری ڕێکخستنی ناو کۆمەڵگەیان بینیووە، هەر لە ڕێکخستنی ئاکار وهەڵسوکەوتی خێزانیەوە کە لە پێش دانانی یاسا ودەستوورەکاندا لەناو کۆمەڵگەدا پشت بە قسە تەنز ئامێز وپەندە کۆنەکان بەستراوە[5].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٢٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص٢٨

[3] - سەرچاوە: ئینتەرنێت، www.almannara.com سەردان ٢٠١٢\١\١٧.

[4] - د. هیمدادی حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

[5] - کەریم شارەزا،سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

ڕۆژنامەگەری تەنز هەوڵی ڕێکخستنی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگەدا دەدات، وەك: تەلاقدان وژنخوازی وخواردنەوە ودەستپاکی ودرۆنەکردن وڕاستگۆیی وڕاپەڕاندنی ئەرکی خەڵکی وئەرکی خێزانی وپاراستنی داب ونەریت وڕێزگرتن لە یاسا وڕێساکان وڕاستکردنەوەی چەوتییەکان[1].

بۆئەوەی ڕۆژنامەگەری تەنز بتوانێت ئەم ئەرکەی خۆی ڕاپەڕێنێت ئەوا پێویستی بە بوارێکی فراوانی لە ئازادی هەیە، تاکو توانای هەبێت ڕەخنە لە دیاردە نەرێنییەکان بگرێت، وەك شاعیر حمید حسن دەڵێت: ڕۆژنامەگەریی تەنز پشت بە ڕەخنەی ئاشکرا دەبەستێت بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی ومرۆییەکان[2].

ئەو گۆڤار وڕۆژنامە تەنزانەی لە کوردستان دەردەچن بەشێکی زۆری لاپەڕەکانیان تەرخانکردووە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، نمونە: لە دوای بینینی توێژەر لە ژمارە (١٠٨)ی گۆڤاری (گەپ) لە گۆشەی تەحلیلات وتەفسیرات وتەنزیلات دا هاتووە لە ژێر ناوی تەشهیر لە تەحلیلی کۆمەڵایەتی بەشێوەی تەنز دەنووسێت:

مەسەلەی تەشهیر وتوانج وتانە وتاکە نەعل هاویشتن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مێوژێکی نایاب وببورن مێژوویەکی باریك ودرێژی هەیە، بۆ نمونە بەعزێ لە کوڕە گەنجەکانمان دەچن وێنەی لەشی کچێکی ڕووتی هیندی دێنن وکەللە سەری کچێکی داماوی گەڕەکی خۆیانی دەخەنە سەر، بۆ سوککردن و تەسلیم بوونیان[3].

**سێیەم: ئەرکی ئابووری:**

کاریگەری بارودۆخی ئابووری پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسییەوە هەیە، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەگەرییە تەنزەکانی وڵاتی عێراق، زۆربەی ئەو ڕۆژنامە تەنزانە پانتاییەکی باشیان لە لاپەڕەکانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ بابەتە ئابوورییەکان، لەسەر تەواوی کەم وکورتیەکانی پرۆژەکان وخزمەتگوزاری وبێکاری وتەنگژە ئابوورییەکان وقسەکردن لەسەر پیشەسازی وکشتوکاڵی وڵات وبەهەدەردانی خێر وبێری وڵات[4].

---

[1] - سەرچاوە: ئینتەرنێت، www.aliraqnews.com ڕۆژی سەردان ٢٠١٢\١\١٥.

[2] - سەرچاوە: ئینتەرنێت، www.almannara.com ڕۆژی سەردان ٢٠١٢\١\١٥.

[3] - گۆڤاری گەپ، ژمارە ١٠٨، ٢٠١٠/١/٢٥، ل٨.

[4] - د.حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٨.

گۆڤارە تەنزییەکان وکاریکاتێرەکان بایەخ بە مەسەلە دارایی وئابووریەکان دەدەن، بەتایبەتی لایەنی پڕوپاگەندە بازرگانیەکان، بۆئەوەی گۆڤارەکە لانی کەم بتوانێت کاروباری کارمەندەکانی وتێچوونی گۆڤارەکە لە ڕێگای ریکلامەوە دەستەبەر بکات[١].

لە ڕێگای کەسایەتییە میللیەکانەوە وە لە ڕێگای قسەی نەستەق وگاڵتە وگەپەوە بانگەشە بۆ کەل وپەلەکان دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت سوود لەلایەنی کۆمیدی وەربگیرێت، کە کەسانی بە ناو بانگ وخۆشەویستن وتوانای نواندن وکۆمیدیان زۆرە[٢].

چوارەم: ئەرکی ڕۆشنبیری وپەروەردەیی:

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەگەری تەنز بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وپەروەردەییە بە هۆی ئەو سروشتە ڕەخنە ئامێزییەی کە هەیەتی، ئەمەش لە ڕێگای ڕەخنەگرتنی لە کارەکانی پەروەردە وفێرکردن ودەزگا زانستییەکان لە بەرنامە وسیستەمەکانیان، بە شێوازی کاریکاتێر ورۆژنامە وگۆڤارە تەنزەکانەوە چارەسەری دیاردە خراپەکان دەبنێتەوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ بانگەشەی دژایەتی ئەو دیاردانە دەکات[٣].

ئەرکی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەی تەنزدا پەروەردە وهۆشیارکردنەوەی خەڵك وپەنجە دانانە لەسەر لایەنە خراپەکانی کۆمەڵگە وسیستەمی بەڕیوەبردنی فێرکردن وبەرهەڵستیکردنی زۆر لەو دیاردانەی کە ئاستەنگن لە بەردەم بەرەو پێشەوەچوونی هۆشیاری وخوێندەواری لەناو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەدا[٤].

لە گۆڤارە تەنزەکانی کوردستانیش گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیریی وپەروەردەیی زۆردراوە، وەك لە گۆڤاری (مەلا مەشهور) ژمارە(١)دا لە بەرگی دەرەوەی گۆڤارەکە کاریکاتێری (گرفتار) دەبینرێت کە توانجە لە وەزیری شارەوانی وڕۆشنبیری، هەر لە لاپەڕەکانی ناوەوەی هەمان ژمارە وتاری تەوس ئامێزی تێدایە لەسەر هۆشیاری هاتووچۆ وتەندروستی وپاك وخاوێنی وپاراستنی ژینگە وخوێندن وکێشەی خوێندکاران وزیانەکانی جگەرەکێشان وکێشەی خێزانی[٥].

---

[١] - گۆڤاری مەلای مەشهور، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١) لە ١٩٩٧/٧/١، ل٨.

[٢] - غازی حەسەن، هونەری ریکلام، (هەولێر: چاپخانەی پاك، ٢٠١٠)، ل١٢٣.

[٣] - د. ابراهیم فؤاد الخصاونە، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٥.

[٤] - گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی عەرێمی کوردستان دەریدەکات، ژمارە ١٦٠، ٢٠٠١، ل٧٥.

[٥] - گۆڤاری مەلای مەشهور، ژمارە(١)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

هەر بۆ بەدواداچوونی مافی خوێنکاران لە ژمارە (١١٤)ی گۆڤاری (گەپ) دا هاتووە: هەرچەندە ئەژنۆم دەلەرزێ کە باسی تاقیکردنەوە دەکەن، بەڵام بۆ ئەم ڕیپۆرتاژە ناچارین هەر لە قۆپییە و واسیتە وپرسیاری مولحەق بە وەڵامەوە پێیدا بێین تا دەگاتە ڕێژەی دەرچوون وبەرگ بڕیەکانی نمرەی تاقیکردنەوە وفەوتانی حەز وئارەزووی قوتابی خاك بەسەر[١].

وە هونەری کاریکارتێریش وەك ژانرێکی ڕۆژنامەگەریی تەنز چەندین ئەرك لە خۆ دەگرێت وەك[٢]: ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی وپەیوەندیکردن وئەرکی هەواڵ وئەرکی زانیارییەکان وئەرکی وروژاندن وداهێنان وئەرکی جوانی وئەرکی ئابووری کە بە بەکارهێنانی کاریکاتێر دەتوانرێت ڕیکلامێکی سەرکەوتوو وکاریگەر دروستبکرێت، ئەمەش لە ڕێگای زووم بۆ دەرخستن ونیشاندانی ناوەڕۆك وهەناوی وێنە ونیگار و وێنە کاریکاتێرییە نەبزوێنەکان، دەتوانێت کاریگەری لە سەر خوێنەر دروستبکات[٣].

---

[١] - گۆڤاری گەپ، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ١١٤، لە ٢٠١٠/٧/٢٥، ل٢٠.

[٢] - د.ابراهیم فواد الخصاونە، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٥.

[٣] - غازی حسەن، هونەری ریکلام، (هەولێر: چاپخانەی پاك،٢٠١٠)، ل١٢١.

# بەشی سێیەم

## مێژووی ڕۆژنامەگەریی تە نز

### پـاری یەکـەم: مێـژووی ڕۆژنامەگـەریی تـەنز لـە جیهاندا

### پـاری دووەم: مێـژووی ڕۆژنامەگـەریی تـەنز لـە عێراقدا

### پـاری سـێیەم: مێـژووی ڕۆژنامەگـەریی تـەنز لـە هەرێمی کوردستاندا لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١

### پـاری چـوارەم: مێـژووی ڕۆژنامەگـەریی تـەنز لـە هەرێمی کوردستاندا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١

# پـــاری یەکـــەم: مێـــژووی ڕۆژنامەگـــەریی تـــەنز لـــە جیهاندا:

وێنە کاریکاتێرییەکان مێژووییەکی کۆنیان هەیە کە ژانرێکی گرنگی تەنزە، دەوترێت کە قابیل وێنەی کاریکاتێری کێشاوە، نەك لە سەر کاغەز بەڵکو لاسایی هەڵسوکەوتی هابیلی برای کردۆتەوە، ڕۆژانە لاسایی براکەی دەکردەوە وگاڵتەی پێدەکرد[١].

یەکەم وێنەی کاریکاتێری دەگەڕێتەوە بۆ وێنەی باڵندەیەك کە بە پەیژە بۆ سەر درەختێك سەردەکەوێت، ئەمە کۆنترین وێنەی کاریکاتێرییە کە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا لە سەرکاغەزی بەردی وێنەی کێشراوە، وێنەکە لەمیسر دۆزراوەتەوە، بەم وێنەیە دەردەکەوێت وڵاتی میسر یەکەم وڵات بوونە وێنەی کاریکاتێری تەنزیان کێشاوە[٢].

بێجگە لەم وێنانە زۆر وێنەی تر لە میسر دۆزراونەتەوە کە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشراون کە وێنەی کاریکاتێرین، لە سەر قوڕی سورکراوە یان بەردی ڕەق وێنەی کاریکاتێری دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(١٢٥٠)ساڵ پێش زاین، لەوانە: ڕێوییەکیان وێنە کردووە لە شێوەی شوانی بزنان، یان گورگێکیان وێنە کردووە لە شێوەی پاسەوانی کۆمەڵە قازێك[٣].

(بۆبالۆس ودەتینس) لە بەناوبانگترین پەیکەرتاشەکانی یۆنانی بوون، پەیکەرێکیان بۆ شاعیر (دەمیم دەیبۆتاکس) دروستکرد کە شێوەیەکی گاڵتە ئامیز وپێکەنیناوی هەبوو[٤].

توێژەر لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شوێنێکی جوگرافی ئەم جیهانە دەدات کە سەرەتایەکی گرنگی مێژوویی بوونە بۆ تەنز وڕۆژنامەگەریی تەنز، بەم شێوەیە:

## یەکەم: ڕۆژنامەگەری تەنز لە ئەمریکا وئەورووپا

### ١- ئەمریکا:

(جیمس فرانکلین)، ڕۆژنامەی ( New England Courant) ی دەرکرد لە ساڵی (١٧٢١) لە شاری بۆستن، ڕۆژنامەکە بە ڕەخنەی تەنز دەناسرایەوە کە هێرشی دەکردە سەر کاربەدەستان ودار ودەستەکانیان، گاڵتەی پێدەکردن بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێت، هەریەکە

---

[1]- گۆڤاری گەلاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤.

[٤] - هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤.

وناوێکی خوازراوی بۆ دادەتاشین، زۆرجار لە نووسینەکانی ئەو کەسانە دەبوونە مایەی گاڵتەجاری کە خۆیان بە زانا ودانا دەزانی یان ئەوانەی بە ناوی پیاوی ئایینیەوە لە ناو کۆمەڵگەدا قسەیان دەکرد، ڕەخنەی تەنزی ئاراستەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك درۆ وزیادەڕۆیی دەکرد[١].

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا :[٢] لە ساڵی ١٨٧١"بولیتزر"* ژمارەیەکی زۆری لە وێنەی ئاسایی وڕەنگا وڕەنگ و وێنەی کاریکاتێری بڵاودەکردەوە، ئەو وێنە تەنزانە زۆرجار دوو ستونیان لە ڕۆژنامەکە بە تەواوی داگیرکردووە، ئەوەش کارێکی ڕۆژنامەنووسی تازە بوو لە ڕۆژنامەدا بە تایبەتی لەو کاتەدا، ئەوەش وایکرد تیراژی ڕۆژنامەکە لە ساڵی (١٨٨٤) بۆ (١٠٠)سەد هەزار بەرز ببێتەوە.

هەروەها (جۆزیف بولیتزر) بە پێشەنگی یەکەمین دادەنرێت لە دانانی (ڕۆژنامەی زەرد) بە سەرجەم تایبەتمەندی وڕواڵەتەکانیەوە، بۆ یەکەمجار لە چاپی یەکشەممانی ڕۆژنامەی "الوورلد" ی بۆلیتزر کە بریتیبوو لە وێنەی کاریکاتێری کە پاڵەوانە سەرەکیەکەی منداڵێکی لاواز وبێ ددان کە کراسێکی شۆڕی لە بەردا بوو کەڕەنگی زەردێکی تەڵخ بوو، بە پێ ی زۆربەی بۆ چونەکان خاوەنی ئەم وێنەیە هونەرمەند (ڕیتشارد ئەنکۆڵن) بوو، کە بە پێشەنگی هونەری (کۆمیدی) ئەژمار دەکرێت لە ڕۆژنامەگەریدا، واتە چیرۆکی تەنز ئامێز هاوبەندە بە وێنەی تەنز، هەر بەخێراییەکی بێ وێنە ئەو بابەتە کاریگەرە نوێیە لە سەرجەم ڕۆژنامە بێنرخەکان بڵاو بۆوە، بەڵام لوتکەی گەشەکردنی زیاتر لە ڕۆژنامەی (هێرست)** ی باوکدا دەرکەوت[٤].

(ولیام راندولف هیرست)ی لە ساڵی ١٨٦٣ لە شاری سان فرانسیسکۆ لە دایکبووە، بۆ یەکەمجار لە زانکۆی هارفارد ئاشنای پیشەی ڕۆژنامەگەری بووە، لەماوەی کورتی کارکردنیدا لە

---

[١] - د.ابراهيم عبدة، الصحافة فى الولايات المتحدة الامريكية، نشأتها وتطورها،(القاهرة: مؤسسة سجل العرب، ١٩٦٠)، ص٢٨، بڕوانە: د.حمدان خضر سالم، الصحافة السخرية والفكاهة فى العراق، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣.

[٢] - د، تودور وف، تاريخ الصحافة العالمية، ترجمة: أديب خضور، ط٢،(ديمشق: المكتبة الآعلامية، ٢٠٠٩)، ص١٠٢.

* بولیتزر بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە ئاهەنگی گێڕاو هەڵسا بەدانانی (١٠٠) تۆپ لە باخچەی گشتی نیۆرك بۆ تەقاندنی گولە ئاگرینەکان بەبۆنەی تێپەڕاندنی (١٠٠) هەزاری لە تیراژەکەی.

** )هیرست) کوڕی ملوێنێرێك بوو باوکی ناوی (جۆرج) بوو لە نێوان ساڵانی ١٨٥٩ کانێکی زیوی لە کالیفۆرنیا دۆزیەوە، لە ڕێگای (چەتە)ئەمریکیە بە ناوبانگەکانەوە بۆ بە دەستهێنانی کانی زێڕو زیو، لە ماوەیەکی کورتدا دەستیگرت بە سەر کانەکاندا لە مەکسیك وپیرۆ و شیلی، ئەوە وایکرد ببێتە یەکێك لەدەوڵەمەندترین کەسەکانی ئەمریکا، کە لە پاش خۆی چوار ملیۆن دۆلاری بۆکورەکەی (ولیام ڕاندلولوف هیرتس)ی ڕۆژنامەنووس بەجێهێشت.

[٣] - د.تودور وف، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٣.

ڕۆژنامەیەکی تەنز ئامێزی خوێندکاراندا بەناوی(لەیمبوون) کاریکردووە وناسراوە، گرنگی بە ڕۆژنامەگەری داوە وپەرەی بە تواناکانی خۆیدا وچووە پاڵ ڕۆژنامەی (بولیتزر)ی نیۆرکی[١] (الویرلد) پاشکۆی تەنزی هەبوو بەتایبەتی لە ڕۆژی یەکشەمواندا[٢].

دواتر گۆڤاری ئەمریکی بەناوبانگ (نیۆرکر) گۆڤارێکی تەنزی وگاڵتە وگەپ بوو، هەروەها گۆڤاری (جدج) و(لایف)، توانیان ماوەیەکی درێژ لاسایی دادگا باڵاکانی تایبەتی سەر بە ئەمریکا بکەنەوە، ڕۆژنامەی (News)کە لەمیامی دەردەچوو یەکێك بووە لەو ڕۆژنامانەی بابەتی تەنزی بلاوکردۆتەوە لە ڕێگای وێنە کاریکاتێرییەکانی وێنەکێش (دون ڕایت)کە زۆربەی وێنەکانی بە چاپی گەورە بلاودەکردەوە[٣].

(دون رایت) یەکێکە لە کاریکاتێریستەکانی ڕۆژنامەی (news) کە لە میامی دەردەچوو دەڵێت: وێنەی کاریکاتێری بەشێکە لە گفتوگۆی گەورە ودینامیکی وجوڵە کە کاری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەکرد، بەڵام ڕۆژنامەی (لوس ئەنجلیز تایمز) تەنها وێنەی تەنزی (بول کونارد)ی لە ڕۆژنامەکە بلاودەکردەوە [٤].

کاریکاتێر لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ جەنگی ناوخۆدا دەستیپێکرد، لەو جەنگەدا کاریکاتێر ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، تاڕادەیەك کاریکاتێریست(ناست) وتویەتی: ئەو وێنانە گەورەترین هۆکاری شەڕی ناوخۆ بوون[٥].

ویلیام چارلس کە خەڵکی وڵاتی سکوتلندایە، یەکەم کەس بووە بنچینەی نیگاری کاریکاتێری داناوە لە ئەمریکا، ئەو لەو یەکەم کەسانە بوو کە لێدوانیان لە کاریکاتیر بە کارهێناوە بە دانانی لە سەر (میزڵدان– دەبدەبە)، میزڵدانەکەی خستۆتە سەر دەمی وێنەکێشراوەکە، ئەوەش داهێنانێك بوو لەو سەردەمەدا، گرنگی ئەم ڕێگایە لەوە دابووە کە بەکارهێنانی لێدوان کارئاسانی دەکات لە تێگەیشتنی نیگارە تەنزەکاندا، ئەوەش بۆتە بەشێك لە پێکهاتە گشتیەکەی[٦].

لە ئەمریکا ڕۆژنامەیەکی کارتۆنی دەرچوو بە ناوی (اتلانتا) وەکاریکاتێرستەکەی (تونی أوڤ)بوو،

---

[1] - د، تودوروف، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤١
[2] - د،حمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢.
[٣] - د،حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢.
[4] - هەمان سەرچاوە، ص١٢.
[٥] - عبدالکریم سعدون، الكاريكاتير الصحفي، مراحل جذورالتاريخية للكاريكاتيرومراحل تطورة، (الدانيماك: قسم الاعلام والأتصال الأكاديمية، ٢٠٠٨)، ص٣٣.
[6] - هەمان سەرچاوە، ص٣٤.

له ڕۆژنامەی (نیۆرك نیوزدەی)، وێنەكێش (دەلیم می لورد) وێنە تەنزەكانی بڵاوكردۆتەوە[١].

(بن جامین فرانكلین) وێنەی مارێكی لەت لەتكراوی كێشا وهەر لەتەی ناوی ویلایەتێكی ئەمریكای لە سەر نووسی [٢].

وكۆتایی سەدەی نۆزدەدا چەندین ڕۆژنامە وپاشكۆ وگۆڤاری تەنز هەبوون، لەوانە: لە خانەی (جۆرناڵ) گۆڤارێك هەیە بەناوی(موریاڵ جۆدار) یەكێكە لەو گۆڤارانەی پاشكۆی تەنز وگاڵتەوگەپ بڵاودەكاتەوە، لەلایەن ئەمریكی (هیومارست)دەردەچوو، لە هەشت لاپەڕە پێك دێت[٣]، لە نیۆرك ڕۆژنامەی نیۆركی هەفتانە (New York Weekly Journal)لەلایەن تەنزنووس (جون بیتر زنجر) دەردەچوو بە چوار لاپەڕە پڕ بوو لە بابەتی ڕەخنەی تەنز ئامێز، تەنزنووس لایەنە سلبیەكانی لە ڕێگای پێكەنینەكانی خەڵكەوە دەخستە ڕوو، ڕۆژنامەكە لای خەڵكی پەسند بوو بۆیە دوبارە چاپ دەكرایەوە[٤]، ڕۆژنامەی بەناوبانگ (واشنتون پۆست) خۆی بە وێنەی تەنز دەڕازێنێتەوە وكاریكاتیریەكان بە تیراژیكی زۆر بڵاودەبێتەوە [٥]، ڕۆژنامەی ئەكرون بیگن (Akron Beacan) لەو ڕۆژنامەنە بوو كە تابلۆی وێنە كاریكاتێریەكانی (چپ بوك) (Chip Bok) ی بڵاوكردەوە كە زیاتر گرنگی بە بواری ئەدەبی دەدا، لە بەرئەوەی پڕبوو لە وتاری ڕەخنەی تەنز[٦]، ڕۆژنامەی ( New England Weekly Journal) ڕەخنەی تەنزی بڵاودەكردەوە وزۆربەی نوسەرەكانی بەرپرس وپیاوانی ئایینی ونوسەری بیرمەندبوون لە سەر شێوازێكی نوێ لە ڕۆژنامەگەری ئەمریكی كاریان دەكرد، گرنگی دەدا بە چیرۆكی كۆمەڵایەتی وفێركردن وكاروباری ژنان وجل وبەرگ كە نووسینەكانی خۆشە دەكران بە گاڵتە وگەپ[٧].

لەكەنەدا ژمارەیەك ڕۆژنامە دەرچوون كە گرنگیان دەدا بە ڕۆژنامەگەریی تەنز لەوانە: وێنە كاریكاتێرییەكان لە ڕۆژنامەی (مونتریال ستار) (Montereel Star) كە وێنەی كەسایەتییە سیاسییەكانی دەكێشا ودەیكردە پاشكۆیەكی كاریكاتێری، (Terr Mosher)

---

[1] - د. حمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١١.

[2] - گۆڤاری گەلاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل١٢.

[4] - www ،almannara، com سەردان لە ٢٠١٢\١\١٥

[5] - هەمان سەرچاوە.

[6] - د.حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣.

[7] - هەمان سەرچاوە، ص١٣.

کاریکاتێریستێکی کەنەدی بوو پێی وابوو وێنەکێشی کاریکاتێری دەچێتە پشت هەرکەسێك کە لە دەسەڵاتدا بێت[١].

## ٢- بەریتانیا

تەنزی ئینگلیزی تایبەتمەندیەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئیرلەندییە، دەرچوون نییە لە یاسا کە(سویفت)و(سترین) لە سەدەی هەژدەهەم ئیرلەندی بوون، هەروەها (برناشو)وە (ئوسکاروایلد) لەکۆتاییەکانی سەدەی نوزدەهەمدا ژیاون ئیرلەندی بوون، ئامانجی ئەم نوسەرانە نووسینی تەنزبوون، هەندێك لەو نوسەرە تەنز ئامێزانە خاوەنی قژێکی سوربوون کە لە (دبلن)وە هاتبوون.

برنارد شۆ دەڵێت: ڕۆشنبیرەکانی لەندەن دەتوانن بەتاڵبن لە ژیری، بەبێ ئەوەی بە تاڵبن لە جەستەدا، هەر برناردشۆ دەڵێت: تەنزی ئینگلیزی لە چەقۆێك دەچێت دەمی نەبێت ودەسکەکەشی لێکرابێتەوە[٢].

گۆڤاری (بینتش) گۆڤارێکە هەفتانەیەی تەنز بوو لە ساڵی (١٨٤١) دامەزراوە کە کۆمپانیای(بریدبیری- ئەنیکو) خاوەنی بوو تیراژەکەی گەیشتە نزیکەی(١٥٠) هەزار دانە، سەرەڕای کۆمێنتی ڕەخنەگرانە لە سەر ڕووداوە سیاسییەکان ئەوا پانتاییەکی زۆری تەرخانکردبوو بۆ وێنەی کاریکاتێری وچیرۆکی تەنز، شێوازی کلاسیکی خۆی دەپاراست وهەستی بە گەشەکردنی خۆی دەکرد وهەوڵی دەدا ئاستی ڕۆژنامەگەری خۆی بەرز بکاتەوە وخوێنەری زیاتر بەلای خۆیدا کێشبکات، لەساڵی ١٩٦٧ (بیرنارد هۆلیود) باوەڕی وابوو (تەنز) ڕێگایەکی گرنگە بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی، بۆیە پێویستە گۆڕانکاری بە سەردابێت تا دەگاتە هاوتای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگەی بەریتانیادا هەیە[٣].

لە ئینگلتەرا گوڤار ورۆژنامەی زۆر دەرکەوتن کەگرنگیان دەدا بەوێنەی تەنز وکاریکاتێری لەوانە گۆڤاری (پانش Punch)[٤]، گۆڤاری (پانش) بە بەناوبانگترین گۆڤاری وێنەیی ئەژماردەکرا کە لە ساڵی (١٨٤١)زایینی دەرچووە وتائێستا بەردەوامە، کە وێنەی تەوس وکاریکاتێری بڵاودەکاتەوە، لەبەناوبانگترین وێنەکێشە تەنزەکانی وەك: (دیمورییە، لیش، کین، فیرنسی، دویل....هتد)[٥].

---

[1] - د. تودوروف، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣.

[2] - سمیر شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

[٣] - د،تودوروف، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٦.

[4] - دحمدا ن خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣.

[٥] - هەمان سەرچاوە، ص١٤.

گۆڤاری ئینگلیزی به ناوبانگ (لەندەن دەوبینیون) پابەند بوو بە وێنەی کاریکاتێری کۆمەڵایەتی، گۆڤاری (ساندای تایمز) کە بابەتەکانی پلار وتەوسن لە کەسایەتییە سیاسییەکان کە(جیردەلد سکاریف) وێنە کاریکاتێریەکانی دەکێشا، ڕۆژنامەی (ئیفنیك ستاندار) کە وێنەی وێنەکانی کاریکاتێری (ڕیمون جاکسونی) بڵاودەکردەوە لە ژێرناوی خوازراوی (جاك)، ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنت (Independent) کاریکاتێریەکانی لە لایەن (نیکۆلاس کارلاند)دەکێشرا، ڕۆژنامەی (ئۆبزرفری بەریتانیا) دەرچوو، کە وێنەی تەنزی تێدا لە لایەن (وویلی فوکسی)دەکێشرا[1].

هەندێك ڕۆژنامەی حزبی لە بەریتانیا دەردەچوون زیاتر پەنایان بۆ شێوازی گاڵتە وگەپ دەبرد لە نووسین و وێنە دا بە دەربڕینی نوکتە پەیامەکانی خۆیان دەگەیاند، ژمارەیەك لەو ڕۆژنامانە سەر بە حزبە گەورەکانی بەریتانیا بوون، لەوانە (دەیلی میل)،(دەیلی اکسپرێس)،(دەیلی هیرلد)[2]، لە ئینگلترا لە ساڵی (١٨٨١ )زاینی نیونیس گۆڤاریکی تایبەتی دەرکرد، کەپێکهاتەیەکی کوراسەیی هەبوو بە شێوەی خولەکی لە ژێر ناونیشانی (تیتس - بیتس)دەردەچوو، بڵاوکراوەیەکی کاریگەر بوو بۆکردنوەی شەهییە یان شتێکی شیرین بوو تام وچێژی هەبوو، سەرەتا (نیوس) دەستیکرد بە

فرۆشتنی ئەو نامیلکەیە لە چێشتخانەکاندا، کە پڕبوو لە هەواڵی سوك وخۆش وهەمەچەشنەی ڕووداوە جۆراوجۆرەکان بۆڕاکیشانی کڕیارەکانی، ئەمە بووە جێگای بایەخی زۆر کە وا پێشبینی نەدەکرا، نیوس هەڵسا بە زیادکردنی تیراژەکەی وزیاتری لێ چاپ کرد، ئەم جارە لە دەرەوەی چێشتخانەکانیش دەستیکرد بە فرۆشتنی لە پاشئەوەی ناوەڕۆکەکیان زیادکرد لە بابەتی (نوکتە، قسەی نەستەق وشیعر وبەسەرهاتی تەنز، ئەمەش شێوازی بڵاوکردنەوەکەی خێراترکرد[3].

**٣- فەرەنسا**

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٧٩٢) تا ڕووخانی ڕۆپسپێر لە (١٧٩٤)دا لە فەرەنسا ڕۆژنامە بوو بە تۆمارێکی ڕۆژانەی گفتوگۆی ململانێکانی نێوان یەعقوبییەکان وجیرۆندییەکان، لەو نێوانەدا ڕۆژنامە لە ڕووی چۆنایەتی وچەندایەتییەوە گەشەیکرد، هەروەك چۆن ناوەڕوك وزمانی ڕۆژنامەکان گۆڕانکارییەکی باشیان بە خۆوە بینی وڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچوون، تەنانەت ئەرکی دیکەیان خستە ئەستۆی خۆیان وەك: کۆمێنتی سیاسی وکورتە هەواڵ وبابەتی

---

[1] - هەمان سەرچاوەی، ص١٤.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص١٤.

[3] - د، تودوروف، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٨.

تەنز وگاڵتەجاری ونامەی خوێنەران لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری[١]، وێنەکێشی فەرەنسی (دۆمیا) لە سەر وێنەکانی سزادراوە وبەندکراوە چونکە وێنەی کاریکاتێری لە سەر دادوەرەکان دەکێشا، ئەوکات دادوەرەکان پارە وڕەشوەیان لە خەڵکی وەردەگرت[٢]،

ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (شارڵ فلیبیون) بە دامەزرێنەری ڕۆژنامەگەریی تەنز دادەندرێت، یەکەم ڕۆژنامەی بە ناوی (کاریکاتێر) دەرکرد لە ساڵی (١٨٣٠)زاینی کە بایەخی دەدا بە گاڵتەجاڕی وکاریکاتێری، کاریکاتێری وەك ڕەگەزێکی بنچینەیی لە نووسیندا بە کاردەهێنا، هەر لەو ماوەیەدا چەندین وێنەی کاریکاتێری سیاسی بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەکە لە ساڵی (١٨٣٥) وەستا[٣]، لە دوای ڕاوەستانی ڕۆژنامەی کاریکاتێر لە ماوەیەکی کورت ڕۆژنامەی (شیفاری) دەرکرد، ئەم ڕۆژنامەیە کاریگەری لە سەر ڕۆژنامەنووسانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا هەبوو، وەك: ئینگلترا کە ڕۆژنامەی (پانش) لە ژێریدا نوسرا بوو (شیفاری)ی لەندەنی [٤].

ڕۆژنامەی (البطة المغلولة) کە لە فەرەنسا دەردەچوو گرنگی دەدا بە بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی تەنز وکۆمیدی، هەر وەك بووە مایەی چاولێکردنی ڕۆژنامە عەرەبییەکان، ژمارەیەك لە ڕۆژنامەکانی (تونس) کە کەوتنە ژێرکاریگەری ڕۆژنامەکانی فەرەنسا وەك ڕۆژنامەی (ستار)ی تونسی[٥].

ڕۆژنامەی(القنفوز) ڕۆژنامەیەکی گاڵتەوگەپی فەرەنسی بوو لە تونس دەردەچوو لەکاتی داگیرکردنی تونس لە لایەن فەرەنساوە، هەر ئەم لاساییکردنەوەیە بوو ڕۆژنامەی (القنفوز) بە هەمان ناو لە فەرەنسا دەردەچوو[٦].

ڕۆژنامەی (لە کاریکاتور) (La Caricature) یەکێکە لە رۆژنامە کاریکاتێری وتەنزەکانی فەرەنسا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەرچووە*.

وە ڕۆژنامەی لۆفی گارۆ وڕۆژنامەی لیمۆند (Lemond) گرنگی زۆر دەدەن بەوێنەی تەنز و گرنگی دەدەن بە تابلۆکانی هونەرمەند (جین بلانتور) بۆ ڕازاندنەوەی لاپەڕەکانیان[٧].

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ص٦٤.

[2] - گۆڤاری گەلاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.

[٤] - عبدالکریم سعدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٠.

[٥] - د، حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

[٦] - هەمان سەرچاوە، ل١٥.

* ژمارە (١٣١)ی لە ٢٢ی ئەپرێلی ١٨٨٢دەرچووە، قەبارەکەی (٢٨×٣٥سم)، توێژەر ئەم ژمارەیەی لە کتێبخانەکەی (مامۆستا ممتاز حیدری) لە هەولێر وەرگرتووە.

[٧] - د، حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

## ٤- ئەڵمانیا

لە ساڵی (١٧٨٩) زایینی لە ئەڵمانیا (تیوبینکین کوتا) ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوێری ڕۆژانەی دەرکرد، ناوی نا(نوێترین باوەڕ لە جیهان) وە داوای لە (شیلر) کرد ببێتە بەڕێوەبەری نووسین، بەڵام ڕەتیکردەوە، (کۆتا) هەوڵیدا ڕۆژنامەکەی لە ڕووی گرنگی وکاریگەرییەوە هەمان تایبەتمەندی ڕۆژنامەکانی هۆڵەندی وفەرەنسی وئینگلیزی هەبێت، ئەو ڕۆژنامەیە شۆڕشی فەرەنسای بە شێوەیەکی کاریکاتێری خستەڕوو، دانی بەگرنگی وبەجیهانیبوونی شورشەکە نا، پێداگری لە سەرئەوە دەکرد دیاردەی شۆرش وپاشماوەکانی نابێت ڕێگای پێبدرێت بێتە ناو ئەڵمانیاوە[١]، دواتر گۆڤاری (جنراڵ دەنتسیفیر) کە تیراژێکی زۆر بوو، لە سەر بوونی کەرەسەی نا سیاسی وسادەی وەك وێنە وتەرخانکردنی ڕووبەرێکی زۆر بۆ هەواڵی ناوخۆ و واتە وات وکاریکاتێر وپڕوپاگەندە پێداگری دەکرد[٢].

لە ساڵی (١٨٤٣) ژمارەیەك ڕۆژنامەی تەنز ئامێز دەرچوون لەوانە (فیگارو)وە (دۆن کیشو) کە هانایان بۆ چوارچێوەیەکی تەنز وگاڵتە وگەپ دەبرد بۆ بڵاوکردنەوەی بۆ چوونە سیاسییەکان[٣].

ڕۆژنامە وگۆڤارەکانی ئەڵمانیا گرنگی زۆر دەدەن بە گەپ وتەنز بۆ ئەم مەبەستەش گۆڤار وڕۆژنامە تەنزەکان سێ ئەوەندەی کرێ ی رۆژنامەیەکی گشتی دەدەن بەو ڕۆژنامەنووسانەی تەنز دەنوسن، ڕۆژنامەی فرێنت فیوچەر (Frant Furter Allegemein Zeitaag ) بە یەکێك لە ڕۆژنامەی تەنز دادەندرێت، کەلاپەڕەکانی پڕن لە تەنزی وێنە، (Walter Hanel) باوەڕی وایە کە ئەڵمانییەکان حەزدەکەن بە زانینی شتەکان بە شێوەی کورت ودیاریکراو، بەناوبانگترین گۆڤاریش پشتی بە وێنەی کاریکاتێری دەبەست گۆڤاری(سیمبیلیز موس)ە کە لە شاری (میونخ) دەردەچوو، لە هەندێك شێواز لە گۆڤاری (بانشی) ئینگلیزی دەچێت[٤].

(تروست هۆگن بارگ)* لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا خانەی بڵاوکردنەوەی (شیرل) کڕی، هەروەها هەژموونی (هۆگن بارگ)لە ساڵی (١٩١٦)ز بەسەرچەند ڕۆژنامەیەکی تردا هەبوو

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٨٢.

[2] - د، تودوروف، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٤.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص٨٦-٨٧.

[٤] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

* (هۆگن بارگ)، دەوڵمەند ومۆنۆپۆلێکی گەورە بوو لە دەڵمانیا دەستی بە سەر چەند خانە وچاپ وبڵاوکردنەوە داگرتبوو، بڕوانە د، تدورف، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٣.

وەك ڕۆژنامەی (برلیز لوكالن تسانغر) كە لە ساڵی (١٨٨٣) دامەزرا بوو، هەروەك چۆن كۆنترۆڵی بە سەر خانە وچاپ وبڵاوكردنەوەدا گرت، لەگەڵ هەندێك گۆڤاری وێنەیی تەنزی[١].

لە ئەڵمانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم ناوی چەند كاریكاتێریستێك دەدرەوشانەوە، لەوانە: (جۆركابۆت) و(تسێلر) تا وای لێهات وردە وردە كاریكاتێری تەنزی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا خەڵك تەواو پێی ئاشنابوون[٢].

## ٥- ئیتاڵیا

وێنەی كاریكاتێری وەك جۆرە هونەرێك لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم بە دواوە لە ئیتاڵیا دەركەوت، هەردوو برای كاراكسی لە ساڵی (١٥٦٠- ١٦٠٩) بە ڕابەری ئەو بوارە دادەندرێن [٣].

بە شێوەیەكی گشتی هونەری كاریكاتێری لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا، هاوشان لەگەڵ هونەرەكانی (لیسۆگرافو) و(تیكۆلین)و(چاپ) ئەمەش لە سایەی هەردوو هونەرمەندی ئیتاڵی (ئیگوسینو كارچی وجیوڤانی دێرینی)، بەڵام بە هۆی نالەباری بارودۆخ وهەل ومەرجی سیاسی ئەوسای ئیتاڵیا هونەری كاریكاتێری نەیتوانی بە شێوەیەكی پێویست جموجۆڵی هەبێت وپەرە بسینێت[٤].

ڕۆژنامەی كۆماری (Lere pupubblic) كە گرنگیی دەدات بە وێنەی تەنز، كە وێنەكێش (جیورجیو فوراتینی) وێنە تەنزەكانی دەكێشا، ناوەڕۆكی وێنەكان هێرشی تێدایە بۆسەر سەقەلییەكان(الصقلیین) وجولەكەكان وئیتاڵییەكان وتیرۆریست ومافیاكان[٥].

## ٦- یەكێتی سۆڤیەت

لە یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو گۆڤاری (كروكدل) (Krokodil) بە گۆڤارێكی تەنز ئەژمار دەكرا، لاپەڕەكانی پڕبوون لە كۆمێنتی وێنەیی دەربارەی بابەتە قەدەغە كراوەكان وەك: دەسەڵات، حیزب، ماددە بێهۆشكەرەكان)، نووسەر(ئەلیكس بینوف) دەڵێت:لەئێستادا بابەتەكان كراون بۆ ڕەخنەگرتن لێیان، بەڵام لە ڕابردوو بە هیچ شێوەیەك بە بیرمان نایەت لە بەرئەوەی دەسەڵات وای دادەنا ئەو كێشە وگرفتانە بوونیان نییە[٦].

---

[١] د، تدوروف، ،سەرچاوەی پێشوو، ص٨٣.

[٢] - عبدالكریم سعدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

[3] - گۆڤاری كاروان، كاریكاتێری كوردی وهونەری كاریكاتێری لە بیری (بەمۆ) كاریكاتێریستەوە، هەڤپەیڤین (عیماد ئەحمەد)،ژمارە(١٦٠)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١، ل٧٢.

[٤] - گۆڤاری گەلاویژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢

[5] - د، حمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو،،ص١٦.

[6] - هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦.

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە چەند کارکاتێریستێك لە یەکێتی سۆڤیەت بە دەرکەوتن لەوانە (بێن سترۆب، بروسی ئیجیمون)، هەر لەو کاتەشدا یانەیەك لە سۆڤیەت دامەزرا بە ناوی (کۆکرۆنیسکی) کەکاریکاتێریستەکان تێیدا کۆدەبونەوە[١].

## ٧- ڕۆژنامەگەریی تەنز لە چەند وڵاتێکیتری جیهاندا

★ **هۆڵەندە:** بە هۆی هەبوونی ئازادی ڕوژنامەوانی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوە کۆبونەوەی کۆمەڵەی نیگارکێشان وهونەرمەندانی ئەم وڵاتە گەشەیان بە کاری کاریکاتێری دا هۆڵەندەیان کردە گۆڕەپانی چالاکی کاریکاتێریستان و تەنزنووسان[٢].

★ **نێجیرا:** ڕۆژنامەی لۆکس گاردیان (Logs Caardian) دەردەچوو گرنگی دەدا بە وێنەی تەنز و وێنەی کاریکاتێری، وێنەکان لەلایەن کاریکاتێریست (ئۆس ئوگو)(Ossi Ogwo) دەکێشران[٣].

★**چیلی:** ڕۆژنامەی (هۆی-Hoy) دەردەچوو وێنەکانی لە لایەن وێنەکێش وکاریکاتێرست(دەلی جەندرو مۆنتەنیکرۆ) (Alegandro-Monteger) دەکێشران، ڕۆژنامەی (لائیبوکا وئیل میرکوریو)، لاپەڕەکانیان پڕبوون لە وێنە وکاریکاتێری کاریکاتێرست (هیرنان فیدل)، ناوی خوازراوی هیرڤی (Hervi) بوو دەڵێت: کات بەسەربردن وتەنز وسیاسەت لە وڵاتانی دیکتاتۆری کارێکی تایبەت وگرنگە، بەڵام لە وڵاتانی دیموکراسیدا ئەم هێزە بوونی کەمترە[٤].

ڕای توێژەر وایە کە لە ڕژێمە دیموکراسییەکاندا رەخنە وئازارەکان بە شێوازی جۆراوجۆر وبێ سانسۆر دەردەبڕدرێن ودەنوسرێن، بەڵام لە ڕژێمە دکتاتۆرەکاندا خەڵك ناوێرن بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕن بۆیە زۆرجار بۆ ئازاری پەنگ خواردووی ناخیان بە شێوەی گاڵتەجاری باس لە دیکتاتۆرەکان کراوە ولەلایەن خەڵکەوە ناوی شاراوە وخوازراویان بۆ دروستکراوە.

## دووەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە وڵاتە ئیسلامی وعەرەبییەکاندا

لەسەردەمی ئەمەوییەکانەوە تەنز زیاتر پەیوەندی بە یاسای سروشتی وگیانی هۆزگەری هەبوو کە مرۆڤی دەجولاند، هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ هەبوونی شارستانی جۆراو جۆر، لەو سەردەمەدا شاعیری تەنزنووس دەرکەوتن، لەوانە (جدیری)شاعیر کە بە پێشەنگی ئەدەبی تەنزی عەرەبی ئەژمار دەکرێت، پێش ئەویش شاعیران (حسان والحطیدة) کە مامۆستای(جدیر)

---

[1] - گۆڤاری گەلاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥-٢٣٦.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

[3] - دحمدا خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص١٦.

بوون كه شيعرى تەنزيان دەهۆنيەوە، هەروەها يەكێكى ديكە لەو شاعيرە تەنزنوسانە كە بەردەوام ململانێ ى لەگەڵ جدير هەبوو ناوى (الفرزدق) بوو[1].

لەسەردەمى عەباسييەكاندا كە سەردەمى گەشەكردنى ئەدەبى تەنز بووە، هەروەكو سەردەمى گەشەكردنى زانستەكانيش بوو، ژمارەيەك لەو شاعيرانە كە بە داشۆرين وگاڵتەوگەپ وتەنززان بەناوبانگ بوون، لەوانە: (كبشارى بن برد وأبى نؤاس وحماد عبدالصمد بنالمعذل وابن القفع وابن الرومى) هەروەها نوسەرەكانى وەك (الجاحظ والهمدانى وأبوعلاء المعرى) وئەو شاعيرانەى كە شيعرى لاوانەوەيان دەووت بۆ دەرخستنى لەش ولارى ژنان، لەوانەش (ابوالعبر)بوو، هەروەها (ابو علاله المخزومى) شيعرى لە شێوازى لاوانەوە بۆ كەرە تۆپيوەكەى ئەووت[2].

**توێژەر ڕۆژنامەگەريى تەنز لە بەشێك لە وڵاتە ئيسلامى وعەرەبييەكاندا بەم شێوە پۆلێن دەكات:**

**١- ميسر**

لە وڵاتى ميسرى كۆن تويژەران تەنها چەند تابلۆيەكى قرتێندراوى سەردەمى فرعەونەكانيان دۆزيەوە، لەو تابلۆيانەى وێنەكێشە ميسرييە كۆنەكان كێشاويانە (شايێك وشاژنێك) كە دەچنە لاى فرعەون بۆئەوەى مل كەچى خۆيان بۆ فيرعەون بنوێنن، لە وێنەكە دەبينرێت كە نيوەى ژنەكە گەورە كراوە ونيوەكەى ترى دواكەوتووە، ئەمەش هيچى كەمتر نييە لەوێنە كاريكاتێرييەكانى ئێستا[3].

ميسر لەوكاتەى لەلايەن فارسەكان ويۆنانييەكان وڕۆمانييەكانەوە داگيركراوە، بە هۆى ئەو زوڵم وزۆرەى لە گەلەكەى كراوە پەنايان بۆشێوازى گاڵتەجاڕى وتەنز ونوكتە بردووە، لە هەرشوێنێكدا داگيركەرێكيان ببينيايە بە تەوس وتوانج تيربارانيان دەكرد، بۆ نمونە بە (بطليموس)ى يەكەميان دەووت زوڕناژەن، كاتێك (بەطليمۆسى) دووەم خوشكەكەى خۆى مارەبڕى بووە مايەى گاڵتەجاڕى خەڵك، هەر بۆيە شاعيرى يۆنانى (پيوكرتيوس) دەڵێت: گەلى ميسر گەلێكى مەكرباز وجنێوفرۆشن وخاوەن گيانێگى گاڵتەجارين[4].

---

[1] - فتحى محمد معوض، الفكاهة فى الادب العربي الى نهاية القرن الثالث الهجرى، (الجزائر: الشركة الوطنية للنشروالتوزيع، ١٩٧٠)، ص٧٥، بڕوانە: محمد ساهي عواد المياحى، سەرچاوەى پێشوو، ص ٤٧.

[2] - د. نعمان محمدامين، كتاب السخرية فى الادب العربى حتى نهاية القرن الرابع الهجرى،( الازهر: دارالتوفقية للطباعة، ١٩٧٨)، ص٥٢.

[3] - محمد ساهى عواد، سەرچاوەى پێشوو، ص٣٨.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص٣٨.

**یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکان کە یارمەتی دەربوون بۆئەوەی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە ولأتانی عەرەبی پەرە بسێنێت، کاریگەری ڕۆژنامەگەری جیهانی بووە لەسەریان کەگرنگیان داوە بە ڕۆژنامەگەری گاڵتەوگەپ وەك پێویستیەکی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بۆچارەسەرکردنی ڕووداو کێشە وگرفتەکانیان، ئەمەش بە شێوازێك وایکردووە ڕەواجی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەگەریی تەنز لە ولأتانی عەرەبی بۆ یەکەمجار لە میسر لە دایکبوو[1].**

**ڕۆژنامەگەریی تەنز لە میسر لە دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی تەنز بەناوی(ابو نظارة) دەستپێدەکات، کە لەلایەن پێشەنگی ڕۆژنامەنوسی تەنز (یعقوب صنوع)[*] لە ساڵی(١٨٧٦) وەك یەکەم گۆڤاری گالتەوگەپ دەرچوو، یەکەم گۆڤار بوو شێوازێکی نوێ ی لە نووسینی تەنزی ڕەخنەگرانە دابهێنێت، کە نووسین و وێنە تەنزەکانی بە پێنوسی (صنوع) خۆی بوو، ڕەخنەکانی زیاتر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی (خدیوی اسماعیل) بوو کە ناسرا بوو بە (شیخ حارە وادی النیل)، (ابونظارة) توانی خەڵکێکی زۆر لە خوێنەر بۆ خۆی کێشبکات، ساڵی یەکەمی تیراژەکەی گەیشتە نزیکەی پانزە هەزار دانە[2].**

**لەکتێبی مێژووی ڕۆژنامەوانی عەرەبی دا هاتووە: شێخ یعقوب صنوع (حمبس سانو)ناسراو بە(أبی نظارة)ی کۆمیدی هەفتانە بە ناونیشانی (أبونظارة زرقأ) کە لە(١٨٧٧)لە دۆڵی نیل بلأویدەکردەوە، هەر ئەو گوڤارەش هۆکاری دوورخستنەوەی بوو لە میسر بە فەرمانی (خدیوی ئسماعیل پاشا) لە بەرئەوەی شێوازی گۆڤارەکە زمانێکی تیژ وبڕەڕ بوو، سێ ژمارەی لێ دەرکرد، یەکەم ژمارەی لە ٧ی أب ١٨٧٨دا بوو، دوا ژمارەی لە ١٣ی ئازاری هەمان ساڵ دابوو، لایەنگر وخوێنەری زۆری بە دەستهێنا لە شار ولە لادێدا، لە بەرئەوەی بابەتەکانی جۆراو جۆری وبەتام وچێژی تایبەتی خۆیان هەبوو، بە گشتی نووسینەکانی زمانی خەڵکی میسر بوون، سەرەتا هەموو هەفتەی (٦)شەش هەزار تیراژەکەی بوو زۆرجاریش زیاتربوو، هەندێك کاتیش تیراژەکەی گەیشتۆتە (١٥) هەزار دانە، ئەو ژمارەیەش شتێکی دەگمەن بوو لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری عەرەبی ئەو سەردەمەدا[3].**

---

[1] - دحمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧.

[*] ناوی یعقوب کوری رافائیل صنوع بووە، لە ٩شباط ١٨٣٩ لەدایك و باوکێکی ئیسرائیلی لە لە قاهیرە لە دایکبووە، لە سەردەمی سید جمالدین الافغانی فەیلەسوفی بەناوبانگ شێخ محمد عبده (الدیار)ی میسری هاوشان لەگەڵ صنوع کەخۆشەویستی هەبوو لەنێوانیان، زمانی فەرەنسییان خۆێندبوو، پێداگریان کرد لەوەی ڕوژنامەیەکی کۆمیدی بەزمانی عارەبی دەربکەن کەڕەخنەی تەنز وگاڵتەجاڕیانە ئاڕاستەی کردارەکانی (خدیوی اسماعیل) بکات، بڕوانە الظیکونت فیلیب دی طرازی، تاریخ الصحافة العربیة، الجزء الاول، (بیروت: المطبعة الادبیة، دون تاریخ)، ص٢٥٤.

[2] - دحمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨.

[٣] - الفیکونت فیلیب دی طرازی، تاریخ الصحافة العربیة، الجزء الاول، (بیروت: المطبعة الادبیة، دون تاریخ)، ص٢٥٤.

ڕۆژنامەگەری گاڵتەوگەپ لە میسر پەیوەندی بە لە دایكبوونی (أبونظارة) هەیە كە ناوەڕۆكەكەی پڕبوو لە بابەتی تەنز[١].

لە سەردەمی (خدیوی توفیق) گۆڤاری تەنز(التنكیت والتبكیت) لە لایەن (عبدالكریم الندیم) دەردەچوو، هێرشی دەكردە سەر داگیركەرە ئینگلیزەكان ودیاردە كۆمەڵایەتییە قێزەونەكان، هەر لەو سەرئەمەدا گۆڤاری (حمارة منتی) لە لایەن (محمد تۆفیق) دەرچوو، ڕەخنەی تەنزی ئاڕاستەی بە هەدەردانی ئابوری دەوڵەت دەكرد[٢].

لە كانونی دووەمی (١٩١٢) گۆڤاری (مجنون) دەرچوو كە بە گۆڤارێكی كۆمیدی هەفتانەی هاوچەرخ ناسرابوو، لە كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانیدا چەند گۆڤارێكی دیكەی كۆمیدی لە دایكبوون وەك: الصناعة، الشباب، المطرقة، ابو قردان، لە(١٥)ی شوباتی (١٩١٥) گۆڤاری (اللطائف المصورة) دەرچوو، خاوەنەكەی (اسكندر مكاریوس) بوو، لە ساڵی (١٩١٩) احمد ابراهیم گۆڤاری (الزمان)ی دەركردووە، گۆڤاری (الضحوك) لەلایەن ڕۆژنامەنووس(عبد ربە بهاءالدین) دەرچوو[٣].

لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی ڕابردوو گۆڤاری (الادیب) دەرچوو، خاوەنەكەی (احمد كمال) بوو گۆڤارێكی ئەدەبی گاڵتەوگەپ بوو، كێشە سیاسییەكانی بە هونەری كاریكاتێری چارە سەر دەكرد، گۆڤاری ( البغبغان) دەرچوو كە جەماوەرێكی زۆری لە خوێنەر هەبوو، لە گرنگترین گۆشەكانی (أهم أبوابها ومصر بعد مائة عام) بوو[٤].

لە ساڵی (١٩٢١) گۆڤاری (الكشكول) دەرچوو لەلایەن(سلیمان فوزی) و لە هەمان ساڵدا گۆڤاری (الناس) دەرچوو، كەسەرنووسەرەكەی (حسین شفیق المصری) بوو، لە ساڵی (١٩٢٢)(حسین مظلوم) ڕۆژنامەی (قصر النیل)ی دەركرد، لە ساڵی (١٩٢٣) گۆڤاری(النفیر) لە لایەن (دكتور سوقی سلیمان) دەرچوو لە چوارچێوەی ئەو گۆڤارە نوكتەی سیاسی بوونی هەبوو[٥].

هەر لە بیستەكانی سەدەی ڕابردوو گۆڤاری (الزغلول) لەلایەن (حسین سعید) دەرچوو، گۆڤاری البعكوكە والسیف والناس دەرچوون كە الناس والسیف پڕبوون لە نوكتە وبڕگەی بریندارکەر، خوێنەرێكی زۆریان پەیدا كردبوو، تیراژەكەی دەگەیشتە (٥٠) هەزار دانە[٦].

---

[١] - عبدللة احمد عبدللة(میكی ماوس)،الصحافة الفكاهیة فی مصر، (القاهرة: هیدة المصریة العامة للكتاب، ١٩٨٣)، ص٥.

[2] - عبدالله احمد عبدلله (میكی ماوس)، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

[3] - د، حمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

[4] - د،حسین مؤنس، هل انتهی عصر الضحك، مجلة الهلال، العددالسادس،حزیران ١٩٧٨، دارالهلال، القاهرة، ص٦، بروانە: د،حمدان خضرسالم،صحافة السخریة والفكاهة، فی العراق، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

[5] - هە مان سەرچاوە، ص١٩.

[6] - هەمان سەرچاوە، ص٢٠.

ساڵی (١٩٢٥) به ساڵێكی جیاواز دادەندرێت له مێژووی ڕۆژنامەگەری میسری به گشتی وبەتایبەتی له هونەری نیگاركێشی ڕۆژنامەوانی، لەو ساڵەدا یەكەم ژمارەی گۆڤاری (ڕۆز الیوسف) * دەرچوو، وەك وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ گۆڤاری (الكشكول) كه ئەو گۆڤاره بەرهەمەكانی كاریكاتێرست ونیگاركێشی ئیسپانی (خوان شانسیز)ی بڵاودەكردەوە، له ڕێگای وێنه كاریكاتێرەكانی هێرشی دەكردە سەر سەركردە نوێیەكانی میسر[1].

هەر ئەو سەركەوتنەی گۆڤاری (روز الیوسف) ودەزگای پەخشی (الهلال) بوو وایكرد گۆڤارێكی گاڵتەجاڕی دەربچێت به ناوی (الفكاهه) له ساڵی (١٩٢٦) كه نیگاركێشەكەی ئەم گۆڤاره به رەچەڵەك تورك بوو به ناوی(رفقی)، هەروەها چەند هونەرمەندێكی دیكه وەك: الفتحی، غزالة، رمزی لەو گۆڤاره كاریان دەكرد[2].

فراوانترین گۆڤاری گاڵته جاڕی له ساڵی ١٩٣٤ دەرچووە گۆڤاری (البعكوكه)بوو كه (تیراژەكه گەیشتۆته (٨٠) هەزاردانه[3]، زیاتر وێنەی شێوەكاری وكاریكاتێری تێدا بەكاردەهێنا و بەهەمان شێوازی وەڵامی كاریكاتێرەكانی (كشكول)ی دەدایەوە كه ئەمەش شێوازێكی تازه بوو له بواری ڕۆژنامەگەری میسریدا[4].

گۆڤاری(صباح الخیر) كه له ساڵانی سییەكانی سەدەی ڕابردوو دەرچووە یەكێك بوو له مینبەره گرنگەكانی پێگەیاندنی نەوەیەكی گەورەی نیگاركێشی له میسر هاوشان لەگەڵ گۆڤاری بەناوبانگی
(ڕوز الیوسف) دەرچووە[5].

تاكو پەنجایەكانی سەدەی بیستەم چەندین گۆڤار وڕۆژنامەی گاڵتەوگەپ كەله میسر دەردەچوون وەك: ابوزید، الصوت الصاروخ، الصیاد، الازبكیة، الرشید، والنیل، وصدیق الفكاهة، والحاف، والمطرقة، والمرصاد، ا یاك، الدیك، والحادی، البلابل، واخر ساعة[6]، هەروەها الامام،

---

* هەر له ڕێگای گۆڤاری ( ڕۆز الیوسف) وه بوو ناوی (صاروخان) بڵاوبۆوه كه وێنەی بەرگی گۆڤارەكەی دەكێشا له ڕێكەوتی ٣ ی ئاياری ساڵی ١٩٢٨ بەدواوه، ئەوه یەكەم هونەرمەند بوو جۆرێك لەكاریكاتێری داهێنا كه گوزارشت له میزاجی گشتی گەلی میسری بكات، ئەو كەسایەتییەش(المصری افندی) بوو، بۆ یەكەمجار له سەر بەرگی گۆڤارەكه له ئاياری ساڵی ١٩٣٢ دەركەوت.

[1] - عبدالكریم سعدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٥.

[2] - هەمان سەرچاوه، ص٤٦.

[3] - د، حمدان **خضر** سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠.

[4] - عبدالكریم سعدون، سەرچاوەی پێشوو، ص.٤٦

[5] - هەمان سەرچاوه، ص٨١.

[6] - د، حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

الصرفه، المصيده، الايام، اخر نكته، الصاروخ وەك پاشكۆيەكی گاڵتەوگەپ ولەگەڵ ڕۆژنامەی (الحقائق) دەردەچوو لەلایەن (انور زعلوك)، پاشكۆی (الصاروخ وەك پاشكۆيەكی گالتە وگەپی ڕۆژنامەی التعاون بووكە خاوەنەكەی (محمد صبيح)بوو، گۆڤاری (اضحك) لە ساڵی (١٩٥٨) بۆ دووەم جار دەردەچوو[١].

لە كۆتايی سەدەی نۆزدەهەم (الارغول) گۆڤارێكی تەنز بوو لە لايەن (الزجال شێخ محمد النجار) دەردەچوو، لە ساڵی (١٩٢٠) بيرم التونسی گۆڤارێكی ڕەخنەيی تەنزی بڵاوكردەوە بە ناوی (البغبغان والمسامير والسيف والناس) سەرجەم بابەتەكانی گاڵتە وگەپ وپێكەنيناوی بوون، لە ساڵی( ١٩٢٨ ) گۆڤارێكی گاڵتە وگەپ بە ناوی (١٠٠٠صنف) لە لايەن (بديع خيری)وە دەرچوو، گۆڤارێكی هەفتانە بوو لە (٢٤)لاپەڕە پێكهاتبوو، گۆڤاری (اشمعنی) گۆڤارێكی كاريكاتێری بوو لە سييەكانی سەدەی ڕابردوو لە ميسر دەردەچوو[٢]، لە ساڵی (١٩٣٠) گۆڤاری (المطرقة)* دەرچوو، لە ساڵی (١٩٣٤) (حسين فوزی)ی وێنەكێش ودەرهێنەری سينەمايی گۆڤاری (١٠٠٠نكتە)ی دەركرد كە گۆڤاريكی قەبارە بچووك بوو بابەتەكانی گاڵتەوگەپ بوو ئاڕاستەی منداڵان كرابوون، لە ساڵی (١٩٣٥) گۆڤارێكی ديكەی گاڵتەجاری لەلايەن (وليم باسيلی) بەناوی(البابا جللو)دەرچوو[٣].

گۆڤاری (الخيال الظل) لە ساڵی (١٩٧٠) لەلايەن (احمدحافظ عوض) دەرچووە، گۆڤارێكی هەفتانە بوو، چەندين گۆڤاری تری تەنز لەو سەردەمەدا دەردەچوون لەوانە: البابا غللو، عفريت، الحمارة، البعبع، الرعد، السيف، المسامير[٤].

گۆڤار (البعكوكة)ی تەنز بوْسێيەم جار لە ساڵی (١٩٧٩) لە سەر ئەركی (عبدالمنعم مصيلحی) دەردەچوو[٥].

---

1 - عبداللة احمد عبداللة (ميكی ماوس)، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٢ - ٧٦.

2 - هەمان سەرچاوە، ص١٧.

* لە سەرئەمی (صديق پاشا) سەرۆك وەزيران دەرچووە لە ساڵی(١٩٣٠)دا، دژی (الوفد حزب الاغلبيه) بوو، ئەو گۆڤارە گاڵتە وگەپە هەفتانە بوو لەسەر شێوەی پارچەی درێژ لە (١٨،١٠،١٢) لاپەرە پێكهاتبوو دەردەچوو.

٣ - عبداللة احمد عبدللة (ميكی ماوس)، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٧.

4 - د، حمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

5 - عبداللة احمد عبداللة (ميكی ماوس)، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٢ - ٧٦.

**٢- لوبنان:**

**ڕۆژنامەی (الجعبه) ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو، بە قەبارەیەکی بچوك لە سەر (الهلام)ی نایلون (الجلاتین) هەفتەی جارێك چاپدەکرا، لەساڵی (١٨٧٣) لەلایەن (شێخ نوفل الخازن)و لە گوندی"درعون" لە لبنان دەردەچوو[1].**

**گۆڤاری (المشکاة) یەکێکە لەو گوڤارە سیاسی وپیشەسازی ومێژووییە گاڵتەوگەپەی بەشێوەی مانگانەی (١٦) لاپەڕەیی ولە نیسانی (١٨٧٨) لەلایەن (خلیل سرکیس) دەرچووە[2] .**

**هەروەها (دیوان الفکاهة) یەکێکە لەو گۆڤارانەی مانگانە دەردەچوو، ناوەڕۆکەکەی پێکهاتووە لە گێرانەوەی مێژوو وغرامیات و بابەتی وێژەیی، کە لەلایەن (سلیم میخائیل شحادە وسلیم پۆلس طراد) لە ساڵی (١٨٨٥)دەردەچوو[3].**

**گۆڤاری (الصفا) لە ساڵی ١٨٨٦ لە بەیروت دەردەچوو، خاوەنەکەی (علی ناصرالدین البنانی)بوو، گۆڤارەکە مانگانەیەکی مێژوویی گاڵتەوگەپ بوو[4].**

**ڕۆژنامەی کۆمیدی سیاسی وێژەی ڕەخنەگرانەی وێنەیی (الحمارة)لەلایەن(نجیب حەنا) لە ساڵی (١٩١٠)لەبیروت دەردەچوو، وەگوڤاری(ابو النواس) کە گۆڤارێکی وێنەیی ڕەخنەگرانە بوو لەلایەن (محمد صبحی عقده)بەشێوەی هەفتانە لە ساڵی(١٩١١) دەردەچوو[5].**

**لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆژنامەگەریی تەنز لە لوبنان هەنگاوی زۆری ناوە، نمونەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:**

**گۆڤاری (الدعبور) وێنەی کاریکاتێری بڵاودەکردەوە، کە یەکەم کارکاتێریستی لوبنانی (عزت خورشید)بوو کە رەچەڵەکی تورك بوو، وێنەی کاریکاتێری لەو گۆڤارەدا بڵاودەکردەوە، هەروەها وێنەکانی کاریکاتێرستی بەناوبانگ (ویران محجمیان)یش لەو گۆڤارە بڵاودەکرایەوە، لە دوای گۆڤاری (الدعبور) گۆڤاری (الصیاد) دەردەچوو کە هەریەك لە کاریکاتێریست دیرا محجمیان ورضوان الشهال وعبدللة الشهال وخلیل الاشقر وجان مشعلانی وملحم عماد وبیار صادق ومحمود کحیل وستافر وجبرا وعبدالحلیم حمود وایلی حلبیا وحبیب حداد کە ڕۆژنامەوانی باڵا بوون لە بواری وێنەی کاریکاتێریدا[6].**

[1] - الفیکونت فیلیب دی **طرازی**، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٢.

[2] - هەمان سەرچاوە،،ص٦٠.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص٦٦.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص٦١.

[5] - هەمان سەرچاوە، ص٦٦.

[6] - عبدالکریم سعدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٠.

**٢- سوريا:**

**له ساڵی (١٩٠٩) ڕۆژنامەی (حط بالخرج) لەلایەن (محمد عارف الهبل) لەدیمشق دەرچووە بە چوار لاپەڕە کە لە سەر سێ ستون دابەشکرا بوون، ڕۆژنامەیەکی تەنزی ڕەخنەگرانە بوو، هەر لەو ساڵەدا ڕۆژنامەی (مسخرە) لە حلب دەرچوو کە ڕۆژنامەیەکی ڕەخنە گرانە بوو، لە ١٦ ی نیسانی ساڵی (١٩٠٩) ڕۆژنامەی (اعطة جملة ) کە ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو لە دیمشق دەرچووە[١]. دەرچووە[١].**

**گۆڤاری (العروس) گوڤارێکی ژنانەی گاڵتەوگەپ ولە ساڵی (١٩١٠) لە لایەن (ماری عبدە محجمی)وە لە شاری (حمص) دەردەچوو[٢].**

**ڕۆژنامەی (النفاخە) ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی هەفتانە بوو لەلایەن (یوسف عزالدین)وە لە دیمشق لە ساڵی(١٩١٤) لە چوار لاپەڕا دەردەچوو، وە (جحا) گۆڤارێکی کومیدی بوو لەلایەن (محی الدین شمدین) لە دیمەشق بە چوار لاپەڕەی بچووك دەردەچوو، وە (جراب الکردی) ڕۆژنامەیەکی ویژەیی رەخنەیی تەنز بووە لە ساڵی (١٩١٤)لە شاری حمص لە سوریا دەرچووە[٣].**

**ڕۆژنامەی (اللاذقیة) رۆژنامەیەکی هەواڵی گاڵتە وگەپ وکشتوکاڵی و وێژەیی وکۆمەڵایەتی بوو، لە ١٧ی نیسانی ساڵی (١٩٢١)لەلایەن (عبدالحمید حداد وصبحی طویل) دەرچووە[٤].**

**ڕۆژنامەکانی السهام، الکرباج، علی کیفك، التجدد، الزمر، الخازوق، المزاح وەکو ڕۆنامەی تەنزی کۆمیدی ڕەخنەگرانە لە ناوەندی ڕۆژنامەگەری سوریا ناسرابوون لە نێوانی ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٣٥) لە شارە جیاجیا کانی ئەو وڵاتە دەردەچوون[٥].**

**وە لە ساڵی (١٩٢٨) ڕۆژنامەی (النظام) لەلایەن (فوزی امین) دەردەچوو، لە ساڵی (١٩٢٩) گۆڤار(المضحك المبکی) دەرچوو، گۆڤارێکی تەنزی کاریکاتێری هەفتانە بوو، لەلایەن (حبیب کحالة)لە دیمەشق چاپ دەکرا، لە٢٩ی ئایاری ساڵی١٩٦٦ لە دەرچوون کەوت، گۆڤارەکە یەکێك بوو لەو گۆڤارە هەرە بە ناوبانگانەی کە لەو ماوەیەدا لە سوریا دەردەچوون[٦].**

---

[1] - www،odobasham،net/show، سەردان لە ٧\١\٢٠١٢.

[2] - د،حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٥.

[3] - www،odobasham،net/show، سەردان لە ٧\١\٢٠١٢.

[4] - www،odobasham،net/show، سەردان لە ٧\١\٢٠١٢.

[5] - هەمان سەرچاوە.

[6] - د،حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٥.

### ٤- ئەردەن:

له ئەردەن ڕۆژنامەی (الصريح) ی کۆمیدی لەلایەن (السيد هاشم عبدلله السبع) له نێوانی ساڵانی (١٩٤٨بۆ ١٩٥٨) دەردەچوو، شێوازی گاڵتەوگەپ ورەخنەی تەنزی هەبوو، له ساڵی(١٩٥٤) گۆڤارێکی وێژەیی وکۆمەڵایەتی و وەرزشی وکۆمیدی وێنەدار لەلایەن خاوەنی ئیمتیاز (السيد زهير سری) وسەرنووسەر(عادل عبدالكريم المنير)وه دوو هەفتە جارێك دەردەچوو،

ڕۆژنامەی (الحق يعلو) له ساڵی ١٩٢٠ له ئەردەن به شیوەیەکی گاڵتەوگەپ دەردەچوو[1].

### ٥- مەغریب وجەزائیر:

له مەغریب له ساڵی (١٩٠٨) ڕۆژنامەی (المفكاكهة) دەرچووه لەلایەن(عبدالحی الكتانی)، له جەزائیر له ساڵی(١٩٤٨) گۆڤاری (الجزائر)ی کۆمیدی له چاپخانەی (بورجی) که خاوەنی ڕۆژنامەی الاخبار بووه دەرچووه[2].

### ٦- سعودیه:

له عەرەبستانی سعودیه ڕۆژنامەکان زیاتر گرنگیان داوه به گۆشه تەنزەکان، وەك: ڕۆژنامەی(القبلة) وڕوژنامەی(الصوت الحجاز) که له ١٤ی نیسانی ١٩٣٣ دەرچووه، گۆشەی (ابوحياة) له گۆڤاری (الاضواء) بڵاودەکرایەوە، هەرچەندە دکتور( محمد عبدالرحمن الشامغ)ئەوه دیاری دەکات که ڕۆژنامەیەکی گالته وگەپ هەبووه به ناوی (شمس الحقيقه) که خاوەنەکەی (محمد توفيق مکی) بووه، له١٦ی شوباتی ١٩٠٩ له (مەکه) دەرچووه، سەرنوسەرەکەی (عبدلله قاسم) بووه[3].

### ٧- فەلەستین:

له فەلەستین ڕۆژنامه تەنزەکانی الانصاف والبلبل وجرب الكردی)* له ساڵی ١٩٠٨دەرچوونە، ڕۆژنامەی (الاخبار)له ساڵی (١٩١١) وه ڕوژنامەی(العصا لمن عصی) له ساڵی ١٩١٢دەردەچوو[4].

---

[1] - الصحافة الاردنية نشأتها وتطورها، وزارة الأعلام، دائرة المطبوعات والنشر، الاردن دارالعرب للموسوعات، ص١٩، ص٢٧، بروانه: د،حمدان خضر سالم، الصحافة السخرية والفكاهة فی العراق، ص٢٥.

[2] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦.

٣ - هەمان سەرچاوە ، ص٢٥.

* جراب الكردي به پێی سەرچاوەیەکی دەنتەرنیتی net/show،odabasham.www له سەردانی ٢٠١٢\١\١٧ بەهەمان ناوی ڕۆژنامەی (جراب الكردی)له شاری حمص له ساڵی (١٩١٤) وەك ڕۆژنامەیەکی وێژەی ڕەخنەی تەنز دەرچووه، ادیاره ئەوەی حمصی سوریا لاسای (جراب الكردي) فەلەستینی کردۆتەوه.

٤ - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

**٨- كويت:**

**له كويّت گۆڤاری (الشعب) یەکەم ژمارەی له ٥ی دیسمبەری ١٩٥٧ لەهەموو ڕۆژێکی پیّنج شەمووان دەردەچوو، خاوەن وسەرنووسەرەکەی (خالد خلف) وسکرتیری نووسین (یعقوب عبدالعزیزالرشید) بوو، سەرپەرشتیاری ویّنەی کاریکاتیّری (محمدحاکم) میسری بوو، ڕۆژنامەیەکی عەرەبی سەربەخۆ بوو، ژمارەی لاپەڕەکانی (١٦) لاپەڕبوو پیّنج لاپەڕەی بۆ ریکلام تەرخانکرابوو، گرنگی دەدا بە هەنگاوەکانی یەکیّتی نیّوان میسر وسوریا، وەهیّرشی دەکردە سەر (عبدالکریم قاسم) بە کیّشانی ویّنە کاریکاتیّریەکانی، هیّرشی دەکردە سەر یاسای چاپەمەنییەکانی کوەیت لە ڕیّگای کاریکاتیّری تەنزەوە[1].**

**٩- تونس:**

**له تونس (ابوقشه) وەك یەکەم ڕۆژنامەی گاڵتەوگەپ له لایەن (الهاشمی الملکی) له ساڵی(١٩٠٨) دەردەچوو، لەساڵی ١٩٠٩ ڕۆژنامەیەکی دیکه بە ناوی (ابونواس) دەر چوو، له ساڵی ١٩١٠ ڕۆژنامەی(المضحك) لەلایەن (عبدالزاق ) دەردەچوو، ئەوە بە یەکەم ڕۆژنامەی تونسی ئەژمار دەکریّت کە ویّنەی کاریکاتیّری بڵاوبکاتەوە لە پاڵ بابەتە تەنزی وچیروکی گاڵتەوگەپ وشیعری گۆرانی[2].**

**له ساڵی ١٩٠٩ ڕۆژنامەی (جحا) ی کۆمیدی وڕۆژنامەی (الندیم)له ١٩٢١و ڕۆژنامەی (الزهور)له کۆتایی ساڵی ١٩٢١ وڕۆژنامەی (المثل)له ساڵی (١٩٢٢) دەرچوون، له ساڵانی سییەکاندا ڕۆژنامەی (السرور)له٣٠ی ئابی١٩٣٦ دەرچووەوە، هەروەها ڕۆژنامەکانی دیکەی وەك: الشباب، السردوك، الوطن، وکل شیء بالمکشوف، صبره، شهاب الجحجوح دەرچوون، له ساڵی (١٩٤٧) ڕۆژنامەی (الانیس) دەرچوو وبەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٤٩)، له ساڵی (١٩٥٥) ڕۆژنامەی (السرور) دەرچوو[3].**

**هەر له تونس ڕۆژنامەی (الستار) له ساڵی (١٩٦٠)لەلایەن (السید حمادی الجزائری)دەرچووە کەڕۆژنامەیەکی کاریکاتیری بوو بە زمانی خەڵك دەنوسرا، ڕۆژنامەی (القنفوز)له ساڵی (١٩٦٢) لەلایەن (حبیب البرجی) دەردەچوو کەلاسایی ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی فەرەنسی دەکردەوە هەمان ناوی هەڵگرتبوو[4].**

---

[1] - عزت علی عزت، الصحافة فی دول الخلیج العربی، (بغداد: مرکز الاعلامی الدولی الخلیج العربیة، ١٩٨٣)، ص٣٠٥-٣٠٦.

[2] - د،حمادی الساحلی، الصحافة الهزلیة فی التونس، (تونس: دارابن شرف للنشر،١٩٧٧)، بڕوانه: د،حمدان خضر سالم، الصحافة للسخریة والفکاهة فی العراق، سەرچاوەی پیّشوو، ص٢٢.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص ٢٣.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص٢٤.

### ١٠- ئێران:

لە ئێران سەرەتای ڕۆژنامەوانی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٨٣٧)زاینی کە (میرزا صالحی شیرازی) (کاغژ أخباری) ی لە تاران بۆ بلاوکردنەوەی هەواڵی ناوخۆو دەرەوە وهەواڵەکانی شار دەربارەی بڕیارو ڕینمایەکانی دەرکرد

لە ئێران سەرەتای ڕۆژنامەوانی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٨٣٧)زاینی کە (میرزا صالحی شیرازی) (کاغژ أخباری) ی لە تاران بۆ بلاوکردنەوەی هەواڵی ناوخۆو دەرەوە وهەواڵەکانی شار دەربارەی بڕیارو ڕینمایەکانی دەرکرد[1].

لە کتێبی (مطبوعاتی ئیران) ئاماژە بە هەندێك لە ڕۆژنامە وگۆڤاری ئیرانی دەکات کە بە شێوەی گاڵتەجاری دەرچوونە، وەك: گۆڤاری (أفلاطون) گاڵتەجاری لە ساڵی ١٩١٠ زاینی دەرچووە، گۆڤاری (برجیس) لە ساڵی ١٩٢٠ ی زاینی دەرچووە، (خندە) لە ساڵی ١٩٢٠ زاینی دەرچووە، (صورت) لە ساڵی١٩٢٥ و (مهدی حمال) لە ساڵی ١٩١٠ زاینی دەرچووە[2].

د.حسینی قەندی چەند ڕۆژنامەیەکی (تەنز) لە ئێران دەخاتە ڕوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرچوونە، وەك:[3]

**(کشکوڵ)** ڕۆژنامەیەکی وێنەدار بووە، ك پاشکۆی ڕۆژنامەی (ندای وطن) بە چاب گەیەندراوە، وێنە سەرەکیەکانی کاریکاتێری بوو، **(أزربایجان )** ڕۆژنامەیەکی ئاوێتە بووە لە بابەتە جدی وتەنز وکاریکاتێرییەکان، سوودی لە ڕێبازی **(مەلانصرالدین)** وەرگرتووە کە لە (باکو) دەرچووە، **(حشرات الأرض)** ڕۆژنامەیەکی تەنزی گاڵتەوگەپی کاریکاتێری بووە لە جێگای ڕۆژنامەی (ازربایجان) دەرچووە، **(طلوع المصور)** بە یەکەمین ڕۆژنامەی گاڵتەجاڕی وێنەدار دادەنرێت، کە لە شاری (بو شەهر) لە لایەن (عبدالحمیدخان سەقەفی مەتینولسولتەنە) دەرچووە، **(أدب)** ڕۆژنامەیەك بووە جارجار وێنەی کاریکاتێری بلاودەکردەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرچووە، **(تنبیە)** کۆنترین ڕۆژنامەی ڕەخنەگر وتەنزی پایتەخت بووە، لە سەرەتای سەدەی بیست بە سەرپەرشتی(میرزا ئیبراهیم خان موعتەز دولدەتیبا) بلاوکراوەتەوە، تا نزیکەی (١٠) ساڵ بەردەوام بووە هەر ساڵەی (٤٠) ژمارەی لێ دەرچووە، **(چنتە پابرهنە وجنطل مولا)** لە ساڵی(١٣٢٨)ی ئێرانی بەرامبەر (١٩٤٨) ی زاینی دەرچووە.

---

[1] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨- ١٩١٨، بەرگی یەکەم، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠١)، ل١١.

[2] - د.حسینی قەندی، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٥-٤٦.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص٤٦.

**(بهلول)** یەکەمین گۆڤاری تەنزە لە دوای شۆڕش، وا پێناسەی خۆی دەکات: گۆڤارێکی گاڵتە وگەپی سیاسی ڕەخنەگرە، لە بڵاوکراوە سەرکەوتوەکانی پێش کودەتا بووە، لەپێش ڕاپەڕین توانای بڵاوکردنەوەی نەبووە، یەکەم ژمارەی بەناوی(وەرچەرخانی نوێ) لە ساڵی (١٩٧٩) پاش شۆڕی ئێران بە (٢٨) لاپەڕە دەرچووە، نرخی(٥) تومەن بووە، بەرگی دەرەوەی ڕەنگاو ڕەنگ بووە، خاوەنی ئیمتیازی وبەڕێوەبەری بەرپرسی (سید أحمد سکاکی ) وبەڕێوەبەری نووسینگەی (سید أبراهیم سکاکی) بووە، لە ژمارە (٢) وە لە ژێر چاودێری (شوڕای نویسندگان) بەڕێوە دەچوو، لە ژێر لۆگۆی (بهلول) دا ئەم ڕستەیە جێگیرکرا بوو: گۆڤاری (بهلول) سەر(بە هیچ حزب وگروپ ودەستە وتاخمیك) نییە[1].

**(بختك)**: هەفتەنامەی ڕەخنەگرانەی گاڵتە وگەپی سیاسی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی بڵاوبۆتەوە، گۆڤارەکە ڕەش وسپی لە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە پێکهاتووە، بە (١٠) ڕیاڵ دەفرۆشرا، (٩) ژمارەی لێدەرچووە، کاریکاتێر وشیعر وپەند وبە سەرهاتی بڵاودەکردەوە [2]، زۆربەی بابەتەکانی بێ واژو وبە ناوی خوازراوەوە بڵاودەکرانەوە، پاڵپشتی شوڕشی ئێرانی دەکرد[3].

(رووٴیا صدر ) لە کتێبی بیست سال با طنز ئاماژە بە ژمارەیەك ڕۆژنامەمە وگۆڤاری تەنزی دیکە دەکات کە لە ساڵی (١٣٥٨ ) قەمەری بەرامبەر بە (١٩٧٩)ی زاینی دوای شۆڕش لە ئێران دەرچوونە:[4]

(خۆش خندە، جیغ داد، نامەی أهنگر، مش حسن، شنگوڵ باش، أرتجاع، بمبو، قیل وقال، خەرمانسوزان، ملانصرالدین، دخو، قیف، هیاهو، جلب، زرخ پوتار(مورچە)، گۆڤاری فردوسی،فانوس، شنگول باشی، یاقوت، رفتگر، مشغولیات (نمکدون)، جوك، بوق(شیپور)، توفقیون

---

[1] - رووٴیا صدر، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

[2] - یەکێك لەو بابەتانەی لە گۆڤاری (بختك ) بڵاو بۆتەوە شیعرێکە بە ناوی (ضد أنقلاب):

من ضد أنقلابم، بی دین و لاکتابم

نق می زنم شب و ڕوز، سرتا بە پا عتابم

گیرم دوصد بهانە، أز گردش زمانە

در کار دولت و خلق، در رنج و در عذابم

کو أن حقوق بسیار، کو أن نظام أجبار؟

کو رقص أن چنانی، کو مطرب و ربابم

ویسکی شدە أست کمیاب، کنیاك هست نایاب

أز حکم شرع أسلام، بین دیدە پر أبم،،،،،،،،،بڕوانە رووٴیا صدر، ل٣٥

[3] - هەمان سەرچاوە، ص٣٤.

[4] – هەمان سەرچاوە، ص٣٢-٣٧.

(فكاهيون)، أبرار (مجلة فليم )"طنزسينمايى"كيهان هوايى، پيام زن، گزارش"هزل وهرج"خبرجنوب، جوالدوز، درنگ كيهان كاريكاتور، هوشيارو بيدار، طنز پارسى .......هتد).

**١١- توركيا:**

**گۆڤارى (زوبوق) گۆڤارێكى گاڵتە وگەپ بوو لە ساڵى (١٩٦٢)زاينى لە توركيا لە لايەن تەنزنووسى بەناوبەنگ(عەزيز نەسين)* دەردەچوو، گرنگترين كتێبەكانى عەزيز نەسين كە بە شێوەى چيرۆكى تەنز نوسراون بريتين لە: عەزيز نامە، كاتى كورسى حوكم هەڵدەگەڕێتەوە، بژى نيشتمان، ئێمە هەرگيز مرۆڤ نين، بڕۆن وا سۆسياليزم بە ڕێوەيە، غازى شەرەفى ڕەنگ زەرد[١].**

---

* نوسەرێكى پێشكەوتوخوازى گاڵتەجاڕى توركە، خۆى ناوى (نەسرەتە) و (عەزيز نەسين) ناوى باوكييەتى، زياترلە هەزار كورتە چيرۆكى تەنزى هەيە، لە ساڵى ١٩١٥دا لە ئەستەنبوڵ لە دايكبووە، چەند جارێك لە سەر هەڵوێستەكانى زيندانى كراوە، لە ساڵى ١٩٩٥كۆچى دواى كردووە، بڕوانە: عەزيز نەسين، سەرجەم چيرۆكەكانى، كۆكردنەوەى: ديارى عەلى، چ٢،(سلێمانى: خانى چاپ وبلاَوكردنەوەى چوارچرا،٢٠١١)، ل٢٥٩.

[١] - عەزيز نەسين، سەرجەم چيرۆكەكانى، كۆكردنەوەى: ديارى عەلى، چ٢،(سلێمانى: خانى چاپ وبلاَوكردنەوەى چوارچرا،٢٠١١)، ل٢٥٩.

# پــــاری دووەم: میـــژووی ڕۆژنامەگـــەریی تـــەنز لـــە عێراقدا:

## یەکەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراقدا پێش ساڵی ٢٠٠٣

ڕۆژنامەگەری لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (الزوراء) لە (١٥)ی حوزیرانی ساڵی ١٨٦٩ بە چوارلاپەڕە وبە زمانی عەرەبی وتورکی لە ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکان دەرچووە[١].

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە پاڵ ڕۆژنامەی گشتی، ئەوا ڕۆژنامەی تایبەتمەند بەتەنزیشەوە لەعێراقدا سەریهەڵدا، دەرکەوتنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی تەنز دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاربوونەوەی خەڵك بەرامبەر زوڵم وزۆرداری وچەوسانەوە ونادادپەروەری سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی لە عێراقدا، توێژەر بە پێ ی ساڵی دەرچوونیان ژمارەیەك لەو ڕۆژنامە وگۆڤار وبڵاوکراوە تەنزییانە دەخاتە ڕوو کە تاکو ساڵی ١٩٧٣ دەرچوونە، بەم شێوەیەی خوارەوە: بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

### ١- مرقعة الهندية*:

یەکەم گۆڤاری تەنز بووە لە عێراق لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٩ لە شاری بەسرە بە زمانی عەرەبی دەرچووە، خاوەنەکەی (حاجی أحمد حمدی ألمشراقی) وبەڕێوەبەری (محمد حمدی) بوو کە بەڕێوەبەری کارگێڕی ڕۆژنامەی (ألتهذیب) البصریة بووە، مرقعة الهندیة گۆڤارێکی ڕەخنەگری هەفتانە بوو، گۆڤارەکە لە ساڵی(١٩١١) لە دەرچوون کەوتووە لە شوێنی ئەودا ڕۆژنامەی (البصرة الفیحاء) دەرچووە، کە تێدا هاتووە(ڕۆژنامەی بەسرە کەشکۆڵی وێژە وشوێنی گاڵتەوگەپە)[٢].

---

[١] - د. خالد حبیب الراوی، تأریخ الصحافة والأعلام فی العراق، (سوریا: لدار صفحات للدراسات والنشر،٢٠١٠)، ص١٢.

* ڕۆژنامەنوس(صادق الأزدی) بڕوای وایە ئەم ناوە لە کراسە پینە پینە کراوەکانی هیندیە هەژارەکانەوە هاتووە، کە پینەیەکی زۆر بەکراسەکانیانەوە بووە، ڕۆژنامەکەش خۆی بەمە چواندوە کە نوکتە وبابەتە تەنزەکانی لێرە ولەوێ هێناوە، بۆیە بووە بە کەشکۆڵی ویژە وگاڵتە وگەپ )، بڕوانە د.حمدان خضر السالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦.

[٢] - د. فائق بطی، الموسوعة الصحفیة العراقیة، (بغداد: دارالمدی للثقافة والنشر، ٢٠١٠)، ص١٤٩.

خشتەی(٢)

رۆژنامەو گۆڤارەکانی تایبەت بە تەنز لە عیراقدا تا ساڵی ١٩٠٩-١٩٧٣

| ز | رۆژنامەو گۆڤار | ساڵی دەرچوون | سەرنووسەروخاوەنی | ژمارەکانی | شوێنی دەرچونی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | مرقعة الهندية | ١٩٠٩ | حاجی احمدالمشرقی | | بصرة | |
| ٢- | خان جغان | ١٩١١ | طلعت فەندی | | بغداد | |
| ٣- | بالك | ١٩١١ | ابو ضيأ شكری | | بغداد | |
| ٤- | خان الذهب | ١٩١١ | محمدسعيد لطفی | | بغداد | |
| ٥- | البلبل | ١٩١١ | محمدسعيدلطفی | | بغداد | |
| ٦- | يكی مودة | ١٩١١ | عبدالحمن صائب | | بغداد | |
| ٧- | گەرمە ونەرمە | ١٩١١ | لطفی فكرت | | بغداد | |
| ٨- | الاسرار | ١٩١١ | عبدالرحيم صائب | | بغداد | |
| ٩- | جطة باز | ١٩١١ | عبدالمجيد حيال | | موصل | |
| ١٠- | دونبلا | ١٩١١ | لطفی فكرت | | بغداد | |
| ١١- | النوادر | ١٩١١ | نورجی محمد | | بغداد | |
| ١٢ | الغرائب | ١٩١٣ | داودصليوة | | بصرة | |
| ١٣- | المضحكات | ١٩٢٢ | | | | |
| ١٤- | القسطاس | ١٩١٢ | عبدالجبارالاعظمی | | | |
| ١٥- | الرصافة | ١٩٢٣ | محمد الاعرجی | | بغداد | |
| ١٦- | بابل | ١٩٢٣ | حسن الكتاب | | | |
| ١٧- | البدائع | ١٩٢٣ | داود العجيل | | بغداد | |
| ١٨- | المراقب | ١٩٢٣ | عثمان الزهير | | بغداد | |
| ١٩- | جحا الرومی | | | | بغداد | |
| ٢٠- | الغربال | ١٩٢٣ | مكی جميل | | | |
| ٢١- | الحقائق | ١٩٢٤ | عباس حسين الجلبی | | بغداد | |
| ٢٢- | الظرائف | ١٩٢٤ | صالح سيدعلی | | بغداد | |
| ٢٣- | الادب | ١٩٢٤ | محمدباقرالحلی | | بغداد | |
| ٢٤- | الهزل | ١٩٢٤ | علآدين عونی | | بغداد | |
| ٢٥- | كناس الشوارع | ١٩٢٥ | مخائيل تيسی | | بغداد | |
| ٢٦- | بالك | ١٩٢٥ | عبدالحميد فخری | | بغداد | |
| ٢٧- | المداعب | ١٩٢٦ | حسين يحيی | | بغداد | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -٢٨ | التهذيب | ١٩٢٦ | احمد فائق | | بغداد | |
| -٢٩ | صداى الحقائق | ١٩٢٧ | عباس الجلبى | | | |
| -٣٠ | البرهان | ١٩٢٧ | محمد ناجى | | بغداد | |
| -٣١ | كرخ | ١٩٢٧ | | | بغداد | |
| -٣٢ | المزمار | ١٩٢٩ | أحمد عزت | | بغداد | |
| -٣٣ | صداى المزمار | ١٩٢٩ | أحمد عزت | | بغداد | |
| -٣٤ | الناظرة | ١٩٢٩ | محمدفائق الطيلانى | | بغداد | |
| -٣٥ | الشباب | ١٩٢٩ | سعيدالسامرائى | | | |
| -٣٦ | الرياحين | ١٩٣٠ | أبراهيم الباججى | ١ذمارة | | |
| -٣٧ | الرصافة | ١٩٣٠ | سعيدالسامرائى | | بغداد | |
| -٣٨ | حبزبوز | ١٩٣١ | نورى ثابت | ٣٠٢ذمارة | بغداد | |
| -٣٩ | أبو حمد | ١٩٢٣ | عبدالقادرالمميز | | بغداد | |
| -٤٠ | الكرخى | ١٩٣٢ | عبدالأميرناهض | | بغداد | |
| -٤١ | بهلول | ١٩٣٢ | كمالدين داود | | | |
| -٤٢ | القسطاس-الثانى | ١٩٣٣ | عبدالأحداليامورى | | بغداد | |
| -٤٣ | الملا | ١٩٣٣ | عبدالأميرالناهض | | | خاوه نى الملاعبود الكرخى |
| -٤٤ | العندليب | ١٩٣٥ | عبدالأميرالناهض | | بغداد | |
| -٤٥ | الناقد | ١٩٣٦ | مخائيل تيسى | | بغداد | |
| -٤٦ | النديم | ١٩٣٩ | ناصرجرجيس | | | |
| -٤٧ | أبوالشقمق | ١٩٣٩ | حسين النجاتى | | بصرة | |
| -٤٨ | الصراحة | ١٩٤٧ | فاضل قاسم راجى | | بغداد | خاوه نى خليل زكى |
| -٤٩ | المداعب | ١٩٣٩ | فاضل قاسم راجى | | بغداد | خاوه نى خليل زكى |
| -٥٠ | قزموز | ١٩٤٧ | جميل الخطيب | | بغداد | |
| -٥١ | قرندل | ١٩٤٧ | خالد الدرة | | بغداد | |
| ٥٢ | أبونواس | ١٩٤٨ | عبدالمحميدالتحافى | | بغداد | |
| -٥٣ | الكشول | ١٩٥٤ | حمادى الناهى | | موصل | |
| -٥٤ | المتفرج | ١٩٦٤ | مجيب حسون | | بغداد | |
| -٥٥ | الفكاهة | ١٩٦٦ | حميد المحل | | بغداد | |

دحمدان دەڵێت:[1] گۆڤاری (مرقعة الهندية) وەرچەرخانێك بوو لە مێژووی ڕۆژنامەوانی تەنز لەعێراقدا، لەكرانەوە وداهێنانی شێوازی تازە كە پێشتر لە هیچ ڕۆژنامەیەكی عێراقی بەكارنەهاتووە، ڕۆژنامەی (مرقعة الهندية) گۆڤارێكی گاڵتەوگەپی ڕەخنەیی وێنەداری هەفتانە بووە، لە سەر وتاری ژمارە (١)ی دا وا هاتووە كە ئەو ناولێنانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامەی (جراب الكردي)*، ڕۆژنامەی (المرقعة الهندية)ی بەردەوام بووە لە دەرچوون ژمارە (٢٦)لە (١٠) ی ئابی ساڵی ١٩١٠ دەرچووە.

مێژوونوسی عێراقی د. فائق بطی نۆ ڕۆژنامە وگۆڤاری تەنز دەخاتە ڕوو كە لە ساڵی ١٩١١ لە عێراق دەرچوونە كە بریتین لە (خان جغان، بالك، خان الذهب، البلبل، يكى مودە، گەرمە ونەرمە، الاسرار، جگە باز، دونبلا)یە:[2]، هەروەها دواتر د.حمدان خضر السالم وچەند نوسەرێكیتر ئاماژە بە چەندین ڕۆژنامە وگۆڤاری تەنز دەدات لە عێراقدا، بەمشێوەیە كە لە زنجیرەی تەواوی مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنزی عێراقیدا لە پێش ساڵی ٢٠٠٣ دا هاتووە:

**٢- خان جغان:**

ژمارەی یەكەمی لە (٥)ی ئازار ١٩١١دەرچووە لە شاری بەغدا، خاوەنەكەی (طلعت أفندی) بووە.

**٣- بالك:**

ڕۆژنامەیەك بوو لە پاش هەفتەیەك لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (خان جغان) لە بەغدا یەكەم ژمارەی لە ١٣ی ئازاری ١٩١١ دەرچووە، خاوەنەكەی (أبو الضيأ شكرى) بووە.

**٤-خان الذهب:**

ڕۆژنامەیەك بوو لە ٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩١١ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی لە بەغدا وخاوەنی (محمد سعيد لطفى) بووە.

**٥- البلبل:**

لە شێوەی گۆڤار لە بەغدا یەكەم ژمارەی لە ١٦ی نیسان ١٩١١دەرچووە، خاوەنەكەی(محمد سعيد لطفى) بووە.

---

[1] – دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦.

* لە پاری یەكەمی بەشی سێیەم ئاماژە بە وەدراوە كە ڕوا!ژنامەیەك بەناوی(جراب الكردي) لە شاری (حمص) ی سوریا لە ساڵی ١٩١٤ دەرچووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٠٨ لە فەلەستین گۆڤارێك بە ناوی(جراب الكردي) دەرچووە. لە فەرهەنگی شیرینی نوێ دا هاتووە: (جراب)بەمانای (هەگبە، هیزە، كوننە، مەشكە، هەمانە، تورەگە، جزدانی پارە، كیف، كیلان،كالان، بەرگ ناو بەتاڵایی بیر).

[2] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٩.

**٦- يكى مودة:**

ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو لە ١٤ ی ئایاری ١٩١١ لە بەغدا دەرچووە، خاوەنەکەی (عبدالرحیم صائب) بووە.

**٧- گەرمە ونەرمە*:**

ڕۆژنامەیەکی عەرەبی بووە لە بەغدا دەرچووە لە ١٦ی ئایار١٩١١، خاوەنەکەی (لطفی فكرت) بووە.

**٨- الاسرار:**

ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بووە لە بەغدا لە ٢٢ی ئایاری ١٩١١ دەرچووە، خاوەنی ڕۆژنامەکە (عبدالرحیم صائب ) بووە.

**٩- جگە باز:**

ڕۆژنامەیەك بووە بەزمانی عەرەبی و تورکی دەرچووە لە ٢٧ی حوزیرانی ١٩١١ لە شاری موسڵ خاوەنەکەی (عبدالمجید حیال) بووە.

**١٠- دونبلا:**

ڕۆژنامەیەکی گاڵتە وگەپ بووە لەبەغدا دەرچووە لە ١٥ ئابی ١٩١١، خاوەنەکەی(لطفی فكرت)بووە.

**١١- النوادر:**

ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی ڕەخنەگرانەی وێنەیی بوو، بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەرچووە لە ٢٥ ی حوزیرانی ساڵی ١٩١١، خاوەنەکەی (نورجی محمد الوهیب) بووە**.

**١٢- الغرائب**

گۆڤارێکی گاڵتە وگەپی ڕەخنەیی بوو، لە شوباتی ساڵی ١٩١٣دا لەلایەن (داود صلیوە) نیومانگ جارێك لە شاری( بەسرە) دەردەچووە، گۆڤارێك بوو تایبەتمەندی شێوازی کۆمیدی پەیڕەو دەکرد، لە ماوەی شەش مانگ (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو[1].

---

* ڕۆژنامەی (گەرمەو نەرمە) کە بەزمانی عەرەبی (حاروناعم) دەگەینێت، خاوەنی ڕۆژنامەی (دونبلا) دەریکردوە یەك ژمارەی لێدەرچووە، بڕوانە: جمیل جبوری، حبزبوز فی تأریخ صحافة الهزل والكاریكتور فی العراق، (بغداد: مطابع دارحریة للطباعة، ١٩٨٦)، ص٢٢.

** ڕۆژنامەی (النوادر) دفائق بطی لە موسوعەکەی خۆی باسی نەکردووە، بڕوانە د. حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧.

[1] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٩.

له پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق له ساڵی (١٩٢١) زاینی سەدان ڕۆژنامه وگۆڤار له لایەن کەسانی سەربەخۆوە دەردەچوون، ڕۆژنامەکان گوزارشتیان له بیرو بۆچون وهەڵوێستی خاوەنەکانیان دەکرد، ئاڕاستەی ئەو ڕۆژنامه وگۆڤارانه سیاسی وڕۆشنبیری وزانستی وگاڵتەوگەپ وبازرگانی بوون، بەگشتی تەمەنیان له بواری ڕۆژنامەوانیدا کورتبووە[1].

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك ڕۆژنامەگەریی تەنز له عێراقدا پچرپچر بووە تا ساڵی (١٩٢٣ )[2]، سەدەی بیستەم به ماوەی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی تەنز دادەندرێت لەوەی ڕۆژنامەنوسەکانی ئەو بوارە شێوازی تازەیان بەکارهێنا له نوسینی تەنزەکانیان به ڕەخنەگرتن له بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری که خەڵکی عێراق پێیدا تێدەپەڕین[3].

## ١٣- المضحكات

ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو له ٢٣ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ به زمانی عەرەبی دەرچووە[4].

## ١٤- القسطاس

ڕۆژنامەیەکی تەنز بوو بەزمانی عەرەبی وتورکی هەفتەی جارێك له ٥ی شوباتی ساڵی١٩١٢دەرچووە، لەلایەن (عبدالجبار أفندی ألاعظمی) وە (محمد هادی أفندی)[5].

## ١٥- الرصافة

گۆڤاری (الرصافة) له ساڵی ١٩٢٣ له بەغدا دەرچووە، خاوەنەکەی (محمد صادق ألاعرجي) بووە، پێناسەی خۆی وا دەکات: گۆڤارێکی مانگانەی زانستی و وێژەی ومێژووی وگاڵته وگەپە، به چل لاپەرەی قەبارە(٢٣×١٧سم) دەرچووە، بەشی پێنجەمی تایبەت بووە به گاڵتەوگەپ[6].

---

[1] - أ.د.خالد حبيب الراوی، تأريخ الصحافة والاعلام فی العراق منذ العهد العثمانی وحتی حرب الخليج الثانية(١٨١٠- ١٩٩١)، (سوريا: دارصفحات للدراسلت والنشر، ٢٠١٠)، ص٤٦.

[2] - جميل جبوری، حبزبوز فی تأريخ صحافة الهزل والكاريكتور فی العراق، (بغداد: مطابع دارحرية للطباعة، ١٩٨٦)، ص٢٣.

[3] - أ.د. صباح مهدی رميض، صحافة العهد الملكی، (بغداد: مؤسسة مصرمرتضی للكتاب العراقی، ٢٠١٠)، ص١٧٩.

[4] - جميل جبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢-٢٣.

[5] - هەمان سەرچاوە، ص٢٢-٢٣.

[6] - هەمان سەرچاوە، ص٤٢.

**١٦- بابل**

ڕۆژنامەیەکی گاڵتەوگەپ بووە لە ١٥ی تەمموزی ١٩٢٣ لەلایەن (حسن أل كتاب) وە دەرچووە .[1]

**١٧- البدائع**

لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٣ وهەفتەی دووجار لە بەغدا دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی وێژەیی کۆمەڵایەتی گاڵتەوگەپ بووە، خاوەنی ڕۆژنامەکە (داود العجيل)بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ لە دەرچوون کەوتووە، لە ١٥ی ئایاری ساڵ ١٩٣٢ جارێکی دیکە دەرچووە وچەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە دووبارە ون بۆتەوە[2].

**١٨-المراقب**

ڕۆژنامەی (المراقب) ڕۆژنامەیەکی گاڵتە وگەپی وێژەیی بووە، لە ١٦تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ یەکەم ژمارەی لە بەغدا لێدەرچووە، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە، خاوەن وبەڕێوەبەری بەرپرسی(عثمان الزهير)بووە وتەمەنی ڕۆژنامەکە زۆردرێژ نەبووە[3].

ڕۆژنامەکە بە چوار لاپەڕەی قەبارەی(٣٨×٢٦سم) دەرچووە، ڕۆژنامەکە بابەتی کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە لە نێوانیاندا باسکردنی گەنجان لە ژێرناوی(مسامير الاسبوع) لە سەر هەڵسوکەوتی گەنجان کە لاسایی بێگانە دەکەنەوە [4].

**١٩- جحا الرومى***

ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو، بە یەکەم ڕۆژنامەی عێراق دەژمێردرێت کە وێنەی کاریکاتێری تێدا بڵاوکرابێتەوە، بابەتەکانی ڕەخنەی تەنز وکاریکاتێری بوون، ژمارەیەك گۆشەی تێدا بوو بە شێوەی تەنز نوسراون، ڕۆژنامەی (جحا الرومى) ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی وێژەیی ڕەخنەیی وێنەداربووە، لە بەغدا دەرچووە بە چوار لاپەڕەی قەبارە (٤٤×٣٠سم)[5].

---

[1] - د. فائق بطى، ،سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٠

[2] - فائق بطى، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٠.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص١٥٠.

[4] - دحمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو،،ص٤٨.

* (جحا الرومى) کەسایەتیەکی تورکییە، (جحا) ناسراوە بە (ملانصرالدين) کە بە قسەی نەستەق ونوکتە وبەسەرهاتی سەیرو سەمەرە بەناوبانگە ودەناسرێتەوە. بڕوانە: د.حمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٠.

[5] - شيماء رشيد عبدالحميداوى، مجالات أستخدام الكاريكاتيرفى الصحافة العراقية، دراسة تحليلية للرسوم الكاريكاتيرية فى جرائد الصباح والزمان والتاخى، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٨، ص٤٢.

**٢٠- الغربال**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە بوو، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٣دەرچووە، خاوەن وبەڕێوەبەری (مکی جمیل) بووە، نۆمانگ بەردەوام بووە وبەشێوەیەکی ڕێك دەرنەچووە، ژمارە ١٢ی لە ١٥ی ئابی ١٩٢٤ دەرچووە [١].

**٢١- الحقائق**

ڕۆژنامەیەکە لە ٢٢ی شوباتی ١٩٢٤ لە بەغدا هەفتەی جارێك دەرچووە، خاوەن وبەڕێوەبەری (عباس حسین الجلبی) بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٤ وەستاوە )[٢]، بەلاّم جمیل الجبوری نووسیوێتی: ڕۆژنامەی (الحقائق) لە ٢٣ی تشرینی ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا لە لایەن (عباس حسین الجلبی) دەرچووە[٣].

**٢٢- الظرائف**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی وێژەیی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی بوو، بە ڕۆژنامە کۆمیدییە سەرکەوتوەکان ئەژمار دەکرا، لە ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٢٤ لە بەغدا دەرچووە وخاوەن وسەرنوسەر وبەڕێوەبەری (صالح سید عبد) بووە[٤].

**٢٣- الادب**

ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بووە لە ٧ی ئەیلولی ١٩٢٤ ساڵی لە بەغدا لەلایەن (محمد باقر الحلی) سێ ژمارەی لێ دەرچووە، پاشان وەستاوە وجارێکی دیکە لە ٦ ی شوباتی ١٩٢٥ دەردەچێتەوە، سەرنوسەر وبەڕێوەبەری کارگێری (کامل السامرائی) بوو[٥]، ڕۆژنامەی (الادب) ڕۆژنامەیەکی ڕەخنەگرانەی وێژەیی گاڵتەوگەپە بە هەشت لاپەڕەی قەبارە (٣٠×٢٤سم) دەرچووە، لە لاپەڕەکانی چیرۆك وبەسەرهاتی عەرەبی وجیهانی زۆری تێدا بلاّوبۆتەوە[٦].

---

[١] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٠.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص١٥٠.

[3] - جمیل الجبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣.

[4] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥١.

[5] - هەمان سەرچاوە، ص١٥١.

[6] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٣.

## ٢٤- الهزل

ڕۆژنامەیەکی کاریکاتێری بووە لە٤ ی تشرینی ساڵی ١٩٢٤لەلایەن خاوەن ونوسەری ڕۆژنامەکە (علاء الدین عونی) بە شێوەی هەفتانە دەرچووە، جیاوازی هەبووە لەگەڵ ڕۆژنامەکانی دیکە بەو هۆیەی (الهزل) گرنگی داوە بە هونەری کاریکاتێری[١].

ڕۆژنامەی (الهزل) ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی وێنەدار بوو هەفتەی جارێك بە شێوەی کاتی لەچوار لاپەڕەی قەبارە (٤٣×٢٧سم) لە چاپخانە ی (الفلاح) لە شاری بەغدا دەرچووە، لەلاپەڕە یەکەمی ئەم وتەیە هاتووە: ( الهزل مثل النحل تحمل فی جوفها عسل وفی طرفها أبرة [٢].

## ٢٥- کناس الشوارع:

لە ڕۆژنامە گرنگەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز وگاڵتەوگەپی عێراق بووە، خاوەنەکەی(میخائیل تیسی) بووە، پێش دەرکردنی ڕۆژنامەی (کناس الشوارع) لە ڕۆژنامەکانی (الرافدین)وە(دجلة) دەینووسی بە واژوی (کناس الشوارع) یەکەم ژمارەی لە ١ی نیسانی ١٩٢٥دەرچووە[٣].

روفائیل بطی وای دەبینێت:

یەکەم نوسەری تەنز لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لاوێکی خوێن گەرم بوو دەرچووی خوێندنگای (الاباء الکرملیین) بوو لە شاری بەغدا، پیاوێکی قسەخۆش ورۆحسوك بوو، لەگەڵئەوەی کەسێکی قەڵەو بوو، دەڵێت ڕۆژێك پرسیارم لێکرد لە بەرچی ناوی (کناس الشوارع)ت هەڵبژاردوە؟ لەوەڵامدا وتی[٤]: (لەبەرئەوەی (کەناسی جادەکان) کەسایەتییەکی ئادەمییە وزۆر هاتووچۆ دەکات لە سەر شەقامە گشتییەکانی ناو دڵی شار، لە نزیك دەرگاکان دەسوڕێتەوە ودەچێتە ناوماڵی هەژارەکان وکۆشکی دەوڵەمەندەکان، کەناسەکان دەتوانن هەرچی ڕەخنە وکەموکورتی کۆمەڵگە هەیە ببینن، بۆیە ئەو ناوەم هەڵبژاردووە...)، (کناس الشوارع) نەیتوانی بەردەوام بێت لە کارەکانی بە هۆی ڕوداویکی تەقە لێکردنەوە کە بە سوکی برینداد دەبێت، بۆیە خزم وکەسەکانی ڕێگری لێدەکەن کە پێیان وابوو ئەوەی تەقەی لە(تیسی) کردووە یەکێك بووە لە بریندارانی چەکی قەڵەم

---

[1] - شیماء رشید عبدالحمیداوی، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠

[2] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٦.

[3] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٣.

[4] - جمیل الجبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧- ٢٨.

وگسك، بۆیە پاشان لەگەڵ (حسین الرحال) ڕێکەوت ڕۆژنامەی (سینما الحیاة)* یان دەرکرد[١].

ڕۆژنامەی (کناس الشوارع) بە چوار لاپەڕەی قەبارەی (٤٤×٣٠سم)دەردەچوو، بۆناساندنی ڕۆژنامەکە شێوازی تەنزی بەکاردەهێنا ولەسەر لاپەڕەی یەکەمی بەمشێوە هاتبوو: خاوەن وبەڕێوەبەری نووسین(مخائیل تیسی) ناسراو بە (بأبی أحمد) خاوەنی گسگی سێگۆشەیی وڕابەری گروپی کەناسەکان کە لەنێوان (دوو زێ ودوو بەحر ودووئاسمان ودووزەوی)دان، سەرنوسەری (أبن السقوط)، سەرۆکی (المكابحة)، الضرب (خورشید الكردي)[٢].

**٢٦- بالك:**

ژمارە ی یەکەمی ڕۆژنامەی (بالك) لە ٢٨ی ئابی ١٩٢٥لە بەغدا دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە وخاوەن وبەڕێوەبەری (عبدالحمید فخری )بوو، تەمەنی ڕۆژنامەکە درێژ نەبووە ولەماوەی چوارمانگدا داخراوە[٣].

دکتورحمدان دەربارەی ڕۆژنامەی بالك دەڵێت:[٤]

ڕۆژنامەی (بالك) ڕۆژنامەیەکی ویژەیی ڕەخنەگرانەی تەنز بووە، لە هەفتەی دووجار دەرچووە، خاوەنی (عبدالحمید فخری ) وبەڕێوەبەری بەرپرسی (حسن فهمی الپاجەجی)بووە، ڕۆژنامەکە بە دەرچوون ودەرنەچونییەوە تاکو ساڵی ١٩٣٨ بەردەوامی هەبوو، هۆکاری داخستنی شێوازی ڕەخنەی تەنزی بوێرانە بووە.

**٢٧- المداعب:**

ڕۆژنامەی (المداعب) لە ٣ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا بە شێوەی هەفتانەی دەرچووە، خاوەنی(حسین یحیی)بوو، بە یەکێك لە ڕۆژنامە سەرکەوتەکان ئەژماردەکرێت[٥].

ڕۆژنامەی (المداعب) بەچوار لاپەڕە چاپکراوە وبە قەبارەی (٣٧×٢٨سم)، وا پێناسەی خۆی دەکات: ڕۆژنامەیەکی وێژەیی وگاڵتە وگەپە[٦].

---

* (سینما الحیاة ) یەکێك بوو لەو ڕۆژنامەنەی جاریکی دیکە (میخائیل تیسی )لەگەڵ (حسین الرحال) لە ١٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ دەریان چوواندەوە. بڕوانە: د.حمدان خضر سالم، ص١٥٤.

[1] - جمیل الجبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧- ٢٨.

[2] - د، حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٨-٦٠.

[3] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٣.

[4] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٦١.

[5] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٣.

[6] - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤.

**٢٨- التهذيب:**

ڕۆژنامەیەکی ڕەخنەگرانەی هەفتەیی بوو لە شاری بەغدا ولە ١١ی ئازاری ١٩٢٦ دەرچووە، خاوەنەکەی (أنور مجيد تحافى) بووە وسەرنووسەرەکەی (المحامى أحمد فائق)، ڕۆژنامەکە تەمەنی زۆردرێژ نەبووە، ڕۆژنامەی(التهذيب) بە ڕۆژنامەیەکی گاڵتە وگەپ ئەژماردەکرێت[1].

**٢٩- صداى الحقائق:**

ڕۆژنامەیەکی ویژەیی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیی گاڵتەوگەپ بووە، لە ٣٠ی نیسانی ساڵی ١٩٢٧ دەرچووە، خاوەن وسەرنووسەری ( عباس حسين الجلبي ) بووە، بەڕێوەبەری نوسینی (سعيد العزاوي) بووە، هەفتەی جارێك بە قەبارەی (٤٣٪٥×٢٨سم) دەرچووە، دروشمی خزمەتکردنی گەل ونیشتمان بووە[2].

**٣٠- البرهان:**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی کۆمەڵایەتی گاڵتەوگەپی وێنەدار بووە، لە ٢٢ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٧ لە بەغدا دەرچووە لە لایەن خاوەنی ئیمتیازی (محمد ناجى صالح) وبەڕێوە بەری کارگێری (محمد سعيد)، (البرهان) بە هەشت لاپەڕەی قەبارە (٣٤×٢٤سم) دەردەچووە[3].

**٣١- كرخ:**

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (الكرخ) لە ڕۆژی دوو شەممە ١٠ ی کانونی ساڵی ١٩٢٧ هەفتەی جارێك لە بەغدا دەرچووە[4].

**٣٢- المزمار :**

ژمارەی یەکەمی لە بەغدا لە ١٦ی تەمموزی ١٩٢٩ دەرچووە، خاوەن وبەڕێوەبەری نوسین (أحمد عزت) بوو لە ژمارە یەکەمی داهاتووە: (المزمار) هیچ کۆمەڵ ودەستەیەکی نییە تا پەیوەست بێت پێیانەوە، وەك چۆن هیچ خەڵکێکی نییە تا بۆیان بگەڕێتەوە، بەڵکو (المزمار) بیر وبنەمای خۆی هەیە ولە سەری دەڕوات[5].

**٣٣- صداى المزمار:**

---

1 - هەمان سەرچاوە، ص٦٦.

2 - دحمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩.

3 - هەمان سەرچاوە، ص٧١.

4 - جميل الجبورى، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٧.

5 - د. فائق بطى، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٦.

ڕۆژنامەیەکی دیکەی تەنز بووە لە لایەن (أحمدعزت) دەرکراوە لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٩ یەکەم ژمارەی لە بەغدا دەرکردووە، پاش چەند ژمارەیەك وەستاوە[١].

### ٣٤- الناظرة:

لە ١٢ی نیسانی ساڵی ١٩٢٩ لە بەغدا دەردەچووە وخاوەن وبەڕێوەبەری بەرپرسی وسەرنوسەری (محمد فائق الگیلانی) بووە، بەڕێوەبەری کارگێری (عبدالمجد حسن) بووە، پێناسەی خۆی واکردووە: ڕۆژنامەیەکی وێژەیی کۆمیدی ڕەخنەگرانە بووە وبە چوارلاپەرەی قەبارە (٤٤×٣٠سم) دەرچووە[٢].

(عبدالرزاق الحسینی) لە مێژووی ڕۆژنامەوانی عێراقدا دەڵێت: ڕۆژنامەی(الناظرة) ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی ڕەخنەگرانەی هەفتانەیە وخاوەنەکەی (محمد فائق گیلانی)یە وسەرنووسەری (محمد علی عبدلله) یە، ژمارە یەکی ڕۆژی هەینی ١٢ی نیسانی ساڵی ١٩٢٩ لە شاری بەغدا دەرچووە،[٣].

### ٣٥- الشباب:

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی وێژەیی ڕەخنەگرانە بووە لە ١٦ی ئابی ١٩٢٩ لە لایەن خاوەنی(سعید السامرائی) وە بە رێوەبەری بەرپرس (عبدالقادر اسماعیل) دەردەچوو، لە ژمارەی یەکەمیدا هاتووە: نوێترین چارەسەر بۆ بەرەنگاری وهەژاری سواڵکردن ..ئایا حکومەتی عێراق دەتوانێ ڕابەرایەتی ئەم ڕێگایە بکات ؟ وتاریك بە پێنوسی نوسەر (یوسف رجیب) و وتاریك لە سەر قەڵاچۆکردنی لەشفرۆشی (البغاء )لە نوسینی (محمود أحمد) و لاپەڕەی ژنان وچیرۆك بە پێنوسی (عبدالقادر أسماعیل) بووە[٤].

### ٣٦- الریاحین:

گۆڤاریکی (ویژەیی (**تهذیبیة**) ئاکاری گاڵتەوگەپە، مانگی یەك ژمارەی لێ دەرچووە، خاوەنەکەی (أبراهیم منیب الباجەجی)، نوسەر وبەڕێوەبەری بەرپرس (ابراهیم صالح شکر) بووە، ژمارەی یەکەمی لە ١٣ی ئازاری ساڵی ١٩٣٠چاپ کراوە، گۆڤارەکە لە شێوەی پەرتوکێکی بچوك بووە، قەبارەی (٢٤×١٦سم) بوو هەر لاپەڕەیەکی لە سەر دوو ستوون دابەشکراوان[٥].

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ل١٥٦.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص٧٧.

[3] - عبدالرزاق الحسینی، تاریخ الصحافة العراقیة، ط٣، (لبنان: مطبعة الوفاق،١٩٧١)، ص١١٧.

[4] - د فائق البطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٧.

[5] - د.حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٨-٧٩.

**٣٧- الرصافة:**

ڕۆژنامەی (الرصافة) لە ڕۆژی دووشەمەی ٢ی حوزیرانی ساڵی ١٩٣٠لە لایەن خاوەن ئیمتیاز وسەرنوسەری (سعید السامرائی) وە دەرچووە، بەچوار لاپەڕەی قەبارە (٤٢×٢٨سم)، ڕۆژنامەکە وا پێناسەی خۆی دەکات: ڕۆژنامەیەکی وێژەیی وکۆمەلأیەتی ورەخنەیی وکۆمیدییە[1].

**٣٨- حبزبوز:**

ڕۆژنامەی (حبزبوز) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گاڵتە وگەپ بوو لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٣١ لە بەغدا دەرچووە، بەردەوام بووە تاکو ساڵی ١٩٣٨، لەو ماوەیە (٣٠٢) ژمارەی لێ دەرچووە، ڕوژنامەی (حبزبوز) بە خێرایەکی زۆر بڵاو بۆوە کە مێژووی ڕۆژنامەگەریی عێراق ئەم جۆرە ڕۆژنامەیەی بە خۆوە نەبینیوە، چونکە ڕەخنەی لە کۆنەپەرستەکان دەگرت وبەشێوازی تەنز چارەسەری بۆ کێشەکان دادەنا، (حبزبوز) فەرهەنگێك بوو لە چیرۆك وبەسەرهاتە میللییەکان، پەیام ونووسینەکانی ئاسان ودەربڕینی وشەی گاڵتەوگەپ وجوان بوون، ئەمانە هۆکارێك بوون کە بتوانێت لە خەڵك نزیك بێت[2].

لە ڕۆژنامەکە دا هاتبوو: لەو ماوەیەی (حبزبوز) دەردەچوو هەندێ وا ڕاهاتبوون کە هەڵسن بە ئیدانەکردنی (حبزبوز) بەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ دەسەلأتدا هەیە، ئەمیش بە مەبەستی لە دەستدانی ئەو خوێنەرە زۆرەی(حبزبوز) وگومان خستنە دڵیانەوە، یان بۆ چاندنی تۆی دوژمنایەتی، (نوری ثابت) ئەم گومانانەی لە ڕێگای (حبزبوز) ڕەتدەکاتەوە ودەڵێت: خوێنەرانی بەڕێز وئامادەبووان، ئاگاداری ئەوانەی دیکە بکەنەوە کە چیتان ئەوێت لەو گەواهییانە با بیخەینە بەردەمتان، ئەو ڕۆژنامەیە حکومی نییە، حزبی نییە، تەنها وتەنها وتەنها، ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی هونەرییە [3].

لە ژمارەی (٣٥) ڕۆژنامەی (حبزبوز) جوانترین وتاری تەنز وگاڵتەجاڕییانەی دەربارەی یاسای چاپەمەنیەکانی ئەو کاتی عێراق نووسیوەو دەڵێت: (حبزبوز) سەبارەت بە سیاسەت قسەدەکات وهیچ گرنگی بە ماددە یاساییەکانی چاپەمەنی نوێ نادات کەتێیدا هاتووە: یەکێك دەڵێت ئێمە لە چ چاخێکدا دەژین؟ ئەو پاڵەپەستۆیە توونده چییە؟ یەکێك دەقیژێنێ ودەڵێت:[4] (نون زبرنة بطلنة ! هذا مو قانون هذا مو شغل).

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٨٠.

[2] - خالد حبیب الراوی، من تأریخ الصحافة العراقیة، (بغداد: الحریة للطباعة،١٩٨٧)، ص٢٦.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص٢٧.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص٢٩.

ڕۆژنامەی (حبزبوز) لە ٢٩ی ٩ئەیلولی ساڵی ١٩٣١دەرچووە، لە یەکەم ژمارەی کاریکاتێری هەلگرتووە کە هەموو شێوە هونەریەکانی کێشانی کاریکاتێری تێدا بەرجەستە کراوە، لەلایەن هونەرمەندی عێراقی (عبدالجبار محمود) کێشراوە، وێنەکە کەسایەتی(نوری ثابت) خۆیەتی کە ناسراوە بە( حبزبوز)[١].

ڕۆژنامەی (حبزبوز) شەش ساڵ ونۆ مانگ بەردەوام بوو لە دەرچوون، لە ٢٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣١ بۆ ماوەی ٥ ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٨، سەرجەم ژمارەکانی لەو ماوەیە بریتی بووە لە (٣٠٣) ژمارە لە ماوەی دەرچوونی نزیکەی ٥ پێنج مانگ وەستاوە، تیراژەکەی دەگەیشتە (٤٠٠٠) چوارهەزار)[٢]، ڕۆژنامەی (حبزبوز) لە بەغدا دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی گاڵتەو گەپی هەفتانە بووە بە (٨) لاپەڕەی قەبارە (٣٩×٢٨سم)[٣].

د.فائق بطی دەربارەی ڕۆژنامەی (حبزبوز) دەنوسێت: گرنگترین ڕۆژنامەی گاڵتە وگەپی ڕەخنەیی بووە کە لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا دەرچووە، خاوەنی ڕۆژنامەکە یەکێك بووە لە نوسەرە هەرە باشەکانی ڕۆژنامەوانی تەنز لەعێراقدا، ئەو نوسەرێکی رۆح سوك وخوێن شیرین بووە، شێوازی گاڵتەوگەپ ودەربڕینی مللی بوو لە گەڵ خوێنەرەکانی، گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ لە تام وچێژی بەربڵاو کە لەسەر زمانی خەڵك بێت وئاشنابێت بە سەرجەم چین وتوێژەکانیەوە، شیکردنەوەی بەسەرهاتە دەگمەنەکان وگواستنەوەی بۆ جەماوەر.

(نوری **ثابت**)باسی پلانی ڕۆژنامەکەی دەکات لە ژێرناوی (خطتي): ئەم ڕۆژنامەیە گاڵتەوگەپە وڕەخنەگری هونەرییە تایبەت وبەردەوامە وهیچ پەیوەندیەکی نییە (توبة استغفرالله العظم) بەسیاسەت وپارتەکانەوە مطلقا، بە پێ ی جیاوازی گومانم بۆ بیر وبۆچونەکانم لە ناو ئەو گومانە مەلە دەکەم، سەبارەت بە ئاراستەکەم حەزم لێبوو کە پەردە لابدەم وخۆم بناسێنم بۆ خوێنەر[٤].

---

[1] - شیماء رشید عبدالحمیداوی، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠.

[٢] - جمیل الجبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٦-٨٧.

[٣] - د. حمدان خضر سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٨١.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص١٥٦.

**د. صباح مهدی رميض دەڵێت:( نوری ثابت)* سەرنوسەر وخاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی حبزبوز، کە بەڕاستی نوسەر وڕۆژنامەنووسێکی عێراقی پێشەنگ بووە، لە بواری هونەری گاڵتەوگەپ ڕەخنەگرتن، لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٨٩٧ لە دایك بووە، بە خۆی دەربارەی ژیانی خۆی دەڵێت: بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی قسەم کردووە، دوایئەوە کوردستانم جێ هێشتووە لە ناصریە لە بازاڕی الشیوخ والخميسية نیشتەجێبووین)**.**

**لەیەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (أ.حبزبوز)لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٣١دا هاتووە:[2]**

**لە (أ.حبزبوز) وە بۆ گەلی عێراقی بەرێز:**

**(خلقه الحمدللة والصلاة على خير وبعد، خوێنەران باش دەزانن پێشتر من لە ڕۆژنامەکانی دیکەی عێراق ماوەی چەند ساڵێك نووسینم بڵاودەکردەوە، لە ژێر ناوی خوازراوی جۆراوجۆردا، ئەوەی ئەم دوایەیان بەناوی(أ.حبزبوز) بوو، دواتر تەنگیان پێ هەڵچنیم کە لەوەدا حەقی خۆیان بوو، ناوەکەم کورتکردەوە بۆ(حبزبز) دواتر ناوی ڕۆژنامەیەکم وەرگرت کە ئارەزووی زۆر لە مێژینەم بوو لە ژیاندا، بۆئەوەی ئەرکی ڕۆژنامەگەری بگرمە ئەستۆم بە تایبەتی کارکردن لە ڕۆژنامەیەکی (گاڵتە وگەپ) وسوپاسگوزاری خوا دەکەم. لەسەر ناوی ڕۆژنامەکە (نوری ثابت) دەڵێت: ناوی (حبزبوز) لە ناوی کەسێکی سەردەستەی گروپێکی (چەتە)ی ناو شاری بەغدای وەرگرتووە کە ناوی (أحمد**

---

* د.شێرکۆ عبدللە دەڵێت: نوری **ثابت** کورد بووە وە خەڵکی سلێمانی بووە، بەڵام نوسینەکانی گوزارشتی عارەبیانە بووە، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ د.شێرکۆ عبدللە لە ٦\٥ \٢٠١٢ سلێمانی.

* * ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی (قیس) (الكرويه) عەرەبی کەدەکەوێتە کەناری زێ ی (نارین) نزیك گوندی (قەرەتەپە)، ناحیەکە سەر بە پارێزگای دیالەیە، دانیشتوانەکەی تێکەڵە لە(کورد وعارەب وتورکمان)، خوێندنی سەرەتای لە(الاحساء بنجد) تەواوکردوە، ئامادەیی سەربازی لە بەغدا خوێندووە، خوێندنی هونەری شەڕی لە (ئەستانە) لە ساڵی ١٩١٥ خوێندووە وبە مولازمی دووەم لە سالی ١٩١٧ دەرچووە، پاشان لە هەوالگری وەزارەتی جەنگی عوسمانی کاری کردوە، بە شداریکردووە لە شەڕی یەکەمی جیهانی وسێ جار بریندار بووە، ساچمەیەك لە دەستی ڕاستی مابوو تا ساڵی ١٩٢٤ بە نەشتەرگەری دەری هێنا، لەکاتی نووسیندا بە باشی قەڵەمی پێ نەدەگیرا، (نوری پابت) دەستپێکردنی ژیانی ڕۆژنامەنووسی لەو نوسینانەوە دەستیپێکرد کە لە ڕۆژنامەی (الكرخ) دەینوسی کەخاوەنی ڕۆژنامەکە شاعیری میللی (ملاعبود الكرخی) بوو کە بە ناوی خوازراوی (خجه خان) دەینوسی، دواتر لە ڕۆژنامەی (البلاد) دەینوسی لە ژێر ناوی (حبزبوز) کە خاوەنی ڕۆژنامەکە (رفائيل بطی) بوو، وتاری کۆمەڵایەتی وڕەخنەیی بە شێوازی سەرنجراکێش دەنوسی، هەرئەو هۆکارە بوو لە فەرمانبەری دەرکرا، ئەویش هەڵسا بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی گاڵتەوگەپی هەفتانە بە ناوی (حبزبوز)، بڕوانە: د. صباح مهدی رميض، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٠.

[2] - د. صباح مهدی رميض، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٨.

**حبزبوز)* بووە، ئەو کوڕی پیاوێکی خواناس ونوێژکەر بوو کە ناوی (ملا علیوی)یە کە دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی (آل طبرة البغدادیة ) یە، (أحمد) پیاوێکی شەڕانی تۆقێنەر بوو لە کەس نەدەترسا، لە هەمانکاتدا خاوەنی نوکتە وقسەی خۆش و وەڵامدانەوەی خێرا بوو، گاڵتەی بە دەوروبەری خۆی دەکرد[1].**

**٣٩- أبو حمد****

**ڕۆژنامەیەك بوو ناوی (ابو حمدی) هەڵگرتبوو لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣لە بەغدا دەرچووە، خاوەنی (عبدالقادر المميز) وبەڕێوەبەری بەرپرسی (نبیة المميز) بووە، لە ژێر پێناسەی ڕۆژنامەیەکی ( هەفتانەی گاڵتەو گەپ ) بووە، ژمارە (٢) ی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ دەرچووە، ناوی ڕۆژنامەکە هەر لە کەسایەتی ( أبو حمد) وە سەرچاوەی گرتووە[2].**

**٤٠- الکرخی**

**ڕۆژنامەیەکی ڕەخنەگرانەی هەفتەیی سیاسی بوو، خاوەنی (عبدالرزاق وهیب) وبەڕێوەبەری بەرپرسی وسەرنوسەری(عبدالامیر ناهض)بووە، سەرپەرشتی وبەڕێوەبردنی (الملا عبود الکرخی) بوو، پاش ڕاوەستانی ڕۆژنامەی (الکرخ) یەکەم ژمارەی لە ٢ ی تەممووزی ساڵی ١٩٣٢لە شاری بەغدا دەرچووە[3].**

**٤١- بهلول**

**ڕۆژنامەیەکی ڕەخنە ئامێزی کۆمیدی بوو خاوەنەکەی (محمد حسن القطیفی) وبەڕێوەبەری بەرپرس (عبدالجبار وصفی) وسەرنوسەری (کمالدین داود ) وسکرتیری نوسین**

---

* جارێکیان (أحمد حبزبوز) دەبینێت دوو پیاو شەڕیانە لە سەر خاوەندارێتی هێسترێك (بغل)، پیاوەکان داوایان لێکرد دادوەریان لە نێواندا بکات، پاشئەوەی ڕەزامەندی هەردوو لایانی وەرگرتئەوان ڕازیبوون بە کۆتایهێنانی کێشەکانیان بەڵام دوبارە دەستیان کردەوە بە شەڕ، بۆیە أحمد چەقۆکەی دەرهێنا وهێسترەکەی سەربری، بڕوانە جمیل الجبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٧.

[1] - د. صباح مهدی رمیض، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٣.

** ( أبوحمد) ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو، لەبرادەرانی (نوری **ثابت**) بوون، هەر لە ژێرئەو ناوە مایەوە بۆماوەیەکی درێژ، (أبوحمد) یەکێکە لە گەرەکە ناسراوەکانی شاری بەغدا، پیاوێك ماوەی ٤٠ ساڵ پاسەوانی ئەم گەرەکە بوو ناوی (أبوحمد) بوو، بۆیە ناوی گەرەکەکە بەناوی ئەو کرابوو، ابو حمد لە ساڵی ١٩٢٧ کۆچی دوایی کردووە، پیاوێکی تلیبەت بووە لە قسەی خۆش ونوکتە و ورۆح سوك بووە، لە ژمارە یەکەمی ئەم گۆڤارە دەڵێت: (ابو حمد) کەسایەتیەکی قسەخۆش ونوکتەزان و ڕۆح سوك و بێ وەی بووە، ناوی ڕۆژنامەکەمان هەربە ناوی ئەوەوە ناو ناوە. بڕوانە جمیل الجبوری، سەرچاوە پێشوو، ص٥٠ و د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٠.

[2] - جمیل الجبوری، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٠.

[3] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٠.

(عبدالقادر السياب)بووه، یەكەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممەی ڕێكەوتی ٢٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٣٢دەركەوت دوای تەمەنێكی كورت لە دەرچوون كەوتووە[١].

وە د. فائق بطی دەربارەی بهلول دەڵێت: ڕۆژنامەیەكی تەنز بووە لە ٢٧ی شوباتی ساڵی ١٩٣٢دەرچووە لە بەغدا، خاوەنی (محمد الحسين القطيفی) وبەڕێوەبەری بەرپرسی(عبدالجبار وصفی) وسەرنوسەری (كمال الدين داود ) بووە، تەمەنی درێژ نەبووە ودووبارە لە ساڵی ١٩٣٢ دەرچۆتەوە[٢].

ڕۆژنامەی( بهلول)* (ڕۆژنامەیەكی هەفتانەی كۆمیدی ڕەخنەگرانە بووە، لە ١٤ی شوباتی ساڵی ١٩٣٢ دەرچووە، خاوەنی (حمادی الناهی) بووە، بەڕێوەبەری بەرپرسی پارێزەر(رووف الدهن) وبەرێوەبەری كارگێری (ناصر جرجيس) بووە، بە هەشت لاپەڕەی قەبارە(٤٢×٢٨سم) دەرچووە[٣].

وە جارێكی تر ڕۆژنامە البهلول وەك پاشكۆیەك لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق السياسية) ڕۆژانە لە بەغدا دەردەچێت، كە خاوەنی ڕۆژنامەكە (محمد العانی) بووە، ژمارە (٦٥١) لە ٨ ی كانوونی ساڵی١٩٦٢ دەرچووە [٤].

### ٤٢- القسطاس-دووەم

گۆڤارێكی ڕەخنەگرانەی كۆمیدی بووە ولە مانگێكدا دوو جار لە شاری بەغدا دەردەچوو، یەكەم ژمارەی لە ٧ی تشرينی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ بە چاپ گەیشتووە وخاوەن وسەرنووسەری (عبدالاحد اليامورى) بووە، بەڕێوەبەری بەرپرسی (جميل صدقی عمر) بووە [٥].

### ٤٣- الملا

لە ڕۆژنامە تەنزە گرنگەكان بوو كە ماوەیەكی كورت دەرچووە لە بەغدا، لە لایەن شاعیری میللی (الملا عبود الكرخی) و سەرنووسەری (عبدالامير **الناهض**) و بەرێوەبەری بەرپرس

---

[1] - عبدالرزاق الحسينی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٥.

[2] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٠

* سێ ڕۆژنامەی بهلول دەرچووە یەكەمیان لە ساڵی ١٩٣٢ خاوەنەكەی (محمد الحسين القطيفی) بووە، دووەمیان لە ساڵی ١٩٣٩ دەرچووە خاوەنەكەی (حمادی الناهی) بووە، سێیەمیان پاشكویەكی گاڵتەوگەپ بووە لەگەڵ ڕۆژنامەی شرق **الاوسط** دەرچووە، خاوەنەكەی (محمد العانی) بووە، بڕوانە: محمد ساهی عواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٣١.

[3] - دحمدان خضرسالم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٠.

[4] -د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٥.

[5] - هەمان سەرچاوە، ص١٦٢.

**(محمد شكرى قاسم) بووە، ڕۆژنامەیەكى ڕەخنەگرانەى تەنزى هەفتانە بووە، یەكەم ژمارەى لە ٣٠ ى ئەیلولى ساڵى ١٩٣٣دەرچووە [١].**

### ٤٤- العندليب

**ڕۆژنامەیەكى ویٚژەیى نوكتەباز وڕەخنەگر وكۆمیدى وگاڵتەوگەپ بووە، لە ٦ ى كانوونى ساڵى ١٩٣٥ لە بەغدا دەرچووە، خاوەن وسەرنوسەرى (عبدالامير الناهض) بووە، بەڕیٚوەبەرى بەرپرسى(حسين الظريفى) كە پاریٚزەر بووە، بۆ ماوەى دوو ساڵ لە دەرچوون بەردەوام بووە [٢].**

**لە لاپەڕەى یەكەمیدا ویٚنەى باڵندەى (العندليب)كیٚشرابوو، لە ژیٚر باڵەكان دوو دیٚر(شیعر) * نووسرابوو، بەهەشت لاپەڕەى قەبارە (٣٩×٢٨سم) دەردەچوو لاپەڕەكانى دابەش بووبوون بۆ دوو ستوون [٣].**

### ٤٥- الناقد

**ڕۆژنامەیەكى هەفتانە بووە ولە بەغدا ولەلایەن (ميخائيل تيسى) دەرچووەكە خاوەنى ڕۆژنامەكانى(كناس الشوارع)و (سينما الحياه) بووە، یەكەم ژمارەى لە ٦ ى ئایارى ساڵى ١٩٣٦بڵاوبۆتەوە ولە ٢٦ ى شوباتى ساڵى ١٩٣٩ وەستاوە [٤].**

**بەڕیٚوەبەرى نووسینى پاریٚزەر(سليم الحريرى) بووە، وا پیٚناسەى دەكات [٥]: ڕۆژنامەیەكى ویٚژەیى ڕەخنەگرانەى گاڵتەوگەپ بووە وهەفتەى جاریٚك دەرچووە، یەكەم ژمارەى بە هەشت لاپەڕە چاپكراوە بەڵام ژمارەكانى دوو و سیٚ ى بە (١٢) لاپەڕەى قەبارەى (٤٤×٣٠سم) دەرچووە.**

### ٤٦- النديم

**ڕۆژنامەیەكى كۆمیدى تەنز بوو لەلایەن (ناصر جرجيس) لە ١٨ى ئازارى ساڵى ١٩٣٩دەرچووە، بەڕیٚوەبەرى بەرپرسى پاریٚزەر (عبدلله ليون) ونوسەرى (حمادى الناهى) بووە، ڕۆژنامەكە بە(٨) لاپەڕەى قەبارە (٣٤×٢٤) بڵاودەكرایەوە [٦].**

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص١٦٠.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص١٦٢.

* معى يا بلبل الروض　　تصدر مجلس الورد
بيما عندك ناجينى　　انا جيك بما عندى
بەڵام لە لاپەڕەى (٨)ى وكۆتایى (العندليب) بە بچوكى ویٚنەى كیٚشراوە ولە ژیٚرى ئەم بەیتە نووسراوە:
" والعندليب صداحة لا ظفرة وجناحة " بڕوانە: دحمدان خضرسالم، سەرچاوەى پیٚشوو، ص٩٥.

[3] - د. حمدان خضر سالم، سەرچاوەى پیٚشوو، ص٩٤.

[4] - د. فائق **بطى**، سەرچاوەى پیٚشوو، ص١٦٢.

[5] - د. حمدان **خضر** سالم، سەرچاوەى پیٚشوو، ص٩٨.

[6] - هەمان سەرچاوە، ص١٠٢.

### ٤٧- أبوالشمقمق

له ٥ ی ئایاری ساڵی ١٩٣٩ له شاری بەسره دەرچووه، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی وێژەیی کۆمیدی ڕەخنەیی بووه، خاوەن ونوسەری (حسین النجاتی) وبەڕێوەبەری بەرپرسی (الدکتور یوسف عبدالواحد) بووه، ڕۆژنامەکە بە(٨) لاپەڕەی قەباره (٤٢× ٢٨سم)دەرچووه[1].

### ٤٨- الصراحة

ڕۆژنامەیەکی ڕەخنەیی کۆمیدی  هەفتانه بووه وله بەغدا لەلایەن (مجلة فتاة العراق ) که خاوەنەکەی(خليل زكى رشيد) وسەرنووسەری (فاضل قاسم راجى)بووه، ژمارەی (١)ی له ٢٣ ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٧ چاپکراوه، ڕەخنەی بوێرانه وبێترسی گرتووه[٢].

### ٤٩- المداعب

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گاڵتەوگەپی ڕەخنەگرانه بووه، خاوەنەکەی (خليل زكى) وسەرنوسەری (فاضل قاسم راجى ) بووه،  یەکەم ژمارەی له حوزیرانی١٩٣٩ له بەغدا دەرچووه[٣].

### ٥٠- قزموز

گۆڤارێکی هەفتانەی ڕەخنەگری تەنزی کاریکاتێری بوو، له ٢٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٧له بەغدا دەرچووه، خاوەنی (فاضل قاسم راجى) بووه که ناسراو بووه به نووسینی تەنزله لاپەڕەکانی (الزمان)، له دوای شکستی جولانەوەی مایسی ١٩٤١)، سەرنووسەر وبەرپرسی پارێزەر (جميل حسن الخطيب) بوو[٤].

### ٥١- قرندل

گۆڤارێکی ڕەخنەگرانەی کاریکاتێر بووه، لەبەغدا له لایەن (صادق الازدى) له ٢٣ ی ساڵی ١٩٤٧ دەرچووه، (قرندل) گۆڤارێکی کاریکاتێری بوو که کاریکاتێرستی وەك (غازى عبدلله)* کاری تێداکردووه که وێنەکێشێکی ڕەخنەگری به ئەزموون بووه[٥].

---

[1] - هەمان سەرچاوه، ١٠٢.

[٢] -  هەمان سەرچاوه، ص.١٦٣

[3] - د. فائق بطى، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٢.

[4] -  هەمان سەرچاوه، ص١٦٣.

* (غازى عبدلله)  هونەرمەند وکاریکاتێرست و وێنەکێشی ڕەخنەگر بووه، کاریکاتێرو وێنەی تەنزی کێشاوه بۆ گۆڤار ورۆژنامەکانی وەك: (قرندل، (الحصون، (قزموز، جفجير البلد، (البلد، بريد الجمعة)، دوای له ڕۆژنامەی (الاهالى)، که خاوەنەکەی (کامل جادرجى) بوو، دوایی له ڕۆژنامەی (الارأ، البلاد، الحرية، الشعب، المصور، الراى العام) دا کاریکردووه، هەروەها لەگوڤاری (البارودية) کاری کردوه له ساڵی (١٩٥٢) له شاری بەغدا دەرچووه، بڕوانه: شيمأ  رشيد عبدالحميداوی، سەرچاوەی پێشوو، ص.٤٢

٥ - شيمأ  رشيد عبدالحميداوی، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٢.

### ٥٢- الفلقة

گۆڤارێکی ڕەخنەگرانەی تەنز بووە لەلایەن (جمعية الزبانية) ولە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ لە بەغدا دەرچووە، خاوەن وبەڕێوەبەری بەرپرسی پارێزەر(عباس البغدادی) وسەرنوسەری (خالد الدرة) بووە[١].

### ٥٣- أبو نواس

ڕۆژنامەیەکی وێژەیی تەنزی هەفتانەی ڕەخنەگرانە بووە، ژمارە (٤)ی لە ڕۆژی پێنج شەممە لە ٢٥ی ئازاری ساڵی ١٩٤٨لە بەغدا دەرچووە، خاوەنی (عبدالحميد مجيد التحافی) ونووسەر وبەڕێوەبەری (علی طاهر الخياط) وبەرێوەبەری بەرپرسی (أسحاق لاوی المحامی) بووە[٢].

### ٥٤- الكشكول

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی تەنزی کاریکاتێری بووە، یەکەم ژمارەی لە ١٣ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٤ لە شاری موسڵ دەرچووە، خاوەن وسەرنوسەری (حمادی الناهی) وبەڕێوەبەری بەرپرس (يونس يحيى المحامی) بووە وپاشان وەستاوە، دووبارە لە تەمموزی ساڵی ١٩٦٢دەرچۆتەوە وخاوەنی ئیمتیازی (رشاد القطان)بووە[٣].

### ٥٥- الفكاهة*

---

[1] - د. فائق **بطی**، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٣.

[2] - www.communication.akbarmontada.com سەردان ٢٥\١٢\٢٠١١.

[3] - د. فائق **بطی**، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

* مامۆستا تارق ابراهیم دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٨ من گۆڤاری (الفكاهة)م دەخوێندەوە، لە یەکێك لەژمارەکانی داوای پەیامنێری کردبوو، بۆیە منیش بە نامەیەك ئامادەیم نیشاندا،ئەوکات هەواڵەکانی هەولێرم بۆدەناردن، پاش ماوەیەك سەردانی گۆڤارەکەم کرد لە بەغدا لە شەقامی حسان بن ثابت نزیك چاپخانەی(الزهاوی)، لەوێ سەرنوسەری گۆڤارەکەم بینی کە (حميد المحل) بوو، لە سەرووی (١٠٠) بابەتم لەو گۆڤارە بلاوکردۆتەوە، لە کۆتایی شەستەکان گۆڤارەکە دەهاتە هەولێر، ئەوکات هەولێر دوو( مەکتەبەی) لێ بوو بۆفرۆشتنی کتێب، یەکەمیان کتێبخانەی(سەربەستی)بوو خاوەنەکەی (رووف سەربەستی )بوو، دووەمیان کتێبخانەی (عسكری) بوو کە خاوەنەکەی (فاروق عبدالرحمان)بوو، بەرامبەر مەکتەبەی سەربەستی نزیك چاپخانەی (جيوی موكريانی)، لەوماوەیەدا ئەو برادەرانەم بەگوڤاری (الفكاهه) ناساند(محمد تۆفق وردی وعبدالغنی يحييا وسعدی مالح)، لەژمارە(٩٩)لەسەر هاوینە هەوارەکانی هەولێرم نووسیو ولە ژمارە(١٠٣) چاوپێکەوتنم لەگەڵ (فواد أحمد)بەناوی (لەگەڵ پیاڵەیك چای ) یەوە ولەگەڵ گۆرانی بێژی عەرەبی (سمیرە تۆفیق )لە موسل ئەنجامداوە، بێجگە لە من (شێرزاد شریف رەمەزان) ناسراو بە شێرزاد شێخانی لە گوڤاری تەنزی (المتفرج) لە هەولێر کاری ڕۆژنامەنووسی دەکرد، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ (تاریق ئیبراهیم شریف) لە ٢٠١٢/١/١٣ هەولێر.

گۆڤــارێکی هەفتانـــەی کۆمیـــدی کاریکـــاتێری بـــووە، خـــاوەن وسەرنووســـەری (حمیـــد المحل)** بووە، لە چاپخانەی دار السلام لە بەغدا چاپ کراوە، نرخی یەك گۆڤار بـە (٤٠) فلـوس بـووە، گۆڤارەکـە چـەند وێنەیـەکی کاریکاتێری وگۆشـە وبابـەتی تـەنزی لـە خۆگرتـوە لەوانـە (نوادر وفکاهات، موافق، کلمة علی الجدار، أضحك مع الظرفا، زعتیر أفندی، کلام الصریح)[1].

ژمارەی یەکەمی لە ٧ی ئایاری ساڵی ١٩٦٦دەرچووە لە بەغدا لە ڕێکەوتی ١٣ئایاری ساڵی ١٩٧٢دوا ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤارەکە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەرکراوە، ژمارەیەکی زۆری گەنج لەو گۆڤارەدا کاریان کردووە، گۆڤارەکە بە سەرجەم شارەکانی عێراقدا بڵاودەکرایەوە، ئەو کات لە کوردستان خوێنەری خۆی هەبوو، چەند ڕۆژنامەنووسێك لە شاری هەولێر کاریان لە ڕۆژنامەکەدا کردووە، لەوانە (تاریق ئیبراهیم شەریف وسەعدی مالح وعبدالغنی عەلی یەحیا ومحمد تۆفیق وردی)[2].

### ٥٦- المتفرج

گۆڤارێکی هەفتانەی گاڵتەوگەپی کاریکاتێری بوو لە بەغدا لە چاپخانەی (الجاحظ) چاپ کراوە، دانەی بە(٤٠)فلوس بووە بۆ ناوەوەو بۆدەرەوەی عێراق بە (٥٠) فلوس بووە، بە وێنە وکاریکاتێر ڕازابۆوە، گۆشەی تەنزی وەك(**طرائف** والفکاهات، أنا، الحلفاء سدارتی، فکاهات مستوردە بدون تحویل عملە، ماهب .. ودب والمضحك، المبکی[3] تێدا بڵاوکراوەتەوە، شێرزاد شێخانی ڕۆژنامەنووس دەڵێت: *

(**المتفرج**) گۆڤارێکی سەربەخۆ بووە لە ساڵی ١٩٦٤لە بە غدا دەرچووە، خاوەنەکەی (مجیب حسون)بووە، هەواڵەکانی لە ڕێگای پەیامنێری گەڕۆکەوە (المخبر الصحفي) بە

---

** (حمید المحل) خاوەن وسەرنوسەری گۆڤارەکە بووە، وێنەکێش وکاریکاتێریست وڕۆژنامەنووس بووە، زۆربەی وێنەی بەرگی گۆڤارەکە بە خۆی دەیکێشا، خەڵکی قەزای (خالص) بوو کە سەربە پارێزگای دیالەیە، سەرۆکی بەشی هونەری شێوەکاری بوولە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ تارق أبراهیم شریف لە ١٣\١\٢٠١٢، هەولێر.

[1] - مجلة الفکاهة، اسبوعیة کومیدیة کاریکاتیریة، (بغداد: مطبعة دار السلام، ١٩٦٨)، العدد ١١٧.

[2] - تاریق ئیبراهیم شریف، چاوپێکەوتنی توێژەر لە ١٣\١\٢٠١٢ ، هەولێر.

٣ - مجلة المتفرج، أسبوعیة فکاهیة، (بغداد: دار الجاحظ، ٢٣ اذار سنة١٩٧٣)، سنة التاسعة، عدد ٤٠٤ .

* شێرزاد شێخانی دەڵێت: کە تەمەنم (١٤)ساڵی بوو بووم بە پەیامنێری (المتفرج)، ئەو کات ئەو گۆڤارە دەهاتە هەولێر، مەکتەبەی(سۆلاڤ) کە خاوەنەکەی سید احمد بەرزنجی بوو لە هەولێر زیاترلە(٣٠٠) تیراژی لێ دەفرۆشت، (٥٠) دانە کتێبخانەی گشتی هەولێر دەیکری، لە ساڵی ١٩٦٩بە فەرمی بوومە پەیامنێر، یەك لەو هەواڵانە لە ژمارە(٢٢٤) (المتفرج) بڵاوبۆتەوە هەواڵی هاتنی تیپی نواندن ومۆسیقای سلێمانی بوو بۆ شاری هەولێر کە خەریکی سازدانی ئاهەنگ بوون. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێرزاد ڕەمەزان شەریف ) ناسراو بە شێرزاد شێخانی، هەولێر،١٤ \١\٢٠١٢.

دەستهێناوە، بە هۆی گەڕانی پەیامنێرەکان لە بازاڕەکانی بەغدا وشارەکانی دیکە هەواڵەکان گەڵاڵە دەبوون، هیچ پاداشتیك لە بەرامبەر پەیامنێریدا نەبووە، بەهاتنی بەعسییەکان پانتایی ئازادی بۆ ڕۆژنامەگەری بەرتەسك بۆوە، هەرچەندە (المتفرج) دوولاپەڕەی یەکەمی بۆچالاکییەکانی حزبی بەعس تەرخان کردبوو.

**دووەم : مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا:**

لە پاش خۆماڵیکردنی نەوتەوە لە ساڵی ١٩٧٣ بەعسییەکان سیستەمی بە (ناوەندیکردنی ڕاگەیاندنیان)جێبەجێکرد، ئەم سیاسەتەش وایکرد ڕۆژنامەگەریی ئازاد بوونی نەمێنێت وگۆڤاری (المتفرج)یش یەکێك بوو لە وگۆڤارانەی کە داخرا[1]، بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٧٣ تاکو ساڵی ٢٠٠٣ هیچ ڕۆژنامە وگۆڤارێك یان پاشکۆیەکی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەری تەنز لە عێراقدا دەرنەچووە [2]، بەلاّم لە دوای ئازادبوونی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، چەندین گۆڤار وڕۆژنامەی تەنز دەرکەوتن، بەمشێوەیەی خوارەوە:بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

---

[1] - چاوپێکەوتن، شێرزاد شێخانی، سەرچاوەی پێشوو.

[2] - محمد ساهی عواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

**خشتەی (٣)**

**خستنەرووی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە دەرچوونە**

| ز | رۆژنامەی گۆڤار | ساڵی دەرچوونی | سەرنووسەرو خاوەنی | چەند ژمارەی لێ دەرچووە | شوێنی دەرچوونی | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | حبزبوز | ٢٠٠٣ | عشتار الياسر | | | |
| ٢- | البهلول | ٢٠٠٣ | حسن جمعة | | بغداد | |
| ٣- | بالمقلوب | ٢٠٠٣ | عباس كاظم | | بغداد | |
| ٤- | قرقوش | ٢٠٠٣ | حسن جمعة | | بغداد | |
| ٥- | كارؤك | ٢٠٠٧ | كاظم المقدادى | | بغداد | |
| ٦- | الفلقة | ٢٠٠٧ | حمودى عزاب | | | ١٦ژمارەی لێ دەرچووە تاکۆتای ساڵی ٢٠٠٩ |
| ٧- | پاشکۆی المتفرج | ٢٠٠٨ | باسم الشيخ | | بغداد | ژمارە (٢٦)لە حوزيرانی٢٠٠٩دەر چووە |
| ٨- | حبزبوز اليوم | ٢٠٠٨ | طالب الموسوعى | | | تا ٢٠٠٩(٨) ژمارەی لێ دەرچووە |
| ٩- | حجى-راضى ألما...راضى | ٢٠١٠ | علآء الباشق | | كربلاء | |

## ١- حبزبوز:

به یەکەم ڕۆژنامەی تەنزی عێراقی لە دوای ئازادی عێراق ٢٠٠٣ دەژمێردرێت، سەرپەرشتی گشتی (جاسم الیاسری) بووە وسەرنوسەری (عشتار الیاسر) بووە، وا پێناسەی خۆی دەکات: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەربەخۆی گاڵتە وگەپ وتەنزە[١].

## ٢- البهلول:

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی تەنزە بە سەرپەرشتی کارگێری (أبو غایب) سەرنووسەرەکەی (حسەن جمعە) وسەرۆکی نوسەران (فواد غازی) وبەڕێوەبەری نووسین(حامد عبد سلیم)و وێنەکێش وکاریکاتێرستی (عبدالحسن وعلی غرار) بوو، لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٣ لە بەغدا دەرچووە[٢].

## ٣- بالمقلوب:

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ڕەخنەگرانەی تەنز وگاڵتەوگەپ بوو، ژمارەی دووی لە ٢٤ی ئابی ٢٠٠٣ لە بەغدا دەرچووە، سەرنوسەری (عباس کاظم مهدی مراد) بووە، ڕۆژنامەکە لەدوای کوشتنی سەرنوسەرەکەی وەستاوە[٣].

## ٤- قرقوش:

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی تەنزە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٣ بە هەشت لاپەڕەی لە بەغدا دەرچووە)[٤]، سەرپەرشتی کارگێری(أبو غأب) وسەرنوسەری (حسن جمعة)بووە[٥].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٧٦.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص٧٧.

[3] - هەمان سەرچاوە، ص٧٩.

[4] - د. نبیل جاسم، سطورمن تأریخ الصحافة العراقیة بعد عام ٢٠٠٣، (بغداد: دون ناشر. ٢٠٠٩)، ص١١٣، بڕوانە: محمد ساهی عواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٩.

[٥] - هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

## ٥- كاروك*:

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی تەنزی سەربەخۆیە لە لایەن (كاظم المقدادي)** دەردەچێت کە ڕۆژنامەنوسێکی ئەکادیمی تەنزە، ڕۆژنامەکە بە (٨) لاپەڕەی دەردەچێت، ژمارەی یەکەمی لە ١٨ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ لە بەغدا دەرچووە[٢].

## ٦- الفلقة:

گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێری تەنزە ژمارە (١) ی لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی(٢٠٠٧)دەرچووە، لە ژمارە یەکەمی هاتووە: سەرپەرشتی گشتی گۆڤارەکە دکتور (كاظم المقدادي) وخاوەن ئیمتیاز وسەرنووسەر (حمودي عزاب) کە وێنەکێش وکاریکاتێریستە، دەرهێنەری هونەری گۆڤارەکە (محمد قاسم السوداني) بوو، ژمارەی لاپەڕەکانی (٥٢) لاپەڕەیە سەرجەم لاپەڕەکانی ڕەنگا وڕەنگە وقەبارەی بچوکە، گۆڤارەکە بەردەوام بوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩، تەنها (١٦) ژمارەی لێ دەرچووە[٣].

## ٧- پاشکۆی المتفرج:

لە گەڵ ڕۆژنامەی دەستوری بەغدادی لە بەغدا دەردەچێت کە (باسم الشيخ) دەری دەکات، کە پاشکۆیەکی تەنزی هەفتانەیە، ژمارەی ٢٦ ی حوزیرانی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە[٤].

## ٨- حبزبوز اليوم:

ڕۆژنامەیەکی عێراقی تەنزە، سێیەم جارە بەم ناوە دووبارە دەبێتەوە، لەلایەن (طالب الموسوعي) سەرپەرشتی دەکرێت، ڕۆژنامەیەکی گشتی سەربەخۆی گاڵتەوگەپ وتەنزە، لە ساڵی

---

* کاروك وشەیەکی عارەبیە بە مانای (لانك) یان(بێشکە) دێت بۆ ڕاژاندنی منداڵ تا بخەوێت، بڕوانە: د. نبيل جاسم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

** د. كاظم المقدادي لە بەغدا لە دایك بووە لە ساڵی چلەکان، بڕوانامەی لە ئاداب بە شی ڕاگەیاندن وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٧١دا، دکتۆرای لە زانکوی (السوربون) لە ١٩٧٩وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە گۆڤاری (الف باء) گۆشەی (أوراق مغتربه) دەنووسی پاشان (أوراق المواطن في قادسية)ی دەنووسی لە گەڵ ئەوەی نووسینەکانی تا ڕادەیەك تەنز بوو لەو ڕۆژنامەیە کە (عودەی سەدام) بەرپرسی بوو، لە دوای کتێبی (الجمهورية القوالب الكونكريتية) نووسی، بڕوانە: د. نبيل جاسم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

[1] - رند زهير السلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

[3] - محمد ساهي عواد، سەرچاوەی پێشوو، ص٨١.

[4] - هەمان سەرچاوە، ص٨٢.

٢٠٠٨ وە دەردەچێت وتا ساڵی ٢٠٠٩ (٨) ژمارەی لێ دەرچووە، ڕۆژنامەکە لە (٨) لاپەرە پێکهاتووە کە چواریان ڕەنگاو ڕەنگن[1].

**٩- حجی ....راضی ألما ....راضی:**

ڕۆژنامەیەکی تەنزە ژمارەی (صفری) لە ١ ی تەمموزی ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە لە شاری کەربەلا، سەرنووسەری (علاء الباشق ) وە سکرتێری نووسین (محمد الحسناوی) وە وێنەی کاریکاتێری (زاهید المرشدی)یە، دیزاین ودەرهێنانی (حسین ألأسدی)یە، بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە دەردەچێت[2].

لەگەڵ هەموو ئەو گۆڤار ورۆژنامانەی تەنز کە لە پێش ودوای راپەرین دەرچوون کە سەرجەمیان لە ناوخۆی عێراقدا بوون ژمارەیان دەگاتە ٦٥ شەست وپێنج دانە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندەرانیش بوونی هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە د.فائق بطی چەند ڕۆژنامەیەکی تەنزی عێراقی لە دەرەوەی وڵات دەخاتە ڕوو:[3]*

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص٨٣.

[2] - هەمان سەرچاوە، ص٨٤.

* -١- **المجرشة**

یەکەم ڕۆژنامەی عێراقی کۆمیدیە لە دەرەوەی وڵات لە شاری (لەندەن) لە سەرەتای ١٩٩٢وە یەکەم ژمارەی لێ دەردەچێت، کۆمەڵێك لە ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەریانکردووە لەوانە:(فیصل لعیبی، عبدالکریم کاصد، زهیر الجزائری، صادق الصائغ، سعود الناصری)، ڕۆژنامەکە پشتی بە شێوازی ڕەخنەگرانەی نووسەرەکان دەبەست، تا هەشت ساڵ بەردەوامبووە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك.

٢- **المطرقة**

لە ئەمریکا دەرچووە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣، سەرنوسەری (عامر الفتوحی)بووە تەنها یەك ژمارەی لێ چاپکراوە.

٣- **شکوماکو**

لەلایەن پەنابەرانی عەرەبەوە دەردەکرا لە(دیترویت- ئەمریکا) لە ساڵی ١٩٩٩ تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

بەم شێوەیە لەو ماوەیەدا وبەپێ ی سەرچاوە وچاوپێکەوتنەکانی توێژەر دەردەکەوێت نوسەر ورۆژنامەنووسانی کورد لە عێراق بە بەردەوامی لە ڕۆژنامە وگۆڤارە عەرەبییەکان بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژنامە وگۆڤارە تەنزەکاندا وەك نوسەری تەنزنووس، پەیامنێری، کاریکاتێریست، بەشداریان کردووە.بروانە د .فائق بطی، الصحافة العراقیة فی المنفی، (العراق: المدی، ٢٠٠٦)، ص٣٧.

# پاری سێیەم: ڕۆژنامەگەریی تەنزی کوردی پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١:

لە مێژوودا گەلی کورد توشی چەندین کارەسات وئێش وئازار وشالاووی لە ناوبردن وتوانەوەی کەسایەتی وگۆڕینی ناسنامەی کەسی ونەتەوەیی هاتووە، هەر لەگەڵ کۆتایی تەمەنی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی سوڵتان محمودی دووەمی عوسمانی ، شکستەکانی ڕاپەڕینەکانی کورد، تادەگاتە یەکەم ڕاگواستنی پلاندار وزۆرە ملێی ملوێنی کورد، ئەوا گەلی کورد بەرشالاوی یەك لە دوای یەك کەوتووە[1].

جگە لەو فشارانە چەندین هۆکاری سیاسی ونەخوێندەواری ونەزانی وزوڵم وزۆر وتوندوتیژی سوڵتانەکان وڕاپێچکردنی کەسانی دیار بۆ ئەستەنبۆل وچاودێریکردنیان تا ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، دەربارەی ڕەوش وسەرهەڵدانی ڕۆژنامە وگۆڤار لە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەوە، بە هۆی بێ هێزی دەسەلاتی عوسمانی بووە هۆی ئەوەی کە(قاهیرە) ببێتە بنکەی چالاکی ڕۆشنبیری وسیاسی گەلانی مەینەت چەشتووی دەستی عوسمانییەکان، ئەم هۆکارانە وایانکرد یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان ) لە ٢٢نیسانی ١٨٩٨لە قاهیرە لە دایك بێت[2].

ڕۆژنامەی (کوردستان) سەرەتایەك بووە بۆ لە دایکبوونی چەندین ڕۆژنامە وگۆڤار وبلاوکراوەی کوردی تا ڕاپەرینی ١٩٩١ی لە باشوری کوردستان کە ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی مێژوویی ورۆژنامەگەریی لەسەر ئەنجامدراوە کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نییە، بۆیە توێژەر ئەو ڕۆژنامە وگۆڤار وبلاوکراوە وکتێب ونامیلکە تەنز وگاڵتەوگەپانە باس دەکات کە لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەبوونە وگرنگیان بەو بوارە داوە، بەلام بە هۆی بارودۆخی گشتی سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتی ورۆشنبیری ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو قۆناغەدا، ئەوا ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی تەنزیش هەمان بارودۆخی هەبووە، بۆیە ئەو بوارە بە خاوی گەشەی کردوە، لێرەدا توێژەر ئەو ڕۆژنامە وگۆڤار وکتێب ونامیلکانە بە پێ ی ساڵی دەرچوونیان دەخاتە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[1] - د، ولید حمدی، کورد وکوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: نوری توفیق،١٩٩٧، ل٩٥، بروانە گوڤاری روژنامەنووس،،ژمارە (٥) لە ٢٠٠٥، ل٩٠.

[2] -،شاخەوان مەلا محمەد، گوڤاری ڕۆژنامەنووس، (ڕۆژنامەی کوردستان وکاریگەری لە سەرهۆشیاری نەتەوەیی)، ژمارە (٥)، ٢٠٠٥، ل٩٠.

### یەکەم: ڕۆژنامە وگۆڤار:

تویژەر لێرەدا ژمارەیەك ڕۆژنامە وگۆڤار دەخاتە ڕوو کەگرنگیان بە بابەتی( تەنز وگاڵتەوگەپ) داوە ئەوانەی کە ستون وگۆشە، یان لاپەڕەی تایبەتیان بۆ ئەم بوارە تەرخانکردوە: بڕوانە خشتەی ژمارە(٤).

### ١- ڕۆژنامەی کوردستان – ١٨٩٨:

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ژمارە (١)ی لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە لە دایکبووە، ژمارە (٣١)ی کە دوا ژمارە خولی یەکەمیتی لە ١٤ای نیسانی ساڵی ١٩٠٢ دا دەرچووە[1].

ڕۆژنامەی (کوردستان) لە پلەی یەکەمدا بۆ مەبەستی سیاسی دەرچووە، لە بەرئەوەی زۆربەی بابەتەکانی سیاسی بووە ولایەنی تەنزی فەرامۆش کردووە، لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەکە دەستیکردووە بە بڵاوکردنەوەی (مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی وەك بابەتێکی ئەدەبی هەر لەو ژمارەیەدا باسی حاجی قادری کۆیی دەکات وئاماژە بە کۆچی دوای دەدات وئەم شیعرەی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت:[2]

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە
چراغی ناظم ومونشی کوژاوە

### ٢- رۆژنامەی پێشکەوتن – ١٩٢٠:

ژمارە (١)ی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠، ژمارەی ١١٨ دوا ژمارەیەتی لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٢٢دا لەلایەن (مێجەرسون) حاکمی سیاسی سلێمانی دەرچووە، گرنگی زۆری داوە بە هەواڵی سیاسی وبابەتی کۆمەڵایەتی وئاینی وزمانەوانی وئابوری، لەگەڵ ئەوانەشدا لایەنی ئەدەب وگاڵتە وگەپی فەرامۆش نەکردووە، ژمارەیەکی زۆری نووسەر وشاعیر بە شداریان لە نووسینی کردووە وەك: مستەفا مەزهەر(م.م)* شێخ نوری شێخ صالح (م.نوری)، جمال عیرفان (ج.ع)، ئەحمەد حمدی ساحێبقران، مستەفا صائب (زەکی صائب)، زێوەر، بێخود، ئەسیری،....تاد)[3].

---

[1] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨- ١٩١٨،(سلێمانی: دەزگای سەردەم، ٢٠٠١)، ل٤٤.

[2] - نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

* مستەفا مەزهەر لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە هاوکاری مێجەرسۆنی دەکرد، بروانە: نەوشیروان مستەفا، هەمان سەرچاوە، ل٧٠.

[3] - نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیانەی کە گۆشەی تەنز یان لاپەرەی تایبەت بەتەنزیان هەبووە.**

| ز | ناوی رۆژنامەو گۆڤار | ساڵی دەرچوون | سەرنوسەر | ژمارەی دەرچوون | شوێنی دەرچوون | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | پێشکەوتن | ١٩٢٠ | | ١١٨ | سلێمانی | لەلایەن (مێجەرسون) وە دەرچوە |
| ٢- | ژیانەوە | ١٩٢٤ | جمیل سائیب | | سلێمانی | |
| ٣- | ژیان | ١٩٢٦ | | | سلێمانی | |
| ٤- | زاری کرمانجی | ١٩٢٦ | حوسین حوزنی موکریانی | ٢٤ | رەواندز | |
| ٥- | رۆژنامەی کەرکوك | ١٩٢٦ | | | کەرکوك | بەزمانی عەرەبی ، کوردی، تورکی دەرچووە |
| ٦- | گۆڤاری روناکی | ١٩٣٥ | حوسین حوسنی موکریانی | ١١ | هەولێر | |
| ٧- | ژین | ١٩٣٩ | تۆفیق محمود اغا(پیرەمێرد) | | سلێمانی | |
| ٨- | گۆڤاری گەلاوێژ | ١٩٣٩ | ئیبراهیم ئەحمەد | | سلێمانی | |
| ٩- | رۆژنامەی خورماڵ | ١٩٤٠ | شاکرفتاح | ٢٤ | خورماڵ | |
| ١٠- | باسەرە | ١٩٤٣ | شاکرفتاح | ٢٤ | قادرکرم | |
| ١١- | رۆژنامەی چمچماڵ | ١٩٤٦ | شاکرفتاح | ٧ | شاری چمچماڵ | |
| ١٢- | گۆڤاری شفق-بەیان | ١٩٥٨ | | | | خاوەنی عبدالقادر برزنجی |
| ١٣- | گۆڤاری هەولێر | ١٩٧٠ | سعدی دزەیی | | هەولێر | |
| ١٤- | گۆڤاری برایەتی | ١٩٧٠ | علی عەبدولا | | | پاشکۆی رۆژنامەی (التأخی)بووە |
| ١٥- | گۆڤاری رەنگین | ١٩٨٧ | موسلح جلالی | | | لە لایەن خانەی رۆشنبیری کوردیەوەدەرچوە |

یەكێك لەو بابەتانەی بە شێوەی گاڵتەجاڕی وتەنز هاتووە لە ژێر ناونیشانی (قسەی پڕوپوچ) هەندێكجار بە (پ.پ)، جارجارەش بە (قلی بلی) نووسراوە، لەم بابەتانەدا باسەكانی ڕۆژ بە مەبەستی سیاسی بە زمانی گاڵتە ولاقرتی وپەند دەنوسران، هەوڵیان داوە لە چەند كەسانێك لە پێش چاوی خەڵكی سوك بكەن وهەندێكجاریش لەسنوری ئەدەب دەردەچوون، بابەتەكان لە ژێر ناوی خواستراوی (س. ف)، (ع. ئەوی تر)، (ح. ف)دا بڵاویان كردۆتەوە[1].

بۆ نموونە لە ژمارە (١)دا لە ژێر ناوی (قسەی پڕوپوچ) دا هاتووە: ئەڵمان دەستی كردۆتەوە بە شەڕ— — بە كچینی هیچی پێ نەكرا ئەمجا بە بێوە ژنی [2].

### ٣- ڕۆژنامەی ژیانەوە — ١٩٢٤:

ڕۆژنامەی ژیانەوە وا پێناسەی خۆی دەكات: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەكی حكومەتی یە، هەفتەی جارێك دەردەچێ". بەڵام لە ژمارە (١٩) نوسراوە:

"غەزەتەیەكی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعیە، هەفتەی دووجار دەردەچێ" وە لە ژمارە (٢٠) بە دواوە واهاتووە:" غەزەتەیەكی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی، هەفتەی جارێك دەردەچێ"[3].

سەرنوسەری ڕۆژنامەكە وا دیارە لە سەرەتاوە كۆمەڵێك لە لایەنگرانی حوكمی ئینگلیز سەرپەرشتیان كردووە، دواتر لە ژمارە (٢٨) بە ڕەسمی كارەكانی خراوەتە ئەستۆی"جەمیل سائیب"[4].

ژمارە(١) ی لە ١٨ ی ئابی ١٩٢٤ دەرچووە، دوا ژمارەی كە (٥٦) لە ١٤ ی كانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ دەرچووە. ((ژیانەوە) لەگەڵ ئەوەی گرنگی زۆری بۆ هەواڵی سیاسی وكێشەی ویلایەتی موسل وهەواڵەكانی ئەستەنبول وشۆرشی كورد داوە، لە پاڵ ئەمەشدا ئەدەب بۆتە بەشێكی گرنگی بابەتەكانی ئەم ڕۆژنامەیە، شاعیر ونوسەرانی ئەو كاتەی كورد شیعر وپەخشان وچیرۆك و پەند وقسەی خۆشی خۆیانییان تێدا بڵاوكردۆتەوە، هەواڵی وبەسەرهاتی خۆشی لە ڕۆژنامەی تردا گواستەوە[5].

لە ژمارە (٣)و(٦) دا هاتووە كە"الموصل لە شط العربی وەرگرتوە"دەڵێت:

---

[1] - هەمان سەرچاوە ل٧١

[2] - ڕۆژنامەی پێشكەوتن یەكەمین ڕۆژنامەی سلیمانی ١٩٢٠ — ١٩٢٢، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، كۆكردنەوەو ئامادەكردنی بۆ چاپ علی ناجی كاكە حمەئەمین عەتار، سیروان بەكر سامی، پێشەكی د.مارف خەزنەدار، ١٩٩٨، ل٤٤

[3] - عبدوللا زەنگەنە، ژیانەوە وشوێنی لەڕۆژنامەنووسیی كوردیدا ١٩٢٤- ١٩٢٦ پێشەكی و پێداچوونەوەی د.كمال مظهر ئەحمد، هەولێر، چاپخانەی وە زارەتی پەروردە، ٢٠٠١، ل٢٩.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٣٣

[5] - هەمان سەرچاوە، ل٨٢، ل٨٤

"نەتیجەی سەرخۆشی بە پێ ی ئیختلافی جنس":

"وا مولاحەزە کراوە کەلە وەقتی سەرخۆشی دا فرانسز ڕە قس دەکا، ئەڵمان گۆرانی دەڵێ، ئیسپانی قومار دەکا، ئینگلیز خواردن دەخوا، ئیتالی پێ ی موتەکەبیردەبێ، روس عیشق وحوبی پێ پەیدا دەکا، ئیرلەندی شەڕ دەکا، ئەمریقایی نوتق دەدا ونۆبی پێ ی بێدەنگ ومات دەبێ، فەقەت عێراقی ئەوەندە شەڕو هەرا دەکا هەتا لە قەرەغولخانە خەوی لێ دەکەوێ"[1].

لە ژمارە(٣٦) ساڵی دووەمی ڕۆژنامەی ژیانەوەدا گفتوگۆیەکی تەنز لە نێوان دوو پیاوی شیخ محموود کەلە شاخی هەورامان کردوویانە لە نووسینی (هوز حەسەن مولان) بە تلسز ڕەشەبا وەرگیراوە فقط چونکە بە کەری بارەدار هاتووە درەنگ گەیشتۆتە ئێرە نمونەیەك لە گفتوگۆکە:[2]

ع- بێ قەزابی چوزانم دەی دوێنی شێخ بۆچی وای فەرموو

م- پێم نەگووتی جاهیلی، تێ ناگەیت دەی شێخ وا نەڵێ بە چی خۆی بژێنێ ئەگەر ئەم کەر وگایە بەم هاش وهۆشە أغفال نەکات چۆن شوێنی دەکەون.

## ٤- ڕۆژنامەی ژیان – ١٩٢٦:

ڕۆژنامەی (ژیان) ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی بووە، هەفتەی جارێك دەرچووە، ژمارە (١)ی لە ٢١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ چاپکراوە، یەك هەفتە دوای وەستانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە چاپخانەی سلێمانی چاپکرا، بە چوار لاپەڕەی قەبارە (٣٢×٢٠)سم بووە[3].

ڕۆژنامەی ژیان گرنگی زۆری داوە بە پەندی پێشینان، گاڵتە وگەپ، نوکتە وپەندی وەرگێردراوی بیانی، بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی، لە هەندیك لە ژمارەکانی پتر لە بیست قسەی نەستەقی هەمەجۆر بڵاوکراوەتەوە[4].

لە ژمارە (٤١٥)ی ڕۆژنامەکە بابەتێك بڵاوکراوەتەوە لە ژێرناوی (گاڵتەوگەپ) و لە چەندین ژمارەیەکی دیکەش بابەتی لەو جۆرە نوسراوە، کە دەنوسێت: ئەحەد پاشای ئاخر حوکمداری سلێمانی ئێواران لە دووڕیانی گۆیژە وهۆمەرە کوێر لە سەرجۆگەی ئاشی خەلیل لەبن توەکانی زوجە دادەنیشێ، ژنێك لە هاوڕێکەی بە جێ ئەمێنێ وبەبەردەمیانا ڕادەکا،

---

[1] - ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە (٦) ل٣ بڕوانە: نوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٨.

[2] - عبدوڵلا زەنگەنە، ڕۆژنامەی ژیانەوە، سالی ٢، ژمارە (٣٦)، ل٢.

[3] - فاروق عەلی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

[4] - هەڤاڵ ابوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

ئەویش دەڵێت :( توند مەڕۆ مەقەسەکەت دەسوێ) ژنەش نایکاتە نامەردی دەڵێت:(بشسوێ بەر سمێڵی تۆی پێ دەکرێ) پاشان پێدەکەنێت وخەڵاتی دەکا....[١].
وە لە ژمارە(٣٩٨) رۆژنامەی (ژیان)دا لە ژێر ناونیشانی جوان، کە پیرەمێرد بە ناوی نەژادی کوڕی نووسیویەتی:

" ئافرەت لە دڵداریدا، پیاو لە دۆستیدا غالبن .....تاد"[٢].

## ٥ – زاری کرمانجی* - ١٩٢٦:

زاری کرمانجی یەکەمین گۆڤاری کوردییە لە شارێکی کوردی لە عێراق دەربچێت، یەکەمین ژمارەی لە ٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٢٦ لە ڕەواندوز دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەکانی سەرەتا (٢٠- ٢٤)لاپەڕەی قەبارەی (٢٨×٢٠سم) بووە، ژمارە (٢٤)ی کە دوا ژمارەیە لە ٣١ی تەمموزی ١٩٣٢لە ژێر ناوی گۆڤارەکە نوسراوە: گۆڤارێکی ئیجتیماعی، تاریخی، فەنی، ئەدەبی، مانگانەیە، ژمارەیەکی زۆری وتاری مێژووی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، زانستی تێداهاتووە، سەرباری گۆشەی چەسپاوی وەك چیرۆك وبزەی لێو و وتەی دانایان ونەخۆشییە دەروونییەکان وبابەتی ئەدەبی دیکەش[٣].

لە گۆشەی( بزەی لێو) لە ژمارە یەکدا هاتووە وەك:

گفتووگۆی نێوان مامۆستا وقوتابیەك کە هیچ لە زمانی غەیری کوردی ناگات[٤].

دکتور فائق بطی لە (الموسوعة الصحفیة الکردیة)دا دەڵێت:[5] گوڤاری زاری کرمانجی بەشی چیرۆك وگاڵتە وگەپی هەبووە.

## ٦ – ڕۆژنامەی کەرکوك* - ١٩٢٦

---

[١] - هەڤاڵ ابوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٥.

* زاری کرمانجی یەکەمین گۆڤاری کوردییە لە شارێکی کوردی (لە پارێزگای هەولێر) دەربچێت، کاتێك (هامیلتن)ی ئەندازیاری ئینگلیز سەری لە رەواندز دا چاوی بە (حوسێن حوزنی موکریانی ) کەوت، هەوڵەکانی ئەوی بۆدەرکردنی گۆڤاری(کرمانجی) بەدیکرد، لەو ئەرکەی کە دەیکێشا سەرسام بوو بۆیە (هاملیتن) دەڵێت: خۆی بە تەنها وتارەکانی گۆڤارەکەی دەنووسی، خۆی بە تەنها وێنەکانی دەکێشان، خۆی بە تەنها لە چاپی دەدا ودوایش دەیپێچایەوە، ئەمە بەخۆی نمونەیەکی بێ هاوتایە لە سەر ڕووی هەموو جیهان. .بروانە: فاڕووق علی عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

[5] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

* لە سەرەتا ڕۆژنامەی کەرکوك هەفتەی دووجار بە چوار لاپەڕە بە زمانی تورکی دەردەچوو، جدی ئەفەندی تاساڵی ١٩٢٧ئەرکی نووسینی تێدا بەڕێوە دەبرد، پاشان لە ژمارە (٦٦) وە (هیجری دەدەی) کاکەیی شاعیری ناسراوی کورد ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ، بە درێژایی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ – ١٩٣١بەشی کوردی خرایە سەر ڕۆژنامەکە، بۆ نمونە لە ژمارە

کەرکوك ڕۆژنامەیەکی سیاسی وێنەدار بووە، شارەوانی کەرکوك بە زمانی عەرەبی وکوردی وتورکی دەریدەکرد، ژمارە (١)ی لە ١٩٢٦/١٠/١٢ دا دەرچووە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ وشێوازی جۆراوجۆر ولاپەڕە وقەبارەی جیاجیا بەردەوامبووە تا ٢٠ی تەمموزی ١٩٧٢ (٢٠٣٣) ژمارەی لێ دەرچووە، تا ژمارە (٣٩) لە چاپخانەی (الحوادث) چاپکراوە لەوەبەدواوە لە چاپخانە (شارەوانی)کەرکوك چاپکراوە[١].

زۆربەی ئەو نوسەرە کوردانەی نوسینیان لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە نوسەر وشاعیری تەنز بوونە لەوانە: عبدوالخالق ئەسیری، شیخ سەلام، ئەحمەد مختار جاف، محمەد زەکی، ئەحمد کۆیی، هیجری دەدە، پیرە مێرد، نوری ثابت کە بەناو بانگ بوو بە (حبزبوز) کە گۆڤارێکی گاڵتە وگەپی کۆمیدی دەردەکرد، لە بەشە تورکیەکەی شیعری شاعیرانی (کورد وتورکی) بڵاودەکرایەوە وەك: شێخ ڕەزای تاڵەبانی وفائیز وخاڵس[٢].

## ٧- گۆڤاری ڕوناکی - ١٩٣٥

گۆڤاری روناکی واپێناسەی خۆی دەکات: گۆوارێکی هەفتەی عیلمی ئیجتماعی ئەدەبی کوردیە، بەڕێوەبەری بەرپرسی پارێزەر (شیت مستەفایە) وخاوەنی (سید حسین حوزنی موکریانی) بووە، ژمارە (١)ی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥و ژمارە (١١)ی کە دواژمارەیە لە ١٦ای مایسی ١٩٣٦ دەرچووە[٣].

چەندین بابەتی ئەدەبی وبەسەرهات وگێرانەوە وپێکەنیناوی بڵاوکردۆتەوە لەوانە: لە ژمارە (٢) لە لاپەڕەی (١١) دوو ستون نوسراوە لە ژێر ناوی (لە نێوان ڕاستی وکەنین دا) لە بیرەوەری مام چەوەندەر، لە ژمارە (٣)لاپەڕە (٤) دا (سەربهورد ومەتەڵ) هاتووە، باسی دڵداری ناپلیون دەکات، لەژمارەکانی دواتر ئەم بابەتانە هاتوون: ناپلیونی ڕەش، یەزدان دوخت، قسەی دانیشوەر، مام هومەری باراش هاڕ، دیسان پێکەنین وگریان، هەرامە هەڵهێن، چیرۆکی فاتم چونکە زاڵم بوو ئاخری ماڵی کاول بوو، هەرچی دەیکەی دوامینی ڕەچاو بکە، شیعری ئەورەحمان پاشای بابان وعەلی بەردەشانی[٤].

---

(٣٠٩) ی ڕێکەوتی ٣٠ی حزیرانی ١٩٣٠دا ڕۆژنامەکە خۆی بەم ڕستە کوردیە دەناسێنێ: هەموو شتێ دەنووسێ جارێ هەموو دوو شەموان دەردەچێ، غەزەتەیەکی تورکی، کوردیە)، بڕوانە: فارووق علی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

[١] - فاروق علی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

[٢] - د. فائق بطی سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

[3] - نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠١.

[٤] - د. کوردستان موکریانی، روناکی یەکەم گۆڤاری شاری هەولێر، (هەولێر: چاپ وبڵاوکردنوەی ئاراس، ٢٠٠١)، ل٧، ل١٣، ل٢٧.

## ٨- ڕۆژنامەی ژین - ١٩٣٩

ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی کۆمەلآیەتی هەفتانە بووە، بە شێوەی قەبارەی گۆڤارێکی بچوك لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩لە شاری سلێمانی دەرچووە، خاوەنی (تۆفیق محمود اغا) ناسراو بە (پیرەمێرد) بووە [١].

ڕۆژنامەی (ژین) گرنگی زۆری بە بلآوکردنەوەی پەندی پێشینان وچیرۆك وگێرانەوە وبەسەرهات وگاڵتە وگەپ وشیعری گاڵتەجاری وچیرۆك لە سەرزاری گیاندارانەوە وچیرۆکی گاڵتەجاری وبابەتی سەرگەرمکردن بۆ پێکە نین داوە [٢].

وەك لە ژمارە (٦٥٧)ی (ژین) دا شیعری کاریکاتێری هاتووە: [٣]

"دیمەنێکی "مەلاقانع"

بیستومە قانع هەیە شاعیرە

فیلە شوفێکە زاناو ماهیرە

ڕوانیم زەلامێك زەبەلاح وبەرز

چلکن خوار وخێچ وەك سێوی بن ئەرز"

وە لە شیعری تەنزی گاڵتەی بەڕاستی لە ژمارە(٧٨١) ی ژین دا هاتووە: [٤]

خزر پیاو، حەسەن ئەفەندی

کەس پێی نەدەگوت کەرت بە چەندی .....

## ٩ – گۆڤاری گەلاوێژ - ١٩٣٩

گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤارێکی زانستی وئەدەبی ورۆشنبیری مانگانەی کوردییە، بە (٦٤) لاپەڕەی قەبارە ناوەند دەرچووە، خاوەنی نوسەر وسیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە و(علائەدین سوجادی) هاوکاری کردووە، یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩دەرچووە [٥] .

لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکە لاپەڕیەك بۆ (قسەی نەستەق) تەرخانکراوە، هەر لە هەمان لاپەڕە گۆشەیەکی بۆ پێکەنین هاتووە وەك: [٦]

---

[1] - د. فارووق علی عمر سەرچاوە پێشوو، ل٥٤.

[2] - هەڤاڵ ابوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل٢٧٥.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٢٧٤.

[5] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

[6] - گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١- ١٢) کانونی یەکەمی ١٩٣٩ تا تشرینی ١٩٤٠، چ٢، (سلێمانی: ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد،٢٠٠٧)، ل٤٣.

**ژنێك: ئەم كەوایە چەند جوانە پیرۆزت بێت چەندی تێچووە؟**

**ژنی دووەم: ڕوو سور بیت، بە خوا بۆمن سێ نەڕەی شێری وچەند دڵۆپێك فرمێسكی تێ چووە، ئیتر نازانم لە سەر مێردەكەم چەند كەوتووە..**

**وە لە ژمارەی (٢)ی گۆڤارەكە لە هەمان بابەتی (قسەی نەستەق)دا هاتووە:[1]**

**(میوان لەگەڵ بوی لۆقەنتەكە)**

**میوان : ئەم سبیلە چی یە لەم شۆربایە؟**

**بۆی: ئۆی! سوپاست دەكەم ئەوە هی وەستاكەمە ئەمە سێ ڕۆژە بۆی دەگەڕێین.**

## ١٠ - ڕۆژنامەی خورماڵ – ١٩٤٠:

**ڕۆژنامەی خورماڵ لە لایەن (شاكر فتاح)* دەركراوە، ڕۆژنامەیەكی مێژوویيە، لە ساڵی ١٩٤٠ بۆ لادێكانی خورماڵی ئاڕاستەكردووە بۆ ژیانێكی باشتر وپاكتر وبڵندتر، ژمارە (١)ی لە ٣ی حوزیرانی ١٩٤٠دەرچووە، دوا ژمارەی (٢٤) لە ٢٤ی ئەیلولی ١٩٤٠ وەستاوە لە ساڵی ١٩٨٣ چاپ كراوەتەوە[2].**

**لە ڕۆژنامەی خورماڵ چەندین بابەتی ئەدەبی لەوانە شیعر وژیاننامە وچیرۆكە مەتەڵ وبابەتی تەنز وپێكەنینی تێدا بلاوكرلوەتەوە لەوانە:**

**ناسكەقسە و وتاری خۆش، پێكەنینی خورماڵ، پێكەنینی جاف، مەتەڵ، پێكەنینی سلێمانی وبەسەرهاتەكانی (كفر ئەحمەد ومەلا سعید)، پێكەنینی كەركوك، پێكەنینی**

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

* شاكرفتاح: ناوی شاكره ونازناوی (محمد شاكره وكوڕی میرزا فەتاح كوری ئەحمەده ولە تیرەی (سێتە بەسەرە) ی هۆزی هەمەوەندە، لە ساڵی ١٩١٤ لە گەڕەكی (دەرگەزێن) لە سلێمانی لە دایكبووە، ١٩٣٣ كۆلێژی (حقوقی) لە بەغدا تەواوكردوە، چەندین پۆستی حكومی گرنگی وەرگرتووە وەك بەرێوەبەری ناحیە وقایمقام، ڕۆژنامەی خورماڵی لە خورماڵ دەركردووە، كاتی بەرێوەبەری ناحیە بووە، ڕۆژنامەی (باسەرەی) لە قادركەرەم دەركردووە كە بەرێوەبەری ناحیە بووە.

ڕۆژنامەی چەمچەماڵی لە چەمچەماڵ دەركردووە كاتی قائیمقام بووە، ڕۆژنامەی (ئاكری) بەزمانی عەرەبی دەركردووە كاتێ قائیمقامی قەزاكە بووە، تاكو بە هۆی بەشداریكردنی لە كۆڕێك لە (١١-١٣ی ئازاری ١٩٨٨) لە شاری هەولێر لە ژێرناوی (گەشەكردنی ئۆتۆنۆمی لەوتەكانی سەرۆك وگەلی كورد لە ویژدانی سەرۆكدا)، شاكر فتاح بەتوندی ڕەخنە لە ڕژێم دەگری داوادەكات قسە لەگەڵ شۆرشگێران بكرێت وخەڵكی راگوێزراو بگەڕێنەوە گوندەكانی خۆیان، لە سەرئەم هەڵوێستە (٥)مانگ ون دەكرێ، لە ٢٧ ی حوزیرانی ١٩٨٨ لە ئەمنی هەولێر لە سێدارە دەدرێت.

[2] - ڕۆژنامەی خورماڵ، خاوەن وسەرنوسەری شاكر فتاح، (بغداد: چاپخانەی الحوادث،١٩٨٣).

هەڵەبجە[1]. کۆمەڵێك هەواڵی ناوخۆ ودەرەوە وزانیاری مێژوویی گرنگی تێدا بڵاوکراوەتەوە*.

**١١- باسەڕە** - ١٩٤٢:**

ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیری یە بەدەست نوسراوە ولە دێ ی قادرکەرم سەربە پارێزگای کەرکوك دابەشکراوە[2].

هەفتەی دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، لە (٢٥)ی حوزیرانی ساڵی ١٩٤٣دەرچووە، دوا ژمارەی لە ٢٣ی تشرینی یەکەم ١٩٤٢دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز وسەرنوسەری (شاکرفتاح) بووە ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووەن لە ساڵی ١٩٤٧ چاپ کراوە[3].

ڕۆژنامەی باسەڕە یەکێك لەو لایەنەی گرنگی پێداوە گاڵتەوگەپ وتەنزە لە زۆربەی ژمارەکانی پێکەنینی قادرکرم، مەتەڵ، قسەی نەستەق دوبارە بۆتەوە بۆ نمونە:

لەژمارە (٤)ی باسەڕە هاتووە:[4]

سید ئیبراهیم تۆ لە کەرکوك هاتوویتەوە، شەڕی نێو دەوڵەتان چی لێ هاتووە؟ بۆمان بگێرەرەوە.

سید ئیبراهیمی قەلای مکایلی- شەڕی چی؟ نە شەڕ هەیە ونە شەڕم دیوە بکرێ ...

- دەگ (گوێزو کوێر ئۆڵسن) بۆ خۆت و ووریاییت.

- سید ئیبراهیم (کوڕە ئەوەندە ( گوێز و کوێر ئۆڵسون) تا چاوت دەردێ.

**١٢- ڕۆژنامەی چەمچەماڵ – ١٩٤٦:**

لە (١)ی تەمموزی ١٩٤٦ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی چەمچەماڵ لەلایەن (شاکر فەتاح) دەرکراوە، دوا ژمارەی کە ژمارە (٧) لە ١٢ی ئابی ١٩٤٦ دەرچووە، هەمان ڕێبازی ڕۆژنامەی (باسەڕە وخورماڵی) پەیڕەو کردووە، لەبابەتەکانی کۆمەڵێك نووسینی ئەدەبی وگاڵتە وگەپ

---

[1] - هەمان سەرچاوە،،ژمارەکانی ڕۆژنامەی خورماڵ.

* لە ژمارە (٥)ی ڕۆژنامەی خورماڵ هەواڵی بە گەڕخستنی رادیۆ دەدات لە لایەن (شاکرفتاح)ەوە لە خورماڵ.

** باسەڕە، دەربەند وجۆم وگوندێکە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی قادرکرم، جۆمەکە لە دە کیلۆمەتر بە دواوە ناوەکەی دەگۆڕی و دەبێتە ئاوی رۆخانە، کە دواتر بە داقووقدا بەرەو باشوری ڕۆژئاوە تێپەڕ دەبێت، بڕوانە: شاکرفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

[2] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[3] - شاکرفتاح، چرای ڕۆژنامەگەری چەمچەماڵ، لیکوڵینەوە و،ئامادەکردنی، ئاکۆ شوانی، مەعروف مجید، بەختیار شەریف،( سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢)، ل١٥١.

[4] - ڕۆژنامەی (باسەڕە)، کۆمەڵە ڕۆژنامەی (باسەڕە)، ١٩٤٢، (بغداد: چاپخانەی (الحوادث، ١٩٨٥)، ل١١ – ٤٩.

وپیکەنیناوی تەنزی بڵاوکردۆتەوە، بۆنمونە: لە ژمارە (٢) سێ بابەتی تەنزی بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی پێبکەنە، لەوانە: مەلا عزیزی پریس وشێخێکی تەکیە[١].

### ١٣- گۆڤاری(شەفەق – بەیان) - ١٩٥٨ :

گۆڤارێکی ئەدەبی وزانستی وکۆمەڵایەتی نیو مانگی بووە، بە زمانی کوردی وعەرەبی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی عبدالقادر بەرزنجی بووە، ژمارە (١)ی لە ١٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ لەکەرکوك دەرچووە، لە ساڵی ١٩٥٩ ناوەکەی گۆڕاوە بۆ(بەیان) ولە ساڵی ١٩٦١گوازراوەتەوە بۆسلێمانی[٢].

یەکیك لە گۆشەکانی (گۆشەیەکی تەنز بووە بە ناوی گۆشەی (ئەلف وبێ) لەلایەن (مارف بەرزنجی) نووسراوە، شێوە نوسینێکی تەنز وسەرنجراکێشە چ لە ڕووی زمان وچ لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا سەرکەوتووبووە ورەخنەکانی مەبەستدارن[٣].

### ١٤- گۆڤاری هەولێر- ١٩٧٠:

پێناسەی خۆی وا دەکات: گۆڤارێکی مانگانەیە، شارەوانی هەولێر مانگی جارێ دەری دەکات، بەرێوەبەری گۆڤار(سەعدی محمدئەمین دزەیی)و سەرەکی نووسین (محمەد مولود) مەم (خالۆی ڕێبوار)* بووە، ژمارە (١)ی لە لە مایسی ١٩٧٠ دەرچووە، ڕۆژنامەی هەولێر لە زۆربەی ژمارەکانی بابەتی تەنزی بڵاوکردۆتەوە، لە ژێرناوی (خالۆی ڕێبوار)[٤] توێژەر هەندێکیان وەك نموونە دەخاتە ڕوو:

لە ژمارە (١) ی گۆڤارەکە ڕەخنەیەکی تەنز ئاڕاستەی کەبابخانەکانی هەولێر دەکات لە ژێر ناوی(مناره وکەبابخانە)[٥]:

---

[١] - شاکر فتاح، چرای ڕۆژنامە نووسسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥- ٦٦.

[٢] - حمە سالح فەرهادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

[٣] - د. هیمداد حوسینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

* خالۆی ڕێبوار ناوی خوازراوی (محمد مولود مەم) بووە، ساڵی ١٩٢٦ لە دایك بووە، لە بنەچەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەرە وباشوری کوردستان هاتوون ولە هەولێر سێ ی ناوەندی تەواو دەکات وبەهۆی فەرمانبەریەوە چەند ناوچەیەکی کوردستان گەڕاوە، لە سالی ١٩٨٧کۆچی دوای دەکات، لەماوەی ژیانی دا(چیرۆکەکانی خۆی وکۆمەڵە چیرۆکی مندالأن بە هاوکاری خاتوو (ئافەرین)ی خێزانی چاپکراوە، لەدوای خۆی کورتە ڕۆمانێکی بە ناوی(پایزە خەون) بلاوکراوەتەوە، دواتر ڕۆمانی (ڕێگای) بلأوکراوەتەوە لە زۆربەی گۆڤار وڕۆژنامەکانی کوردستان نووسینی بڵاوکردۆتەوە، لە سەرەتای ساڵی حەفتادا سەرەك نووسینی گۆڤاری هەولێر بوو کە ساڵێك بەردەوام بووە. بڕوانە د.هیماد حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٤] - د. هیمداد حوسینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٥] - <u>گۆڤاری هەولێر</u>، گۆڤارێکی مانگانەیە شارەوانی هەولێر دەریدەکات، ژمارە (١) ساڵی (١) مایسی ١٩٧٠، ل٣٣.

لەگەشتەکەم ئەم ڕاستیەم بۆساغ بۆتەوە کە چۆن بەغدا منارەی زۆرە هەولێریش بە کەبابخانە ......).

لە ژمارە (٢-٣)دا هاتووە: لە ژێر ناونیشانی (بانگەوازێك و٣ خەڵات) لە شارەوانی هەولێر(٣)خەڵاتەی تەرخان کردووە بەم پێییەی خوارەوە دابەش دەکرێن:[1]

١- تفەنگێکی دارو لاستیك بۆ ئەو دایك وباوکانەی منداڵەکانیان بە (دار ولاستیك گلۆپی......)

٢- جووتێ (مراوی)ڕەنگاوڕەنگ بۆئەوانەی بە هۆی ئاوی پیسیماڵەکانیان گۆمیان لە بەردەرگاکانیان دروستکردووە.

٣- بۆماوەی ساڵێك (عفوکردن)لە پارەی کارەبا، بۆئەوانەی شەوان کارەبا چەنگاڵ دەکەن (کارەبا دەدزن...)

## ١٥- گۆڤاری برایەتی[2] - ١٩٧٠:

گۆڤارێکی سیاسی گشتییە مانگی دووجار دەردەچێت، پاشکۆی ڕۆژنامەی (التأخی)یە، خاوەنی ئیمتیازی حبیب محمد کریم وسەرنووسەری علی عبدللە بووە، ژمارە (١)ی خولی دووەمی لە ١ی حوزیرانی ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە، ئەم گۆڤارە لاپەڕەیەك زیاتری تەرخانکردوە بۆ پەندی پێشینان وبابەتە کۆمەڵایەتییەکان وبابەتی گاڵتە وکات بەسەربردن.

وەك لە ژمارە (١)دا هاتووە لە ژێرناونیشانی (وریای سنگەکە بن)دەنووسیت:[3]

دەگێڕنەوە جارێك مەلای ڕەحمەتی کەوتە دەست کورتی ولە هیچ شوێنی روناکی بۆ نەمایەوە.....) ئەم گۆشەی (گاڵتە)یە لە ژمارە(٢)و(٣)ی گۆڤاری برایەتی دوبارە بلاوەکراوەتەوە.

## ١٦- گۆڤاری ڕەنگین – ١٩٨٧:

گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری کوردییە لە بەغدا دەرچووە، لەلایەن (خانەی ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی) لە تشرینی ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە، سەرنووسەری موسلیح جلالی وسکرتێری نووسینی (مستەفا نەریمان) بووە، ژمارە(١١)ی لە ئەیلولی ١٩٨٨ دەرچووە، ڕەنگین یەکێك بووە لەو گۆڤارانەی بە شێوەی ڕەنگاوڕەنگ دەردەچوو، بابەتی هەمە جۆر وکات بە

---

[1] - گۆڤاری هەولێر، گۆڤارێکە مانگانەیە شارەوانی هەولێر دەری دەکات، ژمارە (٢-٣) ساڵی (١) حوزیرانی ١٩٧٠، ل٣٢.

[2] - گۆڤاری برایەتی، پاشکۆی (تاخی)،( بغداد: چاپخانەی الزمان، ١٩٧٠).

[3] - هەمان سەرچاوە، ل٤٨- ٤٩.

سەربردن وتەنزی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە گۆشەی بەردەوامی تەنز بەناونیشانی (ساباتەکەی خاڵە ڕەجەب)کە هەموو ژمارەیەك دووبارە دەبۆوە[١].

جگە لەو ڕۆژنامە وگۆڤارانەی سەرەوەئەو ڕۆژنامە وگۆڤارانەش گرنگیان  بە لایەنی ئەدەب وهونەر وگاڵتەوگەپ داوە: ( هاوکاری ١٩٧٠، چیا ١٩٧١لە دهۆك، گزنگ ١٩٧٢ لە کەرکوك، پاشکۆی عێراق ١٩٧٧ لە  بغداد، ئاسۆ ١٩٨٩)[٢].

## دووەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە سەردەمی شاخدا (١٩٦١- ١٩٩١):

مێژووی ڕۆژنامەگەری نهێنی کورد لەگەڵ ئەو مێژووە دەست پێدەکات کە کورد لە باشوری کوردستان "کوردستانی عێراق" پارت و ریکخراوی سیاسی دامەزرندوە وە دەستیداوەتە چەك بە شۆڕشی چەکداری بەرگری لە خۆی کردووە، بەشێك لەو ڕۆژنامە کوردیانە بە نهێنی لە شار وبەشەکەی تری لەشاخ دەرچوونە.

لە پاڵ ئەم شۆرشانەی کورد خەباتی ڕۆژنامەگەری کوردیش نەپساوە بووە، بۆیە بە دەیان ڕۆژنامە وگۆڤاری سیاسی، هونەری جەنگ، ئەدەبی بەرگری وهونەر  لە لایەن پارتە شۆرشگێرە کوردییەکانەوە لە کونە ئەشکەوت وشاخ وگوندەکانی کوردستان دەرچوونە[٣].

ژمارەیەك لەوانەی لەلایەن راگەیاندنی پارتە کوردییە شۆرشگێرەکانەوە بە نهێنی دەرچوونە، لەوانە ڕۆژنامەی خەبات، مەتین،  پێشکەوتنی رۆشنبیری، گازیا خویندکار ولاوان، ڕزگاری(یەکێتی شۆرشگێران)، نووسەری کودستان، گزنگ، نووسەری نوێ، ژیلوان، هۆرە، سورین، رێبازی لاوان[٤]، یەك لەو رۆژنامانە کە لە شاخ دەرچووە رۆژنامەی رزگاری بووە، ژمارە (١) ی لە ئابی ١٩٨٥ لە لایەن( یەکێتی شورشگێرانی کوردستان) دەرچووە، لە رووی هونەریەوە رۆژنامەی رزگاری بە سەرکوتوو دادەندرێت، بابەتەکانی پڕە لە هەواڵ، سەرووتار، کاریکاتێر، لێدوان، چاوپێکەوتن، بابەتی فیکری، گۆشە ستون، بابەتی ئەدەبی[٥].

---

[١] - گۆڤاری رەنگین، گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری کوردیە( بغداد، خانەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)، ژمارە(١١) ئەیلولی١٩٨٨.

[2] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو،١٠٧، ل١٥٩، ل١٣٢.

[٣] - نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا(١٩٦١- ١٩٩١)، (سلێمانی: چاپخانەی روون، ٢٠٠٥)، ل١٩، ل٥١.

[٤] - هەمان سەرچاوە، ل٧٠- ٧١.

[٥] - ڕەهبەری سید برایم،  رزگاری،  دەنگی یەکێتی شۆرشگێرانی  کوردستان(سلێمانی: چاپخانەی حمدی، ٢٠١١)،

نووسەرەکانی ڕزگاری[1]: (د.فواد معسووم، د.پێشەوا تاڵەبانی، حاکم پێشڕەو، سیار بامەڕنی، حسین ژاژڵەیی) بوونە، جوهەر کرمانج وسامی شۆڕش ورەهبەری سید برایم بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، (کاکە عەبە) * کاری کاریکاتێری تێدا کردووە.

ڕۆژنامەی ڕزگاری لە پاڵ ژانرەکانی دیکەی ڕوژنامەوانی گرنگی زۆری داوە بە گۆشەی تەنزو وێنەی کاریکاتێری لە (٢٥) ژمارەی ڕۆژنامەکە (١٥)کاریکاتیری بڵاوکردۆتەوە کە دەربری زۆردارییەکانی ڕژیمی بەعسن، لە ژمارە (٢) ی ڕزگاری ولە دوا لاپەڕەدا پلارێکی تەنز هاتووە لە ژێرناوی (لەگەڵ حبس بوس دا):[2]

لە زەمانی حوکمی پاشایەتی لە عێراق، ڕۆژنامەیەك بە ناوی (حبس بوس) دەردەچوو، لە یەکێك لە وتارەکانیدا دەڵێ: جارێ چوومە کوردستان بینیم گوێچکەی سەگەکان بڕاون پرسیم هۆی ئەو بڕینە چی یە؟ خەڵکەکە وتیان سەگ بە گوێ بڕین دڕو ئازا دەبێت !! ئەوجا نووسەری وتارەکە دەڵێ:

خۆزیا یەکێ لە بەر دەرگای پەرلەماندا بوستایە وهەر نائبەی هاتە دەرێ، گوێ ببرياييە، ئێمەش دەڵێین: خۆزیا خێرە ومەندێ لە بەردەرکی(المجلس الوطنی) بوەستێ وگوێ ی ئەوانەی بە ناو نوێنەری کوردن ببڕێ بەڵکو هەندێ دڕو ئازا دەبن ودوو قسەی پیاوانە دەکەن.

## سێیەم: کتێب ونامیلکەی تایبەت بەتەنز

تویژەر ژمارەیەك لەو کتێب ونامیلکانە دەخاتە ڕوو کە تایبەتن بە بواری (تەنز)، یان بە شێك لە کتێبەکانیان تەرخانکردووە بۆ ئەم بوارە:بڕوانە خشتەی ژمارە(٥).

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

* کاکە عەبە یەکێکە لە کاریکاتیرستە سەرکەوتووەکانی شاری هەولێر، ژمارەکانی گۆڤاری (رزگاری) کاری جوانی کاکە عەبەی تێدایە. چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ.د. عمرئەحمەدرەمەزان،مامۆستای زانکۆ،سلێمانی ،٢٠١٣/١/٢ .

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢ بڕوانە: رزگاری، ژمارە(٢)، ل٨.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ئەو کتێب و نامیلکانەی تایبەتن بەتەنز و لە پێش راپەرینی سالّی ١٩٩١دەرچووە**

| ز | ناوی کتێب و نامیلکە | سالی دەرچون | خاوەنی | شوێن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| -1 | دیاری بۆلاوان | ١٩٤٤ | اسماعیل حقی شاویس | بغداد/چ ایتام | |
| -2 | گالّتەوگەپ | ١٩٤٧ | پیرەمێرد | سلێمانی/چ/ژیان | |
| -3 | دیوانی شیخ رەزا | ١٩٤٦ | شیخ رەزا | بغداد/چ/معارف | علی تالّەبانی کۆکردۆتەوە |
| -4 | ڕشتەی مرواری | ١٩٥٧ | علائەدین سجادی | | |
| -5 | ترش وشیرینی خالّە رەجەب | ١٩٦٩ | رەجب حاجی محەمەد | سلێمانی/چ/ژیر | |
| -6 | پەندەکانی پیرەمێرد | ١٩٧٠ | پیرەمێرد | بغداد/چ/سلمان | کاکەی فەلاح |
| -7 | شەوچەرە | ١٩٧٠ | تاهیرئەحمەدحەوێزی | بغداد/چ/(الزمان) | |
| -8 | شانۆی ناومالّ | ١٩٧١ | مەلاموستەفا سەفوەت | بغداد/چ/سلمان | د.عزەدین مستەفا |
| -9 | خەم رەوێن | ١٩٧٦ | مراد دلّپاك | هەولێر/چ/شارەوانی | |
| -11 | چێشتی مجێور | ١٩٧٧ | هەژارموکریانی | هەولێر/چ/ئازادی | |
| -11 | پێکەنین پرشنگ دەدات | ١٩٩٠ | شاکرفتاح | بغداد/چ/ئەسعەد | |
| -12 | سەربوردەی ژیانم | ١٩٩٠ | مەلاعبدولاّ | بغداد/چ/ئەرشەد | |

**١- دیاری بۆلاوان ژمارە (١) - ١٩٣٣**

**قسەی پێشینان (کوستاو لوبون)، قسەی مەزنان وفەلسەفی: لە نووسینی مامۆستا (ئیسماعیل حقی شاویس)، لەم کتێبە سەدان قسەی پێشینان وهەندێك وتەی مەزنان و( فەلسەفی) تێدا بلاّوکراوەتەوە، لە (٥٩)لاپەڕە پێکهاتووە[١]،**

[١] - ئیسماعیل حقی شاویس، دیاری بۆلاوان ژمارە(١)، قسەی پێشینان کوستاولوبون، (بغداد: چاپخانەی ایتام، ١٩٣٣)، ل١.

مامۆستا (ئیسماعیل حقی) دیاری بۆلاوانی ژمارە(٢)ی نووسیووە لە ژێرناوی هەندێ (پڕو پوچی پێشینان) ومەتەڵ، لەم کتێبەدا هەندێك بیرو بڕوای کۆن شیدەکاتەوە وژمارەیەکی زۆریش لە مەتەڵی کوردی بڵاودەکاتەوە، وەك لە لاپەڕە (٤٨)دا هاتووە[1]: (تەڕی دەکەی، بەلی دەکەی، بە خۆتیا دەکەی) کە وەڵامەکەی (کەوچك)ە .

## ٢- گاڵتە وگەپ – ١٩٤٧:

کۆمەڵێك نوکتە وبەسەرهاتی ڕەخنەی تەنزی کۆمەڵایەتین، لە کتێبێکی (٦٣)لاپەرییە لە ساڵی ١٩٤٧لە چاپخانەی (ژیان) لە سلێمانی لە لایەن (پیرەمێرد)ەوە چاپکراوە، پیرەمێرد لەسەرەتاکەی دەنووسێت: ئۆخەی خوایە ئەوە منم وا دانیشتووم بە زبانەکەی خۆمان لاپەڕەی زیندەگانیەکانی ئێلەکەم دەنوسمەوە، بۆمن چی لەوە خۆشترە با لەدوای هەشتا ساڵ بی – ئاواتم هاتەدی ... دەنووسێت ودەڵێت: هاتم لە پێشەوە گاڵتە وگەپم لە ژیان وژین هەڵبژارد و فورمە، فورمە لە چاپی ئەدەم ودەی فرۆشم.[2]بروانە پاشکۆی ژمارە (٣).

نمونەیەك لەو تەنزاانە لە لاپەڕە (١١)دا لە ژێر ناونیشانی (فس، فس پاڵەوان )دا هاتووە[3]:

تەناف بازێك لە سنەوە هاتبوو زۆر ماهیر بوو، بەسەر تەنافەوە دەڕۆی ویەکێکی کولەبنەی ڕەنگ ئاوەڵاویی لەگەڵ بوو، لەگەڵ ئەو دەچووە سەر تەناف ئەو لە خوارەوە تەراتی دەکرد وشیعری خۆی دەخوێندە ودەیشیڕاند ودەیگوت:( هونەر هونەری منە) ناویان نا فس، فس پاڵەوان، ئێستا تەناف بازیش نەماوە فس فس پاڵەوان باوە.

## ٣ - دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی* ١٩٤٦

دیوانی شیخ رەزا لە لایەن (عەلی تاڵەبانی) کۆکراوەتەوە، لە بەغدا ساڵی ١٩٤٦ چاپکراوە، (فتح الله أسعد) سەرگوزەشتەکەی نوسیووە، مامۆستا علائەدین سجادی دەربارەی شێخ ڕەزا دەڵێت: یەکێکی وەك شێخ رەزای تاڵەبانی هونەرێك بووە وەك هونەرەکانی تر، کەچی لەو ئیلهامەی ئەودا نە هیچ هونەرێکی تری دەیگاتێ، نەمن ونە

---

[1] - ئیسماعیل حقی شاویس، دیاری بۆلاوان ژمارە (٢) هەندێ پڕوپوچی پێشینان ومەتەڵ، (بغداد: چاپخانەی نجاح، ١٩٣٨)، ل٤٨.

[2] - پیرە مێرد، گاڵتەوگەپ، (سلێمانی: چاپخانەی ژیان، ١٩٤٧)، ل أ .

[3] - هەمان سەرچاوە، ل١١.

* شیخ رەزای تاڵەبانی، کوری شێخ عبدالرحمان کوڕی شێخ ئەحمد کوڕی شێخ محموودی زەنگەنەیە، ساڵی ١٨٣٧ لە گوندی(قرخ)ی سەر بە بازیان لە دایکبووە. بڕوانە دیوانی شێخ رەزا، کۆکردنەوەو شەرحی: شوکر مستەفا، (هەولێر: چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠)، ل١١.

تۆش دەتوانیت ئەو فکرانەی ئەو دەری بڕیون ئێمە دەری برین، ئەمە لێرەدا بلیمەتی شێخ رەزا دەردەخا[1].

نمونەیەك لە (هەجوی) شیخ رەزا:[2]

لە هەجوی شێخ محمد علی کەررە:

سا بێ زگی خۆت هەڵمەدڕە وەمەمرە لە داغا

ئەو قەومە هەموو مردن و تۆمای لەوە جاغا

لەو لاوە پەلێکت لە زەهاوە پەل ئەوە شێنێ

لەم لاوە ڕەگێکت لە کنی ساوجبلاغا .

## ٤- ڕشتەی مرواری* - ١٩٥٧

ڕشتەی مرواری لەنووسینی (علاءالدین سجادی)یەلە (٨)** بەرگ پێکهاتووە، سەرجەم بابەتەکانی (تەنز، گاڵتەوگەپ، نوکتە، بەسەرهاتن، پەند....تاد)دەگرێتەوە، لە(٨٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە، ڕشتەی مرواری وا پێناسەی خۆی دەکات:

کۆمەڵە ئەدەبێکی هەرە بە نرخە لە فەلسەفە وبیرو باوەڕی کوردی، لە قسەی خۆش ونەستەق ولە دەماخ چاکەرانەی کە لە ئاسۆی خەیاڵێکی کوردییەوە گزنگیان داوە، بیری کوردی قاپی دڵی خۆی کردۆتەوە، بۆنی عەبیری تێکەڵاوی بای شەماڵی ژیری کردووەو وەکو و ڕووناکی بەری بەیان بڵاوی دەکاتەوە بەسەر دڵی خوێنەرەکانیا.

لە بەشێکی سەرەتاکەی نوسیویەتی***: قەومەکانی تر هەموو شتێکیان وتووە ونووسیویانەتەوە، ئیتر چاك بووبێتن یان خراپ نەیان هێشتووە سەریان تیا بچێ، منیش لە بەر ئەمانە هاتم لەم سەرگوزەشت وپەندانە بە ئەندازەی دەسەڵات وبگرە زیاتر لە دەسەڵاتیشم لێ کۆکردنەوە وحەزم کرد لەم ڕەوشەوە کتێبێکمان ببێت.

لەکۆتایشدا دەڵێت:

---

[1] - علا ءالدین سجادی، رشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، ل٦٨٧.

[2] - دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە وچاپکردنی: عەلی تاڵەبانی، (بەغدا: چاپخانەی معارف، ١٩٤٦)، ل٧.

* رشتەی مرواری، بەرگی یەکەم بەغدا لەساڵی ١٩٥٧، بەرگی دووەم بەغدا ١٩٥٧، بەرگی سێیەم بەغدا ١٩٥٨، بەرگی چوارەم بەغدا ساڵی ١٩٦٨، بڕوانە، مەلامستەفا سەفوەت، شانۆی ناو ماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

** بەرگی حەوتەمی لەساڵی ١٩٧٩، بەرگی هەشتەم لەساڵی ١٩٨٢نوسراوە، بروانە ڕشتەی مرواری بەرگی (١- ٨)

*** پێشەکیەکە بە پێنووسی (علائەدین سجادی) لە ٢٤ی ئازاری ساڵی١٩٥٣ نووسراوە، هەرچەندە لە چاپدانەکەی دواکەوتووە ولە ساڵی ١٩٥٧ بەرگی یەکەمی دەرچووە. بڕوانە: ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، ل٥.

کابرایەك نوێژی نیوەڕۆی دەکرد وتی"نیەتمە هەشت ڕەکات نوێژی ئەم نیوەڕۆیە دەکەم" کە لێ بۆوە مەلا پێی وت باوکم نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتە، کەی هەشت ڕکاتە؟ نوێژەکەت بکەرەوە، ئەویش پێی وت "مامۆستا من هەشت رکاتم کردووە، خوا تێکەوێ چواری چاکی بۆ خۆی هەڵبژێرێ وچوارەکەی تری بداتەوە بە سەر خۆما "....

نوسەر هەندێك کتێب ونوسەری عەرەبی وئیسلامی وجیهانی هاوشێوەی ڕشتەی مرواری بە نموونە دەهێنێتەوە ودەڵێت: لەمە گەورەتر کتێبی ئەدەبیاتی عالەمی عەرەبی "اغانی ابو فرجی اصفهانی"و"عقد الالفریدی أبن عبد ربە"یە، ئەم کتێبانە عالەمی ئیسلامی وغەیری ئیسلامی دانیان پیا دەنێن کە شا کتێبی ئەدەبن.

ئەمە بێجگە لە" المستطرف فی کل فن مستظرف"ی شەها بەدینی ئەحمەدی ئەبشەهی، ئەگەر بە پوختی چاوێك بەوانەدا بخشێنی بۆت دەردەکەوێ ئەوانەی من لەم کتێبەدا نووسیومن شوورەییەکان نەگەیشتۆتە شورەیی هەندێ لەوانەی کە لەوانا نووسراون ئەم قسانەی ئێرە وەکو شوێنانی تر هەریەك دەورێك دەگێرنەوە، هەم ئەدەبە، کە ئەدەبی پەردەی ژێری تاك وکۆمەڵ دەگێڕتەوە، هەم بۆنێکە بۆ دەماخ کەبۆنی دەماخ لەززەتی رۆحییە[١].

چەند نمونەیەك لە رشتەی مرواری[٢]:

لە لاپەڕە (٤٩) لە گەنجی درەخشاندا هاتووە:

دوو ژن بە یەکەوە هەویریان دەشێلا، هەروا بەدەم قسەوە یەکیان لەوەی کەیانی پرسی چەند شووت کردووە؟ ئەویش وتی:

| | |
|---|---|
| ئیسك ومیسك ومستەفا | حافە و جەمشید وبولوەفا |
| هەباس وهەیاس ومیرتەوراس | گۆرانە هیزەی مێشك کاس |
| نۆلەم هۆزی، نۆ لەو هۆزی | یەك لە بەرهەتاو خۆی دەدۆزی |
| چەنگـــــــــم لە هەویرە، | هەر هێندەم لە بیرە |

لە بەرگی حەفتەم لە لاپەڕەی(٧١٨) پارچە هونراوەیەك هاتووە، نیوەی تورە بوون ولە نیوەی دووەمە دەیهێنێتەوە وئاشتی دەکاتەوە لە ژێرناوی (خشم وڤیان)یان (خۆسپ و وەسپ) توێژەر چەند دێرێکی دەخاتە ڕوو[٣]:

---

[1] - علاء الدین سجادی، بەرگی (١- ٨) ی ڕشتەی مرواری، پێشەکی بەشی یەکەم، ل٥.

[2] - علاء الدین سجادی، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

[3] - علاء الدین سجادی، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

تا بژیم تێت دەبڕم خاوەنی جوانی ودەسەڵات

چاوی ئاوات و هیوام ئەی گوڵی سەر تۆپی وڵات !..

لێت نەچێ ڕەنگە لە بەر تەنگی، دەشێ بۆت تەڕ کەم

دەستە نەرم و شلەکەت، بازنە ئازاری دەدات....

## ٥- ترش وشرینی خاڵە رەجەب* - ١٩٦٩

ترش وشیرینی خاڵە ڕەجەب وا پێناسەی خۆ دەكات: (ترش وشیرینی لەگاڵتە و قسەی بە توێکڵ) کۆمەڵێك چیروك وبەسەرهات و شیعری تەنزی لە خوگرتووە، جەمال بابان لە (١)ی نیسانی ١٩٦٩لە بەغدا پێشەکی بۆ نووسیوە، کتێبە کە لە (٦٢) لاپەرە پێکهاتووە، (٦٤) بەسەرهاتی تەنزی واقیعی و(٥) شیعری تەنزی لە خوًگرتووە[1].

نمونەیەك لەو تەنزانە:

کاك فائق هۆشیار سەرۆکی شارەوانی بوو لە سلێمانی ڕۆژێکی هاوین مامۆستا علاءالدین هات بۆلای چووە ژوورەوە ئەوەندی پێ نەچو یەکێکی تر هات وتی :خاڵە سەرۆك لەوێیە؟ چی دەکات؟ منیش وتم: بەخوا بڵێم چی بەم هاوینە گەرمە بەدیار عەلادینێکەوە دانیشتووە قسە دەکات، کوڕە گەڕایەوە دواوە وتی دەباشە[2].

## ٦- پەندەکانی پیرە مێرد - ١٩٧٠

دکتور عزالدین مستەفا دەڵێت[3]: شاعیر وهونەرمەند وخزمەتگوزاری ئەدەبیاتی کوردی کاکەی فەلاح بەشی دووەمی چیرۆکە پەڕاگەندەکانی گاڵتەوگەپی پیرەمێردی لە ڕۆژنامە کۆنەکاندا هێنایە دەرێ بە کۆمەڵەیەك چاپیکردن لە سلێمانی ساڵی١٩٧٠، لەگەڵ پێشەکیەکی کاکەی فلاح خۆیدا**.

* ناوی رەجەب کوڕی حاجی مجمەد سلێمانە، لە بنەچەدا خەڵکی گوندی(ولیانی) سەر بە (قەرەداغ)ە، لە ١٩١٣ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندەواری هەبووە، حەوت منداڵی هەبووە، کارگوزاری بەردەرگای سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە، ماوەیەك مراقیبی شارەوانی بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوای کردووە ولە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە. بڕوانە: عبدالکریم شێخانی، گۆڤاری (K21) ژمارە (١٥)، دەربارەی خاڵە رەجەب، ل٢١٣.

[1] - خاڵە رەجەب، ترش وشیرین، (سلێمانی: چاپخانەی ئۆفیسی ژیر،٢٠٠٤)، ل١.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل١٢.

[3] - مەلا مستەفا سەفوەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

** لەسەر ئەرکی کتێبخانەی (پیرەمێرد) چاپ کراوە، کە کاکەی فەلاح بەخۆی خاوەنی کتێبخانەکە بووە، بڕوانە: پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، (بغداد: چاپخانەی سلمان الاعظمی، ١٩٧٠).

وه لــه ســاڵی ١٩٩٥ جــارێکی دیکــه پەنــدەکانی پیرەمێــرد لــه چــاپ دراوەتــەوە، لــه پێشەکیەکەی دا کە لە ساڵی ١٩٨٨دا نوسراوەتەوە هاتووە: [١]

هەرچەندە مامۆستا (کاکەی فەلاح) لـه سـەرەتای حەفتاکانـدا لـه چـوار بـەرگی قـەوارە بچـوکدا ئـەو پەندانـەی لـه چـاپدابوو، بـەلام ئێمـه بـه پشتبەسـتن بـه دەستنووسـەکانی پیرەمێرد توانیمان بە شێوەیەکی رێك وپێك گشت پەندەکانی کۆبکەینـەوە، یەکـەم پەنـدی پیرەمێرد له ژماره (٣٢٣)ی ڕۆژنامەی (ژیان) دا بلاوکراوەتەوە دوا پەندی لە ژمـاره (٤٢٧)ی ڕۆژنامــەی(ژیان)دا بلاوکراوەتــەوە، لــه ژمــاره (٤٢٨)وە ئیــدی لــه ڕۆژنامــەی(ژین)دا بلاوکراونەتەوە تا دوا پەند.

## ٧- شەوچەرە - ١٩٧٠

شەوچــەرە کۆمەڵــه بەســەرهات وچــیرۆکی(تەنز)ە، لــه نوســینی (تــاهیر ئەحمــەد حەوێزی)یـه ولـه سـاڵی ١٩٧٠لـه بـه شـێکی پێشـەکیەکەی داهـاتووە: ئـەدەبی سـەرئاوەڵە (ئـەدەبی مکشـوف) دەتـوانین بـه بەشـێك لـه (فۆلکلـۆری) دابنـێین چـونکە لـه گەلەوەیـه وزۆربەیان بێ کەسن ونازاندرێ کەی ولە کوێ وکێ گووتوویـەتی، گـەل دەریاییێکـە بـێ بنـه، تاهەتایە لێ ی هـەڵ بێنجی بنـی نایـه، ئەوەنـدەش هەیـه ئـەم چەشـنە ئەدەبـە سـەرمایەی قەڵاشانە، چونکە گوتراوە: [٢]

(قسەی خۆش کوێستانی کێرییە).

نمونەیەك: لەژێر ناوی (کێخوا لۆبیا):

ڕۆستەم گێرایەوە "شەفیق اغا"ی مامم بە کێخوا (لۆبیا)ی گوندی (ئاوماڵ)ی گووت"ژنی ئاوماڵی لەبەر ناشیرینی نظریان حەرام نیە " کێخوا لۆبیاش گووتی "اغا، کێر ئەو کێرەیە لەوانە هەستێ!"[٣].

نمونەیەکی دیکە: بە شێك لەو بەسەرهاتەی وادەکات شیعرێکی تەنز لە دایك بێت:

نیوەڕۆیەکی (حاجی ملاعبدالله جەلی) کەمێك درەنگ لە دەرسان دەبێتەوە وگوێ ی لە بانگە بە دەنگە ناخۆشەکەی (گۆزەچی) دەبێ، لەبەرخۆیەوە دەفەرمووێ[٤]:

گەر نەترسا بام ئیمان لە دەستم دەرچی

لقلت: ان أنکر ألاصوات لصوت الگۆزەچی

---

[١] - پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە وساغکردنەوەی (لیژنەیەك)، (بغداد: الزمان، ١٩٩٥)، ل٣.

[٢] - طاهیر احمد حویزی، شەوچرە، (بەغداد: دارالسلام، ١٩٧٠)، ل٣، ل١٧.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٣١.

[٤] - هەمان سەرچاوە، ل١٨.

**٨- شانۆی ناومالٚ - ١٩٧١**

**شانۆی ناومالٚ کۆمەڵە قسەی خۆشی ناو کوردەواری یە، لە کۆکردنەوە ونوسینەوەی خوالیٚخۆش بوو"مەلا مستەفا سەفوەت"ی حاجی مەلا ڕەسولٚ، پێشەکی وبلاٚوکردنەوەی: دکتۆر عیزالدین مستەفا رسولٚ ولە بەغدا لە سالٚی ١٩٧١ دەرچووە، لە بەشێکی پێشەکیەکەیدا هاتووە: بۆنمونە شێخ بابەعلی تەکیە- کە یەکێکە لە زانا ناودارەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە لە خواروی کوردستانی مامۆستای نوسەری ئەم کتێبە بووە ودەروونی بەرزی هەمیشە وای لێکردووە کە لە ناو مەلاکانی جەرگەی سەختی ژیانا لە پێکەنین بگەڕێ وپەیامی خۆی بە تەواوی بەرامبەر بە زانست وئاین وباوڕ بەجێ هێنێ ولە ناو مەلاکانی کوردستان بە قسەخۆش ناو دەربکا، هەروەها لە پالٚ ناوی شێخ بابە علی دا گەلێ ناوی تری لە مەلا بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدەهەم وبیستەم دێت وەك: مەلا ئەفەندی هەولێر وحاجی مەلا ڕەسولٚی دێلێژە ومەلا رەشید بەگی بابان ومەلا عزیزی موفتی ومەلا حوسێنی پیسکەندی وحەمدوونی شاعیر، هەروەها دەلٚێت: ئەو کۆمەڵە (ئەنیکدۆتە) هەندێ قسەی (ئەحەی کوڕنوو)مان بۆ دەگێڕێتەوە کە قارەمانی گالٚتەوگەپی ناوچەی سلێمانییە[١].**

**٩- خەم ڕەوێن[*] - ١٩٧٦**

**خەم ڕەوێن کۆی بەسەرهات وقسە خۆشەکانی (کوێخا حەوێزی) شاخە پیسکەیە، لە نووسینی مراد دلٚپاك شاخەپیسکەیی، لە جیاتی پێشەکی چەند وشەیەك هاتووە بە پێنووسی( عبدالخالق علاءالدین مستەفا)، مامۆستا عبدالخالق علاءالدین لە بەسەرهاتی جەنابی مامۆستا مەلا محەمەدی کۆیی دەلٚێت: مەلا فەرمووی بریا قسەکانی کوێخا حەوێز هەمووی بنوسرایەوە دەیوت جەنابی مەلای گەورەی کۆیە ئەم شیعرەی وتووە:[٢]**

**شەڕی کویخا حەوێزی شاخە پیسکە**
**لەگەلٚ شێخا لە سەر ساوەرو نیسکە**
**کویخا حوێز دەلٚێ ئەگەر شێخ فاتیحەی ڕەوان بێ**
**مەرج بێ من ئەیدەمێ کاوڕ لەگەلٚ گیســــــکە**

---

[١] - مەلا مستەفا سەفوەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

[*] خەم ڕەوین ناوی گردێکی بلٚند ودژواری شاخاوی ناوچەی شاخەپیسکەیە، ناحیەی شۆڕش، قەزای کۆیە،.بڕوانە: مراد دلٚپاك شاخە پیسکەیی، خەم ڕەوێن، (هەولێر: چاپخانەی شارەوانی، ١٩٧٦)، ل١١.

[٢] - مراد دلٚپاك شاخە پیسکەیی، خەم ڕەوێن، (هەولێر: چاپخانەی شارەوانی، ١٩٧٦)، ل١١.

## ١٠- چێشتی مجێور* - ١٩٧٧

چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٧ لە پاریس کراوە، چاپی سێ یەمی لە ٢٠٠٩و دەرچووە لە بەرگ وچاپێکی کە خۆی لە ٥٤٣ لاپەڕە دەبینێتەوە پتر لە(٥٠٠) بەسەرهات ونوکتە وقسەیخۆش دەگێرێتەوە، دەسپێکی (ماجد مەردۆخ ڕۆخانی) نووسیوێتی:[١]

نمونەیەك لە بە سەرهاتەکان: لە بیرمە من لەو زەمانە من شیعرم دەگووت، ڕۆژێك لە گەڵ فەقێیەك بەڕێ دا دەڕۆیشتین، فەقێ دەمی لەشیعر وەردەدا وهەر باسی شاعیری باشی شاعیرانی ناو بەدەرەوەی دەکرد، منیش فرسەتم هێناو غەزلێکم لە شیعری خۆم بۆ خوێندەوە گوتی: بە خوا شیعری چاکە ئەوە هی کێ یە؟

گوتم : شیعری مستەفا بەگی کوردیە..

گووتی هەی هەزاران ئافەریم! توخوا ئەم جارەش بیخوێنەوە، دیسان زۆری لا خۆش هات .

گوتم: ساوەللا شیعری خۆمە

گوتی: دادەی ئەمجارەیش بیخوێنەوە، ئەم جارە کە خوێندمەوە، تفوویەکی کرد وگووتی: مردوت مرێ ئەمە شیعرە؟ ئەمە قسەی قۆڕە.

## ١١- پێکەنین پڕشنگ ئەدات بە ژین -[٢] ١٩٨٦

ئەم کتێبە لە نووسینی (شاکرفتاح)ە و پێشەکی لە ساڵی ١٩٦٧ نووسیوە، لە پێشەکیدا هاتووە: گاڵتەوگەپ وقسەی نەستەق وناسکە قسە و وتاری خۆش وپەندی پێشینان لە باریاندا هەیە مرۆڤ دڵخۆش بکەن وبیشی هێنە پێکەنین، لە پێناسەی کتێبەکەدا نووسراوە: لە دوو تویێ ی ئەم بەرگەدا هەڵبژاردەیەك لە پێکەنینی کوردەواریی وجیهانی پێشکەش دەکرێ بە هیوای ئەوەی خۆشی وشادمانی بە ژینت ببەخشێ[٣].

نمونەیەك لە(ناسکەقسە) [٤]:

---

* چێشتی مجێور، پاش نانخواردنی جەژنانە، هەرچی بەرماوەی ئەم خەڵکە بوو، لەناو مەنجەڵێکی زل بە سەریەکی دادەکرد وئەمەش جێژنانەی ئەو بوو، کە ناو نرا بوو"چێشتی مجێور"بڕوانە هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، چاپی سێ یەم، (هەولێر: پەخشانگای ئازادی، ٢٠٠٩)، ل٢.

[١] - هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، چاپی سێ یەم، (هەولێر: پەخشانگای ئازادی، ٢٠٠٩)، ل٤٣.

[٢] - شاکرفتاح، پێکەنین پرشینگ دەدا بە ژین، (بەغدا: دەسعد،١٩٨٦)، ل٣.

[٣] - ئارام سدیق، گۆڤاری هەنار، تەنز لە چیرۆکی نوێدا،ژمارە (٥٨)،(سلێمانی: بەرێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوە، ٢٠١٠)، ل٢٩.

[٤] - شاکر فتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

**نالّی بویّژیّکی گەورە وزانا وبەهرەداری کورد بووە، لە سەردەمی بابانەکان ژیاوە، کە لە(قەرەداخ)دەبیّ، دلّی بە کچیّکدا دەچیّ، ناوی (حەبیبە) دەبیّ، دوای ئەمەندە گرفتاری دلّداری ئەم کچە دەبیّ مارەی دەکات، بەلاّم ئەم وئەو لە کۆلّی نابنەوە پیّ ی دەلّیّن "وەك زانیومانە یارەکەت چاوەکانی خیّلّ وفیچن بیّجگە لەوە شەرانیشە" .**

**ئەویش وەرامیان دەداتەوە دەلّی:**

**" یارەکەم چاوەکانی خیّلّ وفیچ نین، بەلاّم وەك دووتای تەرازوو وانە، لە رووی نازەوە نەختیّ سەر دەکەن !"**

**١٢- سەربردەی ژیانی سیاسیم - ١٩٩٠**

**کۆمەلّیّك بە سەرهاتە لە لایەن ( مەلا عەولاّی حاجی سمایل) نووسراوە، باسی ژیانی خۆی و کۆمەلّیّك چیرۆکی ناو شۆرشی کوردایاتی دەگیّریّتەوە، وەك (لە لاپەرە (٦٠) دا هاتووە[١]: قسەخۆش ونوکتەزانی هەولیّر (سالح شیّرە)* شکاتی پیاویّك دەپرسیّت کە کیّشەی لە گەلّ براکەی هەبووە.**

**جگە لەمانەی سەرەوە لە دیوانی شاعیرانیشدا بابەت ورەخنەی تەنزی بەدیدەکریّن، وەك کۆمەلّەی هەشتەم لە دیوانی گۆران کە کۆمەلّە شیعریّك لە خۆی دەگریّت کە لە سالّی پەنجاکاندا بە شیّوەی رەخنەی تەنز دەربراون[٢]، هەروەها بی کەس**، وقانعی شاعیر***، بەشیّکی شاعیرانی کورد شیعریّك یان چەند شیعریّکی تەنزیان لە بواری گالّتەوگەپ وهەروەها ویّنەی کاریکاتیّریان بە شعر کیّشاوە.**

---

[١] - مەلا عەولاّی حاجی سمایل، سەربردەی ژیانم، (بغداد: چاپخانەی ئەرشەد، ١٩٩٠)، ل٦٠.

* سالح شیّرە، نوکتەزان وقسەخۆشی شاری هەولیّر بووە، لە سالّی ١٩٢٤لە گوندی (دۆلّە بەکرە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی دەشتی هەولیّر لە دایکبووە، لە سالّی ١٩٤٢پەیوەندی بە حزبی (هیوا)وە هەبووە ولە سالّی ١٩٤٦پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، لە سالّی ١٩٩٩کۆچی دوای کردووە. چاوپیّکەوتنی تویّژەرلەگەلّ (لوقمان شیّرە) خزمی نزیکی سالەح شیّرە، لە ٢٠١٢/٨/٢٤، هەولیّر.

[٢] - محمدی مەلا کریم، دیوانی گۆران،(بەغداد: چاپخانەی کۆری زانیاری عیّراق،١٩٨٠)، ل٣.

* * وەك شیعری گالّتەوگەپی (ئەمن لە تەفتیش چوو لە کوردستان....) بروانە ئومیّد ئاشنا، دیوانی بیّکەس، (سنە، ناسیح رحمانی، ٢٠٠٨)، ل٢٤٣.

* * * وەك لە شیعری کاریکاتیّری (چیروکی پشیلە ومشك)ك ەدەلّیّت: (رۆژیّ گوربە کە پر خەت و خالّیّ....) بروانە: دیوانی قانع، کۆکردنەوەی برهان قانع، چ٦، (تهران: چاپخانەی دالاّهۆ، ١٣٩٠)، ل٥٣٥.

# پـــاری چـــوارەم: ڕۆژنامەگـــەریی تـــەنز لەهـــەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١

به هۆی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە لە ساڵی ١٩٩١ لە کوردستان ڕوویدا وبە هۆی ئەو ئازادییە بەرفراوانەی هاتە کایەوە، ئەوا ڕۆژنامەگەریی کوردیش لە سایەیدا گەشەی کرد وڕۆژنامەی جۆراوجۆر دەرچوون وناوەڕۆکی جۆراوجۆریش پەیڕەو دەکرا، لە ناو ئەمانەشدا ستون وگۆشەی تەنز لە هەندێ لە ڕۆژنامەکاندا خوێنەریان لە زیاد بووندا بوو، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ژمارەیەك لەو ڕۆژنامە وگۆڤارانە دەخاتە ڕوو کە گرنگیان داوە بە بابەتی گۆشەی تەنز، ستون، کاریکاتێر، توێژەر لە خوارەوە بەمشێوەیە ڕوونیکردۆتەوە:بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

**خشتەی (٦)**

**ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە کە گرینگیان داوە بە (گۆشەی تەنز، ستونی تەنز، کاریکاتێر).**

| ز | رۆژنامەوگۆڤار | ساڵی دەرچوون | خاوەنی | شوێنی دەرچوون | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ڕێگای کوردستان | ١٩٩١ | ئۆرگانی حزبی شوعی | | |
| ٢- | ئاڵای ئازادی | ١٩٩١ | ئۆرگانی حزبی زەحمەتکێشان | | |
| ٣- | کوردستانی نوێ | ١٩٩٢ | ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | هەولێر | |
| ٤- | ریبازی ئازادی | ١٩٩٤ | ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی | | |
| ٥- | گۆڤاری گوڵان | ١٩٩٥ | | هەولێر | |
| ٦- | رۆژنامەی بەدرخان | ٢٠٠٠ | حەمید ئەبو بەکر | سلێمانی | |
| ٧- | رۆژنامەی هەواڵ | ٢٠٠٣ | شوان داودی | کەرکوك | لە دەرەوەی هەرێم دەردەچێت |
| ٨- | رۆژنامەی ئاسۆ | ٢٠٠٤ | ستران عبدولا | | |
| ٩- | رۆژنامەی چاپخانە | ٢٠١٠ | صباح ئەتروشی | دهۆك | |
| ١٠- | رۆژنامەی هەولێر | | | هەولێر | |
| ١١- | رۆژنامەی رووداو | ٢٠٠٨ | | هەولێر | |
| ١٢- | رۆژنامەی باس | ٢٠١٠ | | | |

# یەکەم: بابەتی تەنز لە ڕۆژنامە وگۆڤار

## ١- ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان - ١٩٩١

ژمارە (١)ی لە ساڵی (٤٧) لە حوزیرانی ١٩٩١لە ڕانیە بڵاوکراوەتەوە، ئۆرگانی حزبی شیوعی عێراقە[1]، یەکێك بووە لەو ڕۆژنامانەی گرنگی زۆری داوە بە گۆشەی تەنز و وێنەی کاریکاتێری، لەو گۆشە بەردەوامانەیدا وەك: (هەرجارەی دیاردەیەك، دەڵێن) دوو گۆشەی بەردەوام بوونە، لە ١٩٩٢ لە ژمارەکانی (٤،٣،٦) بابەتی تەنزی وەك(کۆتر بازەکانی میدیا، کوڵی گریان، دەنگ کرین لەدوا لاپەرەی ژمارە (٣)، لە چاوەڕوانی گۆدۆ، چاوکز، لە ژمارەکانی دواتر هاتوون کە لە نووسینی (سانا)یە، تەمەنی خۆش لە نوسینی (گوڵەزەر) لە ژمارە (٤)، ئەمەیان سەیرتر.. لە نووسینی (عبدالکریم شیخانی) ژمارە (٢٨٥) سالی (٥٣)، لە دەروونەوە بە تەلەفۆن دەنگم نات گاتێ لە نووسینی (حسیب قەرەداغی)، هندسان ئەتۆم ..نەهی..نەهی..نەهی..لە نووسینی(ئیسماعیل بەرزنجی) ژمارە (٣٠).

گۆشەی(ئحم) یەکێکە لە گۆشە دیارەکان لە نووسینی (کۆخە، سمکۆ، ئیسماعیل بەرزنجی) وەك لە دوا لاپەڕەی ژمارە (٢٦١)دا ساڵی (٥٣) دا هاتووە:[2]

جەژن ونوقڵ وشەکر لەمە

دونیا ودۆڵمە وعەولەمە

ئەو ڕۆژنامەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هەموو ژمارەکانی وێنەیەکی کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە[3].

## ٢- ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی -١٩٩١

ئۆرگانی حزبی(زەحمەت کێشانی کوردستان) ژمارە (١) لە خولی دووەمی لە تەمموزی سالشی ١٩٩١ دەرچووە [4].

یەکێکە لەو ڕۆژنامەنەی گرنگیان بەبواری تەنز داوە، لە گۆشە دیارەکانی گۆشەی(نیشان)ە کە نووسینی جدی و تەنز وڕەخنەی تێدا دەنوسرێت:[5]

لە ژمارە (١٠٦)دا لە ١٩٩٤ کاری خەزەنداری لە نووسینی (سمکۆ) لەم گۆشەیەدا هاتووە.

---

[1] - عبداللە زەنگەنە، رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای راپەرین (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٩٨)ل٤٢.

[2] - ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)، ژمارە (٢٦١) ساڵ (٥٣) لە ١٩٩٧/٧/٣٠، دوا لاپەڕە .

[3] - عبداللە زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

[5] -ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (١٠٦)، ١٩٩٤.

گۆشەی (کوتان):[1] لە نوسینی (رێبوار ئەورحمان) بەردەوامی هەبووە.

نوسەری تەنزنووسی وەك (ئیدریس شەیداهۆ وسەلام مستەفا) بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە (٤٢٨) بابەتێکی درێژ کە چەند ناونیشانی تەنزی لە خۆگرتووە لە ژێرناوی (کەواتە من مەمنوون) لە نووسینی سلام مستەفا.

## ٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ١٩٩٢

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەریدەکات، ژمارە سفری ساڵی یەکەم لە ڕۆژی یەك شەممەی ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢بڵاوکراوەتەوە[2].

**گۆشە تەنزە دیارەکانی کوردستانی نوێ:**

گۆشەی تەنز لە ژێر ناو نیشانی (بۆمبا) لە ژمارە (١٩١) کوردستانی نوێ دەستپێدەکات لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٩٢ ولە نووسینی (غەیاس الدین نقشبەندی)[3] کە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر نووسراوە، گۆشەکە ماوەیەك خۆی ڕاگرتووە[4].

گۆشەی تەنزی: (هەربە ڕێوە) لە نووسینی (ئیسماعیل بەرزنجی) لە ژمارە (٥٨٦) (کەڵەشێری ناوەختی) نووسیووە، گۆشەی (هەربەڕێوە) ماوەیەکی درێژ بەردەوامی هەبووە.

گۆشە: ( جا قوربان مەسەلەیەك هەیە ...) لە نووسینی (عبدالکریم شێخانی).

گۆشە: (سپێدە) لە نوسینی لاوەند نەوزاد.

گۆشەی تەنز: گۆشە تەنزەکانی د. شێرکۆ عبدالله*.

گۆشەی تەنز: شنەی شاخی** ڕەهبەری سید ئیراهیم.

جگە لە گۆشە زۆرەکانی کوردستانی نوێ (کاریکاتێر)یش لە زۆربەی ژمارەکانی بوونیان هەبووە، لە ژمارە (٤٢٩٥)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ڕیپۆرتاژێکی(تەنز) لە ژێر ناونیشانی (ڕێگا) لە نوسینی (سەلام مستەفا) بڵاوکراوەتەوە.

یەکێ لەو پاشکۆیانەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە گرنگی بە لایەنی تەنز داوە:

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ژمارە (٥٦٩) لە ٢٠٠٤/٦/٢١.

[2] - عبدالله زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

[3] - زاهیر عبدلله، هونەرمەند، چاوپێکەوتنی توێژەر، هەولێر لە ٢٠١٢/٤/٢٩.

[4] -ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٩١لە ١٩٩٢/٩/٢٥.

* د.شێرکۆعبدالله، لە گۆشە تەنزەکانی لە لاپەڕەی پێش کۆتایی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ ) بەردەوامە.

** ڕەهبەری سید برایم، کۆمەڵێك لە تەنزەکانی شنەی شاخی لە گۆڤاری(چیا) ژمارە (٤٢)تەمموز وئابی ٢٠١١، ل٨٧ بڵاوکردۆتەوە.

**ئاوێزە:[1] پاشکۆیەکی هەمەڕەنگی گەنجانەیە، کوردستانی نوێ دەری دەکات، لە ژێر لۆگۆی ئاوێزە نووسراوە ( ئاویزە یەکاو یەکە) ژمارە (١)ی لە ٢٠٠٩/١١/١ بلاوکردۆتەوە، لە یەکەم لاپەڕەی بە کۆمێنتێکی کاریکاتێری دەستپێدەکات بە فلچەی (عامر عوبێد)، لە گۆشەی ترش وشرین، ژمارە (٤)ی ئاوێزە بابەتێکی تەنز بە ناونیشانی( ماچ مەمنوعە) لە نووسینی (لاوەند نەوزاد) هاتووە ولە لاپەڕەی هەمان ژمارە شیعرێکی (گۆران کامل) بە شێوەی تەنز نووسراوە.**

## ٤- ڕێبازی ئازادی - ١٩٩٤

**ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، ئۆڕگانی ناوەندی (حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١)ی لە ١٩٩٤/١٢/٤ دەرچووە[2] .**

**گۆشەکانی: (کاتژمێر سفر[3]) لە نووسینی اسعد جباری.**

**گۆشەی تەنز: (گلەییینامە[4]) لە ساڵی (٢٠٠٨) یەك لە گۆشە دیارەکانی (ڕێبازی ئازادی) بوو لە نووسینی تەنزنووس (سەلام مستەفا )یە.**

## ٥- گۆڤاری گوڵان – ١٩٩٥:

**تا ژمارە (٣٨) وەك هەفتەنامە گوڵان دەرچووە، ژمارە (٣٨)ی لە لە (١٩٩٥) بە قەبارەی (٢١×٢٩،٥)سم دەرچووە[5].**

**ئەم گۆڤارە لە هەولێر دەرچووە، یەکێك بووە لەو گۆڤارانەی گرنگی زۆری داوە بە (کاریکاتێر)[6].**

## ٦- ڕۆژنامەی بەدرخان :

**مانگانەیەکی هونەری ڕۆژنامەوانییە، ژمارە (سفری) لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ لە لایەن دەزگای بەدرخان لە سلێمانی دەرچووە[7]، لە ژمارە (٦٦)ی ژمارە (١)ی پاشکۆیەکی**

---

[1] - ئاوێزە، پاش ئەوەی کە پاشکۆی کوردستانی نوێ بوو، دواتر بوو بە گۆڤارێکی هەمەڕەنگی گەنجانە، کوردستانی نوێ دەری دەکات، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٩/١١/١ دەرچووە.

[2] - عبدالله زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

[3] - اسعد جباری، ڕۆژنامەنووس، چاوپێکەوتنی توێژەر، سلێمانی لە ٢٠١٢/٨/٤.

[4] - روژنامەی ڕێبازی ئازادی، ژمارە (٥١٥)لە ٢٩نیسانی، ٢٠٠٨، ل١٣.

[5] - عبدالله زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

[6] - محمد قادر(سەردەم)، سەرنووسەری گۆڤاری گەپ، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٧/٧، هەولێر.

[7] - ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە (٠) لە ٢٠٠٠/١٠/٢، ل١.

تەنز دەرچووە کە ژمارەیەك نووسینی تەنز وکاریکاتێری لە خۆگرتووە، وا پێناسەی خۆی دەکات: بڵاوکراوەیەکی کاریکاتێری تەنز ئامێزە لە تەك بەدرخان بفەرموون[1].

گۆشە تەنزەکانی بریتین لە[2]:

گۆشەی تەنزی (ئاخر زەمان ) لە نووسینی (زاهیرعبدوڵلا)، گۆشەی تەنزی (مرۆ) لە نووسینی (حمید ئەبوبەکر)، گۆشەی تەنزی (قوتوی عەتار) لە نووسینی ئیدرس شەیداهۆ، گۆشەی تەنزی (عەیب نەبێ) لە نووسینی (شاخەوان علی)، گۆشەی تەنزی(ڕۆژباش)لە نوسینی (شێرزاد شێخانی).

## ٧- ڕۆژنامەی هەواڵ – ٢٠٠٣:

ژمارە (١)ی لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٣ لە کەرکوك دەرچووە، سەرنووسەری (شوان داودی)یە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە [3].

گۆشە تەنزەکانی:[4]

(چز): یەکێکە لە گۆشە دیارەکانی ڕۆژنامەی (هەواڵ) ولە لایەن سەرنووسەر وستافی ڕۆژنامەکە ئامادەکراوە.

گۆشەی (بە مل وتیاری بێت): لە لایەن( عبدالستار جباری) یەوە ئامادە دەکرا.

گۆشەی (ئەم زاتە بناسە) و(٥٠) دینار حەڵاڵ بکە، ستافی نووسین ئامادەیان دەکرد.

(ئیزار): ستافی نووسین ئامادەیان دەکرد، (لەگەڵ کەرکوکیان پێ بکەنە)، ستافی نووسین ئامادەیان دەکرد.

## ٨- ڕۆژنامەی ئاسۆ – ٢٠٠٤:

ژمارە(١)ی لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بووە، سەرنوسەرەکانی (ستران عبدالله، ئازاد صدیق، عارف قوربانی) بوون، یەکیك لەو ڕۆژنامانە بوو کە گرنگی بە لایەنی تەنز داوە، لاپەڕەی (١٦)ی تەرخانکردبوو بۆ (چیرۆکی کاریکاتێری بە وێنە، نوسین، نوکتە، ڕازی وشە، شریتی ڕۆژانە، بورجەکان[5].

---

[1] - ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە (٦٦) لە ٢٠٠٦/٢/٢٢، ل٨.

[2] - حمید ئەبوبەکر، سەرنوسەری ڕۆژنامەی بەدرخان، چاوپێکەوتنی توێژەر، هەولێر لە ٢٠١٢/٨/٢٤.

[3] - عبدالله زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٥.

[4] - شوان داودی، سەرنوسەری ڕۆژنامەی هەواڵ، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٨/٥، هەولێر.

[5] - د. فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩٠.

**٩ – چاپخانه – ٢٠١٠:**

**گۆڤارێكی سیاسی ڕەخنەگرانەی سەربەخۆی مانگانەیە، لە پارێزگای دهۆك دەردەچێت، بەزمانی كوردی، سەرنووسەری (صباح عبدالعزیز ئەتروشی)یە وژمارەی (١)ی لە حوزیرانی ٢٠١٠دا دەرچووە، لاپەڕەی تەرخانكراوی هەیە تایبەت بە وێنەی (كاریكاتێری)[١].**

**١٠ - ڕۆژنامەی هەولێر: گۆشەیەكی تەنز لە لاپەڕە (١٩) كە(ئامانج شاكەلی ) دەینووسێت[٢].**

**١١- ڕۆژنامەی ڕووداو: گۆشەیەكی تەنز لە لاپەڕە (٢٢) (گۆران محمد) دەینووسێت[٣].**

**١٢- ڕۆژنامەی باس: گۆشەیەكی تەنز لە لاپەڕە (١٢)، كە گۆشەیەكە لە ژێر ناوی (لە كونی دەرزیەوە) (ئیسماعیل بەرزنجی ) دەینوسێت[٤].**

**هەروەها ڕۆژنامەی هاولاتی گۆشەیەكی بە ناوی تاكولۆ كە بە ساتیر نووسراوە هەبووە[٥].**

**دووەم: وێنەی كاریكاتێر:**

**هەروەك چۆن ڕۆژنامە وگۆڤاری تایبەت بە تەنز لە كوردستان لە پاش ڕاپەڕینەوە سەری هەڵداوە، هەربەم شێوەیە كاریكاتێر لەكوردستان مێژووەكەی كۆن نییە، (كاریكاتێری كوردی هێشتا بە تەواوی تایبەتمەندی خۆی وەرنەگرتوە وزیاتر زمان وجل وبەرگەكەی خەسڵەتێكی كوردی پێداوە، بەڵام لێرەولەوێ جاربەجار هەوڵی گرنگ دەدرێت بۆئەوەی كاریكاتێری خەسڵەت وتایبەتمەندی كوردی هەبێت[٦].**

**دكتۆر فەرهاد پیربالْ دەڵێت: دانیالْ قەساب یەكەمین نیگاركێشی هاوچەرخی شاری هەولێرە لە ساڵی ١٩٢٠-١٩٥٠مامۆستای وێنە بووە لە هەولێر، بەشداریكردووە لە یەكەم پێشانگای هاوبەشی (أصدقاء الفن) كە بریتیبووە لە(٨٤) تابلۆی زەیتی و(١٦) تابلۆی ئاوی و(٣) تابلۆی باستیل وتەختیت و(١٤) پارچە نەحت و(١٧) كاریكاتۆر[٧].**

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ص٧٩٨.

[٢] - ڕۆژنامەی هەولێری ڕۆژانە، ژمارە (١٣٧٥) لە ٢٠١٢/٧/١، ل١٩.

[٣] - ڕۆژنامەی ڕووداو، هەفتانەیە، ژمارە (٢١٧) لە ٢٠١٢/٦/٢٥، ل٢٢. ژمارە (سفر)ی لە (٤)ی نیسانی ٢٠٠٨ دەرچوو.

[٤] - ڕۆژنامەی باس هەفتانەیە، ژمارە (٩٩) لە ٢٠١٢/٦/٢٦، ل١٢.ژمارە (٧)ی لە ئابی ٢٠١٠ دەرچووە.

٥ -د.هەڤاڵ ابوبكر، مامۆستای زانكۆ ونوسەر ورۆژنامەنووس، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٣/٢/٢١، سلێمانی.

[٦] - گۆڤاری كاروان، ڕۆشنبیری گشتییە وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێم دەریدەكات، ژمارە (١٦٠)، ٢٠١٢، ل٧٤.

[٧] - گۆڤاری هەولێر، گۆڤارێكی وەرزی ڕۆشنبیری سەربەخۆیە، ژمارە (١) زستانی ١٩٩٨، ل١٤٣، ل١٤٦.

**عبدالرحمن پاشا دەڵێت: هونەرمەندی گەورەی عێراقی ناسراوبە(غازی) کە لەبنەچەدا کوردە نیوسەدە پێش ئێستا وێنەی کاریکاتێری کەسێتی کوردی کردووە بە جلکی کوردیەوە وگۆرانیەکی کوردی بە زمانی کوردی لە ژێریدا نوسیووە[١].**

**تاریق کارێزی دەڵێت: (محمەد ساڵەیی) خەڵکی کەرکوکە وئەو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٠ کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، لە ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕینیش (محمەد ساڵەیی) لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نویٚ وخەبات وگولان) ولە زۆر ڕۆژنامەی دیکە کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە، لەدوای ئەو کاریکاتێریستی بە هێز پەیدا بوون وەك: (گرفتار کاکەیی) و(پەروەر) و(عەلی درویٚش) کە بە (بەمۆ) ناسراوە، بە تایبەتی گرفتار لە هێل بە راستی (سیحر) دەنوێنێ، دهۆك لە چاو سلێمانی و هەولێر لە هونەری کاریکاتێر زۆر لە پێشەوەیە وەك کاریکاتێرستان: (سەردار کێستە، سالم سلیم، جمیل محمد صبری، ئاراس لەزگین)، بەڵام بەداخەوە لە هەولێر کاریکاتێریست دروستنەبووە، تەنها (هندرێن خۆشناو) نەبێت لە کاری کاریکاتێری نزیك بۆتەوە، بە ستایلی (عەلی مەندەلاوی) پۆرترێت بەرەو کاریکاتێر دەبات، بەڵام لە سلێمانی یەك کاریکاتێرست هەیە ئەویش (محمەد قادر)ە ناسراوبە (سەردەم)، لە کەلار(ئەحمەد خۆشنووس وئارام کەلاری هەیە) [٢].**

**جگە لەو کاریکاتێرستانە عبدالرحمان پاشا دەڵێت: لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٧ گۆڤارێکی کاریکاتێری (مەلا مشهور)مان دەرکرد، سیٚ کاریکاتێریستی هەولێر کارەکانی خۆیان تێدا بڵاودەکردەوە، لەوانە: (لوئەی متی) ئەندازیاری نەوت و(کامەران خۆشناو)ی ئەندازیار و(هەندرێن اسعد)بوون، هەر لە هەولێر کارکاتێریستی وەك (صلاح محمەد عەلی) یش هەیە وە لە سلێمانی جگە لە (محمەد قادر- سەردەم) کاریکاتێرستی وەك:( ئاکۆ غەریب ومحمەد فتاح)هەیە کە لە گۆڤاری تەنزی (سیخورمە) کاردەکەن، لە دهۆك (جمیل محمەد) ئەکادیمییە وکاریکاتێر لە بەشێك لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکاتەوە[٣].**

**هندرێن خۆشناو ریزبەندی کاریکاتێریستەکانی هەولێری وا نووسیوە بە پیٚ ی تەمەن: (دارا محمەد عەلی، صلاح محمەد عەلی، ئەدیبە سمایل مامە*، هندرین ئەسعد خۆشناو، کامەران عەلی خۆشناو)[١].**

---

[١] - گۆڤاری الصوت الأخر، هەفتانەی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە،،ژمارە (١٢٢)، ل٣٠ — ٣٣.

[2] - هەمان سەرچاوە، ژمارە ١٢١، ل٢٤ -٣٢.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

* ئەدیبە سمایل مامە لە ١٩٦٦ و لە شاری هەولێر لەدایك بووە، لە ١٩٩٢/٣/٢٠ بە کارەساتێکی دڵ تەزێنی ئاگرکەوتنەوە کۆچی دوایی دەکات،، بە یەکەم کچ دەژمێردرێت لە هەرێمی کوردستان دەستی داوەتە قەڵەم لە بواری هونەری

**سێیەم: کتێب ونامیلکەی تایبەتمەند بەتەنز :**

**ئەو کتێب ونامیلکانەی لە هەرێمی کوردستان دەرچون ژمارەیان زۆرە لە (چیرۆك وشیعر وبەسەرهات وقسەی نەستەق ونوکتە)ی تەنز، توێژەر ژمارەیەك ناوی بەرهەم وخاوەنەکەی و ساڵی دەرچوونی دەخاتە ڕوو: بروانە خشتەی ژمارە(٧).**

**خشتەی (٧)**

**کتێب ونامیلکەی تایبەت بە تەنز.**

| ز | کتێب ونامیلکە | ساڵی دەرچوونی | خاوەنەکەی | شوێنی دەرچوون | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | شەوچەرەی شار | ٢٠٠٠ | ئەکرەمی سالحە رەشە | سلێمانی/چ/دلێر | |
| ٢- | تەڤریرستان | ٢٠٠٠ | سلام عبدوڵا | هەولێر/چ/پەروردە | |
| ٣- | تەنزستان | ٢٠٠١ | مقدادشاسواری | هەولێر/چ/پەروردە | |
| ٤- | بەروخسەتی شێخ رەزا | ٢٠٠٤ | حمەسەعیدحەسەن | سوید | |
| ٥- | گەندەڵی | ٢٠٠٥ | | دهۆك/چ/هاوار | |
| ٦- | پەندی کوردی | ٢٠٠٦ | عومەر شێخەڵا | هەولێر/چ/منارە | |
| ٧- | نیشتمانی من | ٢٠٠٧ | ئیدرس شەیداهۆ | سلێمانی/چ/کارۆ | |
| ٨- | ئێستای مرۆڤ | ٢٠٠٩ | م.رۆستەم زادە | هەولێر/چ/ماردین | |
| ٩- | غەمرەوێن | ٢٠٠٩ | ملامحمودعەلیاوە | هەولێر/ماردین | |
| ١٠- | بحبوب افندی | ٢٠١١ | شێرزاد شێخانی | هەولێر | بەزمانی عەرەبیە |
| ١١- | کەشکۆڵ | ٢٠١٢ | مەلامەحمودی کزڵ | هەولێر/چ/منارە | |
| ١٢- | ساغ وسکوت | ٢٠١٢ | د.شێرکۆعەبدولا | چ/ئازاد هەورامی | |
| ١٣- | کارییکاتێر | ٢٠١٢ | محەمەدقادر | هەولێر/چ/ماردین | |

---

کاریکاتێردا، یەکەم بەرهەمی لە ١٩٨٧ لە هەفتەنامەی کاروانی وەرزشی بڵاوکردۆتەوە، یەکەم پێشانگای لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری هەولێر کردۆتەوە. بڕوانە گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١٤).

[١] - گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١٤)، ل٨٩ - ل١٠٤.

**١- شەوچەرەی شار:**[١] لە سلێمانی لە ئۆفیستی دلێر چاپکراوە لە ساڵی ٢٠٠٠، کۆکردنەوەی ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە، هەڵبژاردەی نوکتە وقسە خۆشەکانی سلێمانییە.

**٢- تەڤریرستان*** - ٢٠٠٠:

لە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێرلە چاپخانەی پەروەردە چاپکراوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی تەنزە لە نووسینی (سلام عبدولا) یە.

**٣- تەنزستان** - ٢٠٠١:

کۆمەڵە چیرۆکێکی تەنزە لە سالی ٢٠٠١دا لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراوە، (مقداد شاسواری) نووسیویەتی.

**٤- بە ڕوخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا**** - ٢٠٠٤:

لە نوسینی (حەمە سەعید حەسەن)، کۆمەڵە چیرۆکێکی تەنزە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە چاپخانەی هەڵەبجە لە سوید چاپکراوە[٢].

**٥- گەندەڵی کارگێری:**

پێشانگایەکی کاریکاتێرییە لە دهۆك بۆ کاریکاتێریستان (سەردارکێستەیی، سالم سلیم، نزارصدیق) کراوەتەوە، چاپخانەی هاوار لە ساڵی (٢٠٠٥) نمونەیەکی پێشەنگاکەی چاپکردووە[٣].

**٦- پەندی کوردی:**

لە ساڵی ٢٠٠٦ لەچاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە، لە لایەن (عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی)، لە چاپخانەی منارە چاپکراوە[٤].

**٧- نیشتمانی من..! – ٢٠٠٧:**

---

[١] - لە شەوچەری شار زیاتر لە (٤٠٠) کەسێتی لە پیاو ژنی قسەخۆشی سلێمانی تێدا هاتووە، بڕوانە شەوچەرە، لە نوسینی، ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە، (سلێمانی: ئۆفیسی دلێر، ٢٠٠٠).

* یەکەم نوسینی تەنزی لە سوید بڵاوکردۆتەوە، (مەدالیای سەرۆك) چیرۆکە تەنزە بڵاوکراوەتەوە، (چای تاڵ) لە گۆڤاری (پەیف)، چیرۆکی( نەخشە) لە گۆڤاری خەرمانە بڵاوکراوەتەوە کە (حمە سعید حسن) لەئەوروپا دەریدەکرد، چاوپێکەوتنی توێژەر، لەگەڵ سلام عبدلله سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی خەبات، لە ٢٠١٢/٦/٢٦.

** هونەری ڕەوەژن، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی ساتیرە لە نووسینی (حمە سعید حەسەن) چاپی سێیەم، لەگەڵ زۆربەی بەرهەمەکانی بە شێوەی تەنز دەربردراون، نوسەر ڕای وایە لە جێگای وشەی (تەنز) وشەی(ساتیر) گونجاوترە بەکاربهێندرێت، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ چیرۆکنووس (حمە سعید حەسەن)، هەولێر، ٢٠١٢/٧/٤.

[2] - حمە سعید حەسەن، بەڕوخسەتی شێخ رەزا، (سوید: چاپخانەی هەڵبجە، ٢٠٠٤).

٣ - سەردار کێستەی، سالم سلیم، گەندەڵی کارگێری، (دهۆك: چاپخانەی هاوار، ٢٠٠٥).

٤ - عومەر شێخەڵڵا، پەندی کوردی، (هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٦).

له ساڵی ٢٠٠٧ له سلێمانی له چاپخانەی کارۆ چاپکراوه، کۆمەڵه بابەتێکی تەنزه (ئیدریس شەیدا هۆ) نووسیویەتی[١].

**٨- ئیستای مرۆڤ – ٢٠٠٩:**

کاریکاتۆرەکانی م. رۆستەم زاده (نامۆ)، پێشەکیەك وژمارەیەك کاریکاتێری (نامۆ)ی تێدا هاتووه، له ساڵی ٢٠٠٩ له هەولێر له چاپخانەی ماردین چاپکراوه[٢].

**٩- غەمڕەوێن – ٢٠٠٩:**

کۆمەڵه بەسەرهاتێکی تەنزه له نوسینی (مەلا محمەد عەڵیاوەیی) یه، ئامادەکردنی بۆ چاپ (د.عەبدوڵلا عەلیاوەیی)، له ساڵی ٢٠٠٩ له چاپخانەی ماردین له هەولێر چاپکراوه[٣].

**١٠- بحبوح أفندی -٢٠١١:**

کۆمەڵه نووسینێکی تەنزه به زمانی عەرەبی، (شێرزاد شێخانی)نوسیویەتی، هەولێر، له ساڵی ٢٠١١[٤].

**١١- کەشکۆڵ له گەنجینەی ژیانی کوردەواری – ٢٠١٢:**

له ئامادەکردنی (مەلا محمود کزەڵ) له ساڵی ٢٠١٢ له چاپخانەی مناره له هەولێر چاپکراوه[٥].

**١٢- ساغ وسکوت – ٢٠١٢:**

کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر له گۆشه تەنزەکانی (د.شێرکۆعبدڵلا)یه له ڕۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) بلاوکراوەتەوه له ساڵی ٢٠١٢ له چاپخانەی (ئازاد هەورامی) چاپکراوه[٦].

**١٣- کاریکاتێر:**

هەڵبژاردەیەك له بەرهەمه کاریکاتێرییەکانی محمەد قادر(سەردەم)، له ٢٠١٢ له چاپخانەی ماردین له هەولێر چاپکراوه[٧].

---

١ - ئیدریس شەیداهۆ، نیشتیمانی من، (سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٧).

٢ - رۆستەم زاده (نامۆ)، ئێستای مرۆڤ وکاریکاتۆر، (هەولێر: چاپخانەی موکریان، ٢٠٠٩).

٣ - مەلا محمەد عەلیاوەیی، غەمڕەوێن (هەولێر: چاپخانەی ماردین، ٢٠٠٩).

٤ - شێرزاد شێخانی، بحبوب افندی، (أربیل: دون ناشر، ٢٠١٢).

٥ - مەلا مەحمودی کزەڵ، کەشکۆڵ له گەنجینەی ژیانی کوردەواری، (هەولێر: چاپخانەی مناره، ٢٠١٢).

٦ - شێرکۆ عبدڵلا، ساغ وسکوت، (کەرکوك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٢).

٧ - محمەد قادر، کاریکاتێر،(هەولێر: چاپخانەی ماردین، ٢٠١٢).

## چوارەم: ڕۆژنامە وگۆڤار وبڵاوكراوەی تایبەتمەند بە تەنز:

ئەوەی توێژەر لەم پارەدا ئاماژەی پێداوە بەشێكی زۆری مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز هەوڵی تەنزنوسی كورد بووە بۆ كاری تەنزنووسی كوردی لە نێو كتێب ورۆژنامە وگۆڤارە كوردییەكان وجارجارێكیش لە عەرەبیدا، هەرچەندە سەرچاوەكان بە گشتی ئاماژە بە هیچ ڕۆژنامە وگۆڤارێكی تایبەت بەتەنز نادات لە پێش راپەرینەوە لە هەرێمی كوردستاندا[1].

بەلاّم رۆژنامەی گروگالّ لە سالّی ١٩٧٩ لە رۆژهەلاّتی كوردستان دەرچووە*، دواتر ئەو بوارە لە پاش ڕاپەرینەوە بە هۆی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە لە هەرێمی كوردستان هەلی بۆ ڕەخساوە، تا ژمارەیەك لە ڕۆژنامە وگۆڤاری تایبەتمەند بە تەنز وكاریكاتێر لە كوردستان دەربچن[2].

توێژەر ئەو ڕۆژنامە وگوڤار وبڵاوكراوە تەنزانە دەخاتە ڕوو بە پێ ی ساڵی دەرچوونیان:بروانە خشتەی ژمارە(٨).

**خشتەی ژمارە(٨)**

**رۆژنامەو گۆڤارو بلاّوكراوە تایبەتمەند بەتەنز**

| ز | ناوی رۆژنامەوگۆڤار | سالی دەرچوون | سەرنوسەری | شوێنی دەرچون | چەند ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -١ | گۆڤاری سیخورمە | ١٩٩٧ | د.شێركۆعەبدولاّ | سلێمانی | ٢١٨ | بەردەوامە لەدەرچوون |
| -٢ | گۆڤاری مەلامەشهور | ١٩٩٧ | حیدر قادر | هەولێر | ٤٥ | خاوەنی/عەبدورحمان پاشا/ لە دەرچون وەستا |
| -٣ | دەهۆلّ تایمز | ١٩٩٩ | د.شاپان | هەولێر | ٣٥ | وەستاوە |
| -٤ | گەپ | ٢٠٠٤ | ئازاحسیب | هەولێر | | سەرنوسەری ئێستای (مەحمەد قادر) بەردەوامە لە دەرچون |
| -٥ | گۆڤاری كاریكاتێر | ٢٠٠٤ | | هەولێر | | راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی/وەستاوە لەدەرچون |
| -٦ | گۆڤاری تەنز وێنە | ٢٠٠٦ | شێخ ئەفراز ئەتروشی | هەولێر | | وەستاوە لە دەرچوون |

---

1 - د. شێركۆ عبدوللاّ، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٦/١٠، سلێمانی.

* ڕۆژنامەی (گڕوگاڵ) لە ساڵی ١٩٧٩محسین شاسواری دوو ژمارەی لێ دەركردوە، یەكەم ژمارەی بە كوردی ودووەم ژمارەی بە كوردی وفارسی، عەبدوڵلاّ سەمەدی لە نامەیەكدا نووسیوێتی "ڕۆژنامەی گڕوگاڵ، هەشت لاپەڕەی گەورە بووە، دوو حەوتە جارێك دەردەچوو، دەبێ یەكەم ڕۆژنامەی (تەنز) بووبێت لە ڕۆژهەلاّتی كوردستان. بڕوانە: (جوتیار تۆفیق) بیبیلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی كوردی لە ڕۆژهەلاتی كوردستان ودەوروبەری (١٩٠٨- ١٩٨٨)، ل٦٢.

2 - رووف حسن، نوسەر، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٧/١ لە هەولێر.

**١- گۆڤاری سیخورمە -١٩٩٧:**

گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی سیاسی ی کاریکاتێریە دووهەفتە جارێك دەردەچێت، ژمارە (١)ی لە ڕێبەندانی ١٩٩٧ دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (ئاراس شێخ جەنگی) وسەرنووسەری (د.شێرکۆ عبداللّا) وبەرێوەبەری هونەری (ئاکۆ غەریب)ە لە سلێمانی دەردەچێت، لە بەشی چوارەم توێژەر بە درێژی باس لە گۆڤاری (سیخورمە) دەکات.بروانە پاشکۆی ژمارە(٤).

**٢- گۆڤاری (مەلا مەشهور) — ١٩٩٧:**

گۆڤارێکی هەفتانەیە تایبەتە بە کاریکاتێر ورەخنە وپێکەنین، ژمارە (١)ی لە (١)ی تەمموزی ١٩٩٧دەرچووە، بروانە پاشکۆی ژمارە (٥).

خاوەنی ئیمتیاز وبەرێوەبەری گشتی (عبدالرحمان پاشا)، سەرنووسەری (حیدر قادر) وسکرتێری نووسین (عەلو سەندی) وژێرنووس (جەلال زەنگابادی)، بەرێوەبەری هونەری (گرفتار) وکاریکاتێریستەکان (سەردار کێستەیی، کامەران خۆشناو، لوئەی متی، جمیل ئەحمەد صبری)[١]یە.

لە ژمارەی یەکەمی نووسراوە بۆ ماوەیەکی کاتی مانگانە دەردەچێت، لە (١٦) لاپەڕەی قەبارە (٢٣،٥×٣٢،٥)سم پێکهاتووە وچەند لاپەرەیەکی بەڕەنگا وڕەنگ دەردەچوو، دوا ژمارەی (٤٥)ە لە کانوونی یەکەمی (٢٠٠٣) بە زمانی عەرەبی دەرچووە، بابەتەکانی تایبەت بووە بە ڕووخانی ڕژێمی پێشوو وقۆناغی دوای پرۆسەی ئازادبوونی عێراق.

لە بەرگی یەکەمی وێنەی کاریکاتێر لە لایەن (گرفتارە)وە کێشراوە، لە لاپەڕە (٢) سەرگوتاری بە پێنووسی (عبدالرحمان پاشا)تێیدا هاتووە:

لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٦ تا ئێستا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی وخۆماڵیدا باسی(ئیستنساخ)ی بایۆلۆجی دەکرێت واتە فۆتۆکۆپیکردنی ئاژەڵ ومرۆڤ......... لە کۆتایدا دەڵێت: ئێمەش سەرەڕای (ئیفلاس)ی و(بێ پولی) بریارماندا ( مەلا مەشهور) بە ڕەوشی خۆمان فۆتۆکۆپی بکەین وبەرەلای نێو خەڵکی کوردستانی بکەین، بزانین (مەلا مەشهور)ی تازەمان چۆن لەگەڵ بارودۆخی کوردستان وجیهان وسەدەی بیست ویەکەمدا دەگونجێت[٢].

[١] - گۆڤاری مەلا مەشهور، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١)، ل٢.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ژمارە (١)، ل٢.

دەرکردنی گۆڤارەکە: سەرنوسەر دەڵێت دەگەڕێتەوە بۆ خولییا و وپەیوەندیم بە کاریکاتێرەوە لە شاری موسڵ، ئەو کات دوو گۆڤاری کاریکاتێری بە زمانی عەرەبی دەردەچوون بە ناوی(الفكاهه)و (المتفرج) لە کۆتایی شەستەکان، پاش ڕاپەڕین لە ئێران بووم، لەکەرەج ڕۆنامە وگۆڤاری تەنزم دەکڕی بە تایبەتی گۆڤاری هەفتانەی (تەنز)ئامێزی (گوڵ أغا)، ئەوە خولیای دەرکردنی گۆڤاری تەنزی لای من گەورەتر کرد، کە گەڕامەوە کوردستان لەگەڵ دوو سێ برادەری دیکە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (مەلا مەشهور)مان لە ١٩٩٧ دەرکرد، کە لە هەولێر شتێکی تازە بوو[١].

ناوی مەلامەشهور ناوی کەسایەتیەکی کۆمیدی باوە لە ناو کورد بۆئاسان وەرگرتنی لای خوێنەران بۆیە ئەو ناوەمان هەڵبژارد[٢].

سەرنووسەر دەڵێت: جارێك بە هۆی گرفتێکمان لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری(فەلەکەدین کاکەیی) من و (بەرهەم علی) تەنزنووس دادگایی کراین لە ساڵی ١٩٩٨ بە هۆی بەدیلی پارەوە ئازاد کراین، دەڵێت (گۆڤاری مەلای مەشهور)لە هەولێر تاکە گۆڤاری تەنز بووکە دەردەچوو، تیراژی(مەلا مەشهور)* (١٥٠٠) زیاتر دەبوو، نرخی بە (٨)دیناری عێراقی بوو، زمانی بەکارهاتووی زمانێکی گشتی میللی بووە، ئاڕاستەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری هەبوو[٣].

### ٣- دەهۆڵ تەیمز - ١٩٩٩

گۆڤاری (دەهۆڵ تایمز) ژمارە (١)ی لە کانونی یەکەمی ١٩٩٩دەرچووە، لەسەر بەرگی یەکەمی وا پێناسەی خۆی دەکات: گۆڤارێکی سەربەخۆی مانگانە، کاریکاتێرییە، قۆشمە وڕەخنەگرە جارێ بایی (٨) دینارە، لە بەرگی یەکەم کاریکاتێرێك هاتووە بەرامبەر لۆگۆی (دەهۆڵ تایمز) پیاوێکە دەهۆڵ دەکوتێ ولە دیوی دەرەوەی دەهۆڵەکە کاتژمێرێکە کە ئاماژەیە بۆ (دەهۆل تایمز)[٤]. بروانە پاشکۆی ژمارە(٦).

خاوەنی ئیمتیازی: خالید میران وسەرنووسەری (دکتۆر شاپان)***، کاری هونەری (بەمۆ)، کاری ئەلکترۆنی (سەنگەر)، شوێنی دەرچوونی هەولێر،(٣٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

---

[١] - عبدالرحمان پاشا، سەرنووسەری گۆڤاری مەلا مەشهور، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٦/١٩ لە هەولێر

[٢] - هەمان سەرچاوە، هەولێر، لە ٢٠١٢/٦/١٩.

* پاشکۆیەکی کاریکاتێری لەگەڵ ژمارە (٢٣)لە ئایاری ساڵی ١٩٩٩دەرچووە.

[٣] - عبدالرحمن پاشا سەرچاوەی پێشوو.

[٤] - گۆڤاری دەهۆڵ تایمز، ژمارە (١) لە ١ی کانوونی ١٩٩٩دەرچووە.

** * سەرنووسەری گۆڤارەکە رزگار نوری شاویس بووە، بروانە: د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤١.

[3] - د. فائق هەمان سەرچاوە، ل٦٤١

جگـە لــە نووســینە تــەنزەکانی گۆڤارەکــە، وێنــەی کاریکــاتێری چــەند لاپەڕەیــەکی داگیرکـردووە، گۆڤارەکـە لـە (١٦) لاپـەڕە پێکهـاتووە، بـەرگی یەکـەم وکۆتـایی ڕەنگـاو ڕەنگـە وقەبارەکـەی(٢٣،٥×٣٤)سـم، سـەروتارەکەی بـە ناونیشـانی (چـپەی دەهـۆڵ) تێیـدا هـاتووە (دەنگی دەهۆڵ.

دوور، نزییك.....خۆشە، ناخۆشە

زەمانێ زوو ئانی دەهۆڵ ئیختراع کرا، کوردە حەیاتەکە بە قەناعەتی تـەواوەوە گەیشتە ئـەو حوکمەکـە دەنگـی دەهـۆڵ لـە دوور خۆشـە ...........لـە کۆتـایی وتارەکـەی دا هـاتووە: بەهرەمەنـدی دەهۆڵـەوانیش لـەوە دایـە، بزانـی لـۆکێی لێـدەداوە کیهانیشـی پـێ هەڵـدە پەڕێنی".

لـە لاپـەڕە (٤) چـەند گۆشـەیەك دابەشـکراوە وەك: چـاوی دەهـۆڵ تیـژە، ورگـی دەهـۆڵ عەمباری کەس نی یە، گوێچکەی دەهـۆڵ سـووکە، کـەپووی دەهـۆڵ قـەت تووشـی هەڵامـەت وئەنفلەوەنزا نابێت، لەگەڵ چەند ڕەخنەیەکی دیکە هەموویان بە تەنز دەربڕدراون.

گۆشەی (زمانۆلۆجیا وچپەی دەهۆڵ وقنچکی فەلسەفە ولـە داسـتانەکانی سـەی هـود هـود وچێشتخانەی باگردێن)، لە کۆتایی بەرگی گۆڤارەکە گۆشەی (بای بای) هاتووە.[2]

لە ژمارە (٣) شیعرێك لە نووسینی (سەعدوڵڵا محفووظ) دا هاتووە بەم شێوەیە:[3]

ڕۆژگارم وەك جاران نیە  نازانم چۆن دەڕوات و دێ
بە شەو بەدیار مزەخەوە، قوم لێ ئەدەم هەتا ئاو دێ
نە فیچقەیەك نەشلپەیەك، حەیفێ بە بۆریدا نایە
کە لە دراوسێکەم دەپرسم دەڵێ کارەبا بڕایە.....

## ٤- گەپ - ¯ ٢٠٠٤:

لە پێناسەی خۆیدا لە ژمارە (١)دا هاتووە: ڕۆڤارێکی کاریکاتێرییە، خاتروخۆتری تیا نییە*، لەوانەیە مانگێ دووجار لە طرەفی گۆڤاری گوڵانەوە دەرچێت، ئەوەلین ساڵ یەکەم دانە لە ١تشرینی یەکەم ٢٠٠٤ بەکاتی هاوینە)دەرچووە:

لە بەرگی یەکەم وێنەی کاریکاتێرێك هاتووە، بە قەڵەمی کاریکاتێریست( سەردەم)،

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٤.

[1] - هەمان سەرچاوە،ژمارە (٣) لە شوباتی ٢٠٠٠، ل١٤.

* هەرچەندە بە گۆڤار خۆی ناساندوە بەڵام تا ژمارە (٩١) وەك ڕۆژنامەیەك دەردەچوو.

**هەر لە بەرگی ژمارە(١) ستونێك هاتووە لە ژێر ناونیشانی (بە مەزەندە) دەنووسێت:**

**خوایە پێمان نەگرێ، بە قسەی وتوان وتەوە قوعی هەنێ لە قاوە گران وناولەپ خوێنەران .......تا لەکوتای دەنووسێت: ئیعلانی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە دەکرێ تەنیا ئەوە موشکیلەیەکی دەست پێش خەر دەبێ؟**

**لە لاپەڕە(٢)ی هەمان ژمارە گۆشەیەك هاتووە بەناونیشانی:[1] (عەینەن وەك موستەشاری جاران وموستەشاری ئەم زەمانە. دەنوسێت:**

| | |
|---|---|
| **موستەشاری جاران:** | **بە دوو عەشیرەت یەك دانەی تیا بوو** |
| **موستەشاری ئەم زەمانە :** | **هەر وەزارەتە و هەشت نۆیەکی ڕاگرتووە** |
| **موستەشاری جاران:** | **عادە تەن سێ چوار ژنیان هەبوو** |
| **موستەشاری ئەم زەمانە:** | **حەددیان چییە..............** |

**لە لاپەڕە (٧)ی ژمارە یەك هاتووە:**

**(گەپ) ڕۆڤارێکی کاریکاتێریە لەوانەیە مانگی دوو جا دەرچێت، (٥٠٠)دیناری برێمەرە ئەم جەماعەتە ئیشی تێدا دەکەن:**

**سەرنووسەر(ئازا حسیب قەراداخی) جێگری سەرنووسەری هونەری (محمەد قادر)، جێگری سەرنووسەر(نوسین) (ئسماعیل بەرزنجی) وە سکرتێری نووسین (بەرهەم علی).**

**کاریکاتێریستەکان: (علی دەروێش، سەردار کێستەیی، خظیر حمیری، محمدقادر(سەردەم)، سلاح محمەد علی، کامەران، لوئەی، هەندرێن، جمال نەجاری).**

**یەکەم ژمارەی بە(١٢) لاپەرە دەرچووە، بەرگی یەکەم وکۆتایی ڕەنگاوڕەنگە ولاپەڕەکانی وە (٥،٦،٧، ٨)بە ڕەنگاوڕەنگی چاپکراوە.**

**ژمارە (٢)ی (گەپ) لە ٢٠٠٤/١٠/١٥ دەرچووە بە هەمان قەبارە وناونیشان تەنها لە شوێن (٥٠٠)دینار بووەبە (٢٥٠)دیناری عێراقی وە ناوی کاریکاتێریستان(دیار ئاکرێی وياسين قورێش و محمەد ئەمین) زیاد کراوە، لە ژمارە (٣) کاریکاتیرستان (سالم بادی ویوسف) زیادیان کردووە. وە لە ژمارە (٤) هەرسێ کاریکاتێرست (ئیلتیزام کەرکوکی وئومێد ورووف) زیادیان کردوە.**

**لە ژمارە (٤)دا لە دوای لۆگۆی گەپ وا هاتووە[2]: لەوانەیە مانگێ دوو جارلە تەرەفی (دەزگای موکریان)ەوە دەربچێت.**

---

[1] - گۆڤاری گەپ، ژمارە(١) لە ٢٠٠٤/١٠/١، ل٢.

[2] - هەمان سەرچاوە، لە ٢٠٠٥/١/١.

له ژماره (١٤) گۆشەیەکی عەرەبی هاتووه به ناوی[١]: مایضحك (أصل أنسان) به قەڵەمی (حسن العانی) نوسراوه، هەرلەو ژمارەیه هاتووه له چاپخانەی (سید هاشم) چاپ دەکرێت.
له ژماره (١٦) داڕێژەری هونەری (رزگار فقێ عەولا وسەرپەرشتی چاپ هێمن نەجات) زیادیان کردوه وچاپخانەکەش بۆته چاپخانەی وەزارەتی پەرورده له هەولێر.
ساڵی یەکەم (٢٤) ژمارەی لێ دەرچووه، لاپەڕه (٨، ٩)ی ژمارەی (٢٤) ی ساڵی یەکەم وێنه نووسەر وکاریکاتێریستەکانی ڕۆژنامەکه به شێوه کاریکاتێریستی کێشراون[٢].
له ژماره (٢٦) ساڵی دووەم له ٢٠٠٥/١٢/١ گۆڕانکاری له دەستەی بەڕێوەبردن کراوه بەم شێوەیە: سەرۆکی ئەنجومەن وئیدارەی نووسین (ئیسماعیل بەرزنجی) وسەرنووسەر (محمەد قادر- سەردەم) وسکرتێری نووسین (بەرهەم عەلی) وکاریکاتێرستەکان بەمشێوەی خوارەوه هاتووه: (عەلی دروێش، سەردەم، فەریده سەباح، خضیرحمیری، مؤید نعمة، عبدالرحیم یاسر، سالم سەیدا، نزار صدیق، سلاح محمەد علی، مەروان شوکری، دیار ئاکریی، عەلی شعبان، ڕەئوف، ئاراس باڵەتەیی، سەربەست ئەفەندی، یوسف)ن[٣].
له ژماره (٣٩)ی دا هاتووه دەنووسێت: (به قەناعەتەوه مانگی دووجار له لایەن خۆیەوه دەردەچێت)[٤].

(گەپ) ژماره (٩١)ی له ٢٠٠٨/٨/١٥ دەرچووه که دوا ژمارەیەتی وەك ڕۆژنامه دەربچێت، هەر لەو ژمارەیه له لاپەڕه یەکدا هاتووه (مژده..موژده..موژده) له ژمارەی داهاتوو (٩٢) ی (گەپ) به بەرنامەیەکی ڕۆژنامەنووسی نوێ وبه بەرگ وڕەنگێکی شازەوه دەبێته گۆڤارێکی جوانکیلەی مانگانه له دەست خۆتانی نەدەن[٥].
ژماره (٩٢) ی گەپ وەك گۆڤار دەرکەوتووه وله بەرگی یەکەمی هاتووه (مانگانەیەکی کاریکاتێرییه، خاتر وخۆتری تیا نییه، ساڵی چوارەم، ژماره (٩٢) له ٢٥ ئەیلولی ٢٠٠٨ بەکاتی ڕەمەزان بازاڕی فڕان دەرچووه، له ژماره (٩٢) گۆڤارەکه له (٤٠) لاپەڕه پێکهاتووه، به شێوەی ڕەنگاوڕەنگه، خاوەنی ئیمتیاز (ئسماعیل بەرزنجی) وسەرنووسەری (محمەد قادر) ئەو کاریکاتێریستانەی زیادیانکردوه وەك: (علی مەندەلاوی، ئەحمەد الربیعی،

---

[١] - هەمان سەرچاوه، ژماره (١٤)، ل٤.
[٢] - هەمان سەرچاوه، ژماره (٢٤)، ل ٨ — ٩.
[٣] - هەمان سەرچاوه، له ٢٠٠٥/١٢/١.
[٤] - هەمان سەرچاوه، ژماره(٣٩)له ٢٠٠٦/١/١٥، ل١.
[٥] - هەمان سەرچاوه، ژماره(٩١) ٢٠٠٨/٨/١٥، ل.١

**سۆران كورد پور، كەلاری، هۆگر سلیڤانی، گرفتار كاكەیی، مەروان شوكری). بروانە پاشكۆی ژمارە (٧).**

**نووسەری بەشداربوو وەك: (رەئوف حەسەن، كەژاڵ ئیسماعیل، حەسەن دانیشفەڕ، حسن العانی، ماجید نوری ون م.رەفعت، شوان غەمبار، كەریم مودەڕیس، ڕێبوار ئیدریس، سالار حەسەن، وشیار ئەحمەد، ستار جباری، ئەحە نۆكە، هێرمان خالد)ن.**

**گۆڤاری گەپ (لە لایەن ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە دەردەچێت)[1].**

**دەركردنی گوڤارەكە:**

**محمەد قادر دەڵێت لە ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ وەئەو بیرۆكەم هەبووە ئەوكاتی لە دەزگای گوڵان كارم دەكرد ،لە پاش ٢٠٠٣ وئازادكردنی عێراق پرۆژەكەم ئامادە بوو، سەردانی ڕاگەیاندنی ئەمریكیەكانم كرد بێسوود بوو، پاشان لەگەڵ كۆمپانیای چوارچرا سەركوتوو نەبووین، لە ٢٠٠٤ ئەم پرۆژەیەم لەگەڵ (وەزیری رۆشنبیری) باس كرد، لەوێش بێ ئومێد بووم، تا لە كۆتایی بە هاوكاری (سەرنوسەری گۆڤاری گوڵان) توانیمان گوڤارەكە دەربچوێنین[2].**

**بۆ ناولێنانی گەپ، لە ناو بیست ویەك ناوی پێشنیاركراو گەپ پەسەند كرا، وشەیەكی كورتە تایبەتە بە كاریكاتێر، ئێمە نەمان ویست (سیخورمە)یەكی دیكە دەربكەین، چونكە گەپ زیاتر گرنگی دەدا بە كاریكاتێر كەمتر نووسینی تەنز بلاودەكاتەوە[3].**

**ئێمە گۆڤارێكین لە هەرێم زیاتر پەل وپۆمان هاویشتووە بۆكاریكاتێریستانی شوێنە جیاجیاكان وەك: (میثم رازی) لە عمارە، لە بەغدا (محمد..) ولە ئێران كاریكاتێرست (أبو فضل المحترەمی) كە فارسە، لە هۆڵەندە (سۆران كورد پور) ولە سلێمانی (سەرتیب فتاح-پەروەر) ولە كوردستانی ڕۆژئاوا (یاسر ئەحمەد وكامەران شمدین)[4].**

---

[1] - محمەد قادر، سەرنووسەری گۆڤاری گەپ، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٧/١، هەولێر

[2] - محمەد قادر، سەرنووسەری گۆڤاری گەپ، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٧/١، هەولێر.

[3] - هەمان سەرچاوە، لە ٢٠١٢/٧/١.

[4] - هەمان سەرچاوە.

## ٥- گۆڤاری کاریکاتێر – ٢٠٠٤[1].:

گۆڤارێکی تەنزی ڕەخنەگرانەی کاریکاتێرییە، نوسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، لە بیرۆکەی کاریکاتێرەکان (سامان هەڵبجەیی) یە بە شێوەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی زۆر جوان لە (٣٦) لاپەڕە پێکهاتووە، هەموو لاپەڕەکانی پێکهاتوە لە کاریکاتێر ورەخنە لە دەرمانخانە وپزیشکەکان ونرخی بەرزی (عیادە)کان و وە نرخی بەرزی خواردن وهەندێك دیاردەی دیکە.

پێشەکیەکەی بە پێنووسی د.سامان هەڵەبجەیی هاتووە: (دەربڕینی دەردە دڵ وئازارەکان لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونەوە دەست پێدەکات گریانی گۆرپە یەکەم هۆکاری ڕاگەیاندنە ...کاتێك کۆرپە داوای خوردن وخزمەت وسۆز دەکات، ئیدی گڕوگاڵیش درامایەکی خۆنەویستانەی کاریکاتێریە ومنداڵیش باشترین ئەکتەرە.

کاریکاتێر مەنەلۆژی درێژترین بابەت وچیرۆکەکانە لەکاتێکدا کە مرۆڤەکان بە هەر هۆکارێك بێت حەوسەڵەی گوێ گرتن وخوێندنەوەیان نەماوە..)[2] بروانە پاشکۆی ژمارە(٨).

## ٦-گۆڤاری تەنز وێنە - ٢٠٠٦:

ژمارە (١)ی لە ٢١ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە، لە بەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگ ولە ژێری لۆگۆی تەنز وێنە هاتووە: گۆڤارێکی کاریکاتێریە کۆمەڵەی کاریکاتێرستانی کوردستان دەری دەکا)، خاوەنی ئیمتیازی (کامەران خۆشناو) و سەرنووسەری (شێخ ئەفراز ئەتروشی) وجێگری سەرنووسەر (بۆتان ناڵەیی) وسکرتێری نووسین (هندرێن خۆشناو) وراوێژکاری یاسایی (حوسامەدین سەرداری)، دەستەی هاوکاران: ( عەلی درویش، لوئەی کۆیی، دیار ئاکرەیی، سەلاح محمەد عەلی، عیسا خدر)، نەخشەساز وجوداکردنەوەی ڕەنگەکان (جەوهر فتاح)، لە بەرگی یەکەم ولە بەشی لای ڕاستی سەرەوەی گۆڤارەکە

وێنەیەکی کاریکاتێری هاتووە کە تابلۆیەکی لە باوەش گرتووە لێ ی نوسراوە (بە ڕەخنە وڵاتێکی بێ گەندەڵی وکۆمەڵگایەکی دیموکراسی بنیات دەنێین)[3].بروانە پاشکۆی ژمارە (٩).

لە لاپەڕەی (٢) (وڕێنەی ئەمجارە) بە پێنووسی سەرنووسەر هاتووە:

لەوانەیە خەڵکانێك هەبن لە هۆکاری دەرکردنی ئەم گۆڤارە بپرسن؟ وەڵامەکەش هەر وەکو باری سیاسی ئێستای عێراق زۆر ئاسانە! ئەم گۆڤارە زیادەیە هەر بۆ خۆشی دەری دەکەین،

---

[1] - د.فائق بطی ، سەرچاوە پێشوو،ل٦٤٢.

[2] - کاریکاتێر ، راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی، (هەولێر،چ،ژین،٢٠٠٤)،ل٢.

[3] - گۆڤاری تەنز وێنە، گۆڤارێکی کاریکاتیچری مانگانەیە، هەولێر،٢٠٠٦، ژمارە(١)،ل٢.

چونکه ماشەڵڵا کارەبا فولە وغاز وبەنزین ونەفت لە برانەو..........)[١].

هەرلە لاپەرە دوو کاریکاتێرێکی کەسێتی کوردی بە قەڵەمی هەندرین هاتووە کە دەڵێت: (حەکیمیە ..صدریە.. جعفەریە، بۆ ئێمە هەر بە روبەی تەق تەقییە)[٢].

لە لاپەڕەی (٩)ی ژمارە(١) چەند وەرگێرانێکی حەرفی هاتووە وەك[٣]:

صالح مطلق: سوحلوحی تەلاق دراو

علی سمیسم: عەلی کونجی

بیان جبر: ڕاگەیاندنی ماتماتیك

أحمەدچلبی: ئەحەی پێوە نوساو.......

ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێریە لە (١٥) لاپەڕە پێکهاتووە، چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە، (جگە لەو ڕۆژنامە وگۆڤار وبلاوکراوانەی سەرەوە، بلاوکراوەیەکی دەستنووسی تەنز بە شێوەیەکی سادە وساکار بە ناوی (نوقرچە) لە لایەن (خاڵە حەمرین)* وە لە هەولێر دەردەچوو) [٤].

خاڵە حەمرین هەر بە خۆی (نوقرچەی) دابەشی دەکرد بەتایبەتی لە چایخانەی (مەچکۆ لە هەولێر**) ،[٦] ساڵی دەرچوونی ڕوون نیە [٧].

بلاوکراوەکە لە چەند لاپەرەیەك پێکهاتبوو، شێوەی ڕۆژنامە وگۆڤاری نەبوو[٨].

ژمارە (٦٠)ی نوقرچە لە ژێرناوی (حیمارییات) لە ٢٠٠٦/٢/١٤ بلاوکراوەتەوە، ژمارە (٦٢)ی لە ٢٠٠٦/٢/١٦ بلاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە: (خاڵە حەمرین وپیری موغان ومامە

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل٢.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٩.

* خاڵە حەمرین ناوی تەواوی(عبدالرحمان ئەحمەد علی جاف)ە، لە ساڵی ١٩٤٥لە دایکبووە ولە ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوای کردووە، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ(زانای) کوڕی خاڵە حەمرین لە ٢٠١٢/٢/٨، هەولێر.

[4] - تاریق جامباز، پارێزەر ونوسەر، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٣/٧، هەولێر.

** چایخانەی (مەچکۆ) یەکێکە لە چایخانە بە ناوبانگەکانی شاری هەولێر وشوێنی کۆبونەوەی ئەدیب ونوسەر وهونەرمەندانی شارەکەیە.

[6] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣٩.

[٧] - عبداارحمن پاشا دەڵێت: لە ١٩٩٨ژمارە دووی (نوقرچە)م بینیوە، چاوپێکەوتنی توێژورلەگەڵ ڕۆژنامەنوس (عبدارحمن پاشا)لە ٢٠١٢/٦/١٩.

[٨] - عبدوڵڵا زەنگەنە، نوسەر ورۆژنامەنووس، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٨/٢٦، هەولێر.

یاخی ومامە خەمە بە هەرەوەزی دەری دەکەن)، ژمارە (٦٨)ی لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە وهەموو ژمارەکان بە دەست نووسراوەتەوە)* .

## پێنجەم: ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی تایبەتمەند بە تەنز:

خوێندکارانیش لە بواری تەنزدا هەوڵی زۆریان داوە بەڵام هیچ کام لەو ڕۆژنامە وبڵاوکراوانە تەمەنیان درێژ نەبووە، ماوەی دەرچوونیان لە (١٩٩٤)دەست پێدەکات بۆساڵی (٢٠٠٦)، توێژەر بەپێ ی ساڵی دەرچونیان دەیان خاتە ڕوو:بروانە خشتەی ژمارە (٩).

**١- فشقی تایمز – ١٩٩٤:**[١].

یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاری تەنز ئامێزی خوێندکارانە، ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ ژمارە (سفری) بە تیراژی (٤٠) دانەیی و(٨) لاپەڕەیی لە زانکۆی (سەلاحەدین) لە هەولێر لەلایەن چوار خوێندکارەوە دەرچووە.

لە سەرگۆڤارەکە نووسراوە: بڵاوکراوەیەکی مۆدێرنە، دوو هەفتە جارێك دەردەچێت، دەستەیەك لە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەری دەکەن[٢].

جێگری خاوەن ئیمتیازی (ملازم ئاسۆ)، سەرنووسەری (بەرزان قمە)، بەڕێوەبەر(ڕێزان)، خۆشنوسان (بەرزان ڕەسوڵ، ڕەهێڵ عبدوڵڵا)یە، ژمارە (١٨)ی لە ١٩٩٦/١٢/٣دەرچووە بە (١٠)لاپەڕەی قەبارەی (٢١×٣٣سم)، ژمارە (٢٨)ی لە ١٩٩٩/٤/٢٨دەرچووە بە (١٠) لاپەڕەی قەبارەی (٢١×٣٣سم)بووە. ستافی نووسین بەم شێوەیەیە: خاوەنی(عادل هیلال)، سەرنووسەر(بەرزان قادر عەلی)، جێگری سەرنووسەر(سێوە جەلال عومەر)، کاری هونەری (ئازاد عەلی)یە، ژمارە (٢٩)ی لە ١٥ی ئایاری ١٩٩٩دەرچووە[٣].

---

* - ئەو ژمارانە توێژەر لە (زانا)ی کوری خاڵە حەمرین وەریگرتووە لە ٢٠١٢/٢/٨ هەولێر.

1 - رۆژنامەنووس سەرچاوەی پێشوو،ل٩٥.

٢ - د.سەروەر سەرچاوە پێشوو،ل٩٥

٣ - هەمان سەرچاوە، ل٢٩٢.

## خشتەی ژمارە (٩)

## ژمارەیەك لە  رۆژنامەوگۆڤاری خوێندكاران تایبەتمەند بە تەنز

| ز | ناوی رۆژنامەوگۆڤار | ساڵی دەرچوون | سەرنوسەر | شوێنی دەرچوونی | ژمارەی دەرچوون | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | فشقی تایمز | ١٩٩٤ | بەرزان قەمە | هەولێر | | ژمارە (٢٩)لە١٥ی ئایاری ١٩٩٩دەرچووە |
| ٢- | دەهۆڵ | ١٩٩٧ | بەهرم مولود | ڕانیە | | |
| ٣- | بلاَوكراوەی گلێپە | ١٩٩٧ | | سلێمانی | | كۆمەڵەیخوێندكاران دەریان كردووە |
| ٤- | رۆژنامەی مێرووله | ١٩٩٧ | شاكر شەیدا | هەولێر | | ژمارە(٢)ی لە١٩٩٧/١١/٤دەرچووە |
| ٥- | یاساوڵ | ١٩٩٧ | | قەڵادزێ | | كۆمیتەی خوێندكارانی قەڵادزێ دەریان كردووە |
| ٦- | زرمە | ١٩٩٧ | | سلێمانی | | پەیمانگای سلێمانی |
| ٧- | كابرا | ١٩٩٧ | | سلێمانی | | ژمارە (٥) لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩٧دەرچووە |
| ٨- | فشقی ئاب | ١٩٩٧ | شەهێن بە هەڵوێست | شاری كۆیە | | یەك خوێندكار دەری كردووە |
| ٩- | ئەهوو | ١٩٩٨ | هێرش رسوڵ | رانیە | | كۆمیتەی خویندكاران |
| ١٠- | پەح | ١٩٩٩ | | | (٥)ژمارە | كۆمیتەی شۆرشی خوێندكاران |
| ١١- | دووبراكە | ١٩٩٩ | | سلێمانی | | پەیمانگای تەكنیكی |
| ١٢- | لات | ١٩٩٩ | لازار | سلێمانی | | پەیمانگای تەكنیكی |
| ١٣- | جیوی تایمز | ٢٠٠١ | مسعودحەسەن وسۆران عارف | سلێمانی | | |
| ١٤ | بزە | ٢٠٠٢ | دلاوەرحمە شەریف | | | |

**٢- دەهۆڵ – ١٩٩٧:**

بلاّوكراوەيەكی كاريكاتێری بوو، دەستەيەك لە خوێندكارانی پەيمانگای مەڵبەندی مامۆستايانی ڕانيە دەريان دەكرد، تەنها ژمارە (سفری) لە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٢/٢٢ دەرچووە بە چوار (٤) لاپەڕەی قەبارە (٢١×٣٢)سم، بەدەست نوسراوەتەوە، سەرنوسەری (بەهرام مولود)ە، بابەتەكانی بە شێوەی كۆميدی وتەنز بلاّوكراوەتەوە[1].

**٣- بلاّوكراوەی گلّپە - ١٩٩٧ :**

بلاّوكراوەيەكی گشتی مانگانە بووە، خواستەكانی خوێندكارانی بە شێوەی (گاڵتە ئامێز وپلاردان دەربڕيوە)، ژمارە (سفری) لە تشرينی يەكەمی ١٩٩٧ بە (٨) لاپەڕەی قەبارە (٢١×١٥)سم (گلّپە) بە كۆمپيوتەر چاپكراوە، لە لايەن ڕاگەياندنی لقی سلێمانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستانەوە دەركراوە[2].

**٤- ڕۆژنامەی مێروولە - ١٩٩٧ :**

ڕۆژنامەيەكی توانج هاوێژی گشتی يە، ئۆرگانی ناوەندی مێروولەكان دەری دەكات، ژمارە (٢)ی لە ڕۆژی دووشەممە ١٩٩٧/١١/٣بلاّوكراوەتەوە، ژمارە (٤)ی لە لە ١٩٩٧/١٢/٥ دەرچووە، سەرنوسەری (شاكر شەيدا)، شوێنی دەرچوونی شاری هەولێر قەبارەكەی (نيو فولسكاب) نرخەكەی يەك بەرخە [3].

**٥- ياساوڵ – ١٩٩٧:**

گۆڤارێكی كاريكاتێری بوو، كۆميتەی قەلاّدزێ ی كۆمەڵەی خوێندكاران كوردستان دەری دەكرد، ژمارە (١)ی لە كانوونی يەكەمی ١٩٩٧ دەرچووە بە (٢٠) لاپەڕەی قەبارەی (٢١×١٦،٥) سم دەرچووە، دەستەی سەرپەرشتياری پێكهاتووە لە: (عەلی چاوشين، ڕزگار كەشكۆڵ، پێشەوای خەتات)، ئەم گۆڤارە تايبەت بوو بە ڕەوشی خوێندكاران، بابەتەكانی بە شێوازی تەنز دەربڕدراون، جگە لەوە هۆنراوە وچيرۆكی تێدا بلاّوكراوەتەوە، ژمارەيەكی زۆر كاريكاتێری تێدا هاتووە، هەرچەندە بەدەست نوسراوەتەوە بە خەتێكی خۆش وبە فۆتۆكۆپی لە بەری گيراوەتەوە، ژمارە (٢)ی لە ١٩٩٨/١/٣ بلاّوكراوەتەوە بە (١٦) لاپەڕە[4].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧.

[3] - عبدوڵلاّ زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١.

[4] - د. سەروەر عبدالرحمان عومەر، ڕۆژنامەنووسی خوێندكارانی كوردستان، (سلێمانی: ڕۆژنامەی چاودێربە چاپی گەياندووە، ٢٠٠٩)، ل١٠٦.

**٦- زرمە – ١٩٩٧:**

**ڕۆژنامەیەکی کۆمیدی بوو لە لایەن دەستەیەك لە خوێندکارانی پەیمانگای مەڵبەندی سلێمانی دەردەچوو، لە لاپەڕەی یەکەمی هاتووە: (ڕۆژنامەیەکی سیاسی وڕامیاری ومنطقی وژیری وفەلسەفی وڕۆشنبیری وزانستی جیهانییە، تەنها لە ناو پەیمانگا دەردەچێت بە چەند بابەتێکی تێکەوڵاو وکوڵاو لە شێوەی تەلە تەلەفزیونی ملوەندا[1].**

**دەستەی نوسەرانی پێکهاتبوو لە: (سامان ئەحمەد، کاروان ئەنوەر، غەریب دەحمەد، عوسمان دەسعد، جوان بهاء الدین، کیژان جمیل، ناز کەمال، ڕوخۆش فایق، بەهرۆز نەورۆز، سۆران عومەر، ئاریان تۆفیق، زمکان عوسمان)[2].**

**ئەم ڕۆژنامەیە بە کۆمپیوتەر چاپ دەکرا وبە فۆتۆکۆپی لە بەری دەگیرایەوە، لە ڕووی نەخشەسازییەوە سادە وساکارە وسەرجەم بابەتەکانیشی بە شێوازێکی گاڵتە ئامێز نوسراون، ژمارە (٣)ی لە ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە، بە (١٢) لاپەڕەیە قەبارەی (١٦،٥×٢١سم)[3].**

**٧- کابرا – ١٩٩٧:**

**بڵاوکراوەیەکی کۆمیدی ڕەخنە ئامێزە، (١٥) ڕۆژ جارێك لە لایەن خوێندکارانی پۆلی شەشەمی زانستی لە ئامادەیی (ڕۆشنبیری ) کوڕانی سلێمانی بەهاوکاری کۆمەڵەی خوێندکارنی کوردستان لقی سلێمانی دەردەچوو، ژمارە (سفری ) لە (١٦) لاپەڕە وقەبارە (٨×١٠،٥)، ژمارە (١)ی (١٦) لاپەڕەیە وقەبارەی (١٠،٥×٨)سم، ژمارە (٥)ی (١٦) لاپەڕەیەو قەبارەی (٨×١٠،٥)سم، لە (١٥) ڕۆژ جارێك دەرچووە، لە ڕووی دیزایینەوە سادەو ساکارە، بە کۆمپیوتەر چاپکراوە، بە ئامێری کۆپی لەبەری گیراوەتەوە، شێوازی هونەری سادەیە، بابەتەکانی لەڕووی ڕۆژنامەنووسییەوە ئاستیان لاوازە وبە شێوەی گاڵتە جاڕی دەربڕاون، ئەم بڵاوکراوەیە مێژووی بە سەرەوە نیە )[4]. ژمارە((٥)ی لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە)[5].**

**دەستەی نووسەرانی پێکهاتووە لە: (عبدللّا غفور محمەد، کاروان تۆفیق زۆراب، هێرش حسێن رووف، جیانگیر محمەد کەریم)ن[6].**

---

[1] - د. سەروەر عبدالرحمان، رابەری ڕۆژنامە نووسی خوێندکاران ولاوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٣٠٠.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل٣٠٠.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٣٠٢.

[5] - د. فائق بطی، ،سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

[6] - د. سەروەر عبدالرحمن، ڕۆژنامەنووسی خوێندکارانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

### ٨- فشقی ئاب * - ١٩٩٧:

گۆڤارێکی گاڵتەجاڕی گشتی بوو، وا پێناسەی خۆی دەکات :بە تاقی تەنیامە، کەی زەوقم لێ بوو دەری دەکەم، سەرنووسەر: (شەهێن بە هەڵوێست)، جێگری سەرنووسەر: (هەر بە خۆمی دژ بە خیانەت)، ژمارە (١)ی (ساڵی لێم مەپرسن) لە ٢٦ی نیسانی ١٩٩٧لە شەقامی دڵداران لە کۆیە، بە (٨) لاپەڕە دەرچووە، ژمارە(٢)ی لە ٣٠ی ئایارو ژمارە (٣)ی لە ٣٠ی حوزیران دەرچووە، ژمارە (٤)ی لە ٣٠ی تەمموزی کە (١٠) لاپەڕەی قەبارە (٢١،٥×٣٣سم) دەرچووە، ژمارە (٥) کەدوا ژمارەیە لە لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٧دەرچووە، عبدوڵڵا زەنگەنە دەڵێت: (گۆڤارێکی گاڵتەجاری گشتی یە، ژمارە (٥)ی لە ئەرشیفی ناوەندی (برایەتی وخەبات) دیوە، مێژووی دەرچوونی بە سەرەوە نیە)[١].

### ٩- ئەهوو – ١٩٩٨:

توانج نامەیەکی ئیسلاحی کاریکاتێریە، کۆمیتەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ڕانیە هەر (١٥) ڕۆژجارێك دەری دەکات، بە قەبارەی (٢١×٣١،٦سم) بە شێوەی ڕەش وسپی[٢].

ژمارەی (١)ی لە ٦ی حوزیرانی ساڵی ١٩٩٨بە (٤) لاپەڕە دەرچووە، سەرنووسەری (هێرش رسوڵ)و جێگری سەرنووسەری( تاڵب حمد) ودەستەی نوسەران: (کارزان ڕسول، نەبەز رسول، محمەد ئەنور) بوون [٣].

ژمارە(٢)ی لە ٢١ی حوزەیران وژمارە (٣)ی لە ٦ی تەمموزی ١٩٩٨ دەرچووە ودەستەی نوسەرانی وای لێهاتووە: (تالیب حمد، شیبا محمەد، کارزان محمەد)، ژمارە(١٢)ی (١٢) لاپەڕە بووە لە لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨دەرچووە، بڵاوکراوەکە بە دەست نوسراوەتەوە وبە ئامێری فۆتۆکۆپی لە سەری گیراوەتەوە، لەگەڵئەوەشدا ئاستێکی سەرکەوتووی هەیە، بابەتەکانی کاریکاتێری تەنز بوون، هەرچەندە بڵاوکراوەیەکی خوێندکاری بووە، بەڵام بە هۆی تیر وتوانجە ڕەخنە ئامێزەکانیەوە بۆتە بڵاوکراوەیەکی جەماوەری شارۆچکەی ڕانیە وتیراژی گەیشتە (٢٠٠)دانە [٤].

---

* فشقی ئاب گۆڤارێکی گاڵتەجاڕی بوو، بەرامبەر بە کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە لایەن خوێندکارێکەوە دەرچووە، کە پۆلی شەشی وێژەیی بوو لە کۆیە، بڕوانە: سەروەر عبدالرحمان، رابەری ڕۆژنامە نووسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٠.

[١] - عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣.

[٢] - جمال خەزنەدار، ئینسکۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی، پێداچوونەوە: عەبدوڵڵازەنگەنە، ٢٠١١.

[3] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

[٤] - د. سەروەرعبدالرحمن، رابەری ڕۆژنامەنووسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤.

**١٠- پەح — ١٩٩٩:**

بڵاوكراوەیەكی تەنز بوو، كۆمیتەی شۆڕشی كۆمەڵەی خوێندكاران دەری دەكرد، ژمارەی (١)ی لە (١٥)ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٩و ژمارە (٥)ی لە هەمان مانگ دەرچووە، بە (١٠) لاپەڕەی قەبارە (A4) دەرچووە، ژمارە (٦)ی لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ دەرچووە بە (٨) لاپەڕەی قەبارە(١٦،٥×٢١سم)، بە گشتی ئاستی لاوازە وتا ژمارە (٥) بە دەست نووسراوەتەوە، بڵاوكراوەیەكی تەنزی ڕەخنەگرانەیە لە كاروباری خوێندكارانی ناوچەكە دەدوێت[١].

**١١- دووبراكە — ١٩٩٩:**

گۆڤارێكی گاڵتەئامێزی هەمەڕەنگ بوو، خوێندكارانی بە شی كارەبای پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی دووهەفتە جارێك دەریاندەكرد، ژمارە (١)ی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە وبە ١٠ لاپەڕەی قەبارە (١٥×٢١سم)، ژمارە (٢) ی لە هەمان ساڵدا دەرچووە[٢].

**١٢- لات — ١٩٩٩:**

پێناسەی خۆی وا دەكات: گۆڤارێكی گاڵتەجاڕی كەشكۆڵی هەمە لایەنەی تەنز ئامێزە ... ناو بە ناو بە پێ ی زەوقی گیرفانمان دەردەچێت، ژمارە (٥)ی لە ئازاری ١٩٩٩بە (٨) لاپەڕەی قەبارە (١٦×٢٢سم) لە پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی دەرچووە، بە دەست نووسراوەتەوە وبە ئامێری كۆپی لە بەری گیراوەتەوە، سەرنووسەری( لازار) بووە[٣].

**١٣- جیو تایمز -٢٠٠١:**

گۆڤارێكی كۆمەڵایەتی زانستی كاریكاتێری ڕەخنە ئامێز بووە، لە لایەن خوێندكارانی بەشی جوگرافیای كۆلیژی زانستە مروڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانیەوە دەردەچوو، ژمارە (سفری) لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١بە (٨) لاپەرە قەبارە (٢١،٥×٢٩،٥سم) دەرچووە[٤].

ژمارە (١)ی لە تشرینی یەكەمی هەمان ساڵ بە (١٢) لاپەڕەو دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی لقی زانكۆی سلێمانی (كۆمەڵەی خوێندكاران) بووە، سەرنوسەری مسعود حسەن وسۆران عارف بوون[٥].

---

[١] - هەمان سەرچاوە، ل٣٢٥.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل٣٣٨.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٣٤١.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل٤٢٨.

[٥] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢.

ژماره (٨)ی له كانوونی یەكەمی ٢٠٠٣دەرچووە، لەم ژمارەیە نوسراوە (مەسئولی نووسین وبەحر وبەر وكول فیكول: خالید حەسێن، هاوكاران: (دەلیل جەمال، پشتیوان سعدللا، ئەبو بەكر سلێمان، حەمرین خالد)ن[١].

**م- بزه [*] - ٢٠٠٢:**

گۆڤارێكی رەخنەگرانەی كاریكاتێریە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە رێگای كۆپیكردن بە قەبارەی (الفولسكاب) دەرچووە، سەرنووسەری (دلاوەر حمە شەریف) وجێگری سەرنوسەر (هەلگورد حمید نامیق) ودەستەی نوسەران: (جوزیف كەلاری وسامان محمەد وشارا عبدالكریم وجبار سمین)ن[٢].

لەگەڵ ئەوانەشدا چەند بڵاوكراوەیەكی دیكە دەرچوونە كە بەشێك لە بابەتەكانیان بە شێوەی كاریكاتێری وتەنز دەربڕیوە وەك: ((ڕوانگەی زانست)[* *] لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن كۆمەڵەی خوێندكارانەوە لە سلێمانی دەرچووە، ڕۆژنامەی (وەرچەرخان) [٣] لە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن (عمر عەبدوڵڵا) وسەرنوسەر (كیوان عبدوڵڵا)وە لە سلێمانی دەرچووە.

---

[١] - د. سەروەر عبدالرحمن، رابەری ڕۆژنامەنوسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٨.

[*] لە لایەن (كومەڵەی خوێندكارانەوە دەرچووە) بڕوانە د. سەروەر عبدالرحمن،، ڕابەری ڕۆژنامەنووسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.

[٢] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

[* *] لەلایەن خوێندكارانی بەشی پەرستاری زانكۆی سلێمانی بە هاوكاری كۆمەڵەی خوێندكاران دەرچووە، بڕوانە: د.سەروەر عبدالرحمن،ڕابەری ڕۆژنامەنووسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٣.

[٣] - د.فائق بطی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣٤.

# بەشی چوارەم

## پـــاری یەکـــەم: خاســـیەتە پیشـــەییەکانی گۆڤـــاری سیخورمە وئەنجامەکانی

## پاری دوەم: شیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤاری سیخورمە وئەنجامەکانی

# پـــاری یەكـــەم: خاســـیەتە پیشـــەییەكانی گۆڤـــاری سیخورمە وئەنجامەكانی:

## یەكەم: گۆڤاری سیخورمە:

گۆڤاری سیخورمە وەك یەكەم گۆڤاری تەنز لە پاش راپەرینی ١٩٩١ی لە هەرێمی كوردستان تەمەن درێژترین گۆڤار بووە لەو بوارەدا وپانتاییەكی گەورەی لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی بۆ خۆی تەرخانكردووە.

توێژەر لەخوارەوە باس لە بیرۆكەی دەركردنی گۆڤاری سیخورمە دەكات لە رێگای مێژووی دەرچوونی، دەستەی نووسەران، سەرچاوەی دارایی، سیاسەتی، گۆشەكانی، ئاستەنگەكانی بەردەم گۆڤاری سیخورمە، بەمشێوەیە:

## ١-بیرۆكەی دەركردنی گۆڤاری سیخورمە:

د.شیركۆ عبدولاّ سەرنوسەری گۆڤاری سیخورمە دەڵێت: (لە پاش پرۆسەی ئەنفالەكاندا كاتێك كە پێشمەرگە بووین چوینە ئێران، لە ئەنجامی خوێندنەوەی گۆشەكانی (دووكلیمە)و (حەرفی حساب) لە رۆژنامە (أطلاعات) كە گوڵ أغا دەی نووسین، هەروەها كاریگەری گۆڤارە تەنزەكانی (خۆرجین وفكاهە وگوڵ ئاغا)، وایانكرد هەست بەوە بكەین ئەمە شتێكی تازەیە، لەو بارەیەوە بۆشاییەكی گەورە لە رۆژنامەگەریی كوردیدا هەیە)[١].

لە پاش ڕاپەرین لەهەوڵدان بەردەوامبووم بۆ كاركردن لە بواری كاری تەنزدا، ئەوەبوو لە كۆتای ساڵی ١٩٩٦ (هێرۆخان)*، قسەی لەگەڵ كردم و وتی: كاتێك لە هەولێر بووم بیرۆكەیەكی وام هەبوو بەڵام كەسم نەدۆزیەوە، ئێستا دەزانم تۆ ئارەزووی ئەم نووسینانەت هەیە، بیرۆكەی دەركردنی گۆڤارێكی وامان هەیە، بەڵێنی هاوكاری ماددی ومەعنەوی پێماندا، ئەوكات لەگەڵ هونەرمەند (ئاكۆ غەریب) كەهونەرمەندێكی شێوەكار بوو، كارە هونەری وكاریكاتێریەكانی گرتە خۆی، ئەوەبوو لە كۆتای مانگی (١)ی ١٩٩٧ ژمارە (سفر) دەرچوو[٢].

---

١ - د. شیركۆ عبدللە، سەرنووسەری گۆڤاری سیخورمە، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٦/١٥، سلێمانی.

* (هیرۆ ئیبراهیم دەحمەد)، خاوەنی دەزگای راگەیاندنی خاك وخانمی یەكەمی عێراق وئەندامی (مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان).

٢ - د. شیركۆ عبدللە، چاوپێكەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو.

لەم بارەیەوە (ئاكۆ غەریب) سەرپەرشتیاری هونەری پێشووی گۆڤاری سیخورمە دەڵێت: (سەرەتا بیر لە دامەزراندنی راگەیاندنێكی سەربەخۆی وەك دەزگای خاك كرایەوە پاشان من ود. شێركۆعەبدوڵا وزاهیر سدیق لە گەڵ هێرۆخان بەیەكەوە دانیشتین بۆ قسە كردن لە سەر دەركردنی گۆڤاری سیخورمە)[1].

هەرچەندە پێشتر من هەوڵی خۆم هەبوو لەو بارەیەوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە ژێر كاریگەری گۆڤاری (گولْ أغا) بووم ئەو كاتی كە لە ئێران دەردەچوو، هێرۆخان بە خۆشی گۆڤاری تەنزی (تۆفیق)ی ئێرانی خوێندبۆوە، هەر لەو رۆژەوە دەست بە كاربووین وهونەرمەند (محەمەد فتاح)ی شێوە كارمان بانگهێشتكرد بۆ كاركردن لە گۆڤارەكە، بۆ شەویش تا بەیانی ژمارە (سفر)مان ئامادەكرد بەڵام ژمارە (سفر) تەنها ئەزموونی بوو[2].

لەم بارەیەوە محمد فتاح دەڵێت: (ژمارە سفرمان بە تێچوونێكی زۆر كەم وبە تایپی كۆن تایپ كردو (مۆنتیڤە)كانمان بە دەست وبە رەنگی رەش وسپی دەرمانچواند[3].

(یەكەمجار توانیمان بە رێگای ئەلكترۆنی وێنەی ڕەنگاورەنگ بخەینە سەر گۆڤارەكە، گۆڤاری سیخورمە لە دەرهێنان سەركەوتوو بووە وچاو ماندوو ناكات، تەسەنوع لە ڕەنگەكانیدا نییە)[4].

## ٢- هەڵبژاردنی ناوی سیخورمە:

((سیخورمە)لە بنەرەتدا وشەیەكی توركیە، بەڵام لەناو كوردیش ئەم وشەیە بەكاردەهێندرێت، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی پیرەكان زۆر بەكاری دەهێنن، مانای بە ئاگا هێنانەوەی كەسێكە بەهۆی پێداكێشانی خێراو بەهێزی (ئەنیشكی) كەسێكی دیكەوە)[5].

هونەرمەند ئاكۆغەریب دەڵێت: (حەڤدە ناوم لە بەر دەست دابوو من پێشنیاری (سیخورمە)م كرد، بۆ مێژووش ئەمە دەڵێم یەكێك لەوانەی پرسمان پێكرد لە سەر

---

١ - ئاكۆ غەریب، بەرێوەبەری هونەری پێشووی گۆڤاری سیخورمە وهونەرمەندی شێوەكار، چاوپێكەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٣/١/٥،سلێمانی.

٢ - هەمان سەرچاوە.

٣ - محەمەد فتاح، بەرێوەبەری هونەری گۆڤاری سیخورمە وهونەرمەندی شێوەكار، چاوپێكەوتنی توێژەر لە ٢٠١٢/١٢/٤، سلێمانی.

4 - د. شیركۆ عبدلله، چاوپێكەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو.

5 - هەمان سەرچاوە.

دەرکردنی گۆڤارێکی تەنز (د.کمال فواد)* بوو، چەند ناوێکی پێشنیار کردبوو یەکێك لەو ناوانەی ئەو پێشنیاری کردبوو (سیخورمە) بوو، لە کۆتایشدا بوو بە گۆڤاری سیخورمە)[١]

## ٣- مێژووی دەرچوونی گۆڤاری سیخورمە:

ژمارە (سفری) گۆڤاری سیخورمە لە (مانگی /١/ساڵی١٩٩٧)[2]دەرچووە، ژمارە (١)ی گۆڤاری سیخورمە لە مانگی/٢/ ساڵی١٩٩٧، دەرچووە بە رەنگاورەنگ وقەبارەکەی (٢١×٢٩)سم بوو، لە ١٦لاپەرە پێکهاتبوو)[3].

لە (ژمارە (١)وە تاکو ژمارە (١٩) لە چاپخانەی زانکۆ چاپ کراوە وزۆرترین ژمارەی دوای چاپخانەی زانکۆ لە چاپخانەی (دلێر) چاپکراوە، دواتر لە چاپخانەکانی (حەمدی) و(دێکان) بە چاپ گەیندراوە)[4].

(لە سەرەتاوە دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، ساڵی (٢٠٠٠) بە دواوە مانگی جارێگ گۆڤاری سیخورمە دەردەچێت، سەرەتا تیراژی (٥) هەزار دانەی لێدەردەچوو، پاشان تیراژەکەی دابەزیووە بۆ (٢٥٠٠). لە ماوەی پانزە ساڵ بەردەوام بووە وتا مانگی ١ ی ساڵی ٢٠١٣، (٢٢٠) ژمارەی لێدەرچووە، تائێستا بەردەوامە)[5].

لەم بارەیەوە د.هەڤاڵ ابوبکر رایەکی جیاوازتری هەیە لەسەر بیرۆکە وسەرەتای دەرچوونی گۆڤاری سیخورمە، بەمشێوەیە[٦]: بنەما وبیرۆکەی سیخورمە بۆ ئەو کاتە دەگەرێتەوە کە لە مانگی ٩ی ١٩٩٦ لە قاسمەرەش (٣)سێ ژمارەی رۆژنامەی تەنز دەرچوون بەناوی (کامپ) کە بەدەست نووسراون ولەلای ناوبراو(د.هەڤاڵ ابوبکر) پارێزراون. رای توێژەر ئەوەیە کە گۆڤاری سیخورمە یەکەم گۆڤاری تەنزە بە شیوەیەکی خولەکی لە سەرەتاوە دووهەفتەی جارێك و لە پاش سالی (٢٠٠٠)وە مانگی جارێك بەبەردەوامی دەردەچێت.

---

* (د.کمال فواد) سیاستمەدارو نووسەریکی گەورەی کوردە تا گۆنگرەی (٣)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئە ندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە.

[١] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ هەنەرمەند ورۆژنامەنووس( ئاکۆ غەریب) سەرچاوەی پێشوو.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە (سفر) مانگی /١٩٩٧/١، سلێمانی.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە (١) سلێمانی، چاپخانەی زانکۆ، شوباتی ١٩٩٧، ل١٥.

[4] - ئاکۆ غەریب، چاوپێکەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو..

[5] - د. شیرکۆ عبدللە، چاوپێکەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو.

[6] --د.هەڤاڵ ابوبکر، مامۆستای زانکۆ ونوسەر ورۆژنامەنووس، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٣/٢/٢١، سلێمانی.

## ٤- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سیخورمە:

بۆ بەڕێوەبردنی گۆڤاری سیخورمە دەستەی نووسەران بەم شێوەیە پێکهات، لە سەرەتاوە: خاوەنی ئیمتیاز: ئاراس شێخ جەنگی، سەرنووسەر: د.شیرکۆ عەبدوڵا، بەڕێوەبەری هونەری: ئاکۆ غەریب)[1].

دەرهێنانی:[2] (ئەمیر رەزا، بەکر قەساب، کارزان محمەد رەمزی)، کاری هونەری: (محمەد فەتاح، سائیر بدری، مشکی زادە)، سەرپەرشتیاری کارەکانی کۆمپیوتەری: ئالان عومەر، دەرهێنانی کۆمپیوتەری: مەریوان عومەر، تایپێست: بازیان جەلال، جیاکردنەوەی رەنگەکان: کارزان محمەد نادر، چاودێری چاپ: فەرهاد ئەحمەد.

وە لە ژمارە (٢١٨) ستافی گۆڤاری سیخورمە وا هاتووە:[3] بەرپرسی بەرو بەحر(ئاراس شیخ جەنگی)، باشکاتب (د.شێرکۆ عەبدوڵا)، پینە وپەرۆ سەقەتکردنی رەنگەکان (مەریوان عومەر)، خەلفە شاگردەکان (محەمەد فەتاح، ئاکۆ ئیبراهیم، پاسار شێرکۆ، کارزان محەمەد رەمزی).

چەند کەسێکیش لەدەرەوەی ستافی گۆڤاری سیخورمە هاوکاربوونە، لەوبارەیەوە د.شێرکۆ عەبدوڵا دەڵێت:[4] (سەرەتا دوو هاوکارمان نووسینیان بۆ دەناردین بۆ گۆشەی داغستانی من، بە داخەوە بەهۆی کێشەوە وازیان هێنا، ژنێك بە ناوی (مامۆستا کوێستان) نووسینی بۆ دەناردین زۆر بە توانا بوو، نەشی دەویست دەربکەوێت بە داخەوە ئێستا هاوکاری گۆڤارەکەمان ناکات).

## ٥- سەرچاوەی دارایی گۆڤاری سیخورمە:

گۆڤاری سیخورمە بە شێکە لە دەزگای خاك، بارەگاکەشی لە ناو بارەگای خاکە، لە سەرەتاوە مانگانە (٣)سێ هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرابوو، (٥) رۆژنامەنووس لە گۆڤارەکە کاردەکەن، (٤) چوار هاوکاری هەیە، ئەمانە موچەکانیان لە لایەن سکرتاریەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)وە بۆ دابینکراوە[5].

بەڵام بە هۆی بڕانی ئەو هاوکارییەی کە حکومەت دەیدا بە دەزگای خاك لەساڵی (٢٠١٠)، گۆڤاری سیخورمەش تووشی قەیرانی دارایی بوو، هەرچەندە گۆڤاری سیخورمە

---

[1] - ئاکۆ غەریب، چاوپێکەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو..

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٧٠، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە ١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٠، ل١٥.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢١٨، سلێمانی چاپخانەی (حەمدی)، لە کانونی یەکەمی ٢٠١١، ل١٦.

[4] - د. شیرکۆ عبدلله، چاوپێکەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو.

[5] - هەمان سەرچاوە.

**مانگانە دەردەچێت، بەڵام بە هۆی گرفتی داراییەوە جار جار وەستاوە، ئێستا گۆڤاری سیخورمە بڕی ٧٠٪ تێچونی خۆی بەدەست دەهێنێت)[1].**

## ٦- سیاسەتی گۆڤاری سیخورمە:

**(گۆڤاری سیخورمە ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە نووسینی ڕەخنەی تەنزدا کە دەیاننووسێت، کەمجار رووی داوە کەسێك لە هەرەمی دەسەڵات بێت پشتگیری لە گۆڤار ورۆژنامەی تەنز بکات، لە سوریا پشتگیری رۆژنامەنووسانی تەنزنووس (دورید لحام) و(ماروت) دەکرا[2].**

**لە ئێرانیش پشتگیری لە تەنزنووس (گولْ أغا) دەکرا، لای ئێمەش روویدا گۆڤاری سیخورمە دەرچوو، بە درێژایی مێژوو هیچ نووسەرێکی ڕەخنەگر بە تایبەتی ڕەخنەگری (ساخر) لە سەنگەری دەسەڵات نەبووە[3].**

**دەرچوونی گۆڤاری سیخورمە وەك ڕووداوێك وابوو، خەڵك سڵی لێدەکردەوە، لە سەر نووسینەکانی گۆڤاری سیخورمە چەندین جار (ئیجرائات) ولێکۆلینەوە ولێپرسینەوەم لەگەڵداکراوە، خۆم وەك سەرنووسەری گۆڤاری سیخورمە دووجار لە دادگا داواکراوم وجارێکیان لە سەر وێنەیەکی کاریکاتێری بوو برادەرێك لە ئاستی مەکتەبی سیاسی حزبێك وێنەکەی هێنابووە سەرخۆی، جارێکی دیکەش وەزیرێك بوو دەیگوت یان دەبێت گۆڤاری سیخورمە دابخرێت یان من دەست لە کار دەکێشمەوە، راستە هێڵە سوورەکان زۆرن بەڵام ئێمە هەر بەردەوامدەبین[4].**

## ٧- گۆشەکانی گۆڤاری سیخورمە

**بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ژمارەیەك لە گۆشە دیارەکانی گۆڤاری سیخورمە دەخاتەڕوو:**

**(حەقە ورەقە)، (سوعبەت لەگەڵ بڵاوکراوەکان)، (تەنزیلات)، (کتێب وا دەفەرموێ)، (مەعێن)،(بۆ حەوزەکە)، (بیرەوەریوەکان)، (زاخاوی مەراق)، ( ڕەبتی تیانیە)، (خرتکە وپرتکە)، (باش، خراپ، خراپتر)، (بە ئیجازەی حاجی تۆفیق)، (تەفسیری شیعر)، (وردە قسەی زل)، (داغستانی من)، ئەوەی جێگای تێبینییە گۆڤاری سیخورمە لە سەرەتای**

---

[1] - هەمان سەرچاوە.
[2] - هەمان سەرچاوە.
[3] - هەمان سەرچاوە.
[4] - هەمان سەرچاوە.

دەرچوونییەوە ژمارییەك لە گۆشەكانی بە جێگیری ماوەتەوە، ژمارەیەكیش لابراوە وگۆشەی تازە زیادی كردووە وگۆڕانی بە سەرداهاتووە.

## ٨- ئاستەنگەكانی بەردەم گۆڤاری سیخورمە:*

سەرنووسەری گۆڤاری سیخورمە لە درێژەی چاوپێكەتنی توێژەر لەگەڵیدا كە تایبەت بوو بە گۆڤاری سیخورمە وئەم توێژینەوەیە،ژمارەیەك ئاستەنگی دیاریكردوە هەروەها بەشێك لە ئاستەنگەكان لە ئەنجامی وڵامدانەوەی فۆرمی خاسیەتە پیشەیەكانەوە هاتووە كە بەمشێوەیە ئاستەنگەكانی بەردەم گۆڤاری سیخورمە دەخاتە ڕوو[1]:

### یەكەم: ئاستەنگی سیاسی:

سەرنوسەری گۆڤاری سیخورمە دەڵێت: كاركردن لە گۆڤارێكی تەنزی وەك سیخورمە زۆرگرانە وەك ئەوەی تۆ رۆژنامەنووسێكی سەربەخۆی ئەگەر لە سەر گرفتێكی سیاسی قسە بكەی دەبێت رەچاوی بەرژەوەندی گشتی  وبارودۆخی كوردستان بكەی، هەرچەندە (هێرۆخان)، بە ئێمەی نەگوتووە، چ بنووسین وچی نەنووسین، بەڵام دەبێت رەچاوی پێگەی سیاسی ئەو بكەین، هەروەها ئاسەواری دوو ئیدارەیی وشەرەكانی ناوخۆ زۆر جار ئاستەنگ بوونە لە بەردەم گۆڤاری سیخورمەدا.

### دووەم: ئاستەنگی هونەری:

یەكێك لە ئاستەنگەكانی گۆڤاری سیخورمە نەبوونی كاریكاتێرستی بە توانایە، هەروەها نەبوونی تەنزنووسی خاوەن ئەزمون وكارا.

### سێیەم: ئاستەنگی كۆمەڵایەتی:

یەكێك لە سانسۆرەكانی سەرگۆڤاری سیخورمە ئەوەیە گۆڤاری سیخورمە دەچێتە هەموو ماڵێك دەبێت رەچاوی جەماوەری خوێنەرەكانت بكەیت ورەچاوی كۆمەڵگای كوردەواری بكەین.

---

* - فۆرمی خاسیەتە پیشەیەكان بە شێك لە ئاستەنگەكانی دیاری كردوە كە خۆی دەبینیتەوە لە (١٧) پرسیارو وڵامدانەوەكەی لە (١٧) فۆرم پێك هاتووە.

[1] - د. شێركۆ هەمان هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## چوارەم: ئاستەنگی دارایی:[1]

زۆر جار بیر لە باشترکردنی گۆڤاری سیخورمە کراوەتەوە، لە زیادکردنی کارمەند وکاریکاتێریستی بەتوانا ودیزاینی باشتر وزیادکردنی پەیامنێرەکانمانەوە، بەڵام گرفتی دارایی بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتنی گۆڤارەکەدا.

## پێنجەم: ئاستەنگی دابەشکردن:

دابەشکردن یەکێکە لە گرفتەکانی گۆڤاری سیخورمە کە بگاتە هەموو شار وشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، هەرچەند (متعهد)مان هەیە بەڵام گرفتی خۆی هەیە، هەرچەندە لەسەر تۆری ئینتەرنێتیشدا گۆڤاری سیخورمە بڵاودەبێتەوە.

بەمشێوەیە گۆڤاری سیخورمە لە نێو ئێش وئازار وسەختییەکانی ژیانی ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی کۆمەڵگای کوردەواری لە دایکبوو، بەو ئامانجەی کە لە رێگای ناوەرۆکە تەنزەکانییەوە بتوانێت کەمێك لە ئێش وئازارەکانی تاکی کورد کەم بکاتەوە.

**لەمبارەیەوە رای چەند رۆژنامەنوس ورۆشنبیرێك دەربارەی گۆڤاری سیخورمە وەردەگرین، بەمشێوەیە:**

دەربارەی گۆڤاری سیخورمە سەلام عبدوللە دەڵێت: (لە پاش راپەرینەوە ژمارەیەك گۆڤاری تەنز لە هەرێمی کوردستان دەرچوون، کە ئاستەکانیان لە گۆڤارێکەوە بۆگۆڤارێکی دیکە جیاوازە، لە ناویاندا گۆڤاری سیخورمە ئاستی لە هەموویان بەرزترە وباشترینیانە چونکە بە تەواوی لە قاڵبی گۆڤارێکی تەنز دایە)[2].

هەروەها لەوبارەیەوە تاریق کارێزی دەڵێت:(گۆڤاری سیخورمە یەکێکە لە گۆڤارە باشەکانی تەنز بەڵام ئێستا ئەو ئاستەی جارانی نییە لە هەموو لایەنەکانییەوە)[3].

بەشێوەیەکیتر محمەد قادر باس لە گۆڤاری سیخورمە دەکات: (گۆڤاری سیخورمە جیاوازی لەگەڵ گۆڤاری (گەپ)ئەوەیە گۆڤاری سیخورمە گرنگی زیاتر دەدات بە نووسینی تەنز وگۆڤاری گەپ بۆگەیاندنی پەیامەکەی زیاتر پشت بە وێنەی کاریکاتێری دەبەستێت)[4].

---

[1] - هەمان سەرچاوەی .

[2] - سەلام عبدوللە، سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی خەبات، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٦/٢٦، هەولێر.

[3] - تاریق کارێزی، نووسەر لە گۆڤاری صوت الاخر ورەخنەگر، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٧/٢، هەولێر.

4 - محمەد قادر، سەرنووسەری گۆڤاری گەپ، چاوپێکەوتنی توێژەر، لە ٢٠١٢/٧/١، هەولێر.

## دووەم: خاسیەتە پیشەییەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا:

بۆ زیاتر دەرخستنی کاری رۆژنامەوانی لە گۆڤاری سیخورمە توێژەر فورمێکی راپرسی بۆ ئەو رۆژنامە نوسانە ئامادەکرد کە ئەرکی دەرکردنی گۆڤاری سیخورمەیان لە ئەستۆدایە، واتە توێژەر لە رێگای فۆرمەوە بۆ نێرەرانی پەیامی تەنزی سیخورمە فۆرمەکە ئاراستەیانکراوە، فۆرمەکە پێکدێت لە (١٧) پرسیار وخشتە وزانیاری تەواو لە سەر پیشە وتەمەن وئاستی خوێندەواری وئەزموونی کارکردن وئاستەنگەکان .....هتد، کە تایبەتە بە (خاسیەتە پیشییەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا)*، بەم شێوەیە:

**یەکەم: رەگەز:**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە (٢)خانەی (نێرو مێ)، کۆی رۆژنامەنووسان کەلە گۆڤاری سیخورمەداکار دەکەن (٦)رۆژنامەنووسن کەسەرجەمیان پیاون، واتە بەرێژەی سەدی(١٠٠٪)، واتا رۆژنامەنووسی (ژن) لە گۆڤاری سیخورمەدا کارناکات، بروانە خشتەی ژمارە (١٠).

**خشتەی (١٠)**

**رەگەز رۆژنامەنوسان**

| رەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٦ | ٪١٠٠ |
| مێ | - | - |
| کۆ | ٦ | ١٠٠ |

---

* ئەم فۆرمە بە هاوکاری مامۆستایان سەرپەرشتیار(د.فواد علی) ود.ابراهیم سعید، لە بەشی راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە.

**دووەم: تەمەن:**

**ئەم خشتەیە پێکدێت لە (٥)خانە، ئاستی یەکەم (١٨-٢٧) ژمارەی نییە، ئاستی دووەم (٢٨-٣٧) ژمارەی (١)و بە رێژەی سەدی (١٦،٦٦٦)ە، ئاستی سێیەم (٣٨- ٤٧) ژمارەی (٤)و بە رێژەی سەدی (٦٦،٦٦٦)، ئاستی چوارەم (٤٨-٥٧)و ژمارە (١)و بە رێژەی سەدی (١٦،٦٦٦)، ئاستی پێنجەم (٥٨)ساڵ بە سەرەوە ژمارەی نییە، بروانە خشتەی ژمارە(١١).**

**توێژەر بۆی دەرکەوت رۆژنامەنووسی لە سەرووی تەمەن ٥٧ ساڵ لە گۆڤاری سیخورمەدا کار ناکەن.**

**بروانە خشتەی (١١)**

**تەمەنی رۆژنامەنوسان**

| تەمەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١٨-٢٧ساڵ | - | - |
| ٢٨-٣٧ساڵ | ١ | ١٦.٦٦٦ |
| ٣٨-٤٧ساڵ | ٤ | ٦٦،٦٦٦ |
| ٤٨-٥٧ساڵ | ١ | ١٦.٦٦٦ |
| ٥٨ساڵ زیاتر | - | - |
| کۆ | ٦ | ١٠٠ |

**سێیەم: ئاستی خوێندەواری:**

**ئەم خشتەیە پێکدێت لە (٥)خانەی ئاستی خوێندەواری، (ناوەندی ژمارە (١)و بەرێژەی سەدی (١٦،٦٦٦) وئامادەیی ژمارەی نییە، دبلۆم ژمارەی (٢)و بەرێژەی سەدی (٢٣،٣٣٣)، بە کالۆریۆس ژمارەی (٣)و بەرێژەی سەدی (٥٠٪)، ماستەر ودکتۆرا ژمارەی نیە)، بروانە خشتەی ژمارە(١٢).**

**خشتەی (١٢)**

**ئاستی خوێندەواری**

| خوێندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ناوەندی | ١ | ١٦،٦٦٦ |
| ئامادەیی | - | - |
| دبلۆم | ٢ | ٣٣،٣٣٣ |
| بەكالۆریۆس | ٣ | ٥٠،٠٠٠ |
| ماستەر ودكتۆرا | - | - |
| كۆ | ٦ | ١٠٠ |

**چوارەم: زمان:**

**ئەو زمانانە چین كە توانای نوسین وقسەكردنت پێی هەیە جگە لە كوردی؟**

ئەم خشتەیە پێكدێت لە (٢)خانەی زمان، یەكەم (عەرەبی) ژمارەی (٥) وبەرێژەی سەدی (٥٥،٥٥٥)، دووەم (ئینگلیزی) ژمارە (٤)و بەرێژەی سەدی (٤٤،٤٤٤)، بروانە خشتەی ژمارە(١٣)

**خشتەی (١٣)**

**زانینی زمانەكان**

| زمان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| عەرەبی | ٥ | ٥٥،٥٥٥ |
| ئینگلیزی | ٤ | ٤٤،٤٤٤ |
| كۆ | ٩ | ٪١٠٠ |

**پێنجەم: کارکردن لە کەناڵێکی دیکە:**

**پێش کارکردنت لە گۆڤاری سیخورمەدا لە هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنی تردا کارت کردووە؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە (٢) خانە، (بەڵێ) ژمارە (٢)و بەرێژەی سەدی (٣٣،٣٣٣)بە دەستهێناوەو، (نەخێر) ژمارە (٤) و بەرێژەی سەدی( ٦٦،٦٦٦)ی بە دەستهێناوە، بروانە خشتەی ژمارە(١٤).

**خشتەی (١٤)**

**کارکردن لە کەناڵەکانی دیکە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢ | ٣٣،٣٣٣ |
| نەخێر | ٤ | ٦٦،٦٦٦ |
| کۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

**شەشەم: ماوەی کارکردن لە گۆڤاری سیخورمەدا:**

**چەند ساڵ خزمەتت لە گۆڤاری سیخورمەدا هەیە؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە سێ خانە: خزمەتکردن لە(١-٥) ساڵ ژمارەی نیە وە خزمەتکردن لە (٦-١٠)ساڵ نیە، خزمەتکردن لە (١٠) ساڵ زیاتر (٦)و بەرێژەی سەدی (٪١٠٠)ە، بروانە خشتەی ژمارە (١٥).

**خشتەی (١٥)**

**ماوەی کارکردن لەگوڤارەکە**

| ساڵی خزمەت | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١-٥ ساڵ | - | - |
| ٦-١٠ساڵ | - | - |
| ١٠ساڵ زیاتر | ٦ | ١٠٠ |
| کۆ | | ٪١٠٠ |

**حەوتەم: بەشداریکردن لە خول:**

**لە هیچ خولێکی پیشەیی لە بواری کارەکەتدا بەشداریت کردووە؟**

ژمارەی بەڵێ (١)و بەرێژەی سەدی (١٦،٦٦٦)و، ژمارەی نەخێر (٥)و بە رێژەی سەدی (٨٣،٣٣٣)یە، بروانە خشتەی ژمارە(١٦).

**خشتەی (١٦)**

**بەشداریکردن لە خول**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١ | ١٦،٦٦٦ |
| نەخێر | ٥ | ٨٣،٣٣٣ |
| کۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

**هەشتەم: زانیاری خول:**

**ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ)یە ئایا زانیاری خولەکەت لە بواری کارەکەتدا جێبەجێکردووە؟**

لە سێ خانە پێکدێت خانەی یەکەم(زۆر) ژمارەی(٢) وەرگرتووە بەرێژەی(٣٣،٣٣٣)، خانەی دووەم (کەم) ژمارەی(٣) وەرگرتووە بەرێژەی(٥٠،٠٠٠)،، خانەی سێیەم (کارم پێ نەکردووە) ژمارەی(١) وەرگرتووە بەرێژەی(١٦،٦٦٦)، بروانە خشتەی ژمارە (١٧).

**خشتەی (١٧)**

**زانیاری خول**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٢ | ٣٣،٣٣٣ |
| کەم | ٣ | ٥٠،٠٠٠ |
| کارم پێ نەکردووە | ١ | ١٦،٦٦٦ |
| کۆ | ١ | ٪١٠٠ |

**نۆیەم: ئاستەنگ:**

**هیچ ئاستەنگێك لە بواری کارەکەتدا دێتە پێشت؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە (٢)خانە، (بەڵێ) (٤) ژمارەی وەرگرتووە بەرێژەی سەدی (٦٦،٦٦٦)، (نەخێر)(٢) ژمارەی وەرگرتووە بەرێژەی سەدی (٣٣،٣٣٣)، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨).

یەك لەو ئاستەنگانەی کە چوار بەڵێ ی وەرگرتووە (کەمی سەرچاوە)یە کە لە وەڵامی فۆرمەکاندا هاتووە.

**خشتەی (١٨)**

**ئاستەنگ لە بواری کارکردندا**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤ | ٦٦،٦٦٦ |
| نەخێر | ٢ | ٣٣،٣٣٣ |
| کۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

**دەیەم: بابەتە تەنزەکان:**

**دەو فاکتەر وپێوەرانە دیاریبکە کە ڕۆڵیان لە دیاریکردنی بابەتە تەنزەکاندا هەیە.**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٩) خانە، (سیاسەتی دەوڵەت) ژمارەی (٤)و بەرێژەی سەدی (١٧،٣٩١)و، (سیاسەتی گۆڤارەکە) ژمارەی(٦)و بەرێژەی سەدی (٢٦،٠٨٦)، (سەرچاوەی ڕاگەیاندن) ژمارەی(٥)و بەرێژەی سەدی(٢١،٧٣٩)و، (کۆت وبەندە یاسایەکان) ژمارەی (٢)و بەرێژەی سەدی(٨،٦٩٥)، (گرنگی وجۆری بابەتەکە) ژمارەی (٢)و بەرێژەی سەدی (٨،٦٩٥)و، (قەناعەتی خودی) ژمارەی(١)و بەرێژەی سەدی(٤.٤٤٧)و، (کاتەکانی بڵاوکردنەوە) ژمارەی (١)و بەرێژەی سەدی (٤،٤٤٧)و، داواکاری وئارەزووی جەماوەر ژمارەی (٢)و ڕێژەی سەدی (٨،٦٩٥)و، خانەی هیتر ژمارەی وەرنەگرتووە، بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩)**

**بابەتە تەنزەکان**

| فاکتەر وپێوەرەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سیاسەتی گۆڤارەکە | ٦ | ٢٦،٠٨٦ |
| سەرچاوەکانی راگەیاندن | ٥ | ٢١،٧٣٩ |
| سیاسەتی دەوڵەت | ٤ | ١٧,٣٩١ |
| کۆت وبەندە یاساییەکان | ٢ | ٨،٦٩٥ |
| گرنگی وجۆری بابەتەکە | ٢ | ٨،٦٩٥ |
| داواکاری وئارەزوەکانی جەماوەر | ٢ | ٨،٦٩٥ |
| کاتەکانی بلاْوکردنەوە | ١ | ٤،٤٣٧ |
| قەناعەتی خودی | ١ | ٤،٤٣٧ |
| هیتر | - | - |
| کۆ | ٢٣* | ٪١٠٠ |

**یانزدەیەم: نووسینی تەنز:**

**-ئەو فاکتەرانە چین کە رەچاوی دەکەیت لە کاتی نوسینی بابەتی تەنزدا؟**

**ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٥)خانە، یەکەم خانەی (پێداویستی وداواکارییەکانی جەماوەر) ژمارەی (٤) وبەرێژەی سەدی (٣٣،٣٣٣)و، خانەی دووەم (سیاسەتی گۆڤارەکە)**

---

*راستە ژمارەی رۆژنامەنووسانی گۆڤاری سیخورمە کە سامپلی راپرسییەکەیە ژمارەیان(٦)ە، بەلاْم لێرە کۆی وەلاْمەکان(٢٣) دەرچووە، چونکە ژمارەی وەلاْمەکان پرسیاری کراوە وهەڵبژاردنی سەربەست وچەند وەلاْمێکە بۆ هەریەك لە رۆژنامەنوسانی گۆڤاری سیخورمە و لە یەك وەلاْم زیاتر هەڵدەبژێرن.

ژمارەی (٣)و بەرێژەی سەدی (٢٥٪)و، (گواستنەوەی راستییەکان) ژمارەی (٤)و بەرێژەی سەدی (٣٣،٣٣٣)و، (رازیکردنی خود) ژمارەی (١)و بەرێژەی سەدی (٨،٣٣٣)و، خانەی هیتر ژمارەی وەرنەگرتووە بروانە خشتەی ژمارە (٢٠).

**خشتەی (٢٠)**

**رەچاوکردنی فاکتەرەکان**

| فاکتەرەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| پێویستییەداواکراوەکانی جەماوەر | ٤ | ٣٣،٣٣٣ |
| سیاسەتی گۆڤارەکە | ٣ | ٢٥،٠٠٠ |
| گواستنەوەی راستییەکان وەك خۆی | ٤ | ٣٣،٣٣٣ |
| رازیکردنی خود | ١ | ٨،٣٣٣ |
| هیتر | - | - |
| کۆ | ١٢ | ٪١٠٠ |

**دوانزەیەم: سیاسەتی دەرهێنانی گۆڤارەکە:**

**گۆڤارەکە هیچ سیاسەتێکی تەحریری هەیە ؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٢)خانە، (بەڵێ) ژمارەی (٦)و بەرێژەی سەدی (١٠٠)و، خانەی (نەخێر) ژمارەی وەرنەگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە(٢١).

بە پێی وەڵامی فۆرمەکە سەرجەم ستافی دەرکردنی گۆڤاری سیخورمە لە سیاسەتی گۆڤارەکە رازین و وەڵامی بۆچی نەدراوەتەوە.

**خشتەی (٢١)**

**سیاسەتی تحریر**

| وەلاّمەكان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەلێ | ٦ | ٪١٠٠ |
| نەخێر | - | - |
| كۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

**سێزدەم: سیاسەتی تەحریری گۆڤارەكە:**

**كێ لە سیاسەتی تەحریری گۆڤارەكە بەرپرسە؟**

**ئەم خشتەیە پێكدێت لە(٦)خانە، (خاوەنی ئیمتیاز) ژمارەی (١)و بەرێژەی سەدی (١٤،٢٨٥)، (بەرێوەبەری نووسین)ژمارەی (٦)و بەرێژەی سەدی (٨٥،٧١٤)و، (ئەنجومەنی ئیدارە، دەستەی نووسەران، كەسایەتیەكان، هیتر) ژمارەیان وەرنەگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە (٢٢).**

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**بەرپرسی سیاسەتی تحریر**

| بەرپرسی تەحریر | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| خاوەنی ئیمتیاز | ١ | ١٤،٢٨٥ |
| بەرێوەبەری نوسین | ٦ | ٨٥،٧١٤ |
| ئەنجومونی ئیدارە | - | - |
| دەستەی نووسەران | - | - |
| كەسایەتییەكان | - | - |
| هیتر | - | - |
| كۆ | *٧ | ٪١٠٠ |

* راستە ژمارەی رۆژنامەنووسانی گۆڤاری سیخورمە كە سامپلی راپرسییەكەیە ژمارەیان(٦)ە، بەلاّم لێرە كۆی وەلاّمەكان(٧) دەرچووە، چونكە ژمارەی وەلاّمەكان پرسیاری كراوە وهەلّبژاردنی سەربەست وچەند وەلاّمێكە بۆ هەریەك لە رۆژنامەنوسانی گۆڤاری سیخورمە و لە یەك وەلاّم زیاتر هەلّدەبژێرن.

**چواردەیەم: سیاسەتی گۆڤارەکە:**

**ئایا بەشداریت لە دیاریکردنی سیاسەتی گۆڤارەکە؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٢)خانە لە خانەی یەکەم (بەڵێ) ژمارەی (٥)و بەرێژەی سەدی (٨٣،٣٣٣)، لە خانەی دووەم (نەخێر) ژمارە (١)و بەرێژەی سەدی (١٦،٦٦٦)، . بروانە خشتەی ژمارە (٢٣).

لە برگەی دووەمی پرسیارەکە هاتووە ئەگەر وڵامەکەت (بەڵێ) بوو ئایا بەشداریت چییە لە سیاسەتی گۆڤارەکە؟

(٥) پێنج رۆژنامەنووسان بەشدارن لە سیاسەتی گۆڤارەکە، (٤) چوار رۆژنامەنووس گفتوگۆ لەسەر سیاسەتی رۆژنامەکە دەکەن، (٣) رۆژنامە نووس بەشداری لە ئامادەکردن رۆژنامەکە دەکەن، (٢)رۆژنامەنووس بەشداری دەکەن لە دانی پێشنیازو راسپاردە.*

**خشتەی (٢٣)**

**سیاسەتی گۆڤارەکە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ٨٣،٣٣٣ |
| نەخێر | ١ | ١٦،٦٦٦ |
| کۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

**پانزەیەم: سەرچاوەی زانیاری:**

**ئەو سەرچاوە زانیاریانە چین کە پشتی پێدەبەستن؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٢)خانە، سەرچاوەی دەرەکی ژمارەی (٢)و بەرێژەی سەدی (٣٣،٣٣٣)و، سەرچاوە ناوخۆییەکان ژمارەی (٤) وبەرێژەی سەدی (٦٦،٦٦٦)، بروانە خشتەی ژمارە (٢٤).

---

*راستە ژمارەی رۆژنامەنووسانی گۆڤاری سیخورمە کە سامپلی راپرسییەکەیە ژمارەیان(٦)ە، بەڵام لێرە کۆی وەڵامەکان(١٤) دەرچووە، چونکە ژمارەی وەڵامەکان پرسیاری کراوە وهەڵبژاردنی سەربەست وچەند وەڵامێکە بۆ هەریەك لە رۆژنامەنوسانی گۆڤاری سیخورمە و لە یەك وەڵام زیاتر هەڵدەبژێرن.

**خشتەی (٢٤)**

**سەرچاوەی زانیاری**

| سەرچاوەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سەرچاوە دەرەکییەکان | ٢ | ٣٣،٣٣٣ |
| سەرچاوە ناوخۆییەکان | ٤ | ٦٦،٦٦٦ |
| کۆ | ٦ | ١٠٠ |

**شانزەیەم: وێنە کاریکاتێرییەکان.**

**-بە شێوەیەکی سەرەکی تووشی کێشە دەبن لە کاتی پشت بەستن بە وێنە کاریکاتێرییەکاندا؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٢)خانە، (بەڵێ) ژمارە (٢)و بەرێژەی سەدی (٢٥٪)، یەك لەو ئاستەنگانەی کە ئاماژەی بۆ کراوە (ئاستەنگی هونەرییە)، لە خانەی دووەم (نەخێر) ژمارەی (٤) وبەرێژەی سەدی (٧٥٪)، بروانە خشتەی ژمارە (٢٥).

**خشتەی (٢٥)**

**ئاستەنگی هونەری**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢ | ٢٥ |
| نەخێر | ٤ | ٧٥ |
| کۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

**حەڤدەیەم: رای جەماوەر:**

**ئایا رای جەماوەر لەسەر ئاستی گۆڤارەکەتان وەردەگرن؟**

ئەم خشتەیە پێکدێت لە(٢)خانە، (بەڵێ) ژمارە (٦)و بەرێژەی سەدی (٪١٠٠)، لە (نەخێر) ژمارەی وەرنەگرتووە. بروانە خشتەی ژمارە (٢٦).

له برگەی دووەمی پرسیارەکە کە لە فۆرمەکەدا هاتووە کە چۆن ئەم رایە وەردەگیرێت؟ وەڵامی (تێبینی کەسی) (٥)پێنج وەڵامە، لە وەڵامی (تویژینەوە) (١)یەك وەڵامە، لە وەڵامی (پەیوەندی تەلەفۆنی)(٤) وەڵامە.*

**خشتەی (٢٦)**

**رای جەماوەر**

| وەڵامەکان | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦ | ٪١٠٠ |
| نەخێر | - | - |
| کۆ | ٦ | ٪١٠٠ |

* راستە ژمارەی رۆژنامەنووسانی گۆڤاری سیخورمە کە سامپلی راپرسییەکەیە ژمارەیان(٦)ە، بەڵام لێرە کۆی وەڵامەکان(١٠) دەرچووە، چونکە ژمارەی وەڵامەکان پرسیاری کراوە وهەڵبژاردنی سەربەست وچەند وەڵامێکە بۆ هەریەك لە رۆژنامەنوسانی گۆڤاری سیخورمە و لە یەك وەڵام زیاتر هەڵدەبژێرن.

# پاری دووەم: شیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤاری سیخورمە وئە نجامەکانی

## پێناسەی بابەتی شیکردنەوەکان

مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە گۆڤاری سیخورمە بە چ شێوازێك بابەتە تەنزەکانی خستۆتە ڕوو، ئەمەی لای خوارەوە ئەو شێوازە نوسینە تەنزەکانن کە بە شێوازی شیکردنەوەی پاشینە(تحليل بعدي) ئەنجامدراون کە شێوازێکی باوی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندنە، ئەو شێواز وژانرە ڕاگەیاندن وهونەریانەی گۆڤاری سیخورمە بەم شێوەیەی خوارەوە لەلایەن توێژەرەوە دەستنیشانکراون وشیکردنەوەیان بۆ کراوە کە بریتین لە (٢٧) بیست وحەوت خشتە.

**١-: شێوە هونەرییەکانی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا:**

١-١- کاریکاتێر لە گۆڤاری سیخورمەدا: ئەو وێنە کاریکاتێرییانە دەگرێتەوە کە ڕوونکردنەوەیان لە سەرە یان بێ ڕوونکردنەوەن بە مەبەستی ڕەخنەگرتن دەخرێنە ڕوو کە لە لایەن هونەرمەندانی کوردەوە کێشراون یان لەبڵاوکراوە جیهانییەکانەوە وەرگیراون.

١-٢- نووسینی تەنز: هەموو ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە لە گۆڤاری سیخورمە بە شێوەی ڕەخنەی تەنز ئاراستەکراون وەك:( شیعر، سەرگوزشتە، وتار، کۆمێنت، چیرۆك).

١-٣- هێلکاری و یەکتربڕ: ئەو بابەتانە دەگرێتەوە بەشێوەی تەنزو هێلکاری لە پێش ودوالاپەڕەی گۆڤاری سیخورمە کەلە هەموو ژمارەکان خراونەتە ڕوو.

**٢-: شێوە نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا:**

مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی گۆڤاری سیخورمە چ شێوە نووسینێکی تەنزی خستۆتە ڕوو، هەوڵی داوە بە پێ ی تایبەتمەندێتی ناوەرۆکی ژانرە ئەدەبی ورۆژنامەوانییەکانی گۆڤاری سیخورمە شیبکاتەوە.

٢-١- شیعر: ئەو شیعرانە دەگرێتەخۆی کە بە مەبەست نووسراون بەشێوەی ڕەخنەی تەنزی وسادەوساکار، کە هەڵگری قافیەو ئاوازن.

٢-٢- سەرگوزشتە: بەسەرهات وپەندی پێشینان وقسەی زانایان دەگرێتەوە، کە بە شێوەی گاڵتەجاری خراونەتە ڕوو لە گۆڤاری سیخورمەدا، ناوی نووسەرەکانیان خوازراوە.

٢-٣- وتار: ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە هەڵگری شێوەنووسینی تەنزن، ئاراستەی ئەو کارانە دەکرێت کە دیاردەی ڕۆژانەی سەلبین.

٢-٤- **كۆمێنت (پلار) (تعليق):** كورتە نووسینی تیرئاسا بە شێوەی رەخنەوتەوس وپلارەوە ئاراستە كراون.

٢-٥- **چیرۆك:** ئەو چیرۆكانە دەگرێتەوە كە بە شێوەیەكی سادەی تەنز خراونەتە ڕوو.

**٣-: جۆری نوسینە تەنزەكان:**

ناوەڕۆكی نوسینە تەنزەكانی سیخورمەی تێدا خراوەتەڕوو كە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە (سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی، كلتوری، تەندروستی، پەروردەو فێركردن، خزمەتگوزاری، ئاسایشی، ژینگەی).

٣-١- **سیاسی:** كۆی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە كە پەیوەندیان بە سیاسەتی هەرێم وعێراق وهەرێمایەتی وجیهانییەوە هەیە.

٣-٢- ئابوری: ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە كەپەیوەندیان بە داهات وخەرجیەوە هەیە.

٣-٣- **كۆمەڵایەتی:** بریتییە لە نوسینە تەنزەكان دەربارەی داب ونەریت وبەها كۆمەڵایەتییەكان وگۆڕانی پەیوەندی..تاد.

٣-٤- **كلتوری:** هەموو ئەو بابەتە ڕۆشنبیری و كلتوریانە دەگرێتەوە كە بە شێوەی گاڵتەجاڕی خراونەتە ڕوو، لایەنە مەعنەویەكەی وەك: (زمان، ئاین، رۆشنبیری گشتی) لایەنە مادیەكەی وەك: (جل و بەرگ، چەك، خواردن) دەگرێتەوە.

٣-٥- **تەندروستی:** ئەو نووسینە تەنزانە دەگرێتەوە كە پەیوەندیان (بە نێوانی پزیشك ونەخۆش ونۆرینگەكان وداودەرمان ونەخۆشخانە وچارەسەرە مللییەكانەوە هەیە)،

٣-٦- **پەروردەو فێركردن:** نوسینی تەنزە لە بواری پرۆسەی خوێندن وزانستی لە خوێندنگاو زانكۆكاندا.

٣-٧- **خزمەتگوزاری:** هەموو بوارەكانی خزمەتگوزاری دەگرێتەوە لە بواری (كارەبا، رێگاوبان، ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان)،.

٣-٨- **ئاسایش:** ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە كە پەیوەندیان بە ئاسایش وپاراستنی ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

٣-٩- **ژینگە:** ئەو نووسینە تەنزانە دەگرێتەوە كەپەیوەندیان بە ژینگەی هەرێمی كوردستانەوە هەیە.

### ٤-: تەنزە سیاسییەکان بە گوێرەی ناوچەکان:

نوسینە تەنزە سیاسییەکان بە گوێرەی ناوچەکان، کەپێکدێت لە (هەرێمی کوردستان، ناوچە جێناکۆکەکان، کۆماری عێراق، هەرێمایەتی، جیهان).

٤-١- **هەرێمی کوردستان**: هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك دەگرێتەوەو دەسەڵاتێکی سیاسی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵی بەڕێوەی دەبات.

٤-٢- **ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم**: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کێشەوململانێ ی لەسەرە لە نێوان حکومەتی ناوەندوهەرێمی کوردستان. زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن وتائیستا نەگەڕاونەتەوە سەرهەرێمی کوردستان، ماددەی (١٤٠) یەکێکە لەو ماددانەی لە دەستوری عێراقی هاتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وەك ناوچە کێشە لە سەرەکانی کەرکوك وخانەقین ومەنەلی ومخمورو شەنگاڵ ...تاد).

٤-٣- **عێراق**: هەموو ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە دەربارەی عێراق نووسراون، عێراق پێکدێت لە ١٨ پارێزگا لە تەواوی کۆماری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

٤-٤- **دەوڵەتانی هەرێمایەتی**: ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە سنوریان نزیکن لە هەرێمی کوردستان وعێراق ڕەخنەی تەنزیان لە گۆڤاری سیخورمە ئاراستەکراوە، وەك: (سوریا، ئێران، تورکیا...تاد)

٤-٥- **جیهان**: جگە لە وڵاتانی ئیقلیمی وعێراق وهەرێمی کوردستان، هەموو ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە کە دەربارەی تەواوی وڵاتانی سەرگۆی زەوی نوسراون.

### ٥-: تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان:

ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان: باس لەو گیروگرفتە سیاسیانە دەکات کە ڕووبەڕووی هەرێمی کودستان دەبێتەوە وکاریگەری لە سەر پرۆسەی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی هەیە.

### ٦- تەنز دەربارەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا:

نوسینی تەنز دەربارەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان: مافە دیوکراسیەکان دەگرێتەوە وەك: ( ڕۆژنامەگەریی، خۆپیشاندان، هەڵبژاردن ).

### ٧-: تەنز دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم:

ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکان دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم(باس لەو بەربەست وئاستەنگانە دەکات کەدێنە سەر ڕێگای گەرانەوەی ئەوناوچانە بۆ سەر

هەرێمی کوردستان، وەك: ململانێ ی نێوان پارتە کوردییەکان، سستی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)...تاد).

**٨-: تەنز دەربارەی عێراق:**

ناوەڕۆکی نوسینی تەنز دەربارەی عێراق لە گۆڤاری سیخورمە( پەیوەندی بەو گرفتە سیاسیانەوە هەیە کە ئەمڕۆ عێراقی پێدا تێپەڕ دەبێت لە ڕووی: (پیادەکردنی دیموکراسی ودانی دەسەڵات بە هەرێمی کوردستان و رووبەروبونەوەی تیرۆر ودەستتێوەردانی دەرەکی).

**٩-: تەنزی ئابوری:**

ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی ئابوری لە گۆڤاری سیخورمە بریتیە لە (بەرهەم هێنان، دابەش کردن، بەکاربردن (أستهلاك).

**١٠- تەنزی بەرهەمهێنان:**

بابەتەکانی تەنزی بەرهەمهێنان دەخاتە ڕوو، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە داهاتەوە هەیە وەك: (دەرهێنانی نەوت، گومرك، باج ).

**١١-: تەنزی دابەشکردن:**

ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکانی دابەشکردن دەخاتەڕوو کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە  وەك: دابەشکردنی (سوتەمەنی، مووچە).

**١٢-: تەنزی بەکاربردن:**

نوسینی تەنزی بەکاربردن ڕووندەکاتەوە کە بریتیە لە: بەکارهێنانی ئەو ئامێرو کاڵاو خواردنانە کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە ڕۆژانە بە کاردەبرێت).

**١٣-: تەنزی هاوەردەکردن:**

ناوەرۆکی نووسینی تەنز دەربارەی هاوەردەکردنی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك: (خواردن وکاڵا).

**١٤-: تەنزە کۆمەڵایەتییەکان:**

ناوەڕۆکی نوسینە تەنزە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کەپێکدێت لە: (گرفتی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی).

### ١٥-: تەنزی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان:

ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کۆی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن (بە کێشەی خێزانی وکۆچکردن لە سەرجەم ئاستەکانی (تەمەن، رەگەز، پیشە، خوگرتن بە مادە هۆشبەرەکانەوە).

### ١٦-: تەنزی گرفتە خێزانییەکان:

نووسینی تەنزی گرفتە خێزانییەکان بریتیە لە کۆی کێشەکانی خێزانی وەك: (کێشەی ژنان وپیاوان، کێشەی نێوان کوڕو باوك، کچ وخوازبێنی و دیاردەی دووژنە).

### ١٧-: تەنزی گرفتی کۆچکردنی لاوان:

نوسینی تەنز دەربارەی گرفتی کۆچکردنی لاوان دەگرێتە خۆی وەك: (کۆچکردن دیاردەیەکی سەلبییە ودەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی مرۆیی وزیادبوونی قەیرەی کچان... تاد).

### ١٨-: تەنزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

نوسینی تەنز دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتەکانی (داب ونەریت وبەها کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی پەیوەندیکردن دەگرێتە خۆی.

### ١٩- تەنز دەربارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی:

نوسینی تەنز دەربارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو کە بریتییە لە: (پابەندبوون بە یاساکان ویاسای هاتووچۆ وکاروباری ناو دادگاکان وسولحە عەشاییرییەکان).

### ٢٠- تەنزی کلتوری ماددی ومەعنەوەی:

نوسینی تەنز دەربارەی کلتور دابەشدەبێت بۆ دووجۆر وەك: ( ماددی ومەعنەوەی) کە بە شێکی گرنگی شارستانیەت و ژیانی کوردەواری لە هەرێمی کوردستان دەخاتە روو.

### ٢١: تەنزی کلتوری ماددی:

نوسینی تەنزی کلتوری: ئەو بابەتە کلتوریە (ماددی)یانە دەگرێتەوە وەك:(جل وبەرگ، خانووبەرە، چەك وتەقەمەنی...تاد).

### ٢٢- تەنزی کلتوری مەعنەوی:

نووسینی تەنزی کلتوری: هەموو ئەو بابەتە رۆشنبیری وکلتوریە (مەعنەوی) یانە دەگرێتەوە وەك: (زمان، ئاین، بیروباوەڕ...تاد).

**٢٣- تەنزی تەندروستی:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی تەندروستی دەخاتەڕوو: وەك (پزیشك ونەخۆش، بەکارهێنانی دەرمان، چارەسەری میللی، پاك وخاوێنی).**

**٢٤-: تەنزی پەروردە وفێرکردن:**

**ناوەڕۆکی نوسینی تەنز دەربارەی پەروردەو فێرکردن (پرۆسەی خوێندن وفێرکردن وئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە).**

**٢٥: تەنزی خزمەتگوزاری:**

**نوسینە تەنزەکانی خزمەتگوزاری دەگرێتەوە وەك: (کارەبا، خوێندنگا، ڕێگاوبان، گەشتوگوزار).**

**٢٦-: تەنزی ئاسایش:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری ئاسایش برتییە لە (پاراستنی سەروماڵی هاولأتیان وسیستەمی سیاسی لە ولأت).**

**٢٧-: تەنزی ژینگە:**

**نوسینی تەنزی ژینگە بریتیە لە (سەوزکردن وکەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە وەك: بە فیڕۆدانی ئاو ودوکەڵ وتۆزی کارگەکان وخۆڵ وخاشاکی ناو شارەکان).**

## یەکەم: شێوە هونەرییەکانی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا:

**شیکردنەوەی ناوەرۆك بۆ گۆڤاری سیخورمە لەو خشتانەی خوارەوەدا هاتووە کە روونکردنەوەی برگەکانی و پۆلێنکردنی لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی شیکردنەوەکەدایە.**

**لە خشتەی ژمارە(٢٧) توێژەر (شێوە هونەرییەکانی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە) دەخاتەروو کە خانەی یەکەمی (ناوەرۆك)ی بابەتەکەی تێدا هاتووە، لە خانەی دووەم ژمارەی (دووبارە)ی تێدا هاتووە، لە خانەی سێیەم (ڕێژەی سەدی) دیاریکراوە.**

**جیاوازی لەگەڵ توێژینەوەی پێشووی شیما رشید عبدالحمیداوی (نامەی ماستەر) بە ناوی (مجالات استخدام الكاريكاتير فى الصحافة العراقية)[1]ئەوەیە لەو توێژینەوەیە برگەی**

---

[1] - شیماْ رشید عبدالحمیداوی، (مجالات أستخدام الكاريكاتير فى الصحافة العراقية دراسة تحليلية للرسوم الكاريكاتيرية فى فى جرائد ( الصباح و الزمان و التأخي)، ل٩٨.

(پێوانە) هەیە بۆ کاریکاتێرەکان، چونکە تەنها شیکردنەوە بۆ ناوەرۆکی کاریکاتێر دەکات، لە سێ رۆژنامەی رۆژانەی سیاسی کاریکاتێرەکان وەرگیراوە.

**توێژەر شیکردنەوەی ناوەرۆکی بۆ خشتەکان کردووە بە پێ ی پێویستی بابەتەکان، نمونەی گونجاوی بۆ هێناوەتەوە.**

برگەی یەکەم گرنگیدانی گۆڤاری سیخورمە بە (نووسینی تەنز)ە، ژمارەی دووبارەی نووسینەکان (١٣٠٩)یە رێژەی سەدی کە زیاترە لە پێکهاتەکانی دیکەی گۆڤاری سیخورمە دەکاتە (٦١،٣٦٨٪)، لەو برگەیە توێژەر بۆی دەرکەوت نووسینی تەنز رێژەکەی زیاترە لە وێنەی کاریکاتێر، ئەمەش نا هاوسەنگی دروستکردووە، لە گۆڤاری سیخورمەدا.

برگەی دووەم کە گرنگیدانە بە وێنەی(کاریکاتێر)* لە گۆڤاری سیخورمەدا ژمارەی دووبارەی (٧٦٧) ورێژەی سەدەی (٣٥،٩٥٨)ی ژمارەی بابەتی وێنەی کاریکاتێری لە گۆڤاری سیخورمەی پێکهێناوە.

برگەی سێیەم گرنگیدانە بە (هێلکاری ویەکتربڕ) پێکهاتەی سێیەمە لە گۆڤاری سیخورمە، ژمارەی دووبارەیان (٥٧)و، رێژەی سەدی (٢،٦٧٢)، بروانە خشتەی ژمارە (٢٧).

**خشتەی (٢٧)**

**شێوە هونەرییەکانی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا**

| شێوە هونەرەکانی تەنز | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نوسینی تەنز | ١٣٠٩ | ٦١،٣٦٨ |
| کاریکاتێر | ٧٦٧ | ٣٥،٩٥٨ |
| هێڵکاری و یەکتربڕ | ٥٧ | ٢،٦٧٢ |
| کۆی گشتی | ٢١٣٣ | ٪١٠٠ |

## دووەم: شێوە نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا: **

لە خشتەی ژمارە(٢٨) توێژەر شێوە نوسینەکانی تەنز دەخاتە ڕوو کە پێکدێت لە پێنج برگە، لە برگەی یەکەمی (شیعر) هاتووە: ژمارەی دوبارەی شیعر لە گۆڤاری سیخورمە (١٧٣) وە رێژەی سەدی (١٣،٢١٦)، شیعرەکان هەندێکجار وەك هەواڵ

* وێنە کاریکاتێریەکان شیکردنەوەی ناوەرۆکیان بۆ نەکراوە تەنها ئاماژە بە ژمارەکانیان کراوە، لە بەرئەوەی لە دەرەوەی ئامانجی توێژینەوەکەیە.

* * وەك تێبینیەکی توێژەر، ژانرە ئەدەبییەکان وژانرە رۆژنامەوانیەکان بەیەکەوە دەتوانن بابەتە تەنزەکان بەرهەم بهێنن، هەرنوسینێکی تەنز بەبێ ژانرە ئەدەبیەکان وەك لاشەیکی بێ گیانە، (توێژەر).

[1]- گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٨٦، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، (١)ی نیسانی ٢٠٠٩، ل١.

**خراونەتــەروو بـۆ چارەســەرکردنی کۆمــەڵێك کێشــە لــە هــەرێمی کوردســتان، شـێوازی دارشتنەکان و وشـەکانیان بـە زمـانێکی ناوچـەیی زۆر سـادە نووسـراون، کـە وەك لایـەنێکی لاواز لە شیعرەکان تەمەشا دەکرێن. نمونە :[١] کەژاوەی مەسئول لە دوور دیارە**

**مەسەلەی کەرکوك بوو بە تەیارە.**

**لە برگەی دووەم (سەرگوزەشت)ە دێت کە ژمارەی دوبارەی لە گۆڤاری سیخورمە (٢٥٨) وریێژەی سەدی (١٩،٧٠٩)، بۆ چارەسەری گرفتەکان رێژەیەکی باشی نووسینی لە گۆڤاری سیخورمەی داگیرکردووە، لەزۆربەی سەرگوزشتەکان داهێنانی تێداکراوە، لە کاتی خوێندنەوەیدا وا هەستدەکەی دیمەنی دیاردە سەلبیەکە وەك وێنەیەکی کاریکاتێر دەبینرێت.**

**نموونە: (ویستم نیو کیلۆ خەفەت بۆ ئەو سێ چوار ماڵە عەرەبە بخۆم کە لای تانجەرۆوە خێمەیان هەڵڵاوە کە چی تەمەشا دەکەم شەش سەیارەی ئاخیر مۆدێلیان لەو لاوە راگرتووە)[٢].**

**برگەی سێیەم لە خشتەی دووەم (وتار)ە، ژمارەی دوبارە لە گۆڤاری سیخورمە (١٠١) وریێژەی سەدی (٧١٥،٧)، بە رای توێژەر کاریگەری وتار کەمترە لە شیعرو کۆمێنت وسەرگوزشتە، چیرۆك، بەڵام هەندێکجار لە وتارێکی تەنز تەعبیرکردن لە دیاردە سەلبیەکان ئاسان ترە لە ژانرە ئەدبییەکانی دیکە.**

**نمونە: (بە بیانیوی قەڵاچۆکردنی فەسادەوە لە دائیرەکانا کۆمەڵێك وردبین وتەقریرنووس وچاودێر تەعین دەبن وبەمەش چەمکێکی گەورەی موشکیلەی بێکاری بە بەرنامەی حکومەتەوە گرێ دەدرێ...)[٣].**

**لە برگەی چوارەم کۆمێنت (تعلیق) دێت کە ژمارەی دووبارە بۆ (کۆمێنت) (٦٦٩) و رێژەی سەدەی (٥١،١٠٧)، زۆرترین رێژەی نووسینی تەنزی لە گۆڤاری سیخورمەی داگیرکردوە، هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەدات توێژەر پێ ی وایە (کۆمێنت) بە هێزترین ژانری رۆژنامەوانییە لە بواری رۆژنامەگەریی تەنزدا بە خستنەرووی دیاردە خراپ ونەشیاوەکانی کۆمەڵگە، لە گۆڤاری سیخورمە.**

**نمونە: (هێلکەکانی کورد لە سەبەتەی ئەمریکادایە)[٤].**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٨، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە (١)ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧، ل١٠

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٥

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٤٠، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، لە (١)ی حوزیرانی ٢٠٠٥، ل٩.

[٤] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١٠.

برگەی پێنجەم (چیرۆك)ە، ژمارەی دووبارەی چیرۆك لە گۆڤاری سیخورمە (١٠٨) وریێژەی سەدی (٨،٢٥٠)، گۆڤاری سیخورمە بە شێوەی چیرۆکی تەنز هەوڵ دەدات گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابورییەکان بخاتە روو، چیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبی لە گۆڤاری سیخورمە، بواری رەخنەگرتن تێدا لە ژانرەکانی دیکە فراوانترە، لە ژمارەیەکی زۆری چیرۆکەکان ئاستی هونەری زۆر بەرزە ودەشێت وەك کورتە فلیمی تەنز سوودی لێ وەربگیرێت.

نمونە: خاکەنازەکە نەختێك لە قەوانە فیشەکەکە وردبۆوەو قەدەرێکی باش ئەمدیوو ئەودیوی پێ کرد و ئینجا روویکردە پاچەکەو وتی...[١]، بروانەی خشتەی ژمارە (٢٨).

**خشتەی (٢٨).**

**شێوە نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا**

| شێوە نووسین | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شیعر | ١٧٣ | ١٣،٢١٦ |
| سەرگوزشتە | ٢٥٨ | ١٩،٧٠٩ |
| وتار | ١٠١ | ٧،٧١٥ |
| کۆمێنت | ٦٦٩ | ٥١،١٠٧ |
| چیرۆك | ١٠٨ | ٨،٢٥٠ |
| کۆی گشتی | ١٣٠٩ | ٪١٠٠ |

## سێیەم: جۆری نوسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا:

لە خشتەی ژمارە (٢٩) نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە بە پێ ی جۆر هاتووە، لایەنە سەلبییەکان بە پێ ی جۆرو گرنگی بابەتەکە لە گۆڤاری سیخورمە باسدەکات، توێژەر بەپێ ی زنجیرەی خشتەکانی داهاتووی شیکردنەوەی بۆ ئەنجام داوە کە(٩)نۆ برگەن، بروانە خشتەی ژمارە(٢٩).

لە برگەی یەکەم ئەو تەنزانە نوسراون دەربارەی بەڕێوەچونی (سیاسەت)ە لە هەرێم کوردستان، ژمارەی دوبارە (٢٦٠)ە و رێژەی سەدی (١٩،٨٦٢)، پلەی دووەمی لە گۆڤاری سیخورمە وەرگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤).

نمونە: (لە مەکتەبەی عامە کۆرێکی سیاسی رێکخرا بۆ خوێندکارانی کۆلێژی زانستە سیاسیەکان بە سەرپەرشتی سەنتەری عێلی جاف)[١].

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠٣، سلێمانی، چاپخانەی حمدی، لە ئەیلولی ٢٠١٠، ل٨.

له برگەی دووەم نووسینە تەنزە (ئابوری) یەکان دێت کە ژمارەی دووبارەی لە گۆڤاری سیخورمە (١٩٥) وریێژەی سەدەی (١٤،٨٩٦)، پلەی سێیەمی لە گۆڤاری سیخورمە وەرگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤).

نمونە : لە بەغدا گیرفانی حکومەتی هەرێم دەبڕن.[٢]

له برگەی سێیەم بابەتە تەنزە (کۆمەڵایەتی)ەکان هاتووە، کە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنزی کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری سیخورمە (٣٠٣) یەو ڕێژەی سەدی (٢٣،١٤٧)، پلەی یەکەمی لە گۆڤاری سیخورمە بەرکەوتووە، بروانە خشتەی ژمارە(٥٤).

نمونە: (ماچ کردنی پیاوی جگەرە خۆر عەینەن لستنەوەی تەپلەکی جگەرەیە)[٣] .

له بڕگەی پێنجەم نووسینی تەنزی (کلتور)ی دێت کە ژمارەی دووبارەی لەگۆڤاری سیخورمە (١٩٧) و ڕێژەی سەدی (١٥،٠٤٩)، پلەی چوارەمی لە گۆڤاری سیخورمە بەرکەوتووە، بروانە خشتەی ژمارەی (٥٤).

نمونە: صابوونمان ناوێ، دەست و پل ناشۆین

هاتووین چوار بەلەم قبوڵی و قەل بخۆین

مادام بەلاشە ئەم سفرەو خوانە

شۆڤلێش بێنی ئێمە هەر نارۆین[٤].

له برگەی پێنجەم بابەتی تەنز دەربارەی (تەندروستی) هاتووە، کە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز  لە گۆڤاری سیخورمە(١١٥) یەو ڕێژەی سەدی (٨،٧٨٥)، پلەی پێنجەمی لە گۆڤاری سیخورمە وەرگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤).

نمونە: ڕێنمایی تەندروستی: کاکی برا ..چاوە راستەکەم.. گەر دەتەوێ منالاٌنی کوردستان نەخۆشی ئیفلیجیان لە کۆڵ بێتەوە، گەر حەز دەکەی مەلاریا ئینقراض بکات، ئەوا لە سەر نەسیحەتی تەلەفزیونی سوسیالیست دەسبەجێ سەردانی پەیام بفەرموو، جووتێ کلاٌشی ئەبوبەکری چاوەڕێتە)[٥].

---

[١]- گۆڤاری سیخورمە، ژمارە١٣٨، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، لە ١ی نیسانی ٢٠٠٥، ل١.

[٢]- گۆڤاری سیخورمە، ژمارە١٧٢، سلێمانی، چاپخانەی دلێر،١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١٦.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٩، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی دووەم ٢٠٠٧، ل٨.

[٤]- گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٩١، لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣، ل١.

[٥] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٧٥،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١٥ی ئایاری ٢٠٠٠، ل١٥.

**له برگەی شەشەم (پەروردەو فێرکردن)ە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر پەروردەو فێرکردن (٦٧) وە ڕێژەی سەدی (٥،١١٨)، پلەی حەوتەمی وەرگرتوە لە گۆڤاری سیخورمە، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤).**

**نمونە: جەماوەر: قوتابخانەیەکی ئەڵمانی لە هەولێر دەکرێتەوە**

**سیخورمە: وەڵا بابە لە کوردییەکە زۆرمان هەڵتڕان نۆرەی ئەڵمانیە)[١].**

**لە برگەی حەوتەم (خزمەتگوزاری) دەگرێتەوە، کە ژمارەی دووبارەی نووسین تەنز دەربارەی خزمەتگوزاری لە گۆڤاری سیخورمە (٨٨) و ڕێژەی سەدی (٦،٧٢٢)، پلەی شەشەمی لە گۆڤاری سیخورمە وەرگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە(٥٤).**

**نمونە:[٢] تەمەشای چی کەین؟ حەوشەی ماڵە دراوسێ؟ ڕێگەی مەروێ و شاناخسێ؟**

**هی سیستەمی ئیداری؟ وەزعی ئاوو مەجاری...؟**

**برگەی حەوتەم: نوسینی تەنز دەربارەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارەی دووبارە (٤٤) ڕێژەی سەدی (٣،٣٦١)، پلەی هەشتەمی لە گۆڤاری سیخورمە وەرگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤).**

**نمونە: ( ئەحوٚلیان کرد بە ئاسایش، یەخەی مرورێکی گرت وتی بۆچی لە بەیانییەوە لێرا ڕاوەستاویت)[٣].**

**برگەی هەشتەم: نووسینی تەنز دەربارەی (ژینگە) لە هەرێمی کوردستان هاتووە، ژمارەی دووبارەی لە گۆڤاری سیخورمە (٤٠) ڕێژەی سەدی (٣،٠٥٥)، پلەی نۆیەمی لە گۆڤاری سیخورمە وەرگرتووە، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤).**

**نمونە:[٤]( بە چی یەوە بنازین؟ بە ژینگەی ژەهراوییمان؟**

**بە پاشەڵی گواویمان)؟.**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە،ژمارە ١٧١، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە١ی کانونی ٢٠٠٨، ل٤.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٥، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، ١ی ئەیلولی ٢٠٠٦، ل١.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠..

[٤] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٠، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، ١ی کانونی یەکەم ٢٠٠٧، ل١٦.

**خشتەی (٢٩)**

**جۆری نوسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا**

| جۆری نووسین | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سیاسی | ٢٦٠ | ١٩،٨٦٢ |
| ئابوری | ١٩٥ | ١٤،٨٩٦ |
| کۆمەڵایەتی | ٣٠٣ | ٢٣،١٤٧ |
| کلتوری | ١٩٧ | ١٥،٠٤٩ |
| تەندروستی | ١١٥ | ٨،٧٨٥ |
| پەروەردە وفێرکردن | ٦٧ | ٥،١١٨ |
| خزمەتگوزاری | ٨٨ | ٦،٧٢٢ |
| ئاسایش | ٤٤ | ٣،٣٦١ |
| ژینگەیی | ٤٠ | ٣،٠٥٥ |
| کۆی گشتی | ١٣٠٩ | ٪١٠٠ |

## چوارەم: تەنزە سیاسییەکان بە گوێرەی ناوچەکان

خشتەی ژمارە(٣٠) نووسینی تەنزی سیاسی دەگرێتەوە بە پێ ی جوگرافیا، لە پێنج برگە پێکدێت بەپێ ی ئامانجی توێژینەوەکە (هەرێمی کوردستان) برگەی یەکەمە کە ژمارەی دووبارە (١٠١) و ڕێژەی سەدەی (٣٨،٨٤٦)، گۆڤاری سیخورمە گرنگی زیاتری بە هەرێمی کوردستان داوە، لە نووسینی سیاسی تەنز هەرچەندە رای توێژەر لە گرنگیدان بە سیاسەت لە ناو ئەو هەموو گێروگرفتانەی هەرێم لە گۆڤاری سیخورمەدا هاتووە: لە چوارچێوەی ئیتیکی رۆژنامەوانیدان، (لەگەڵ ئەوەی گۆڤاری سیخورمە نزیکە لە دەسەڵاتەوە، بەڵام توانیویەتی ڕێچکەیەکی بوێرانەو گونجاو پەیرەو بکات )[١].

نمونەی: (هەرێمی کوردستان کراسێك بۆ ئاشتی).

لە برگەی دووەم، (ناوچە جێناکۆکەکان) هاتووە، ژمارەی دووبارەی لە گۆڤاری سیخورمە (٣٥)و ڕێژەی سەدەی (١٣،٤٦١)، توێژەر پێی وایە، پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە

---

[١] - د. شێرکۆ عبدوللە، سەرنووسەری گۆڤاری سیخورمە، چاوپێکەوتنی توێژەر، سلێمانی لە١٠ /٢٠١٢/٦.

زیاتر گرنگی به ناوچه جێناکۆکەکان بدات و ڕەخنەکان زیاتر قوڵبکرایەوە بۆ سەر حکومەتی ناوەند و گرنگیدانەکە سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکانی بگرتایەوە.

نمونە: (بە زۆرە ملێ لە کەرکوك وخانەقین ماڵ ومولکی کورد دەدرێ بە پۆلیس وئەمن).

برگەی سێیەم دەربارەی (عێراق) ژمارەی دووبارەی نووسین لە سەرعێراق لە گۆڤاری سیخورمە (٤١) وریژەی سەدی (١٥،٧٦٩)، یەکێك لەو هۆکارانەی کە توێژەر کاتی هەڵبژاردنی سیخورمەی تێدا وەرگرتووە، هۆی گۆرانی حکومەتی عێراقە لە ساڵی ٢٠٠٣وە، توێژەر رای وایە پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە لاپەڕەیەك یان پەیوەندیەکی باشتری هەبوایە لەگەڵ تەنزنوس وکاریکاتێریستەکانی شارەکانی دیکەی عێراق، نەك تەنها پشت بەستن بێت بە بڵاوکراوە ناوخۆو جیهانییەکان، لە سەرگرفتە سیاسیەکانی عێراق.

نمونە: (شەوێك عەبدولسەلام عارف دەچێتە خەوی نوری مالیکی یەوەو ئەمیش لێ ی دەپرسێ چی بکەم بۆئەوەی عێراق لەم میحنەتە نەجات بدەم . عبدولسەلام جوابی دەداتەوە دەڵێ: سواری تەیارە بە)[١].

لە برگەی چوارەم دەوڵەتانی (هەرێمایەتی)* دێت کە ژمارەی دووبارەی لە گۆڤاری سیخورمە (٣١) وریژەی سەدی (١١،٩٢٣)، لەگەڵئەوەی بەشێکی مەینەتییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە دەست ئەو گرفتانەوە دەناڵێنن کە بۆیان دروستدەکرێت لە لایەن دەوڵەتانی هەرێمایەتی کەچی گرنگیدانی گۆڤاری سیخورمە لە ئاستێکی زۆر نزمە لەنووسینە تەنزەکانی دەربارەی دەوڵەتانی هەرێمایەتی.

نمونە: نمونە: (ئۆردوغان : کورد پارچەیەکە لە جگەرم)[٢].

لە برگەی پێنجەم (جیهان) دێت و ژمارەی دووبارەی نووسینە تەنزەکان لە سەرجیهان لە گۆڤاری سیخورمە (٥٢)و رێژەی سەدی (٢٠،٠٠٠)، بروانە خشتەی ژمارە (٢٢). بایەخدانی گۆڤاری سیخورمە بۆ گرفتە سیاسییەکانی جیهان لە ئاستێکی نزمەو نەیتوانیوە رێژەیەکی باشتر لە نووسینی تەنز دەربارەی گرفتە جیهانییەکان بە خوێنەرەکانی ئاشنا بکات.

نمونە: UN باسی تەڕەماشم لەگەڵ مەکەن ... تەڕەماش کەرەستەیەکی محەلی یە وعیلاقەی بە ئێمەوە نیە )[٣].

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

* برگەی (٤، ٥) نووسینی تەنز دەربارەی ( هەرێمایەتی، جیهان) خشتەی دیکەی لێنابێتەوە.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٢٥،سلێمانی، چاپخانە ئۆفیستی دلێر، لە ١ی ئایاری ٢٠٠٤، ل٥.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٣،سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

**خشتەی (٣٠)**

**تەنزە سیاسییەکان بەپێ جۆری ناوچەکان**

| ناوچەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ١٠١ | ٣٨،٨٤٦ |
| ناوچە جێناکۆکەکان | ٣٥ | ١٣،٤٦١ |
| عێراق | ٤١ | ١٥،٧٦٩ |
| دەوڵەتانی (هەرێمایەتی)ئیقلیم | ٣١ | ١١،٩٢٣ |
| جیهان | ٥٢ | ٢٠ |
| کۆی گشتی | ٢٦٠ | ٪١٠٠ |

## پێنجەم: تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان

**خشتەی ژمارە (٣١) کە بابەتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە لە سێ (٣)برگە پێکدێت: نمونە : (خەبات: کەی لە هەڵبژاردنەکان دیموکراسی دەبن؟ سیخورمە: کە لیستەکەی خۆمان منافیسی نە بێت)[1].**

**برگەی یەکەم: (دیموکراسی) لە هەرێمی کوردستانی تێدا هاتووە، کە ئەو نووسینە تەنزانەی پەیوەندیان بە پرۆسەی دیموکراسییەوە هەیە ژمارەی دووبارەیان لە گۆڤاری سیخورمە (٥٢)و ڕێژەی سەدی (٥١،٤٨٥)، دیموکراسی مانایەکی فراوانی هەیە، هەچەندە گۆڤاری سیخورمە لە سەر چەند تەوەرێکی دیموکراسی تەنزی نووسیوە، پێویست بوو زیاتر گرنگی بدایە بە (ئازادی ڕادەربرین، هەڵبژاردنەکان، دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، بێبەشکردنی نەتەوە بچوکەکان، ئایینەکانی دیکە، ژنان لە بەشداری پرۆسەی سیاسیدا).**

**نمونە: یەکگرتوو: ( ئێمەی کورد هەڵبژاردن وەك جەنگێك سەیردەکەین کەچی خۆی یارییە)[2].**

**دووەم برگەی: سیاسەتی (دوو ئیدارەیی) کە ڕەنگدانەوەی خراپی لە سەر پرۆسەی سیاسی هەیە لە هەرێمی کوردستان وژمارەی دوبارەی نووسینە تەنزەکانی لە گۆڤاری سیخورمە (١٩)و ڕێژەی سەدی (١٨،٨١١)، بە ڕای توێژەر پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە**

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٨٦،سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٨٨، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە حوزیرانی ٢٠٠٩، ل٤

پانتاییەکی زیاتری تەرخان بکردایە بۆ نووسینی تەنز لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی دوو ئیدارەیی.

نمونە: (لە محکمەی هەولێر خەڵکی سلێمانیان بە شاهید قبول نی یە)[١].

لە برگەی سێیەم (هەرێمی کوردستان لە نێوان سیاسەت وپەیمانە نهێنییەکانی دراوسێکانی)دا ژمارەی دوبارەی لە گۆڤاری سیخورمە (٣٠) وریژەی سەدی(٢٩،٧٠٢)، بروانە خشتەی ژمارە (٣١).

گۆڤاری سیخورمە نەیتوانیوە بە باشی سیاسەتی هەرێمایەتی دەربارەی کیشەکانی کورد بخاتە روو بە نووسینی تەنز .

نمونە: (ئێوارەی ئەو رۆژەی کە تورکیا سێ گۆڵی لە کوردیا، عەفووەن لە کۆریا کرد)[٢].

**خشتەی (٣١)**

**تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان**

| ناوەرۆك | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەقفی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان زۆر نزمە | ٥٢ | ٥١،٤٨٥ |
| خەڵکی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بە دەست دوو ئیداریەوە دەناڵێنن | ١٩ | ١٨،٨١١ |
| هەرێمی کوردستان لە نێوان سیاسەت وپەیمانە نەهێینیەکانی هاوسێکانی | ٣٠ | ٢٩،٧٠٢ |
| کۆی گشتی | ١٠١ | ٪١٠٠ |

## شەشەم: تەنز دەربارەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا:

خشتەی ژمارە (٣٢) نووسینی تەنز دەربارەی (دیموکراسی) یە پێکدێت لە سێ برگە، برگەی یەکەم (رۆژنامەگەریی)یە ژمارەی دوبارەی نووسینی تەنز لە سەر رۆژنامەگەریی

[١] -گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٣،سلێمانی، چاپخانەی ئۆفیستی دلێر، لە ١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤، ل١٣.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٠٥، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٣، ل١٠.

له گۆڤاری سیخورمه (٣٠) و ڕێژەی سەدی( ٥٧،٦٩٢ )، گۆڤاری سیخورمه گرنگی زۆری داوه به ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی، خستنەرووی ئازاردان وپێشێلکردنی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان.

نمونه: کۆمەڵ: (ڕۆژنامه نوسێکی زمان درێژ شك نابەی؟

سیخورمه: (بەرێ وەللا، بەلام ریش ناهێڵێتەوه)[١].

برگەی دووەمی (خۆپیشاندان)ە له گۆڤاری سیخورمه ژمارەی دووباره (١٢)یەو ڕێژەی سەدی (٢٣،٠٧٦)، گۆڤاری سیخورمه پانتایی کەمتری بۆ خۆپیشاندان تەرخانکردووه، له نووسینه تەنزەکانی دەربارەی خۆپیشاندان له هەندێ برگەی لایەنگری پێوه دیاره بۆ دەسەلاتی سیاسی له هەرێمی کوردستاندا.

نمونه: [٢]خۆپیشاندن به ئیعاز

شەری ناوخۆی کورد به قاز).

برگەی سێ (هەڵبژاردن) ە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز له گۆڤاری سیخورمه له سەر هەڵبژاردن (١٠)یه و ڕێژەی سەدی (١٩،٢٣٠)، بروانه خشتەی ژماره (٢٤).

زۆر بەرروونی ڕەوشی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی به نووسینی تەنز له گۆڤاری سیخورمه خراوەته ڕوو، وەك تەزویرو، قەولی درۆدان به جەماوەر، چرکردنەوەی سەردان وخزمەتگوزارییەکان له ساته وەختی هەڵبژاردندا.

نمونه: (هەموو شتێك به سپێتی جوانه، به تایبەتی وەرەقەی دەنگدان)[٣].

**خشتەی (٣٢)**

**تەنز دەربارەی دیموکراسی له هەرێمی کوردستاندا**

| ناوەرۆك | دوباره | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕۆژنامەگەریی | ٣٠ | ٥٧،٦٩٢ |
| خۆپیشاندان | ١٢ | ٢٣،٠٧٦ |
| هەڵبژاردن | ١٠ | ١٩،٢٣٠ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | ٪١٠٠ |

[١] - گۆڤاری سیخورمه، ژماره ١٢٥، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

[٢] - گۆڤاری سیخورمه، ژمارەی ١٣٩، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، لە١ی ئایاری (١٣٩)، ل١.

[٣] - گۆڤاری سیخورمه، ژماره ١٨٨، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

## حەوتەم: تەنز دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم:

خشتەی ژمارە (٣٣) نووسینی تەنزە دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە برگەی یەکەم ماددەی(١٤٠) هاتووە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەرماددەی (١٤٠) بریتیە لە(١٨)و ڕێژەی سەدی (٥١،٤٢٨)، زیاتر نووسینەکان دەربارەی کەرکوك نووسراون، ناوچەکانی دیکەی جێناکۆك ئەوەندە گرنگی پێنەدراوە وەك (ناوچەکانی سەر بە موسل)، کە پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە لاپەرەی تایبەتی بە ناوچە جێناکۆکەکان هەبوایە کە ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە.

نمونە: ( سین سوئال: چۆن دەزانی کەرکوك کوردستانە؟

جیم جەواب: مەعلومە دڵەکەم.. لەوێش کە بەفر دەبارێ دەیکەن بە شەڕە تۆپەڵ)[١].

برگەی دووەم (گرنگیدانە بە ناوچە جێناکۆکەکان)، ژمارەی دووبارەی ئەم نووسینانە لە گۆڤاری سیخورمە (١٧) و ڕێژەی سەدی (٤٨،٥٧١)ە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٣)

نمونە: [٢](حزب بۆ شەرە دەنوك گریان بۆ وەزعی کەرکوك).

**خشتەی (٣٣)**

**تەنز دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خەڵکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ژێر هەڕەشەی کوشتندان | ١٨ | ٤٢٨،٥١ |
| پارتە سیاسیەکان تەنها لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ناوچەکوردستانیەکان | ١٧ | ٤٨،٥٧١ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪١٠٠ |

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٥،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئازاری ٢٠٠٤، ل١٦.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٨، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧، ل١٦.

## **هەشتەم: تەنز دەربارەی عێراق:**

**خشتەی ژمارە (٣٤) نووسینی تەنزی سیاسییە کە لە چوار برگە پێکدێت دەربارەی عێراق.**

**نمومە: عێراقی ئەمڕۆ:**

**پێرێکی ئاخر شەڕە؟**

**ماهییەکەی بەحرو بەڕە؟**

**پیاوەکانی سەرخۆشن؟**

**مانگایەکەو دەیدۆشن؟)[١].**

**لە برگەی یەکەم (دەسەڵاتی ناوەند) لە عێراق، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر (دەسەڵاتی ناوەند) بریتیە لە (١٢) وریژەی سەدی (٢٩،٢٦٨)، پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە پانتای زیاتری بۆ دەسەڵاتی ناوەند تەرخانبکردایە وئاراستە وبیروبۆچونە جیاوازەکانی بە نووسینی تەنز بخستایە روو.**

**نمونە:[٢] کوردستانی نوێ : بەغدا فەرمانبەرە کوردەکان دەگوازێتەوە.**

**سیخورمە : ئەی حەفلەی بۆ ناکات؟**

**برگەی دووەم (دەستتێوەردانی دەرەکی)یە کە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر ئەم بابەتە (١٧) یە وریژەی سەدی (٤١،٤٦٢)، گۆڤاری سیخورمە ئەوەندە گرنگی بەو لایەنە نەداوە بە تایبەت شیعرێك یان چیرۆکێك تایبەت بێت بە دەستتێوەردانی دەرەکی بەڵکو نووسینەکان بە ژمارە کەمن وخۆیان لە چەند (کۆمێنتێك) دەبینێتەوە.**

**نمونە: کوردستانی نوێ : (ئەمریکا چ سەرۆك وەزیرێکی ئەوێ)[٣].**

**برگەی سێیەم (رۆڵی کورد)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر رۆڵی کورد لە بەغدا (١٢) یە رێژەی سەدی (٢٩،٢٦٨)، بروانە خشتەی ژمارە (٢٦).**

**گۆڤاری سیخورمە بەرێژەیەکی زۆر کەم وبە شێوەیەکی گشتی نووسینی تەنزی بڵاوکردۆتەوە لە سەر ئەم بابەتە.**

**نمونە: ئاسۆ: (کوردێك عێراق بەرەو دیموکراسی دەبات)[٤].**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە٢٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠١، سلێمانی چاپخانەی دلێر، تەموزی ٢٠١٠، ل١٣.

[4] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٣٩، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

**خشتەی (٣٤)**

**تەنز دەربارەی عێراق**

| دەربارەی عێراق | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| گەڕانەوەی دەسەلات بۆناوەند، عێراق دەگەڕێنێتەوە سەردەمی بەعسیەکان | ١٢ | ٢٩،٢٦٨ |
| عێراق بەرگەی دەستتێوەردانی زیاتر ناگرێت | ١٧ | ٤١،٤٦٣ |
| ڕۆڵی کورد لە عێراقی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی کاریگەرو ئیجابیە | ١٢ | ٢٩،٢٦٨ |
| کۆی گشتی | ٤١ | ٪١٠٠ |

## نۆیەم: تەنزی ئابوری:

خشتەی ژمارە(٣٥) نووسینی تەنزی ئابوری لە گۆڤاری سیخورمە دەگرێتەخۆی لە چوار برگە پێکدێت، برگەی یەکەم(بەرهەمهێنان)ە ژمارەی دووبارە (٥٧) و ڕێژەی سەدی (٢٩،٢٣٠).

نمونە: (بەپێ ی دەستور بۆمان هەیە نەوتی خۆمان بە پاسکیلیش بێ بنێرینە دەرەوە)[١].

نمونەی دووەم: (کورد و بەغدا داوای ئاشکراکردنی داهات لەیەکتر دەکەن)[٢].

لە برگەی دوو(دابەشکردن) هاتووە، نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە لە سەر دابەشکردن ژمارەی دووبارەی (٥٦) و ڕێژەی سەدی (٢٨،٧١٧)یە.

نمونە: (نوسراوی سەر کۆمەڵە خێزانێکی ئەنفال: ٤٦ دەفتریان بۆ مەراسیمەکەمان سەرف کردو خۆشمان سفر هیچ بەدەستەوە )[٣].

برگەی سێیەمی (بەکاربردن)ە، نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (بەکاربردن) ژمارەی دووبارە (٥٥)و ڕێژەی سەدی(٢٨،٢٠٥)ە.

نمونە: یەکەم: من دوو سەیارەم هەیە بە پیکابەکە ئیشوکاری دەواجنەکە دەکەم ومارسیدسەکەشم داناوە بۆ گەڕانی ناو شار ..ئەی تۆ؟

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٣، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئازاری ٢٠٠٨، ل٢.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

دووەم: وەڵا منیش دوو ژنم هەیە لەگەڵ گەورەکەیانا دەچم بۆ تەعزێ و مواجەهەی نەخۆش.

یەکەم: ئەی بچکۆڵەکەیان؟

دووەم: بچکۆڵەکە بەکەڵکی ئەو شوێنانە نایە .. بۆ حەفلەو سەیران باشە)[1].

برگەی چوارەم(هاوردە)ە، ئەو نووسینە تەنزانە دەگرێتەوە  کە لە گۆڤاری سیخورمەدا هاتوون دەربارەی( هاوردە)  ژمارەی دووبارەی (٢٧) و ڕێژەی سەدی (١٣،٨٤٦)ە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٥).

**خشتەی (٣٥)**

**تەنزی ئابوری**

| گرفتە ئابوریەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرهەمهێنان | ٥٧ | ٢٩،٢٣٠ |
| دابەشکردن | ٥٦ | ٢٨،٧١٧ |
| بەکاربردن(أستهلاك) | ٥٥ | ٢٨،٢٠٥ |
| هاوردە لە دەرەوە | ٢٧ | ١٣،٨٤٦ |
| کۆی گشتی | ١٩٥ | ٪١٠٠ |

## دەیەم: تەنزی بەرهەمهێنان:

خشتەی ژمارە (٣٦) دەربارەی نووسینی تەنزە لە سەر بەرهەمهێنانە، لە برگەی یەکەم (داهاتی نەوت)ە ژمارەی دووبارەی (٢١) و ڕێژەی سەدی (٣٦،٨٤٢)، گۆڤاری سیخورمە جوانترین نوسینەکانی لە داهاتی نەوت کۆکردۆتەوە، کە ئاستی تەنزەکانی زۆر بەرزە ورەخنەکان لە بەرژەوەندی گشتیدان.

نمونەی دووەم: (ماشاڵڵا ڕۆژێك تێ کەوتووین کە دۆزینەوەی بیرە نەوت لە دۆزینەوەی عەدالەت ئاسانترە)[2].

برگەی دووەم (داهاتی گومرگ)ە نووسینی تەنز دەربارەی (گومرگ) لە گۆڤاری سیخورمە  ژمارەی دووبارەی (١٨) و ڕێژەی سەدی (٣١،٥٧٨)، بە ڕای توێژەر گۆڤاری سیخورمە پێویست بوو زیاتر نووسینە تەنزەکانی لە سەر گومرگ چڕتر بکردایەتەوە.

نمونە: خاڵە گیان زۆر بەسیتە، ئەوە دەڵێ شەش پەرداخ بە دینارێکە مەی کرە  بە سێ.

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٩١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە١٥٣، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، لەای تەمموزی ٢٠٠٦. ل١٥.

گومرك ناسێ : بە تەصەوری من ئەمە هاوکێشیەکی بیرکارییە و یەعنی گومرگیش فت)[1].

لە برگەی سێیەم باس لە داهاتی (باج) دەکات، ژمارەی نووسینی تەنزلە سەر(باج) لە گۆڤاری سیخورمە (١٨) و رێژەی سەدی(٣١،٥٧٨)، )، بروانە خشتەی ژمارە (٣٦).

گۆڤاری سیخورمە کەمترین گرنگی بە داهاتی باج داوە، کە پێویست بوو نووسینە تەنزەکان زیاتر رەخنەیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم بکردایە لە سەر نارێکی وناهاوسەنگی وەرگرتنی باج.

نمونە: (ویل رۆجەرز) دەڵێت: [2](ضە ریبە هەموو کاسبکارێك فێری درۆ دەکات).

**خشتەی (٣٦)**

**تەنزی بەرهەمهێنان**

| داهات | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| داهاتی دەرهێنانی نەوت دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە لە هەرێمی کوردستان | ٢١ | ٣٦،٨٤٢ |
| گومرك سەرچاوەیەکی داهاتی بە هێزە لە هەرێمی کوردستان | ١٨ | ٣١،٥٧٨ |
| باجدان لە هەرێمی کوردستان تەنها بۆچینی خوارەوەیە | ١٨ | ٣١،٥٧٨ |
| کۆی گشتی | ٥٧ | ٪١٠٠ |

## یازدەیەم: تەنزی دابەشکردن:

خشتەی ژمارە (٣٧) (دابەشکردن)ە لە دوو برگە پێکدێت، لە برگەی یەکەم (دابەشکردنی سوتەمەنیە) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنزی (دابەشکردن) لە گۆڤاری سیخورمە(٢٢)وە رێژەی سەدی (٣٩،٢٨٥)، گۆڤاری سیخورمە زۆربەی نووسینە تەنزەکانی لە سەر دابەشکردنی سوتەمەنی، بەرژەوەندی خەڵکی لە بەرچاو گرتووەو دژی کاربەدەستان و نووسینە تەنزەکانی ئاراستەکردوون.

نمونە: چاودێر: کەی کێشەی سووتەمەنی چارەسەر دەبێت

سیخورمە: کە کێشەی تەڵەبەکانی جامعە سەری هەڵدا.....[1].

---

[1] -گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٠، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی یەکەم٢٠٠٣، ل٤.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە١٢٣،سەرچاوەی پێشوو،ل٦.

**برگەی دووەم: (دابەشکردنی موچە ودامەزراندن)ە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لەسەر ئەم بابەتە لە گۆڤاری سیخورمە (٣٤)و ڕێژەی سەدی (٦٠،٧١٤)، بڕوانە خشتەی ژمارەی (٣٧)**

**نووسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمە ئەوە دەردەخەن کە نایەکسانی هەیە لە دامەزراندن، ڕەچاوی خزمایەتی وحزبایەتی دەکرێت وسیستەمێکی زانستی نییە ڕێژەی پێویست دابمەزرێنن.**

**نمونە: (لەم تەعیناتە تازانە حەوت کارمەندیان نارد بۆ خەستەخانە هەشتیان سکیان شەش مانگە)[2].**

**خشتەی (٣٧)**

**تەنزی دابەشکردن**

| دابەشکردنی داهات | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان لە سەردەریای نەوتەو هاوڵاتیش بێ سوتەمەنی زستانی سارد بەڕێ دەکەن | ٢٢ | ٣٩.٢٨٥ |
| زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان مووچە خۆرن ودامەزراون، بەردەستەکانیش کرێکاری بێگانەن | ٣٤ | ٦٠،٧١٤ |
| کۆی گشتی | ٥٦ | ٪١٠٠ |

## دوازدەیەم: تەنزی بەکاربردن

**خشتەی ژمارەی (٣٨) نووسینی تەنزی (بەکاربردن)ە کە لە سێ برگە پێکدێت، لە برگەی یەکەم (بەکاربردنی ئوتوموبێل) دێت کە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی بەکارهێنانی ئوتوموبێل (٢٠)ەو، ڕێژەی سەدی (٣٦،٣٦٣)، زۆری ژمارەی ئوتومبێل وبەکارهێنانی بە هەڵە هەوێنی تەنزەکانی سیخورمەن وبۆ هۆشیارکردنەوەی خەلك لەسەر لێخورینی ئۆتومبێل.**

**نمونە:[1] (کوردۆ زۆر لەگەڵ سەیارەکەی خەریك بوو بەڵام هەر نەکەوتە ئیش، ناچار تەلەفۆنی بۆباوکی کرد حەلێکی بۆ بدۆزێتەوە.**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە٢١٨، سلێمانی چاپخانەی حەمدی، لەکانونی یەکەم ٢٠١١، ل١٠.

باوك: موشكيله نيه كورم، ميز بكەره ناو رادێتەرەكەيەوە، دەكەوێتە ئيش.

كوردۆ: (بەوپەڕی سەرسوڕماوييەوە) ميز....؟!

له برگەی دووەم بەكاربردنی (موبايل) دێت كه ژمارەی دووبارەی نوسينی تەنز له بەكارهێنانی (مۆبيل) (١٧)يه وريژەی سەدی (٣٠،٩٠٩)، يەكێك لەو گرفتانەی كه سيخورمه بە باشی تەنزەكانی ئاراستەكردووه مەسەلەی بەكارهێنانی مۆبايله بە شێوەی خراپ.

نمونه: (پياو حەز دەكات هەمووشتێكی زل بێت ئيللا مۆبايلەكەی نەبێ)[٢].

له برگەی سێ زۆر(خواردن)نوسينی تەنزه دەربارەی (خواردن) له گۆڤاری سيخورمە، ژمارەی دووبارەی (١٨) و ريژەی سەدەی (٣٢،٧٢٧)، بروانه خشتەی ژماره (٣٨).

گۆڤاری سيخورمه له سەر نارێكی ژەمه خواردنەكان وزۆرخۆری، نووسينەكانی ئاراستەی خەڵك دەكات كه زيادەرۆی نەكرێت له خواردن.

نمونه: [٣]بێزارم لەم هەقايەتی مێشە.

" بۆ خەستەخانەی ژوروو رام كێشە، رازيانەم خواردبوو به زگ ئێشە"

**خشتەی (٣٨)**

**تەنزی بەكاربردن**

| جۆری بەكاربردن | دووباره | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نا هۆشياری له بەكارهێنانی ئوتوموبيل | ٢٠ | ٣٦.٣٦٣ |
| به هەڵه بەكارهێنانی موبايل | ١٧ | ٣٠،٩٠٩ |
| كۆمەڵگه دواكەوتوەكان له سەرخواردنی زۆر ڕاهاتوون | ١٨ | ٣٢،٧٢٧ |
| كۆی گشتی | ٥٥ | ٪١٠٠ |

---

[١] - گۆڤاری سيخورمە، ژماره ٢٠٣، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، له ئەيلولی ٢٠١٠، ل٢.

[٢] - هەمان سەرچاوه، ل٣.

[٣] - گۆڤاری سيخورمە، ژماره ٧٢، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، ١ی شوباتی ٢٠٠٠، ل٥

## سیازدەیەم: تەنزی هاوەردەکردن:

خشتەی ژمارە (٣٩) نووسینە تەنزی (هاوردە) لە گۆڤاری سیخورمە دەخاتە روو کە پێکدێت لە دووبرگە، برگەی یەکەم: خواردنی (ماوە بە سەرچوو).

لە خشتەی ژمارە (٣٩) نووسینی تەنز دەربارەی هاوردەیە بۆ هەرێمی کوردستان، پێکدێت لە دوو برگە، لە برگەی یەکەم (هاتنی خواردەمەنی بە سەرچوو)ە، ژمارەی دووبارەی نووسین لە سەر ئەو بابەتە، لە گۆڤاری سیخورمە (١٢) یە و رێژەی سەدی (٤٤،٤٤٤)، پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە زۆر کاریگەرتر لە سەر هاوردە نووسینی تەنزی هەبوایە، چونکە بەرهەمە خۆماڵییەکان لە بازارەکان پارەی تێچونی خۆیان دەرناکەنەوە.

نمونە: (باڵا شەرتی جوانییە

خەیارمان ئێرانییە)[١].

لەبرگەی دووەم (هاوردەی کاڵا)یە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر هاوردەی (کاڵا) بریتیە لە (١٥) یە، ڕێژەی سەدی (٥٥،٥٥٥)، بروانە خشتەی ژمارە(٣٩).

گۆڤاری سیخورمە نووسینی تەنزی لەسەر هاوردەی شتومەك وەك ئامانجێکی سەرەکی سەیر نەکردووە، هەرچەندە تێچوونی ئەم (کالا)یانە تا دەگاتە هەرێمی کوردستان لە سەر تاکی کورد زۆر دەکەوێت لە رووی پارەوە.

نمونە: (حەربەیەکی ئەمریکی لە دارە سووتاوەکە بە ١٥دینارە)[٢].

**خشتەی (٣٩)**

**تەنزی هاوردەکردن**

| هاوردەکردن | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لە سنورەکانەوە خواردنی ماوە بەسەرچوو دەگاتە هەرێمی کوردستان | ١٢ | ٤٤،٤٤٤ |
| حکومەتی هەرێم پشت بە کرینی کاڵا لە دەرەوە هەرێم دەبەستێت | ١٥ | ٥٥،٥٥٥ |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٪١٠٠ |

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە١٨٦ سەرچاوەی پێشوو، ل١

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە١٠٩، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئابی ٢٠٠٢، ل٥.

## چواردەیەم: تەنزە کۆمەڵایەتییەکان:

خشتەی ژمارە (٤٠) دەربارەی تەنزە کۆمەڵایەتییەکان، لە گۆڤاری سیخورمە هاتووە:
زۆرترین نووسینی تەنز لە سەر بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڤاری سیخورمە نووسراوە هەروەکو لە پێناسەی خۆیدا گۆڤاری سیخورمە لە لاپەرەی یەکەمی نووسراوە گۆڤاری سیخورمە گۆڤارێکی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، کاریکاتێری)یە، لە برگەی یەکەم (گرفتە کۆمەڵایەتییەکان)، ئەو نووسینە تەنزانە دەگرێتەوە کە لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (گرفتی کۆمەڵایەتی) نوسراون، ژمارەی دووبارە (١١٧)و، رێژەی سەدی(٣٨،٦١٣).

نمونە: کەس وەك من بە دەست ئەو ژنەوە توش نەبووە، خۆشترین خواردن دەزانیت کەچی لێ ی نانێت)[1].

برگەی دووەم (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) یە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە (٨١)و، رێژەی سەدی (٢٦،٧٣٢).

نمونە: فەرهادێکی ئینگلیزی:[2] (گیانەکەم بێ تۆ چاپتەری بێ دایە لۆگم
تۆ خانمێکی تەنیایت و منیش دۆگم).

برگەی سێیەم (رێکخستنی کۆمەڵایەتییە)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (رێکخستنی کۆمەڵایەتی) بریتیە لە (١٠٥) ورێژەی سەدی (٣٤،١٥٣)یە، بروانە خشتەی ژمارە(٤٠).

نمونە: ئیتالێ: (هەموو کەس عەدالەتی پێ خۆشە، بەڵام نەك بۆ خۆی)[3].

**خشتەی ژمارە(٤٠)**

**تەنزە کۆمەڵایەتییەکان***

| گرفتی کۆمەلایەتی | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| گرفتە کۆمەڵایەتییەکان | ١١٧ | ٣٨،٦١٣ |
| گۆرانی کۆمەڵایەتی | ٨١ | ٢٦،٧٣٢ |
| رێکخستنی کۆمەڵایەتی | ١٠٥ | ٣٤،١٥٣ |
| کۆی گشتی | ٣٠٣ | ٪١٠٠ |

[1] - گۆرڤاری سیخورمە، ژمارە، ١٧٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٠، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە کانونی یەکەم ٢٠٠٧، ل١٣.

[3] - گۆڤاری سیخورمە،،سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

* خشتەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن شارەزا لە بواری (کۆمەڵناسی) د. موحەمەد حوسین شوانی، مامۆستا لە زانکۆی صلاحدین بە شی کۆمەڵناسی، وە هاوکاری تویژەری کردووە.

## پازدەیەم: تەنزی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان:

خشتەی ژمارە (٤١) نوسینی تەنزە لە سەر(گرفتە کۆمەڵایەتییەکان)، لە سێ برگە پێکدێت، برگەی یەکەم کێشەی نێوان (ژن وپیاو لە ناو خێزاندا)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی کێشەی (ژن و پیاو) (٧٠) یە، رێژەی سەدی (٥٩،٨٢٩).

لە گۆڤاری سیخورمە بە تایبەتی لە گۆشەی (خرتکەو پرتکە) ولە لاپەرەی (١٥)، نووسینی تەنز ئاراستەی ئەو گرفتانە کراوە کە لە لە نێوانی ژن وپیاودا هەیە.

نمونە: ئەم: راستم پێ بڵێ، لە ژنەکەت رازیت؟

ئەو: ئەرێ وەڵڵا زۆرجار پێم دەڵێ بێم یارمەتیت بەم..

ئەو: کەی مەسەلەن؟

ئەم: کە حاجەت دەشۆم[1].

برگەی دووەم (کۆچکردن لە هەموو ئاستەکانی تەمەن ورەگەزو پیشە) دەگرێتە خۆی ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (کۆچ)بریتیە لە (٣٢) و، رێژەی سەدی (٢٧،٣٥٠)، کۆچ کردن بە شێوەیەکی یاسایی بۆ کارکردن وخوێندن یان بازرگانی کارێکی ئاسایی، بەلأم قسەی سیخورمە لە سەر ئەو کۆچکردنەی بە کۆمەڵ و بەرێگای ترسناك وقاچاغ دابووە کە لایەنە سەلبیەکەی زیاترە.

نمونە: ئاگادارێکی سەر حدود: (ساڵێکی تر ئەم حەلە هەموو کورد لە سوید ونەرویجە)[2].

برگەی سێیەم (مادده هۆشبەرەکان)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (مادده هۆش بەرەکان) بریتیە لە (١٥) و، رێژەی سەدی (١٢،٨٢٠)، بروانە خشتەی ژمارە(٤١).

پێویست بوو گۆڤاری سیخورمە زیاتر گرنگی بەو جۆرە تەنزانە بدات لە نووسینەکانی. نمونە: (چارەکێك عارەقی ئۆزۆ لە ئەحمەد ئاوا، بە ١٠٠٠ی برێمەر )[3].

---

1 - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٣، سلێمانی چاپخانەی دێکان، لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٦، ل١٥.

٢ - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٥، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

٣ - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠٢، ژمارەی پێشوو، ل٥.

**خشتەی (٤١)**

**تەنزی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان**

| جۆری گرفتە کۆمەڵایەتییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| چونە دەرەوەی ژن لەماڵەوە درەنگ گەرانەوەی پیاو بۆ ماڵ کێشەی خێزانی قوڵتردەکاتەوە | ٧٠ | ٥٩،٨٢٩ |
| کۆچکردنی لاوان لە دەستدانی هێزی مرۆییە لە هەرێمی کوردستان | ٣٢ | ٢٧،٣٥٠ |
| خوگرتن بە مادده هۆشبەرەکانەوە | ١٥ | ١٢،٨٢٠ |
| کۆی گشتی | ١١٧ | ٪١٠٠ |

## شازدەیەم: تەنزی گرفتە خێزانییەکان

خشتەی ژمارە (٤٢) نووسینی تەنزە لە سەر کێشەی خێزان، پێکدێت لە چوار برگە، برگەی یەکەم کێشەی(تەلاق)ە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی کێشەی (تەلاق) لە گۆڤاری سیخورمە (٢١)و، ڕێژەی سەدی (٣٠،٠٠٠)، ئەو کێشەیە لە گۆڤاری سیخورمە تەنها کێشەی ژنان نییە بەڵکو پیاوانیش دووچاری ئەم گرفتانە دەبنەوەو، زیانەکانی لێکجیابوونەوە بەر هەردووکیان دەکەوێت، بۆیە سیخورمە گرنگی بەم لایەنە داوە.

نمونە: پیاو ئەگەر بیەوێ لە دەست دایکی مناڵەکان رزگاری ببێت دەچێ سێ بە سێ تەلاق بۆ سوێندێکی درۆ دەخوات و پیاوم دەوێ لە حیمی کاتەوە)[١].

برگەی دووەم (جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان کوڕو باوك)ە، ئەو نووسینە تەنزانە دەگرێتەوە کە لە گۆڤاری سیخورمە هاتووەو ژمارەی دووبارەی (٢٨)و، ڕێژەی سەدی (٥٧١،٢٨)، توێژەر گەیشتە ئەو راییەی گۆڤاری سیخورمە هەوڵی داوە ئەوە بە خوێنەرەکانی بگەێنێت، سەردەمی باوك سالاری روو لە لێژییە، هەرکەسە وخۆی بریار لە چارەنووسی خۆی دەدات.

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارەی ١٧١، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

**نمونە: باوك: ڕۆڵە گیان ئەوە بۆ چواردە پانزە ساڵ دەچێ، حەز دەكەم وەكو ڕەفیق وابین، صەریح بین لەگەڵ یەك، هەرعانێك فێری جگەرە بوویت خۆت پێم بڵێ، ناخۆشە لە دەرو دراوسێوە بیبیستمەوە.**

**كوڕ: دە مادام وای لێ هات بابە، یەك ساڵی ڕێكە تەركم كردووە)[1].**

**برگەی سێیەم (بێكاری وپرۆسەی هاوسەرگیری) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (هاوسەرگیری) لە گۆڤاری سیخورمە (١٦)و، ڕێژەی سەدی (٢٢،٨٥٧)، گۆڤاری سیخورمە توانیویێتی لە نووسینە تەنزەكانی تیشك بخاتەسەر (بەتاڵە) وكاریگەرییەكانی باس بكات.**

**نمونە: ئاخ لە مەنیجە، داخ لە مەنیجە**

**بێ ئیش ببینی مەعلومە خەریجە[2].**

**برگەی چوارەم (دیاردەی دووژنە)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (دیاردەی دووژنە) لە گۆڤاری سیخورمە بریتیە لە (١٣)و، ڕێژەی سەدی (١٨،٥٧١)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٢).**

**ئەو دیاردەیە لە هەرێمی كوردستان یاسای بۆ دەرچووەو ڕێكخراوە، بەڵام گۆڤاری سیخورمە لە چەند نووسینێكی تەنزی خۆی ئاماژەی بە خراپی ئەم دیاردەیە داوە.**

**نمونە: ئەم : لەوانەیە سێ چوار ڕۆژی تر ببم بە باوك.**

**ئەو: چیت ئەوێ ئیتر قەپات، لێدە بۆ خۆت**

**ئەم: لێدەی چی هەتیو، ژنەكەم نەیزانیوە[3].**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠١، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٣، سەرچاوەی پێشوو،ل٧.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارەی ٢٠١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

**خشتەی (٤٢)**

**تەنزی گرفتە خێزانییەکان**

| گرفتی خێزانی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تەڵاق یەکێکە لە گرفتە باوەکان | ٢١ | ٣٠ ٪ |
| جیاوازی بیرکردنەوە لە نێوان کوڕو باوك هەندێك جار کێشە دەنێتەوە | ٢٠ | ٢٨،٥٧١ |
| بێکاری لە هەرێمی کوردستان پرۆسەی هاوسەرگیری کەمکردۆتەوە | ١٦ | ٢٢،٨٥٧ |
| کەمبونەوەی دیاردەی دووژنە ئارەزوومەندانە نەبووە بەڵکو بە یاسا ڕێکخراوە | ١٣ | ١٨،٥٧١ |
| کۆی گشتی | ٧٠ | ٪١٠٠ |

## حەڤدەیەم: تەنزی گرفتی کۆچکردنی لاوان:

خشتەی ژمارە (٤٣) نووسینی تەنزە دەربارەی (کۆچکردنی لاوان)، لەچوار برگە پێکدێت.

برگەی یەکەم (کۆچی کوران)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (کۆچی لاوان) لە گۆڤاری سیخورمە (١٤)یەو، ڕێژەی سەدی (٤٣،٧٥٠)یە، نووسینە تەنزەکانی سیخورمە لە سەر کۆچی لاوان لەو ساتانە بووە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هێزی لاوان بووە بۆ بنیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوە، ڕەخنە لەلایەنە خراپەکانی ئەم کۆچکردنە دەگرێت.

نمونە: سەفەر: (تعارفیان لەگەڵ زەلامێکا پێ کردم ٣٢جار سنورداش کرابوو)

برگەی دووەم (قەیرەیی کچ) بە هۆی سەفەری کورانەوە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز بۆ ئەم بابەتە (٤)و، ڕێژەی سەدی (١٢،٥٠٠)، گۆڤاری سیخورمە گرنگی زۆری بەم بابەتە نەداوەو کەمترین ژمارەی نووسینی تەنزی لە سەر نووسراوە.

نمونە:[1] بەینی من و تۆ تەنها دوو دارە

چی گەنج دەبینی لێرە بێزارە.

نمونەی دووەم: تورەیی دەستی بێ ئیشی و، لێکدانەوەی بارۆدۆخی قەرەشمیشی

[1] گۆڤاری سیخورمە، سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

**شعوری وەتەن پەروەری دەترشێنن، مەعنەویات رۆستەمیش بێ دەی روخێنن)[1].**

**برگەی (٣)، (ناردنەوەی پارە کاریگەری جارانی نەماوە)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر(ناردنەوەی پارە) لە گۆڤاری سیخورمە،(٦)و، ڕێژەی سەدی (١٨،٧٥٠ )، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)وە بژێوی خەڵك باشتربووە، مەسەلەی پارە ناردنەوە ئەوەندە رۆڵی نەمابوو، بۆیە گرنگی سیخورمەش لەو ژمارانە توێژەر وەریگرتووە بۆ ئەم بابەتە کەمە.**

**نمونە: ڕێگای ئازادی : (لە سلێمانی زیاتر لە دوو هەزار ملیونێری دۆلاری هەیە)[2].**

**برگەی (٤) لە سەر(کۆچی پێچەوانە)یە ژمارەی دووبارەی نووسینە تەنز لە گۆڤاری سیخورمە (٨)و ڕێژەی سەدی (٢٥،٠٠٠)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٣). بە هۆی ئارامی و ژیانێکی گونجاوتر لە هەرێمی کوردستان، کۆچی پێچەوانە هەیە، کە گۆڤاری سیخورمە لە نووسینەکانی وەك لایەنێکی باش لە سەری نووسیوە.**

**نمونە: (ئەو سەفەری پاریس زۆر شتی لە بەرچاوم گۆری)[3].**

**خشتەی (٤٣)**

**تەنزی گرفتی کۆچکردنی لاوان**

| گرفتی لاوان | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کۆچی کوران بۆدەرەوەی وڵاتدەبێتە هۆی کەمبونەوەی هێزی مرۆیی | ١٤ | ٤٣،٧٥٠ |
| مانەوەی کچ زیادبوونی قەیرەیی لێ دەکەوێتەوە لە هەرێمی کوردستان | ٤ | ١٢،٥٠٠ |
| پارە ناردنەوە هەمان کاریگەری پێشووی نەماوە بەهۆیبەرزبونەوەی داهاتی تاك لە کوردستاندا | ٦ | ١٨،٧٥٠ |
| ڕێژەی کۆچی پێچەوانە بۆ هەرێمی کوردستان لە بەرزبونەوەدایە | ٨ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ٪١٠٠ |

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٠٦، سەرچاوە پێشوو، ل٣.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢١٨،سلێمانی چاپخانەی حەمەدی، کانوونی یەکەم ٢٠١١، ل٤.

[3] -گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٣، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

## هەژدەیەم: تەنزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

خشتەی ژمارە (٤٤) نوسینی تەنز لە سەر(گۆرانی کۆمەڵایەتی) دەخاتە روو، پێکدێت لە سێ برگە، لە برگەی یەکەم (گۆڕانی داب ونەریت)، ژمارەی دووبارە لە نووسینی تەنز دەربارەی ((گۆڕانی داب ونەریت) بریتییە لە (٣١) و، رێژەی سەدی(٣٨،٢٧١)ە، ئاراستەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە، لە سەرئەوەیە کە سەردەمی جیهانگیریە وکەرەستەکانی بەردەستی مرۆڤ لە ماوەی کورت دەگۆڕێن و پێشکەوتنی نوێتر دەهێننە ئاراوە، کە بۆی هەیە گۆرینی داب و نەریتێك پێویستی بە چەندین ساڵ بێت.

نمونە: (دەستکەوتنی سیم کارت لە تەماتە ئاسانترە لە هەولێر)[1].

برگەی دووەم (بەهای کۆمەڵایەتی) ژمارەی دووبارەی نوسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە لە سەر(بەهای کۆمەڵایەتی) بریتیە لە(٢٧)و، رێژەی سەدی (٣٣،٣٣٣)، ئەو پێشکەوتنانەی لە تەکنەلۆجیا هاتونەتە دی لە جیهان، کاریگەریان هەیە لەسەر پابەندنەبوون بەو کۆت وبەندەی پێشتر پیروز بوو بەلای تاکی کوردەوە یان کاری نەشیاو بوون لە ناو کۆمەڵگەدا، سیخورمە بە ئاستێکی بەرزی نووسینی تەنزی ئاراستە کردووە.

نمونە: (دۆڵمەو کەنگرو گوڵە بە ڕۆژە
چەپلەش لێ نەدەی دەڵێن گەلحۆیە
هەڵپەرکی سەرخۆش لەبان کۆستەرا
دیارە تەئسیری نیو ڤاپ ئۆزۆیە...)[2].

لە برگەی سێیەم (پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا وگۆرانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)دێت، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (گۆرانی پەیوەندییەکان) بریتیە لە(٢٣)و، رێژەی سەدی(٢٨،٣٩٥)ە، بروانە خشتەی ژمارە (٤٤). توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە گۆڤاری سیخورمە لە نووسینە تەنزەکانی بەباشترین شێوە باسی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن دەکات وکاریگەرییەکانی دەستنیشانکردووە، بەتایبەتی لە گۆشەی (سوعبەت لەگەڵ بڵاوکراوەکاندا).

[1] - گوڤاری سیخورمە، ژمارە، ٢١٦،سلێمانی، چاپخانەی حمدی، لە ١ی تەموزی ٢٠١١، ل٧.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٨٦، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

نمونە:( راستەهێل بە نوقتەیەك
عیلاقە بە نوكەیەك
زانكۆ بە یەك دوو كۆلیج
عیشقی ئەمرۆ بە مەسیج)[1].

**خشتەی (٤٤)**

**تەنزی گۆڕانی كۆمەڵایەتی**

| گۆرانی كۆمەڵایەتی | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| گۆڕانی كەرەسە مادیەكان ئاسانترە لە گۆڕانی داب و نەریت | ٣١ | ٣٨،٢٧١ |
| پێگەیشتنی كلتورەكان كاریگەریان هەیە لەسەر لاوازبوونی بەها كۆمەڵایەتییەكان | ٢٧ | ٣٣،٣٣٣ |
| پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانی گۆریوە. | ٢٣ | ٢٨،٣٩٥ |
| كۆی گشتی | ٨١ | ٪١٠٠ |

## نوزدەیەم: تەنز دەربارەی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی:

خشتەی ژمارە (٤٥) نووسیتی تەنزە دەربارەی (ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی) لەچوار برگە پێكدێت، برگەی یەكەم (سەروەری یاسا)یە، ژمارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە لە سەر (سەروەری یاسا) (٤٨) و، ڕێژەی سەدی (٤٥،٧١٤)، گۆڤاری سیخورمە لە نووسینە تەنزەكانی ئەو دام ودەزگایانە دەخاتەبەر رەخنەی تیژی خۆی كە سەروەرییەكانی یاسا پێشێلدەكەن، بەتایبەتی لە گۆشەی (سوعبەت لەگەڵ بڵاوكراوەكاندا).

نمونە: یەكگرتوو: كەی پەرلەمانی كوردستان كۆ دەبێتەوە؟
سیخورمە: كە حزب ئەمری كرد[2].

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٣٩، سەرچاوەی پێشوو، ل١.
[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارەی،١٤٠، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

**برگەی دووەم (یاساکانی هاتووچۆ)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە بریتیە: لە (٢٦) و، رێژەی سەدی (٢٤،٧٦١)، یەکێك لەو گرفتانەی کە رۆژانە قوربانی وزیانی ماددی لێ دەکەوێتەوە، جێبەجێنەکردنی یاساکانی هاتووچۆیە، گۆڤاری سیخورمە، نووسینی تەنزی لە ئاستی زۆر بەرز ئاراستەی ئەوانە دەکات کە بەپێ ی رێنمایەکانی هاتوچۆ کارناکەن.**

**نمونە: (لە ئاکرێ سایەقێکم بینی لە باتی ڤایش بە دەسترازە خۆی بەستبۆوە)[1].**

**برگەی سێیەم (دادگا)کانە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە (٢٢)و، رێژەی سەدی(٢٠،٩٥٢)، نووسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمە لە سەر بالادەستی پارتەکان لە دادگاکان، رەخنە دەگرێت و بە توندی داوای یەکسانی هەموو تاکەکان دەکات لە بەرامبەر دادگادا.**

**نمونە: (شکاتم لە مودیرەکەمان کرد کەچی خۆم بەر عقوبە کەوتم)[2].**

**برگەی چوارەم (سولحی عەشایەری) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (سولحی عەشایەری)، (٩)و، رێژەی سەدی (٨،٥٧١)، گۆڤاری سیخورمە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٥).**

**نوسینە تەنزەکانی ئاراستەی ئەوانە دەکات بە ناوی کۆمەلایەتییەوە سولح دەکەن وئەو پێکاهاتنەوەیە زۆرجار سەرهەلدەداتەوە چونکە دادگا بریاری راستی لە سەر نەداوە.**

**نمونە: (سولحێکی عەشایەری لە چوارقورنە بە (١٠٠٠٠٠)دینار)[3].**

---

[1] - **گۆڤاری سیخورمە**، ژمارە ١٧٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[2] - **گۆڤاری سیخورمە**، ژمارە ١٦٩، سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

[3] - **گۆڤاری سیخورمە**، ژمارە ٩٠، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

**خشتەی (٤٥)**

**تەنز دەربارەی ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی**

| ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لە هەرێمی کوردستان تائێستا یاسا سەروەر نییە | ٤٨ | ٤٥،٧١٤ |
| یاساکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە ڕێگربن لە ڕووداوەکان | ٢٦ | ٢٤،٧٦١ |
| دادگاکان بە پێ ی ویستی حزبە بالأدەستەکان بەڕێوە دەچن | ٢٢ | ٢٠،٩٥٢ |
| سولحی عەشایەری هۆکارێکی سەرەکییە بۆمانەوەی تۆڵەسەندنەوە | ٩ | ٨،٥٧١ |
| کۆی گشتی | ١٠٥ | ٪١٠٠ |

## بیستەیەم: تەنزی کلتوری ماددی ومەعنەوەی

خشتەی ژمارە (٤٦) نووسینی تەنزدەربارەی لایەنە (ڕۆشنبیری وکلتورییەکان)ە لە دوو برگە پێکدێت، برگەی یەکەم: لایەنە (ماددی)یەکانی کلتورە، ژمارە دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە(١٥٨)و، ڕێژەی سەدی (٨٠،٢٠٣)ە.

نمونە: نمونە: (کوردستانی نوێ: شمشێری سەلاحەدین و تفەنگی ناپلیون

سیخورمە: بە قوربانی دەمانچەیەکی ئەمریکی بن)[١].

برگەی دووەم: لایەنە (مەعنەوی)یەکەی کلتوری دەگرێتەوە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە (٣٩)و بەرێژەی سەدی(١٩،٧٩٦)ە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤٦).

نمونە: سین سوئال: وەلەو ناوەختیشە بەلأم زەحمەت نەبێ فەرق چییە لە بەینی ئێمە و ئینگلیزا؟

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٨، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

**جیم جەواب: فەرقمان زۆرە خەپە گیان، ئەوان لە ئینگلیزییەکەی زەمانی شکسپیر تێ ناگەن ئێمەش لە کوردییەکەی ئەو زەمانە[1].**

**خشتەی (٤٦)**

**تەنزی کلتوری ماددی ومەعنەوەی**

| جۆرەکانی کلتور | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کلتوری (ماددی) | ١٥٨ | ٨٠،٢٠٣ |
| کلتوری (معنەوی) | ٣٩ | ١٩،٧٩٦ |
| کۆی گشتی | ١٩٧ | ٪١٠٠ |

## بیست ویەکەم: تەنزی کلتوری ماددی:

**خشتەی ژمارە (٤٧) نووسینی تەنز لە بواری کلتوری(ماددی) دەخاتە روو، پێکدێت لە سێ برگە، برگەی یەکەم (ئەندازیاری خانوو)ە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (ئەندازەی خانوو) لە گۆڤاری سیخورمە (٣٦)و، رێژەی سەدی (٢٢،٧٨٤)، گۆڤاری سیخورمە لە نووسینە تەنزەکانی لەگەڵ رەوتی پێشکەوتن رۆیشتووە، رەخنەی گرتووە لەو ئەندازیاریەی لە خانووبەرە دەکرێت تێچونێکی خەیاڵی تێدا سەرفدەکرێت وکەچی جوانکارییەکان هێشتا لە هەرێمی کوردستاندا ئاستیان بەرز نییە.**

**نمونە:[2] چاودێر: هەشت ملیۆن ونیو دینار بۆ دروستکردنی ئاودەستێك سەرفدەکرێت.**

**سیخورمە: کە تایبەت بێت بە عەعەی ئاڵتونی.**

**برگەی ژمارە دوو (بازاری چەك) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (بازاری چەك)، (٤٦)و، رێژەی سەدی (٢٩،١١٣)، گۆڤاری سیخورمە نووسینە تەنزەکانی ئاراستەی ئەوانە کردووە کە چەك بەکاردەهێنن بۆ کردەوەی خراپ.**

**نمونە: ( کلاشینکۆف: خەمبارم ك ەئەو چەکە بە دەستی تیرۆریستانەوەیە)[3].**

**برگەی سێیەم (کاریگەری فلیم لە سەر جل وبەرگ) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لەسەر شێوازی (جل وبەرگ) بریتیە لە (٧٦)و، رێژەی سەدی ( ٤٨،١٠١)، بروانە خشتەی ژمارە (٤٧).**

---

1 - <u>گۆڤاری سیخورمە</u>، ژمارە ٢١٦، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[2] - <u>گۆڤاری سیخورمە</u>، ژمارە ١٧٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[3] - <u>گۆڤاری سیخورمە</u>، ژمارە ١٠٧، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

**نووسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە ئەو کاریگەریانە باسدەکات لە سەر (جل وبەرگ) لە لای تاکی کورد وەك پۆشاکە ئیسلامییەکان وتورکییەکان، کە بازارەکانی هەرێمیان پڕ کردووە.**

**نمونە: (لەچەکێکی بالاّ پۆش بە (١٦) وەرقە)[١].**

**خشتەی (٤٧)**

**تەنزی کلتوری ماددی**

| کلتوری ماددی | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئەندازیاری خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان گۆڕاوە | ٣٦ | ٢٢،٧٨٤ |
| بازاری چەك وتەقەمەنی لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە کزییە | ٤٦ | ٢٩،١١٣ |
| فلیمە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان هەیە لە سەر جل وبەرگ رەفتار لای تاکی کورد | ٧٦ | ٤٨،١٠١ |
| کۆی گشتی | ١٥٨ | ٪١٠٠٪ |

## بیست ودووەم: تەنزی کلتوری مەعنەوی:

**خشتەی ژمارە (٤٨) نووسینی تەنز دەربارەی کەلتوری (مەعنەوی) دەگرێتەوە پێکدێت لە دوو برگە، برگەی یەکەم (ئاین وبیروڕا)یە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە، دەربارەی (ئاین وبیروڕا) بریتیە لە (١٨)و، رێژەی سەدی (٤٦،١٥٣)، گۆڤاری سیخورمە نووسینی تەنز ئاراستەی هەموو ئەو بیروباوەر وئاینانە دەکات کە لە هەرێمی کوردستان ڕەگ وریشەیان داکوتاوەو بوونەتە بە شێك لە رۆشنبیری وکلتوری لە هەرێمی کوردستاندا.**

**نمونە:[٢] یاشێخ لە خەلۆەتایە**

**میللەت لە میحنەتایە...**

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە٢١٦، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە،ژمارە ٢٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

برگەی دووەم (زمان)ی کوردییە ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (زمان) پێك دێت لە (٢١)و، رێژەی سەدی (٥٣،٨٤٦)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٨).

لەسەر پاراستنی زمانی کوردی وزمانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان، گۆڤاری سیخورمە نووسینی تەنزی بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە گۆڤاری سیخورمە شێوە زمانی ناوچەیی زاڵە بەسەریداو تەنها بەو شێوە ئاخاوتنە دەنووسێت کە خەلکی سلێمانی ودەوروبەری قسەی پێ دەکەن.

**خشتەی (٤٨)**

**تەنزی کلتوری مەعنەوی**

| کلتوری معنەوی | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئاین و بیروڕا | ١٨ | ٤٦،١٥٣ |
| زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان نەبۆتە زمانێکی ستانداری پاراو | ٢١ | ٥٣،٨٤٦ |
| کۆی گشتی | ٣٩ | ٪١٠٠ |

## بیست وسێیەم: تەنزی تەندروستی:

خشتەی ژمارە (٤٩) نووسینی تەنزە دەربارەی (بواری تەندروستی) لە گۆڤاری سیخورمە، پێکدێت لە چوار برگە.

نمونە: ها خاڵە ئەم بەبە جوانە چی یەتی؟

باوکەکە: دکتۆرگیان وەللاّ بێ ئەدەبی نەبێت گونی نی یە

دکتۆر: (لە دوای فەحسکردن) ئۆو ڕاست دەکەی وایە ... باشە سوئالێك... لە عائیلەکەتاندا کەسیت رئەو حاڵەتەی هەیە؟

باوکەکە: چۆن چۆنی یەعنی؟

دکتور: یەعنی کەسێکی تر هەیە لە ماڵی ئێوەیا گونی نەبێ؟

بەڵێ دکتور گیان، دایکەکەی و دوو خوشکەکەی تریشی وان[1].

برگەی یەکەم (پەیوەندی نێوان پزیشك ونەخۆش)ە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە لەسەر (پەیوەندی پزیشك ونەخۆش) بریتییە لە (٤٩)و، رێژەی

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە٢٠٢، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، ئابی ٢٠١٠، ل٦.

**سەدی (٦٠٨،٤٢)، جوانترین نوکتە وکۆمێنتی (پەیوەندی نێوان پزیشك ونەخۆش) لە گۆشەکانی (شیکردنەوەی شیعر) و(پەندی پاشینان)دا هاتووە لە گۆڤاری سیخورمە، ڕەخنە لەو تێنەگەیشتنە و بێخەمی دکتۆرەکان دەگرێت، لە ئاست نەخۆشەکان.**

**نمونە: دکتۆر: نازانم .. . نازانم لەو زەختەی تۆ تێ ناگەم**

**نەخۆش: عائیلەوی یە دکتۆر گیان**

**دکتۆر: یەعنی لە باوکت وئەوانەوە تووش بوویت؟!**

**نەخۆش نەخێر لە خەسوومەوە**

**دکتۆر: شتی وانی یە .. زهخت لە خەسووەوە نەقڵ نابێت**

**نەخۆش: دکتۆر گیان ئەگەر لە گەڵیا بژیت واناڵێ ی).[١]**

**برگەی دووەم (کۆنترۆڵی جۆری لەسەر داودەرمان) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (داودەرمان) پێکدێت لە (٢٣)و، ڕێژەی سەدی (٢٠،٠٠٠)، یەکێك لەو گرفتانەی حکومەتی هەرێم (داودەرمان)ە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، گۆڤاری سیخورمە نووسینی تەنزی ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کردووە.**

**نمونە: داودەرمان لە دەرەوە**

**فەرمان لە هەولێرەوە[٢].**

**برگەی سێیەم (چارەسەری میللی) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (چارەسەری میللی)، بریتیە لە (٢٥)و، ڕێژەی سەدی (٢١،٧٣٥)، گۆڤاری سیخورمە قسە لەسەر هەموو ئەو چارەسەرانە دەکات لە دەرەوە ڕێنمای وەزارەتی تەندروستیە ورەخنەی تەنز وگاڵتەجاریان ئاراستە دەکات، بەتایبەتی لە گۆشەی (تەنزیلات)دا.**

**نمونە: (پشت تەقاندنێ لە حەمامی زانکۆ بە ٧٥٠ دینار)[٣]. برگەی چوارەم (پاکوخاوێنی)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (پاکوخاوێنی) بریتیە لە (١٨)و، ڕێژەی سەدی(١٥،٦٥٢)، بروانە خشتەی ژمارە (٤٩).**

**گۆڤاری سیخورمە ئاراستەی نووسینی تەنزەکانی دەربارەی پاکوخاوێنی بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی تەندروستییە لە کەمتەرخەمیان بەرامبەر (خواردنگە و مەلەوانگەو ... تاد).**

**نمونە: (باشترین تاخمێن مەتبەخا بە ئاوی زێراب ئاودراوە)[١].**

---

[١] گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٠٧، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٢٠١، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە،ژمارەی ١٢٤، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤، ل٩.

**خشتەی (٤٩)**

**تەنزی تەندروستی**

| گرفتی تەندروستی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەیوەندی پزیشك ونەخۆش پەیوەندیەكی بازرگانییە | ٤٩ | ٤٢،٦٠٨ |
| كۆنترۆڵی جۆری لەبەكارهێنانی داودەرماندا زۆر لاوازە | ٢٣ | ٢٠ |
| بەرزبونەوەی‌نرخی نۆرینگەكان بۆتە هۆی پەرەسەندنی چارە سەری میللی | ٢٥ | ٢١،٧٣٩ |
| لە خواردنگەكان پاكوخاوێنی لە ئاستێكی نزمدایە | ١٨ | ١٥،٦٥٢ |
| كۆی گشتی | ١١٥ | ٪١٠٠ |

## بیست وچوارەم: تەنزی پەروردە وفێركردن:

خشتەی ژمارە (٥٠) نووسینی تەنزە لە گۆڤاری سیخورمە، دەربارەی پەروردەو فێركردن، پێكدێت لە سێ برگە.

نمونە: (لە دوورەوە ئیشارەتیان بۆ موعیدێكی كولیەی علوم كرد سێ مانگ و شتێكە جامیعەی نەدیوە مەگەر لە أخبار)[٢].

برگەی یەكەم (ئاستی خوێندن) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (ئاستی خوێندن) لە گۆڤاری سیخورمە (٢٨)و، ڕێژەی سەدی (٤١،٧٩١)، نووسینە تەنزەكان لە گۆڤاری سیخورمە بە ئاستیكی بەرز رەخنە لە شێوازی فێربوون لە زانكۆو ناوەندەكانی خوێندن دەگرێت.

نمونە:[٣] ئاسكە شەلەكەی هەردەی پێوازم

زانكۆش تەواوكەم هێشتا هەر قازم.

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٨، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٥، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ،ژمارە ١٦٨، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

برگەی دووەم (ڕۆڵی بنكە رۆشنبیرییەكان)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (بنكە رۆشنبیرییەكان) لە گۆڤاری سیخورمە (١٤)و، ریژەی سەدی (٢٠،٨٩٥)، رۆڵی بنكە رۆشنبیرییەكان باس دەكات لە هەڵنەستان بە ئەركی خۆیان لە بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری وزانستدا.

نمونە: لە باتی هەموو عیلم ومەعریفەتێك دەزانی لێپرسراوی یانەی خەلەكان دەورەی چی كردۆتەوە؟ دەورەی نۆڕسكێن ودامە[1].

برگەی سێیەم (هۆكارەكانی راگەیاندن) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر كاریگەری (هۆكارەكانی راگەیاندن) لە گۆڤاری سیخورمە (٢٥)و، رێژەی سەدی(٣٧،٣١٣)، بروانە خشتەی ژمارە (٥٠).

زۆرجار راگەیاندن كاریگەری سەلبی هەیە، گۆڤاری سیخورمە بەنووسینە تەنزەكانی رەخنەی گاڵتەجاری ئاراستەی هۆكارەكانی راگەیاندن كردووەو، كە بە شێك لە بەرنامە ونووسینەكانیان ئاستیان نزمە و خزمەتی پێشكەوتنی زانست وزانیاری ناكات.

نمونە:[2] دەسەڵاتی چوارەمە؟ بۆربۆرێنی قەڵەمە؟

**خشتەی (٥٠)**

**تەنزی پەروردە وفێركردن**

| ئاستی زانستی | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئاستی زانستی خویندن بە گشتی دابەزیوە | ٢٨ | ٤١،٧٩١ |
| بنكە ڕۆشنبیرییەكان رۆڵیان لە هۆشیاركردنەوەی جەماوەردا هەیە | ١٤ | ٢٠،٨٩٥ |
| جیاوازی لە ئاراستەی بیركرد نەوەی هۆیەكانی ڕاگەیاندندا كەسایەتی لادەری دروست كردوە | ٢٥ | ٣٧،٣١٣ |
| كۆی گشتی | ٦٧ | ٪١٠٠ |

[1] - هەمان سەرچاوە، ل١٣

[2] - هەمان سەرچاوە، ل١٦.

## بیست وپێنجەم: تەنزی خزمەتگوزاری

**خشتەی ژمارە (٥١) نووسینی تەنز لە بواری (خزمەتگوزاری) لە گۆڤاری سیخورمە، لە چوار برگە پێکدێت.**

**نمونە: (مەوزوع: استلامی مەکتەبێکی تازە**

**شوێن: پێنجوێنی هەمیشە سەوزەکە، بەپێ ی قانون: سەرۆکی لیجنەی ئیستلام دەبێ قائمقام بێ**

**بەفیعلی : قایمقام مەشغولی ئیشە**

**دەی حەل؟؟**

**پۆلیسێك بنێرە با لە موهندیسی کۆمپانیاکەی وەرگرێت )[1].**

**برگەی یەکەم چارەسەری بنەرەتی (کارەبا) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (کارەبا) وگرفتەکانی (٣٧)و، رێژەی سەدی (٤٢،٠٤٥)، گۆڤاری سیخورمە لە نووسینی تەنز دەربارەی خزمەتگوزاری کارەبا، رەخنەی تەنز لە ئاستێکی بەرزە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کارەبا بە شێوەیەکی بنەرەتی وەك لە شیعرەکانی لاپەرەی یەکدا گرنگی پێدراوە.**

**نمونە:[2] ئاوێنە: میللەتێکی بێ کارەباو نەوت**

**سیخورمە: هاکا بەر جەڵتەی دڵ و دەماغ کەوت.**

**برگەی دووەم (هۆڵەکانی خوێندن)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی خراپی (هۆڵەکانی خوێندن) لە گۆڤاری سیخورمە (١٢)و، رێژەی سەدی (١٣،٦٣٦)، نووسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە لەسەر(هۆڵەکانی خوێندن)، رەخنە لە نەبوونی ئامێری ساردکەرەوە و گەرمکردن، زۆری خوێندکاران لە پۆلێکدا.... تاد، دەگرێت.**

**نمونە: (لە شەنگال خوێندکاران لەسەر بەردو تەنەکە دادەنیشن)[3].**

**برگەی سێیەم (رێگاو بانەکان)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی دروستکردنی گرفتەکانی هاتووچۆ کە بە شێکی دەگەڕێتەوە بۆ (رێگاو بانەکان) لە هەرێمی کوردستان، بریتیە لە (٢١)و، رێژەی سەدی (٢٣،٨٦٣)، گۆڤاری سیخورمە بە نوسینی تەنز بە تایبەتی لە شیعرەکانی لاپەرەی یەك وکۆتایی گۆڤاری سیخورمە لەسەر (رێگاوبان)، رەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرێت.**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٩،سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[2] -گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧١، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١٥.

نمونە:[١] هاوین بە شووتی وسەهۆل ... تەعمیرات بە چاڵ وچۆڵ

برگەی چوارەم (گەشتوگوزار)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەرباری (گەشتوگوزار) بریتیە لە (١٨)و، ڕێژەی سەدی (٢٠،٤٥٤)بروانە خشتەی ژمارە (٥١).

نووسینی تەنز لەگۆڤاری سیخورمە لەسەر(گەشتوگوزار) بەشێوەیەکی لاوەکی وژمارەیەکی کەمی لەسەر نووسراوە، پێویست بوو ڕەخنەی تەنزی زیاتر ئاراستەی لایەنی بەرپرس بکرایە دەربارەی خراپی سەیرانگاکان.

نمونە: (سەیرانگەرەکانمان ئەغلەبیان بێ زەوقن)[٢].

**خشتەی (٥١)**

**تەنزی خزمەتگوزاری**

| گرفتی خزمەتگوزاری | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حکومەت چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆهەبوونی کارەبا نەدۆزیوەتەوە | ٣٧ | ٤٢،٠٤٥ |
| پڕبوونی هۆڵەکان وسێ دەوامی ڕێگرە لە بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی خوێندن | ١٢ | ١٣،٦٣٦ |
| ڕێگاوبانەکانی کوردستان بە شێکن لە گرفتەکانی هاتوچۆ | ٢١ | ٢٣،٨٦٣ |
| گەشتوگوزارێکی زۆر خزمەت گوزاریەکی کەم ولاتێکی بێخاوەن | ١٨ | ٢٠،٤٥٤ |
| کۆی گشتی | ٨٨ | ٪١٠٠ |

[1] گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٣٩، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٠٥، ٢٠٠٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

## بیست وشەشەم: تەنزی ئاسایش:

خشتەی ژمارە (٥٢) ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری ئاسایشدا دەخاتە ڕوو، پێکدێت لە دوو برگە، گۆڤاری سیخورمە زۆر بە بوێرانە ڕەخنەی توند لە ڕێگای نووسینی تەنزەوە ئاراستەی دام ودەزگاکانی ئاسایش دەکات و بە کەم تەرخەمیان دادەنێت.

نمونە: لە نوسراوی سەر لۆتیەك وا هاتووە: (جومعەی رابردوو لە دوکان هەموو ئاسایشم هەڵپەڕاند)[1].

برگەی یەکەم لە سەر(تیرۆر)ە، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی (تیرۆر لە دەرەوەی سنور دەگاتە هەرێم) بریتیە لە (٣٣)و، ڕێژەی سەدی (٧٥،٠٠٠)، گۆڤاری سیخورمە ڕەخنەی تەنزی گاڵتەجاڕانەی زۆری ئاراستەی تیرۆریستان کردووە، نووسینە تەنزەکانیش ئاستیان بەرزە.

نمونە: هاوڵاتی:[2] خەڵکی هەولێر لە تە قینەوەی TNT دەترسن

سیخورمە: ئەی خەڵکی کوێ لێ ی ناترسن؟؟

برگەی دووەم (سیخوری) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە سەر (سیخوریکردن) لە گۆڤاری سیخورمە (١١)یەو، ڕێژەی سەدی (٢٥،٠٠٠)، گۆڤاری سیخورمە لە نووسینە تەنزەکانی زۆر گرنگی نەداوە بە مەسەلەی سیخوری لە سەر هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٢).

نمونە:[3] بە شەرواڵ کوردە وخەڵکی ئەفغانە ___ بۆتە میکرۆبی ئەو هەورەمانە.

**خشتەی (٥٢)**

**تەنزی ئاسایش**

| شێواندنی ئاسایش | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تیرۆر لە دەرەوەی سنورەکان دەگاتە هەرێم | ٣٣ | ٧٥ |
| سیخوریکردن وەك ئامرازێك بۆ شیواندنی باری ئاسایش | ١١ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٤٤ | ٪١٠٠ |

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٩١، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

[2] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٠، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٠٦، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

## بیست وحەوتەم: تەنزی ژینگە:

خشتەی ژمارە (٥٣) نووسینی تەنز دەربارەی (ژینگە)ی کوردستان دەخاتە ڕوو، پێکدێت لە سێ برگە.

نمونە: (لە مەسئولێکی ژینگە پارێزم پرسی شت *هەیە* لە کۆلانی ئەوقاف پیسترَ)[١]؟

برگەی یەکەم (دارچاندن)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز دەربارەی (دارچاندن) لەگۆڤاری سیخورمە بریتیە لە (٩) و، ڕێژەی سەدی (٢٢،٥٠٠)، گۆڤاری سیخورمە نووسینی تەنزی بە ڕێژەیەکی زۆرکەم تێداهاتووە دەربارەی (دارچاندن)ی شارەکان، پێویست بوو زۆرترین نووسین بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکات.

نمونە:[٢] کوردستان: ئاورێك لە باخچەی موعەمەر قەزافی بدەنەوە

سیخورمە: ئینجا دەزانیت تەپ و تۆز یەعنی چی.

برگەی دووەم (بەفیڕۆدانی ئاو)، ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە، دەربارەی (بەفیڕۆدانی ئاو ) بریتیە لە (١٧)و، ڕێژەی سەدی (٤٢،٥٠٠)، یەکێك لە گرنگترین پێداویستی لە ژیانی مرۆڤ (ئاو)ە، گۆڤاری سیخورمە گرنگی بەم لایەنە داوە بە نووسینی تەنزی ڕەخنەگرانە بەرامبەر ئەوانە کە قەدری ئاو ناگرن.

نمونە: ئەگەر سێ مامۆستای مەکتەبی .... بە سعات ونیوێك شەش فەرشی ماڵەوە لە حەوشەی مەکتەب بشۆن، ئایا.....[٣].

برگەی سێیەم (کارگەکان) ژمارەی دووبارەی نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە دەربارەی یەکێك لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە (کارگەکان)ە بریتیە لە (١٤)و، ڕێژەی سەدی (٣٥،٠٠٠)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٣).

یەکێك لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە کارگەکانە، گۆڤاری سیخورمە بۆ بەرژەوەندی گشتی ڕەخنەی تەنزی توند ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە هۆکاری تێکدانی ژینگەن، بەتایبەتی ئەو کارگانەی نزیکن لە شارەکان وەك (کارگەی چیمەنتۆ).

نمونە: کارگەی لالەزار بۆ دروستکردنی دەکتی هەوایی ساردوگەرم یەکەم کارگەیە لە باکوری عێراقدا کە عباس پاشای عوسمانلی، نەوەی سوڵتان موڕادی پێنجەم ساڵی ١٩٦٧ دایمەزاندوە[٤].

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٤، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، لە ١ی ئابی ٢٠٠٦، ل١٠.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٤٠، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٥، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

[٤] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ٧٠، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی کانونی دووەم ٢٠٠٠، ل٥.

**خشتەی (٥٣)**

**تەنزی ژینگە**

| ناوەرۆك | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دارچاندن نەبۆتە نەریت لای تاکی کورد | ٩ | ٢٢،٥٠٠ |
| ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت، لەبەرنەبوونی بەنداو لە هەرێمی کوردستاندا | ١٧ | ٤٢،٥٠٠ |
| زۆری کارگەکان هۆکارێکن بۆ پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان | ١٤ | ٣٥،٥٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ٪١٠٠٪ |

## بیست وهەشتەم: روونکردنەوەی جۆرەکانی نووسینە سەرەکییەکان وپلەکانیان لە گۆڤاری سیخورمەدا:

بە ئامانجی زانینی گرنگی نووسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمە وپلەبەندییان ولە ئەنجامی شیکردنەوەی ناوەرۆکی نووسینەکان توێژەر لە (٣٦) ژمارەی گۆڤاری سیخورمەدا واتە لە سامپلی توێژینەوەکەدا کە ژمارەی (١٣٠٩) نووسینی وەرگرتبوو(بروانە خشتەی ژمارە (٢٧)، پاش پۆلێنکردنی نووسینەکان بۆ (٩) جۆری سەرەکی لە سەرجەم نووسینەکان، توێژەر لە خشتەی ژمارە (٥٤) ژمارەی جۆرەکان وپلە بەندییان(الفئات)و ژمارەی دووبارە وریژەی سەدی وپلەکان (المرتبة)ی دەخاتەروو، بروانە خشتەی ژمارە (٥٤)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **تەنزی کۆمەڵایەتی:** لە کۆی (١٣٠٩)نووسینی تەنز، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ژمارە(٣٠٣)ی وەرگرتووە بە رێژەی سەدی(٢٣,١٤٧ )، بروانە خشتەی ژمارە(٥٤).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە کۆمەڵایەتییەکانی لە پلەی یەکەم داناوە وزۆرترین رووبەری پێداوە.

٢- **تەنزی سیاسی:** لە کۆی (١٣٠٩)نووسینی تەنز، بابەتی تەنزی سیاسی ژمارەی (٢٦٠)ی وەرگرتووە بە ڕێژەی (١٩,٨٦٢)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە سیاسیەکانی لە پلەی دووەم داناوە، رووبەرێکی زۆری پێداوە، کە بابەتە سیاسییەکان لە دوای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- **تەنزی ئابوری:** لە کۆی (١٣٠٩) نووسینی تەنز، بابەتی تەنزی ئابوری ژمارەی (١٧٩)، وەرگرتووە، بە ڕێژەی سەدی (١٥,٠٤٩)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە ئابورییەکانی لە پلەی سێیەم داناوە، رووبەرێکی زۆری پێداوە، لە دوای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وسیاسییەکان، بابەتە ئابوریەکان.

٤- **تەنزی کلتوری:** لە کۆی (١٣٠٩) نووسینی تەنز، بابەتە رۆشنبیری وکلتورییەکان ژمارەی (١٩٥) وەرگرتووە، بە ڕێژەی سەدی (١٤,٨٩٦)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە کاتوریەکانی لە پلەی چوارەم داناوەو رووبەرێکی باشی پێداوە.

٥- **تەنزی تەندروستی:** لە کۆی نووسینی (١٣٠٩) نووسینی تەنز، بابەتە تەندروستییەکان ژمارەی (١١٥) وەرگرتووە، بە ڕێژەی سەدی (٨,٧٨٥)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە تەندروستییەکانی لە پلەی پێنجەم داناوەو رووبەرێکی باشی پێداوە.

٦- **تەنزی خزمەتگوزاری:** لە کۆی (١٣٠٩) نووسینی تەنز، بابەتی خزمەتگوزاری ژمارە (٨٨)ی وەرگرتووە، بە ڕێژەی سەدی (٦،٧٢٢). بڕوانە خشتەی (٥٤).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە خزمەتگوزارییەکانی لە پلەی شەشەم داناوەو، رووبەرێکی بۆ تەرخانکردووە.

٧- **تەنزی پەرورده وفێرکردن:** لە کۆی (١٣٠٩) نووسینی تەنز، بابەتی پەروەردەو فێرکردن (٦٧)ی وەرگرتووە، ڕێژەی سەدی (٥,١١٨). بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزە پەروردەییەکان لە پلەی حەوتەم داناوە، رووبەررێکی بۆتەرخانکراووە.

٨- **تەنزی لە سەر ئاسایش:** لە کۆی (١٣٠٩) نووسینی تەنز، بابەتی تەنز لە سەر ئاسایش ژمارەی (٤٤)ی وەرگرتوە، ڕێژەی سەدی (٣,٣٦١). بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆڤاری سیخورمە بابەتە تەنزەکانی لە سەر ئاسایش لە پلەی هەشتەم داناوە، رووبەرێکی بچوکی بۆ تەرخانکراوە.

٩- **تەنزی ژیتگەیی:** لەکۆی (١٣٠٩)نووسینی تەنز، بابەتی تەنزی ژینگەیی ژمارە (٤٠) وەرگرتوە، رێژەی سەدی (٣,٥٥). بروانە نەخشەی ژمارە (٥٤)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆڤاری سیخورمە بابەتی تەنزی ژینگەیی لە پلەی نۆیەم داناوە، بچوکترین رووبەری گۆڤاری سیخورمەی داگیرکردووە.

**خشتەی (٥٤)**

**روونکردنەوەی جۆرەکانی نووسینە سەرەکییە تەنزییەکان وپلەکانیان لە گۆڤاری سیخورمەدا**

| ژمارە | ناوەرۆك | دووبارە | رێژەی سەدی | پلە (المرتبة) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵایەتی | ٣٠٣ | ٢٣،١٤٧ | یەکەم |
| ٢ | سیاسی | ٢٦٠ | ١٩،٨٦٢ | دووەم |
| ٣ | ئابوری | ١٩٧ | ١٥،٠٤٩ | سێیەم |
| ٤ | کلتوری | ١٩٥ | ١٤،٨٩٦ | چوارەم |
| ٥ | تەندروستی | ١١٥ | ٨،٧٨٥ | پێنجەم |
| ٦ | خزمەتگوزاری | ٨٨ | ٦،٧٢٢ | شەشەم |
| ٧ | پەرورده و فێرکردن | ٦٧ | ٥،١١٨ | حەوتەم |
| ٨ | ئاسایش | ٤٤ | ٣،٣٦١ | هەشتەم |
| ٩ | ژینگەیی | ٤٠ | ٣،٠٥٥ | نۆیەم |
| کۆی گشتی | (٩)نۆ جۆر | ١٣٠٩ | ٪١٠٠ | |

## دەرئەنجام  وپێشنیاز وراسپاردەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: دەرئەنجام

توێژەر لەم نامەیە هەوڵیداوە کە ڕێگا مەعریفی ومیتۆدی وزانستییەکان بگرێتەبەر لە ڕۆژنامەگەریی تەنز وشیکردنەوەی گۆڤاری سیخورمەدا، ئەمەش لە ڕێگای توێژینەوەی تیۆری ومەیدانی لە ڕۆژنامەگەریی تەنز وگۆڤاری سیخورمەدا لە هەرێمی کوردستان، توێژەر پاش نیشاندانی ئەنجامی شیکردنەوەکانی خاسیەتە پیشەییەکان وشیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤاری سیخورمە گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی ئەم توێژینەوەیە، بەمشێوەیە:

### ١-لایەنی تیۆری:

١-١ ڕۆژنامەگەریی تەنز هونەرێکی رۆژنامەوانییە، بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە لە ڕێگای نووسینی تەنز و وێنە کاریکاتێرییەکانەوە بە بەشێك لە رەخنەی دروستکەر دەژمێردرێت.

١-٢ ڕۆژنامەگەریی تەنز لە جیهان مێژوویەکی کۆنی هەیە ولەئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە سەریهەڵداوە، لە وڵاتی میسر وعەرەبیش لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵداوە.

١-٣ لە کوردستان تەنزنوسی کارامە وشارەزابوونیان هەبووە لە پێش راپەرین، بەڵام رۆژنامە وگۆڤار وبڵاوکراوەی تایبەت بە تەنز دەرنەچووە.

١-٤ ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستان لە دوای راپەرینەوە سەریهەڵداوە،  یەکەم گۆڤاری تایبەتمەند بەتەنز گۆڤاری سیخورمە بووە.

١-٥ نەشارەزایی هونەری ونەبونی رۆژنامەنووسی ئەکادیمی تایبەت بە نووسینی تەنز.

١-٦ گۆڤاری سیخورمە نەیتوانیوە ببێتە گۆڤارێکی سەرتاسەری لە گشت شار وشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، نەبوونی پەیامنێر وشێوازی دابەشکردنەکەی بۆتە ئاستەنگ لەبەردەمیدا.

١-٧ گۆڤاری سیخورمە لە لایەن کەسایەتی باڵادەستی حزبی سەربە دەسەڵاتەوە پاڵپشتیدەکرێت، بەڵام گۆڤارەکە رەخنەکانی خۆی ئاراستەی گەندەڵی وکەم وکورتییەکانی حکومەتی هەرێم ولایەنە سیاسییەکانی دەسەڵات ودەرەوەی دەسەڵات دەکات.

١-٨گۆڤاری سیخورمە ژانرەکانی (چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی) فەرامۆش کردووە.

## ٢- لایەنی مەیدانی:

١-٢ سەرجەم کارمەندانی گۆڤاری سیخورمە لە توخمی پیاون.

٢-٢ کەمی سەرچاوەی بابەتی تەنز یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڤاری سیخورمە.

٢-٣ئەو فاکتەر وپێوەرانەی کە ڕۆڵیان لە دیاریکردنی بابەتە تەنزەکاندا لە گۆڤاری سیخورمە بە پێی زنجیرەی گرنگیان بریتین لە سیاسەتی گۆڤارەکە وسەرچاوەکانی ڕاگەیاندن وسیاسەتی دەوڵەت وکۆت وبەندە یاساییەکان وگرنگی وجۆری بابەتەکە وداواکاری وئارەزوەکانی جەماوەرە.

٢-٤ بەڕێوەبەری نووسین بەرپرسیاریەتی تەواوی سیاسەتی تەحریری گۆڤاری سیخورمەی لە ئەستۆدایە.

٢-٥ رای جەماوەر وەك تێبینی نەك وەك تویێژینەوە لەسەر گۆڤاری سیخورمە وەردەگیرێت.

٢-٦ نووسینە تەنزەکانی گۆڤاری لە سیخورمە زیاترن بە بەراورد لەگەڵ کاریکاتێردا.

٢-٧ شێوە نوسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: کۆمێنت، دوەم: سەرگوزشتە، سێیەم: شیعر، چوارەم: چیرۆك، پێنجەم: وتار.

٢-٨ جۆری نوسینە تەنزەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: ( کۆمەلأیەتی، سیاسی، ئابوری، کلتوری، تەندروستی، خزمەتگوزاری، پەروەردە وفێرکردن، ئاسایش، ژینگە).

٢-٩ تەنزە سیاسییەکان بە گوێرەی ناوچەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: هەرێمی کوردستان، دوەم: جیهان، سێیەم: عێراق، چوارەم: ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، پێنجەم:دەوڵەتانی هەرێمایەتی (ئیقلیم).

٢-١٠ تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، دوەم: هەرێمی کوردستان لە نێوان سیاسەت وپەیمانە نهێنییەکانی دراوسێکانی، سێیەم: سیاسەتی دوو ئیدارەیی.

**٢-١١ تەنز دەربارەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: رۆژنامەگەریی، دووەم خۆپیشاندان، سێیەم: هەڵبژاردن.**

**٢-١٢ تەنز دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: مادەی ١٤٠، دووەم: کێشەی جۆراوجۆر دەربارەی ناوچە جێناکۆکەکان.**

**٢-١٣ تەنز دەربارەی عێراق لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: دەستتێوەردانی دەرەکی، دووەم: دەسەڵاتی ناوەند ورۆڵی کورد.**

**٢-١٤ تەنزی ئابوری دەربارەی هەرێمی کوردستان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: بەرهەمهێنان، دووەم: دابەشکردن، سێیەم: بەکاربردن(أستهلاك)، چوارەم: هاوردە لە دەرەوە.**

**٢-١٥ تەنزی بەرهەمهێنان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: داهاتی نەوت، دووەم: داهاتی گومرگ وباج.**

**٢-١٦ تەنزی دابەشکردن لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: دابەشکردنی موچە ودامەزراندن، دووەم: دابەشکردنی سوتەمەنی.**

**٢-١٧ تەنزی بەکاربردن لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: بەکاربردنی ئۆتۆمۆبێل، دووەم: خواردن، سێیەم: بەکاربردنی مۆبایل.**

**٢-١٨ تەنزی هاوردەکردن لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: هاوردەی کاڵا، دووەم: خواردنی بەسەرچوو.**

**٢-١٩ تەنزە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، دووەم: رێکخستنی کۆمەڵایەتی، سێیەم: گۆرانی کۆمەڵایەتی.**

**٢-٢٠ تەنزی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: کێشەی نێوان ژن وپیاو لە خێزاندا، دووەم: کۆچکردن، سێیەم: مادده هۆشبەرەکان.**

**٢-٢١ تەنزی گرفتە خێزانییەکان لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: کێشەی تەڵاق، دووەم: جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان کوڕو باوك، سێیەم: بێکاری وپرۆسەی هاوسەرگیری، چوارەم: دیاردەی دووژنە.**

٢-٢٢ تەنزی گرفتی کۆچکردن لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: کۆچی کوران، دوەم: کۆچی پێچەوانە، سێیەم: ناردنەوەی پارە، چوارەم: قەیرەیی کچ.

٢-٢٣ تەنزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: گۆڕانی داب ونەریت، دوەم: بەهای کۆمەڵایەتی، سێیەم: گۆڕانی پەیوەندییەکان.

٢-٢٤ تەنزی رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: سەروەری یاسا، دوەم: یاساکانی هاتووچۆ، سێیەم: دادگاکان، چوارەم: سولحی عەشایەری.

٢-٢٥ تەنزی کلتوری ماددی ومەعنەوی لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: لایەنە مادییەکانی کلتور، دوەم: لایەنە مەعنەوییەکانی کلتور.

٢-٢٦ تەنزی کلتوری ماددی لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: شێوازی جل و بەرگ، دوەم: بازاری چەك، سێیەم: ئەندازەی خانوو.

٢-٢٧ تەنزی کلتوری مەعنەوی لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: زمان، دوەم: ئاین وبیروڕا.

٢-٢٨ تەنزی تەندروستی لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: پەیوەندی نێوان پزیشك ونەخۆش، دوەم: چارە سەری میللی، سێیەم: کۆنترۆڵی جۆری لەسەر داودەرمان، چوارەم: پاك وخاوێنی.

٢-٢٩ تەنزی پەرورده وفێرکردن لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: ئاستی خوێندن، دوەم: هۆکارەکانی راگەیاندن، سێیەم: ڕۆڵی بنکە رۆشنبیرییەکان.

٢-٣٠ تەنزی خزمەتگوزاری لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: کارەبا، دوەم: ڕێگاو بانەکان، سێیەم: گەشتوگوزار، چوارەم: هۆڵەکانی خوێندن.

٢-٣١ تەنزی ئاسایش لە گۆڤاری سیخورمەدا بەمشێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: تیرۆر، دوەم: سیخوریکردن.

٢-٣٢ تەنزی ژینگە لە گۆڤاری سیخورمەدا بەم شێوەیە ریزبەندی وەرگرتووە: یەکەم: بەفیرۆدانی ئاو، دوەم: پیسبوونی ژینگە، سێیەم: سەوزکردن.

## دووەم: ڕاسپاردە:

لەسەر بناغەی ئەو دەرئەنجامانەی سەرەوە توێژەر چەند ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو:

١- گۆڤاری سیخورمە گرنگی زیاتر بە ژانرەکانی رۆژنامەوانی بدات وبە شێوازی تەنز تەرخانیان بکات.

٢ گۆڤاری سیخورمە لە رێگای ریکلامی تەنزەوە داهات بۆ بەردەوامبون وسەربەخۆبونی گۆڤارەکە پەیدابکات.

٣ گۆڤاری سیخورمە روبەری بابەتە کاریکاتێرییەکان زیاتر بکات تاکو هاوسەنگ بێت لەگەڵ نووسینە تەنزییەکاندا.

٤- گۆڤاری سیخورمە روبەری زیاتر بدات بە ناوچە جێناکۆکەکان.

٥- گۆڤاری سیخورمە روبەری زیاتر بدات بە بابەتی تەنزی ژینگەیی وگەشتوگوزاری.

## سێیەم: پێشنیار:

بۆئەوەی لە داهاتوودا توێژینەوەی زیاتر لە بواری تەنز ئەنجامبدرێت توێژەر چەند پێشنیارێك دەخاتە روو:

١- توێژینەوە لەسەر هونەری کاریکاتێر لە گۆڤاری سیخورمەدا بکرێت، کە لە دەرەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەدا بووە.

٢- توێژینەوە لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە جیهان و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان ئەنجامبدرێت کە پێشتر ئەنجام نەدراوە.

٣- توێژینەوە لەسەر ئەو گۆشە وستونە تەنزانە بکرێت کە لە رۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان بڵاوکراونەتەوە لە پێش راپەرین ودوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١.

٤- ژمارەیەك گۆڤار ورۆژنامەی خوێندکارانی تایبەتمەند بە تەنز دەرچوونە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێت توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامبدرێت.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم: قورئانی پیرۆز

## دووەم: سەرچاوە کوردییەکان

### ا - فەرهەنگ

١- هەژار موکریانی، هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی(کوردی – فارسی)، (تهران: انتشارات صدا وسیمای جمهوری أسلامی أیران، ١٣٦٨).

٢ - جەمال عەبدول، فەرهەنگی راگەیاندن، ئینگلیزی- عەرەبی – کوردی، (سلێمانی: چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٤).

٣- فازیل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ، (عربی- کوردی)، (سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٨).

٤- - حمە کریم عارف، فەرهەنگی گۆڤەند وزنار (فارسی- کوردی)، (هەولێر: دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦).

٥- مسعود گوڵی، فەرهەنگی گوڵی(فارسی – کوردی)، (هەولێر: چاپخانەی پەروەردە، ٢٠١٣).

### ب- کتێب

١- ئاکۆ شوانی ومەعروف مجید، شاکر فتاح چرای ڕۆژنامەگەری چەمچەماڵ،(سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢).

٢– ئیسماعیل حقی شاویس، دیاری بۆ لاوان، قسەی پێشینان کوستاولوبون، (بغداد: چاپخانەی أیتام، ١٩٣٣).

٣- ـــــــــــــــ، دیاری بۆ لاوان، هەندێ پڕو پوچی پێشینان ومەتەڵ، (بغداد: چاپخانەی نجاح، ١٩٣٨).

٤- ئەکرەمی مەحمودی ساڵەحە ڕەشە، شەوچەرەی شار، (سلێمانی: چاپخانەی دلێر، ٢٠٠٠).

٥- ئیدریس شەیداهۆ، نیشتیمانی من، (سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٧).

٦- بێکەس، دیوان، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، (سنە: ناسح رەحمانی، ٢٠٠٨).

٧- بورهان محدامین، تەفسیری ئاسان، چ٢، (هەولێر: دەزگای رۆشنبیر،٢٠٠١).

٨- پیرەمێرد، گاڵتە وگەپ، (سلێمانی: چاپخانەی ژیان، ١٩٤٧).

٩- ـــــــــــــــ، پەندەكان، كۆكردنەوەی: كاكەی فەلاح، (بغداد: چاپخانەی سلمان ألاعظمی، ١٩٧٠).

١٠- ـــــــــــــــ، پەندەكان، كۆكردنەوە وساغكردنەوەی ليژنەيەك، (بەغداد: چاپخانەی الزمان، ١٩٩٥).

١١- تاهير ئەحمەد حەوێزی، شەوچرە، (بەغداد: چاپخانەی سلمان ألاعظمی، ١٩٧٠).

١٢- جەزا توفيق تاليب، دەستنيشانكردنی سنووری هەرێمی كوردستانی عێراق، (سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٥).

١٣- جوتيار تۆفيق، بيبيلۆگرافيای ڕۆژنامەگەری كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان ودەوروبەری (١٩٨٠- ١٩٨٨)،(هەولێر: بێ دەزگای چاپ، بێ ساڵ).

١٤- جمال خەزەندار، ئينسكلۆپيديای ڕۆژنامەگەری كوردی، پێداچونەوە: عبدوڵڵا زەنگەنە، (هەولێر: بێ دەزگای چاپ، ٢٠١١).

١٥- حمە صالح فەرهادی،چەندلايەنێكی ڕۆژنامەنووسی كوردی، (بغداد: چاپخانەی الحوادث، ١٩٨٨).

١٦- حمە سعيد حەسەن، بەڕوخسەتی شێخ رەزا، (سويد: چاپخانەی هەڵبجە، ٢٠٠٤).

١٧- خاڵە رەجەب، ترش وشيرين، (سلێمانی: چاپخانەی ئۆفيسی ژير، ٢٠٠٤).

١٨- ڕۆستەم زادە (نامۆ)، ئێستای مرۆڤ وكاريكاتۆر، (هەولێر: چاپخانەی موكريان، ٢٠٠٩).

١٩- ڕەهبەری سيد برايم، لێكۆڵينەوە لە گۆڤاری رزگاری، (سلێمانی: بنكەی ژين، ٢٠١١).

٢٠- سمايل قاسمی، سيخورمە، (هەولێر: دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧).

٢١- سلام عەبدوڵڵا، تەڤريرستان، كۆمەڵە چيرۆكێكی تەنزە، (هەولێر: چاپخانەی پەروردە، ٢٠٠٠).

٢٢- سەردار كێستەيی، سالم سليم، گەندەڵی كارگێری، (دهۆك: چاپخانەی هاوار، ٢٠٠٥).

٢٣- سەروەر عەبدوالرحمان عومەر، رابەری ڕۆژنامەنووسی خوێندكاران ولاوانی كورد، ١٩١٣- ٢٠٠٣، (سلێمانی: بێ دەزگای چاپ، ٢٠١٠).

٢٤- ـــــــــــــــ، ڕۆژنامەنووسی خوێندكارانی كوردستان، (سلێمانی: رۆژنامەی چاودێر بە چاپی گەياندووە، ٢٠٠٩).

٢٥- شاكر فتاح، پێكەنين پڕشنگ دەدا بە ژين، (بەغدا: چاپخانەی ئەسعەد، ١٩٨٦).

٢٦- شێرکۆ میرزا مەنگوڕی، ئاستەنگەکانی یەکەم لاپەڕە لە ڕۆژنامەدا، (کەرکوك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧).

٢٧- شێخ ڕەزا، دیوان، ساغکردنەوە: شوکرمستەفا، چ٢، (هەولێر: دەزگا وچاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠).

٢٨- شێخ رەزای تالەبانی، کۆکردنەوە: عەلی تالەبانی، (بغداد: چاپخانەی معارف، ١٩٤٦).

٢٩- شێخ نوری شێخ سالح، دیوان، کۆکردنەوە: ئازاد عبدالواحد، (هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨).

٣٠- شێرکۆ عبدوڵلا، ساغ وسکوت، (کەرکوك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٢).

٣١- علاالدین سوجادی، ڕشتەی مرواری بەرگی(١- ٨)، (بێ شوێن، بێ دەزگای چاپ، ٢٠١٠).

٣٢- علی ناجی کاکە حمەئەمین عەتار، سیروان بەکر سامی، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠- ١٩٢٢، (هەولێر: وەزارەتی پەروردە، ١٩٩٨).

٣٣- عەبدوڵلا زەنگەنە، ژیانەوە شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ١٩٢٤- ١٩٢٦، (هەولێر: چاپخانەی وەزەراتی پەروردە، ٢٠٠١).

٣٤- ________، رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای . راپەرین. ، (هەولێر، چ- وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨).

٣٥- عومەر شێخەڵلا، پەندی کوردی، (هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٦).

٣٦- غازی حەسەن، هونەری ریکلام، (هەولێر: چاپخانەی پاك، ٢٠١٠).

٣٧– قانع، دیوان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چ٦، (سلێمانی: ناوەندی بلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی دالاهو، ١٣٩٠)، بەرامبەر(٢٠١١)ز..

٣٨- کمال مظهر، تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەی کوردیدا، (بەغدا: چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٧٨).

٣٩- کریم شارەزا، پەندی بەراوردکاری لە نێوان ئینگلیزی وعەرەبی وکوردی، (بغداد: چاپخانەی سمیرمیس، ١٩٨٣).

٤٠- کوردستان موکریانی، ڕوناکی یەکەم گۆڤاری شاری هەولێر، (هەولێر: چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠١).

٤١- گۆران، دیوان، کۆکردنەوە: محمدی مەلا کریم، (بەغدا:چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠).

٤٢- نەژاد عزیز سورمێ، رۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لە بارەی تەکنیك وهونەرەکانی، (هەولێر: بێ دەزگای چاپ، ١٩٩٩).

٤٣- مەلا مستەفا سەفوەت، شانۆی ناومالْ، (بغداد: چاپخانەی سلمان ألاعظمية، ١٩٧١).

٤٤- مارف خەزەندار، مێژووی ئەدەبی کوردی، (هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٠).

٤٥- محمەد قادر، کاریکاتێر،(هەولێر: چاپخانەی ماردین، ٢٠١٢).

٤٦- مەلا عەولاّی حاجی سمایل، سەربردەی ژیانم، (بەغدا: چاپخانەی ئەرشاد، ١٩٩٠).

٤٧- مەلا محمەد عەلیاوەیی، غەمرەوێن، (هەولێر: چاپخانەی ماردین، ٢٠٠٩).

٤٨- مەلا مەحمودی کزەڵ، کەشکۆڵ لە گەنجینەی ژیانی کوردەواری، (هەولێر: چاپخانەی منارە، ٢٠١٢).

٤٩- مراد دڵپاك شاخەپیسکەیی، خەم رەوێن، (هەولێر: چاپخانەی شارەوانی، ١٩٧٦).

٥٠- مقداد شاسواری، تەنزستان، کۆمەڵە چیرۆکێکی تەنزە، (هەولێر: چاپخانەی پەروردە، ٢٠٠١).

٥١- هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، چ٣، (هەولێر: چاپی ئازادی، ٢٠٠٩).

٥٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨-١٩١٨، بەرگی یەکەم، (سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،٢٠٠١).

٥٣- نەوزاد علی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەری نهێنی کوریدا، (١٩٦١- ١٩٩١)، ( سلێمانی: چاپخانەی رِوون، ٢٠٠٥).

٥٤ - هەڤاڵ ابو بکر حسەین، چەشنە ئەدەبی ورۆژنامە نوسییەکان ورەنگدانەوەی لە ژیان وژیندا (١٩٣٢-١٩٥٠)، (سلێمانی: بنکەی ژین،٢٠٠٧).

٥٥- هیمداد حوسێنی، رۆژنامەوانی کوردی وگۆڤاری هەولێر، ١٩٧١- ١٩٧٢، (سلێمانی: دەزگا وچاپ وپەخشی حمدی، ٢٠١٠).

## ج- نامەی ماستەر وتێزی دکتۆرا


١- ئەحمەد مام عوسمان، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری کوردیدا، ١٩٢٥- ١٩٧٠ تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، هەولێر کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠.

٢- - جبار ئەحمەد حسین، بینایی ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، کوردستان- عێراق، ١٩٧٠- ١٩٩٠، تێزی دکتۆرای بلاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، .٢٠١٠

٣- محمد کریم أحمد، ڕۆژنامەنووسی کوردی تایبەتمەند، ڕۆژنامەنووسی خوێندکاران لە باشوری کوردستاندا وەك نمونە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی- بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٠.


## د – ڕۆژنامە وبڵاوکراوە


١- ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆیەکی هەفتانەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕوناکبیرییە، ژمارە (٣٠٢)، چاوپێکەتن: هەرێم عوسمان. ٢٠١٢/٣/٢٧ .

٢- ڕۆژنامەی خورماڵ، (بغداد: چاپخانەی حوادث، ١٩٨٣).

٣- ڕۆژنامەی باسەڕە، کۆمەڵەی ڕۆژنامەی باسەڕە، (بغداد: چاپخانەی حوادث ١٩٨٥).

٤- ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (٢٦١)، ساڵ (٥٣)، ٣٠ تەمموزی، .١٩٩٧

٥- ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە(١٠٦)، .٢٠٠٤

٦- ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی، ژمارە(٥١٥) لە ٢٩ی نیسانی، .٢٠٠٨

٧- ڕۆژنامەی هەولێری ڕۆژانە، ژمارە (١٣٧٥) لە ٢٠١٢./٧/١

٨- ڕۆژنامەی ڕووداوی هەفتانە، ژمارە(٢١٧)لە ٦/٢٥/ .٢٠١٢

٩- ڕۆژنامەی باس، هەفتانەیە، ژمارە(٩٩) لە ٢٠١٢./٦/٢٥

١٠- نوقرچە، بڵاوکراوەیەکی دەستنووسی تەنز بوو، ژمارە(٦٨) لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٦.

١١- رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٩١ لە ١٩٩٢/٩/٢٥.

١٢- ڕۆژنامەی گەپ، هەولێر دەزگای گوڵان، ژمارە (١) لە لە ٢٠٠٤/١٠/١.

## هـ - گۆڤار

١- گۆڤاری کاروان، کاریکاتێری کوردی وهونەری کاریکاتێری لە بیری (بەمۆ)ی کاریکاتێریستەوە، هەڤپەیڤین: عیماد ئەحمەد، ژمارە(١٦٠)، (هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١).

٢- ڕۆژنامەنووس، گۆڤاریکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسی، ژ١٣، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان،،٢٠٠٨.

٣- گۆڤاری مهاباد، مانگانەیەکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی ئەدەبی یە، ساڵی یەکەم ژمارە(١) خاکە لێوە، ١٣٨٠- بەرامبەر(٢٠٠١)ز.

٤- گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە٢، ساڵی یەکەم، ٢٠٠٢ .

٥- گۆڤاری سپێدە، گۆڤارێکی ئەدەبیە ورۆشنبیریە، لقی (٨)ی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو دەریدەکات، ژمارە (٣- ٤)، ١٩٩٣.

٦- گۆڤاری سیخورمە، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کاریکاتێری مانگانەیە، ژمارە ٢١١، (سلێمانی: چاپخانەی حمدی، ٢٠١١).

٧- گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارە ١٦٠، ٢٠١٢.

٨- گۆڤاری گەلاوێژ، بنکەی ڕوناکبیری گەلاوێژ، ژمارە (٢)، ٢٠١٢ .

٩- گۆڤاری گەپ، مانگانەیەکی کاریکاتێریە، ساڵی شەشەم، ژمارە (١١٤)، (هەولێر: چاپخانەی موکریان، ٢٠١٢).

١٠- گۆڤاری مەلا مەشهور، گۆڤارێکی تایبەتە بە کاریکاتێر ورەخنە وپێکەنین، ساڵی دووەم (هەولێر: چاپخانەی زانکۆ، ١٩٩٨).

١١- گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەریدەکات، هەولێر، ژمارە(٥)، ٢٠٠٥.

١٢- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(١-١٢) کانونی یەکەمی ١٩٣٩- تا تشرینی ١٩٤٠، چ٢، (سلێمانی: ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠٠٧).

١٣- گۆڤاری هەولێر، شارەوانی هەولێر دەریدەکات، ژمارە (٢-٣) ساڵی (١) حوزیرانی ١٩٧٠.

١٤- گۆڤاری برایەتی، پاشکۆی (تأخی)، (بغداد: چاپخانەی الزمان، ١٩٧٠).

١٥- گۆڤاری (k21)، ژمارەی (١٥).

١٦- گۆڤاری هەنار، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوە، ژمارە (٥٨)، ٢٠١٠.

١٧- گۆڤاری ئاوێزە، پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١)لە ١١/١/ ٢٠٠٩.

١٨- گۆڤاری چیا، گۆڤارێکی پێشمەرگایەتییە، ژمارە (٤٢) لە تەمموز وئابی ٢٠١١.

١٩- گۆڤاری هەولێر، گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیریی سەربەخویە، ژمارە (١) زستانی ١٩٩٨.

٢٠- گۆڤاری دەهۆڵ تایمز، گوڤارێکی سەربەخۆی کاریکاتێرییە، هەولێر، ژمارە (١)ی کانوونی، ١٩٩٩.

٢١- گۆڤاری کاریکاتێر، ڕاگەیاندنی تەندروستی هەولێر، چاپخانەی ژین، ٢٠٠٤.

٢٢- گۆڤاری تەنز وێنە، گۆڤارێکی کاریکاتێریی مانگانەیە، هەولێر ژمارە(١)ی ئازاری ٢٠٠٦.

## و- کتێبی وەرگێردراو

١- حسینی قەندی، ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، وەرگێرانی لە فارسیەوە: کارزان محمد، بەرێوابەرایەتی خانەی وەرگێران، (سلێمانی: چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨).

٢- عەزیز نەسین، سەرجەم چیرۆکەکانی، چ٢، (سلێمانی: خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١١).

٣ - هانی ئەارەزا، د.رامز عەممار، ڕای گشتی وڕاگەیاندن وبانگەشەکردن، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ئەحمەد سەلام، (سلێمانی: چاپخانەی ئەلەند، ١٩٩٨).

٤- ولید حمدی، کورد وکوردستان لە بەلگەنامەکانی بەریتانیا، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە نوری تۆفیق، (بێ شوێن، بێ دەزگای چاپ، ١٩٩٧).

## ز _ چاوپێکەوتن

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مومتاز حیدەری، هەولێر کات (١١) پێش نیوەڕۆ، لە ٢٠١٢.\٣\٧

٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێرزاد رەمەزان شەریف ) ناسراو بە شێرزاد شیخانی، هەولێر،١٤ \١\ ٢٠١٢.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ تاریق ئیبراهیم شریف، لە ١٣\١\٢٠١٢ هەولێر.

٤- چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ د.شێرکۆ عبدلله سەرنووسەری گوڤاری (سیخورمە)، سلێمانی، لە ٦\٥\٢٠١٢ و لە ١٠/٦/ ٢٠١٢.

٥-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، د.ئیبراهیم قادر جاف، سەرۆکی بە شی کوردی، کۆلیژی بنە ڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، لە ٢٠١٢/١/٢٦..

٦- چاوپێکەوتنی توێژەر، لەگەڵ سەرنوسەری ڕۆژنامەی هەواڵ (شوان داودی) لە ٢٠١٢./٨/٥

٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەرنوسەری گۆڤاری (گەپ )، محمد قادر(سەردەم)، لە هەولێر،٢٠١٢./٧/٧

٨- چاوپێکەوتنی توێژەر، لەگەڵ سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات، (سلام عبدوڵلا)لە ٢٠١٢./٦/٢٦

٩- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل شاعیر وچیرۆکنووس، حمەسعید حەسەن، هەولێر، لە ٢٠١٢/٧/٤.

١٠- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نوسەر وچیروکنووس، رووف حەسەن، لە ٢٠١٢./٧/١

١١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ زانای کوڕی خاڵە حەمرین، لە ٢٠١٢./٢/٨

١٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عبدوڵلا زەنگەنە، هەولێر لە ٢٠١٢./٨/٢٦

١٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەرنوسەری ڕۆژنامەی بەدرخان(حمید ئەبو بەکر)لە هەولێر لە ٢٠١٢./٨/٢٤

١٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان شێرە، لە هەولێر، ٢٠١٢./٨/٢٤

١٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئەسعەد جباری لە سلێمانی لە ٢٠١٢./٨/٤

١٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پارێزەر ونوسەر(تاریق جامباز) لە ٢٠١٢/٣/٧، هەولێر.

١٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.هەڤاڵ ابوبکر، مامۆستای زانکۆ ونوسەر ورۆژنامەنووس، ، لە ٢٠١٣/٢/٢١، سلێمانی.

١٨- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ هونەرمەند (زاهیر عبدولله) بەرێوەبەری کتێبخانەی زیتونە، هەولێر،٢٠١٢/٤/٢٩

١٩- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(عبدالرحمن پاشا) سەرنوسەری گۆڤاری تەنز(مەلامەشهور)، هەولێر،٢٠١٢/٦/١٩

٢٠- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ، (د. عمرئەحمەدرەمەزان،)مامۆستای زانکۆ،سلێمانی ٢٠١٣/١/٢،.

٢١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ رەخنەگر و نووسەر(تارق کارێزی) لە گۆڤاری (صوت اللأخر) لە ٢٠١٢/٧/٢

## سێیەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

### أ- ئینسیکلۆپیدیا وفەرهەنگی عەرەبی

١- اكسفورد، قاموس انكليزى – عربى، (كويت: دارجامعة اكسفورد للطباعة والنشر، ١٩٨٠).

٢- سمير شيَخانى، موسوعة الضحك العالمية، (بيروت: مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر، ١٩٨٣).

٣- صلاح الدين الهوارى، المعجم الوسيط، ط٢، (بيروت: دارالمكتبة الهلال، للطباعة وللنشر، ٢٠٠٧).

٤– لويس معلوف، المنجد في اللغة، ط ٣٥، (تهران: انتشارات فرحان، ١٩٩٦).

٥- عبدالوهاب الكيتالي، موسوعة السياسية، الجزء الثالث، (دون مكان، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دون سنة).

٦– فائق بطى، الموسوعة الصحفية العراقية، (بغداد: دار المدى للثقافة والنشر، ٢٠١٠).

٧- ________، الموسوعة الصحفية الكوردية فى العيراق تاريخها وتطورها(العراق، دارالمدى والنشر، ٢٠١١).

٨- محمد فريد محمود عزت، القاموس للمصطلحات الاعلامية، القاهيرة: دار العرب للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢).

### ب- کتێب

١- أبى الحسين على بن محمد بن حبيب الماوردى البصرى، أدب الدنيا والدين، (دمشق: شركه دار الأرقام للطباعة والنشروالتوزيع، دون تاريخ).

٢- ابراهيم عبدة، الصحافة فى الولايات المتحدة الامريكية، نشأتها وتطوريها، (القاهرة: مؤسسة سجل العرب، ١٩٦٠).

٣- أديب خضور، مدخل الى الصحافة، النظرية والممارسة، ط٢، (ديمشق: المكتبة الاعلامية، ٢٠٠٠).

٤- اديب مروه، الصحافةالعربية، نشاتها تطورها،(القاهرة: دون ناشر، دون تاريخ).

٥-سيد احمد مصطفى عمر، الآعلام المتخصص، (ليبيا: منشورات جامعة قار يونس بنغازي، ١٩٩٧).

٦ -جميل جبورى، حبزبوز فى تأريخ صحافة، الهزل والكاريكتور فى العراق، (بغداد: مطابع دارحرية للطباعة، ١٩٨٦).

٧-جيهان رشتى، حرية الفرد وحرية الصحافة، (القاهيرة: مطابع هيئة مصرية العامة للكتاب،١٩٨١).

٨- خالد حبيب الراوي، تأريخ الصحافة والأعلام فى العراق، (سوريا: دار صفحات للدراسات والنشر، ٢٠١٠).

٩- حمادى الساحلى، الصحافة الهزلية فى التونس، (تونس: دار ابن شرف للنشر، ١٩٧٧).

١٠- حمدان خضرسالم، الصحافة السخرية والفكاهة فى العراق، (بغداد: دار الشؤون الثقافة، ٢٠١٠).

١١- نعمان محمدامين، كتاب السخرية فى الادب العربى حتى نهاية القرن الرابع الهجرى، (الازهر: دارالتوفقية للطباعة، ١٩٧٨) .

١٢– نبيل جاسم، سطورمن تأريخ الصحافة العراقية بعد عام ٢٠٠٣، (بغداد:دون ناشر، ٢٠٠٩).

١٣- سعاد جبر سعيد، سيكولوجية الاتصال الحجاهيري، (القاهرة: عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨).

١٤- صلاح أبو أصبع، الأتصال الجماهيرى، ط٢، (عمان: دارالشرق للنشر والتوزيع، ١٩٩٩).

١٥– صباح مهدى رميض، صحافة العهد الملكى، (القاهرة: مؤسسة مصر مرتضى للكتاب العراقى، ٢٠١٠).

١٦- شيّرزاد شيّخانى، بحبوب افندى، (أربيل: دون ناشر، ٢٠١٢).

١٧- عبدالرزاق محمد الدليمى، مدخل الى وسائل الاعلام الجديدة، (عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠١٢) .

١٨– عبدالرزاق علي الهيتي، الصحافة المتخصصة، ط٢، (الاردن: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١).

١٩– عبدالكريم سعدون، الكاريكاتير الصحفى، مراحل جذور التاريخية للكاريكاتير ومراحل تطورة، (الدانماك: قسم الاعلام والأتصال الأكاديمية العربية، ٢٠٠٨).

٢٠- عبدللة احمد عبدللة (ميكى ماوس)، الصحافة الفكاهية فى مصر، (القاهرة: هيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٣).

٢١- عزت على عزت، الصحافة فى دول الخليج العربى، (بغداد، مركز الاعلامى الدولى الخليج، ١٩٨٥) .

٢٢- عزيز سيد جاسم، مبادىء الصحافة فى عالم المتغرات، (بغداد:دار افاق عربية، ١٩٨٥).

٢٣- عبدالرزاق الحسينى، تاريخ الصحافة العراقية، ط٣، (لبنان: مطبعة الوفاق،١٩٧١).

٢٤– فاروق عمر، صناعة القرار والراى العام، ط٢، (القاهرة: ميرت للنشر والمعلومات،٢٠٠١).

٢٥- فاروق أبو زيد، مدخل الى علم الصحافة، ط٤، (القاهرة: عالم الكتب،٢٠٠٧).

٢٦- ــــــــــــ، ا.د.ليلى عبدالمجيد، الصحافة المتخصصة، (دون مكان، دون ناشر، ٢٠٠٢).

٢٧- - فارس منصور، حول الاعلام، (السليمانية: قسم الآعلام لمركز تنظيم الآتحاد الوطني الكوردستاني للسليمانية، ١٩٩٧).

٢٨– فتحى محمد معوض، الفكاهة فى الادب العربي الى نهاية القرن الثالث الهجرى، (الجزائر: الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، ١٩٧٠).

٢٩- محمود علم الدين، اساسيات الصحافة فى القرن الحادي والعشرين، ط٢، (القاهرة:دون ناشر، ٢٠٠٩).

٣٠- مهند على تهامى، **اسود** فواد الالوسي، النظام الاعلامى العربى، (الاردن: دار اسامة للنشر والتوزع، ٢٠١٢).

٣١- سمير محمود، الصحافة المدرسية الاسس والمبادي والتطبيقات، ط٢، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠).

٣٢- محمد منير حجاب، مدخل الى الصحافة، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠١٠).

٣٣- محمد عبدالحميد، البحث العلمى في الدراسات الأعلامية،(القاهرة: عالم الكتب، ٢٠٠٠).

٣٤- رشدى طعيمة، تحليل المحتوى فى علوم الأنسانية مفهومه واسسه وأستخداماته، (القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٨٧).

٣٥- يوسف سدان، الأدب العربى الهازل ونوادر الثقلاء، (بغداد: منشورات الجمل، ٢٠٠٧).

## ج- تويْژينەوەی بلاْوكراوەی عەرەبی

١- عمار طاهر، برامج الترفيهية فى تلفزيون، دراسة تحليلية للبرامج الترفيهية فى تلفزيون العراق، اطروحة دكتورا منشورة، دون ناشر، ٢٠٠٠.

## د- توێژینەوە ونامەی ماستەر وتێزی دکتۆرای بڵاونەکراوەی عەرەبی

١- ابراهيم سعيد فتح اللة، (الوظيفة الأخبارية للقنوات التلفزيونية الفضائية في اقليم كوردستان)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية بجامعة السلمانية، ٢٠٠٧.

٢- حمدان خضرسالم سعيد، الصحافة الساخرة فى العراق، ١٩٠٩-١٩٣٩، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية ألاداب فى جامعة بغداد،١٩٩٠.

٣- رند زهير السلامى، الصحافة الساخرة فى العراق، (جريدة كاروك النموزجا)، بحث غير منشورة، جامعه بغداد، ٢٠١٠.

٤- سالم صباح محمود، الصورة السياسية الساخرة فى الشعر أحمد مطر، رسالة ماجستر غيرمنشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٥.

٥- سەروەرحسن محمد، ملامح سريالية فى شعر أدونيس وصباح رەنجدەر، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة سليمانية، ٢٠١٠.

٦- شيماء رشيد عبدالحميداوى، مجالات أستخدام الكاريكاتير فى الصحافة العراقية، دراسة تحليلية للرسوم الكاريكاتيرية في جرائد الصباح والزمان والتاخى، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الاعلام فى جامعة بغداد، ٢٠٠٨.

٧– فواد علي احمد، دور وسائل الاعلام في تفعيل المشاركة السياسية في اقليم كوردستان العراق، اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة السليمانية، قسم الاعلام، ٢٠١١.

٨- محمد ساهى عواد المياحى، الصحافة الساخرة بعد ٢٠٠٣/٤/١٩، رسالة ماجستر غيرمنشورة، جامعة بغداد،٢٠١١.

٩- سالم صباح محمود، الصورة السياسية الساخرة فى الشعر أحمد مطر، رسالة ماجستر غيرمنشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٥.

## هـ- کتێبی وەرگێردراو بۆ زمانی عەرەبی

١- ادوين امرى، فيليب -ە.اولت، الاتصال الجماهيرى، ت: ابراهيم سلامة ابراهيم، (القاهرة: الشركة الدولية للطباعة، ٢٠٠٠)

٢- تودوروف، تاريخ الصحافة العالمية، ت: أديب خضور، ط٢، (دمشق: المكتبة الآعلامية، ٢٠٠٩).

٣- روجر ويمر وجوزيف دومنيك، مقدمة في اسس البحث العلمى مناهج البحث الأعلامى، ترجمة وتقدم د. صالح خليل أبو اصبع، ط٢، (عمان: دار ارام للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨).

٤- الظيكونت فيليب دى طرازى، تاريخ الصحافة العربية،الجزء الاول، (بيروت: المطبعة الادبية، دون تاريخ).

### و- گۆڤاره عەرەبییەکان

١- مجلة الفكاهة، اسبوعية كوميدية كاريكاتيرية، (بغداد: مطبعة دار السلام، ١٩٦٨)، العدد ١١٧.

٢- مجلة المتفرج، أسبوعية فكاهية، سنة التاسعة، عدد ٤٠٤، (بغداد: دار الجاحظ، ١٩٧٣).

٣– مجلة الصوت الاخر، أسبوعية سياسية العامة، العدد(١٢٢)،٢٠١١.

٤- مجلة صباح الجديد، عدد(١٣٣٤)، ٢٠٠٩/١/٢٠.

٥- حسين مؤنس، هل انتهى عصر الضحك، مجلة الهلال، العدد السادس، (القاهرة: دارالهلال، ١٩٧٨).

### چوارەم - سەرچاوەی ئینتەرنێت

١ سەردان لە ٢٠١٢ /١/٧ www.odabasham.net-

٢- - سەردان لە ١٥\\١١\\٢٠١٢ www.almannara.com

٣- سەردان ٢٠١٢/١/٧ www.odobasham.net/show.phd?sid.

٤- سەردان ٢٥\\١٢\\٢٠١١ www.communication.akbarmontada.com

5- سەردان لە ٢٠١٢/١/٧ www.odobasham.net

٦- سەردان لە ٢٠١٢/١/١٧ www.almanrara.com

٧- سەردان لە ٢٠١٢/١/١٧ www.aliraqnews.com

### پێنجەم: سەرچاوەی فارسی

١-روؤیا صدر، بیست سالَ باطنز، (أیران، نتشارات هرمس، ١٣٨١)- بەرامبەر(٢٠٠٢)ز.

### شەشەم: سەرچاوەی فەرەنسی

١- لە کاریکاتۆر(La caricature) ڕۆژنامە تەنز، فەرەنسا، ژمارە (١٣١)، ئەپریلی ١٨٨٢.

# پاشکۆکان

**پاشكۆی ژماره(١)**

**(فۆڕمی شیكردنەوەی ناوەرۆك بۆ شارەزایان)جاری یەكەم**

**بەناوی خودای گەورە ومیهرەبان**

**زانكۆی سلێمانی**

**سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان**

**بەشی راگەیاندن**

**خوێندنی باڵا**

**قۆناغی ماستەر**

**مامۆستای بەڕێز.............................**

**پاش سلاو**

**بەو پێیەی كە بەرێزتان خاوەن شارەزاییەكی زانستی زۆرن، ئەوا ئەم فۆرمەی شیكاری ناوەڕۆكە كە تایبەتە بە ماستەرنامە بە ناونیشانی (ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی كوردستاندا- گۆڤاری سیخورمە بە نمونە) دەیخەینە بەردەستان، داواكارین لە بەرێزتان هەڵبسەنگێندرێت.**

**ڕۆژنامەگەری تەنز (هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارو بلاوكراوانە دەگرێتەوە كە تایبەتمەندن بە نوسینی ڕەخنەی تەنزو وێنەی كاریكاتێری لە ژێرناوی كۆمیدی لە هەرێمی كوردستان دەردەچن).**

**لەگەڵ ڕێزو سوپاسی توێژەر**

| | |
|---|---|
| **خوێندكاری ماستەر** | **سەرپەرشتیار** |
| **شاخەوان محمد سلێمان** | **دكتۆر فواد علی احمد** |

**پێناسەی بابەتەکان(تعریف أجرائی)**

**یەکەم: بەکارهێنیانی شێوە هونەریەکان لە گۆڤاری سیخورمە:**

**مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی گۆڤاری سیخورمە, بە چ شێوازێك بابەتە تەنز ئامێزەکانی خستۆتە ڕوو.**

**١- کاریکاتێر: لە گۆڤاری سیخورمەدا: ئەو وێنە کاریکاتێرییانە دەگریتەوە کە ڕوونکردنەوەیان لە سەرە یان بێ ڕوونکردنەوەن بە مەبەستی ڕەخنەگرتن دەخرێنە ڕوو کە لە لایەن هونەرمەندانی کوردەوە کێشراون یان لەبڵاو کراوە جیهانیەکان وەرگیراون.**

**٢- نووسینی تەنز: هەموو ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە لە گۆڤاری سیخورمە بە شێوەی رەخنەی تەنز ئامیز ئاراستە کراون وەك:( شیعر, سەرگوزشتە, وتار,کۆمێنت, چیرۆك)**

**٣- هێلکاری و یەکتربڕ: ئەو بابەتانە دەگریتەوە بەشێوەی تەنزو هێلکاری لە پێش دوا لاپەڕەی گۆڤاری سیخورمە هەموو ژمارەیەك خراونەتە ڕوو.**

**دووەم: ناوەڕۆکی شێوە نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە:**

**مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی گۆڤاری سیخورمە چ شێوە نووسینێکی تەنزی خستۆتە ڕوو.**

**١- شیعر: ئەو هۆنراوانە دەگرێتە خۆی کە بە مەبەست نووسراون بە شێوەی ڕەخنەی تەنزی و سادەو ساکار, کە هەڵگری قافیەو ئاوازن.**

**نموونە :**[1]

**کەژاوەی مەسئول لە دوور دیارە**

**مەسەلەی کەرکوك بوو بە تەیارە**

**٢- سەرگوزشتە: بەسەرهات و پەندی پێشینان و قسەی زانایان دەگرێتەوە, کە بە شێوەی گاڵتە جاری خراونەتە ڕوو لە گۆڤاری سیخورمە, وە ناوی نووسەرەکانیان خوازراوە.**

**نموونە: (ویستم نیو کیلۆ خەفەت بۆ ئەو سێ چوار ماڵە عەرەبە بخۆم کە لای تانجەڕۆوە خێمەیان هەڵلاوە کە چی تەمەشا ئەکەم شەش سەیارەی ئاخیر مۆدیلیان لەو لاوە ڕاگرتووە)**[٢]**.**

---

[2] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٨٦ (١)ی نیسانی ٢٠٠٩, ل١

[٢] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٨ لە (١)ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧, ل١٠

**٣- وتار: ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە هەلگری شێوە نووسینی تەنزن, ئاراستەی ئەوکارانە دەکرێت کە دیاردەی رۆژانەی سلبین.**

**نمونە: (بە بیانیوی قەلاچوکردنی فەسادەوە لە دائیرەکانا کۆمەلێك وردبین و تەقریرنووس و چاودێر تەعین ئەبن و بەمەش چەمکێکی گەورەی موشکیلەی بێکاری بە بەرنامەی حکومەتەوە گرێ ئەدرێ...)[١]**

**- کۆمێنت (پلار): کورتە نووسینی تیر ئاسا بە شێوەی رەخنەو تەوس و پلارەوە ئاراستە کراون.**

**نمونە: (هێلکەکانی کورد لە سەبەتەی ئەمریکادایە)[٢]**

**٥- چیرۆك: ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی سادەی تەنز خراونەتە ڕوو.**

**نمونە: .. خاکە نازەکە نەختێك لە قەوانە فیشەکەکە ورد بۆوەو قەدەرێکی باش ئەمدیوو ئەودیوی پێ کرد و ئینجا رووی کردە پاچەکەو وتی...)[٣].**

**سێیەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینە تەنزەکانی سیخورمەی تێدا خراوەتە ڕوو کە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە (سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، کلتوری، تەندروستی...تاد).**

**١- سیاسی: کۆی ئەوبابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە سیاسەتی هەرێم و عێراق و هەرێمایەتی و جیهانیەوە هەیە.**

**نمونە: (لە میسری عەربی کێ کردی و کێ خواردی)[٤].**

**٢- ئابوری : ئەوبابەتە تەنزانە دەگرێتەوە پەیوەندیان بە داهات و خەرجیەوە هەیە.**

**نمونە : لە بەغدا گیرفانی حکومەتی هەریم دەبڕن.[٥]**

**٣- کۆمەلایەتی : بریتیە لە نوسینە تەنزەکان دەربارەی داب و نەریت وبەها کۆمەلایەتیەکان و گۆڕانی پەیوەندی..تاد).**

**نمونە: (ماچ کردنی پیاوی جگەرە خۆر عەینەن لستنەوەی تەپلەکی جگەرەیە)[٦]**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٤٠لە (١)ی حوزیرانی ٢٠٠٥، ل٩

[٢] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢ لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١

[٣] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢٠٣،لە ئەیلولی ٢٠١٠،ل٨

[٤]- گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢١٧، تشرینی دووەمی ٢٠١١،ل١٦

[٥]- گۆڤاری سیخورمە ژمارە١٧٢، ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١٦

[٦] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٩، لە ١ی تشرینی دووەم ٢٠٠٧، ل٨

**٤- كلتوری : هەموو ئەو بابەتە ڕۆشنبیری و کلتوریانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی گاڵتە جاڕی خراونەتە ڕوو، لایەنە معنەویەکەی وەك: (زمان، ئاین، رۆشنبیری گشتی) لایەنە مادیەکەی وەك: (جل و بەرگ ، چەك، خواردن).**

**نمونە: صابوونمان ناوێ، دەست و پل ناشۆین**

**هاتووین چوار بەلەم قبوڵی و قەل بخۆین**

**مادام بەلاشە ئەم سفرەو خوانە**

**شۆڤلێش بێنی ئێمە هەر نارۆین)[١]**

**چوارەم:**

**نوسینە تەنزە سیاسیەکان بە گوێرەی ناوچەکان، کەپێك دێت لە (هەرێمی کوردستان، ناوچە دابڕاوەکان، کۆماری عێراق، هەرێمایەتی، جیهان) .**

**١- هەرێمی کوردستان: هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك دەگرێتەوەو دەسەلاتێکی سیاسی لە چوارچێوای عێراقی فدراڵی بە ڕێوەی دەبات.**

**نمونەی: (هەرێمی کوردستان کراسێك بۆ ئاشتی)[٢].**

**٢-ناوچە دابڕاوەکان: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کێشەو ململانێ ی لە سەرە لە نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن و تائیستا ناگەڕونەتەوە سەرهەرێمی کوردستان، وە ماددەی (١٤٠) یەکێکە لەو ماددانەی لە دەستوری عێراقی هاتووە بۆ چارە سەرکردنی کێشەکان وەك ناوچە کێشە لە سەرەکانی: کرکوك و خانەقین و مخمورو شەنگالْ ...تاد)**

**نمونە: (بە زۆرە ملێ لە کەرکوك و خانەقین ماڵ و موڵکی کورد ئەدرێ بە پۆلیس و ئەمن)[٣]**

**٢- عێراق: هەموو ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە دەربارەی عێراق نووسراون، عێراق: پێك دێت لە ١٨ پارێزگا لە تەواوی کۆماری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.**

---

[١]- گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٩١، لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣،ل١٠

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل١

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٢

**نمونە: (شەوێك عەبدولسەلام عارف ئە چێتە خەوی نوری مالیکی یەوەو ئەمیش لێ ی ئەپرسێ چی بکەم بۆ ئەوەی عێراق لەم میحنەتە نەجات بدەم . عبدولسەلام جوابی ئەداتەوە ئەڵێ سواری تەیارە بە)[1].**

**٣- دەوڵەتانی ئیقلیم: ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە سنوریان نزیکن لە هەرێمی کوردستان و عێراق ڕەخنەی تەنزیان لە گۆڤاری سیخورمە ئاراستە کراوە وەك: (سوریا، ئیران، تورکیا...تاد)**

**نمونە: (ئۆردوغان : کورد پارچەیەکە لە جگەرم)[2].**

**٤- جیهان : جگە لە وڵاتانی ئیقلیمی و عێراق و هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە، کە دەربارەی تەواوی ولاتانی سەرگۆی زەوی نوسراوە.**

**نمونە: UNباسی تەڕەماشم لەگەڵ مەکەن ... تەڕەماش کەرەستەیەکی محەلی یە و عیلاقەی بە ئێمەوە نیە )[3].**

**پێنجەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان: باس لەو گیرو گرفتە سیاسیانە دەکات کە ڕوو بە ڕووی هەرێمی کودستان دەبێتەوەو کاریگەری لە سەرپرۆسەی بەرە و پێش چوونی دیموکراتی هەیە .**

**نمونە : (خەبات: کەی لە هەڵبژاردنەکان دیموکراسی دەبن؟**

**سیخورمە: کە لیستەکەی خۆمان منا فیسی نە بێت)[4].**

**شەشەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکان دەربارەی ناوچە دابڕاوەکان باس لەو بەربەست و ئاستەنگانە دەکات کەدێنە سەر ڕێگای گەرانەوەی ناوچە دابراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەك: ململانێ ی نێوان پارتە کوردییەکان، سستی جێبە جێ کردنی ماددەی (١٤٠)...تاد).**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٧٠ لە ١ی کانونی یەکەم ٢٠٠٧ ، ل١

[2] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٢٥، لە ١ی ئایاری ٢٠٠٤، ل٥.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٣، لە ١ی کانونی دووەم لە ٢٠٠٤، ل٨.

[4] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٨٦، لە ١ی نیسانی ٢٠٠٩، ل٤.

نمونە: ( سین سوئال: چۆن ئەزانی کرکوك کوردستانە؟
جیم جەواب: مەعلومە دڵەکەم.. لەوێش کە بەفر ئەبارێ ئەیکەن بە شەڕە تۆپەڵ)[1].
حەوتەم:
ناوەڕۆکی نوسینی تەنز دەربارەی عێراق لە گۆڤاری سیخورمە( پەیوەندی بەو گرفتە سیاسیانەوە هە یە کە ئەمڕۆ عێراقی پێدا تێپەڕ دەبێت لە ڕووی: ( پیادەکردنی دیموکراسی و دانی دەسەڵات بە هەرێمی کوردستان و ڕوو بە ڕوو بونەوەی تیرۆرو دەست تێوەردانی ئیقلیمی).
عێراقی ئەمڕۆ:
پێرێکی ئاخر شەڕە؟
ماهییەکەی بەحرو بەڕە؟
پیاوەکانی سەرخۆشن؟
مانگایەکەو ئەیدۆشن؟)[2].
هەشتەم:
ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی ئابوری لە گۆڤاری سیخورمە بریتیە لە (بەرهەم هێنان، دابەش کردن، بەکاربردن (أستهلاك).
نمونە: ( نوسراوی سەر کۆمەڵە خێزانێکی ئەنفال : ٤٦ دەفتریان بۆ مەراسیمەکەمان سەرف کردو خۆشمان سفر هیچ بەدەستەوە )[3].
نۆیەم:
بابەتەکانی تەنزی بەرهەم هێنان دەخاتە ڕوو، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە داهاتەوە هەیە وەك: (دەرهێنانی نەوت، گومرك، باج ).
نمونە: (کورد و بەغدا داوای ئاشکراکردنی داهات لەیەکتر دەکەن)[4].

---

[2] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٢٥، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦
[٢] - گو!ڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨،ل١٦
[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، ١ی شوباتی ٢٠٠٨،ل١
[٤] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٧٣، لە ١ی ئازاری ٢٠٠٨، ل٢.

**دەیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکانی دابەشکردن دەخاتەڕوو کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە وەك : دابەش کردنی (سوتەمەنی، کارەبا، مووچە، خۆراك).**

**نمونە: ( بووکە بە ئەمپێری**

**بەغاش بۆمان نانێرێ)[1].**

**یانزەیەم:**

**نوسینی تەنزی بەکاربردن ڕوون دەکاتەوە کە بریتیە لە : بەکارهێنانی ئەو ئامێرو کاڵاو خواردنانە کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە ڕۆژانە بە کاردەبرێت).**

**نمونە: (یەکەم: من دوو سەیارەم هەیە بە پیکابەکە ئیش وکاری دەواجنەکە ئەکەم و مارسیدسەکەشم داناوە بۆ گەڕانی ناو شار ..ئەی تۆ؟**

**دووەم: وەڵا منیش دوو ژنم هەیە لەگەڵ گەورەکەیانا ئەچم بۆ تەعزێ و مواجهەی نەخۆش .**

**یەکەم: ئەی بچکۆڵەکەیان؟**

**دووەم: بچکۆڵەکە بەکەڵکی ئەو شوێنانە نایە .. بۆ حەفلەو سەیران باشە)[2].**

**دوانزەیەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینە تەنزە کۆمەلایەتیەکان دەگرێتەوە کەپێك دێت لە : گرفتی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ریکخستنی کۆمەڵایەتی ).**

**نمونە: هەرچەندە بی هیئەت گێل و گەلحۆشن**

**بەڵام لە بازار بەڕۆژی رۆشن**

**گیرفانت ئەبرن سلۆمۆشن**

**یەك بەدەی جاران ئەرزاق ئەفرۆشن**

**بۆیان هەڵکەوێ نێریش ئەدۆشن[3].**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٥٣، لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٦، ل١

[2] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ٩١، لە ١ی ئایار٢٠٠١، ل١٥.

[3] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە، ٢١٦، لە ١٥ی شوباتی ٢٠١١،ل١١.

**سێزدەیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کۆی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کێشەی خێزانی و کۆچکردنی لاوان و خوگرتن بە مادە بیهۆش کەرەکانەوە.**

**نمونە: کەس وەك من بە دەست ئەو ژنەوە توش نەبووە. خۆشترین خواردن ئەزانیت کەچی لێ ی نانێت) [1].**

**چواردەیەم:**

**نوسینی تەنز لە سەرگۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتەکانی (داب و نەریت بەها کۆمەڵایەتیەکان وە گۆڕانی پەیوەندی )کردن دەگرێتە خۆی.**

**نمونە: (دەست کەوتنی سیم کارت لە تەماتە ئاسانترە لە هەولێر) [2].**

**پازدەیەم:**

**نوسینی تەنز لە سەر رێکخستنی کۆمەلایەتی دەخاتە ڕوو کە بریتیە لە: (پابەند بوون بە یاساکان و یاسای هاتووچۆو کاروباری ناو دادگاکان و سولحە عەشاییرییەکان ).**

**نمونە: سولح شازی چارەیە**

**دۆلار شازی پارەیە**

**قەنات شازی جادەیە**

**ویسکی شازی بادەیە) [3].**

**شازدەیەم:**

**نووسینی تەنز لە گرفتە خێزانیەکان بریتیە لە کۆی کێشەکانی خێزانی وەك کێشەی ژنان و تەلاق، کێشەی نێوان کوڕو باوك، کچ و خوازبێنی و دیاردەی دووژنە ).**

**نمونە: باوك: ڕۆڵە گیان ئەوە بۆ چواردە پانزە ساڵ ئەچی، حەز ئەکەم وەکو رەفیق وابین، صەریح بین لەگەڵ یەك. هەرعانێك فێری جگەرە بوویت خۆت پێم بڵێ ، ناخۆشە لە دەرو دراوسێوە بیبیستمەوە.**

**کوڕ: دە مادام وای لێ هات بابە، یەك ساڵی ڕێکە تەرکم کردووە) [4].**

---

[1] - گۆری سیخورمە ژمارە ، ١٧٢، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل٣.

[2] - گوڤاری سیخورمە ژمارە، ٢١٦، لە ١ی تەموزی ٢٠١١،ل٧.

[3] -گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٤٠، لە ١ی حوزیران ٢٠٠٥، ل١.

[4] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢٠١، لە ١ی ئابی ٢٠١٠، ل٧.

**حەڤدەیەم:**

**نوسینی تەنز دەربارەی گرفتی کۆچکردنی لاوان دەگرێتە خۆی ، کۆچ کردن دیاردەکی سلبیە و دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی  هێزی مرۆیی و زیاد بوونی قەیرەی کچان.**

**نمونە:  سەفەر: ( ئەم سەفەرەی پاریس زۆر شتی لەبەرچاوم گۆڕی ...)**[1]

**هەژدەیەم:**

**نووسینی تەنزی کلتوری : هەموو ئەو بابەتە ڕۆشنبیری وکلتوریە (ماددی) و (معنەوی) یانە دەگرێتەوە وەك: معنەوی(زمان ، ئاین ، بیروباوەڕ...تاد ) وە ماددی: (جل و بەرگ ، خانووبەرە، چەك و تەقەمەنی...تاد)**

**نمونە: سین سوئال: وە لەو ناوە ختیشە بەڵام زەحمەت نەبێ فەرق چییە لە بەینی ئێمە و ئینگلیزا؟**

**جیم جەواب: فەرقمان زۆرە خەپە گیان . ئەوان لە ئینگلیزییەکەی زەمانی شکسپیر تێ ناگەن ئێمەش لە کوردییەکەی ئەو زەمانە)**[2]**.**

**نۆزدەیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینەی تەنزی تەندروستی دەخاتە ڕوو: وەك (پزیشك ونەخۆش، بەکارهێنانی دەرمان، چارەسەری میللی، پاك وخاوێنی).**

**نمونە: ڕینمایی تەندروستی: کاکی برا ..چاوە راستەکەم.. گەر ئەتەوێ مناڵانی کوردستان نەخۆشی ئیفلیجیان لە کۆڵ بێتەوە .**

**گەرحەز ئەکەی مەلاریا ئینقراض بکات ، ئەوا لە سەر نەسیحەتی تە لەفزیونی سوسیالیست دەسبەجێ سەردانی پەیام بفەرموو، جووتێ کلاَشی ئەبو بەکری چاوە ڕێتە)**[3]**.**

**بیستەیەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینی تەنز دەربارەی پەروردەو فێرکردن (پڕۆسەی خوێندن فێرکردن وئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە ).**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٥٣، لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٦

[2] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢١٦لە تشرینی یەکەمی ٢٠١١،ل٩.

[3] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٧٥، لە ١٥ی ئایاری ٢٠٠٠، ل١٥.

**نمونە: وەزارەتی تەندروستی : بەس نەبوو مودە ریبەکەی ئیتاڵیایان نەکرد بە موشریف تەربەوەی ، بە خوا پیاوێکی تورەو ترۆیە)[١].**

**بیست و یەکەم:**

**نوسینە تەنزەکانی خزمەت گوزاری دەگرێتەوە وەك: کارەبا، خوێندنگا، دامەزراندن ، ڕێگاو بان، گەشت و گوزار).**

**نمونە: (زبڵ هەرەشە لە شاری هەولێر دەکات)[٢].**

**بیست ودووەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری ئاسایش برتیە لە پاراستنی سەرو ماڵی هاولاتیان و سیستەمی سیاسی لە وڵات.**

**نمونە: لە نوسراوی سەر لۆتیەك وا هاتووە: (جومعەی رابردوو لە دوکان هەموو ئاسایشم هەڵپەڕاند)[٣].**

**بیست وسێیەم:**

**نوسینی تەنزی ژینگە بریتیە لە سەوز کردن و کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە وەك : بە فیرۆدانی ئاو و دوکەڵ وتۆزی کارگەکان خۆڵ و خاشاکی ناو شارەکان.**

**نمونە: لە مەسئولێکی ژینگە پارێزم پرسی شت *هەیە* لە کۆلانی ئەوقاف پیستر)[٤]؟**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٠٥، لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٢، ل٩

[٢] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٩، لە ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧،ل٤

[٣] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٩١، لە ١ی ئایاری ٢٠٠١،ل١ .

[٤] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٥٤، لە ١ی ئابی ٢٠٠٦، ل١٠.

**شێوە هونەریەکانی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە:**

**خشتەی ژمارە (١)**

| ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| کاریکاتێر | | | | | |
| نوسینی تەنز | | | | | |
| هێلکاری و یەکتربڕ | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**شیوە نوسینەکانی تەنزلە گۆڤاری سیخورمە**

**خشتەی (٢)**

| ناوەڕۆک | دوبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆنراوە | | | | | |
| سەرگوزشتە | | | | | |
| وتار | | | | | |
| کۆمێنت | | | | | |
| چیرۆک | | | | | |
| ەیتر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**ناوەڕوکی نوسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە**

**خشتەی (٣)**

| ناوەرۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|
| **سیاسی** | | | | | |
| **ئابوری** | | | | | |
| کۆمەڵایەتی | | | | | |
| **کلتوری** | | | | | |
| **تەندروستی** | | | | | |
| **هی تر** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**ناوەڕۆکی نوسینە تەنزە سیاسیەکان بەگوێرەی ناوچەکان:**

**خشتەی (٤)**

| ناوەرۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|
| **هەرێمی کوردستان** | | | | | |
| **ناوچە دابراوەکان** | | | | | |
| **عێراق** | | | | | |
| **دەوڵەتانی ئیقلیم** | | | | | |
| **جیهان** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان**

**خشتەی ژمارە (٥)**

| ناوەرۆك | دووبارە | رێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| سەقفی **دیموکراسی** لە هەرێمی کوردستان زۆر نزمە | | | | | |
| خەڵکی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بە دەست **دوو ئیداریەوە** دەناڵێنن | | | | | |
| هەرێمی کوردستان بەردەوام لە بەردەم **هەڕەشەی دراوسێکانی** دایە | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکان دەربارەی ناوچە دابڕاوەکان**

**خشتەی ژمارە (٦)**

| ناوەڕۆك | دووبارە | رێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| خەڵکی ناوچە دابڕاوە کان لە ژێر هەڕەشەی کوشتندان و**ماددەی ١٤٠**یش لای ئەوان هیچ بە هایەکی نەماوە | | | | | |
| دەسەڵاتی سیاسی تەنها لە کاتی **هەڵبژاردنەکان** ناوچە دابراوەکانیان لە بیرە | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**ناوەڕۆکی نووسینە تەنزە سیاسیەکان دەربارەی عێراق**

**خشتەی ژمارە (٧)**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| گەڕانەوەی **دەسەلات بۆناوەند** ،عێراق دەگەڕێنێتەوە سەردەمی (بەعسیەکان) | | | | | |
| عێراق بەرگەی **دەست تێوەردانی** زیاتر ناگرێت | | | | | |
| **ڕۆڵی کورد** لە عێراقی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی کاریگەرو ئیجابیە | | | | | |
| **هی تر** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی ئابوری لە گۆڤاری سیخورمە**

**خشتەی ژمارە (٨)**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **بەرهەم هێنان** | | | | | |
| **دابەش کردن** | | | | | |
| **لە بەکاربردن(أستهلاك)** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

## نووسینی بابەتە تەنزەکانی بەرهەم هێنان

## خشتەی ژمارەی (٩)

| تێبینی | نەگونجاوە | گونجاوە | ڕێژەی سەدی٪ | دووبارە | جۆری بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | داهاتی **دەرهێنانی نەوت** دەچێتە گیرفانی چەند کەسیە کەوە لە هەرێمی کوردستان |
| | | | | | **گومرك** سەرچاوەیەکی داهاتی بە هێزە لە هەرێمی کوردستان |
| | | | | | **باجدان** لە هەرێمی کوردستان تەنها بۆچینی خوارەوەیە |
| | | | | | هی تر |
| | | | | | کۆی گشتی |

## ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکانی دابەشکردن

## خشتەی ژمارە(١٠)

| تێبینی | نەگونجاوە | گونجاوە | ڕێژەی سەدی٪ | دووبارە | جۆرەکانی دابەشکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەرێمی کوردستان لە سەردەیای نەوتەو هاوڵاتیش **بێ سوتەمەنی** زستانی سارد بەڕێ دەکەن |
| | | | | | هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان وێنە لەگەڵ **کارەبا** دەگرن بویادگاری |
| | | | | | زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان **مووچە خۆرن و**، بەردەستەکانیش بەنگلادیشین |
| | | | | | لە سنورەکانەوە **خۆراکی ماوە بە سەرچوو** بۆهەریم دێت |
| | | | | | هی تر |
| | | | | | کۆی گشتی |

## ناوەڕۆکی نوسینە تەنزەکانی بەکاربردن

**خشتەی ژمارە(١١)**

| جۆری بەکاربردن | دوبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| نا هۆشیاری زۆر هەیە لە **بەکارهێنانی ئوتوموبیل** لە کوردستان | | | | | |
| حکومەتی هەرێم پشت دەبە ستێت **بەکرینی کالآ** لەدەرەوەی هەرێم | | | | | |
| **بەکارهێنانی موبایل** بە هەلە دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەلگا | | | | | |
| کۆمەلگا دواکەوتوەکان لە **سەرخواردنی زۆر** ڕاهاتووون | | | | | |
| **هی تر** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

## ناوەڕۆکی نوسینی تەنزە کۆمەلآیەتیەکان

**خشتەیژمارە(١٢)**

| ناوەرۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبنی |
|---|---|---|---|---|---|
| **گرفتە کۆمەلآیەتیەکان** | | | | | |
| **گۆرانی کۆمەلآیەتی** | | | | | |
| **ڕێکخستنی کۆمەلآیەتی** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

## ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان

### خشتەی ژمارە(١٣)

| جۆری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| **چونە دەرەوەی ژن** لە ماڵ کێشەی خێزانی قوڵتردەکاتەوە | | | | | |
| **کۆچکردنی لاوان** لە دەست دانی هێزی کارە لە کۆمەڵگای کوردی | | | | | |
| **خوگرتن بە ماددە بێهوش** کەرەکان دەردێکی کوشەندەیە لە کۆمەڵگا | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

## ناوەڕۆکی نووسینی تەنزلە سەرگۆڕانی کۆمەڵایەتی

### خشتەی ژمارە(١٤)

| ناوەڕۆك | دوبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| گۆڕانی کەرەسە مادیەکان ئاسانترە لە **گۆڕانی داب و نەریت** | | | | | |
| پێگەیشتنی کلتورەکان **بەها کۆمەڵایەتیەکان** لاواز تر دەکات | | | | | |
| پێشکوتنی تەکنەلۆجیا **گۆڕانی پەیوەندی** کردن لەگەڵ خۆیدا هێناوە | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

## ناوەڕۆکی نوسینی تەنزلە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی

### خشتەی ژمارە(١٥)

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **پەبەند بوون بە یاسا** تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەندام نین لە پارتەکان | | | | | |
| **یاساکانی هاتوچۆ** لە هەرێمی کوردستان نەیان توانیوە رێگربن لە ڕووداوەکان | | | | | |
| **دادگاکان** بە پێ ی ویستی حزبە باڵدەستەکان بەڕێوە دەچێت | | | | | |
| **سولحی عەشایەری** هۆکارێکی سەرەکیە بۆمانەوەی تۆڵەسەندنەوە | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

## گرفتە خێزانیەکان لە نوسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە

### خشتەی ژمارە(١٦)

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| کێشەی ژن و تەڵەق یەکێکە لە گرفتە باوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری | | | | | |
| جیاوازی بیرکردنەوە **لە نێوان کوڕو باوك** هەندێك جار کێشە دەنێتەوە | | | | | |
| بێ کاری لە هەرێمی کوردستان **خوازبێنی کچانی** کەم کردۆتەوە | | | | | |
| سەرەڕای زۆری ژمارەی ژنان دیاردەی **دووژنی** کەم بۆتەوە | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**ناوەڕۆكی نووسینی تەنزی گرفتی كۆچكردنی لاوان**

**خشتەی ژمارە (١٧)**

| ناوەڕۆك | دوبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگەنجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **سەفەری كوران** بۆدەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی كەم بونەوەی هێزی مرۆی | | | | | |
| مانەوەی كچ زیاد بوونی **قەیرەیی** لێ دەكەوێتەوە لە هەرێمی كوردستان | | | | | |
| **پارە ناردنەوە** هەمان كاریگەری پێشووی نەماوە بەهۆی بەرزبونەوەی داهاتی تاك لە كوردستان | | | | | |
| ڕێژەی **كۆچی پێچەوانە** لە بەرزبونەوەدایە | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| كۆی گشتی | | | | | |

**ناوەڕۆكی نووسینی تەنز لە بواری كاریگەری كلتوری بێگانە**

**خشتەی ژمارە (١٨)**

| ناوەڕۆك | دوبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **گرفتی ووشەی بێگانە لە ناو زمانی** كوردیدا | | | | | |
| **ئەندازەی خانوو بەرە لە هەرێمی كوردستان گۆڕاوە** | | | | | |
| **بازاری چەك و تەقەمەنی لە هەرێمی كوردستان ڕوو لە كزییە** | | | | | |
| **فلیمە دۆبلاژكراوەكان كاریگەریان هەیە لە سەر جل و بەرگ رفتار لای تاكی كورد** | | | | | |
| **هی تر** | | | | | |
| **كۆی گشتی** | | | | | |

**ناوەڕۆکی تەندروستی لە نووسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە**

**خشتەی ژمارە(١٩)**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **پەیوەندی پزیشك ونەخۆش** پەیوەندیەکی بازرگانیە | | | | | |
| کۆنترۆڵی جۆری **لەبەکارهێنانی داو دەرمان** لە هەرێمی کوردستان زۆر لاوازە | | | | | |
| بەرز بونەوەی نرخی نۆرینگەکان بۆتە هۆی پەرە سەندنی **چارە سەری میللی** | | | | | |
| لە خوردنگەکان **پاك وخاوێنی** لە ئاستێکی نزم دایە | | | | | |
| **هی تر** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**پەروەردەو فێرکردن لە نووسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە**

**خشتەی ژمارە(٢٠)**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گەنجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی **زانستی خویندن** بە گشتی دابەزیوە | | | | | |
| **بنکە ڕۆشنبیریەکان** لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر ڕۆڵیان هەیە | | | | | |
| جیاوازی لە ئاراستەی بیرکردنەوەی **هۆیەکانی ڕاگەیاندندا** کەسایەتی لادەری دروست کردوە | | | | | |
| **هە تر** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

## ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری خزمەت گوزاریدا

## خشتەی ژمارە(٢١)

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| حکومەت نەیتوانیوە چارە سەرێکی بنەڕەتی **بۆهەبوونی کارەبا** بدۆزێتەوە | | | | | |
| **پڕبوونی هۆڵەکان و سێ دەوامی** ڕێگرە لە بەردەم بەرەو پێشەوە چونی پرۆسەی خوێندن | | | | | |
| خزمایەتی و حزبایەتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێرن **لە دامەزراندن** | | | | | |
| ڕێگاو بانەکانی کوردستان بە شێکن لە **گرفتەکانی هاتوچۆ** | | | | | |
| **گەشت و گوزرێکی** زۆر خزمەتگوزار یەکی کەم وڵاتێکی بێ خاوەن | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

## ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری ئاسایشدا

## خشتەی ژمارە(٢٢)

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **تیرۆرلە** دەرەوەی سنورەکان دەگاتە هەرێم | | | | | |
| هەرێمی کوردستان بنکەی **سیخوری** دراوسێکانیتی | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**نوسینی تەنزی ژینگە لە گۆڤاری سیخورمەدا**

**خشتەی ژمارە(٢٣)**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدەی٪ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **دارچاندن** نەبۆتە نەریت لای تاکی کورد | | | | | |
| **ئاوێکی زۆر** بەفیڕۆ دەچێت ، لەبەر نەبوونی بەنداو لە هەرێمی کوردستان | | | | | |
| **زۆری کارگەکان** هۆکارێکن بۆپیس بوونی ژینگە ی هەرێمی کوردستان | | | | | |
| هی تر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**بەناوی خوای گەورەو و میهرەبان**

زانكۆی سلێمانی (فۆرمی شیكردنەوەی ناوەرۆك بۆ شارەزایان)جاری دووەم

سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكان

بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

خوێندنی باڵا/ ماستەر

**مامۆستای بەڕێز............................**

**پاش سلاو...**

**بەو پێیەی كە بەرێزتان خاوەن شارەزاییەكی زانستی زۆرن، ئەوا ئەم فۆرمەی شیكاری ناوەڕۆكە كە تایبەتە بە ماستەرنامە بە ناونیشانی (ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی كوردستان- گۆڤاری سیخورمە بە نمونە) ئەیخەینە بەر دەستان، كە بە شێكە لە پێداویستیەكانی بە دەستهێنانی بروانامەی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندن داواكارین لە بەرێزتان هەڵبسەنگێندرێت.**

**ڕۆژنامەگەری تەنز (هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارو بلاوكراوانە دەگرێتەوە كە تایبەتمەندن بە نوسینی ڕەخنەی تەنزو وێنەی كاریكاتێری لە ژێرناوی كۆمیدی لە هەرێمی كوردستان دەردەچن).**

**لەگەڵ ڕێزو سوپاسی توێژەر**

| | |
|---|---|
| **توێژەر** | **سەرپەرشتیار** |
| **شاخەوان محمد سلێمان** | **د. فواد علی أحمد** |

## پێناسەی بابەتەکان(تعريف أجرائی)

**یەکەم:**

### بەکارهێنیانی شێوە هونەریەکان لە گۆڤاری سیخورمە:

**مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی گۆڤاری سیخورمە, بە چ شێوازێك بابەتە تەنز ئامێزەکانی خستۆتە ڕوو.**

**١- کاریکاتێر: لە گۆڤاری سیخورمەدا: ئەو وێنە کاریکاتێرییانە دەگریتەوە کە ڕوونکردنەوەیان لە سەرە یان بێ ڕوونکردنەوەن بە مەبەستی ڕەخنەگرتن دەخرێنە ڕوو کە لە لایەن هونەرمەندانی کوردەوە کێشراون یان لەبلاو کراوە جیهانیەکان وەرگیراون.**

**٢- نووسینی تەنز: هەموو ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە لە گۆڤاری سیخورمە بە شێوەی ڕەخنەی تەنز ئامیز ئاراستە کراون وەك:( شیعر, سەرگوزشتە, وتار,کۆمێنت, چیرۆك)**

**٣- هێلکاری و یەکترڕبڕ: ئەو بابەتانە دەگریتەوە بەشێوەی تەنزو هێلکاری لە پێش دوا لاپەڕەی گۆڤاری سیخورمە هەموو ژمارەیەك خراونەتە ڕوو.**

**دووەم:**

### ناوەڕۆکی شێوە نووسینی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە:

**مەبەستی توێژەر ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی گۆڤاری سیخورمە چ شێوە نووسینێکی تەنزی خستۆتە ڕوو.**

**١- شیعر★: ئەو شیعرانە دەگرێتە خۆی کە بە مەبەست نووسراون بە شێوەی ڕەخنەی تەنزی و سادەو ساکار, کە هەلگری قافیەو ئاوازن.**

**نموونە :** [١]

**کەژاوەی مەسئول لە دوور دیارە**
**مەسەلەی کەرکوك بوو بە تەیارە**

---

★- ژانرە ئەدبیەکان وژانرە رۆژنامەوانیەکان بەیەکەوە دەتوانن بابەتە تەنزەکان بەرهەم بهێنن، هەرنوسینێکی تەنز بەبێ ژانرە ئەدەبیەکان وەك لاشەیکی بێ گیانە، (تویژەر).

[١]- گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٨٦ ، سلێمانی ، چ دلێر، (١)ی نیسانی ٢٠٠٩, ل١.

**٢- سەرگوزشتە: بەسەرهات و پەندی پێشینان و قسەی زانایان دەگرێتەوە, کە بە شێوەی گاڵتە جاری خراونەتە ڕوو لە گۆڤاری سیخورمە, وە ناوی نووسەرەکانیان خوازراوە.**

**نموونە: (ویستم نیو کیلۆ خەفەت بۆ ئەو سێ چوار ماڵە عەرەبە بخۆم کە لای تانجەڕۆوە خێمەیان هەڵڵاوە کە چی تەمەشا ئەکەم شەش سەیارەی ئاخیر مۆدیلیان لەو لاوە راگرتووە)[٢].**

**٣- وتار: ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە هەڵگری شێوە نووسینی تەنزن, ئاراستەی ئەوکارانە دەکرێت کە دیاردەی رۆژانەی سلبین.**

**نمونە: (بە بیانیوی قەڵاچوکردنی فەسادەوە لە دائیرەکانا کۆمەڵێك وردبین و تەفریرنووس و چاودێر تەعین ئەبن و بەمەش چەمکێکی گەورەی موشکیلەی بێکاری بە بەرنامەی حکومەتەوە گرێ ئەدرێ...)[٣]**

**- کۆمێنت (پلار) (تعلیق): کورتە نووسینی تیژ ئاسا بە شێوەی رەخنەو تەوس و پلارەوە ئاراستە کراون.**

**نمونە: (هێلکەکانی کورد لە سەبەتەی ئەمریکادایە)**

**٥- چیرۆك: ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی سادەی تەنز خراونەتە ڕوو.**

**نمونە: .. خاکە نازەکە نەختێك لە قەوانە فیشەکەکە ورد بۆوەو قەدەرێکی باش ئەمدیوو ئەودیوی پێ کرد و ئینجا رووی کردە پاچەکەو وتی...)[٤].**

**سێیەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینە تەنزەکانی سیخورمەی تێدا خراوەتە ڕوو کە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری، تەندروستی، پەروردەو فێرکردن، خزمەتگوزاری، ئاسایشی، ژینگەی).**

**١- سیاسی: کۆی ئەوبابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە سیاسەتی هەرێم و عێراق و هەرێمایەتی و جیهانیەوە هەیە.**

**نمونە: (لە میسری عەرەبی کێ کردی و کێ خواردی) .**

**٢- ئابوری : ئەوبابەتە تەنزانە دەگرێتەوە پەیوەندیان بە داهات و خەرجیەوە هەیە.**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٨، سلێمانی ، چ دلێر، لە (١)ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧, ل١٠

- گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٤٠، سلێمانی چاپخانەی دێکان، لە (١)ی حوزیرانی ٢٠٠٥، ل٩.[2]

[٣] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١

[٤] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢٠٣، سلێمانی، چاپخانەی حمدی، لە ئەیلولی ٢٠١٠،ل٨

[5] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢١٧، سلێمانی ، چاپخانەی حمدی، لە تشرینی دووەمی ٢٠١١،ل١٦

**نمونە : لە بەغدا گیرفانی حکومەتی هەریم دەبڕن.[1]**

**٣- کۆمەڵایەتی : بریتیە لە نوسینە تەنزەکان دەربارەی داب و نەریت وبەها کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی پەیوەندی..تاد).**

**نمونە: (ماچ کردنی پیاوی جگەرە خۆر عەینەن لستنەوەی تەپلەکی جگەرەیە)[2]**

**٤- کلتوری : هەموو ئەو بابەتە ڕۆشنبیری و کلتوریانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی گاڵتە جاڕی خراونەتە ڕوو، لایەنە معنەویەکەی وەك: (زمان، ئاین، رۆشنبیری گشتی) لایەنە مادیەکەی وەك: (جل و بەرگ ، چەك، خواردن).**

**نمونە: صابوونمان ناوێ، دەست و پل ناشۆین**
**هاتووین چوار بەلەم قبوڵی و قەل بخۆین**
**مادام بەلاشە ئەم سفرەو خوانە**
**شۆڤلێش بێنی ئێمە هەر نارۆین)**

**چوارەم:**

**نوسینە تەنزە سیاسیەکان بە گوێرەی ناوچەکان، کەپێك دێت لە (هەرێمی کوردستان، ناوچە دابڕاوەکان، کۆماری عێراق، هەرێمایەتی، جیهان) .**

**١- هەرێمی کوردستان: هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك دەگرێتەوەو دەسەڵاتێکی سیاسی لە چوارچێوای عێراقی فیدراڵی بە ڕێوەی دەبات.**

**نمونەی: (هەرێمی کوردستان کراسێك بۆ ئاشتی)[3].**

**٢-ناوچە جێناکۆکەکان (المتنازع علیها): ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کێشەو ململانێ ی لە سەرە لە نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن و تائیستا ناگەڕونەتەوە سەرهەرێمی کوردستان، وە ماددەی (١٤٠) یەکێکە لەو ماددانەی لە**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە١٧٢،سلێمانی ، چاپخانەی دلێر،١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل١٦

[2] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٩،سلێمانی ، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی دووەم ٢٠٠٧، ل٨

[3] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٩١، لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣،ل١٠

[4] - هەمان سەرچاوە، ل١.

★لە رۆژنامەی (الواقائع العراقیە)دا لە ژمارە ٤٠١٢لە ٢٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥دا کە ڕۆژنامەیەکی فەرمی کۆماری عێرقە لە و ژمارەی تایبەت بە دەستوری عێراق لە لاپەرە ٣١ لە مادەی ١٤٠جێناکۆکەکان هاتوە بە قۆناغی( التطبیع الاحصأ، وتنتهی بأستفتاء فی کرکوك والمناطق الأخری المتنازع علیها، لتحدید أرادة مواطنیها).

**دەستوری عێراقی هاتووە بۆ چارە سەرکردنی کێشەکان وەك ناوچە کێشە لە سەرەکانی: کەرکوك و خانەقین و مەندلی مخمورو شەنگاڵ ...تاد)٭.**

**نمونە: (بە زۆرە ملێ لە کەرکوك و خانەقین ماڵ و موڵکی کورد ئەدرێ بە پۆلیس و ئەمن)[٢]**

**٢- عێراق: هەموو ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە دەربارەی عێراق نووسراون، عێراق: پێك دێت لە ١٨ پارێزگا لە تەواوی کۆماری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.**
**نمونە: (شەوێك عەبدولسەلام عارف ئە چێتە خەوی نوری مالیکی یەوەو ئەمیش لێ ی ئەپرسێ چی بکەم بۆ ئەوەی عێراق لەم میحنەتە نەجات بدەم . عبدولسەلام جوابی ئەداتەوە ئەڵێ سواری تەیارە بە)[٣].**

**٣- دەوڵەتانی هەرێمایەتی( ئیقلیم): ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە سنوریان نزیکن لە هەرێمی کوردستان و عێراق ڕەخنەی تەنزیان لە گۆڤاری سیخورمە ئاراستە کراوە وەك: (سوریا، ئێران، تورکیا...تاد)**
**نمونە: (ئۆردوغان : کورد پارچەیەکە لە جگەرم)[٤] .**

**٤- جیهان : جگە لە وڵاتانی ئیقلیمی و عێراق و هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو بابەتە تەنزانە دەگرێتەوە، کە دەربارەی تەواوی ولاتانی سەرگۆی زەوی نوسراوە.**
**نمونە: UN و تەڕەماشم لەگەڵ مەکەن ... تەڕەماش کەرەستەیەکی محەلی یە و عیلاقەی بە ئێمەوە نیە )[٥].**

**پێنجەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی سیاسی دەربارەی هەرێمی کوردستان: باس لەو گیرو گرفتە سیاسیانە دەکات کە ڕوو بە ڕووی هەرێمی کودستان دەبێتەوەو کاریگەری لە سەرپڕۆسەی بەرە و پێش چوونی دیموکراتی هەیە .**
**نمونە : (خەبات: کەی لە هەڵبژاردنەکان دیموکراسی دەبن؟**
**سیخورمە: کە لیستەکەی خۆمان منا فیسی نە بێت) .**

---

2 - هەمان سەرچاوە، ل٢

٢ - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٧٠، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی کانونی یەکەم ٢٠٠٧ ، ل١

٣ - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٢٥،سلێمانی، چاپخانە ئۆفیستی دلێر، لە ١ی ئایاری ٢٠٠٤، ل٥.

٤ - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٢٣،سلێمانی، چاپخانەی ئۆفیستی دلێر، لە ١ی کانونی دووەم لە ٢٠٠٤، ل٨.

٥ - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٨٦،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی نیسانی ٢٠٠٩، ل٤.

**شەشەم:**

**نوسینی تەنز دەربارەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، مافە دیوکراسیەکان دەگرێتەوە وەك: ( ڕۆژنامەگەری، خۆپیشاندان، هەڵبژاردن ).**

**نمونە: یەکگرتوو: ( ئێمەی کورد هەڵبژاردن وەك جەنگێك سەیر دەکەین کەچی خۆی یارییە)[1].**

**حەوتەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکان دەربارەی ناوچە دابڕاوەکان باس لەو بەربەست و ئاستەنگانە دەکات کەدێنە سەر ڕێگای گەرانەوەی ناوچە دابراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەك: ململانێ ی نێوان پارتە کوردییەکان، سستی جێبە جێ کردنی ماددەی (١٤٠)...تاد).**

**نمونە: ( سین سوئال: چۆن ئەزانی کرکوك کوردستانە؟**

**جیم جەواب: مەعلومە دڵەکەم.. لەوێش کە بەفر ئەبارێ ئەیکەن بە شەڕە تۆپەڵ)[2].**

**هەشتەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینی تەنز دەربارەی عێراق لە گۆڤاری سیخورمە( پەیوەندی بەو گرفتە سیاسیانەوە هە یە کە ئەمڕۆ عێراقی پێدا تێپەڕ دەبێت لە ڕووی: ( پیادەکردنی دیموکراسی و دانی دەسەڵات بە هەرێمی کوردستان و ڕوو بە ڕوو بونەوەی تیرۆرو دەست تێوەردانی ئیقلیمی).**

**عێراقی ئەمڕۆ:**

**پێرێکی ئاخر شەڕە؟**

**ماهییەکەی بەحرو بەڕە؟**

**پیاوەکانی سەرخۆشن؟**

**مانگایەکەو ئەیدۆشن؟)[3].**

**نۆیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنزی ئابوری لە گۆڤاری سیخورمە بریتیە لە (بەرهەم هێنان، دابەش کردن، بەکاربردن (أستهلاك).**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٨٨، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە حوزیرانی ٢٠٠٩، ل٤

[2] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٢٥،سلێمانی، چاپخانەیدلێر، لە ١ی ئازاری ٢٠٠٤، ل١٦

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سلێمانی ، چاپخانەی دلێر،لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨،ل١٦

**نمونە: ( نوسراوی سەر کۆمەڵە خێزانێکی ئەنفال : ٤٦ دەفتریان بۆ مەراسیمەکەمان سەرف کردو خۆشمان سفر هیچ بەدەستەوە )[1].**

**دەیەم:**

**بابەتەکانی تەنزی بەرهەم هێنان دەخاتە ڕوو، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە داهاتەوە هەیە وەك: (دەرهێنانی نەوت، گومرك، باج ).**

**نمونە: (کورد و بەغدا داوای ئاشکراکردنی داهات لەیەکتر دەکەن)[2].**

**یازدەیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینە تەنزەکانی دابەشکردن دەخاتەڕوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە وەك : دابەش کردنی (سوتەمەنی، مووچە).**

**نمونە: (لوقمە قازی بۆ بەربانگ**

**هەرەشە بۆ پیۆنگ یانگ**

**رەحمەت بۆ پیاوی خێر خواز**

**سەرە بۆ بەنزین و غاز**

**نان بۆ ژێر شیشە کەباب**

**ماستاو بۆ عالی جەناب**

**تەعینات بۆ خزمی خۆ....)[3] .**

**دوازدەیەم:**

**نوسینی تەنزی بەکاربردن ڕوون دەکاتەوە کە بریتیە لە : بەکارهێنانی ئەو ئامێرو کاڵاو خواردنانە کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە ڕۆژانە بە کاردەبرێت).**

**نمونە: (یەکەم: من دوو سەیارەم هەیە بە پیکابەکە ئیش وکاری دەواجنەکە ئەکەم و مارسیدسەکەشم داناوە بۆ گەڕانی ناو شار ..ئەی تۆ؟**

**دووەم: وەڵا منیش دوو ژنم هەیە لەگەڵ گەورەکەیانا ئەچم بۆ تەعزێ و مواجهەی نەخۆش .**

**یەکەم: ئەی بچکۆڵەکەیان؟**

**دووەم: بچکۆڵەکە بەکەڵکی ئەو شوێنانە نایە .. بۆ حەفلەو سەیران باشە)[4].**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٧٢، سلێمانی، چاپخانەی دلێر،١ی شوباتی ٢٠٠٨،ل١

[2] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٧٣، سلێمانی چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئازاری ٢٠٠٨، ل٢.

[3] - گۆڤاری سیخورمە، ژمارە ١٦٨سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧، ل١٦.

[4] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ٩١، سلێمانی،چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئایار٢٠٠١، ل١٥.

**سێزدەیەم:**

**ناوەرۆکی نووسینی تەنز دەربارەی هاوەردەکردنی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك : (خواردن وکالاّ).**

**نمونە: (بالاّ شەرتی جوانییە**

**خەیارمان ئێرانییە)[1].**

**چواردەیەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینە تەنزە کۆمەلایەتیەکان دەگرێتەوە کەپێك دێت لە : گرفتی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، رێکخستنی کۆمەڵایەتی ).**

**نمونە: هەرچەندە بی هیئەت گێل و گەلحۆشن**

**بەڵام لە بازار بەڕۆژی رۆشن**

**گیرفانت ئەبرن سلۆمۆشن**

**یەك بەدەی جاران ئەرزاق ئەفرۆشن**

**بۆیان هەڵکەوێ نێریش ئەدۆشن[2].**

**پازدەیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کۆی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کێشەی خێزانی و کۆچکردنی لاوان و خوگرتن بە مادە هۆش بەرەکانەوە.**

**نمونە: کەس وەك من بە دەست ئەو ژنەوە توش نەبووە. خۆشترین خواردن ئەزانیت کەچی لێ ی نانێت)[3].**

**شازدەیەم:**

**نووسینی تەنز لە گرفتە خێزانیەکان بریتیە لە کۆی کێشەکانی خێزانی وەك کێشەی ژنان و پیاو کێشەی نێوان کوڕو باوك، کچ و خوازبێنی و دیاردەی دووژنە ).**

**نمونە: باوك: ڕۆڵە گیان ئەوە بۆ چواردە پانزە ساڵ ئەچی، حەز ئەکەم وەکو رەفیق وابین، صەریح بین لەگەڵ یەك. هەرعانێك فێری جگەرە بوویت خۆت پێم بڵێ ، ناخۆشە لە دەرو دراوسێوە بیبیستمەوە.**

**کوڕ: دە مادام وای لێ هات بابە، یەك ساڵی ڕێکە تەرکم کردووە)[4].**

---

[1] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە١٨٦ سلێمانی ، چاپخانەی دلێر، لە ١ی نیسانی ٢٠٠٩، ل١٦

[2] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە، ٢١٦،سلێمانی، چاپخانەی حمدی، لە ١٥ی شوباتی ٢٠١١،ل١١.

[3] - گۆری سیخورمە ژمارە ، ١٧٢،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل٣.

[4] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢٠١،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئابی ٢٠١٠، ل٧.

**حەڤدەیەم:**

**نوسینی تەنز دەربارەی گرفتی کۆچکردنی لاوان دەگرێتە خۆی ، کۆچ کردن دیاردەکی سلبیە و دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی هێزی مرۆیی و زیاد بوونی قەیرەی کچان... تاد)★.**

**نمونە: سەفەر: (تعارفیان لەگەڵ زەلامێکا پێ کردم ٣٢جار سنورداش کرابوو)[1].**

**هەژدەیەم:**

**نوسینی تەنز لە سەرگۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتەکانی (داب و نەریت بەها کۆمەڵایەتیەکان وە گۆڕانی پەیوەندی )کردن دەگرێتە خۆی.**

**نمونە: (دەست کەوتنی سیم کارت لە تەماتە ئاسانترە لە هەولێر)[2].**

**نوزدەیەم:**

**نوسینی تەنز لە سەر رێکخستنی کۆمەلایەتی دەخاتە ڕوو کە بریتیە لە: (پابەند بوون بە یاساکان و یاسای هاتووچۆو کاروباری ناو دادگاکان و سولحە عەشاییرییەکان ).**

**نمونە: سولح شازی چارەیە**

**دۆلار شازی پارەیە**

**قەنات شازی جادەیە**

**ویسکی شازی بادەیە)[3] .**

**بیستەیەم:**

**نوسینی تەنز دەربارەی کلتور دابە ش دەبێت بۆ دووجۆر وەك: ( ماددی و مەعنەوەی) کە بە شێکی گرینگی شارستانیەت و ژیانی کوردەواری لە هەرێمی کوردستان دەخاتە روو.**

**بیست و یەکەم:**

**نوسینی تەنزی کلتوری: ئەوبابەتە کلتوریە (ماددی)یانە دەگریتەوە وەك:(جل و بەرگ ، خانووبەرە، چەك و تەقەمەنی...تاد).**

**نمونە: (کوردستانی نوی: شمشێری سەلاحەدین و تفەنگی ناپلیون**

**سیخورمە: بە قوربانی دەمانچەیەکی ئەمریکی بن)[4].**

---

★- مەبەست لە و کۆچ کردنە بوو لە پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ وە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی کۆمەڵ بە قاچاغ و رێگای ترسناك دابوو، وە کاریگەری هەبوو لە سەر پرۆسەی خوێندن و نەخۆشخانەکان و ئاوەدانکردنەوە...تاد.

[1] - گۆڤاری سیخورمە ژمارەی ٢٠٦، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٦.

[2] - گوڤاری سیخورمە ژمارە، ٢١٦،سلێمانی، چاپخانەی حمدی، لە ١ی تەموزی ٢٠١١،ل٧.

[3] -گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٤٠، سلێمانی، چاپخانەی دێکان، لە ١ی حوزیران ٢٠٠٥، ل١.

[4] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٨، سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧، ل٤.

**بیست و دووەم:**

**نووسینی تەنزی کلتوری : هەموو ئەو بابەتە ڕۆشنبیری وکلتوریە و (معنەوی) یانە دەگرێتەوە وەك: (زمان ، ئاین ، بیروباوەڕ...تاد ).**

**نمونە: سین سوئال: وەلەو ناوەختیشە بەلاّم زەحمەت نەبێ فەرق چییە لە بەینی ئێمە و ئینگلیزا؟**

**جیم جەواب: فەرقمان زۆرە خەپە گیان . ئەوان لە ئینگلیزییەکەی زەمانی شکسپیر تێ ناگەن ئێمەش لە کوردییەکەی ئەو زەمانە)[١].**

**بیست و سێیەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینەی تەنزی تەندروستی دەخاتە ڕوو: وەك (پزیشك ونەخۆش، بەکارهێنانی دەرمان، چارەسەری میللی، پاك وخاوێنی).**

**نمونە: ڕینمایی تەندروستی: کاکی برا ..چاوە راستەکەم.. گەر ئەتەوێ منالاّنی کوردستان نەخۆشی ئیفلیجیان لە کۆڵ بێتەوە .**

**گەرحەز ئەکەی مەلاریا ئینقراض بکات ، ئەوا لە سەر نەسیحەتی تە لەفزیونی سوسیالیست دەسبەجێ سەردانی پەیام بفەرموو، جووتێ کلاّشی ئەبو بەکری چاوە ڕێتە)[٢].**

**بیست و چوارەم:**

**ناوەڕۆکی نوسینی تەنز دەربارەی پەروردەو فێرکردن (پرۆسەی خوێندن فێرکردن وئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە ).**

**نمونە: ( لە دوورەوە ئیشارەتیان بۆ موعدێکی کولیەی علوم کرد سێ مانگ و شتێکە جامیعەی نەدیوە مەگەر لە أخبار)**

**بیست وپێنجەم:**

**نوسینە تەنزەکانی خزمەت گوزاری دەگرێتەوە وەك: کارەبا، خوێندنگا، ڕێگاو بان، گەشت و گوزار).**

**نمونە: (مەوزوع: استلامی مەکتەبێکی تازە**

---

[١] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٢١٦، سلێمانی ، چاپخانەی دێکان، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١١،ل٩.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٧٥،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١٥ی ئایاری ٢٠٠٠، ل١٥.

[2] - گۆڤاری سیخورمە ، ژمارە ١٥٥ ، سلێمانی ، چاپخانەی دێکان، لە ١ی ئەیلولی ٢٠٠٦،ل١٠

**شوێن پێنجوێنی هەمیشە سەوزەکە، بەپێ ی قانون : سەرۆکی لیجنەی ئیستلام ئەبێ قائمقام بێ**

**بەفیعلی : قایمقام مەشغولی ئیشە**

**ئەی حەل؟؟**

**پۆلیسێك بنێرە با لە موهندیسی کۆمپانیاکەی وەرگرێت )[٣].**

**بیست وشەشەم:**

**ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری ئاسایش برتیە لە پاراستنی سەرو ماڵی هاولاتیان و سیستەمی سیاسی لە وڵات.**

**نمونە: لە نوسراوی سەر لۆتیەك وا هاتووە: (جومعەی رابردوو لە دوکان هەموو ئاسایشم هەڵپەڕاند)[٣].**

**بیست و حەوتەم:**

**نوسینی تەنزی ژینگە بریتیە لە سەوز کردن و کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە وەك : بە فیرۆدانی ئاو و دوکەڵ وتۆزی کارگەکان خۆڵ و خاشاکی ناو شارەکان.**

**نمونە: (لە مەسئولێکی ژینگە پارێزم پرسی شت *هەیە* لە کۆڵانی ئەوقاف پیسترِ) ؟**

**خشتەی ژمارە (١)**

**شێوە هونەریەکانی تەنز لە گۆڤاری سیخورمە:**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| کاریکاتێر | | |
| نوسینی تەنز | | |
| هێڵکاری و یەکتربڕ | | |
| کۆی گشتی | | |

[١] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٦٩،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧،ل٤.

[٢] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ٩١،سلێمانی، چاپخانەی دلێر، لە ١ی ئایاری ٢٠٠١،ل١ .

[٣] - گۆڤاری سیخورمە ژمارە ١٥٤،سلێمانی،چاپخانەی دێکان، لە ١ی ئابی ٢٠٠٦، ل١٠.

خشتەی (٢)

شێوە نوسینەکانی تەنزلە گۆڤاری سیخورمە

| ٪ | دووبارە | ناوەڕۆك |
| --- | --- | --- |
| | | شیعر |
| | | سەرگوزشتە |
| | | وتار |
| | | کۆمێنت |
| | | چیرۆك |
| | | کۆی گشتی |

خشتەی (٣)

ناوەڕوکی نوسینە تەنزەکانی گۆڤاری سیخورمە بەپێ ی جۆر

| ٪ | دووبارە | ناوەرۆك |
| --- | --- | --- |
| | | سیاسی |
| | | ئابوری |
| | | کۆمەڵایەتی |
| | | کلتوری |
| | | تەندروستی |
| | | پەروەردەو فێرکردن |
| | | خزمەتگوزاری |
| | | ئاسایش |
| | | ژینگەیی |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی (٤)

## تەنزە سیاسیەکان بە پیٚ ی ناوچەکان:

| ٪ | دووبارە | ناوەرۆك |
|---|---|---|
| | | هەریٚمی کوردستان |
| | | ناوچە جیٚناکۆکەکان |
| | | عیٚراق |
| | | دەوڵەتانی (هەریٚمایەتی)ئیقلیم |
| | | جیهان |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی ژمارە (٥)

## تەنزی سیاسی دەربارەی هەریٚمی کوردستان

| ٪ | دووبارە | ناوەرۆك |
|---|---|---|
| | | سەقفی دیموکراسی لە هەریٚمی کوردستان زۆر نزمە |
| | | خەڵکی لە هەریٚمی کوردستان تا ئیٚستا بە دەست دوو ئیداریەوە دەناڵیٚنن |
| | | هەریٚمی کوردستان لە نیٚوان سیاسەت وپەیمانە نەهیٚنیەکانی هاوسیٚکانی |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی ژمارە(٦)

## تەنز دەربارەی دیموكراسی

| ٪ | دوبارە | ناوەڕۆك |
|---|---|---|
| | | ڕۆژنامەگەری |
| | | خۆپیشاندن |
| | | هەڵبژاردن |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی ژمارە (٧)

## تەنز دەربارەی ناوچە دابڕاوەکان

| ٪ | دووبارە | ناوەڕۆك |
|---|---|---|
| | | خەڵکی ناوچە دابڕاوە کان لە ژێر هەڕەشەی کوشتندان و**ماددەی ١٤٠**یش لای ئەوان هیچ بە هایەکی نەماوە |
| | | پارتە سیاسیەکان تەنها لە کاتی **هەڵبژاردنەکان** ناوچە دابراوەکانیان لە بیرە |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی ژمارە (٨)

## تەنزە سیاسیەکان دەربارەی عێراق

| ٪ | دووبارە | ناوەڕۆك |
|---|---|---|
| | | گەڕانەوەی دەسەلات بۆناوەند ،عێراق دەگەڕێنێتەوە سەردەمی (بەعسیەکان) |
| | | عێراق بەرگەی دەست تێوەردانی زیاتر ناگرێت |
| | | ڕۆڵی کورد لە عێراقی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی کاریگەرو ئیجابیە |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی ژمارە (٩)

## تەنزی ئابوری لە گۆڤاری سیخورمە

| ٪ | دووبارە | ناوەڕۆك |
|---|---|---|
| | | بەرهەم هێنان |
| | | دابەش کردن |
| | | بەکاربردن(أستهلاك) |
| | | هاوردە لە دەرەوە |
| | | کۆی گشتی |

## خشتەی ژمارەی (١٠)
## تەنزەکانی بەرهەم هێنان

| جۆری بەرهەم | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| داهاتی دەرهێنانی نەوت دەچێتە گیرفانی چەند کەسیە کەوە لە هەرێمی کوردستان | | |
| **گومرك** سەرچاوەیەکی داهاتی بە هێزە لە هەرێمی کوردستان | | |
| **باجدان** لە هەرێمی کوردستان تەنها بۆچینی خوارەوەیە | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(١١)
## تەنزەکانی دابەشکردن

| جۆرەکانی دابەشکردن | دووبارە | تێبینی |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان لە سەردەریای نەوتەو هاولاَتیش بیَ سوتەمەنی زستانی سارد بەرِیَ دەکەن | | |
| زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان مووچە خۆرن ودامەزراون ، بەردەستەکانیش کرێکاری بێگانەن | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(١٢)
## تەنزەکانی بەکاربردن

| جۆری بەکاربردن | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| نا هۆشیاری زۆر هەیە لە بەکارهێنانی ئوتوموبیل لە کوردستان | | |
| بە هەڵە بەکارهێنانی موبایل دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا | | |
| کۆمەڵگا دواکەوتوەکان لە سەرخواردنی زۆر ڕاهاتوون | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە (١٣)
## تەنز دەربارەی هاوردە

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ |
|---|---|---|
| لە سنورەکانەوە خواردنی ماوە بە سەرچوو دەگاتە هەرێمی کوردستان | | |
| حکومەتی هەرێم پشت دەبە ستێت بە کرینی کاڵا لە دەرەوە هەرێم | | |
| کۆی گشتی | | |

**خشتەیژمارە(١٤)**

**تەنزە کۆمەڵایەتیەکان**

| ناوەرۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| گرفتە کۆمەڵایەتیەکان | | |
| گۆرانی کۆمەڵایەتی | | |
| رێکخستنی کۆمەڵایەتی | | |
| کۆی گشتی | | |

**خشتەی ژمارە(١٥)**

**تەنز لە سەر گرفتە کۆمەڵایەتیەکان**

| جۆری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| چونە دەرەوەی ژن لە ماڵ وە درەنگ گەرانەوەی پیاو بۆ ماڵ کێشەی خێزانی قوڵتردەکاتەوە | | |
| کۆچکردنی لاوان لە دەست دانی هێزی مرۆییە لە هەرێمی کوردستان | | |
| خوگرتن بە مادده  هوش بەرەکانەوە دەردێکی کوشەندەیە لە کۆمەڵگا | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(١٦)
## تەنز دەربارەی کێشەی خێزانی

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| کێشەی تەڵەق یەکێکە لە گرفتە باوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری | | |
| جیاوازی بیرکردنەوە لە نێوان کوڕو باوك هەندێك جار کێشە دەنێتەوە | | |
| بێ کاری لە هەرێمی کوردستان پرۆسەی هاوسەر گیری کەم کردۆتەوە | | |
| کەم بونەوەی دیاردەی دوو ژنە ئارەزوومەندانە نەبووە بەڵکو بە یاسا رێکخراوە | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە (١٧)
## تەنز دەربارەی گرفتی کۆچکردنی لاوان

| ناوەڕۆك | دوبارە | ٪ |
|---|---|---|
| سەفەری کوران بۆدەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی کەم بونەوەی هێزی مرۆی | | |
| مانەوەی کچ زیاد بوونی قەیرەییی لێ دەکەوێتەوە لە هەرێمی کوردستان | | |
| پارە ناردنەوە هەمان کاریگەری پێشووی نەماوە بەهۆی بەرزبونەوەی داهاتی تاك لە کوردستان | | |
| رێژەی کۆچی پێچەوانە بۆ هەریمی کوردستان لە بەرزبونەوەدایە | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(١٨)

## تەنزلە سەرگۆڕانی کۆمەڵایەتی

| ناوەڕۆك | دوبارە | ٪ |
|---|---|---|
| گۆڕانی کەرەسە مادیەکان ئاسانترە لە گۆڕانی داب و نەریت | | |
| پێگەیشتنی کلتورەکان کاریگەریان هەیە لە سەرلاوازبوونی بەها کۆمەڵایەتیەکان | | |
| پێشکوتنی تەکنەلۆجیا پەیوەندی ییە کۆمەڵایەتیەکانیان گۆریوە. | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(١٩)

## تەنزدەربارەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| لە هەرێمی کوردستان تائێستا یاسا سەروەر نیە | | |
| یاساکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان نەیان توانیوە رێگربن لە ڕووداوەکان | | |
| دادگاکان بە پێ ی ویستی حزبە باڵادەستەکان بەڕێوە دەچن | | |
| سولحی عەشایەری هۆکارێکی سەرەکیە بۆمانەوەی تۆڵەسەندنەوە | | |
| کۆی گشتی | | |

**خشتەی ژمارە(٢٠)**

**تەنز دەربارەی کلتور**

| جۆرەکانی کلتور | دوبارە | ٪ |
|---|---|---|
| کلتوری (ماددی) | | |
| کلتوری (معنەوی) | | |
| کۆی گشتی | | |

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**تەنز لە بواری  کلتوری (ماددی)**

| ناوەڕۆك | دوبارە | ٪ |
|---|---|---|
| ئەندازیاری خانوو بەرە لە هەرێمی کوردستان گۆڕاوە | | |
| بازاری چەك و تەقەمەنی لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە کزییە | | |
| فلیمە دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لە سەر جل و بەرگ رەفتار لای تاکی کورد | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(٢٢)
## تەنز لە بواری کلتوری (معنەوی)

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ |
|---|---|---|
| ئاین و بیرو ڕا | | |
| زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان نەبۆتە زمانێکی ستانداری پاراو | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(٢٣)
## تەنزلە بواری تەندروستی

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| پەیوەندی پزیشك ونەخۆش پەیوەندیەکی بازرگانیە | | |
| کۆنترۆڵی جۆری لەبەکارهێنانی داو دەرمان لە هەرێمی کوردستان زۆر لاوازە | | |
| بەرز بونەوەی نرخی نۆرینگەکان بۆتە هۆی پەرە سەندنی چارە سەری میللی | | |
| لە خوردنگەکان پاك وخاوێنی لە ئاستێکی نزم دایە | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(٢٤)

## تەنز دەربارەی پەروەردەو فێرکردن

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| ئاستی زانستی خویندن بە گشتی دابەزیوە | | |
| بنکە ڕۆشنبیریەکان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر ڕۆڵیان هەیە | | |
| جیاوازی لە ئاراستەی بیرکردنەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا کەسایەتی لادەری دروست کردوە | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(٢٥)

## تەنز لە بواری خزمەت گوزاریدا

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| حکومەت نەیتوانیوە چارە سەرێکی بنەڕەتی بۆهەبوونی کارەبا بدۆزێتەوە | | |
| پڕبوونی هۆڵەکان و سێ دەوامی ڕێگرە لە بەردەم بەرەو پێشەوە چونی پرۆسەی خوێندن | | |
| ڕێگاو بانەکانی کوردستان بە شێکن لە گرفتەکانی هاتوچۆ | | |
| گەشت و گوزرێکی زۆر خزمەتگوزار یەکی کەم ولاتێکی بێ خاوەن | | |
| کۆی گشتی | | |

## خشتەی ژمارە(٢٦)

## ناوەڕۆکی نووسینی تەنز لە بواری ئاسایشدا

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| تیرۆرلە دەرەوەی سنورەکان دەگاتە هەرێم | | |
| سیخوری کردن وەك ئامرازێك بۆ شیواندنی باری ئاسایشی سەر هەرێمی کوردستان | | |
| کۆی گشتی | | |


## نوسینی تەنزی ژینگە لە گۆڤاری سیخورمەدا

## خشتەی ژمارە(٢٧)

| ناوەڕۆك | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|
| دارچاندن نەبۆتە نەریت لای تاکی کورد | | |
| ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت ، لەبەر نەبوونی بەنداو لە هەرێمی کوردستان | | |
| زۆری کارگەکان هۆکارێکن بۆپیس بوونی ژینگە ی هەرێمی کوردستان | | |
| کۆی گشتی | | |

**گاڵته وگەپ**

**پاشکۆی ژمارە(٣)**




**سیخورمە**

**پاشکۆی ژمارە(٤)**



**مەلا مەشهور**

**پاشکۆی ژمارە(٥)**



دەهۆڵ تایمز

پاشکۆی ژمارە(٦)




**گەپ**

**پاشکۆی ژمارە(٧)**




**کاریکاتێر**

**پاشکۆی ژمارە(٨)**



**تەنزوێنە**

**پاشکۆی ژمارە(٩)**



جامعة السليمانية
فاكلتى اللغة والعلوم الانسانية
سكول العلوم الانسانية
قسم الاعلام

# الصحافة الساخرة في اقليم كوردستان

## ( مجلة سيخورمه ا نموذجا )

رسالة ماجستير تقدم بها الطالب

**شاخەوان محمد سلێمان**

الى مجلس سكول العلوم الانسانية بجامعة السليمانية
وهي جزء من متطلبات نيل درجة ماجستير في الاعلام

اشراف

د. فؤاد علي احمد

٢٧١٣ كوردي

٢٠١٣ميلادي

# مستخلص الرسالة باللغة العربية


الصحافة لها موقع مهم فى حياة الأنسان ولاسيما فى العصر الحاضر، من حيث دورها وتأثيرها فى الأفراد والمجتمعات، كذلك من حيث حضورها عند الأحداث وتقديمها للمعلومات والأخبار عنها، هذا ماعدا تهيئة الفرص للمناقشة واللقاءت لإبداء الآراء عن مختلف القضايا الأجتماعية والآقتصادية والثقافية والسياسية وغيرها، وبهذا الشكل فإن الأعلام بشكل عام، والصحافة بشكل خاص، يسهلان عمل الأفراد لكى يكون لهم نصيب وبشكل يومى إزاء مايدور فى المجتمع من مناقشات وأراء، لاسيما مع عصر الأنفتاح وثورة وسائل الأتصال، لأن هذا الدور والتاثير للصحافة ستزداد وبأستمرار.

الصحافة فى العراق بشكل عام وفى أقلم كوردستان العراق بشكل خاص، تتصف بعدة خصائص نابعة من طبيعة هذا المجتمع ، والبيئة السياسة والأجتماعية والأقتصادية والجغرافية والديمغرافية.

وإن ملامح الصحافة الكوردية منذ بدايات مرحل تطورها، و خصوصيتها ووظائفها، تختلف كثيرا عن الصحافة العالمية والأقليمية والعراقية، تبعا لظروف المجتمع الكوردى، وبسبب الواجبات السياسية والوطنية والقومية، وبسبب الظروف الخاصة التى مرت بها الصحافة الكوردية.

ولهذا نرى أن طبيعة الصحافة الكوردية ونظامها، هى أنعكاس لنظام وواقع الظروف السياسية السائدة فى المجتمع الكوردستانيى، وفى المرحلة الراهنة والمجتمع الكوردستانى فى مرحلة أنتقالية نحو التقدم والتحديث والتجديد، فأن ما لاشك فيه أن دور هذه الصحافة وواجباتها ستزداد تبعا لهذه الظروف.

أن طبيعة الصحافة الكوردية، إضافة ألى عملها وكفاحها من أجل إيصال الخبر، ودورها فى نقل المعلومات والثقافة والأدبيات المتنوعة للمواطن الكردى، مستمر فى سبيل أظهاره فى مجالات التعلم والتثقيف والتوعية والنشأة الأجتماعية والسياسية للفرد الكوردي.

وبهذا نرى أن الصحافة الكوردية ومنذ ظهورها فى مرحلة تأريخية معينة، وحتى أنتفاضة أذار عام ١٩٩١ فى أقليم كوردستان العراق، تحمل نفس أهداف الفرد الكوردى وأمانيه، وتتسم بنفس العلاقات الأجتماعية لهذا الفرد والمجتمع تعبر عن نفس أمانى الأحزاب السياسية الكوردية و أهدافها وتطلعات النخبة الثقافية الكوردية.

للصحافة الساخرة تأريخ عريق فى الحياة ألأنسانية، وأن تأريخها يرجع ألى مرحلة نشوء الكاريكاتير، ثم ألى تطور الصحافة الخاصة به داخل هذا النوع من العمل الصحفى.

للصحافة الساخرة دور مؤثر فى تقدم ألآنسان، وقد مر هذا الأسلوب من العمل الصحفى بعدة مراحل، حتى أصبح وسيلة أيجابية، تعمل من أجل الأصلاح السياسي والأجتماعى والأقتصادى فى مختلف بلدان العالم وذلك عن طريق توجيه النقد اللاذع والساخر.

أن ظهور الصحافة الساخرة فى كوردستان، وفى قسم منها يرجع الى ما كانت عليه الثقافة الكوردية من غنى فى مجال السخرية في (الشعروالقصة والفكاهة السائدة، والحكم والأمثال القديمة....الخ).

وبعد أنتفاضة عام ١٩٩١فى كوردستان العراق وبسبب تمتع الصحافة بالحرية الزائدة في الكتابة والتعبير، إزداد مجال الكتابة في أسلوب السخرية والنقد، وظهرت زوايا وأعمدة وتخصيص صفحات خاصة بالنقد والسخرية والفكاهة فى مختلف المجلات والجرائد ، وظهرت مجلات وجرائد خاصة بالفكاهة والسخرية، وظهر من خلال االعمل الصحفى الدؤوب و هذا المد الكبير في العمل الصحفي، كتاب ورسامو كاريكاتير، مجربون ومؤهلون للعمل وإظهار أبداعاتهم في هذا المجال الصحفى الشيق.

وقد بدأ تأثيرهم في العمل والتوجه السياسى في أقليم كوردستان واضحا، بإتجاه الأصلاح السياسي والآقتصادى والأجتماعي، وكذلك الدفع باتجاه تحسين الحالة المعاشية للناس ومراعاة المصلحة العامة للشعب .

وهكذا نرى أن الصحفيين و المثقفين والشعراء والفنانين والأدباء من الكورد وفي قسم كبير منهم، أضافة ألى آراء واجبهم الوطنى، قد عملوا بين حين وأخر في المكونات المتنوعة لهذا النوع من الصحافة الساخرة، شملت الكلام المأثور وصور الكاريكاتير وأبياتا من الشعر الساخر، تنشر في الصحافة الكوردية المختلفة، بأمل التخفيف ولو قليلا عن معاناة الجماهير، كواجب من واجبات العمل الصحفي وبأسلوب السخرية التى أحتل مكانته مدى مكونات العمل الصحفي المتنوع، لاسيما بعد أنتفاضة أذار١٩٩١، حيث ظهر العديد من الجرائد والمجلات الخاصة والدورية فى مجال النقد الساخر، منها: (سيخورمه، ومه‌لامشهور، وده‌هۆڵ تايمز، وگه‌پ......ألخ).

وبهذا الشكل نرى أن ظهور صحافة السخرية فى أقليم كوردستان، قد عمل على تخفيف من الألام و المعاناة اليومية والنفسية وكان عاملا مهما للترويح عند المواطن الكوردي، ومع رقتها وأنقطاع ظهورها بين مدة وأخرى، فأنها مستمرة الى حد الأن.

ومن هذا المنطلق أهتم الباحث بهذا النوع من الصحافة الساخرة، لبيان أهميتها ودورها في معالجة المشاكل الآجتماعية المختلفة، وبشكل نقدى وساخر بسيط، وهزلى فى بعض الأحيان عن طريق أظهار الآحداث والظواهر المتنوعة في المجتمع والسلطة السياسية.

أن أحد أسباب أختيارى لهذا الموضوع ، هو أن المجتمع الكوردي ونظامه الأعلامى في تطور وتغيير كبيرين، هذا الى جانب أهمية دور الصحافة الكوردية بتأريخ لطويل في الماضى والذى يشغله حاليا، حيث وجود العديد من قنوات الأعلام و تكويناته المتنوعة، كذلك وجود قنوات خاصة ومتنوعة بصحافة السخرية في أقليم كوردستان .

أن هذه الدراسة (الصحافة الساخرة في أقليم كوردستان)، تظهر أن الجمهور الكردى وبشكل يومي ومستمر وفي أوقات مختتلفة تواجه و تتابع قنوات الآعلام المختلفة، من تلفزيونات فضائية ومحلية، وراديو وصحف ومجلات ومواقع الكترونية إعلامية، حيث المضامين المتنوعة.

وبهذا الشكل يحاول الباحث، العمل في حدود مجال بحثه الخاص بالصحافة الساخرة الكوردية، ومن هنا فأن هذه الدراسة تحاول أن تكون لها حصتها في تقديم صورة واضحة عن الصحافة الساخرة في أقليم كوردستان.

إن محتويات هذا البحث هي على الشكل الأتى:

المقدمة.

الفصل الأول:

أول: البحث والمنهج.

ثانيا: مفاهم البحث.

الفصل الثاني:

تعريف الصحافة الساخرة ومفهوها.

الجزء الآول: تعريف الصحافة ومفهومها.

الجزء الثاني: تعريف الصحافة المتخصصة ومفهومها.

الجزء الثالث: مفهوم الصحافة الساخرة وتعريفها.

الجزء الرابع: خصائص الصحافة الساخرة ووظائفها.

الفصل الثالث:تأريخ الصحافة الساخرة :

الجزء الآول: الصحافة الساخرة في العالم .

الجزء الثانى: الصحافة الساخرة في العراق.

الجزء الثالث: الصحافة الساخرة في إقليم كوردستان، قبل إنتفاضة عام ١٩٩١.

الجزءالرابع: الصحافة الساخرة في أقليم كوردستان بعد أنتفاضة عام ١٩٩١.

**الفصل الرابع: خصائص المهنية للقائمين بالاتصال في مجلة(سيخورمه) وتحليل مضمون مواضع المجلة الساخرة (سيخورمه).**

**ولزيادة المعلومات فإن الباحث، يرافق في نهاية هذا البحث مجموعة من الوثائق والمستندات والأشكال الخاصة بأهداف البحث.**

**UNIVERSITY OF SULAIMANI**
**SCHOOL OF HUMANITIES SCIENCE**
**MEDIA DEPARTMENT**

# Satirical Journalism In Kurdistan Region (Sikhurme Magazine As Example)

**A THESES DISERTATION SUBMETTED TO THE COUNCIL OF SCHOOL OF HUMANITIES SCIENCE /UNIVERSITY OF SULAIMANI**
**IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTES FOR THE DEGREE OF MA IN MEDIA**

**By**
**SHAKHAWAN MHAMAD SLEMAN**

**SUPERVISED BY**
**PH.D. FUAD ALI AHMED**

**2013 AD** **KURDISH YEAR 2713**

# ABSTRAKT

Journalism has an important position in the human's life; especially nowadays, both in its role and impact on the communities and individuals, and its existence in the accidents and events and introducing information and news. It also provides and expands different discussions and dialogues in the society. In this way, media in general and journalism in particular facilitates the situation for the individuals that have shares in the discussion levels of the society; especially when the expansion and the revolution of the communication tools have increased the journalism's role and impact.

Journalism in Iraq and specifically in Kurdistan Region of Iraq is recognized by some known characteristics which are risen from the nature of the society and its political, social, economical, geographical and demographical environments; especially for the Kurdish journalism, which its beginning, its developing stages, its shapes and its characteristics are different than the world, regional and Iraq journalism which goes back to the Kurdish political, national and patriotic duties.

In this way, the Kurdish journalism system has been the reaction of the Kurdistan Region's political situation and system as nowadays the Kurdish Society is in the transmission stage in to a modern society and the role and the duty of the Kurdish journal situation have become more and more.

Despite the struggle of the Kurdish journal system in reaching the attempts and roles in broadcasting the different information, cultures and literatures for Kurdish Citizens, it has continued its role in the political and social learning, educating, raising the awareness and growing of the Kurdish individuals. In this way, and in a specific stage, Kurdish Journalism rising till the uprising of the 1991 in Kurdistan Region of Iraq has had the same aims and objectives of the Kurdish Society's individuals and its social relations of the Kurdish political parties and was the alternative of the Kurdish education.

Critical journalism has had an old history in the human's life which goes back to the rise of the caricature and then the growth of the specialized journalism, and within which it has had an effective role in

the development of human's life. It has been grown up stage by stage and has become a positive tool through the criticism towards improvement of the political, economical and social systems all over the world.

Part of the emergence of critical journalism in Kurdistan goes back to the rich culture of Kurdish people in Critical domain, like poems, stories, sayings, proverbs, jokes, … etc. After the uprising and because of having Kurdish journalism, more chances were provided for the critical writers by allocating spaces for them to write in the pages that are special for criticizing in the papers and magazines and some of them were published in particular. Day after day, many critic writers and caricaturists were appeared more actively and more experientially. They have had their influence on the political system in Kurdistan region through their critical writings towards a better political, economical and social improvements and changing people's life into a better situation and taking public interests into considerations.

In this way, most of the Kurdish journalists, educationists, poets and artists have worked in the Kurdish Journalism through their critical sayings, caricatures, writings and poems according to the different critical genres despite their patriotic duties so that they can decrease the difficulties and disasters of Kurdish people through journalism as the criticism has had its own position as a journal genre despite its duties of the Kurdish Journalism had; especially after the uprising of 1991 when special places were seen for the critical genre in the papers. And there have been many characterized and periodical magazines in the critical domain appeared nowadays, like: Sikhurma, MelaMeshhur, Dehol Times, Gep … etc.

The appearance of critical journalism in Kurdistan Region has lightened the Kurdish people's psychological pressure. Despite having a less and incoherent, sometimes continuous, preparation of such a research, such critical journalisms are still exists.

In this point of view, the researcher knows the importance of such a subject in the critical journalism and its importance in the nations' life and its role in solving the society's problems in a simple and ironical criticism and showing the society's and political authority's situations in an ironical style.

One of the reasons of choosing this topic is that the Kurdish society and its communication system are in a very rapid and big development and change along the history Kurdish Journalism had and has it nowadays. There are many different channels, different genres and different specialized media channels; especially the critical journalism in Kurdistan Region.

This research, Critical Journalism in Kurdistan Region, shows that Kurdish mass are contacting the media channels daily in different times in the local and satellite TV channels, radios, papers, magazines and electronic websites which have different contents. In this way, the researcher tries only to work on the aspect that is related to the objectives and limitations of the study which is special for the Kurdish Critical Journalism. This study attempts to have a share in introducing a clear view of critical journalism in Kurdistan Region. The construction of the research is as follows:

**First Chapter:**

Introduction and Methodology

***First:*** The Study's Methodology

***Second:*** The Study's Concepts

**Second Chapter:**

Definition and the Concept of Critical Journalism

***First:*** Definition and the Concept of Paper

***Second:*** Definition and the Concept of Special Journalism

***Third:*** Definition and the Concept of Critical Journalism

***Fourth:*** Characteristics and Duties of the Critical Journalism

**Third Chapter:**

The History of Critical Journalism

***First:*** Critical Journalism in the World

***Second:*** Critical Journalism in Iraq

***Third:*** Critical Journalism in Kurdistan before the Uprising of 1991

***Fourth:*** Critical Journalism in Kurdistan after the Uprising of 1991

**Fourth Chapter:**

Analyzing the Content of the Subjects in Critical Sikhurma Magazine

For more information, some of the documents and the forms of the study are attached to the end of the research.